1

زنجیرەی گەشەپێدانی مرۆیی

پەیمانگەی جیهانی بۆ فکری ئیسلامی
یەکێتی ئیسلامیی جیهانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان

# ڕێبەری مەشقی سەرکردەیی

هشام الطالب



## دكتۆر هشام يحيى الطالب :

- دکتۆر هشام يحيى الطالب لە ساڵی ١٣٦٠ی کۆچی بەرامبەر ١٩٤٠ی زایینی لەشاری موسڵ لە عێراق لەدایك بووە، پاش ئەوەی خوێندنی ئامادەیی لەعێراق تەواو دەکات ڕوودەکاتە بەریتانیا، هەر لەوێ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئەندازەی کارەبایی‌دا بەدەست دێنێت لەساڵی ١٣٨٢ی کۆچی بەرامبەر ١٩٦٢ی زاینی لە زانکۆی لیڤەرپول، پاشان لەسەر هەمان بابەت لەوڵاتە یەکگرتووەکان درێژە بە توێژینەوەکەی دەدات، دواتر هەردوو بڕوانامەی ((ماستەرودکتۆرا)) لە زانکۆی (بۆردو)ی سەربە ویلایەتی ئیندیانا لە ساڵی ١٣٩٤ی کۆچی بەرامبەر ١٩٧٤ی زایینی بەدەست دێنێت .
- دکتۆر هشام یەکێك بووە لەبەشداربووە پێشینەکان لە چالاکی‌یە ئیسلامیەکانی ئەمەریکای باکوور، پلەی یەکەمین بەڕێوەبەری بەشی مەشق کردنی پێدەدرێت لەکۆمەڵەی خوێندکارە موسڵمانەکان لەماوەی ساڵانی ١٣٩٥ك/١٩٧٥ز تا ١٣٩٧ك/١٩٧٧ز، بۆیە چەندین خێوەتگەو کۆبوونەوەو خولی ڕێکخستووە لە ناوخۆی ئەمەریکای باکورو دەرەوەشیدا، هەروەها پلەی دووەمین سکرتێری گشتی لە( یەکێتیی ئیسلامیی جیهانی ڕێکخراوە خوێندکاری‌یەکان) وەرگرتووە.
- دکتۆر هشام هەر لەساڵی ١٤٠٣ك/١٩٨٣ز وەهەتا ئێستاش وەك بەڕێوەبەرێك کاردەکات لەدەزگای (سار)ی خێرخوازی‌و یەکێکیشە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی جیهانی بۆ فکری ئیسلامی لە واشنتون.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحَمدُ للهِ رَبِّ العالمين

والصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى خاتَمِ الأَنبياءِ وَالمُرسَلين

قل هذه سبيلي أدعوا إلى الله
على بصيرة أنا ومن اتبعني وسبحان
الله وما أنا من المشركين ﴿١٠٨﴾ (يوسف)

يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله
وقولوا قولاً سديداً ﴿٧٠﴾ (الأحزاب)

«إنما النّاسُ كإبلٍ مائةٍ ، لا يوجَدُ فيها راحِلةٌ»

صحيح البخارى و صحيح مسلم

«الخلقُ عِيالُ الله، أحبُّهم إليه أنفعُهم لِعيالِه»

صحيح مسلم

ڕێبەری

# مەشقی سەرکردەیی

# سوپاس و پێزانــین

زۆرێك لە سەركردەكان وزانایان و بیریاران بەشدارییان كردووە لەبیرۆكەی ئەم ڕێبەرە و هەریەكەیان ڕاستەوخۆ پشكێكیان بەركەوتوە لەپێكهاتنیدا وەك پرۆژەیەك، جا هەندێك لەو بەڕێزانە بەدیداری خوای بەخشندەیان گەیشتوون كەئەوانیش هەردوو دكتۆر (التیجانی ابو جدیری و اسماعیل الفاروقی)خوالێیان خۆش بێت وبیانگێڕێت لەوانەی كەپاش خۆیان زانستیان بەجێ هێشتووەو سوود دەگەیەنێت.

لێرەدا بەگوێرەی زنجیرەی ئەلف و بێ ناوی ئەوكەسانە دێنین كەپشكێكیان هەبووە لەدەرچوونی ئەم ڕێبەرە چ وەك بیرۆكە یان وەك ناوەرۆك كەئەوانەش: احمدالله صدیقی، احمد توتونچی، الهام الطالب، انوەر ابراهیم، انیس احمد، جمال بەرزنجی، دڵنەواز صدیقی، سید محمد سعید، طه جابر العلوانی، عبدالحمید ابو سلیمان، عمر كسولی، محمود رشدان، مصطفی طحان، مصطفی عثمان، یعقوب میرزا.

هەروەها دكتۆر اقبال یونس ڕۆڵی سەرەكی هەبووە لەكۆكردنەوەی هەندێ بابەتی نوسخە ئینگلیزیەكەی و داڕشتنی بەشێوازێكی كردەیی وەها كە ئەوپەڕی سوودمەندبێت و لەبواری كرداریشدا پراكتیك بكرێت.

بۆ وەرگێڕان بۆ سەر زمانەكانی تر تا ئیمڕۆ پشت بەم نوسخەیە بەستراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەكانی: مەلاویە و ئەندەنوسی و توركی و فەرەنسی و پورتوگالی وئوردی و عەرەبی وئەڵمانی و بۆسنی تاحاڵی حازر.

جێی خۆیەتی كەئاماژە بەڕۆڵی ئەو بەڕێزانە بكەین كەهەستاون بە وەرگێڕان و پێداچوونەوە و ڕاستكردنەوەی ئەم كتێبە لەوانە:

احمد تمراز، بسام ساعی، حسن السعداوی، حسین شواط، سید سكر كە (بەسوپاسەوە دەڵێم ئەم بەڕێزە هەستاوە بەیەكەم وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزیەكەی) عاشور الشامس، ظاهر كحیل، محمد توتونچی، مازن النجار، نوح القدو.

# رێبەری
# مەشقی سەرکردەیی

دکتۆر
هشام الطالب

پەیمانگەی جیهانی بۆ فکری ئیسلامی
یەکێتی ئیسلامیی جیهانی رێکخراوە خوێندکارییەکان

١٤١٦ کۆچی / ١٩٩٥ زایینی

زنجیرەی گەشەپیدانی مرۆیی (١)

©
هەموو مافەکانی لەچاپدانەوە پاریزراوە

پەیمانگەی جیهانی بۆ فکری ئیسلامی
هیرندن / ڤیرجینیا - ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ترجم الكتاب عن النسخة العربية - الطبعة الثانية المنقحة لعام ١٩٩٥م الى الكردية.
عدد النسخ المطبوعة: ١٠٠٠ نسخة.

ئەم پەرتووکە وەرگیردراوەتە سەر زمانی کوردی لەچاپی دووەمی پوختەکراوی نوسخە عەرەبییەکەیەوە سالی ١٩٩٥ز.
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

أشرف على مشروع الترجمة: د. صلاح عزيز و صادق عثمان
مطبعة: پەيڤ - السليمانية
طبع الغلاف: مطبعة ژيان - أربيل
رقم الايداع: (١٧٩) لسنة ٢٠٠٠

سەرپەرشتی پرۆژەی وەرگیران لەعەرەبییەوە بۆ کوردی: د. سەلاح عەزیز
و
م. صادق عثمان
چاپخانەی: پەیڤ - سلیمانی
چاپی بەرگ: چاپخانەی ژیان - هەولیر
ژمارەی سپاردن: (١٧٩) ی سالی ٢٠٠٠

# دیاری بێت

بەو دایک و باوکە ئازیزەم کەفێری خۆشەویستی ولەخۆبوردنیان کردم و لەسەر لەخواترسان و پارێزکاری و دانایی پەروەردەیان کردم، داواکارم لە خوای بەرزو میهرەبان کەلەهەردوکیان خۆش بێت و میهری خۆی ببارێنێ بەسەریانداو لەفیردەوسی بەریندا بیان حەوێنێتەوە.

## ئامانجمان :

ئامادەسازی بیشەنگانی چالاك و كاریگەری گۆڕانكاری كۆمەڵایەتیی ئیسلامی كەزانین و داناییان پێ بەخشراوەو بەوشیاریو بەرچاوڕوونی بانگەشە بۆخواناسی دەكەن لەڕێی پەیوەندی سازندەو لێك گەیشتن و گفتوگۆی بەپێزەوە.

كرۆكی بەرنامەی ئەم مەشق كارییە لەپێناو ئامادەسازی نەوەیەكدایە كە بەئاگا بێت لە یەكەمینەكانی، تاپشكی لەچارەسەردا هەبێت نەك كێشەكان ئالۆز بكات، بۆئەوەی ئامانجەكانی بەدی بێنێت بەكەمترین كۆشش و لەنزیكترین ماوەدا بەپشتیوانی خوای گەورە.

## ئامرازەكانمان :

- بەهێزكردنی پابەندی بە ئیسلامەوە لە ڕووی بیروباوەڕو شەریعەت و ڕەوشتەوە.
- بەخشینی زانستە گونجاوەكان بە مەشقكاران لەسەرجەم بوارەكاندا.
- گەشەپێدانی بەهرەمەندیەكانی پەیوەندیكردن و بەڕێوەبردن و پلان دانان.
- بەرزكردنەوەی ئاستی توانا جەستەیی و هونەرییەكان.
- بنیاتنانی گیانی بەكۆمەڵ و بڵاوكردنەوەی گیانی كاركردن وەك تیمێكی خاوەن ئاراستەی هاوسەنگ و دروست.
- پتەوكردنی پەیڕەوە هاوسەنگە میانەڕەوەكان.
- بڵند ڕاگرتنی ڕوح و گرنگیدان بەئەركە بەرزەكان .
- بنیاتنانی عەقڵییەتی هەموارانە بۆ چارەسەركردنی گیروگرفتەكان و زاڵبوون بەسەر كۆسپەكاندا.
- گواستنەوە لەچاكێتییەوە بۆ چاكسازیكردن.
- گواستنەوەی شارەزایی و ئەزموونی بەتەمەنەكان بۆ لاوان بەشێوەیەكی ڕێكوپێك و چروپڕو بەسوود.

---

هیوامان وایە كەمەشقكارانی ئاینده لەو خاڵەوە دەست پێ بكەن كە مەشقكارە پێشینەكان پێی گەیبوون، بەسوود وەرگرتن لەو هەڵانەی كەپێشینەكانیان تێی كەوتبوون، و ببنە پێشڕەو لە داهێنان و ستراتیژیاتی نوێدا، لەجیاتی فۆتۆكۆپی و دووبارەكردنەوەی چەمكە بەسەرچووەكان.

# ناوەرۆك

لاپەرە

لەسەرەتای چاپە عەرەبییەکەوە: رێگای گۆڕانکاری ..... ١
لەسەرەتای چاپە ئینگلیزییەکەوە: هەنگاوێك لەسەر رێگا ..... ٣
پێشەکی: پێشینەیەکی مێژوویی ..... ٥
دەروازە: ئەم رێبەرە بۆ کێیە؟ وە چۆن بەکار دەهێنرێت؟ ..... ١١

**دەروازەی یەکەم: ئاسۆی مەشقی سەرکردەیی** ..... ١٥
بەشی ١ : بانگخواز و ژینگەو کۆمەڵگە ..... ١٧
بەشی ٢ : بزاوتی هۆشیارکردنەوەی ئیسلامی لەماوەی سەدەی چواردەهەمی کۆچیدا ..... ٢٥
بەشی ٣ : ئـــامانجەکـــانمان ..... ٤٣

**دەروازەی دووەم: چەمکەکانی سەرکردەیی** ..... ٤٩
بەشی ٤ : چەمکی سەرکردەیی لەئیسلامدا ..... ٥١
بەشی ٥ : هەڵبژاردنی سەرکردەکانی دواڕۆژ ..... ٦٣
بەشی ٦ : بنچینەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکان ..... ٧٥
بەشی ٧ : دەربارەی پرۆسەی دروستکردنی بریار ..... ٨١
بەشی ٨ : لەنێوان بریار و جێبەجێ کردندا ..... ٩٥
بەشی ٩ : بنەماکانی نەخشەکێشان ..... ١٠٥
بەشی١٠ : بنچینەکانی هەڵسەنگاندن ..... ١٢١
بەشی ١١: پێکهێنانی تیم و بەدیهێنانی بە کۆمەڵ ..... ١٣٥

**دەروازەی سێیەم: پتەوکردنی کارامەییەکان و خۆپەروەردن** ..... ١٤٩
بەشی ١٢ : ووتاردان ..... ١٥١
بەشی ١٣ : بەرەو نووسینێکی باشتر ..... ١٦٩
بەشی ١٤ : ئامۆژگاری ..... ١٧٥
بەشی ١٥ : پەیوەندیکردن ..... ١٨٣
بەشی ١٦ : رێکخستنی کات ..... ١٩٣
بەشی ١٧ : هونەری گوێگرتن ..... ٢٠٣
بەشی ١٨ : پێکهێنانی لیژنە ..... ٢٠٩
بەشی ١٩ : سەرۆکایەتیکردنی لیژنە یەك ..... ٢١٥
بەشی ٢٠ : رێکخستنی کۆبوونەوەیەك ..... ٢٢١
بەشی ٢١ : سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەیەك ..... ٢٣٣

بەشی ٢٢ : بەکارهێنانی ئامرازەکانی بیستن و بینین ........ ٢٤٧
بەشی ٢٣ : ئاخاوتن بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ........ ٢٥٥
بەشی ٢٤ : دامەزراندنی کۆمەڵەیەك یان ڕێکخراوێکی ناوخۆیی ........ ٢٥٩
بەشی ٢٥ : بەرەو بەدیهێنانی گەشەکردنی خۆیی ........ ٢٦٩

**دەروازەی چوارەم: ئامادەکردنی ڕاهێنەران** ........ ٢٨١
بەشی ٢٦ : هەڵسەنگاندن و شیکاری پێداویستییەکانی مەشق کردن ........ ٢٨٣
بەشی ٢٧ : سیمای بەرنامە مەشقییە سەرکەوتووەکان ........ ٢٩١
بەشی ٢٨ : جۆرەکانی مەشق کردن ........ ٢٩٧
بەشی ٢٩ : بنەماکانی بەرنامەی مەشق کردن ........ ٣٠٣
بەشی ٣٠ : شێوازەکانی مەشق کردن ........ ٣٠٩
بەشی ٣١ : پلان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی مەشقکاری ........ ٣٢٣

**دەروازەی پێنجەم: خێوەتگەکانی لاوان لەنێوان تیۆرو مومارەسەکردندا** ........ ٣٢٩
بەشی ٣٢ : ئامانجەکانی خێوەتگەی لاوان ........ ٣٣١
بەشی ٣٣ : ئامادەکردنی خێوەتگە ـ ڕێ و شوێنە کرداریەکان ........ ٣٣٩
بەشی ٣٤ : داڕشتنی بەرنامە ـ لەبەرچاوگرتنە گشتییەکان ........ ٣٤٥
بەشی ٣٥ : هونەری بەشداری کردن ........ ٣٥٧
بەشی ٣٦ : ئادابی ئیسلامییەکان ........ ٣٦٣
بەشی ٣٧ : هەڵسەنگاندنی خێوەتگە ........ ٣٧٣
**کۆتایی** ........ ٣٨٠

# هەنگاوێک لەسەر ڕێگا

سەرەڕای بەرپاکردنی چەندین خێوەتگاو چالاکییە مەشق کردنەکان لە جیهانی هاوچەرخماندا هێشتا گۆڕەپانی گەشەپێدانی مرۆیی و مەشق پێ کردنی سەرکردایەتی گرنگی شیاوی پێ نەدراوە، هەربۆیە پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانەی تێروتەسەل هەیە بۆ ئەوەی مۆرکی پرۆگرامی (الطابع المبرمجي) پێوە دیار بێت لەڕێگەی پەرتوکی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، وەلە وێژەی عەرەبیشدا تاکە پەرتوکێك نابینیتەوە وەڵامی ئەو پێداویستی‌یە گرنگانە دابین بکات یاخود ئەو کەم وکورتی‌یانە پڕ بکاتەوە. بۆیە ئەم ڕێنەرە یەکەمە لەڕووی جۆرییەوە لەلایەنی مەشقی سەرکردەیی، کەبەداخەوە ڕەنگدانەوەی شێوازی داڕوخانی نەتەوەیەکی تیا دەرکەوێت کەخوا ویستی وایە ببێتە شاهیدێك بەسەر نەتەوەکانی ترەوە. وەئەم گەواهی دانەش وادەخوازێت لەنەتەوەی شایەت کەسەدەها لێکۆڵینەوەو پەرتووك بەرهەم بێنێت لەبوارەکانی مەشق پێکردن و گەشە پێدانی مرۆیی‌دا. ئەوا بەپشتیوانی خوای باڵادەست ئامادەکردنی ئەم پەرتووکە تەواو بوو، کەبەلای ئێمەوە نموونەی هەنگاوێکی بچکۆلانەی (متواضع)ە لەئاراستەیەکی ڕاست و دروست کە ئومێدەوارین ببێتە بناغەیەك کە چەند کارێکی باشتری لەسەر بنیات بنرێت لەڕووی شێوازو ناوەڕۆکەوە، بەڕاستی ئەمە بانگەشەیەکە وورەی کارمەندانی ئەم بوارە دەبزوێنێت بۆ زیاتر داهێنان و بەرهەم هێنان. هیچ پێویستیش ناکات کەبابەتەکانی ئەم پەرتووکە بگونجێت لەگەڵ هەموو ڕاو بیرو بۆچوونەکان وەیاخود بەسەر هەموو دەزگایەك و ناوچەیەك دا پراکتیك بکرێت بەسەرجەم تایبەتمەندی‌و بەخششەکانی‌یەوە. بۆیە داوا لەهەموو ئەو کەسانە دەکەین کەهەڵدەستن بەکاری چاکسازی بە سەرجەم رووکارەکانیەوە کەپەلە بکەن و کۆ ببنەوە بۆ توێژینەوەی بارودۆخی چالاکی‌یەکانیان، و هەڵسەنگاندنی پێشکەش کردنیان، وەدەرکردنی ئەوەی لەتوانادا هەیە بۆ ڕابەرایەتی‌و ڕێنمونی کردنی کاروانەکەیان لەپرۆگرامەکانی مەشق کردن و گەشەی زیاتر بەکارەکانیان بدەن بەشێوەیەك بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتریان بەرێت بەپێی تایبەتمەندێتی‌یان و تواناکانیان و پێداویستی‌یەکانیان، لەم چێوەیەدا ئەم پەرتووکە دەتوانێت ڕۆڵی ڕێنیشاندەرو ڕێبەرێك ببینێت، و دەتواترێت سوود لەپرۆگرامەکانی ببینرێت، پاشان لەبەکارهێنانی‌دا کۆمەڵێ چاودێر سەرپەرشتی بکات لە سەر پرۆگرامەکانی ئەو مەشق کردنەی کە لێرەدا لەسەر بابەتە پێشکەش کراوەکان بەندە .

ئێمە وا هەست دەکەین کەگەشەپێدانی مرۆیی و مەشق کردنی سەرکردەیی نوێنەرایەتی گۆڕەپانێك دەکەن کەبەخێرایی و زیندوویی پێش دەکەوێت، بۆیە داوا لەخوا دەکەین کەئەم نەتەوەیە پایەدار بکات تاکو بتوانێت کۆمەڵە دەزگایەکی ئەوتۆ دابمەزرێنێت کە سەرجەم پێداویستی‌یەکانی گەشەپێدانی بەرهەمە مرۆیی‌یەکان دابین بکات و بەتایبەتیش لەناوەندەکانی ئەو لاوانەی کە ئومێدی ئەوەیان لێ دەکرێت ڕاپەڕینێکی ژیاری گشتگیرانە بەرپا بکەن بەجۆرێك کەڕۆڵی پێشەوایی بگەڕێننەوە بۆ ئەم گەلە.

نمونەی وەك ئەم کارەش کەسانێکی ئارەزومەند ناتوانن پێی هەستن لەکاتێکدا یەك لایی نەبوبێتنەوە بۆی، بەڵکو هەردەبێت لەسۆنگەی کۆششێکی ڕێکخراوی تایبەت مەندەوە بێت کە بیریارانێکی زاناو پێشەوەر پێی هەستن تاکو ئەو بەرهەمە پێشکەش بکات کەبەردەوام ئەم نەتەوەیە لەو پەڕی پێویستی‌دایە بۆی .

بەڕاستی دەزگاکان و بزوتنەوە چاکسازی‌یەکان خێرێکی گەورە دەکەن ئەگەر هاتوو هەر یەکەیان بەشێکی گرنگی دەست کەوتەکانیان لەم بوارە پسپۆڕیەدا تەرخان بکەن کە هیچ بیانوویەك نەماوە لەمەو دوا کەواز لەو کارە بهێنرێت بۆ خەڵکێکی گشتی کەلە گۆڕەپانەکانی کاری گشتی‌دان یاخود بۆ ئەو خاوەن ئاوات و نیازە پاکانەی کە لێوەشاوەیی‌یەکی پێویستیان تێدا بەدی ناکرێن،

بۆیە دەبینین ڕۆژئاواییەکان ئەندازەیەکی زۆر کۆششیان بەخەرج داوە لەم بوارەدا، وەئەوەش هەڵەیەکی ترە گەر بمانەوێت ئەوەی ئەوان پێی گەیشتوون ئێمە بیگوازینەوە ناوخۆمان بەبێ هەڵسەنگاندن، هەر بۆیە پێویستە کە شەن وکەوی کردەوەکانیان بکەین زۆر بە جوانی لەبێژنگ بدرێت هەتا ڕەسەنایەتییان دیاری بکرێت لەڕووی ژیاری و ڕوناکبیرییەوە بەر لەوەی کە سوودی لێوەربگیرێت .

بەڕاستی ئەمە کارێکی زۆر گەورەیە، خۆی سیفەتی بەرەنگاربوونەوەی هەیە، بۆیە لەپلەی ئەولەویەتدا بەرزترین پلەی بەرەنگاری دەوێ.

دیارە هەوڵێکی زۆریشماندا کەقەبارەی پەرتووکەکە گونجاو بێت بۆ خوێندنەوە، هەر بۆیە لێکۆڵینەوەی بابەتە زۆر گرنگەکانمان بەهەند گرتووە، ئەمە لەکاتێکدا ئاماژەکراوە بۆ چەندین بابەت لەپێناو بیرخستنەوەو سەرنج ڕاکێشانی گرنگی پێدەرانی، لەبەرئەوە باشتر وایە کەئەو خوێنەرانە بەتەنها خواستەکانیان لەم ئاستەدا کورت نەکەنەوە، بەڵکو هەوڵ بدەن بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوە گەلێك دا کە تێگەیشتنێکی قوڵتریان بۆ برەخسێنێت و هەروەها پسپۆڕییەکی وورد تریان لەم بابەتەدا بۆ دەستەبەر بکات .

ئەم بوارە بەخێرایی گەشە دەکات لەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە نوێیانەدا وا چاوەڕوان دەکرێ کە تازە کردنەوە و فراوان بونی تێدا بەردەوام بێ . هەر بۆیە دەبینین کەبەدواداچوونی هاندەرانە بۆ ئەو شتانەی کەبلاو دەکرێنەوە لەچاپکراوەکاندا، هەروەها هەموو ئەو کۆنگرانەی کە گرێ دەدرێن سوودێکی گەورەی فراوانی لێ دەکەوێتەوە .

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە یارمەتی داین بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە (متواضع)ە وەداوای لێ دەکەین کەلێمانی وەرگرێت و ڕێنماییمان بکات بۆ سەر ڕاستە شەقامەکەی آمیـــــن .

واشنطن ١٤١١هـ/ ١٩٩١ز

هشام الطالب

بەشی گەشەپێدانی مرۆیی

# پێشینەیەکی مێژوویی

## یەکـــــەم: بەسەرهاتمان لە بواری مەشق کردندا

چیرۆکەکەمان لە تشرینی دووەم (نوفمبر)ی ساڵی۱۹۷۳ی زاینیـیـەوە دەست پێدەکات لەشاری (غاري) سـەر بەویلایـەتی (ئیندیانا)ی ئەمەریکی، کە لەمیانـەی کۆبوونەوەیـەکی لیژنـەی جێبـەجێکردنی یـەکێتی خوێندکارانی موسـوڵمان کەلـە وولاتـە یەکگرتووەکان و کەنەدا(MSA)دا بەڕێوە دەچوو پرسیارمان کرد: ((مەبەست چی‌یە لەهەموو ئـەو کارانـەی پێـی هەڵدەستین؟ ئـەو بەرئەنجامە کامەیە کە لە دوای ئەم هەموو کۆبوونەوە درێژخایەنانەی مانگ لەدوای مانگ و ساڵ لەدوای ساڵە وە دەستمان هێناوە؟))

لەوکاتەدا بەخێرایی بۆمان دەرکەوت کەشان بەشـانی بەڕێوەبەرایـەتی ئـەو ڕێکخراوە پێویست بـوو لەسـەرمان کەهەستین بەوەرگرتن و پێشخستنی بڕێکی باش لەفێربوون و بەهرەمـەندی و پێگەیشـتنی گیـانی لەمیانـەی خولێکـی ئەندامێتی‌یـەوە، بۆیـە بڕیارمان دا کە لەمەودوا یەکەم ڕۆژی هەر کۆبوونەوەیـەك کەلیژنـەی جێبـەجێ کـردن گـرێی دەدات تـەرخان بکـەین بـۆ مەشـقی سەرکردەیی، وەبەم چەشنە لیژنەیەکی تایبەتمان پێکهێنا بۆ نەخشەکێشان و ڕێکخستن .

کارەکانی ئەم لیژنەیە بەرهەم داربوو وەسەرکەوتنی بەدەست هێناو ئاسۆیەکی فراوانی والاکرد بـۆ چـالاکی ئیسـلامی، پاشتر گۆردرا بۆ شیتەلکردنی گەشەی یەکێتی‌یەکەو دیاری کردنی پێداویستی‌یەکانی، وەبۆ ئەمـەش نەخشـەیەکی کـارکردنی ئـایندەیی بـۆ داڕێژراو بڕیار لەسەر جێبەجێ کردنی درا، سەلمێنرا کەپێویستی‌یەکی زۆر هەیە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی باشتر لە پیـاوانی گۆڕەپـانی بانگەواز ئەوانەی توانایەکی لەباریان هەیە لەبەهرەمەندیو خاوەنی شارەزایی‌یەکی فراوانترن، لەسەر ئەم بناغەیە بەرنامە ڕاهێنانی‌یـە باشەکان بونە کارێکی زیندوو، تاکار گەیشتە ئەوەی کە دروست کردنی بەشێکی سەر بەخۆ بەمەشق کـردن شـتێکی پێویسـت بێـت، هەمان لیژنەی نەخشەکێشان و ڕێکخستن پێشنیاری کرد بۆ دامەزراندنی ئەمانەتێکی گشـتی کەبەشـەکانی پـەروەردەو ڕاگـەیاندن و بەڕێوەبردن و دارایی بگرێتە خۆ، بەڕاستی چەمکی نمونەیی بانگەوازکاری سەربەخۆ هاتەکایەوەو پراکتیك کرا کەتا ئێستاش بـەرێکی پێگەیشتوو پێشکەش دەکات، ساڵی ۱۹۷۵بە پشتیوانی خوای گەورە ئەو خەونە لە شاری ئیندیانا پۆلیس لە وویلایـەتی ئیندیانـای ئەمەریکی هاتە دی، پاش ساڵێك ئەم بەشە لەگەڵ ئەمانەتی گشتی‌دا گوازرایەوە بۆ بارەگای بنکەی ئیسلامی لەئەمـەریکای بـاکور لەشاری بلینفیلدی نزیك بە ئیندیانابولیس .

## دووەم: بەشی مەشق کردن لەبارەگای یەکێتی خوێندکارانی موسڵمان

یەکەمین گرفتێکی چارەسەر کراو کەڕووبەڕووی ئەم بەشە بوەوە لەکاتی دامەزرانیدا ساڵی ۱۹۷۵ز ئەوەبوو: لەسەرچی مەشـق بکرێت؟ زۆرینەی وەڵامەکان دەیان ووت (لەسەر ئیسلام مەشقیان پێ بکرێت) ئەرك و ماندووبوونی زۆری ناوێت، لەبەر ئەوەی ئیسـلام ئەگونجێت بۆ هەمووکات و شوێنێك. لەبەرئەوەی بنەماکانی گشتگیرەو بەرفراوانـەو تواناکـانی جێبـەجێکردنی جۆراوجـۆرە، لەگـەڵ ئەوەشدا ئەم وەڵام دانەوەیە نوقم بووە لەگشتێتی‌داو ئەو پسپۆڕیەمان پێ نابەخشێت کەپێویستمانە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی

دیاری کراو و جۆراو جۆر، هەروەها ئەو کلتورەی هەمانە لە دانراوە ئیسلامی یەکان بەو جۆرەی کەلەسەریەتی لە ڕووی فەرهەنگی و شێوازە گرانەکەیەوە پێداویستی ئێمە دابین ناکات .

لە ئاکامی ئەمەدا بەشەکە پەنای بردە بەر ئەوەی کەنووسراو بنێرێت بۆ ژمارەیەك لە زانایان و لێکۆڵەرەوە موسوڵمانەکان کەبەسەرتاسەری جیهاندا بلاوبوونەتەوە (کە ژمارەیان گەیشتووەتە هەشتاو شەش پسپۆڕ)و داوایان لێ بکرێت کەهەریەکەیان لێکۆڵینەوەیەکی کورت لە (١٠) لاپەڕە زیاتر نەبێت و هەرکسە لەبواری پسپۆڕیەکەی خۆیدا، کەچی هێشتا بەدەنگەوە هاتنیان سنوردار بوو بەجۆرێك کە لە ١٠٪ تێنەدەپەڕین، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە توێژینەوەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە خوازیاری بووین چ لە ڕووی شێوە یاخود ناوەڕۆکیان، هەرئەمەش بوو کەوای کردئاووڕ بدەینەوە لەبابەتە ئەمەریکی یە ناوخۆیی یەکان بەتایبەتی لەبوارەکانی پەیوەندی کردن و بەڕێوەبردنەوە، بۆیە هەوڵماندا کە دووئەرکی گەورە لەیەك کاتدا بەئەنجام بگەیەنین، کە ئەوانیش بە(ئەمەریکی) کردنی بابەتە ئیسلامی یەکان وەبە(ئیسلامی) کردنی بابەتە ئەمەریکی یەکان، کە دووەمیان ئاسانتر بوو لەیەکەمیان چونکە هەموو ئەو شتانەی کە ژێری پەسەندی بکات و سوود بەخش بووبن بەڵگەو پشتیوانێکیان هەبووە، لە ئایەت یاخود فەرموودە یاخود ووتەیەك لەووتەکانی پێشینە چاکەکان .

سوپاس بۆ خوای بالادەست بەبەجێ هێنانی یەکەمین بەرنامەی مەشق کردن تەواو بوو لە مانگی سەفەری ١٣٩٦ی کۆچی بەرامبەر کانونی دووەم/ یەنایەر ساڵی ١٩٧٧ی زاینی، بەرنامەی ناوبراو جەختی لەسەر دیاری کردنی چوار تەوەری بنەڕەتی دەکردەوە بۆ مەشق کردن کە ئەوانیش:

(١) بەرزبوونەوەی گیانی (ڕۆحی) .

(٢) زانیاری و تێگەیشتنی ڕاست و دروست لە ئیسلام .

(٣) زانیاری بابەتیانە بەئاینەکانی ترو ڕێبازە بیریە هاوچەرخەکان .

(٤) بەدەستهێنانی بەهرەمەندی یەکانی بانگەواز و پێویستی یەکانی بانگەواز .

ئەم بەرنامەیە جێبەجێ کرا لەڕێگای چوار خێوەتگای مەشق پێکردنەوە کەماوەی ١٠٣ کاتژمێری خایاند، کە بابەتە پێشکەش کراوەکانی بریتی بوون لە(٦٨) بابەتی جۆراو جۆر لە بوارەکانی ڕۆشنبیری ئیسلامی و ڕێبازە بیریە هاوچەرخەکان و بەهرەمەندیە مەیدانیەکان، لەم بەرنامەیەدا (١٢٠) کەس بەشداریان کرد کە(٢٧) کەسیان لە خوشکان بوون.

بەکۆتایی هاتنی حەفتاکان ئەم بیرۆکە لەلای چەندین ڕێکخراوی ئیسلامی لەهەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێو دەوڵەتیدا خۆی چەسپاند، شایانی باسە کە(یەکێتی ئیسلامی جیهانی بۆ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و کۆنگرەی جیهانی بۆ لاوانی ئیسلامی ) بەشێوەیەکی تایبەتی تر بەشدار بوون بە ئەندازەیەکی گەورە لەڕێکخستنی چادرگەکان بۆ مەشق کردن، هەروەها یەکگرتووی جیهانی ئیسلامی لەلایەن خۆیەوە هەستا بەبەرپاکردنی چەند سەربازگەیەکی تر، هەموو ئەمانە بەشداربوون لە برەوپێدانی چەمکی مەشق کردنی سەرکردەی ئیسلامی و فراوانکردنی ئاسۆکانی.

لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی پانزەهەمی کۆچیدا بایەخ دان بەم کارە زیادی کردو وورەکان بەهێزتربوون بۆ بەگەڕخستنی تواناکان و کۆشش کردنی پێویست لە پێناویدا، بۆیە هەردوو ڕێکخراوی ئیسلامی (پەیمانگای جیهانی ئیسلامی بۆ بیری ئیسلامی یەکێتی جیهانی ئیسلامی بۆ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران) بڕیاریان دا کە ئەم ڕێنمایی یە ئامادە بکەن بۆ مەشق کردنی سەرکردەیی کەبریتی یە لە کورت کراوەی بەشداری یەکانی چەندین ڕێکخراو و دەزگاو دامەزراوەی ئیسلامی کەبەرۆژهەلات و رۆژئاوادا بلاو بوونەتەوە، وە بە پشتیوانی خوای گەورەدەرچوواندنی ئاسان بوو، بە ئومێدی ئەوەی کە سوودەکەی هەموو لایەك بگرێتەوە .

# رێگای گۆڕانکاری

ئەمرۆ جیهانی ئیسلامی بەدژوارترین قۆناغی ژیانی‌دا تێدەپەڕێت، لە ئەمرۆی جیهانی ناشارستانی‌و دواکەوتوماندا ئەو پرسیارە ناکرێت لەکوێ موسوڵمانان دەکوژرێن و مافەکانیان ژێرپێ دەخرێت و دەست درێژی دەکرێتە سەر ناموسیان؟ بەڵکو لەکام وولات لەدەردەسەری و ناهەمواری رزگاریان دەبێت؟، بۆیە گەلان دابارینە سەرمان وەك چۆن برسی‌یەکان دادەبارنە سەرسفرەو خوانەکانیان لە(فەلەستین و بۆسنەو هیندستان و کشمیرو سۆماڵ و عێراق و تاجیکستان و فلیپین و بۆرماو چیچان و شوێنانی تر)، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەمانە ببنە هۆی نائومێدی، چونکە نائومێدی یەکێکە لە نیشانەکانی کەسانی تێکشکاو و دۆڕاو، بۆیە لەسەرمانە ڕازی نەبین بەو بێ دەسەلاتی و ئیفلیجی و دواکەوتوویی‌یەی کەباڵی بەسەرماندا کێشاوە بەڵکو پێویستە هەوڵ بدەین بۆ گۆڕینی، بە داخێکی زۆرەوە واڕاهاتووین وەك وشترمل (نەعامە) سەرمان بکەین بە ژێر لمدا هەمیشە کەسانی‌تر بکەینە بەرپرسی هەموو ئەو نەهامەتی و بەزینانەی کەبەسەرماندا دێت، گشت ئەو تێڕوانینانەی کەهەن سەبارەت بەوەی کەئێمە پیلانمان لەسەرکراوە ڕاست بن یاخود نا، هەرخۆمان بەرپرسی یەکەم و کۆتایین لە دەستەوسانیمان لەهەستانەوەو خۆسەلماندن و پێشکەش کردنی ئەو ئەلتەرناتیڤە خواییەی بۆ سەرجەم مرۆڤەکانە بەگشتی. خوای گەورەو میهرەبانیش باری ژیانی هیچ گەلێك ناگۆڕێت تا ناوخۆو دەروونی خۆیان نەگۆڕن، لەڕاستیدا هۆکاری نەهامەتییەکانمان ناوەکی‌یە زیاتر لەوەی کەدەرەکی بێت، جائەگەر ویستمان سەرکەوتووبین لە کارەکانمان پێویستە لەسەرمان تێبکۆشین بۆ بەدیهێنانی مەرجەکانی ئەم سەرکەوتنە لەناوخۆدا بەر لەهەموو شتێك.

ئەندازیار مالك بن نبی-خوا لێی خۆش بێت-کاتێك سەردانی کردین لەئەمەریکا لە ساڵی ١٩٧١زاینی پێی وتم: کەسەرکردەیەکی سۆشیالیستی جەزائیری کاتێك جەزائیر رزگاری بەدەست هێنا پێی وتووە: شەمەندەفەرەکەتان پێش شەمەندەفەرەکەمان کەوت تەنها بە پێنج خولەك وەك ئاگادارییەك کەژیان پێش برکێ‌یەو پێشکەوتن بە چەند خولەکێك، پێشکەوتنی ئاییندە دابین ناکات! بەڵێ، پێشبڕکێ‌و ململانێی ژیارەکان بەردەوامە بەبێ وەستان، براوەش ئەو کەسەیە کە تێدەکۆشێ بە لێهاتوویی‌و کاریگەریی‌و بەئارامیەکی زیاتر تابتوانێ بگاتە پلەی وردەکاری - الاتقان -و چاکەخوازی - الاحسان -و سەرکەوتنی جۆری، ئەوکەسەی قوڵی چاکسازی نەتەوەکەی هەڵکردوە هەست دەکات کە دواکەوتوویی باڵی کێشاوە بەسەر هەمواندا وە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە و چەند سەدەیەکیشە بەردەوامە، ناشتوانرێت لەچەند ساڵێکدا چارەسەر بکرێت، بەڵکو ئارام گرتن و لێبڕان پێویستە بۆئامادەکردنی دەروونەکان و مەشق پێکردنیان، چونکە یاسای ئاڵوگۆڕی ژیارەکان ناگۆڕدرێت تەنها بەگۆڕینی ناوخۆیی خۆمان نەبێت کەئەمەش پێویستی بەدەیەها ساڵ هەیە، ئەگەر سەدەیەك یان چەند سەدەیەکی نەوێت! گریمان ماوەی داڕوخانەکەمان نزیکەی حەوت سەدەی خایاندبێت، ئەوا بۆ هەڵسانەوەمان پێویستیمان بەلە ١٠٪ ی ئەو ماوەیە دەبێت، واتە ٧٠ ساڵ بۆ نموونە، ئەمە ئەگەر هاتو بەشێوەیەکی دروست خۆمان پابەندکرد بەمەشقی سەرکردەییەوە بۆ تاکەکان.

کاتێك دەگەڕێم بەناوچەکانی جیهاندا، گەنجان دەبینم لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لە خوێندکارانی ماجستێرو دکتۆرا کە لە لوتکەی جوڵەو چالاکی‌دان، وە هەوڵ دەدەن و دەگەڕێن بەدوای ئەم جۆرە ڕێنوێنیی‌و چاککردن و مەشق کردنەدا تاکو بگەنە ئەو ساتەی سازبن، بۆ گواستنەوەی نەتەوەکەمان لە تاریکستانەوە بۆ ڕووناکی‌و، لەگەندەڵی‌یەوە بۆ چاکسازی، ئەمەش لەڕێگای میانەڕەوی‌و هاوسەنگی‌یەوە، بەدانایی‌و ئامۆژگاری جوان و دوورکەوتنەوە لە ڕۆچوون یاخود پوکانەوە.

لەهەمان کاتدا هەست دەکەین کەهۆکارەکانی داڕووخان لەڕۆژئاوادا بە توندی لەناوخۆدا پەنگی خواردۆتەوە لەگەڵ بەهێزی و باڵادەستی‌یەکەشیدا لە زۆر لایەنەوە، ئەوە ئەمەریکایە- تاکە زلهێز - کەئامارەکان وا پێشان ئەدات کـەڕوو لەهەرەسـێکی سـامناك دەکات، بۆیە ئاماری مادده بێهۆشکەرو سڕکەرەکان و نێربازی و نەخۆشی‌یەکانی سێکسی و منداڵانی زۆڵ و لەباربردن و جیابوونەوەی ژن ومێرد - الطلاق -و کوشتن و جۆرەکانی دزی ... بوونەتە هۆی دڵەڕاوکێو ترس لە ڕووی چەندێتیو چۆنایەتی‌یەوە چی ڕوودەدات ئەگەر ژیاری ڕۆژئاوا هەرەسی هێنا پاش چارەکە سەدەیەك وەك هەرەسی شیوعییەت کەلەپێش چەند سـاڵێکدا ڕووی دا؟ پاشـان کێ میراتگری ڕاستەقینەی ژیاری مرۆڤایەتی دەبێت؟ بۆیە پێویستە کۆششی بەردەوام هەبێت بۆ بەرپاکردنی ژیارێکی مرۆڤایـەتی ئـازادو دادپەروەرانە کە بڕوادار بێت بەخواو بەبەها ڕەوشتی‌یەکان و بەیەکسانی مرۆڤەکان،وە ئارەزووپەرستی مادددییەت و ڕەگـەز پەرستیو چینایەتیو خێڵایەتی ڕەت بکاتەوە. هەوڵمان داوە کەلەم ڕێبەرەدا ئاراسـتەی مەشـقکاران بکـەین بـەرەو ئامـانجێکی بـەرزو پیرۆز، بەتەواوکاری لەئامرازەکان و بەهرەمەندییە پێویستەکان بۆ سەرکردایەتییەکی ڕاست و چاکسازو چاکەخوازو جوانکار.

ئەم ڕێبەرەش هەنگاوی یەکەمە لەڕێگای هەوڵدان لەپێناو دانان و دامـەزراندنی لاوان لەسـەر ڕێگـای ڕاست، لـێرەوە فـێری هونەرەکانی نەخشەکێشان و زانستەکانیو پەیوەندی‌کردن و سەرکردەییو چۆنیەتی دروستکردنی بڕیارو پاشـان جێبـەجێکردنی دەبـن، بۆ ئەوەی ببنە بەشێك لەو کـارەی کـەگیانی تیمـی بەکۆمـەڵ ڕابەرایـەتییان بکـات، وەبەهرەمەندی‌یـەکانی ووتـاربێژی و نووسـین و سەرپەرشتی کردنی دانیشتنەکان و دروستکردنی لیژنەکان و بەڕێوەبردنیان و بەرپاکردنی کۆنگرەو کۆڕو خێوەتگەو چەند چالاکی‌یـەکی تریش بەدەست بێنن.

لەسەرەتاوە ئەم ڕێبەرە بەزمانی ئینگلیزی دەرچوو وەپێنـج جـار لـەچاپ دراوەتـەوە. دیـارە ئەمـەش هەوڵدانێکـە بۆگرتنـی کەلێنێکی گرنگ بەلای خوێنەرەوە، پاشان ئەم ڕێبەرە وەرگێردراوەتە سەر زمانەکانی (فەرەنسـی، مەلاویـیە، تورکـی، ئەندەنوسـی، پرتوگالی، ئـوردی) ، هیوامـان وایـە بڕیـارو پەروەرشیارانی پسـپۆر بەشـداری بکـەن لەدەوڵەمـەند کردنـی کتێبخانـەی عـەرەبی لەبوارەکانی مەشق کردنی سەرکردەیی بۆ لاوانی کوڕو کچ، تاکو نەوەکانی داهاتوو هەستن بەبەرپرسـیارێتی خۆیـان بـۆ بنیـات نـانی ژیارێك و ئاوەدان کردنەوە لەسەر ڕێتیشاندان و بەرچاو ڕوونی، بەجۆرێك پڕ چەك بن بەبەهرەمەندی و لێهاتوویی‌و بیرۆکـەی بـاش و بنیاتن ئەرانە، تاکو ببنە بەشێك لەچارەسەر نەك هۆیـەك بـن بـۆ سـەرهەڵدانی گیروگرفتەکـەیان، وەلـەو شـوێنەوە دەسـت پێبکـەن کەنەوەکانی پێشوو کۆتاییان پێهێنا بەجۆرێك خۆیان بپارێزن لەهەڵەکانی ئەوان، وەهەروەها بەتوانا بن لەســەر داهێنـانی پەسـەند و دوور بکەونەوە لە دووبارە کردنەوەو لاسایی کردنەوەی کوێرانەی ئەزۆك، گرنـگ نییـە پلـەو پایـەو ئـەو کەسـە کـوێ دەبێـت یـان شوێنەکەی، لێرە بێت یان لەوێ بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە چۆن هەڵدەستێت بە دەوری خۆی وە چۆن کـار دەکـات لـەپێناو پڕکردنـەوەی ئەو کەلێنەی کەئێشکی لەسەرگرتووە، جابۆ گەیشتن بەم ئامانجـە بـەرزە ئـەم ڕێبـەرە بـۆ مەشـقی سـەرکردەیی پێشـکەش دەکـەین بەئومێدی ئەوەی کەخوای گەورە لاوانی سەدەی پازدەهەمی کۆچی پێ سوودمەند بکات !

واشنطن ١٤١٤ك / ١٩٩٤ ز

هشام الطالب

بەشی گەشەپێدانی مرۆیی

## سێهەم : چەند نیشانەیەکی سەر ڕێگا : ڕێکخراوە پێشڕەوەکان

ئەم ڕێکخراوانەی خوارەوە بەشداری‌یەکی زۆریان کردووە لە داڕشتنی پرۆژەکانی مەشق کردنی سەرکردایەتی و برەوپێدانی و تاقی کردنەوەی‌دا:

### (١) یەکێتی خوێندکارانی موسڵمان لەویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا (MSA )

The Muaslim Student Assosiation of the US and Canada

لەسەرەتای کانونی دووەم/ ینایری ساڵی ١٩٦٣ ی زایینی یەکێتی خوێندکارانی موسوڵمان لەووڵاتە یەکگرتووەکان و کەنەدا کەناسراوە بە (MSA) لەسەردەستی نزیکەی (١٠)دە لاو دامەزرا لەکاتێکدا دەیانخوێند لە زانکۆ جۆراوجۆرەکانی ئەمەریکادا، پاشان یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنیان گرێدا لەشاری شامبین ی- ئیربانیای سەربە ویلایەتی ئیلینۆی ئەمەریکی. وەلەماوەی (٢٠) ساڵی تەواوی ئەم یەکێتی‌یەدا هەستا بەگەرم وگوڕو ئامادەکردنی خوێندکاران و ڕەوەندەکان - جالیات - لەسەرتاسەری کیشوەرەکەدا، ئەمەش بوو بە فاکتەرێکی چالاك بۆ سەلماندنی بوونی ئیسلامی و چەسپاندنی لە ئەمەریکای باکور لەهەموو جەمسەرەکانی‌یەوە.

چەندین سەرکردەی خۆبەخش هەڵبژێردراو هەستان بە سەرکردایەتی کردنی یەکێتییەکە کەئەو ئەمینداریتی‌یە گشتی‌یە هەمیشەیی‌یە ساڵی ١٩٧٥ دامەزرا هاوکاری دەکردن، وە هەستان بەبەستنی کۆنگرەی گشتی ساڵانەو بەستنی کۆنگرەی هەرێمایەتی و کۆبوونەوەی ناوخۆیی، وە بەرنامەکانی مەشق کردن داڕێژرا، هەروەها گۆڤارێکی مانگانەشی دەرکرد، هەروەها سوربوو لەسەرئەوەی لەگشت چالاکی‌یەکانیدا ئیسلام بەبێ گەردی و پاکێتی و گشت گیری‌یەکەوە پێشکەش بە موسڵمانان و ناموسڵمانان بکات، وەلە ڕێگای دام ودەزگا تایبەتەکانی‌یەوە، وەك (وەقفی) ئیسلامی لەئەمەریکای باکوور-(American Islamic Trust ( NAIT North ومەڵبەندی فێرکاری ئیسلامی (Islamic Teaching Center(ITC ، بۆ‌ووچان ئەم یەکێتی‌یە لە خزمەتی بانگەوازی ئیسلامی‌دا بووە لەڕێی سەرجەم بوارەکاندا و کەناڵە ڕەخساوەکانەوە بەتایبەتی لە زانکۆکان و دامەزراوە ئەکادیمی‌یەکاندا لە ئەمەریکای باکوردا .

دواتر ئەم یەکێتی‌یە پێشکەوت و بوویە بەشێك لە یەکێتی ئیسلامی لەئەمەریکای باکوور (ISNA) کە لە ساڵی ١٩٨٣ی زایینی‌دا دامەزرا.

### أ- لیژنەی نەخشە کێشان و ڕێکخستن لەیەکێتی خوێندکارانی موسوڵمان دا :

ئەم لیژنەیە بەسەرۆکایەتی برای بەڕێزمان-التيجاني أبو جديري- خوا بیبەخشێ پێك هات، وەهەر ئەو هەستا بە چەندین چالاکی گۆڕەپانی بەرفراوان، هەروەها هەستا بە داڕشتنی کلێشەکانی ڕێکخستن و پیادا چوونەوەیان، وەهەروەها بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم لایەنەکانی یەکێتی‌یەکەی پتەو کرد، ئەمەش بۆ ئامادە کردنی چەندین نەخشەی درێژخایەن، بەتایبەتی باسی ئەو ڕاپۆرتە دەکەین کەئەمینداریتی گشتی و مەڵبەندی فێرکاری ئیسلامی (ITC) لیٰ هاتە کایەوە، وە بەویژدانیشەوە دەبێ باس لە بەشداری و هاوکاری ئەم لیژنەیە بکرێت کە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕابوونی ئیسلامی بوو لە ئەمەریکای باکووردا .

### ب- بەشی مەشق کردن :

سەرپەرشتیارانی یەکێتی‌یەکە هەر لەسەرەتای گەشەکردنیەوە هەستیان کرد کە پاشەڕۆژیان بەستراوە بەدابینکردنی داهاتە مرۆیی‌یە مەشق پێکراوەکان بەمەشقێکی باش، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٥ی زاینی‌دا هەستان بەدامەزراندنی ئەمینداریتی‌یەکی گشتی هەمیشەیی کە هەستا بە گۆڕینی لیژنەی مەشق کردن بۆ بەشێکی تایبەتمەند کە بەڕێوەبەرێکی تەرخان کراو سەرپەرشتی بکات، وە ئەم کارەش خرایە ئەستۆی د.هشام الطالب کە هەستێت بە دامەزراندنی و پاشان بەبەڕێوەبردنی هەتاکو ساڵی ١٩٧٨ز، پاشتر هەردوو بەشی مەشقکردن و پەروەردە لێك دران و کران بەیەك.

لەڕاستی‌دا ئەم بەشە کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی مەشق کردنی گرتەخۆی کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی چالاکی‌یەکانی، سەرەڕای بەڕێوەبردنی چەندین بەرنامەی مەشق بۆ ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی‌یەکەو سەرۆکی لقەکانی ناوخۆیی و نوێنەرانی گۆڕەپانەکان، هەروەها ئەم بەشە هەستا بەداڕشتنی ووردەکاریەکانی بەرنامەکانی مەشق کردن و پێشکەشکردنی پرۆگرامەکانی مەشق، وە دابەش کردنی بەسەر ڕێکخراوەکان و دام و دەزگاکان لەسەرتاسەری کیشوەری ئەمەریکادا .

### (٢) یەکێتی ئیسلامی لە ئەمەریکای باکور (ISNA)
### Islamic Society of North America

کاتێك تەمەنی یەکێتی خوێندکارانی موسوڵمان گەیشتە نزیکەی (١٥) ساڵ، خۆئامادەکردن دەستی پێکرد بۆ هەستان بەگێڕانی ڕۆڵێکی گەورە لە کیشوەری ئەمەریکادا، لە ساڵی ١٩٧٧ی زاینی بانگەشەی کرد بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی مێژوویی لە بارەگاکەی خۆی لەشاری بلینفیلدی سەر بە ویلایەتی ئەندیانای ئەمەریکی، کە کۆمەڵێ کارمەندی هەمەڕەنگی لەخۆ گرتبوو لە سەرجەم ڕێکخراوەجۆراوجۆرەکاندا. ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە پێکهێنانی تیمێکی کار بوو، کە پێشنیاری کلێشەیەکی ڕێکخستنی نوێی کرد بۆ کاری ئیسلامی لەئەمەریکای باکور بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دژایەتی‌یانەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبووندا بوون، وەهەستا بە لێپرسراویەتی کردنی تازە پێگەیشتووەکان لە نێوەندی ڕەوەندە ئیسلامی‌یەکانی کیشوەرەکەدا. و لە ئەنجامی گەشەکردنی یەکێتی خوێندکاران و ئامادەکردنێکی زیاتری چەند ئەندامێکی چالاك لە نێوان دەرچووەکانیاندا، بڕیاردرا لە کانونی دووەم/ ینایری ساڵی ١٩٨٣ی زایینی‌دا ڕێکخراوێکی فراوانتر بەناوی یەکێتی ئیسلامی لە ئەمەریکای باکوور (ISNA) دروست بکرێت وەك چەترێکی گشتی کە ڕێکخراوەکانی تریش لەخۆ بگرێ ، بەمەش هەریەك لەم ڕێکخراوانەی خوارەوە:

یەکێتی خوێندکارانی موسوڵمان (MSA)

یەکێتی ڕەوەندە ئیسلامی‌یەکان کە تازە بوون **Muslim Comunity Association : (MCA)**

هەرسێ کۆمەڵە ئیسلامی‌یە پیشەیی‌یەکان: کۆمەڵەی پزیشکی ئیسلامی **Islamic Medical Association :(IMA)**

کۆمەڵەی زانایان و ئەندازیارانی موسوڵمان: **Association of Muslim Scientists and Engineers (AMSE)**

کۆمەڵەی زانایانی کۆمەڵناسی موسوڵمان **Association of Muslim Social Scientists : (AMSS)**

بوونە پایەکانی دامەزراندنی ئەم یەکێتی‌یە.

بەم شێوەیە یەکێتی ئیسلامی ئەمەریکای باکور بووە یەکێتی‌یەك کە سەرجەم ئەو ڕێکخراوانە لە بناغەوە بگرێتە خۆ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم یەکێتی‌یە خاوەنی ئەندامانی سەربەخۆی خۆیەتی وکراوەیە لە بەردەم هەموو موسوڵماناندا .

لەگەڵ ئەم یەکێتی‌یەشدا سێ دام ودەزگای خزمەتگوزاری هەیە کە بریتین لە: وەقفی ئیسلامی بۆ ئەمەریکای باکور (NAIT)، وەدەزگای وەقفی ئیسلامی کەنەدی Islamic Trust Foundation Canadian : (CITF) ، و مەڵبەندی فێرکاری ئیسلامی (ITC).

یەکێتی ئیسلامی لە ئەمەریکای باکور - پاش خوای بالادەست — پشت دەبەستێت بەو تایبەتمەندییە فرە رەچەڵەکەی و بەو بنەما جوگرافییە بەرینەی کە هەیەتی، کاری یەکەمیشی لە یەکەی رەوەندە ئیسلامییەکاندا خۆی دەبینێتەوە کە ئاراستەی تواناکانیان دەکات بەرەو خزمەتکردن بە ئیسلام و شوێن کەوتوانی و فێرکردنی منالانی موسوڵمانان، و هەروەها بانگەشەی گشتی بۆ ناساندنی ئیسلام.

ئەو دەزگا بالایەی کە بەرپرسە لە دارشتنی سیاسەتی یەکێتییەکە بریتییە لە (ئەنجوومەنی راوێژ)ی هەڵبژێردراو کە لیژنەی راپەراندنی خۆبەخشی لێ پێکدێت کە چاودێری ئەمینداریتی گشتی تەرخان کراو دەکات کە لە جێی باسکی راپەراندنی یەکێتییەکەیە .

جێبەجێ کردنی نەخشەی کاری یەکێتییەکەش بە هاوکاری لەگەڵ دام ودەزگا کارگوزارییەکانی وەکو (وەقفی ئیسلامی لە ئەمەریکای باکور و مەڵبەندی فێرکاری ئیسلامی)یەوە تەواو دەبێت بەلام ئەرکە گرنگەکانی ئەم یەکێتییە هەر ئەوانەیە کە یەکێتی خوێندکارانی موسوڵمان پێشتر پێی هەستابوو لەگەڵ برێکی زۆر لە فراوانکردن و جۆراوجۆرکردن. لەوانەش گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی گۆڤاری (ئاسۆکانی ئیسلام-آفاق موە **Islamic Horizons** کۆنگرەی ساڵانە و چەند بەرنامەیەکی تر کە گرنگی دەدەن بەرەوەندەکان لەئەمەریکای باکور، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە یەکێتی خوێندکارانی موسوڵمان زیاتر گرنگی بەتوێژی خوێندکاران دەدا لەناوخۆی زانکۆکان و دام ودەزگا ئەکادیمییەکاندا.

ئەم یەکێتییە بەگەورەترین رێکخراوی ئیسلامی لە ئەمەریکای باکور دەژمێردرێت، کە زیاتر لە (٣٠٠) لقی لێ دەبێتەوە لەنێوان رێکخراوی ناوخۆی و مزگەوتەکان و مەڵبەندەکان، و لەو رێکخراوانەی کە سەربەئەون: (یەکگرتووی لاوانی موسوڵمانی عەرەب لەئەمەریکای باکور(Muslim Arab Youth Association of North America (MAYA) کۆمەڵەی خوێندنی ئیسلامی مالیزی (MYNA) Malaysian Islamic Study Group (MISG)وە کۆمەڵەی لاوانی موسوڵمان لە ئەمەریکای باکور .Muslim Youth of North America (MYNA) چەند رێکخراوی تریش.

لەراستیدا کۆمەڵەی لاوانی موسوڵمان لە ئەمەریکای باکور جێگای ئومێدی پاشەرۆژە بۆ ئیسلام لە ئەمەریکای باکوردا چونکە نەوەیەکی بێ وێنەی گرتوەتە خۆ لەو لاوانەی کە لە ئەمەریکای باکور لە دایك بوون و لە سەر پابەندبوون بە ئیسلامەوە پەروەردە کراون، سەرەرای ئەوەی کە شارەزاییەکی باشیان هەیە بە سستمە ناوخۆییەکانی ئەمەریکا، وە ئەوان هەردوو لایەنی (پابەندبوون بەئیسلام وەك بیروباوەر و هەڵسوکەوت) و ( قۆستنەوەی هەلە رەخساوەکان بۆ کاریگەری دروستکردن لە گۆرەپانی ئەمەریکی)دا لەخۆیاندا کۆکردۆتەوە.

## (٣) یەکێتی ئیسلامی جیهانی رێکخراوە خوێندکارییەکان (IIFSO)

## Inter national Islamic Federation of Student Organization

یەکێتی ئیسلامی جیهانی رێکخراوە خوێندکارییەکان پێکدێت لەو رێکخراوە خوێندکارییە ئیسلامییانەی کە سەر بەئەون لەسەرتاسەری جیهاندا بە گشتی. ئەم یەکێتییەی کە لە ساڵی ١٩٦٩ی زایینیدا دامەزرابوو، رێکخراوێکی پێشرەوە لە بوارەکانی: (وەرگێران و بلاوکردنەوەی دانراوە ئیسلامییەکان) بەشێوەیەك کەسوودی لێ دەبینرا، و بە چەندین زمان، و ئەم یەکێتییە هەستا بەبلاوکردنەوەی نزیکەی ١٠ملیۆن تیراژ لە (٥٠٠پەرتوك) بە (٨٠)زمان.

بەردەوام ئەم یەکێتییە هەڵدەستێت بە گرێدانی چاوپێکەوتنە گشتییەکان و کۆنگرەکانی مەشق کردن لە کیشوەرە جیاجیاکاندا بە مەبەستی یارمەتیدان لە بەرەودان بۆ باشکردنی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن. وە د.أحمد التوتونجی یەکەم ئەمینداری گشتی ئەم یەکێتییە بوو، پاشان دوای ئەو د.هشام الطالب، د.سید سعید، مامۆستا مصطفى الطحان، د.مصطفى عثمان وە د.سید طاهر .

## (٤) کۆنگرەی جیهانی لاوانی ئیسلامی (WAMY)
## World Assembly of Muslem Youth

کۆنگرەی جیهانی لاوانی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٢ی زایینی لە ریاض دامەزراوە، ئەمەش لە کۆبوونەوەیەکی جیهانیدا کارمەندە پێشەنگەکانی چالاکی‌یەکانی لاوانی ئەو کاتەی گرتبووەوە سەرەرای نوێنەرانی رێکخراوەکانی لاوان لە سەرتاسەری جیهاندا.

لەو کاتەوە، بگرە تائێستاش کۆنگرە هەرچالاک بووە لەسازدانی سەربازگەکانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیش بۆ لاوان لەهەر پێنج کیشوەرەکەدا، ئەرکی ئەم کۆنگرەیە پێشکەش کردنی یارمەتی‌یە بەو رێکخراوە خوێندکاری و لاوانی‌یانە کە لەسەرتاسەری جیهاندا هەن تابتوانن پرۆژەکان و نەخشەکانیان جێبەجێ بکەن، هەروەها چەند کۆبوونەوەیەکی جیهانی وەرزیی سازداوە کەنزیکەی هەر سێ ساڵ جارێکەو یاداشتەکانی بلاو دەکاتەوە بە مەبەستی پەخش کردنەوەی سودەکانی بەسەر هەموو لایەکدا، و مەڵبەندی ئەم کۆنگرەیە دەکەوێتە (ریاض)ەوەو یەکەمین ئەمینداری گشتی د. عبد الحميد أبو سليمان بوو، پاش ئەو د. أحمد باحفظ الله، د.توفيق القصير، وە د. مانع الجهني بوون .

## (٥) پەیوەندیی جیهانی ئیسلامی (MWL)
## Muslim world League

پەیوەندیی جیهانی ئیسلامی رێکخراوێکی جیهانی بەربلاوە، بارەگای سەرەکی دەکەوێتە مەککەی پیرۆزەوەو چەندین نوسینگەو بانگخوازی سەرراستی لە زۆربەی وولاتاندا هەیە.

ئەم پەیوەندییە گرنگی دەدات بە بەرزکردنەوەی ئاستی موسڵمانان و چاودێری کردنیان، بەتایبەتی لەو وولاتانەی کە موسوڵمانان تیایاندا کەمینەیە، وە چەندین کۆنگرەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی گرێ داوە، وە یارمەتی پێشکەش دەکات بۆ دروستکردنی مزگەوتەکان لە سەرانسەری جیهانداو، هەروەها پارێزگاری لە کەمایەتی‌یە موسوڵمانەکان دەکات .

## (٦) پەیمانگەی جیهانی بیری ئیسلامی (IIIT)
## Inter national Institute of Islamic Thought

ئەمە بریتی‌یە لە پەیمانگایەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە ساڵی ١٩٨١ی زایینی دامەزراوە بۆ زیندووکردنەوەی بیری ئیسلامی‌و بەهێزکردنی و بەدیهێنانی ئیسلامی‌یەتی زانیاری و مەعریفەو گێرانەوەی بۆ رەسەنایەتی ئیسلامی لە زانستەکانی کۆمەڵایەتی و رێبازە بیری‌یە هاوچەرخەکاندا، شان بەشانی ئەمەش هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی ئەگەری تۆمارکردنی مەعریفە لە چوارچێوەی چەند سستمێکی ئیسلامیانە کە هەڵقوڵاوی بنەمای عەقیدەیی و شەرعی بێت وە هەروەها تاوتوێی گرفتە مرۆڤایەتی‌یەکان دەکات بە جەخت کردن لە سەر بنەماو چەمك و بەهاکان لە دیدگایەکی ئیسلامییەوە.

ئەم پەیمانگەیە هەڵدەستێت بە گرێدانی کۆنگرەو کۆبوونەوە تایبەتی‌یەکانی و بلاوکردنەوەی رووداوەکان و پەرتووك و توێژینەوە زانستی‌یەکان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و زمانەکانی تری موسوڵمانان، جائەگەر ئەمانە بەرهەمی تایبەتی خۆی بێت یان لە ئامادە کردنی زانایان و پسپۆران بێت لە هەر کوێیەك هەن .

# ئەم ڕێبەرە بۆ کێیە؟ وە چۆن بەکار دەهێنرێت؟

## یەکەم : پێناسەی مەشق کردن و گەشە پێدان و پەروەردە

هەردوو زاراوەی (مەشق کردن و گەشەپێدان) لەلای پیشەوەران و گرنگیدەران بە گەشەپێدانی مرۆیی: لە زۆربەی کاتدا بەشێوەیەکی ئالوگۆڕکەر بەکار دێت وەکو بەلگەیەك بۆ باشکردنی توانای تاکەکەس لەپێناو هێنانەدی ئەو شتەی کە چاوەڕێی لێ دەکرێت لە هەردوو ئاستی ((پێ هەستان و بەدەست خستن دا)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەتوانین پێناسەی هەردوو زاراوەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بکەین :

- **مەشق کردن :** کۆمەڵێك بەرنامەی بایەخدەرە بە فێربوون و باشکردنی ئەداو بەهرەمەندی‌یە هونەریەکانی مەشقکار.
- **گەشە پێدان :** کۆمەڵە بەرنامەیەکە پێشخستنی بەهرەمەندی‌یە شیتەلکاری‌یەکان و سەرکردەییەکان دەگرێتەخۆ لەپێناو باشکردنی تواناکان بۆ سەرپەرشتی‌کردن و بەڕێوەبردن.
- **بەلام پەروەردە:** بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەیە کە بیرکردنەوە دەوڵەمەند دەکات و هەڵسوکەوت و بەهرەمەندی‌یەکان باشتردەکات لە میانەی مەشق کردن و گەشەپێدانەوە.

### مەشقــــی ئیسلامــــی :

مەبەست لە مەشقی ئیسلامی کۆمەڵە چالاکی‌یەکە کە مەشقکاران فێردەکات وهانیان دەدات و بەها ڕۆحی‌یەکانیان دەوڵەمەند دەکات، وە ئاستی بیرکردنەوەیان بەرز دەکاتەوە و بەهرەمەندی‌یە سەرکردەییەکان و شێوازەکانی ئەو بانگەوازەی کە شوێنی دەکەون باشتر دەکات .

بەرنامەکانی مەشقی ئیسلامی وادەخوازێت کە بنەمایەکی سەرەکی هەبێت لە هەریەك لە پابەندبوون بە ئیسلام وتێگەیشتن و هۆشیاری، پاشتر هەوڵدان بۆ پێشخستنی ئەو ئاستانە، وە ئەو ڕێگا باوەی کە هەیەتی پشت دەبەستێت بە گرێدانەوەی ئامانجە دیاری کراوەکان و شێوازەکانی بە دەست هێنانی، بە پەیوەندی مرۆڤ بە بەدیهێنەرەکەیەوەو تێ ڕوانینی ڕاست بۆ بوونەوەرو ژیان، هەروەها یەکێکی تر لە ئامانجەکانی بەرنامە مەشقی‌یەکان بریتی‌یە لە پتەوکردنی تێگەیشتنی مەشق پێکراو لەئیسلام و زیاتر پابەندبوونی پێیەوە.

## دووەم : ئەم ڕێبەرە بۆ کێ ئامادەکراوە؟

مەبەست لەم ڕێبەرە ئەوە نییە کە مەشقکار ڕازی بکات لەئیسلام، چونکە ڕێبەر وا دادەنێت کەجەماوەرەکەی پابەندییەکی دیاریکراوی هەیە بەم ئاینەوە و ئارەزوییەکی ڕاستەقینەی هەیە لە پراکتیك کردن و بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەیدا، بۆیە جەماوەری یەکەمی ئەم ڕێبەرە خوێندکارانی زانکۆکانە لەقۆناغەکانی بکالۆریۆس و خوێندنی باڵادا ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ ساڵی بۆ نزیکەی ٣٠ ساڵیدایە. هەروەها دەتوانرێت بۆ تەمەنەکانی تریش بەکار بهێنرێت، هەرچەندە ئەمەیان پێویستی بەهەندێ گۆڕانکاری دەبێت تێیدا، وە شان بەشانی ئەم یەکە دیاری کراوو فراوانە ئەم ڕێبەرە بۆ ئاستەکانی ناوخۆو نێودەوڵەتیش دەست دەدات، وە دەشتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ مەشقی خۆیی و مەشقی کەسانی تریش.

مەبەست لەم ڕێبەرە مەشقییە، جگە لەوەی کەچەند بابەتێکی خوێندنەوەو توێژینەوەی ئامۆژگاری کەرە، مەبەست پێ ئەوەیە کەبڕێکی گەورە لەسود بگەیەنێت بەکارمەندە خاوەن ئەزموونەکان لە گۆڕەپانی مەشقی نەوەکانی داهاتوو لەلاوانی سەرکردە.

وا لەخوارەوەش باسی دوو کۆمەڵی سەرەکی لەوانە دەکەین کەبریتییە:

**أ- کوڕانی لاو:** لاوانی موسڵمان هەندێ کاری خاوەن بەرپرسێتیو ئاراستە کردن دەگرنە ئەستۆیان لەزۆربەی ڕێکخراوە گشتییەکاندا کەئەندامانیان هەردوو ڕەگەزی پیاوان و ژنان دەگرێتەوە، ئەم لاوانە یان دەبنە سەرکردە بۆ ئەو ڕێکخراوانەو ئەو بەرنامە لاوییانە یاخود دەبنە سەرکردەی ڕێکخراوە ڕەوەندەکان، وەلەهەردوو بارەکەشدا ئەوانە زۆرجار لەوانەن کە لەسەرەتای ڕێگادان لەشارەزایی پەیداکردن بۆ کاری سەرکردەیی، ئاساییشە کەخۆیان هەست بەوە دەکەن کەپێویستیان بەپەیداکردنی بەهرەمەندییەك هەیە کەیارمەتیان بدات بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی کاریگەر.

**ب- کچانی لاو:** کچانی لاوی موسڵمان دەستیان کردووە بەلەئەستۆگرتنی ناوەندەکانی دەسەڵات لەبواری بانگەوازی ئیسلامیدا، ئەمەش بەلەئەستۆگرتنی لێپرسراوێتی پرۆژەکانو چالاکییەکان و لەڕێکخراوەکان و بەرنامەکانی لاوان و هەروەها ڕێکخراوی ڕەوەندەکاندا، ئەوانە بەکردەوە دەسەڵاتی سەرکردەیی دەبەن بەڕێوە لەڕێکخراوەکانی ئافرەتاندا، وەگومانیشی تێدانییە کەچالاکییەکان لەسەرکردایەتی کردندا لەسەر بەرچاوڕۆشنییەکی ڕاستەو بەیەکێك لەکارە یەکلاییکەرەوەکانی گەشەی هەمەلایەنە دەژمێردرێت.

ئێمە تەواو ئاگادارین لەوەی کەتائێستا یەك بەرنامە نییە کە بتوانێت لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکان و دەوڵەتەکاندا بەگشتی بگونجێت بەهۆی جیاوازی چاوگەکانیانەوە، لەبەرئەوە ئاشکرایە کە بابەتێکی ئەوتۆ ناگونجێت بۆ چەند کات و شوێنێکی دیاری کراو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەست دەدات بۆ هەندێ حاڵەتی تر، وەدەتوانرێت کەچارەسەری ئەم جۆرە هەڵوێستانە بکرێت بەخۆ گونجاندنێکی هەست پێکراو و گۆڕانکارییەکی هۆشیارانە لەچۆنێتی پراکتیك کردنی کرداری لە بەرنامەکاندا لەڕێی هەڵە جۆراوجۆرەکانی مەشقەوە، وەلەکاتێکدا کە ڕووی گوتار لەم ڕێبەرەدا ئاراستەی مەشق پێکراو و پیاو دەکرێتەوە، بەڵام بابەتی مەشق کردنەکە لەم ڕێبەرەدا مەبەست لێی پیاوان و ژنانە بەیەکەوە.

## سێهەم : چۆن دەتوانین سوود لەم ڕێبەرە وەربگرین؟

ئەم ڕێبەرە سەرەڕای پێشەکییەك لە پێنج دەروازە پێك دێت، وەکلێشە بنەڕەتییەکەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: بۆچی مەشق دەکەین؟ وە لە سەرچی مەشق دەکەین؟ وە چۆن مەشق دەکەین؟ دەروازەکانی ئەم پەرتووکە باس لەم پرسیارانە دەکات بەم جۆرەی لای خوارەوە:

**دەروازەی یەکەم :** لەبزووتنەوەی هۆشیاری ئیسلامی و پێویستی بە مەشق کردن دەکۆڵێتەوە، هەروەها وەڵامی پرسیاری یەکەم دەداتەوە: بۆچی مەشق دەکەین؟

**دەروازەی دووەم و سێهەم :** توخمە بنەڕەتییەکانی سەرکردایەتی و بەهرەمەندییە پێویستییەکانی تاك و کۆمەڵ دەگرنە خۆیان، ئەمەش بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم: لە سەرچی مەشق دەکەین؟

**دەروازەی چوارەم :** باس لە هەموو ئەو شتانە دەکات کە مەشقکاران پێویستیان بە فێربوونیەتی لە پێناو مەشق پێکردنی کەسانی تریش بە شێوەیەکی کاریگەر، ئەمەش بۆ وەڵامی پرسیاری سێیەم: چۆن مەشق دەکەین؟

بەڵام **دەروازەی پێنجەم** و کۆتایی: ئەوا باس لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خێوەتگاکانی لاوان دەکات وەك ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ مەشق کردن .

ئێمە لەهەر بەشێکدا هەندێك چالاکی و هۆکاری فێرکاریی جیاوازمان بۆ زیاد کردووە وەك: ئامانجەکانی فێرکردن، خاڵەکانی کارکردن، قسەی نەستەقی ئامانج دار، چەند پرسیارێك بۆ ڕاڤە کردن و چەند ڕاهێنانێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی وەرگرتن و تێگەیشتن، ئەمەش بۆ بەهێزکردنی شارەزاییەکانی مەشق کردن و پتەوکردنیان چ بۆ تاکەکان بێت یان بۆ کۆمەڵە کەسانێك، هەروەها ناوبەناو ئاگاداری دەدرێت بەو پەیوەندیانەی کە هەیە لە نێوان بابەتە لاوەکییەکاندا لە پێناو چەسپاندن و فراوان کردنی بابەتە هونەری و فێرکارییەکاندا .

### أ- باشترین ڕێگاکانی سوود وەرگرتن لەم ڕێبەرە:

ئەم ڕێبەرە بابەتێکی زانستیی ئاسان لە خوێندنەوەدا پێشکەش دەکات کە یارمەتی تاکەکەس دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی خۆی، وە بۆ ئەوەی زۆرترین سوودی لێوەربگیرێت، واچاکە کە بەئاگا بێت لە سەرجەم بەشەکانی بەهەمان ڕیزبەندی، پاشان هەربەشە بەجیا بخوێنرێتەوە هەر کات پێویستی کرد. باشتروایە لەکاتی ئامادەکردنی وانەکان و کۆبوونەوەکانی مەشق کردن و سەرجەم بۆنە پەیوەندیدارەکاندا ئامۆژگاریو بابەتەکانی ئەم ڕێبەرە بەکاربهێنرێت.

بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵە کەسانێك، واباشترە کە ئەم ڕێبەرە بەتەواوی لە سەربازگەیەکی مەشق کردندا بووترێتەوە کە بۆماوەی هەفتەیەك یان دوان دەبەسترێت، بەمەرجێك کە بەڕێوەبەری ئەم جۆرە بەرنامانە کەسێکی فێرکاری و خاوەن شارەزاییەکی تێروتەسەل بێت، وە دەکرێت کە بەرنامەی هاوشێوەی وەك ئەمە بۆ مەشق کردنی لاوانی کچ ڕێك بخرێت.

### ب- کەی ئەم ڕێبەرە بەکاردەهێنرێت؟

پاش خوێندنەوەی یەکەمی ئەم ڕێبەرە دووبارە بگەڕێرەوە بە سەریا چەند جارێك، دەبینیت کە هەرجارەی ڕووبەڕووی هەڵوێستێك دەبیتەوە کەئەم ڕێبەرە دەیخاتەڕوو، بۆ نموونە ئەم ڕێبەرە بەکاربێنە کاتێك کە داوای پێکەش کردنی وتارێکت لێ دەکرێت یاخود ڕێکخستنی چالاکی‌یەك یاخود وەرگرتنی بڕیارێك یان سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەك یاخود بەشداری کردن لە سەربازگەیەکی مەشق کردندا. ئەوجا ئەگەر تۆ بەرپرس بوویت لە ئەنجامدانی هەرچالاکی‌یەك ئەوا دەتوانیت چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراوی ئەم پەرتووکە ئامادە بکەیت، وە هەر خۆت دابەشیشی بکەیت بە سەر ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێ‌یەتی. سوود وەرگرتن لەم پەرتووکە تەنها لە تازەکردنەوەی ئەو بەهرەمەندیانەدا کورت نابێتەوە کە بەشداربووانی چێژی لێ دەبینن، بەڵکو هاوشێوەکردن و خۆگونجاندنیش لە چۆنێتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکە سەرکردەییەکانیان دەگرێتەوە، وە هەر کاتێك کە ئەم ڕێبەرەت لە چەند هەڵوێستێکی دیاریکراودا بەکارهێنا، هەوڵبدە کەشێوازی خوێندنی تایبەت و کاردانەوەی مەشق پێکراوان و هەڵسەنگاندنی مەشق پێکەرانی بۆ زیاد بکەیت، وە بە هەمان شێوە دوای بەکارخستنی ئەم بابەتە، هەوڵ بدە بۆ پرۆسەکردنی مەشق پێکردن و فێرکردن چەند تایبەتمەندی‌یەکی بەسوود و پەیوەندی‌دار بە مەبەستە باڵاکەوە بۆی زیاد بکەیت.

### ج- چۆن دەتوانرێت زانیاری‌یەکانی ئەم ڕێبەرە تەواو بکرێت؟

مەبەست لەم ڕێبەرە چارەسەری ئەو بابەتە بنەڕەتی‌یانەیە کە پەیوەستە بە مەشق پێکردنی لاوانەوە لە سەر هونەرو زانستی سەرکردایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕێبەرێکی وەك ئەمە نەیتوانیوە کەشکۆڵێکی کۆکەرەوەو هەمەلایەنەی پوخت و حاشا هەڵنەگرێت و بۆ زیاتر ئاگاداربوونیش لیستێکی ببلیۆگرافی تایبەت بەبابەتەکانمان لە کۆتایی پەرتووکەکە خستۆتە سەری، هەروەها کۆمەڵێك لە بابەتەکانی مەشق کردنیش لە سەر هەندێك بابەت ئامادە کراوە کە ئەم ڕێبەرە گفتوگۆیان لە سەر دەکات .

# دەروازەی یەکەم

## ئاسۆی مەشقی سەرکردەیی

کاتێك باس لە ((مەشق کردن)) دەکەین، پێویستە لە سەرمان کە چوارچێوە و خاڵی دەست پێکردنی لـە تـێڕوانینێکی ڕاستەوە دیاری بکەین، وە هەندێك کاری پێویست ڕوون بکەینەوە بۆئەوەی لە بۆشاییەوە هەنگاو هەڵنەنێین کە بریتین لە:

١- مەبەستی دروستبوونی مرۆڤ و ئەرکەکانی لە ژیاندا .

٢- ڕەوشی بزوتنەوەی ووشیارکردنەوەی ئیسلامی لە ماوەی سەدەی چواردەهـەمی کۆچیـدا، چونکـە ئەگـەر هـەموو شتێك ئاسایی‌و لەشوێنی خۆیدا بێت، ئەوا هیچ هاندەرێك نەدەبوو بۆ مەشـق کردنـی تاکـە کـەس و دابەشـکردنی کارەکـانی ڕۆژانەیان.

پاشان لەم ڕێیەوە دەتوانین کە ئامانجەکانی مەشق کردن بەڕۆشنی دیاری بکەین تاسوودی لێببینرێت، جـا ئەگـەر بـە ئەندازەی پێویست نەمانتوانی کۆك بین لە سەر ئەو بنەمایانە، ئەوا ناتوانین دەست بە مەشق کـردن بکـەین، چونکـە هـەردەم ڕووبەڕووی چەند پرسیارێك دەبینەوە کەدەبنە ڕێگرمان ئەوانیش: بۆچی؟ مەبەست چی‌یە؟ چۆن؟ ئەوجا بۆ ڕێك کردنەوەی ئـەم جۆرە کێشە گرنگانە هەر لە سەرەتاوە، ئەوا هەندێك لەو ئایەتانە وەردەگرین کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون وەك دەفەرموێ :

لَقَدْ خَلَقنا الأنسانَ في أَحْسَنِ تَقْويم ﴿٤﴾ ثُمَ رَدَدْناهُ أَسْفَلَ سافلين ﴿٥﴾ إلا الذينَ آمَنُوا وَعَمِلوا الصالِحات فَلَهُمْ أجرٌ غَيرُ مَمْنون ﴿٦﴾ (التين) .

پێغەمبەر ((دروودی خوای لەسەربێت)) دەفەرموێت : ((إنَ اللهَ كَتَبَ الأحسانَ عَلى كُلِّ شَيءٍ، فـإذا قَتَلْتُم فَاحسنوا القِتلة، وإذا ذبحتم فاحسنوا الذِّبحة، وليحُدَّ أحدكم شفرته وليرح ذبيحتهُ)). [1]

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئاڕاستەکردنە خودایی و پێغەمبەرایەتیانەوە، ئەو کەسانەی کە لە بـواری چاکسـازیدا کاردەکـەن پابەند دەبن بە گەشەپێدانی و پێشخستنی خۆیان، بۆ ئەوەی لە کاتی قسەکردندا وتـەی بەڵگـەدار پێشـکەش بکـەن و وە لـە کارکردنیشدا زۆر سەر ڕاست و دڵسۆزانە ئەنجامی بدەن. وە هەر ئەمەشە ئامانج لە مەشق کردنی سەرکردەیی.

ئەمەش ئەو تەوەرە بنەڕەتی‌یە یە کە ئەم بەشەی ڕێنمایی‌یە کە بەدەوریدا دەخولێتەوە تا هـەندێك لـە ڕاستی‌یەکانی قورئانی پیرۆز بخاتەڕوو لە دیاریکردنی ئامانجەکانی مەشق کردن، بە کورتی‌یەکەی دانانی بزووتنەوەیەکی ووشـیار کردنـەوەی ئیسلامی لەم چەرخەماندا.

---

[1] موسلیم و أبوداود و تورمزی و دارەمەیی و ابن ماجە و نەسائی ئەم فەرمووودەیان گێڕاوەتەوە.

# دەروازەی یەکەم

## ئاسۆکانی مەشقی سەرکردەیی


بەشی١: بانگخوازو وزینگە و کۆمەڵگە ١٧

بەشی٢: بزاو تــــی هۆشیاری ئیسلامی ٢٥

لە ماوەی سەدەی چواردەهەمی کۆچیدا

بەشی٣: ئـامـانجەکـانمان ٤٣

بەشی

١

# بانگخواز و ژینگەو کۆمەڵگە

**یەکەم : مەبەستەکان و ئامرازەکان**

**دووەم : چەمکی گەڕان و دەرخستنی ڕاستی‌یەکان لە قورئانی پیرۆزدا ( ڕێکردن و تێڕوانین )**

أ - بازنەی نادیار

ب- بازنەی گەردوونی یا بوونەوەر

ج- بازنەی جیهانی

د- بازنەی ناوخۆیی یا هەرێمی

**سێهەم : سەرکردەیی کردن لەڕێگای خزمەتکردنەوە.**

**چوارەم : شێوازێك بۆ کارکردنی کاریگەر.**

أ - لە سەر ئاستی تاکە کەسی.

ب- لە سەر ئاستی ناوخۆیی.

ج- لە سەر ئاستی وولاّتان.

## یەکەم: مەبەستەکان و ئامرازەکان

موسڵمانی ڕاستەقینە ئەوە نی‌یە کە بانگەشەی بەربەرەکانی شەیتان بکات و وابزانێت و دڵی خۆی خۆش کات کە بەبێ لێپرسینەوە باز دەداتە ناو بەهەشتەوە، بەڵکو موسڵمانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە بەدڵسۆزی و ئاگایی‌یەوە کار لە دەورویشت و ژینگەو کۆمەڵگەکەی دەکات بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکاری‌یە ئەنجام بدات کە خوازراوە لیّ‌ی و بڕواهێنانیش تەنها بە خۆزگەو ئاوات نی‌یەو ئەو موسڵمانەی کە تێکەڵاوی خەڵکی دەبێت و ئارام دەگرێت لەسەر ئازار و ئەشکەنجەیان باشتر و خۆشەویست ترە لای خواو پلەشی لە کەسانێك بەرزترە کەوا دوورەپەرێزە لێیان.

وَأَنْ لَيسَ لِلإِنسانِ إِلاّ ماسَعَى ﴿٣٩﴾ وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوفَ يُرى ﴿٤٠﴾ ثُمَّ يُجزاهُ الجزاءَ الأَوفى ﴿٤١﴾ (النجم)

موسڵمان هەرگیز لە بۆشایی‌دا ناژی، بەڵکو بەردەوام درێژە دەدات بە ژیان لە گەڵ دەوروبەرەکەیدا، شاهێدی‌دان لەسەر کردەوەکانی مرۆڤ تەنها لە لایەنی خواو پێغەمبەرەوە نابێت بەڵکو دەبێت کەسانی تریش پێی هەستن، ئەگەرنا چی وادەکات کە پلەی

موسڵمان بەرز بێتەوە؟ لێرەدا فەرموودەی پێغەمبەری خوا (درووودی خوای لەسەر بێت) لەم بارەیەوە ئاشکرایە وەك دەفەرموێت:

((الخَلقُ عِيالُ الله، أحَبُّهُم إليهِ أنْفَعُهُمْ لِعِيالِهِ)) (١)

کەواتەنوێژو ڕۆژو و یادکردنەوەو بە پاك ڕاگرتنی خوا تەنها پێوەرێـك نی‌یـە بـۆ هەڵسـەنگاندنی چـاکی موسـوڵمان، بـەڵکو پێوەر بریتی‌یە لە بڕی ئەو سوودانەی کە تاکە کەس دەیگەیەنێت بە کەسانی تر، وەك ڕەفتارکردنێك بەو ووتە بە نرخەی کە دەڵێت: (من لا يهتم بأمر المسلمين فليس منهم)، واتە هەرکەس گرنگی نەدات بە کاروباری موسڵمانان ئەوە لەوان نی‌یە.

پێویستە کە پەرستیشەکان لە ژیانی مرۆڤدا چەند خەسڵەتێکی باش وەبەربێنێت کە ئامادەی بکـات بـۆ خزمـەت کـردن بـە سەرجەم مرۆڤایەتی، وە دەبێت ئەرکی کۆمەڵە ئیسلامی‌یەکان تەنها لە خزمەت کردنی خۆیاندا کورت نەکەنەوە بەڵکو پـەل بـهاوێت بۆ خزمەتی کەسانی تریش، پاشان کۆمەڵ-جماعە- خۆی لە خۆیدا مەبەست نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەرجەسـتەکردنی بـەرژەوەندی نەتەوە و جیهان بەیەکەوە و بەرژەوەندی ئەو دوانەش لە سـەرووی بەرژەوەندی‌یـە تایبەتییـەکانی کۆمەڵەکەوەیـە، ئـەوەتا پێغەمبـەر (سلاوی خوای لە سەر بێت) ئاراستەمان دەکات و دەفەرموێت: (إرحَمُوا مَنْ في الأرضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ في السَّماء) (٢)

واتە: (بەزەییتان بەوانەدا بێتەوە کە لەسەر زەویدان، ئەوەی کە لە ئاسمانە بەزەیی پێتاندا دێتەوە).

ئەو کۆمەڵانەی کە چالاکی‌یەکانیان لە ناو ئەندامی خۆیاندا کورت دەکەنەوە، بێگومان کـە کوێـر دەبـن لـە ئاسـت بینینـی مەبەستەکانیان و وازدێنن لە ڕۆڵی ڕاستەقینەیەی خۆیان کاتێك دەزانن بوونەتە خزمەتکارێك بۆ خۆیان و بەس، تا بەمـەش بەڵگـەی بوونی خۆیان وون دەکەن، بۆیە پێویستە کەسەرجەم ئاراستەی بەرنامەکانی لە پێناو ئامادەکردن و مەشق پێکردنـی تاکـەکانیدا بێـت بەرەو خزمەتکردنی گەل بەشێوەیەکی چاکتر، جا دروستکردنی دام ودەزگایەك لە پێناوی خزمەت کردن بێت بـە هـەمان دام و دەزگـا وەك ئەوە وایە کە ماڵێك دروست بکەیت تەنها لەبەرخاتری دروستکردنی ماڵەکە خۆی.

کەوابوو ژینگەی بانگخواز و گۆمەڵگەکەی دوو بواری سەرەکین بۆ کارەکەی، ئەویش بەرپرسە لە بەردەم خوایـەکی بـاڵا و بـە دەسەڵاتدا کە لێی دەپرسێتەوە لە هەموو ئەو کردارانەی کـە پێـی هەسـتاوە لـەم گۆرەپانـەدا هـەروەك چـۆن لـە کارەکـانی تـریش دەپرسێتەوە.

## دووەم:چەمکی گەڕان و دەرخستنی ڕاستی یەکان لە قورئانی پیرۆزدا
## (ڕێ کردن و تێڕوانین)

وَما أرسَلْنا مِنْ قَبْلِكَ إلاّ رِجالاً نوحِي إلَيهِمْ مِنْ أهْلِ القُرى أفَلَمْ يَسيرُوا في الأرْضِ فَيَنْظُروا كَيفَ كانَ عاقِبَةُ الذينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَدارُ الآخِرةِ خيرٌ لِلذينَ اتَّقَوا أفَلا تَعْقِلُونَ ﴿١٠٩﴾ (يوسف)

| | |
|---|---|
| أ - بازنەی نادیار<br>ب- بازنەی بونەوەر<br>ج- بازنەی جیهانی | زانست بەم جۆرانەوە هاوبەشە لای هەموو موسڵمانان ،وە شتێکی نەگۆڕو چەسپاوە وناگۆڕێت بەگۆڕانی شوێنی جوگرافی. |
| د- بازنەی ناوخۆیی | زانست لەم بازنەدا سنوردارو تایبەتەو دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی وڵات و کەسەکان. |

(١) صحيح مسلم. (٢) سنن الترمذي

دەبێت لەبانگخوازی مەشف پێکراودا چەند پلەیەکی ناوازەی لە هۆشیاری ڕوناك بەخشی تێدا بێتەدی لەچوار بازنەدا، کەیەکەمینیان جیهانی نادیار - غەیب -ە، و هەرسێ بازنەکەی تریش پەیوەستن بەجیهانی بینراوەوە.

### أ_ بازنەی نادیار_الغيبية:

قورئانی پیرۆزو سوننەتی پاکی پێغەمبەر پێناسەیەکی ڕونی جیهانی نادیار( الغيب)یان کردووە، کەئەو پێناسەیە باوەڕ بەخواو بەفریشتەکانی و بەپەڕاوەکانی و ڕۆژی دوایی و خەیرو شەڕی قەزاوقەدەر دەگرێتەوە، باوەڕبون بە شتە نادیارەکان ( الغيب ) ژێری مرۆڤایەتی دوور دەخاتەوە لەکەوتنە ناو ئەو خەیاڵە بێ هودانەی کەبەدەرە لەتوانای بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، و ئەم باوەڕبوونەش ناگۆڕێت بەگۆڕانی کات و شوێنی، بەڵکو ئەمەشتێکی چەسپاوە لەهەموو کات و شوێنکدا، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو بانگخوازێك لە خۆیدا ئەم جۆرە باوەڕە بێنێتەدی لە هەموو کات و ساتێکدا.

### ب_ بازنەی گەردونی _ الكونية:

پێویستە لەسەر بانگخواز کەدڵنیابێت لەوەی کەکات و شوێن لەدەستکردی خوایە، ئەم گەردونەش بۆسوودو بەرژەوەندی مرۆڤ بەدیهێنراوە،و کات (تەمەن) بەخششێکی گەورەی خوایی و هەلێکی ناوازەیە بۆمرۆڤ تابتوانێ کارو کردەوەی باش و بەرهەمداری تێدا ئەنجام بدات، وەئەگەر هاتو ئەم هەلەی لەدەست چوو ئەوا ئاکامی دۆڕانە. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُنِيرٍ ﴿٢٠﴾. (لقمان)

ئەمەش لەو زانیاری یە بلاو و هاوبەشانیە لەنێوان خەلکدا لەسەرانسەری جیهاندا بەگشتی و ناگۆڕێت بەگۆڕانی شوێن، لەگەڵ ئەوەشدا کەزۆربەی جار بەپێشکەوتنی کات و سەردەم ئەمیش پێش دەکەوێت، جالێرەدا ئەوەی داواکراوە لەتاکەکان بریتین لەتێگەیشتن لەنیشانەکانی خوای گەورە لەبونەوەرو لەدیاردەسروشتی یەکان ئەگەر بەڕێژە یەکی کەمیش بێت. و ئەم تێگەیشتنەش پشت نابەستێ بەشوێنی چوگرافیای مرۆڤەوە ،بەڵکو مرۆڤەکان هەموویان یەکسانن لەتێگیشتنێکی هاوبەشدا لەهەر کوێیەکی سەر ئەم زەوییەدابن.

### ج_ بازنەی جیهانی_ العالمية.

پێویستە لەسەر هەر بانگخوازێك بەلانی کەمەوە هەندێك زانیاری هەبێت سەبارەت بەخەڵك وگەلان و نەتەوەکان، دەبێت چاك لەوەبگات کەبزوتنەوەی ئیسلامی وەك قەوارەیەکی جیهانی یەك پارچە وایە و سنورە جوگرافیاکان ناتوانن پارچەپارچەی بکەن، پاشان هەموو موسڵمانانیش لەسەرتاسەری جیهاندا برای ئەون، ئەم جیهانەش تەنها ئەو موسڵمانانە ناگرێتەوە کە لەو ولاتانەدا زۆرینەی ژمارە پێك دێنن، بەڵکو هەموو ئەو ولاتانەی کەمینەی موسڵمان نشینی تێدا دەگرێتەوە. ئەرکی سەرشانی موسڵمانیش ئەوەیە کەلایەنی ڕاستی بگرێت و پارێزگاری لێ بکات، هەروەها هەستێت بەدژایەتیکردنی چەوتی وناڕاستیو بەرویدا هەڵگەرێتەوە لەهەموو شوێنێکدا، هەروەها ئەرکی ئەوەیە هەستێت بەڕوونکردنەوەی پەیامی ئیسلام بۆ خەڵکی لەگشت پارچەکانی ئەم دونیایەدا، چونکە جیهان هەمووی بریتیە لە گۆڕەپانی کارو بەندایەتی کردن بۆ خوا، هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (جُعِلَتْ لِيَ الارضُ مَسْجداً وَطَهُوراً) [1]

واتە: زەوی بۆ من هەمووی کراوەتە مزگەوت و خاوێن کراوە بۆنوێژو خواپەرستی کردن .

[1] صحيح مسلم سنن أبي داود، سنن الترمذي، سنن النسائي، الدارمي ومسند احمد بن حنبل

## د ـ بازنەی ناوخۆیی ـ المحلية.

ئەو کۆمەڵگە ناوخۆییەی بانگخوازی تێدایە بریتی‌یە لەگۆڕەپانی سەرەکی بۆ بەجێ‌گەیاندنی ئەرکەکانی. ئەمەی خوارەوە ئەو کارانەیە کەلەسەریەتی بەئەنجامی بگەیەنێت .

(١) شتێکی زۆربزانێت و تێ بگات لە جوگرافیایی وولاتەکەی و مێژووەکەی وپێکهاتەی دانیشتوانەکەی و بەرهەمە سرووشتیەکانی و پێکهاتنی دینی و مەزهەب و ڕەگەزی (عرقی) یەکەی هەروەها ڕێژەی نێرو مێ تێیداو ڕێژەی لاو و پیر و منداڵ وسروشتی ئابوری یەکەی وهێنراو ونێردراوەکەی (صادراته و وارداته) وەپیشەسازیی و ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی کەهەیەتی، ئەو زیادو کەمی داهاتە (فائض و عجز)ی کەهەیە.

هەروەها بانگخواز پێویستە وشیار بێت سەبارەت بەسستمی سیاسی ولاتەکەیو پارتە سیاسییەکان و ئەوانەی دوایکەوتون و ئەو چاپکراوە بلاوکراوانەی کەدەری دەکەن،و چۆنیەتی پێکهاتنی بڕیارەکانی تێدا و سروشتی‌کاری سیاسی یان ..هەروەها ئاشنایەتی هەبێت لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارە سەرەکیانەی کەتێیدا دەردەچێت، بەهەمان شێوەش پێویستە سەرکردەکانی فکرو ئاراستەکەرانی ڕای گشتی و گەورە زانایان و ڕۆشنبیرانی بناسێ.

بانگخواز بۆی نارەخسێ کە لەخەڵکی تێ بگات ئەگەر بێتو برێك لە زانیاری لانەبێت لەسەر مێژوویان و پەیوەندی‌یان بەگەلانی ترەوە، بەتایبەتی دراوسێ‌کانیان، بەکورتیەکەی لەسەر بانگخوازە کە ووشیاری‌یەکی تەوای هەبێت لەسەر ئەو واقیعەی تیادا دەژی، زانیاری و بەرچاوو ڕونی‌یەکی باشی هەبێت لەسەر باری کۆمەلایەتی و ئابوری سیاسی و دینی ئەوولاتەی تێدا دەژی و کاری‌تێدا دەکات .

(٢) لەسەر بانگخواز پێویستە خۆی خەریك بکات بەگرفتەکانی کۆمەڵەوە و هەڵوێستێکی خراپی لێ وەرنەگرێت، کەوا بگەیەنێت گرنگی نەدات بەچارەسەر کردنی بەبیانووی ئەوەی کەئیسلام هەر لە سەرەتاوە لێپرساو نەبوە بەرامبەر دەرکەوتنی ئەم کێشانە ئەمیش خۆی گێل بکات و گرنگی نەدا بە چارەسەرکردنیان. دەبێت هەڵسوکەوتی بانگخواز وەك هەڵسوکەوتی پزیشك وابێت کەچاك بوونەوەی نەخۆشەکەی بەبەرەنگاری بداتە قەڵەم و پێشی ڕازی بێت و هاوکات بە ئەرکێکی گرنگ و ئامانجێکی گەورەی بزانێت، هەرچەندە پزیشکە کە بەرپرسیش نی‌یە لەو دەردو نەخۆشییەی کەپێوەی دەناڵێنێ هەتا ئەگەر هاتو دەرمانی چارەسەرکردنی نەخۆشەکەشی لانەبێت لەسەریەتی هەوڵبدات لەئازاری نەخۆشیەکەی و ناخۆشیەکانی کەم بکاتەوە، لەهیچ پزیشکێکی سەرکەوتومان نەبیستووە گاڵتە بەنەخۆشەکانی بکات یان هێرشیان بکاتە سەر یاخود خۆی بەبەرزترو گەورەتر بزانێ یان بەلوت بەرزی مامەڵەیان لەگەڵ بکات بەچاوی سوك سەیری یان بکات، پزیشك هەمیشە هەوڵدەدات بۆ پلەی چاکە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ڕوبەڕوی دەبێتەوە.

لەسەر بانگخوازی مەشقکار پێویستە کەخۆی لەشوێنی سەرکردەیەکی سیاسی باش بۆ وڵاتەکەی دابنێت و توانای عەقڵی خۆی بەکاربهێنێت بۆدۆزینەوەی چارەسەری ئەو گرفتانەی کەهەیە، لەسەریەتی بتوانێت دەستنیشانی کێشەکان بکات و چارەسەری ئیسلامیانەی سەرکەوتوی بخاتە ڕوو. زۆر ئاسانە مرۆڤ بتوانێت بەرهەڵستکار بێت ورەخنەگربێت لەپارتی دەسەلاتدارا بەشێوەیەکی نابەرپرسیارانە، بەلام بەرهەڵستکاری موسڵمانی ڕاستەقینە بەرهەڵسکارێکی سەڕاستەو (ئەمینە) وبەرپرسیار ووشیارە بەشێوەیەك ئەگەر هاتوو داوای لێکرا جڵەوی کارەکان بگرێتە ئەستۆ، ئەوا بیرەکانی ونەخشەکانی کاریگەرو بەرهەمهێن دەبن ئەنجامی باشی لەسەر واقعی ژیان دەبێت. ئەوپڕوپاگەندە تیۆرییە خەوو خەیاڵی یەی‌کەبانگەوازی ژیانێکی خۆشی ناوشار دەکات تەنها ئاواتەو هیچی‌تر، بەزوویی خەڵك لێی دەسڵەمێنەوەو بەگرنگ و جیددی وەری ناگرن.

هەندێك كەس لای وایە كەئیسلام بریتی یە لە چەپكێك گوڵ دەتوانرێت لەهەر شوێنكی جیهان بتەوێت بیڕوێنی، بەلاّم لەڕاستیدا نزیكترە لەوەی كەچەپكێك گوڵی تاقانە بێت و لەهەر ولاّتێكدا بەشێوەیەكی جیاواز پێشكەش بكرێت كەلە گەڵ ئاو و هەوای خاكەكەیدا بگونجێت. هەموو خاك و ئاو و هەوایەك خاوەن گوڵی تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەمەش وا لەنەتەوەی ئیسلام دەكات ببێتە نەخشێكی جوان و دڵڕفێن بۆ گەلان و هەموو جۆرە ڕەنگێكی جیاواز لە خۆبگرێ، هەروەك چۆن پێویستە لەسەر بانگخواز كە ڕەنگدانەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی پێوە دیار بێت. كەلەمانا غەیبیو گەردونیو جیهانیەكەی ئیسلامەوە وەریگرتووە، بەهەمان شێوەش لەسەر شانیەتی كەتایبەتمەندییەكانی كسایەتی ناوخۆیی ئەو وولاّتە ی تیایدا دەژی بیخاتەڕوو، ئەمەش هەموو ئەو داب و نەریت و ئارەزوو (أذواق)و جلوبەرگ و هونەرو ڕۆشنبیریانە كەتێدایە دەیگرێتەوە، ئێمە كەئەمڕۆ بە دەست هەڵەیەكی گەورەوە لەپەروەردەی جیهاندا دەناڵێنن و زیاتر بایەخ بە بوارەكانی گشتی وتێڕوانین بۆ ژیانی خەلكی دەدەین. وەكەمتەرخەمین لەتێگەیشتنی پێداویستییە ناوخۆییە نزیكەكانی خەڵك كەپەیوەندییان بەژیانی ڕۆژانەیانەوە هەیە و لەگەڵ خەمەكانیاندادەست لە ملانی یەك بوون.

پێویستە لەسەر بانگخواز لەنێوان ئەو هەموو هۆكارانەدا- لە نێوان چوارچێوەی ڕێنمایی ئیسلامی- هاوسەنگی ڕاست بەدەست بێنێت، واپێویستیشە كەهاوكاریكردنەكەی تەنها لەسەر دووبارەكردنەوەی ڕوداوەكانی ڕابردوورانە نەوەستێت، بەهاوكاریكردنەكەی وەك پێكهاتەی خواردەمەنی یە بەتامە جۆراوجۆرەكان وابێت كەلە پارچە جیاوازەكانی جیهانی ئیسلامیدا پێشكەش دەكرێت سەرەڕای جیاوازی زۆری ژمارە یان _شتێك بەیەكیانەوە گرێدەدات ئەویش حەلاّلی و باشی یەكەیتی.

## سێهەم : سەركردەییكردن لەڕێگای خزمەتكردنەوە

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت) ئامانجی سەركردەمان فێر دەكات لەڕێگەی خزمەتكردنەوە چوار سەدە لەمەوپێش كەدەفەرموێت:

(سَيِّدُ القوم خَادمُهمُ ) (١)

واتە سەرۆكی هەر گەلێك و میللەتێك دەبێت خزمەت كاریان بێت.

لەسەر بانگخوازەكە ڕێگای خزمەتكردن بگرێتەبەرو یارمەتی دەوروبەرەكەی بدات لە كۆمەلگادا.كاتێك بانگخوازو ئیسلام لەناو كۆمەڵدا ناسران بەوەی كە هەوڵ دەدەن خزمەت بەكۆمەڵ بكەن بەدەروپشتیان چارەسەری كێشەكانیان دەكەن و چاودێری بەرژەوەندییەكانیان دەكەن ، ئەمەش دەبێتە پشتیوانیەك بۆزیادكردنی متمانەی خەڵك پێیان و ڕازیبوون بە سەركردەییكردنیان و بەرپرسیاریشیان، ئەوانە نەك بەسنگی فراوانەوە پێشوازی یان لیّ دەكەن (وەك ئەوەی ئێستا باوە) بەڵكو لەهەڵبژاردنەكانیش دەنگیان پێدەدەن.

## چوارەم : داڕشتەی كاركردنی كاریگەر

لێرەدا هەڵدەستین بەپێشكەش كردنی سێ شێوازی كاركردنی كاریگەر لەسەر ئاستی تاكە كەس و ناوخۆیی و نیشتمانیدا .

(١) سنن الديلمي وسنن الطبراني

### أ- لەسەر ئاستی تاکەکەسی:

لەسەر چاکسازی (مصلح) ئاستی تاکە کەسە کەگرنگی بـدات بەکێشـە نـاوخۆیی و دەوڵەتیـەکان و ڕۆژانـە چـاودێری بکـات، ئەمەش لە ڕێگای خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و چاودێریکردنی ئەوەی بڵاو دەکرێتـەوەو پیشـان دەدرێـت لـە هۆکارەکـانی تـری ڕاگەیاندنەوە. وەلە سەریەتی خۆی ڕابهێنێ لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی دەنگوباسەکان و گفتوگـۆ بکـات لـە سـەر ئـەو ڕووداوانـەی کەئێسـتا ڕوودەدەن لەگەڵ ئەو کەسانەی باسی دەکەن و سوود لە بۆچوونەکانیان وەرگرێت وە بەئەمەش ئەنجامێکی گشتی و پێویستی لە زانیـاری لەلا دروست دەبێت، لەسەر ئەو ڕوداوانەی لەدەوروبەری ڕوو دەدەن.

### ب-لە سەر ئاستی ناوخۆیی:

پێویستە لەسەر بانگخواز بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بەشداری کۆبوونەوە ناوخۆیی‌یـەکان بکـات و (١٠)کـەس یـان کـەمتر کـۆ بکاتەوە. ئەم چاوپێکەوتنانە بەبازنە یـان خـێزان پێناسـە دەکرێـت، تێـدا گرنگـی دەدرێـت بـە ڕۆشـنبیرکردن و گەشـەپێدانی لایەنـە ڕۆحییەکانی بەشداربووان، بەڵام تەنها ئەمە بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئەم چاوپێکەوتنانە پێش بخرێـت و پێکهاتەکـەی بـەردەوام نـوێ بکرێتەوەو بەلایەنی کەم سوود لەنیوەی کاتەکەی ببینرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بـاری کۆمـەڵگـەی نـاوخۆیی و شـێوازە کرداریـیـەکان بۆ ڕاستکردنەوەو چارەسەرکردنی. باری بزاوتی هوشیارکردنەوەی ڕۆژانە جێگای پەژارەیـەکی زۆرە لەبەرئـەوەی ئەندامـەکانیان جـەخت دەکەن لەسەر کێشە تیۆرییەکان و ئەکادیمیەکان و بەتەنها بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی خۆیان و هێماکانیان ڕادەوەستن، ئەمـەش وای کردووە کەرێژەی ئەو کەسانەی لەناو بزوتنەوەکەدا کاردەکەن باریان گران بێ نزیکەی ٥٪ زیاتر نـەبێت، لـەکاتێکدا ٩٥٪ تەماشـاکەرن و هیچ خەمێکیان نییە بێجگە لەڕەخنەگرتنی ڕوخێنەرانە لەو ئەندامانەی کاردەکـەن. ئەمانـەش دەبنـە بـارێکی قورسـی سەرشـانی دەزگاکە لەجیاتی ئەوەی ئەوان دەزگاکە هەڵبگرن.

دەتوانین بزوتنەوەی ئەمڕۆ بشوبهێنین بەو هەرەمە هەڵگەڕاوەیەی کەلە ٥٪ ی بڕوای کاریگەری هەیەو، لە٩٥٪ یشی بـارگرانین، ڕێکخستنێك بەم شێوە بێت بەخێرایی ماندو دەبێت لەکاروبارە تایبەتییـەکانیدا لـەجیاتی سووربوون لەسـەر ئامانجـە گشتی‌یەکانی. بەمەش ڕێگر زۆر دەبێت و دەستی‌کار دەگمەن دەبێت. لەهەمان کاتدا دەکرێت کاریگەری پێنج ئەوەندە زیاتر بکرێت ئەگـەرهاتوو ئـەو ئەندامە بێکارە هاو سۆزانە لەبزوتنەوە چوونـە دەرەوە لەئـەندامێتی دەرچـوون، چونکـە لـەم بـارەدا - دام و دەزگـا لـەهیچ شـتێکدا بەرامبەریان بەرپرس نابێت.

بۆچارەسەرکردنی گرفتی بارگرانیش (التقاعس)، دەبێت هەر ئەندامێك ئـەرکی ڕوون و دیـاریکراوی پـێ بسـپێردرێت، چونکـە دەگونجێت ببێتە ئەندامێك لە تیمێکی بچوکدا، یان بگوێزرێتەوە بۆ ئەوەی پێی دەڵێن ((لیژنەی یەك ئەندامی)) تابەرپرسبێت بەرانبـەر ئەو سەرکردەی خۆی کە بەشێوەیەکی بەردەوام ڕاپۆرتی چالاکی‌یەکانی بۆ بەرز دەکاتەوە.

وەلەسەر سەرکردایەتییە کەهەستێت بەدیاریکردنی ئەرکەکانی تاکـەکان و لیژنـەکان و چاودێریـیان لەئەسـتۆ بگرێـت، وە ئـەم ئەرکانەش زۆرن، زۆر کاریش هەیە پێویستە شان بەشـانی لەبـەرکردنی ئایـەتێك لـەقورئانی پـیرۆز یـان فەرموودەیـەك لـە فـەرموودە پیرۆزەکان لەناو کۆمەڵگادا ڕایپەڕێنن. ئەم لەبەرکردنەش بەتێگەیشتن و کردارەوە بێت هـەروەك چـۆن هـاوەڵان فـێری زانسـت و کـارو ئادابەکان دەبوون لەیەك کاتدا .

باری بزوتنەوە لەحاڵەتێکی باشدا نابێت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەبگۆڕێت بۆ خانەیەك وەك خانـەکانی هـەنگ یـان مێرولـە کەپڕیەتی لە ووزە و چالاکی، تابتوانێت کاری سوودبەخش لەناو کۆمـەڵگەدا ئەنجام بدات و هەرکەسێك ئاگای لە سەنگەری خۆی بـۆ نەیەڵێ هیچی بەسەردا تێپەڕێ.

## ج- لەسەر ئاستی وولات (القطر):

لەکاتێکدا ئێمە داوای بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریو ئاگاهی تاك دەکەین، هاوکات لە ئاستی وڵاتیشدا خوازیاری پێکهێنانی لیژنەو کۆمەڵەی پسپۆڕین کەکارەکانیان زۆر بە باشی جێبەجێ بکەن، دەبێت بۆ هەر کێشەیەك لە کێشە گرنگەکانی وولات لیژنەیەکی کارگێڕی بەتوانا و زۆر لێهاتوو دیاری بکرێت، وە لەهەرلیژنەیەکدا مێشکی خاوەن بیروهۆش پێك بهێنرێت بۆ کۆمەڵەکە، کەهەڵسێ بە لەئەستۆ گرتنی لێکۆڵینەوەی کێشەکان و شیکردنەوەی و دووبارە خوێندنەوەی و لێهەڵهێنجان (الاستنباط) لێی و بەرزکردنەوەی ڕێگاچارەو ئەلتارناتیف بۆ سەرکردایەتی لە بوارەکانی پسپۆڕیەکەیدا. لە کاتێکدا کە خەڵکانی گشتیی ڕازی دەبن بە کارە گشتییەکان و چارەسەری ڕواڵەتییان، لەسەر لیژنەکان پێویستە بەقوڵی و سەرکەوتوویی لە کێشەکان بکۆڵێتەوە، هەمیشەش بۆچوون و بەرنامەی کار و دابەشکردنی لە بواری پسپۆڕیەکەیدا پێبێت، هەروەها لەسەریەتی هەمیشە ڕێبەریی بکات بۆ شیاویی چارەسەرە ئیسلامیەکان کاریگەریەتییان وەك ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز لە بەرامبەر خستنەرووی خاوەن بیروبۆچوونەکانی تردا، ئەگەر ئەم لیژنانە کارەکانیان بەلێهاتوویی زانستی ئەنجامدا، ئەوا کۆمەڵگا بڕوا بەسەرکردایەتیکردنەکەی دەکات بەشێوەیەکی خۆرسکانە بەهۆی لێهاتوویی زانستی ئەندامەکانیان و بەئاگابوونی هەمەلایەنەیان بەسەر کێشە جۆراوجۆرەکاندا. بەم شێوەیە بزوتنەوە دەبێتە جێگای متمانەی سروشتی لەکاروباری نەتەوە و کۆمەڵگاداو ئامۆژگاری کۆششکاریش دەبێت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی گەلان و دوورخستنەوەی زیان لێیان.

### لەدەگمەنەکان!

### بانگهێشت لە نێوان تیۆرو پراکتیکدا

شێخێکی بەتوانا هەبوو هەڵدەستا بەمەشق پێکردنی خوێندکاران لەسەر بانگەوازکردن بۆ ماوەی ٦ مانگ لە بواری تیۆری و ٣ مانگ لەبواری پراکتیکدا. خوێندکارێك زۆر بڕوای بەخۆی هەبوو، لە بەرنامەی تیۆری بەسەرکەوتوویی دەرچوو، وای دەزانی کە دەتوانێت بەشی پراکتیك بە ئەنجام بگەیەنێت بەپشت بەستن بە توانای تاکە کەسیی خۆی.

شێخ ئاگاداری کردەوە، بەڵام خوێندکارەکە گوێی پێنەداو ڕووی کردە گوندێکی دوور بۆ بانگەوازکردن. لەیەکەم هەینیدا (ئیمام)ی مزگەوتەکە هەستا بە پێشکەشکردنی ووتارێك بۆ نوێژکەران کەپڕی بوو لە درۆ بەدەم خوای گەورەو پێغەمبەر (ﷺ)، دەم و دەست خوێندکارەکە هەستاو هاواری کرد (کە ئەم ئیمامە درۆزنەو نەخوای گەورەو نە پێغەمبەر (ﷺ) شتی وایان نەووتوە. ئیمام بەرپەرچی دایەوە (کە ئەم لاوە کافرەو شایەنی سزادانە). نوێژکەران هەستان بە لێدانی لاوەکە، بەشێوەیەکی توندوتیژ. پاشان خوێندکارەکە گەڕایەوە لای شێخەکەی خۆی بە ئێسك شکاوی و برینەکانیەوە. شێخ پێی ووت ڕێگام بدە نمونەیەکی چاکت نیشان بدەم بۆ بانگەوازی کردەیی. ڕۆژی هەینیی داهاتوو بەیەکەوە چونەوە هەمان مزگەوت، بینییان ئیمامی مزگەوتەکە لەسەر هەمان شێوازی پێشوو وتاری دەخوێندەوە، پاش ئەوەی شێخ گوێی لە ووتاری ئیمام گرت هەستاو ووتی (ئیمامەکەتان لەو کەسانەن کە بە بەهەشت شاد دەبن و هەرکەسێك بتوانێت تاڵێك لە ریشی بکاتەوە بە بەهەشت شاد دەبێ) بەخێرایی خەڵکەکە پەلاماری ریشی ئیمامیان داو دەستیان کرد بە هەڵکێشانی مووەکانی ریشی، هەتا هەموو دەموچاویان کردە خوێن و ریشیان هەموو هەڵکەند، لەو کاتەدا شێخ بە گوێی ئیمامەکەیدا چرپاند (ئایا دەوەستیت لەدرۆکردن بەدەم خواو پێغەمبەرەوە ؟ یان سزای زیاترت دەوێت) لەو کاتەدا ئیمام دانی نا بەخراپی کارەکەی و هەڵەکەیداو پەشیمانی نیشاندا بەرامبەر بەو کارەی پێی هەڵساوە. لێرەشدا خوێندکارەکەش هەستی بە هەڵەی خۆی کردو داوای لە شێخ کرد ڕێگای پێبدات بەشداری بکات لەو سێ مانگەی تایبەت کراوە بۆ مەشقی مەیدانیی کرداری..

جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا !!

# بوەستە !

إقرأ بِاسْمِ رَبِكَ الذي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ الإنسانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ إقْرَأْ وَرَبُّكَ
الأَكْرَمُ ﴿٣﴾ الَّذِي عَلَّمَ بِالقَلَمْ ﴿٤﴾ علم الإنسانَ مَالَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ (العلق)

- ئەگەر نەتەوەی موسڵمان باشتر بوونایە لەڕووی خوێندنەوەی ژیان و ئاگاهییەوە دەبوا ئەمڕۆ پێشەوای کاروانی شارستانیەتی مرۆی بوونایە.
- ئەگەر بانگخوازان خوێندنەوەیان لەکەسانی تر زیاتر بوو، ئەوا دەبنە پێشەوای ئوممەت.
- ئەمڕۆ ڕۆژئاواییەکان خوێندنەوە و ئاگاهییان لە موسڵمانان زیاترە. لەکاتێکدا ئێمە فێردەبین بۆ ئەوەی بخوێنینەوە، ڕۆژئاواییەکان دەخوێننەوە بۆئەوەی فێربن.
- کردنی داواکراو: لەسەر بانگخوازانە پێشرەو بن بۆ ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری.
- سوود: گەلان چاوەڕێنە بانگخوازان بەوپێیەی ئەوان هیوای ڕزگاری ئوممەی ئیسلامین.
- ڕێسا(قاعدة): ئەوەی چارەسازی گرفتەکانی خەڵك دەگرێتە ئەستۆ، دەبێتە سەرکردەو رابەریان!

# پێشکەوە!

وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَّاالسْتَطَعْتُم مِن
قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الخَيْلِ
تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللهِ وَعَدُوَّكُمْ
وَءَاخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ
لا تَعْلَمُونَهُمُ اللهُ يَعْلَمُهُمْ ...﴿٦٠﴾ (الانفال)

بەشی

٢

# بزاوتی هۆشیارکردنەوەی ئیسلامی لەماوەی سەدەی چواردەهەمی کۆچیدا

## یەکەم - پێشینەیەکی گشتی

ا- تێڕامان لەناوخۆوە

ب- دەستکەوتەکان لەبەرامبەر تێکشکانەکان

ج- کاری سیاسی و کاردانەوە

د. دواکەوتوویی

ە. ئایا لەتوانادا بوو باشتر بکرایە؟

و. جەنگ لەپێناو مانەوەدا

## دووەم _ دیاریکردنی بوارەکانی باشکردن

ا- ڕاوێژ

ب- گیانی تیمخوازی

ج- ئافرەتان و منالاْن

د- نموونەی سەرکردە (شێخ)

ە- نەبوونی دەزگاکان

و- ڕەوتی ناوچەگەرێتی و ڕەوتی نەتەوەیی

ز- نەبوونی پلان دانان

ح- ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی

ط- مەبەستەکان و ئامرازەکان (هۆکارەکان)

ی- قەیرانی فکر

ك- نەبوونی دایەلۆك - پەیڤین -

ل- پشتگوێ خستنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن

م- لێپێچینەوە لەنێوان سەرکردایەتی و ئەندامانی خوارەوە(القاعده)

ن- ڕێکخستنی یەکەمینەکان

س- دۆگمایی ڕێکخراوەیی

ع- کاری نهێنی و ئاشکرا

ف- قورئان و سوڵتان

ص- نەبوونی پێداچوونەوەی کاریگەر

ق- دەمارگیری حیزبی

ر- ئەدەبی جیاوازی (ئیختلاف)

ش- بەرنامەکاری درێژ

## سێیەم _ ئاوڕدانەوەیەك بۆسەدەی چواردەهەم

## چوارەم _ کۆمەڵە پرسیارێك کەهەر دەبێت بکرێن !

ا- یاری پەتکێشی

ب- باری ئێستا: ئایا خراپترینە یان باشترینە؟

ج- ملکەچی بۆ خوا یان بۆ ناوەکان؟

## پێنجەم _ پشتیوانە (الرصید)

# یەکەم: پێشینەیەکی گشتی

لێرەدا دەستەواژەی (بزوتنەوە) بەکاردەهێنین بەمانا فراوانەکەی کە هەرکۆمەڵێك دەگرێتەوە ئیسلام بەئاییینی خۆی دەزانێ و جێبەجێی دەکات و بەرێگای دروست بانگەواز دەکات بۆ چەسپاندنی سیستەمەکەی لەسەر زەویدا. لێرەوە ئاورێکی بەپەلە لەسەدەی چواردەهەمی کۆچی دەدەینەوە (سەدەی بیستەمی زایینی) بۆشیکردنەوەی ئەوبەرەنجامانەی تائێستا بۆمان دەرکەوتوە. ناڵێین هەڵسەنگاندنێکی تەواو دەکەین بۆدەستکەوتەکان یان بڕیاردان لەسەر بەخششەکان، بەڵام هەوڵدانێکە بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر هەندێك لایەنی گرنگ بە وەرگرتنی وانەی بەسوود لێی.

بۆئەوەی شیکردنەوەمان سەرڕاستانەو بابەتیانە بێت پێویستە ئەم هۆکارانەی خوارەوە لەبەر چاو بگیرێ:

### أ_ تێڕامان لە ناوخۆوە

باسکردنمان سەبارەت بە بزوتنەوە باسکردنی خۆمانە، واتە لەقوڵایی ناوەوە نەك ڕەخنەگرتنێ لەدەرەوە. هەربۆیە هەڵدەستین بەڕەخنە لەخۆگرتنێکی بنیادنەرانە بۆ دیاریکردنی شوێنی کەموکوڕیەکان بەمەبەستی چاکردنی باری ناوخۆی خۆمان. ئەگەر لەگەڵ خودی خۆمان ڕاستگۆ نەبین، ئەوا بەباشی و دروستی پرۆسەی خۆئامادەکاریی بەرێوە ناچێت.

### ب- دەستکەوتەکان لەبەرانبەر تێکشکانەکان

مەبەست لەدیاریکردنی خاڵی لاوازیمان، وێنەکێشانێکی خراپ و ڕەشی بزوتنەوەکە نییە. بەڵکو لێرەدا خاڵی تاریك هەیەو بەهەمان شێوە خاڵی پرشنگداریش هەیە، وەبەردەوام بوونی بانگەوازی ئیسلامی و _ لەڕاستیدا _ ووشیاربوونەوە جیهانیەکەی خۆی لە خۆیدا بەڵگە بەخشی سەرکەوتنە مەزنەکەیەتی کەبەدەستی هێناوە لە زۆر بواردا. خستنەڕووی لایەنی بێ توانایی و کەموکوڕیمان هەڵقوڵاوی پابەندیی قوڵمانە بەکارو تێکۆشانمان بەرەو ناڕاستەیەکی ڕاست و دروست، لەحاڵەتێکدا کە خۆمان و پابەندبوونمان لەبەرهەمی ئەم بزاوتەیە.

### ج- کاری سیاسی و کاردانەوە

هێرشەکانی ڕۆژئاوایی بۆ سەر جیهانی ئیسلامی هەردوو داگیرکاری سیاسی و سەربازی گرتەوە. وەشتێکی سروشتی یە کەپەرچەکرداری ئیسلامی و نەتەوەییش ڕەنگدانەوەی هەمان جۆر بێت، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەبزوتنەوە ڕزگاریخوازە گشتی یەکان بە ڕەنگێکی سیاسی ڕەنگ کراوە، کارەکانیان لەگیانی بەرەنگاری لە بەرامبەر داگیرکەرە دەست ڕەشەکانیان خۆی دەبینێتەوە. بۆیە زۆربەی ئەم بزوتنەوانە گرنگی یەکی پلە دوویان داوە بەلایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و فێرکاری. کاتێك ئەم وولاتانە توانیان سەربەخۆیی بەدەست بێنن لەدەسەلاتی بێگانە، سەربەخۆییەکەیان تەنها ڕووکەش بوو وسەرکردە نوێکان هیچ نرخێکیان بۆ ئازادی سیاسی دانەنا. ئەمەش ڕاڤەکردنی و درێژەپێدانی هۆکارەکانی بەردەوام بوونی هەمان ڕێگەی داگیرکارانەیە لە ڕووی ئابووری وکۆمەلایەتی ورۆشنبیری و پەروەردەییەوە کەبۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر دەستی داگیرکەراندا ناڵاندیان بە هەمان فشاری پێشوو، گەر فشارەکە زۆرتریش نەبێت.

### د - دواکەوتوویی

دەبێت دان بەوەدا بنێین کە جیهانی ئیسلامی بە بەردەوامی ناڵاندویەتی بە دەست دارمان و دواکەوتوییەوە لەزۆربەی لایەنەکان و لە ماوەی چەند سەدەیەکدا. ئەم دارمانەش تەنها بۆچونی خەڵکی سادەو کارو کردەوەکانیانی نەگرتۆتەوە بەڵکو شۆڕبۆتەوە بۆسەر بزووتنەوەی چاکسازییەکانیش و ئەوانیشی گرتۆتەوە. ئەم لاوازییەمان توانای شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی

کەموکوڕیو چارەسازیانی کەم کردۆتەوە، هەرچەندە بەهۆی باوەڕداریانەوە زۆر کاری نەکردۆتە سەر شێوازەکانی کارکردنمان لە بزووتنەوەدا. دیاردەی دواکەوتوویی ئاسەواری خراپی هەیە لەسەر تاکەکان و پارتەکان و گروپە ئایینیو نەتەوەییو چەپ و عیلمانییەکان وەك یەك هەروەك چۆن کاردەکاتە سەر هەموو بەشەکانی کۆمەڵ، لە سەرکردەو مامۆستا و پزیشك و ئەندازیار و کارمەندە مەدەنیو سەربازییەکان و جوتیاران، چ پیاوان و چ ژنان، هەژاران و دەوڵەمەندەکان. دواکەوتوویی دەردێکە تووشی هەمووان دەبێت، تەنانەت هۆشمەندانیش دەبنە قوربانی دواکەوتوویی زۆرینەی فرەکەو لەبازنەی ئەودا دەسوورێنەوەو ناتوانن بەرەو شارستانیەت و پێشکەوتنی ببەن.

### ه - ئایا لەتوانادابوو باشتر بکرایە؟

لەوانەیە بڵێین بزووتنەوەکە چەندی توانی هەوڵیدا، ئەنجامیش لای خوای گەورەیە. بەدڵنیاییەوە ئێمە نەمانتوانیوە وردەکاری تەواو لە بۆچوونەکانمان و ئامرازەکانماندا بەکاربێنین، بواریش هەمیشە بە کراوەیی ماوەتەوە بۆ پێشکەشکردنی باشتر، وەگومانیشی تێدا نییە کەپاداشتی ئەو کەسانەی لە پێناوی خوادا کاردەکەن زۆر گەورەیە. بەڵام ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین کەپێشکەوتنی ڕاستەقینە لەگۆڕانی کۆمەڵایەتیدا کەهیوای گەلی ئێمەیە هێشتا هێواش و لەسەرخۆیە. بۆئەوەی پێش بکەوین بێگومان دەبێت دان بەهەڵەکانماندا بنێین خۆمان هەڵسەنگێنین هەروەها هەنگاوەکانمان ڕاست کەینەوە تابتوانین هەستین بەکاری بنیادنەرانە لە بەرامبەردا. لەڕاستیدا ڕەخنەگرتنی کەسێك بۆ بزووتنەوەکە نایگەیەنێتە پلەیەك لەسەرووی بزوتنەوەکەوە، هەروەك چۆن نایشیخاتە ڕیزی دوژمنەکانیەوە. خەڵکی هەموو یەکسانن، خوای گەورەش خۆی پاداشت وسزایان بۆ دیاری دەکات. زاڵبوون و سەرکەوتن بۆ بیرۆباوەڕو پەیامە نەك بۆ تاکەکان.

### و-شەڕلە پێناوی مانەوەدا

بزوتنەوە زۆربەی کات کۆت و بەندی ئازادی بووە، بەردەوام ڕۆژانە لەجەنگی ژیان و مردندا بووە، لەهەمان کاتدا هەلی ڕاوەستان و بیرکردنەوەو چاوخشانەوەی نەبووە بە هێڵی ڕۆشتنی کارەکانیدا. ئەوەش جۆرێك بوو کەپشتگوێ خرابوو. شتێکی سروشتییە کە لەم جۆرە بارودۆخانەدا کەسانی گیرو ئاڵۆزو توندڕەو و میسالی دەکەونەوە کەنەشارەزان، ئەمەش دەبێتە بەربەست لەبەردەم ڕابوون و پێشکەوتندا. لەبەرئەمە قورسایی ڕاستکردنەوە و چاك کردن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کەئەندازەیەك سەربەستن. بەرپرسێتی ئەو کەسانە دووقاتەو زۆریش گەورەیە، لەبەرئەوە لەسەریانە خۆیان بەراورد نەکەن بەباری ئەو کەسانەی لەژێر ستەم و دیکتاتۆریەتدا دەژین و هیچیان پێ ناکرێت لە هەناسە هەڵکێشان و ئاوات خواستن زیاتر.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێشینەیەی باری نەتەوەدا لەسەدەی ڕابردوودا، دەتوانین لە سروشتی تێکۆشانی بزوتنەوە تێبگەین، وەدەشتوانین هەست بەبوارەکانی چاکسازی بکەین ئەوەی لەتوانادایە.

بزوتنەوە سەرەڕای دیاردەکانی ستەم و دوژمنایەتی لەدژی، سوپاس بۆ خوا لەناوچۆی جیهانی ئیسلامی و دەرەوەیدا توانیویەتی خۆی بە پێوە بگرێ، ئەمەش بەخششێکی خوایی گەورەیە بەخشیویەتی. هەرچەندە تێکۆشانی بزووتنەوەکە بەرووبوومی زۆری هەبووە، بەڵام بواری بەدیهێنانی ئەنجامی باشتری لەبەردەستدا بووە. ئەوەی لە قۆناغی ئێستادا پێویستە بریتییە لە باشترکردنی ئەو بوارانەی کەلەخوارەوە باسی دەکەین.

## دووەم :.دیاریکردنی بوارەکانی باش کردن

سەرنجی لاوان رادەکێشین بۆئەم لایەنانەی خوارەوە لە بوارەکانی کارکردندا، هیواداریـن بەپشتیوانی خوا بتوانن لەسەدەی پانزەهەمدا سەرکەوتن بەدەست بێنن، زیاتر لەوەی کە لەسەدەی چواردەهەمدا لەلایەن ئەوانەی پێش خۆیان بەدەست هاتووە.

### أ- ڕاوێژ

بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوە نەیتوانیوە هەستێ بەپیادەکردنی بنەمای ڕاوێـژ بەهەمووایەتی‌یەکەیـەوە، بـەڵکو بەشـێوەیەك لەشێوەکان جەختی لەسەر تاقیکردنەوەی سستمێکی گونجاوتر کردووە کەئەویش سستمی ((گوێڕایەڵیو ملکـەچ کردنـە )). بـەردەوام هەندێك سەرکردە داوای بنەمای ڕاوێژی کردووە وەك تیۆر، بەڵام لەجێبەجێکردنیدا شێوەیەکی ڕێکوپێکی کردارییانـەی وەرنـەگرتووە، ململانێی (بێزەنتی) بەردەوام بوو سەبارەت بەوەی کە ئایا ڕاوێژ فێرکەرو پابەندکەری پێشەواو سەرکردەکانە یان نـا. هـەر تیمێکـیش بیـانووی خـۆی هـەبوو پشتیوانی لێ بکـات لـە هەڵوێستەکەیدا لـە قورئـان و سـوننەتدا. وە لەبەرئـەوەی ئـەم کـارە لەمەسـەلە ئیجتیهادیێکاندا تەنها لەڕێگای فتواوە یەکلا نابێتەوە، لەکاتێکدا ئێمە ئەمڕۆ پێویسـتمان بـە سـستمی شـورا هەیـە بەشـێوەیەکی پێویست کەدامەزرابێت لەسەر بنکەو بناغەیەکی زانستی ڕێکخراو.کەدەبێت ژمارەیەکی گونجاو لـە ئـەندامانی بەشداری بکـەن لـە بەدەستهێنانی بڕیاردا، هەروەها لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانیشدا. تایبەتمەندییەکانی سستمی شورای قورئانی دەبێت جـەختی لەسـەر بکرێتەوە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا.

### ب ـ گیانی تیمخوازی

ئەم بزووتنەوەیە لەڕێی بەرنامە پەروەردەییەکانیەوە کەسانی لێهاتووی پێگەیاندووە، بەڵام گرفتـەکان لـەوەدابوون کـاتێك داوا لەوکەسانە کرا پێکەوە لەبەرنامەی هاوبەشدا کاربکەن. بزووتنەوەش لەزۆربەی کاتـەکاندا کەسـانی جۆراوجـۆر سـەرکردەیيان دەکـرد لەجیاتی تیم و دەستەی کردەیی بەکۆمەڵ. بەبێ ئەوەی ئەوە بزانن کەبەرهەمی کاری تیمخوازی چاکترو لەپێشـترە لەبەرهـەمی کـاری تاکەکەسی. ئەمەش ژینگەیەکی دواکەوتووی لێکەوتەوە (کەیەك کەس سـەرکردایەتی دەکـرد) لەزۆربـەی لایەنـەکانی ژیـاندا. بـاوك لەخێزاندا دەسەڵاتی ڕەهای هەیە. بەهەمان شێوە لـە قوتابخانـەو دەزگـای حکومـیو سـوپاو حیزبەکانیشـدا. ئـەم جـۆرە سستمە ـ کەنیشانەی دواکەوتنە ـ زاڵە بەسەر زۆربەی دامووەزگاکانماندا. ئەگەر لەم ڕووەوە سـەرنجێکی گۆڕەپـانی جیـهانیش بدەیـن دەبینـین کەئەورووپا بەگیانێکی سووربوون لەسەر کارو بەردەوامیو هەوڵ و تێکۆشـان یەکـەم کـەس بـوون کـەدرووشمی ئازادییـان بـەرزکردەوە بەبۆچوونی نوێو بنـەمای دەوڵـەتی نەتـەوەییان دامـەزراند، لـەم بـوارەدا ئەمریکییـەکان بەسـەر ئەورووپاشـدا بازیـان دا لەڕێگـەی پیادەکردنی سستمی (بۆتەی توانەوە) کەتیایدا چەندین نەتەوەی جیاواز لەناو یەکدا دەتوێنەوەو خۆشەویسـتیان تیـا دروسـت دەبێـت لەچوارچێوەی تێکۆشان و بەردەوامیو سووربوون لەسەر کاردا. بـەڵام یابـان توانـی پێـش ئـەمریکا و ئـەورووپاش بکـەوێت، ئـەویش بەزیادکردنی گیانی بەکۆمەڵ و تیمخوازی و پابەندی بەکەلەپوورو بیروباوەڕی ئایینی خۆیانەوە.

پێویستی کاری ئیسلامی وەك تیمێکی تۆپی پێ سەیر بکرێت، کە ئەگەر باشترین یاریزانی جیهانی کۆبکەینـەوە بـەڵام بـەبێ بوونی گیانی دەستەکاری لەنێوانیاندا لەبەرانبەر لاوازترین تیمدا دەبەزن ئەگەر ئەوان بەگیانی تیم و دەستەکاری یاری بکەن.

### ج ـ ئافرەتان ومناڵان

شکستێکی تەواو دیارە لەبواری کاری ئافرەتان و قۆناغی مناڵیدا. لـەکاتێکدا کـە لەگـەڵ پیـاواندا هـەندێك پێشـکەوتنمان بەدەست هێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوانی تردا سەرکەوتوو نەبووین، لـەتواناشماندا نـەبوو بزوتنەوەیـەکی چـالاکی ژنـان پێـك بێنـین، بۆیـە ئافرەتانی موسڵمان هەر بەوجۆرە مانەوە ـ جگە لەچەند حاڵەتێك ـ وەنەیان توانی خۆیان ڕێك بخەن یان کـار لـەئافرەتانی تـر بکـەن، هەروەك زۆربەیان ناتوانن پەیوەندی بەکەسانی ترەوە بکەن یـان وتووێـژو ڕاگۆڕینـەوە ئـەنجام بـدەن لەسـەر دۆزە بنەڕەتییـەکانی نێـو کۆمەڵگا. لەکاتێکدا کەحیزبە چـەپ و ناسیۆنالیسـتەکان تـا ئەوپـەڕی توانایـان ئافرەتیـان بـەکاردەهێنا بـۆ ئـەنجامدانی مەرامـە سیاسییەکانیان، ئێمە لەتوانامانـدا نەبوو کەسوود لەو هەموو وزەو توانایـەی خوشـکانی موسـڵمان وەرگریـن. بـەم شـێوەیە ـ چـەند حاڵەتێکی دیاریکراو نەبێت ـ ئافرەتانمان بەسستیو بێچـالاکی مانـەوەو توانـای بەشـدارییان لەچالاکییـەکانی بزووتنـەوەدا نـەبوو.

لەکاتێکدا باس لەوە دەکەین و ئاواتی ئەوە دەخوازین کەئافرەتانمان سەرکردەو پیاوانی هەلکەوتووی ئوممەت بەرهەم بێنن هیچ هەولێکمان نەداوە لەپێناو بەشداربوونیان لەچالاکیو ئامادەسازییان و پشتگیرییان. ئەمەش بۆتە هۆی ناسازیو ناجۆرییەك لەناوخۆی بزووتنەوەدا، ناشتوانین لەو جەنگەدا سەرکەوتوو بین لەکاتێکدا زیاتر لە ٥٠٪ ی وزەو تواناکانمان دوورو دابڕاوە لە مەیدانی ڕاستەقینەی کارکردنەوە.

بەهەمان لۆژیك، کارێکی زۆر کەممان کردووە لەبواری گەشەو پێگەیاندنی منالاندا. بۆنموونە ڕێژەی ئاراستەکراو بۆمنداڵان لەئادابی ئیسلامی لە ٥٪ تێپەڕ ناکات، لەکاتێکدا وایان لێ چاوەڕێ دەکەین کەکتێبی تایبەت بەقۆناغە پێگەیشتووەکان بخوێننەوەو تێی بگەن. بێگومان فێرکردنی منالی تازەپێگەیشتوو لەوبوارە پەروەردەییانەیە کەپێویستیان بەئەدەبیاتی تایبەت و جیاکارەوە هەیە، تائێستاش بزووتنەوە لەم لایەنەوە زیانی زۆری کردووە بەهۆی پشتگوێخستنی ئەم بوارە لەکارکردندا.

**د- نمونەی سەرکردە ((شێخ))**

لە هەندێك کاتدا بزووتنەوە هەستاوە بەگرتنەبەری نمونەی سەرکردە (شێخ) ئەو پالەوانە ئەفسانەییە فریشتە سروشتەی کە خاوەنی توانایەکی بەدەر لەئاساییە، کە هەموو شت دەزانێت و توانای هەیە هەموو کارێك بکات، هەر ئەویشە سەرکردایەتی ڕێکخستن دەکات بەدرێژایی تەمەن، بزووتنەوەش بەو سەرکردە تەمەن درێژەی کەبەهیچ شێوەیەك ناکرێت لەسەر کورسی لا ببرێت پەیوەستە بەشێوەیەکی چارەنوس ساز لە هەموو کاروکردەوەکانی‌دا هەرچییەك بن. لەکاتی دوریشی لە وولات، هەر بەردەوام دەبێت لەچاودێریکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنیدا بەشێوەی ((سەرپەرشتی دوور بەدوور)). لە کۆبونەوەکانیشدا، نمونەی ئەم سەرکردە (شێخە) زالە بەسەر بەرنامەڕێژیداو، هەرکاتێك ویستی قسەدەکات و هەرچی بیەوێت دەیلێت و بۆ ئەو ماوەیەش کەخۆی دەیەوێت و هەر بابەتێك خۆی هەلی دەبژێرێت، ئەو لەپێشەوە خۆی بۆ ئامادە ناکات، هەروەها تێبینیو بیروڕاکانیشی خۆی تۆمارو گەلالە ناکات. مافی ئەوەی هەیە کە بەشێوەیەکی سەرپێیی قسە بکات و لەسەر هەموانیش پێویستە ڕێزی لێبگرن و لەهەموو شتێکدا پێش بخرێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە پلەوپایەکەی چی پێویستە لە تواناو پسپۆڕێتیو بڕوانامەو هتد.

بەم جۆرە کێشەی سەرەکیش کە بەرەو رووی ڕیزی دووەمی سەرکردایەتی دەبێتەوە ئەوەیە کێ دەتوانێت جێگای ئەم سەرکردەیە بگرێتەوە؟ هەرئەندامێك وا تێگەیەنراوە کە ئەو هیچ نییە لەبەردەم (شێخ)دا، وەئەم ساکاری یان ملکەچییە مەرجێکە لەمەرجەکانی پێکهاتەی بزاوتە ئیسلامییەکەی. زۆربەی زۆریان ڕانەهاتوون یان مەشق دانەدراون لەسەر سەربەستی بیروڕا و سەرکردایەتی کردن لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕاوێژی بەکۆمەلەوە، وەڕێزی بێ پایانی شێخ ڕێگای ئەوەی لێدەگرێت مافی ڕووبەڕووبونەوە لەگەلیدا یاخود دەربڕینی ڕای جیاواز لەو یان تەنانەت پرسیار لێکردنیشی هەبێت، سەرەڕای بوونی تێڕوانینی جیاوازیش لەگەل شێخەکەیدا. ئەم پەیوەندییەش هەندێك جار وەك دروشمی سۆفیەکان خۆی دەنوێنێت کە دەلێن ((مورید لەبەردەم شێخەکەیدا وەك مردوو وایە لەبەردەستی مردوو شۆردا)). بەم شێوەیە بڕیاری پێویست لە شێخەوە لەهەندێك باردا دەگۆڕێت تەنها بۆ دوعاکردن و پاڕانەوە. وە هەندێك جار بەداخەوە دەبینین کە بارودۆخەکە ئەگاتە ڕادەی ئەوەی کە هەندێکیان سەرکردەکانیان تاوانبار دەکەن بەووتەی ((وافق یان نافق یان فارق)). ئێمەش-خوانەخواستە- هەموو سەرکردەکان بەوە تاوانبار ناکەین کەگوایا هەمان شێوازیان گرتۆتەبەر، بەلام هەندێك لەو سیمایانە دەبینین لەزۆربەی سەرکردەکان و بەرپرسەکاندا.

ئەمڕۆ لەسەرمانە کە زۆر بەجددی و بابەتیانە لێکۆلینەوە بکەین لەسەر جێبەجێ کردن و تاقیکردنەوە جیهانییە نوێیەکان لەسەر ماوەی میسالی بۆ جلەوگرتنەدەستی سەرکردایەتی، کەئەویش لەنێوان چوار تا شەش سالدا دەبێت کە دەکرێت نوێ بکرێتەوە تەنها بۆیەك جار، ئەوەش ڕێگا دەدات بە سەرۆك بۆماوەیەك کە زۆرترین مەودای دوانزە سال بێت. وە پاش تەواوبوونی ماوەی سەرکردایەتی کردن لەتوانایدایە کە هاوکاری باش و کاریگەر بکات لەڕێگەی لیژنە تایبەتەکانەوە یان وەك ڕاوێژکارێك بۆ سەرکردایەتی نوێ وەك ڕێزلێنانێك بۆ پلەوپایەو توانا و کارامەیی و شارەزایی چەند سالەی.

### هـ- نەبوونی دەزگاکان

بزووتنەوە لە چالاکی‌یەکانی‌دا پشت دەبەستێت بـە تاکەکـەس و کاریـان پـێ دەسـپێرێت، ئەمـەش وای کـردووە کەفـەرمان و کاروبارەکان پشت بەکەسەکان ببەستێ، کەدەبێتە هۆی نائارامی کـارو گۆڕانکـاری زۆر لـەکاروبارو کـەم بوونێکـی دیـارو بـەرچاو لـە ڕاپەڕاندنی ڕۆڵەکاندا. کاری دامەزراوەیی - ئەگەر هەشبێت - زۆر دەگمـەن دەبێـت و چـەند دامـەزراوە هەیـە بـەڵام بـێ نەخشـەیە و بەگیانی تیم کارناکەن و ڕێکخستنێکی دروستی نی‌یە. بەمەش بزووتنەوە نەیتوانیوە بـە تـەواوەتی ڕۆڵ بگـێرێت بـەپێی ئامانجـەکانی خۆی و لەڕێگای ئەو دامـەزراوانەوە. بەڵکو هەندێکیشی بۆتە بارگرانی بەسەریەوە، لەجیاتی ئـەوەی ببێتـە یـاریدەدەرێك بـۆی. ئەمـە سەرەڕای سەرکەوتنی تاکەکەس لە زۆربەی پرۆژەکانی‌دا، بەڵام لەکاری بەکۆمەڵدا شکستیان هێناوە، هەروەها بزووتنـەوە تـاکو ئێسـتا نەیتوانیوە ڕادەی پێویست بوونی بە (فقه المؤسسات) بەزمان و تیۆرانینێکی هاوچەرخانە کـە خـەڵك تـێی بگـات بەرجەسـتە بکـات. وەکاری بانگەشەش تەنها لەسەر قسەکردن دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی لە وولاتەکـەماندا دامەزراوگـەلی ئیسـلامی گشـتی سـەرکەوتوو دەردەکەوێت، بەشێوەیەك کەتێکڕای دامەزراوە گەورەکان لە(دە) دامەزراوە کەمتر نەبێت لەهەر وولاتێکـدا، پێـش ئـەوەی کـە مـافی ئەوەمان هەبێت پروپاگەندەی دەست پێ‌کردن بکەین بۆ بنیاتنانی دەزگاکان بەسەرکەوتوویی.

### و- ڕەوتی ناوچەگەری و ڕەوتی نەتەوەیی

بزوتنەوە-وەك تیۆر- بڕوای هەیە بە یەکپارچەیی نەتەوەو جیهانگەرایی بانگـەواز، بـەڵام بـەکردەوە خەریکـە ڕەنگدانەوەیـەکی تەواو بۆ ئەم مانایە نابینینەوە، لە هەڵسوکەوتماندا خوو ڕەوشت و ئاراستەی تایەفەگەری و ناوچەگەری روونـەو ڕەنـگ دەداتـەوە. ئـەم بۆچوونە بەڕوونی لە چاوپێکەوتنەکانماندا دەردەکەوێت کە هەریەکێك لە ئێمە هۆگـرە بـە هاوڕێکانی‌یـەوە کـە لەپشـتی خۆیـەتی یـان ناوچەی خۆیەتی‌و، زۆر کەم وەك کۆمـەڵایەتی تێکەڵاو دەبین بەو کەسانەی کە لە دەرەوەی بازنـە ناوخۆییەکەمانـە. بـەڵام لەسەرئاسـتی سەرکردایەتی‌یەکان بۆ هەندێکیان چاوپێکەوتنی ناوبەناوی جیهانی ڕەخساوە لەگەڵ سەرکردەکانی تـردا، هەرچـەندە زۆر کـات تووشـی وەستان بووە چونکە مەبەستی بزووتنەوەکە لەچوارچێوەو ڕێگرە ناوچەیی‌و نەتەوەییەکەیدا خۆی بینیوەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کەئەو جۆرە چاوپێکەوتنانە بە کارێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ئـاڵوگۆڕکردنی زانیـاری و تاقیکردنـەوەو دانـانی ستراتیژیەت و پەیوەندی کردن لە نێوانیاندا. لەگەڵ دان نان بەوەی کە دوژمنانمان بەپێی نەخشەیەکی یـەکگرتوو دژمـان کاردەکـەن،و ئێمە ناتوانین سەرکەوین لە ڕووبەڕووبوونـەوەیاندا بـەپێی نەخشـیەکی یـەکگرتووی هاوچەشـنەوە. ئێمـە هەڵخەڵـەتاوین بـەو پـەندەی کەدەڵێت ((اهل مكة ادرى بشعابها)) و ئەوەمان لەبیرچووە کە ئەمڕۆ بێگانەی پسپۆڕ هەن لەخۆمان چاکتر بـە وولاتەکـەمان ئاشـنان، هەروەها لەتوانای هەندێك شارەزادا هەیە کەهەستن بەپێشکەش کردنی بڕێکی زۆر ڕێنمـایی و شـارەزایی بـەبراکانیان لـە وولاتـەکانیتر تاڵەکارکردنی ناوخۆیی‌یان سوودی لێ وەربگرن.

هۆکارەکانی پەیوەندی کردن بوەتە هۆی ئەوەی جیهان ڕۆژ بەڕۆژ بچوکتر و نزیکتر بێت وەچەمکی بەگوند کردنـی جیـهان زیـاتر خۆی دەچەسپێنێت. ئەوەش ئەو چەمکە جیهانی‌یەیە کەئیسلام بانگەوازی بۆکردووە هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی‌یـەوە، بـەڵام بزوتنـەوە تاکو ئێستاش بەشێوەیەکی ناوخۆیانە دەڕوانێتە کاروبارەکانی و وادادەنێت کە هەر ناوچەیەك دابڕاو بێت لە ناوچەکانی‌تر.

### ز- نەبوونی پلان دانان

بزووتنەوە تەنها مشوری ڕۆژانەی خۆی دەخوات لەپێناو مانەوەی‌دا، زۆر بەکەمی بواری بۆ ڕەخساوە کـە نەخشـە بـۆ داهـاتوو دابنێت چ ساڵانە بێت یان پێنج ساڵ یان بۆ دە ساڵ. کارەکـانی بـەڕێوە دەبـات لـەڕێگای بەرەنگاربوونـەوەی قەیرانەکانـەوە، زۆرکـات کارە ڕۆتینی‌یەکان دەگۆڕدرێن بۆ باری کتوپڕ. نەبوونی نەخشەی پێش وەخت بۆتەهۆی ناڕۆشنی لـە ئامـانج و خراپـی دابەشـکردن لـە داهاتەکان و تێکەڵاوکردن لە دیاری کردنی یەکەمینەکان و نەبوونی ئاراستەیەکی ڕوون، وامان لێهاتووە کە نـەتوانین شـوێن پێکانمـان

دیاری بکەین و بزانین چەند لە ئامانجەکانمان نزیك کەوتوینەتەوە یاخود پشت ببەستین بەشێوازێکی بەرنامەیی بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانمان. لەبەرئەوە ئێمە بێئاگا هەنگاو دەنێین بێئەوەی بەئاکامی کارەکانمان بزانین یا چاودێرییان بکەین و نەخشەی ڕاست و دروستیان بۆ بکێشین یان بایەخ بەگرنگی قۆناغ گۆرکێ بدەین لە قۆناغی (کار بەپێی توانا) بۆ قۆناغی (کار بەپێی پێویست).

## ح- ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامی

بزوتنەوە هەتا پەنجاکان سەرقاڵ بوو بەسەلماندنی شیاویەتی ئیسلام، پاشان ڕووی کردە ئەوەی دووپاتی سەرکەوتنی خۆی بکات بەسەر ئایدۆلۆژیەکانی تردا، بەڵام جموجوڵەکانی هەر لەناو ئەو شتە گشتییانەدا (العموميات) مایەوە، و کارەکانی لەدەرەوەی ئەو بازنەیە پێ نەگەیشت، بۆنمونە نەمانتوانی، ئەلتەرناتیڤێ بخەینە بەردەست لەبواری کتێبەکانی زانکۆدا لە دیدی ئیسلامییەوە کە ئەمەش پێویستمان پێی دەبێت لە هەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا.

ئەم ئەڵتەرناتیڤە کارێکی خۆبەخشانە نییە بۆماوەیەك و کەسێکی خوێن گەرمی دڵسۆز بەتەنها پێی هەڵبستێت، بەڵکو ئەرکێکە لەئەرکە گرنگەکانی سەرشانی زانا پسپۆڕەکان، تا بەتایبەتی خۆیانی بۆ یەکلا بکەنەوە، وەلەسەر بزوتنەوە پێویستە کە هەستێت بە بەرپاکردنی چەندین دامەزراوی ئەکادیمی پێشکەوتوو بۆ جێبەجێ کردنی کۆششەکانی ئەو بوارانە. هەروەها ناتوانرێت بەتەنها ئەو ئەرکە بدرێتە تاکەکان لەزانا ((بەتواناکان)) بەڵکو دەبێت هەوڵێکی بەکۆمەڵ بێت. ئەوە کارێکی پسپۆڕانەیە تێچوونی زۆری دەوێ و قورسیشە، کارێکی بەردەوامەو لەڕوی قۆناغییەوە ئەوەندە بەس نییە پشت بەلایەنگرو هاوسۆزەکانی ببەستێت. بەڵکو مەرجێکی پێویستە بۆ دەستپێکی ڕابوونێکی ژیاری بەرفراوانی ئەم ئوممەتە، باڵا دەستی سیستمی ئیسلامیش بەبێ ئەمە تەنها قەناعەتێکی سۆزیارانە دەبێت. پێویستیەکی زۆر بەنمونەیەکی ئیسلامییانەی زیندوو هەیە کە خۆرئاواو خۆرهەڵات بەرەو شارستانیەتی خۆی ڕاکێشێت ئەمەش ڕافەی ئەو بە پێرەوە هاتنەی ئەندازیاران و پزیشکان و زانایانی سروشت بەرەو ئەم بزوتنەوەیە دەکات بەئەندازەیەکی پتر لەزانایانی بواری کۆمەڵناسی، چونکە ئەوان تەنها گشتایەتیو عەقلانیەت و ئەخلاقییات بە هەند دەزانن، بەڵام زانایانی کۆمەڵناسی پێویستیان بەوردەکاری و قوڵبونەوەیە. کەئەمەش کارێکی گران و سەختە.

## ط- مەبەستەکان و هۆکارەکان

کێشەی هەندێ لە ئەندامان بریتییە لە مقۆمقۆ و تێکەڵاوکردنی ئامانج و هۆکارەکان بەسەر یەکدا. زۆرجار دەبینین کە بەرژەوەندی کۆمەڵە بۆتە پێوەرێك بۆ کارکردن و سەرکەوتن هەرچەندە کۆمەڵە لەڕاستیدا هۆکارێکە بۆ خزمەتکردنی ئامانجی چاکسازی کۆمەڵ. ئەم تێکەڵاوییە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵە سەرقاڵ بێت بەخۆیەوە زیاتر لەوەی سەرقاڵی کۆمەڵگا بێت کە ئەم لەپێناوی چاکسازی و خزمەتکردنیدا دروست بووە. وەشیکارێکی ئاماریی نزیکەیی (تقريبي) بۆ تەرخان کردنی کاتی ئەندامان و سامانەکانیان و هەوڵەکانیان دەری دەخات نزیکەی لە ٧٠٪ خەرج دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کاروباری ناوخۆیی بزووتنەوە، لەهەمان کاتدا تەنها ٣٠٪ بۆ بەرژەوەندی دەرەوەی کۆمەڵە خەرج دەکرێت، لەکاتێکدا پێویستە ئەم دوو ڕێژەیە بەتەواوەتی بە پێچەوانەوەی ئەمەوە بێت.

کۆمەڵە بۆتە حیزبێکی پیرۆز بۆخۆی، وەك ئەوەی حیزب بەتەنها لە پێناوی خۆیدا دروست بوبێت، ئەمەش وای لێکردووە لە بنەڕەتدا جیاوازی لەگەڵ یانەیەکی وەرزشی و کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیدا نەبێت کەبەتەنها خزمەتگوزاریەکانیان ئەندامەکانی خۆیان دەگرێتەوە.حیزب بریتیە لەکۆمەڵێك کەس کۆبونەتەوەو گرنگی تەنها بەبەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن بێ ئەوەی ڕۆڵێکی ڕاستەقینە بگێڕن لەناو کۆمەڵگەدا بەگشتی. لەبەر ئەو هۆکارەش جەماوەرو خەڵك هیچ گرنگییەك یان سۆزێك نیشان نادەن بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرو چەوسانەوەیەی دژی کۆمەڵ ئەنجام دەدرێ. هاوکات لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا دیاردەیەکی تر هەیە ئەویش لەدەستدانی ئەو جێگاو پایانەیە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە بۆ عەلمانیەکان لەئەنجامی کزی هاوکاری کردن لەنێوان بزوتنەوەکان و کۆمەڵە ئیسلامییە جۆراو

جۆرەکاندا. پەیکەری ڕێکخراوەیی بزوتنەوەکەیش هەندێك جار دەبێتە بەربەست لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجە جەوهەریەکاندا. دەبێت بێ پەروا سوربین لەسەر پێویستی ئەوەی کە بزوتنەوە ئەرکی چارەسەری کێشەکانی نەتەوە بەگشتی بگرێتە ئەستۆی خۆیو چارەی بۆ بدۆزێتەوە، وەك بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ کەبزوتنەوە ڕوبەڕووی دەبێتەوە. هەروەها پێویستە لەسەر بزوتنەوە زۆربەی هەوڵەکانی ئاراستە بکات بۆچارەی ئەو کێشانەی کەنەتەوە دڵنیا دەکات لەوەی کەبزوتنەوە پارێزەری شوێن متمانەیەتی و دەکرێت پشتی پێ ببەستێت لەچاودێریکردنی کێشەکانیدا بەشێوەیەکی تەواو.

## ی- قەیرانی فکر

خەلکە دانا پسپۆڕەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی زۆر پتەوە لە نێوان جۆری بیرکردنەوە و شێوازی مامەڵەکردن و چارەسەری کێشەکان، و بیرکردنەوەی دروست شتێکی سەرەکییە لەهەر پێشکەوتنێکی شارستانی‌دا، ئەمەش لە ئەلف و بێ سەرەکییەکانە کەپێویستە بزووتنەوە تێیدا بژی. وە بە تێڕامانێك لە واقعی هاوچەرخماندا دەبینین کە بزووتنەوە سەرکەوتوو نەبووە- بەشێوەیەکی گشتی- لە بەدیهێنانی پێکەوە ڕۆیشتنی یەکێتی بیروڕا لە نێوان ئەندامەکانی‌دا. لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بزووتنەوە دەستی گرتووە بەشتە گشتی‌یەکانەوە، ئەوا زۆر جیاوازی ناوخۆیی دەرکەوتووە دەربارەی کاروباری ناوخۆیی وردەکاریەکان. هەروەها زۆربەی تواناکانی بزووتنەوە تەرخان کراوە بۆ کارکردن و چالاکی زیاتر لەوەی کەگرنگی بدات بە بیرو ڕۆشنبیری. لەگەڵ نەبوونی هەندێك هەڵوێستی ڕەسمی ڕاگەیەندراوی کۆمەڵە بەرامبەر کێشە سەرەکی‌یە گشتی‌یەکان، لای ئەندامانی بزووتنەوە ڕاوبۆچوونی جیاجیا دروست بووە کە ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی جیاوازی فیکری. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەڵوێست و ڕاوبۆچونی هەندێك حیزب و کۆمەڵەی عیلمانی و ئایدۆلۆژیا دژەکان دزەی کردۆتە ناو ئەندامان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی‌یە فیکریە.

ئێمە بڕوامان وایە کە قەیرانی فیکر لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتی دابەزاندنی قورئان و فەرموودە بۆ ناو واقیع، ئەمەش لە ڕێگای لێکۆڵینەوەو ئیجتیهادی ڕەسەندا لە بوارەکانی زانستی کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی‌یە جۆراوجۆرەکاندا.

## ك- نەبوونی دایەلۆگ ( پەیڤین )

بۆ توێژەران وادەردەکەوێت کە بزووتنەوە لەسەر (٣) ئاست دایەلۆگی فیکری ئەنجام دەدات: لەناوخۆدا لەنێوان ئەندامەکاندا، هەروەها لەگەڵ گروپە ئیسلامی‌یەکانی‌تر، و لەگەڵ کۆڕە غەیرە ئیسلامییەکان جا چ ئایینیی یاخود عیلمانییەکانیان. ئاکامی ئەمەش چەمکی میسالی و نێرگزی لە نێوان ئەندامەکاندا دەرکەوت، بەم پێیەش ئەم بیرۆکە تیۆریانەیش دوورمانەوە لە بوارەکانی تاقی‌کردنەوەی واقیعی زانستی. وەبە هۆی نەبوونی دایەلۆکەوە فیکرو بیر کەڵەکەبوو، لەجێی خۆی وەستاو نەتوانرا بەپێی پێویست دەوڵەمەند بکرێت بۆ پێگەیشتنی بزووتنەوە، سەرەڕای خراپ تێگەیشتن لەنێوان کۆمەڵە جۆراوجۆرەکاندا. کەئەمەیش بویە هۆی نەمانی متمانەو سەرهەڵدانی دژایەتی لەنێوان گروپە جۆربەجۆرەکانی نێو یەك کۆمەلگە.

## ل- پشت گوێ خستنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن

تارادەیکی زۆر بزووتنەوە بواری پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەوروبەری‌دا پشت گوێ خستووە. ئەندامەکانی ئاراستە نەکردووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هەر لەسەرەتاوە، ئەمەش وایکردووە کەکاریگەرێتی بزووتنەوە لە کۆمەڵدا کەمتر بێت لەوەی کەپێویستە، ئەمەش بۆتە هۆی بالکێشانی نەیارەکانی بەسەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا و دروستکردنی وێنەیەکی ئەماویش بۆ بزووتنەوە بەبێ ئەوەی بواری گونجاوی پێ بدرێت بۆ داکۆکی‌کردن لەخۆی بەشێوەیەکی کاریگەر. بزووتنەوە پێویستی هەیە بە پێگەیاندنی ژمارەیەکی باش لە ئەندامەکانی بۆ شارەزابوون لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا. دەبوایە ئێمە پێش هەموو دەوڵەتانی تر هەستمان بە پێشبڕکێی هەڵبژاردن بکردایە، بەڵام بزووتنەوە جموجوڵە سیاسیەکانی لەسەر ئاستی پێویست نەبووە. هەروەها چاپکراوە ئیسلامی‌یەکانیش زۆر کات سەرنج ڕاکێش نەبوون، و هەندێك جار بێزارکەریش بوون کەکەم کەس ئارەزووی هەبێت بۆ خوێندنەوەیان تەنها ئەندامە دڵ

گەرمەکانی خۆیان نەبێت. بەڵام خوێنەرانی نا ئەندام خۆیان لائەدەن لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی بزووتنـــەوە، وە سـنورداریتی پەخشـی بلاوکراوەکانیان ئاماژەیەکی ڕاستەقینەن بۆ ئەمە. هەروەها بزووتنەوە بەهەمان شێوە ناراستەکردنی ئەندامەکانی پشت گوێ خستووە لەدەرچوانی خوێندنگا ئامادەیی‌یەکان بۆ ڕووکردنە پسپۆڕیتی لەو بوارانەدا کە زۆر پێویستە، وەك زانستی کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن و پەیوەندی‌یەکان و پەروەردە و خزمەتگوزاری مەدەنی و پۆلیس و یاسا، لەبەر نەبوونی ئەم جۆرە نەخشەو پلانە کۆمەڵە تووشی ئاکامی زۆر خراپ هاتووە، و باجێکی گرانبەهاشی داوە لە بەرامبەردا.

## م- لێپێچینەوە لە نێوان سەرکردایەتی و ئەندامانی خوارەوەدا

جاران و ئێستاش پێوەری باو لە بزووتنەوەدا بەو شێوەیە بوو کەئەو ئەندامانەی لێپێچینەوەیان لە بەرامبەردا دەکرا لەبـەردەم سەرکردایەتی‌دا لەسەریان بوو کە ملکەچ بن بەشێوەیەکی ڕەها لە چاك و خراپدا. بەڵام پێویستی لێپێچینەوەی سەرکردەکان مەحاڵ و کارێکی دوور بووە لە گفتوگۆو باسکردن و لێکۆڵینەوە هەروەها لەبواری ڕێکخستن و مومارەسەکردنیشدا، سەرەڕای گرنگی ئەم دۆزە. لە کاتێکدا بەرپرسێك ڕاپۆرتێـك پیشـانی ئەندامـەکان دەدات زۆربـەی کـات لـە شـێوەی گشتایەتی‌دا دەبێـت وەك ئـەوەی دەڵێـن (هەمووشتێك بەباشی دەڕوات) و (بانگەواز لە پێشکەوتندایە) و (ئایندەی ئیسلام ڕوونە) و (سەرکەوتن نزیکـە) و (خـەڵك بـەدووری دەزانێت بەڵام ئێمە بەنزیك) و (پێویستە لەسەرت کەبڕوات پتەوتر بکەیت) و (پێویستە قوربانی زیاتر بدەیت) و ((پێویستە لەسەرتان ئارامتان هەبێت))... چەندین ڕاو بۆچوونی بەو شێوەیە.

ئەوەی جێی داخە نەبوونی بنەما زانستی‌یەکانە کە دەتوانرێـت پشتی پـێ ببەسـترێت بـۆ لێپێچینـەوەی ئەندامـەکان. هیـچ شوێنەوارێك نی‌یە بۆ ئامار یان ڕاستی‌یەکان یان ژمارەکان، وە هیـچ بوونێکـی شـیکاری بابەتیانـە نی‌یـە-جـا چەندایـەتی بـێ یـان چۆنایەتی- کە تایبەت بێت بە مەرجی ئەندامێتی یان چاپکراوەکان یان کاروباری دارایی یاخود ڕاپۆرتی ڕاپرسـی ڕای گشـتی یـاخود هەڵسەنگاندنی بە کۆمەڵ یان ڕێکخستنی دروست بۆ بە جێگەیاندن.

زۆرجار هەندێك سەرکردە وەڵامی پرسیارێك ناداتەوە بە پاساوی نهێنێتی کارەکـە، لـەکاتێکدا کـە بزووتنـەوە نـاتوانێت لـە بارێکی دروستدا بێت ئەگەر بێتو سەرکردایەتی‌یەکانیان نەخرێنە ژێر لێپێچینەوەی بابەتیانە بەشێوەیەکی خـولی. وە دەشـبێت بـەرەو ڕووی ئەو کەسە ببینەوە کە بەرەنگاری سەرکردەکان دەبێتەوە بەشێوەیەکی دروست و داوایان لێبکرێت کـە ئاستی تواناکانیـان بـەرز بکەنەوە. هەروەها پرس و ڕا دەربارەی کاروباری دارایی ڕەهەندەی ڕەوشتی هەیە لە نێو پۆلـدا و یاساییشـە لای دەوڵـەت وە لەسـەر بزووتنەوە پێویستە کە ڕاپۆرت و بلاوکراوەی تایبەت پێشکەش بکات دەربارەی دارایی بۆ پێداچوونـەوەو ووردبینـی لەسـەر بنـەمای ڕێکخراوو دروست.

## ن- ڕێکخستنی یەکەمینەکان

ئەگەر پرسیارمان لە خۆمان کرد: ئایا ئەرکەکانمان بە ڕێگایەکی باشتر جێبەجێبکەین؟ یـان ئەرکـەکان هـەڵبژێرین بـە پـێی گرنگی باشتر تا جێ بەجێی بکەین؟ باری یەکەم وەك لێهاتوویی یان کارامەیی لە کارکردندا دەردەکەوێت، بەڵام دووەمیـان بریتی‌یـە لە هەڵبژاردنی یەکەمینەکان بەشێوەیەکی ڕاست هەر لەسەرەتاوە، برێکی جیاوازی گەورە لە نێـوان هـەردووکارەدا دەردەکەوێـت، وە هەردوکیشیان پێویستن. کەسێك کارەکەی زۆرباش ڕادەپەڕێنێت بەڵام کارێکی لاوەکییە. بۆیـە ڕێکخسـتن بـە پـێی لەیەکەمینـەکان کارێکی پێویستە لەبەرئەوەی ئەرکەکان زۆر زیاترن لەو کەرەستانەی ئەرکەکانی پێ جی‌بەجێ دەکرێت. لەبەرئەوە، دیاری کردنی شـتە یەکەمینەکان دەبێتە کارێکی پێویست ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەرەستە بەکەڵکە دیاریکراوەکـان - مرۆیـی و مـادی- ئاراسـتە بکرێت بۆ ئەو کێشەیەی کە لەگەڵیدا دەگونجێت. پێویستی دەستنیشانکردنی یەکەمینەکان زیاتر دەبێت و لەگـەڵ تێپـەڕینی کـات و ململانێی ڕۆژگار و گەیشتن بە ڕوداوەکان گرنگی زیاتری دەبێت. تەنها ئەوەندە بەس نی‌یە کە مرۆڤ هەستێ بەجێبەجێ کردنی کـارە گرنگەکان، بەڵکو لەسەریەتی کەئەرکە گرنگترەکان پێشتر ئەنجام بدات.

## س- دۆگمایی ڕێکخراوەیی

تێبینی کراوە کە تەنها بەدانانی پەیکەرێکی ڕێکخراوەیی بۆ بزووتنەوەکە لەو بارەدا دەمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، سەرەڕای گەشەکردنی بزووتنەوەکەو گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی کۆمەڵگەو دوبارە ڕێکخستنەوەی یەکەمینەکان. لەسەر هەر پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی پێویستە کە ڕەنگدانەوەی شێوازی ڕاستەقینەی بزووتنەوە بێت لە کارکردندا تا ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێت کە لە پێناویدا دروست بووە. هەروەها پێویستە بەپێی پێویستیش ڕاست بکرێتەوە تا بتوانێت پێشکەوتنەکان لەخۆبگرێت. پەیکەری کارگێڕی کە لە بنەڕەتدا هۆکارێکە بۆ خزمەتکردن بەئامانجەکە، هەڵەیە ئەگەر بەپیرۆز بگیرێت و هەوڵی ڕاست کردنەوەی نەدرێت. وەکو ڕێسایەکی گشتی، پێویستە هەموو پێنج ساڵ جارێك چاو بە پەیکەری بەڕێوەبردنی ڕێکخستندا بخشێنرێتەوە.

## ع- کاری نهێنی و ئاشکرا

کاتێکی دوورودرێژ بەگفتوگۆوە لە دەست دراوە: ئایا کاری بزووتنەوە دەبێت نهێنی بێت یان ئاشکرا؟ وای لێهاتووە کە هەڵوێستی مرۆڤ لەسەر ئەو کێشەیە خەریکە دەبێتە یەکێك لە بنەماکانی باوەڕ. ئەمەش کێشەیەکی ڕێکخراوەیی رووتە. هەر لایەنێك لە لایەنەکان دەڕۆن و دەگەڕێن بەشوێن ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) بۆ پشتیوانی کردن لەتێڕوانینەکەی و هەڵوێستەکەی. وە ئەمەش کێشەیەکی ڕێکخراوەیی رووتە، هەردوو شێوازەکەش بناغەو ڕەگیان هەیە لە ئیسلامدا، بەڵام دیاری کردنی بارودۆخ و کارە واقیعەکان ڕادەی گونجاوی یەکێك لەودوانە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەسەر بزووتنەوەکە دیاری دەکات، وەباری واهەیە کەهەڵبژاردنی تێدا نییە، باری دەوڵەت و دۆخەکەی شێوازی کارکردن پڕ دەکاتەوە هەر کاتێك بارودۆخەکەی دەورووبەری ڕێگەی پێدا، پێویستە لەسەر بزووتنەوەکە کراوە بێت لە بەردەم خەڵکیدا، وەکاری نهێنی نە باشترەو نەپیرۆزترە ئەگەر هاتوو بوار هەبوو بۆ کارکردن بەئاشکرا. وە ڕای دروستیش ئەوەیە کاری ئاشکرا بەڕێسای سەرەکی دابنێین. وەپەنا نابرێتە بەر کاری نهێنی تەنها لەحاڵەتێکی تایبەتدا نەبێت، لەو کاتەشدا ڕێسای (زەرورات بەپێی ئەندازەکەی ئەندازەگیری بۆ دەکرێت یان بۆ زەرورات کاری قەدەغەکراو ڕەوایەو ڕێی پێدەدرێت).

## ف- قورئان و سوڵتان

لە ئەنجامی داگیرکاری کۆلۆنیالیستی و ئاسەوارەکانی لەماوەی مێژووی سەدەی بیستەمدا بزووتنەوە لەبەردەم بەرەنگاربوونەوەیەکی بەردەوام لەگەڵ هەندێك سستمی حوکمڕاندا خۆی دەبینێتەوە. سەرەڕای بوونی دەرفەتێکی چاکسازی لە زۆربەی بارەکاندا، بەڵام پێویستە کە بەبارێکی سروشتی دانەنێین بەڵکو کاربکەین بۆ بەدیهێنانی دژەکەی.

پێویستە لەسەر بزووتنەوەکە بۆ گۆڕینی ئەم حاڵەتە و هێنانە کایەی واقعێکی نوێ کۆشش بکات، هەروەها پێویستە لەسەر سستمە دەسەڵاتدارەکە بڕوا بهێنێت کەبزووتنەوە خێرو خۆشی و چاکسازی بۆ وڵات وهەموو خەڵکی بەکاربەدەست و بەردەستەکانەوە هەڵگرتووە وەکویەك. نەتەوە زەرەرمەندی هەرەگەورەیە لەکەشێکدا متمانە لەنێوان دەسەڵاتدارو بەردەستەکەیدا نەمێنێت. بزووتنەوەکە لەپێناو بونیادنان و گەشەپێدان و پەروەردەو فێرکاری و خزمەت و چاکسازیو ڕێنومایی‌کردن بەرەو باشتر هاتۆتە مەیدان. لەبەرئەوە پێویستە وەك هێزێکی ڕکابەر لەسەر پلەوپایەو تینوو بۆ دەسەڵات سەیر نەکرێت کەبیەوێت دەسەڵاتدار لەناوبەرێت.

حوکمرانی ئامانجی بزوتنەوەکە نییە بەڵکو یەکێکە لەئامرازەکانی. ئەگەر بزوتنەوە ئامانجەکانی خۆی لەڕێگای دەسەڵاتێکی حوکمرانەوە بەئەنجام نەگەیانت ئەوا دەتوانێت بەلایەنی کەمەوە ئەگەر بەشێوەیەکی بەش بەشیش بێت لەڕێگەی بزوتنەوەی جەماوەرییەوە لەسەر شێوەی ئازادی دیموکراسی ئەنجامی بدات. پێویستە لەسەر بزوتنەوە هەوڵی گۆڕینی بەرەو ڕووبوونەوە بدات بۆ هاوکاری، چونکە ڕوبەڕووبوونەوە بەرهەمی نییە، بەڵکو مامەڵەی سادەو ساکارو لێبوردوانە و هێمنانە باشترن بۆ دەستکەوتی سوودو قازانج هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی فێرکردوین. جالەکاتێکدا هێزە دەرەکییەکان بارودۆخەکە ڕوەو دوژمنایەتی ئاراستە دەکەن لەنێوان جەماوەری موسڵمان و حوکمڕانەکانیاندا، پێویستە لەسەر ئیسلامییە هۆشیارەکان بەوردی لەنزیکەوە سەرنجی ئەم مەترسیە

بەدەن و هەوڵی -بۆ دورخستنەوە بدەن لێی ئەوەندەی لەتوانادایە. پێویستیشە کە بزوتنەوە ئەو وتەیە لەخۆیدا بەدیبهێنێت کەدەڵێت (مەچۆرە جەنگێکەوە کەتێیدا خۆت، بە دۆڕاو بزانیت) هەروەها پێویستە لەسەری دوریکەوێتەوە لەوەی پەلکێش بکرێتە ناو روبەڕوبونەوەیەك کەخۆی بۆ ئامادەو سازنەکردبێت.

## ص- نەبوونی پێداچوونەوەی کاریگەر

دام و دەزگاکانمان بە سستمێکی خولیی کراوەی ناجێگیر بەڕێوە دەچێت، بۆیە چاو پیاخشاندنەوە نییە بە ئەنجامی کاردا یان ڕاستکردنەوەی لە ڕێگای ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدایە. هەندێك لە کارمەندان هەوڵ دەدەن بۆ گەیاندنی پەیامەکە بەبێ چاودێریکردنی ئاسەوارە خواستراوەکانی. لای زۆربەی خەڵکی ئەم چەمکانە لەگەڵ چەمکی پاداشتی خوایی لە دوارۆژدا تێکەڵ بووە - ئەگەر لەژیانی دنیاییدا نەبێت- هەوڵەکانیان لە دەست داوە بەبێ بەدیهێنانی ئەنجام و سەرکەوتن لە جیهاندا. بەخراپ مامەڵەمان کردووە، لەگەڵ چەمکی: لەسەرمانە کاربکەین وە ئەنجامەکانیش بەدەستی خوای گەورەیە، ئەو کارە کەبۆتە هۆی هەڵەی جەخت نەکردن لەسەر بەجێهێنان و سەرکەوتن، و دروشمەکەشمان بۆتە: کارکردن بەبێ داواکردنی ئەنجام، وەك ئەو پەندەی کە دەڵێت: لەسەرمە تێبکۆشم بەڵام لەسەرم نییە سەرکەوتن بەدەست بهێنم!.

ئەم بارەش لەباری کەشتیوانێك دەچێت کەسەرنشینەکانی کەشتیەکەی بەمردوویی دەگەیەنێتە کەنارو هیچ کارلێکردنێك وپەیوەندییەك لە نێوان خۆی و سەرنشینەکاندا نامێنێت. کاتی ئەوە هاتووە کە بزووتنەوە هەستێت بەبەکارهێنانی باشترین کەسانی پسپۆڕ کەهەیەتی لە زانستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان و کاری جەماوەری و زانستی سیاسی و پەیوەندییە گشتییەکان، لەپێناوی پاڵفتەکردنی کارەکانیداو کارتێکردنی هەڵسوکەوتەکانی لەجەماوەرو چەندێتی بە دەنگەوەهاتنی ئەوانیش لەگەڵیدا. ئەم جۆرە پیاداچوونەوەیە پێویستە بەکاربهێنرێت بۆ ڕاستکردنەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تر.

کێشەیەکی تریش کەزۆر لەووتاربێژە دڵگەرمەکان تێی دەکەون بریتییە لەجیاوازی نێوان مەبەستی ئێمەو ئەندازەی تێگەیشتنی خەڵك لەوتەکانمان، لەسەرمانە کەوای دابنێین کە ڕێگای دەربڕینەکانمان هاوجووت نابێت لەگەڵ ئەوەی لای جەماوەر دروست دەبێت، و لێرەدا بۆشاییەك هەیە لەنێوان ئەوەی مەبەستمانەو ئەوەی خەڵك لەووتەکانمان تێی دەگات. ئەم بۆشاییە هاوتایە لەگەڵ بڕی هەڵە یان کەموکوڕیەك کە پێویستە بەپێی توانا کەمی بکەینەوە، وەچەندە بۆشاییەکە کەمتر بێتەوە ئەوەندە سەرکەوتنمان لە گەیاندنی پەیامەکەمان بۆ جەماوەر زیاترە، ئەوەش بەپێی ئەم هاوکێشەیە خوارەوە:

دەربڕینی ویستراو – سەرنجی بەدەست هاتوو = بڕی کەموکوڕی

یان

دەربڕینی ویستراو – بڕی کەموکوڕی = سەرنجی بەدەست هاتوو

## ق- دەمارگیری حیزبی

زۆرکات پێکهاتەی ئەندامانی بزووتنەوە لەسەر ئیعتیباراتی حیزبی دروست بووە زیاتر لەوەی لەسەر ناوەڕۆکی کێشەکان دروست بووبێت. بۆیە زۆرجار دەبینین ئەندامەکان زیاتر بەلای حیزبدا دایدەشکێنن وەك بەلای ڕاستیدا، زۆرجار بەشێوەیەکی عاتیفی ڕادەردەبڕدرێت، لەو بارەشدا حەق و ڕاستی بە پێی کەسەکە بڕیاری لەسەردەدرێت نەك بە پێچەوانەوە. ئەویش لەزۆربەی کاتەکاندا مەشقی نەکردووە لەسەر بیرکردنەوەی ئازاد، بەڵکو دیلی ڕاوبۆچوونی لایەنگیرانەیەو تێڕوانینی نابابەتیانە.

ئەم بارە وادەکات کە ئەندام زۆر بەگران مامەڵە لەگەڵ دەوروپشتی بکات، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی بزووتنەوەن، بەڕاستی و بە ڕوونی ئەوە زۆر بەلایەوە زەحمەتە کە گفتوگۆ بکات لەگەڵ ئەهلی زانست، لەبەرئەوە مەشق نەدراوە لەسەر تێڕوانینی بۆ کێشەکان بەشێوازێکی بابەتیانە. بەهەمان شێوە بەرەنگاری زەحمەتێکی زۆر دەبێتەوە کاتێك مامەڵە لەگەڵ ئەوکەسانەدا دەکات کە بیروڕایان ئیسلامی نییە، بزووتنەوە زۆر بەکەمی هانی ڕەخنە لەخۆگرتن دەدات، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەدەگمەن ڕاوبۆچوونی

ئەندامان و ڕەخنەکانیان دەگەیەنێتە سەرەوە. بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە ڕەخنەگرتن هیچ پێشوازییەکی لیٚ نـاکرێت، و هەرکەسێك خۆی لەقەرەی دەنگ بەرزکردنەوە بدات ئەوا تاوانبـار دەکرێـت بـەنیاز خـراپ و دواکـەوتنی شـتی ناپـەیوەندیدار، وەزۆربـەی کـات وەڵامدانەوەی ڕەخنەگرتن هێرش کردنە بۆ سەرکەسی ڕەخنەگر لەجیاتی گفتوگۆ کردن لەسـەر نـاوەڕۆکی کارەکـان. زۆر کـەم جـەخت لەسەر ئەو ووتەیە دەکرێ کە ووتراوە بەڵکو باس و خواس زیاتر لە بوێژ دەکرێت بەوەش چەمکی بابەتیانەی کێشەکە لـەبیر دەکرێت. بەڕاستی ئەم شێوازەش کاریگەرییەکی ناهەمواری هەیە لەسەر هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللایانـەی بـۆ چاکسـازی دەدرێـت و هـەموو لایەکمان بەئومێدەوە چاومان تیٚبڕیوە.

## ر- ئەدەبی ئیختیلاف - ئەدەبی جیاوازی

ئەوەی جێگای داخە ئێمە کاتێك جیاوازیمان دەبێت ملکەچی ڕێنماییەکانی پێغەمبەر(ﷺ) نابین لە ئـەدەبی ئیختیلافـدا. لـە جیاتی ئەوەی جیاوازی ببێتە خێر و دەوڵەمەندکردنی ڕاوبۆچوونەکان، لێك دابڕان و ئینکاری دروست دەبێت، جیاوازی بـیروڕا دەبێتـە جیاوازی لە دڵ و هەستدا، و خۆشەویستی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ڕق و کینە، کۆمەڵـە تونـدو تۆڵیەکـەی لەدەسـت دەدات و بـاری تێـك دەچێت، و دەبنە کۆمەڵێك لە تاکی دژ بەیەك. ئەم بارە هەرایەکی نویٚ بەرەو هەڕەشەی یەکێتی ڕیزەکان دەبات، و زەنگـی مەترسـی بەدەنگێکی بەرز بەخێرایی لێدەدات بۆ پارێزگاری کردن لە یەکێتی و سەلامەتی کۆمەڵ. ئەم جـۆرە بـارە نائارامـە پاسـاو دەداتـە سەرکردەکان بۆ تێکدانی پێوەرو خورەوشتی ئیسلامی و شوێنکەوتنی شێوازی نائیسلامییانەو، کەشی نێوانیان پڕ دەبێت لەغەیبـەت و قسەهێنان و قسە بردن و قاودانی یەکترو پڕوپاگەندە کردن بۆ یەکترو تۆمەتبارکردن و بەدرۆخستنەوەو تێکدانی ڕەوشتی کەسـەکان. هەندێك لەململانێکان لەنێوان موسوڵماناندا بۆتە هۆی خوێن ڕشتن وەك ئەوەی لە ئەفغانستان ڕووی داوە. ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی لـە هەڵسوکەوتدا ملکەچی ئاراستەکارییەکانی قورئان و پێغەمبەر (ﷺ) نەبووین و ڕەچاومـان نـەکردووە لـە کـاتی جیاوازییـەکاغاندا پابەندبوون بە ئاراستەکارییەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕێ ئاسانکەرە بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنمان و بردنەوە لەرکەبەرەکاغاندا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، بەپێی ئەم ئایەتە پیرۆزە:

﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ﴿٣٥﴾ (فصلت)

## ش- بەرنامەکاری دورو درێژ

جارجـارێك بزووتنـەوە سـەراپا دەکەوێتـە داوی نەیارانییـەوە، ئێمـە تـا ئێسـتا نـەمانتوانیوە هەسـتین بـە دیـاریکردنی داخوازییەکامان و ڕێکخستنی بە پیٚی لە پێشتریان و پلە بەپلە، وە تا ئێستا بەرنامەیەکی کاری تەواومان پێشـکەش نـەکردووە کـە هاوسەنگی بەدەست بهێنێت لە نێوان کەرستە مادی و مرۆییەکاندا و لەچوار چێـوەی خشـتەیەکی کـاتی دیـاریکراودا. هـەندێکیان پیٚیان وایە کە دەتوانرێت نمونەیەکی کامڵ بەدیبهێنرێت کە ملکەچ بێت بۆ ژیانی ئیسـلامی بـەخێرایی، ئەوانـە دەیانـەوێت هـەموو شتێك لەیەك ساتدا بێت ئەگەرنا بانەبێت. وەك ئەوەی پەیڕەوی کردن و جیٚبەجیٚ کردنی ئاینی ئیسلام بەهەمـوو لـق و پۆپەکانییـەوە لەناو کۆمەڵگادا بەوپەڕی خێرایی ئەنجام بدرێت وەك دروستکردنی قاوە ئاسان بێت، ئەوانە بڕواهێنانی عـەقڵی و بڕواهێنـانی زەینـی تێکەڵ دەکەن لەگەڵ سەراپای پەیامی ئیسلام و جیٚبەجیٚ کردنی پلە بەپلەی ڕیٚو شوێنەکان و واقعی ژیان. ئەوانە سەرکەوتوو نـەبوون لەنێوان ووتەی!((هەموو ئیسلام بەتەواوی وەربگرن یان وازی لیٚبهێنن)) (خذوا الأسلام جملـــة أو دعــوه) وە لـەنێوان ووتـەی پێغەمبەری مەزن کە دەڵێت: ئەم ئایینە پتەوە بەنەرم و نیانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

((إنّ هذا الدين متين فأوغِل فيه برِفق))[1]

(1) مەسنەدی احمد بن حنبل سونەنی ترمذی

جێبەجێ کردنی پلە بەپلەی لەسەرخۆ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا(د.خ) ڕێنماییمان دەکات. ئەو پەندەش کەپێویستە ڕەچاوی بکەین ئەوەیە کە خشتەی کارەکانمان کورت و پوخت بێت. هەر بە تەواوکردنی ئەو کارە خشتەی کارێکی تر دادەنرێت. بەم شێوەیە شیوعیەکان و نەتەوەیی‌یەکان سەرکەوتووبوون لەجێبەجێکردنی ئەو ڕێبازە بە شێوەیەکی کاریگەر لە وولاتانی ئیسلامی‌دا، و دروشمەکانیان سەرنج ڕاکێش و ساکاربوو، و جێگای جێبەجێ کردن بوو، بەهۆی ڕوونی‌و زۆر کورتی‌یەکەیەوە لەبیری جەماوەردا ڕەگی داکوتا لەنێوان ئەو دروشمانەدا:

- ((نانمان دەوێت))
- ((کرێ بەرز بکەنەوە))
- ((لەئەمڕۆوە بێکار نابێت هەبێت))
- ((داوای کەم کردنەوەی سەعاتی کاردەکەین))
- ((با خزمەتگوزاری‌یە تەندروستی‌یەکان بەخۆڕایی بن))
- ((داوای باشکردنی باری کارکردن دەکەین))
- ((نەداگیرکەر و نە وەبەرهێنان))...(لاإستعمار ولا إستثمار)

## سێیەم: ئاوڕدانەوەیەك بۆسەدەی چواردەهەم

سەرنج دانێك بە ویژدانەوە لەرەسیدی بزووتنەوەکە بێگومان ئەوە دەسەلمێنێت کەکۆششکی زۆری کردووە، بەلام زۆربەی کات دوژمنەکانی بەرهەمی ئەو ماندوبوونەیان خواردووە... ئەمەش لە ئەزمونی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جەزائیر و میسر و لیبیا و پاکستان و هتد دەردەکەوێت.

لەڕاستیدا کتێبخانەی ئیسلامی بەم بارودۆخەی ئێستای، موسڵمانی دانیشتو و وەستاوی دەرچواندون. کە لەحودی خۆیدا چاکە، بەلام زۆرجار حەرفیانە دەڕوانێتە ژیان. ئێمە شکستمان هێناوە لەپێکهێنانی بانگخوازی چاك و جولاّوو کاریگەر لەسەر دەوروبەری. پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوا لە خوا دەکات کە سەرکردەکانی قورەیش بهێنێتە سەر ڕێگای ئیسلام و دەڵێت :

((اللهُمَّ أَعِزَّ الإِسْلام بِأَحَبِّ هذَيْنِ الرَّجُلَيْنِ)) (١) کە مەبەستی عمرو کوڕی هشام یان عومەری کوڕی خەتابە.

پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژەکانی‌دا دەپاڕێتەوە بۆسەرکردەکانی قورەیش کە خوا بیانخاتە سەر ڕێی ئیسلام تاکوو ئیسلام بەهێز بێت و بانگەواز سەربکەوێت. بەلام ئەمڕۆ، بەپێچەوانەوە دەبینین، کە زۆر کات ئەندامە چالاك و وورباکان کۆمەلە کەجێ دەهێلین لەبەرئەوەی کۆمەلەکە نەیتوانیوە ئیستیعابیان بکات و مامەلەیان لەگەلدا بکات. ئەوانە وەك بەرهەمی گەییو وان کە لەدارەکەی دەکەوێتە خوارەوەو لەسەر زەوی دەمێنێتەوە چونکە داری دایك چی تر ناتوانێت هەلی بگرێت. هەروەها بزووتنەوە توانای لەبێژنگ دان و پۆلێن کردنی تواناکانی نییە، لە کاتێکیشدا ئەندامە دیارەکان دەتوانن پێ بگەن و بەرەو پێشەوە بڕۆن و شیاوی دەرچوون بن لەبزووتنەوەدا، لەهەمان کاتدا دەستەپاچەو کەم تواناکان هەتا ماون لە ڕیزەکانی‌دا دەمێننەوە، و دەبنە بارگرانی بۆسەر بزووتنەوەکە لەڕێکخستنێکی سەر قورس دا کەبەزوویی‌و کاریگەرانە نایەت بە دەنگ پێداویستی‌یە هەنوکەیی‌یەکانەوە. بزووتنەوەکە خۆی بەتەنها لەگۆڕەپانەکەدا نی‌یە، بەڵکو بەرەو ڕووی ململانێ‌و بەرەنگاری دەبێتەوە، وە لەسەری پێویستە کە دوو پەیڕەوی ستراتیژی بگرێتە بەر بۆ مامەلە کردن لەگەل ڕێکخراوە ئیسلامی و نائیسلامی‌یەکانی تردا. هەروەها پێوستە واز لە بیرۆکەی مەرکەزیەت بهێنێت و هەموو شت لەژێر یەك ناو و سەقف و مەلبەند و قەوارەدا بێت، وە لەسەری پێویستە هەوڵ بدات کاریگەر بێت و بەجوانی ئاراستەی خەلکی بکات، زیاتر لەهەولدان بۆ مولکداریێتی و دەسەلات. وە زۆر باشترە کە هەندێك کار بسپێردرێت بەکەسانی دەرەوەی خۆی ئەگەر ئەو کەسانە توانیان هەلی سوڕێنن. ئیسلام پاوانی هیچ کەسێك نی‌یە، بەڵکو دینی هەمووانە، وەبۆ هیچ کۆمەلەیەك نەهاتووە

کە پروپاگەندە بۆ خۆی بکات سەبارەت بە مافی پاوانکردنی. و ئامادەیی هەندێك لە کارمەندەکان و گەرم و گوڕییان بـۆ هـەوڵدان و بەخشین و خۆبەختکردن مافێکی کراوەیان پێ نابەخشێت بۆ باڵکێشان بەسەر کارەکانی بزووتنەوەدا سەرەڕای تواناو کاریگـەرێتی‌یان. وەئەگەر هاتوو ئاستی بەجێگەیاندنی ئەوانە باش بوو ئەوا بەشێوەیەکی سرووشـتی سـەرکردایەتی بزووتنـەوەیان دەدرێتـێ، ئەگـەرنا دەبێـت بیگۆڕین بەکەسانی باشتر.

...وَإِنْ تَتَوَلَّوا يَسْتَبْدِلْ قَوْماً غَيْرَكُمْ ثُمَّ لايَكُونُوا أَمْثَالَكُم ﴿٣٨﴾ (محمد)

لە کاتێکدا واپێویست دەکات کە بزوتنەوەکە ڕای گشتی بەدەست بـهێنێت، گرنگـە کەسـەرکردایەتی کردنـی نەداتـە دەسـت ئەوان، بەڵکو پێویستە نەخشەو ستراتیژیەتی خۆی هەبێت لە ڕێگایەوە بتوانێت ڕابەری ڕای گشتی بکات و ڕێکی بخـات و ئاراسـتەی بکات و کاریگەرێتی لەسەر دروست بکات. بەڵام بەمامەڵەش لەگەڵ ڕۆژئاوا، هـەندێك لەموفـەکیرەکان دوو وێنـەی دژبەیـەکیان بـۆ کێشاوە؛ ئەویش یان بەهەشتە یان دۆزەخ. لە ڕاستیشدا ڕۆژئاوا نەئەمیانەو نەئەویان،بەڵکو سیفاتی هـەموارو ناهەمواریشـی هەیـە، لەسەر ئێمەی موسوڵمانیشە ویژدان بەکاربێنین و خوای گەورەو میهرەبانیش فێرمان دەکات:

...فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلاتَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ... ﴿٨٥﴾ (الأعراف)

...وَلايَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاتَعْدِلُوا إِعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى... ﴿٨﴾ (المائدة)

بەرنامەی ژیانی ڕۆژئاوا سەرنج بۆ حەرام ڕادەکێشێ ئاسانکاری بۆدەکات، بەڵام ئێمەی موسـڵمان حـەڵاڵ بەشـتێکی گـران و سەخت دادەنێین و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین و لێی هەڵدێین. لێرەدا، لەسەر بزووتنەوەیە کەواز بـهێنێت لـە ڕاکـردن لەچارەسـەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، تەنها بەدەرکردنی فەتوایەك، بـەڵکو دەبێـت هەسـتێت بەگرتنەبـەری شـێوازی خسـتنە ڕووی ئەڵتـەرناتیف و چارەسەری بنەڕەتی. لە کاتێکدا داوا لە خەڵکی دەکەین بۆ وازهێنان لە حەرام، لەسەرمان پێویسـتە جێگرەوەیـەکی حـەڵاڵی بخەینـە بەردەست. ئێمە تائێستا نەمانتوانیوە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یان ڕادیۆیی پێشبخەین بە شێوەیەك پابەند بێت بـەوەی خـوا ڕێگـای پێداوەو حەڵاڵی کردووە. بواری ڕابواردن و کات بەسەربردن لەسەر پشت و کراوەیە لە بەردەم ئەوانەی لە ئیسلام دا کاردەکـەن، بـەڵام ئەو هەوڵەی کە تیایدا دراوە زۆر بەکزی دیارە. بەکورتی دەتوانین بڵێین ڕۆژئاوا کاڵای خراپی پێیە بـەڵام فرۆشـیاری لێـهاتوو دەیخەنـە ڕوو، بەڵام ئێمە کاڵای زۆر باشمان پێیە، کەچی فرۆشیارەکانمان هیچیان تیا بەسەر نییە. لە کاتێکدا سستمی ژیانی ڕۆژئاوایی بـەرەو دارمانی ڕەوشتی ملدەنێت، بەڵام عیلمانی‌یەکان بێپەروا کاردەکـەن بـۆ چاککردنـەوەی و ڕاسـتکردنەوەی ئاراسـتەکەی. ئەوانـە وەك کەسانێك وان سەیارەیەکی کۆنیان پێبێت هەموو ڕۆژ بشکێت - بەڵام هەموو سەرنشینەکانی ئەندازیار و میکـانیکی لێـهاتووبن - و بەخێرایی چاکی بکەنەوە. بەڵام ئێمە سەیارەیەکی نوێی چاکمان پێیە بەبێ ئەوەی هیچ زانیاریـەکمان هـەبێت سـەبارەت بـەچۆنێتی کارکردنی و چاککردنەوەی، هەر بەخراپ بوونی یەك پارچەی گەر ئاسانیش بێت ئێمە تووشی شەلەلێکی هەمیشەیی دەکات.

ئەو ڕوبەڕووبوونەوەیەی کە بزووتنەوەکە توشی دەبێت بەڵگەی بەرزێتی بڕواو سەرکەوتنی بـیری ئیسـلامی و باڵادەسـتێتی‌یەتی لەبواری جۆراو جۆردا و هەروەها خستنە ڕووی کرداری ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامی‌یە. ئەمەش نیشانەی سـەرکەوتنی پـرۆژەی تاقیکـاری ئیسلامییە، هەرچەندە بچوکیش بێت. ئەوەش ئەو بەرەنگاربوونەوە ڕاستەقینەیەیە کە گەلی موسڵمان لەسەدەی پانزەی کۆچیدا بەرەو ڕووی دەبێتەوە.

## چوارەم: کۆمەڵە پرسیارێك کەهەر دەبێت بکرێن !

### أ- یاری پەتکێشی

کەسی واهەیە پڕوپاگەندە دەکات کەزۆربەی گەلانی جیهانی ئیسلامی بەپەرۆشەوە کار ناکەن و ئەوەش هۆکاری سەرنەکەوتنیانە. بەڵام قسەمان چی‌یە لەسەر ئەو موسوڵمانە دڵسۆزانەی زۆر بەپەرۆشەوە کاردەکەن؟ بۆچی دەیانبینین کە زۆربەیان بەرهەم هێن نین؟ کێشەی ئەوانە بریتیە لە کێشەی ڕاوبۆچوونیان و نەبوونی گیانی کارکردنی بە کۆمەڵ و لادان لەبەرنامەی بیرکردنەوە. دەبینین کە ئەندامانی یەك کۆمەڵە کارەکانیان زۆر بەباشی ڕادەپەڕێنن بەڵام بەئاراستەی دژ بەیەك، ئەمەش وادەکات کەبەرەنجامی هەوڵەکانیان لە کۆتایی‌دا نزیك بێت لە سفر، هەندێك جار بەرهەمەکە زیان بەخشیشە.




هەرکارێکی ئیسلامی ئەندازەو ئاراستەی خۆی هەیە وەك چۆن لە بیرکاری‌دا فێری چەندایەتی ئاراستەکراو بووین. ئەگەر کاری کەسێك چوونیەك نەبۆوە لەگەڵ کاری ئەوانەی دەوروبەری‌دا بەشێوەیەکی تووندوتۆڵ و لە چوارچێوەی نەخشەیەکی ڕۆشندا لەگەڵ ڕۆشنی ئاراستەی کارەکە، ئەوا ئەنجامەکەی سنووردار دەبێت سەرەڕای ئەو هەوڵ و کۆششە زۆرەی لەوەدا بەکاردەبرێت. وە ئەگەر هاتوو مەبەستمان بوو هەڵەکانی یەکتری گەورە بکەین و بەشداری‌یە چاکەکانی دەوروپشتمان پشت گوێ خست و لە گرنگی سەرکەوتنەکانیانمان کەم کردەوە، ئەوا نە پێش دەکەوین و نەهیچی وا لە ئامانجەکانمان بەدی دەهێنین. بێگومان دەبێت هەوڵ بدەین وازبهێنین لە هەست کردن بەوەی کەتەنها ئێمە ڕاستین و کەسانی دەرەوەی ئێمە هەمیشە هەڵەن، وە پێویستە لەسەرمان کەدان بنێین بەهەوڵ و تەقەلای هەموو کارمەندەکان بە شێوەیەکی گشتی. هەموومان هەوڵبدەین بۆ نزیکخستنەوەی هەوڵەکان و نەفرەت بکەین لە بریندارکردن و تانەدان و عەیبدارکردنی یەکتر.

### ب- باری ئێستا ئایا خراپترینە یان باشترینە؟

زۆرجار دەوترێت ((بارودۆخی ئێستامان خراپترین ئاستی چاوەڕوانکراوە، و ناکرێت لەم جۆرە بارەدا کاربکرێت، وە لەسەرمانە چاوەڕێی بارودۆخێکی باشتر بکەین کەزیاتر قابیلی کارکردن بێت)). لەڕاستیشدا بارودۆخ لە هەندێك لە وڵاتەکانماندا زۆر بەخراپی بەرەو دارمان چووە بەتایبەتی لەم چەند دەیەیەی کۆتایی‌دا، بەڵام لەسەر بانگخوازە لەو خاڵەوە دەست پێبکات و وادابنێت کەبارودۆخی ئێستای باشترین باری ڕەخساوە بۆی، و لەئەرکی سەرشانیەتی چەند لەتوانایدایە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئێمە غەیب زان نین، ولەتواناشماندا نی‌یە کە بزانین ئەم بارەی ئەمڕۆ تێیداین تاکەی دەخایەنێت. وەلێرەدا نوکتەی ئەو گەشبینەم دێتەوەیاد کەلەبیستەمین نهۆمی ئاپارتمانێکی بەرزەوە دەکەوێتە خوارەوە، کاتێك بەحەوتەمین نهۆمدا تێدەپەڕێت یەکێکیان لە پەنجەرەکەوە لێی‌دەپرسێت ! ((ئێستا چۆنی؟ )) ، لە وەڵامدا ووتی: ((تا ئێستا من باشم)) !!

لەڕاستیدا گەشبینی خۆپارێزیمان دەربارەی داهاتوی بانگەواز وەك هەست پێکردنی پێغەمبەری خوا موساو هارونی برای وایە(دروودی خوایان لەسەر بێت)، بەرامبەر بە فیرعەون وەك ئەوەی قورئان دەیخاتە ڕوو :

إِذهَبا إِلى فِرعَونَ إِنَّهُ طَغى ﴿٤٣﴾ فَقولا لَهُ قَولًا لَيِّنًا لَعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَو يَخشى ﴿٤٤﴾ (طه)

ئێمە لە موساو هارون (درودی خوایان لەسەربێت) باشتر نین، و خەڵکی ئەمڕۆش لە فیرعەون خراپتر نییە، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان لە باری ئێستاماندا هیوابڕاو نەبین.

**ج- ملکەچی بۆخوا یان بۆ ناوەکان؟**

لە توانای هەرکەسێکدایە کە لەبازنەی ئیسلامیدا کاردەکات بجوولێت و خۆی خەریك بکات لە ڕێگای ڕێکخراوێك یان کۆمەڵەیەکەوە، بە مەرجێك لە سەرەتاو کۆتاییدا ملکەچی ڕاستەقینەی بۆ خوای گەورە و میهرەبان هەبێت. پێویستە کە ناوی ڕێکخراو و کۆمەڵەکان نەبێتە بەربەستێك لەنێوان ئێمەو ئەو ملکەچییەماندا.




هەندێك جار هۆکاری ستراتیژی یان تاکتیکی واپێویست دەکات دەستەی جۆراجۆر دروست بکرێت یان پەیکەری ڕێکخستن کەهەیە بگۆڕدرێت، وە پێویستە هۆکارەکانی ڕێکخستن تێکەڵاو نەکرێت لەگەڵ مەبەستەکانی کاری ئیسلامی. هەندێك لە ئێمە جارجار زیادەڕەوی دەکات لە هەڵکێشانی ناوەکان و ناونیشانەکاندا، پێویستە بزانین ئەوانە تەنها هۆکارن، وە ئامانج بریتییە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەو لەبەر خاترو پیرۆزی ئەویش بە تەنها. پیرۆزیدانی ڕۆحی بەڕێکخراوەکانمان دەیانباتە دەرەوەی ئەوەی لێیان چاوەڕوان دەکرێت و بۆ شتێکی زیاتر لەوەی کەمەبەستە، ئەوەتا لێرەدا لەسورەتی یوسف دا فەرمودەی خوای گەورە دەخوێنینەوە:

ما تَعبُدونَ مِن دونِهِ إِلّا أَسماءً سَمَّيتُموها أَنتُم وَآباؤُكُم ما أَنزَلَ اللَّهُ بِها مِن سُلطانٍ إِنِ الحُكمُ إِلّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلّا تَعبُدوا إِلّا إِيّاهُ ذٰلِكَ الدّينُ القَيِّمُ وَلٰكِنَّ أَكثَرَ النّاسِ لا يَعلَمونَ ﴿٤٠﴾ (یوسف)

ئەم دیاردەیە بەردەوام زیانی زۆری داوە لەبزووتنەوەکەمان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕیمان لە تێگەیشتن و وەرگرتنی ئامانجی پیرۆزی کارەکانمان.

## پێنجەم: پشتیوانە (الرصید)

زۆرجار کارەکان وەك شتێکی سەلمێنراو وەردەگرین و ئەوە لەبیردەکەین کە بزافی ئیسلامی بەگشتی لە ماوەی سەدەی چواردەیەمی کۆچیدا سوودێکی باشی پێگەیاندوین. وە کەمترین شت لە بەرژەوەندی بزووتنەوەکە بوترێت ئەوەیە کەرۆڵی پارێزگاری لەئیسلام و موسڵمانانی بینیوە و ئاڵای بانگەوازی ئیسلامی بەرز ڕاگرتووە سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان. وە گومانی تێدانییە کە بزووتنەوە وەك قەڵایەکی گەردن بەرز وەستاوە لەدژی هێرشە دڕندانەکانی ڕاستڕەو و چەپڕەوەکانەوە. لە کاتێکدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی بۆش و ئیفلیج و موفلیس بوو لەڕووی بیروڕاو ڕەوشتییەوە، بزووتنەوەکە بەشێوەیەکی بەردەوام دەوڵەمەندێتی پێشکەشی نەتەوە کردوە لە ڕێگای بەدەستهێنانی پشتیوانیو هێزی ڕۆحیو رووناك بەخش و پێویست بۆ سەرکردایەتیکردن بۆ ڕێی چاکە. هەروەها بزووتنەوە بێ پەروا کاری کردوە بۆ پارێزگاری کردن لە پێناسەی نەتەوەی ئیسلامی کە بەبێ ئەو خەریك بوو نەتەوە لێك بترازێ و بتوێتەوە لە ناو نەزعە جۆراوجۆرەکانی سۆسیالیستیو سەرمایەداریو ماددیو تایەفەگەرێتی و نەتەوایەتیدا.

دەتوانین بەبڕێك بڕوا بەخۆوە بڵێین کە بزافی ئیسلامی بەسەر هەموو حیزب و ئاراستە نائیسلامییەکاندا سەرکەوت. بزووتنەوە لە پێشەوەی هەموو ڕاپەڕینەکانەوە بووە لەدژی هەموو خۆسەپێنەرو ستەمکارێك و ئاڵای دژایەتیکردنی خراپەو گەندەڵی هەڵگرت و لەپێناوی ئەوەشدا قوربانی زۆری داوە لە زیندانی کردن و ئازاردان و شەهیدکردن، وە بزووتنەوە بەرەنگاری داپڵۆسێنەرەکان و پەلامارەدەرەکان بۆتەوە و بەرەو ڕوویان بۆتەوە بەستەم و نارەواییان و داوای لێکردون کە واز بهێنن لە دەسەڵات و سەربەستی بدەنە خەڵکی. وە زۆر لە موسڵمانەکان بوونەتە قوربانی ئەو هەڵوێستەو تووشی توندوتیژترین جۆرەکانی چەوسانەوە و ئازارو دوورەوڵاتی بوونەتەوە.

لە خۆبوردووان لەوانەی شوێن بزووتنەوە کەوتوون، بەهێزترین تێکۆشانیان نواندووە لەدژی داگیرکەر لە فەلەستین و جەزائیر و ئەفغانستان و کشمیر و هتد، ئەمەش زۆر بەڕوونی دەگەڕێتەوە بۆ گیانی دڵسۆزی و خۆبەخت کردن و زۆر لەخۆ بردوویی لەلای شوێنکەوتانی باوەڕداری بزووتنەوەکە.

ئەو بەئاگاهاتنەوەی کەجیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ بەخۆیەوە دەیبینێت لە بناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەبەردەوامی. ئەم ڕابوونەش ناوخۆیی نەبووە یاخود تایبەت بێت بە کۆمەڵێك خەڵکی تایبەتەوە، بەڵکو لەسرووشتی خۆیدا گشتگیربووە. ئەم ڕابوونە زۆرێك لە وڵاتانی گرتۆتەوە وەك ئەندەنوسیا و مالیزیا و بەنگلادیش و پاکستان و ئەفغانستان و ئێران و تورکیا و میسر و تونس و جەزائیر، وە هیچ پارچەیەکی ئیسلامی لە ئاسەواری ئەو تەوژمە گشتییە بێبەش نەبووە. ئەوەندە بەسە کەلێرەدا ئەوە تۆماربکەین کە بوونمان لێرەدا ئەمڕۆ وەك موسوڵمانان لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامی جیهانییە، و چاکەو منەتیش تەنها بۆ خوایە هەمووشمان منەتباری ئەوین.

لەو کاتەی کەحوکمی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی بەرۆژئاواییکردن و عیلمانی و شیوعییەکان دەدەین لە سەدەی بیستەمدا، بە متمانەیەکی زۆرەوە هەست دەکەین کە بزووتنەوە پێشکەوتنی زۆری بەدیهێناوە لە سەدەی چواردەمی کۆچیدا، کەوای لێدەکات لەڕیزی ئەوانە دابنرێت کە بەسەرکەوتوویی تاقیکردنەوەکانیان تێپەڕاندووە.

سوپاس تەنها بۆخوا، هەرلەویش دەپاڕێینەوە و داوادەکەین کەهەنگاوەکانمان پتەوو ڕاست بن لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی لە سەدەی پانزەهەمی کۆچیدا.

## خشتـــەی کـــات بەندی پرۆژەی مەشـــق کردن

| | |
|---|---|
| ١٩٦٣ | خوێندکارانی موسوڵمان لە ولایەتە یەکگرتوەکان و کەنەدا |
| ١٩٦٩ | دامەزراندنی یەکێتی ئیسلامی جیهانی بۆ رێکخراوە خوێندکارییەکان . |
| ١٩٧٢ | دامەزراندنی نەدوەی جیهانی بۆ لاوانی ئیسلامی |
| ١٩٧٣ | خوێندکارانی موسڵمان پرۆژەی مەشقی سەرۆکایەتی دەست پێدەکات بەبڕیارێك لە لیژنەی نەخشەکێشان و دووبارەکردنەوەی رێکخستن)) لە یەکێتییەکەدا . |
| ١٩٧٥ | پێکهێنانی ئەمانەتی گشتی یەکێتی خوێندکارانی موسوڵمان |
| ١٩٧٦ | دامەزراندنی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی مالیزی بە بەشداری کردنی ئەنوەر ئیبراهیم لە شاری بیوریا لەولایەتی ئەلینۆی . بلاوکردنەوەی یەکەمین راپۆرت لەسەر بەرنامەی مەشق کردن لە یەکێتییەکەدا لە ئەمەریکا. |
| ١٩٧٧ | پێکهێنانی تیمێکی کارکردن بۆ دووبـارە رێکخسـتنی پەیکـەری رێکخسـتنی کاری ئیسلامی لە ئەمەریکای باکوور. |
| ١٩٨١ | دامەزراندنی پەیمانگەی جیهانی بۆ فکری ئیسلامی |
| ١٩٨٣ | دامەزراندنی یەکێتی ئیسلامی لە ئەمەریکای باکور |
| ١٩٨٩ | چوونە ژێرباری ئەرکی نوسینەوەی ئەم کتێبە لەلایـەن یـەکێتی ئیسـلامی بـۆ رێکخراوە خوێندکاریەکان پەیمانگەی جیهانی فکری ئیسلامی |
| ١٩٩١ | بلاوکردنەوەی رێبەری مەشقی سەرکردەیی بەزمانی ئینگلیزی |
| ١٩٩٢ | دەرچوونی ئەم کتێبە بە چاپی مالاوی و تورکی |
| ١٩٩٣ | دەرکردنی چاپی ئوردی |
| ١٩٩٤ | دەرچوونی چاپە عەرەبی و فەرەنسی و پرتوگالی و ئەندەنوسییەکانی. |

بەشی

٣

# ئـــامانجەكـــانمان

**یەكەم : لەدوتوێی مێژوودا**

أ – ویستی خودا لە دانانی خەلیفە لەسەر زەوی

ب– شارەزایی و زانیاری

ج– تاقی كردنەوە

د– پێغەمبەران پێشەنگن بۆ مرۆڤ

**دووەم : ڕێڕەوی كاركردن**

أ – ئەركەكانمان

ب– چاكسازی و چاكەكردن و شاكاری

ج– ئامانج

د– ئامرازەكان

## یەكەم : لەدوتوێی مێژوودا

ئامانجی بەرنامەی ئامادەكردنی سەركردەیی پێكهێنانی موسڵمانی نوێ نییە، لەبەرئەوەی ئێمە وای دادەنێین كە ئەندامـــەكان پابەندبن بە ئیسلامەوە و جێبەجێی دەكەن و تێدەكۆشن و هەوڵ دەدەن لەپێناوی كێشە ڕەواكەیدا.

گوزەری مێژوویی بۆ بوونی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە، وەك ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، ڕۆشنایی گرنگ دەخاتـــە ســەر ئامانجەكانمان لەم بوونەدا.

### أ– ویستی خودا لە دانانی خەلیفە لەسەر زەوی

قورئانی پیرۆز چیرۆكی خولقاندنمان بۆ باس دەكات و دەفەرموێت

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُواْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَالاَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ (البقرة)

جەخت كردنی فریشتەكان لەسەر پرسیاركردنیان سەبارەت بەخراپەكاری و بڵاوكردنەوەی شەڕ و خوێـــن ڕشـتن كارێكـە مانـای خۆی هەیە. ئەو كارانە هەمووی دژی چاكسازییە كە خۆی لە بیناكردنی شارستانێتی و ئاوەدانكردنەوەی زەویدا دەبینێتەوە.

## ب- شارەزایی و زانیاری

لەو یەکەمین کارانەی کە خوای گەورە و میهرەبان کردی بۆ ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) پاش خولقاندنی بریتی بوو لە:

وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى المَلائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴿٣١﴾ قَالُوا سُبْحَانَكَ لا عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ العَلِيمُ الحَكِيمُ ﴿٣٢﴾ (البقرة)

خوای گەورەو میهرەبان ((ناوی هەموو شتێکی)) فێری ئادەم کرد، ئەوەش مەرجی سەرەکی و ناوەڕۆکی بوو بۆ دەستخستنی ئاوەز(عقل) کە بەبێ ئەوە لە توانای ئادەم و فریشتەکانیشدا نەبوو کەهیچ شتێك بناسنەوە.

## ج- تاقی کردنەوە

ئادەم و حەوا لەو تاقی‌کردنەوەیەی کە لەبەهەشتدا کرا سەرکەوتوو نەبوون، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ ﴾ ، ﴿ فَتَلَقَّى آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ ، ﴿ قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعاً فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدىً فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ (البقرة).

شوێنکەوتنی مرۆڤ بۆ ڕێی هیدایەت یان گومڕایی تاقی‌کردنەوەیە بۆیان، ئەوەش ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز چەندین جار باسی دەکات:

الَّذِي خَلَقَ المَوْتَ وَالحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ العَزِيزُ الغَفُورُ ﴿٢﴾ (الملك)

أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لا يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ (العنكبوت)

وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّى نَعْلَمَ المُجَاهِدِينَ مِنْكُمْ وَالصَّابِرِينَ وَنَبْلُوَا أَخْبَارَكُمْ ﴿٣١﴾ (محمد)

## د- پێغەمبەران پێشەنگن بۆ مرۆڤ

چۆن خۆمان ئامادەبکەین بۆ تاقیکردنەوەی ژیان و برینی؟ بە تەنها شارەزایی بەس نییە ئەگەرنا کتێبە ئاسمانی‌یەکان بەتەنها بەس دەبوون بۆئەوەی مرۆڤ بخەنە سەر ڕێی ڕاست. بەڵام لێرەدا پێویستی بە نمونەیەکی کرداری هەیە کە خستنە سەر ڕێی ڕاست چۆن دەبێت، پێغەمبەرانی خودا (ﷺ) ئەو نمونانەن. لە ژیاننامەیاندا دەبینین کەچۆن ماناو بەهاکان وەردەگێڕدرێن بۆ واقیع و بەشێوەیەکی کرداری جێ‌بەجێ دەکرێن. هەروەها خودا پێغەمبەرەکانی کردۆتە خاوەن دانایی کەئەوەش باشترین ڕێگایە لە جێبەجێ کردنی زانستدا.

وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْماً وَعِلْماً وَكَذَلِكَ نَجْزِي المُحْسِنِينَ ﴿٢٤﴾ (يوسف)

لەتێڕوانینێکی گشتی قورئاندا دەبینین کە قورئانی پیرۆز پەیامی پێغەمبەرەکانی دیاری کردووە بەوەی کە پێی ڕاگەیاندنێکی روون و ئاشکرایە لەلایەن خوای گەورە و میهرەبانەوە:

وَما عَلَيْنا إِلّا البَلاغُ المُبينُ ﴿١٧﴾ (يس)

فَذَكِّرْ إِنَّما أَنْتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾ (الغاشية)

فَذَكِّرْ إِنْ نَفَعَتِ الذِّكْرى ﴿٩﴾ (الأعلى)

اُدْعُ إِلى سَبيلِ رَبِّكَ بِالحِكْمَةِ وَالمَوْعِظَةِ الحَسَنَةِ وَجادِلْهُمْ بِالَّتي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالمُهْتَدينَ ﴿١٢٥﴾ (النحل)

پێغەمبەرەکان ئەرکێکی گرنگ وپیرۆز رادەگەیەنن کە بریتییە لە ئاگادارکرنەوەی روون و دیار و ڕاگەیاندنە بەدانایی و گفتوگۆی باش و دایەلۆگ بەباشترین شێواز. ئەوان باسی حەق دەکەن و زۆرکاری بەکارناهێنن لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا، هەروا لە تواناشیاندا نییە هیدایەتی کەس بدەن، لەبەرئەوەی هێنانە سەر ڕێگای ڕاست (الهدی) تەنها لە دەسەڵاتی خوای گەورەدایە.

لا إِكْراهَ في الدّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطّاغوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالعُرْوَةِ الوُثْقى لا انْفِصامَ لَها وَاللهُ سَميعٌ عَليمٌ ﴿٢٥٦﴾ (البقرة)

إِنَّكَ لا تَهْدي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلكِنَّ اللهَ يَهْدي مَنْ يَشاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالمُهْتَدينَ ﴿٥٦﴾ (القصص)

## دووەم : ڕێڕەوی کارکردن

### أ- ئەرکمان

ئەم ئایەتەی خوارەوە ڕۆڵ و ئەرکی ئێمە دیاری دەکات لە ژیاندا، کە دەفەرموێت:

قُلْ هذِهِ سَبيلي أَدْعُوا إِلى اللهِ عَلى بَصيرَةٍ أَنا وَمَنِ اتَّبَعَني وَسُبْحانَ اللهِ وَما أَنا مِنَ المُشْرِكينَ ﴿١٠٨﴾ (يوسف)

بەم شێوەیە پێغەمبەر (ﷺ) بەرنامەی خۆی دووپات دەکاتەوە: بانگەوازکردن بۆ خودا بەئاشکرا و لەسەر ڕۆشنایی بینایی چ خۆی و چ ئەوانەی لە گەڵیدان. پێویستە ستراتیژیەتمان لە مەشق کردندا بریتی بێت لە ئامادەکردنی تاکە کەس بۆ گەیشتن بەو حاڵەتی بینایییە. هەروەها پێویستە کە ئامانجی تاکەکان لەژیاندا بریتی بێت لەوەی کەپێغەمبەرەکان لەوەوپێش دەریان بریوە. کە بریتییە لە گرتنەبەری ڕێگای ڕاست (الصراط المستقیم) . لە کاتێکدا کە محمد (ﷺ) دواین پێغەمبەر و نێردراوە، ئەوا.ئەرکی هەستان بەوکارەی کە ئەو ئایەتەی سەرەوە دیاری کردووە دەکەوێتە ئەستۆی شوێنکەوتووانیەوە کە ئێمەش لە وانین. ئەگەر ئەم ئایەتەی خوارەوە ئاراستەی پێغەمبەرو شوێنکەوتووانی کرابێت، ئەوا ڕاستەو خۆ بەسەر مەشقکارانیشدا بەجێ دێت:

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّنْ دَعا إِلَى اللهِ وَعَمِلَ صالِحاً وَقالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينْ ﴿٣٣﴾ (فصلت)

بەو پێیە پەیامی مەشقکار بریتی‌یە لە:

- بانگەواز کردن بۆ ڕێگای خودا.
- کارکردن و هەڵسوکەوت بە باشترین شێوە.
- ڕاگەیاندنی پەیوەندی‌و پەیوەست بوونمان بەموسڵمانانەوە.

خالی کۆتایی ئەمە ڕەت دەکاتەوە کە بانگخواز کەسێکی گۆشەگیر بێت وخۆی بە گەورەتر بگرێت بەسەر خەڵکی‌دا. بەڵکو بە پێچەوانەوەی ئەوەوە، لەسەر بانگخوازە کە هەوڵ بدات بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکـاری کۆمەڵایـەتی و هاوکـاری بکـات تیـایدا. هـەموو بەرنامەیەکی خۆئامادەکرن و دەروونسازی ئامانجی ئەوەیە ببێتە کاریگەرێك لەپرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش زیاتر لـە چـەند ئایەتێك ئاماژەی پێ دەکات لە قورئانی پیرۆزدا:

﴿لَهُ مُعَقِّباتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللهِ إِنَّ اللهَ لا يُغَيِّرُ ما بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا ما بِأَنْفُسِهِمْ ﴿١١﴾ (الرعد)

لەم فەرموودەیەدا ڕەوانبێژی دەربڕین و ماناکە لەوەدایە: ((انفسهم)) بە کۆمەڵە نەك بەتاك. بوونـی تـاکی داهێنـەر و دیـار لەهەر کۆمەڵگایەکدا بە تەنها بەس نی‌یە، بەڵکو لەسەر ئەو تاکە کەسانەیە کە بەیەك دەست و بەگیانێکی بەکۆمــەڵ و کاریگـەرەوە کار بکەن، تا بگەنە بەرزترین پلەی چاکی، وە گۆڕانکاری لە خۆیاندا بکەن وەك کۆمەڵێکی سەرکەوتوو، نەك یـەکێکیان گۆڕانکـاری تەنها لە خۆیدا خۆی‌دا بکات.

**ب- چاکسازی و چاکەکردن و شاکاری**

بەرنامەی مەشق کردن تاك ئامادە دەکات بۆ پێشکەوتن لە چەند قۆناغێکدا کە بریتی‌یە لـــە: ئیسـلام و بـڕواو چاکـەکردن و شاکاری و تێکۆشان، تێبکۆشێت بە هەمیشەیی لە پێناوی گەیشتن بە ئاستی بەرزتر بە بـەردەوامی. کـاتێك بـڕوا(ایمـان) لـە نـاخی کەسێکدا چەکەرە دەکات دەبینین هەمیشە تێ‌دەکۆشێت بۆ گەیشتن بە پلەی چاکەکردن، چاکەکردن بەمانای بەردەوامی لەباشترکردنی بەجێ‌گەیاندندا دێت، ئەوەش کردارێکی بەردەوامە کە چاکسازی دەگرێتەوە، دژی گەندەڵییە لە کارکردندا.

ئەوەش پێغەمبەری خودا (شعیب)ە کە ئاماژە دەکات بۆ چاکەکردن لە هەوڵەکانی‌دا لەگەڵ قەومەکەی‌داو پێیان دەڵێت ئەوەی دەمانەوێت تەنها چاکسازی‌یە (إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاحَ):

﴿قالَ يا قَوْمِ أَرَءَيْتُم إِنْ كُنْتُ عَلى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي وَ رَزَقَنِي مِنْهُ رِزقاً حَسَناً وَما أُرِيدُ أَنْ أُخالِفَكُمْ إِلى ما أَنْهاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاحَ ما اسْتَطَعْتُ وَما تَوْفِيقِي إِلا بِاللهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبْ ﴿٨٨﴾ (هود)




هەرکاتێك کە مرۆڤ بەرەو ڕووی هەڵوێستێکی گران بۆوە، لەسەری پێویستە کە هەستێت بە کورت و پوخت کردنەوەی باشترین ئەو شتانەی کە تێیدایە، وە هەوڵ بدات بۆ چاکە کردن و چاکسازی لە کارەکانیدا، بە پێی ئەوەی کە خودا پێغەمبەری پێ ئاگادار کردۆتەوە کە دەفەرموێت:

وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ (فصلت).

### ج- ئامانج

ئەو ئایەتانەی کە لەسەرەوە هاتووە ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی بانگەوازکردن بریتییە لە(( ئامادەکردنی سەرکردەی ئیسلامی چالاك و ڕۆشنبیر کە هەستن بە لە ئەستۆگرتنی ڕۆڵی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەسەر ڕۆشنایی ئایەتەکان، لە ڕێگای بەدەستهێنانی شارەزایی و دانایی، وبەکارهێنانی هونەری بانگهێشت بە تێگەیشتوویی و وشیارییەوە و لە ڕێگای پەیوەندی پتەوو کاریگەرەوە)).

### و- هۆکارەکان یان ئامرازەکان

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرنامەی ئامادەکاری و مەشق کردن هەلێکی بەنرخ پێشکەش دەکات، کە دەبێتە هۆی زیاتر پابەندبونی مەشق کاران، و لە ئاستی زانستییان بەرز دەکاتەوە، و لە پەیوەندی و بەڕێوەبردن و نەخشەکێشاندا توانایان پێش دەخات. هەروەها بەرنامەی مەشق کردن جەخت دەکات لەسەر بەهێزکردنی توانای بانگخوازان لە لەش و بازو و داهێنانیاندا و گەشەپێدانی گیانی کۆمەڵی و پتەوکردنی شکۆی ڕۆحی، وە پەروەردە کردنی ئاراستە باشەکان کە چارەسەری کێشەکان دەکات و ڕێگا چارەی بۆ دەدۆزێتەوە. هەرەها بەرنامەکە ئامانجێتی کە شارەزایی بگوێزێتەوە لە گەورەکانەوە بۆ ئەوانەی لە تەمەندا لەخوار ئەوانەوەن بە شێوەیەکی چڕوپڕ.

هیوادارین كە جێ بەجێكەرانی بەرنامەكە لە خاڵێكەوە دەست پێبكەن كە ئەوانەی پێش خۆیان پێگەیشتوون، و خۆیان لابدەن لە هەڵەكانی ئەوان، و ستراتیژیەتی نوێ بدۆزنەوە لە جیاتی ئەوەی بەكۆنەكەوە ببەسترێنەوە. هەروەها دەبینین كـە بەرنامـەی مەشـق كردن بە شێوەیەكی سەرەكی هەوڵ دەدات بۆ پەروەردەكردنی نەوەیەك كە شارەزایی هەیە لەسەر ئەولەویاتی كارەكەی و دەبێتە لایەنێك لە چارەسەركردن، نەك بەشێك لە گرفتەكان.

# دەروازەی دووەم

## چەمکە سەرکردەییەکان

دروستکردنی بانگخواز لە بنەڕەتدا بەندە لەسەر فێرکردنیی کەچۆن پێشەنگی بکات لە نێـو هـەڤالآن و هاوتەمەنـەکانیداو لەسەر ئاستی جەماوەر و کۆمەڵگای گەورە بەگشتی. ئەمەش بەشێکە لە کەسایەتیی ئیسـلامی، کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) پێمان ڕادەگەینێت :

((کُلُّکُمْ رَاعٍ وَ کُلُّکُمْ مَسئولٌ عنْ رَعْیَتِهِ)) (١)

ئەم بەشە، لەڕێبەری مەشقی سەرکردەیی، باس لەکەرەستەی هەڵبژێردراو دەکات بۆسـەرکردایەتیکردن لـە سـەرەتاوەو دەستپێکردنی گفتوگۆی چەمکی ئیسلامی بۆی. بە دوایشیدا گفتوگۆکردن دەربارەی چارەسـەرکردنی گرفتـەکان و پێکـهێنانی بڕیار و چۆنێتی جێ بـەجێ کـردن و نەخشەکێشـان وهەڵسـەنگاندن و کـاری بەکۆمـەڵ. هـەموو ئـەم بەندانـەش بنـەماکانی سەرکردایەتی دەگرنەوە، دەشتوانێت بەکارهێنەری ئەم ڕێبەرە ئامادە بکات بۆ کاری بزاوتیو مەشقی سـەرکردەیی زیـاتر لـەم بوارەدا.[١]

(١) الشیخان (سنن الترمذي و سنن أبي داود)

## دەروازەی دووەم

## چەمکە سەرکردەییەکان


| | | |
|---|---|---|
| بەشی ٤ | چەمکی سەرکردەیی لەئیسلام دا | ٥١ |
| بەشی ٥ | هەڵبژاردنی سەرکردەکانی دوارۆژ | ٦٣ |
| بەشی ٦ | بنچینەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکان | ٧٥ |
| بەشی ٧ | دەربارەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار | ٨١ |
| بەشی ٨ | لەنێوان بڕیار و جێبەجێ کردندا | ٩٥ |
| بەشی ٩ | بنەماکانی نەخشەکێشان | ١٠٥ |
| بەشی ١٠ | بنچینەکانی هەڵسەنگاندن | ١٢١ |
| بەشی ١١ | پێکهێنانی تیم و بەجێهێنانی بە کۆمەڵ | ١٣٥ |

بەشی

٤

# چەمکی سەرکردەیی لە ئیسلامدا

**یەکەم : پێناسەی سەرکردەیی**

**دووەم : سەرکردەیی کاریگەر**

أ – سەرکردەیی کاریگەر چی‌یە؟

ب– سەرکردە و چاودێرەکان و شوێن کەوتەکان

**سێیەم : تایبەتمەندێتی‌یەکانی سەرکردەی ئیسلامی**

أ – ملکەچی و گوێڕایەڵی

ب– ئامانجە ئیسلامییە گەورەکان

ج– پابەندبوون بە شەریعەت و ئاکاری ئیسلامی‌یەوە

د– ئەمانەتی پێ سپێردراو

**چوارەم : بنەما سەرەکی‌یەکانی مومارەسەی سەرکردەیی کردن**

أ – شورا (ڕاوێژ)

ب– دادپەروەری

ج– ئازادی بیروڕا

**پێنجەم : مومارەسەکردنی سەرکردەیی**

أ – جۆرەکانی سەرکردەیی

ب– ڕەگەزەکانی سەرکردەیی

ج– ڕێبازی پیتەر Peter`s Principl

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

پاش تەواوکردنی ئەم بەشەی کە دێت ئەمانە فێردەبین:

- پێناسەی سەرکردەیی: بەرپرسیارێتی‌یەکانی و سنورەکانی.
- پێناسەی تایبەتمەندێتی‌یەکانی سەرکردەکان و ئاکاریان.
- تێگەیشتنی نمونەی ئیسلامی بۆ سەرکردایەتی.
- مومارەسەی سەرکردایەتییەکی ئیسلامی کاریگەرتر.

## یەکەم : پێناسەی سەرکردەیی

سەرکردەیی بریتی‌یە لە ((پرۆسەی جولاندنی کۆمەڵێك خەڵك بە ئاراستەیەکی دیاری کراو و نەخشە بۆکێشراو ئەوەش بە هاندانیان بۆ کارکردن بەویستی خۆیان)). سەرکردەیی سەرکەوتوو خەڵك بەو ئاراستەیە دەجولێنێت کە بەرژەوەندی‌یەکانیان بەدی بهێنێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ. کە ئەمەش ئاراستەیەکی گشتی دەبێت وەك بلاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی لە جیهاندا، یان ئاراستەیەکی دیاری کراو وەك گرێدانی کۆنگرەیەك کەباس لە کێشەیەکی دیاریکراو بکات. هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئامرازەکان و مەبەستەکان لە بەرژەوەندی باڵای ئەو جەماوەردا بێت لە ئێستاو ئایندەیەکی دووردا.

سەرکردەیی‌کردنیش رۆڵ و پرۆسەیەکە ئامانجی ئەوەیە کاریگەریتی لەسەر کەسانی تر دروست بکات. کەسی سەرکردە ئەوەیە کە پایەیەکی دیاری کراوی هەیە ئەوەشی لیَ چاوەروان دەکرێت کە ئەرکەکانی بەجۆرێك ئەنجام بدات لەگەڵ پایەکەی‌دا گونجاو بێت. سەرکردەش ئەو کەسەیە چاوەروانی لیَدەکرێت رۆلێکی کاریگەر بگێرێت لە دیاری کردن و بەدیهێنانی ئامانجی کۆمەڵەکەدا. سەرکردەی دەست پاکو راستگۆ ئەو کەسەیە کەبەکردار جلەوگیری دەکات نەك ئەوکەسەی تەنها مەبەستی کاربەدەستییەکەیە.

دەتوانین لەرێی ئەم چەمکە سەرەکی‌یانەی خوارەوە لە دیاردەی سەرکردەیی تیَبگەین:

١- سەرکردەیی ئەو هێزەیە کە لە نێوان خەڵك و سەرکردەدا هەڵدەقولێت بەرێگەیەکی نادیار، وەپێویستە وزەی کەسەکان ئاراستە بکات بە شێوازێکی گونجاو و تەریب بە ئاراستەی ئەو ئامانجانەی سەرکردەکان دیارییان کردووە. تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو و پاراستنی دەبێتە جێگای رەزامەندی هەمەلایەنە چ سەرکردەکان و چ تاکەکان.

٢- هەروەها هێزێکە کارلێك دەکات ـ لەرووی وەرگرتن و بەخششەوە ـ لەگەڵ دەوروبەری و ناوچەکەو ئەو کەش و هەوایەی کاری تێدا دەکات، ئەوهێزە لە بۆشایی‌دا ناجولێت بەڵکو لەسەر هەموو ئەو شتانە دەوەستێت کە لەئارادایە.

٣- هێزێکی هەمیشە چالاك و بە جوڵەیەو راناوەستێت. و پلەی چالاکی و چرِی و ماوەکەی لەبەرز و نزمی‌دایە. بەلاَم دانامرکێتەوە، یان کاریگەری هەیە یان شوێنەوارەو نییە.

٤- سەرکردەیی بریتی‌یە لە خستنەگەری بنەماکان و ئامرازەکان و شێوازەکان لە پێناو کۆمەڵیَ مەبەستی رۆشندا، بە ئاراستەیەکی دیاری‌کراو و گونجاو.

## دووەم : سەرکردەیی کاریگەر

### أ- سەرکردەیی کاریگەر چی‌یە؟

سەرکردەیی کاریگەر بریتی‌یە لە کرداری داهێنانی دیدێکی فراوان و دووربین و دارشتنەوەی ئامانج و دانانی ستراتیژییەت و بەدیهێنانی هاوکاری و بەرزکردنەوەی هیممەتەکان بۆ کارکردن، وە سەرکردەی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە:

- دیدەکان بۆ ئایندە دابرێژێتەوە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە دروست و دوورەکان بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- ستراتیژیەتێکی پەسەند دادەنێت بۆ جووڵەکردن بەرەو ئەو دیدانە.
- پشتیوانی ناوەندەکانی هێزی سەرەکی بۆ خۆی مسۆگەردەکات کە هاوکاری‌کردنی یان لەگەڵ گونجانی یاخود کارکردن لە گەڵیدا دەبێتە زەرورەت بۆ بەدیهێنانی جموجوڵی پێویست.
- وورەی ئەندامە سەرەکی‌یەکانی کارکردن کە لە دەوروبەریدان بەرزدەکاتەوە، ئەوانەی کە جووڵەیان بە سەرەکی دادەنرێت بۆ بەدیهێنانی ستراتیژیەتی بزووتنەوە.

دەستەبەربوونی توانای سەرکردەیی‌کردن لە کەسێکدا لەسەر هاوکاری‌کردنی هۆکارەکانی بایەلۆژی و کۆمەلایەتی و دەروونی پێکەوە رادەوەستێت، هەروەها پێویستە ئەو توانای سەرکردەیی‌یە بخرێتەگەڕ لە مومارەسەکردنی سەرکەوتوانە بۆ بەدیهێنانی کاریگەریتی. کەسی واهەیە سیفاتەکانی سەرکردەیی تێدایە، بەلام مومارەسەی سەرکردەیی‌کردن ناکات. تایبەتمەندێتی سەرکردەیی لای خەلکانی جۆراو جۆر دەردەکەوێت لە هەلویستی دیاری کراو و لە قۆناغی جیاجیادا، هەروەها مومارەسەی سەرکردەیی‌کردن دەکەوێتە ژێر کاریگەریتی ژینگەو ئەو هەل و کۆتانەی رووبەرووی تاك دەبنەوە.

## ب- سەرکردە و چاودێرەکان و شوێنکەوتوەکان

سەرکردە ئەو کەسەیە کە خەلکانی دەوروبەری بەرەو ئامانجی دیاری کراو ئاراستە دەکات بە هاندان و لەرێی پێشەنگێتی خۆیەوە. بەلام بەرێوەبەر بەحوکمی دەسەلاتە رەسمی‌یە بالاکەی لەپلەکانی رێکخستن دا کارەکانی ئەنجام دەدات.

سەرکردەی لێهاتووش هەست بەوەدەکات کە پێویستە لە هەمان کاتدا سەربازێکی سەرکەوتوویێت، چونکە هەرخۆی بەرپرسە لەبەردەم کەسانی‌تردا تاك بن یان کۆمەلێك، هەروەها لەسەری پێویستە لە بەرامبەریاندا پابەندی گوێرایەلی و ملکەچی بێت. وە لەسەر سەربازی باش پێویستە کە خۆی لابدات لە ململانێ لەگەل سەرکردەکەی، و دلسۆزی و بەوەفایی خۆی بۆ دەربخات لە هەلسوکەوتەکانی‌دا، وە رووبەرووی سەرکردەکەی و بیروراکانی و هەلسوکەوتەکانی ببێتەوە بەرەخنەی بنیاتنەرانە.

پەیوەندی‌یەکی بەئامانج هەیە لە نێوان سەرکردە و شوێن کەوتووەکانی‌دا کە مەبەستی دیاریکراوی هەیە، وە لەسەر سەرکردە پێویستە کە هەمیشە هەول بدات بۆ بەرژەوەندی کۆمەلەکەی و چاودێری‌کردنیان.

# سێیەم : تایبەتمەندێتی‌یەکانی سەرکردەی ئیسلامی

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت ((سَيِّدُ القَومِ خادِمُهُمْ)).[1] واتە سەرکردەی کۆمەلێك دەبێت خزمەتیان بکات و بەردەوام سەرقالی کۆمەك و یارمەتییان بێت بۆ هەنگاونان بەرەوپێشەوە. ئەو هۆکارە گرنگانەش کە سەرکردەیی ئیسلامی جیادەکەنەوە بریتین لە:

## أ- ملکەچی‌و گوێرایەلی

هەرکامێك لە سەرکردەو شوێنکەوتووەکانی دەبێت ملکەچییان بۆ خوای گەورە هەبێ.

## ب- ئامانجە ئیسلامی‌یە گەورەکان

تێگەیشتنی سەرکردەی ئیسلامی بەوەوە ناوەستێ کە تەنها ئامانجی کارەکەی ببینێ لە چوارچێوەی ئامانج و بەرژەوەندی‌یەکانی رێکخراوەکەی‌دا و هیچی تر، بەلکو لەبەر رۆشنایی ئامانجە ئیسلامی‌یە گەورەکانیشدا تیێ دەگات.

## ج- پابەندبوون بە شەریعەت و ئاکاری ئیسلامی‌یەوە

نابێت سەرکردە خۆی بەبەرزو زیاتر بزانێت لە پابەندێتی بە فەرمانەکانی ئیسلام و قەدەغەکراوەکانی، چەندەش پابەند بێت بەیاساکانی شەریعەتەوە ئەوەندە توانای بەردەوامیی لەپێگەی سەرکردەییدا دەبێت. هەروەها پێویستە لەسەری لە کاتی بە جێگەیاندنی ئەرکەکانی سەرکردەیی کردنی‌دا پابەند بێت بە ئاکاری ئیسلامی‌یەوە، بە تایبەتی لە کاتی مامەلە کردن لەگەل نەیارەکانی‌دا یان ئەو کەسانەی کە لێی جیابوونەتەوە.

---

[1] سونەنی الديلمی والطبرانی

### د- ئەمانەتی پێسپێردراو

سەرکردەی بەرپرس دەسەڵاتی خۆی وەك ئەمانەتێکی خوایی تەماشا دەکات وە بەئەرکێکی گەورەو گرنگی دەزانێت. قورئانی پیرۆز فەرمان دەدات بە سەرکردەکان کە ئەرکەکانیان راپەڕێنن لەبەرانبەر خوای گەورە و میهرەبان و دڵسۆزی و دڵنەرمیان پێوە دیاربێت بەرامبەر ئەوانەی کە لێیان بەرپرسیارن و دەفەرموێت:

الذينَ إنْ مَكَّنَّاهُمْ في الأَرضِ أَقامُوا الصَّلاةَ وآتَوا الزَّكاةَ وَأَمَروا بالمَعروفِ ونَهَوا عَنِ المُنكَر...﴿٤١﴾ (الحج)

## چوارەم : بنەما سەرەکی‌یەکانی مومارەسەی سەرکردەیی‌کردن

سێ بنەمای سەرەکی هەیە بناغەن بۆ کاری سەرکردەیی ئیسلامی کە بریتی‌یە لە: ڕاوێژ و دادپەروەری و ئازادی بیروڕا.

### ا- ڕاوێژ

یەکەمین بنەمای سەرکردەیی ئیسلامی‌یە. قورئانی پیرۆزیش پێویستی پابەندبوونی سەرکردەی موسڵمانی روون کردۆتەوە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەهلی زانست و زانیاری و ئەوکەسانەی لە توانایاندایە کە ئامۆژگاری و کاری ڕاوێژی دروستی پێشکەش بکەن، خوای گەورە دەفەرموێت:

والَّذينَ اسْتَجابُوا لِرَبِّهِمْ وَ أَقامُوا الصَّلاةَ وَأَ مْرُهُمْ شُورى بَيْنَهُمْ وَ مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقون ﴿٣٨﴾ (الشورى)

هەروەها قورئانی پیرۆز پێغەمبەر (ﷺ) ئاراستە دەکات بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوەڵانی و دەفەرموێت:

فَبِما رَحْمَةٍ مِنَ اللهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلو كُنْتَ فَظّاً غَليظَ القَلْبِ لانـفَضُّوا مِنْ حَولِـكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ واسْتَغفِر لَهُمْ وَشاوِرْهُمْ في الأَمرِ فَإذا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ إنَّ اللهَ يُحِبُّ المُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾ (آل عمران)

مومارەسەکردنی ڕاوێژ ئەندامانی بزوتنەوەکە ئامادەی بەشداری لە دروستکردنی بڕیاردا دەکات، وەسنوور بۆ ئاکارەکانی سەرکردە دادەنێت، وەڕێنومایی دەکات لەکاتی لادانی‌دا لەئامانجە هەمەکییەکان.

مەرج نیە کەسەرکردە لە هەمو کاروبارەکاندا پابەندبێت بەڕاوێژەوە. کاروباری ڕۆژانەیی ئاسایی بەهەمان شێوازی کاروباری پەیوەندی‌دار بەوێنەکێشانی سیاسەت ودارشتنی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، وە لەسەر ڕێکخراوەکەیە جیاوازی بکات لە نێوان ئەوەی کەرۆژانە و رۆتینی‌یە و ئەوەی لەو جیاوازە، بە پێی قەبارەی کارەکە و پێداویستی‌یەکانی و کەرەستە مرۆیی‌یە پێویستەکان. هەروەها لەسەر سەرکردە پێویستە کە پابەند بێت بەوەی پرۆسەی ڕاوێژ دیاری دەکات لە بڕیار و هەستێت بە جێبەجێ‌کردنی. و لەسەری پێویستە خۆی لابدات لەهێنان و بردن و یاری‌کردن بە ووشە بۆ سەپاندنی بیروڕای خۆی یان بۆ دژایەتی‌کردنی ئەو بڕیارانەی کەلە ڕێگای ڕاوێژەوە دراوە.

ئەم خاڵانەی خوارەوە بە شێوەیەکی گشتی چوارچێوەی مومارەسەکردنی ڕاوێژ دیاری دەکات:

١- بڕیاری کاروباری بەڕێوەبردن و جێبەجێ‌کردن بۆ سەرکردەی بەرپرس بەجێ دەهێڵرێت.

٢- لەسەر سەرکردەیە کە ووردبێتەوە لەو کاروبارانەی پێویستی بە بڕیاری خێراو بە پەلە هەیە و ئەو شتانەش بخاتە بەردەم بەرپرسەکانی تر لە یەکەمین کۆبوونەوەی داهاتوودا یان لەڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنی‌یەوە.

٣- پێویستە ئەندامان یان نوێنەرەکانیان بتوانن چاودێری جێبەجێکاریی سەرکردە بکەن و سەربەستانە و بەبێ شەرم کردن و دوودڵی لێی بپێچنەوە.

٤- پێویستە کەسیاسەت و ئامانجە دوورەکان دیاری بکرێن و بڕیارەکان وەربگیرێن لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوەوە و پابەندبن بە شێوازی ڕاوێژەوە، وە پێویستە کە نەهێڵرێت بە تەنها سەرکردە بەو کارانە هەڵبستێت.

**ب- دادپەروەری**

لەسەر سەرکردە پێویستە کە دادپەروەرانە و بەویژدانەوە مامەڵە لە گەڵ کەسانی تردا بکات بەبێ گوێدانە ڕەگەز و ڕەنگ و سەرچاوەی نەتەوەیی یان ئایینییان. وە قورئانی پیرۆز فەرمان بە موسڵمانان دەکات کە دادپەروەرانە مامەڵە تەنانەت لەگەڵ دژەکانیشیان بکەن و دەفەرموێت:

إِنَّ اللهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالعَدْلِ ... ﴿٥٨﴾ (النساء)

... وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُوا إِعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى...﴿٨﴾ (المائدة)

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا ...﴿١٣٥﴾ (النساء)

هەروەها سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی بنەمای گشتی بەوەی کە دادپەروەری بناغەی کۆمەڵگەی موسڵمانە لەبەرئەوە پێویستە لەسەر سەرکردە دەزگایەك بۆ دادوەری و ناوبژیوانی لەناو بزوتنەکەدا دامەزرێنێ بۆ نەهێشتنی دوبەرەکیە ناوخۆییەکان و لابردنی ستەم، بەشێوەیەك کەتاکەکانی لەوکەسانە بن کەخاوەن هۆش وتەقواو حیکمەت بن.

**ج- ئازادی بیروڕا**

لەسەر سەرکردە پێویستە کە کەشی گونجاو برەخسێنێت بۆ ڕەخنەی بنیادنەرو خۆی داوای بکات، وە بۆ ئەندامانیش هەبێت ڕاوبۆچونی ئازادی خۆیان دەربڕن و ڕەخنە بگرن و بە داوای وەڵامی پرسیار و لێکۆڵینەوەکانیان بکەن. خەلیفەکانی ڕاشدین ئەوەیان بەکارێکی سەرەکی دادەنا لە سەرکردەیی کردنیاندا، لە کاتێکدا ژنێکی بەتەمەن قسەی بەعومەری کوڕی خەتاب (ﷺ) بڕی کە ووتاری دەدا لەمزگەوت، دەمودەست خەلیفە دانی بەهەڵەکەی خۆیدانا،و سوپاسی خوداشی کرد کەکەسانێك هەن هەڵەکانی ڕاست دەکەنەوە. هەروەها ڕۆژێك عومەری کوڕی خەتاب پرسیاری لە جەماوەر کرد کەچی دەکەن، ئەگەر هاتوو ئەو دژی یەکێك لە ئامانجەکانی ئیسلام مامەڵەی کرد، یەکێکیان وەڵامی دایەوە کە بە شمشێرەکانیان بەرەنگاری دەکەن ئەمیری موسڵمانان سوپاسی خوای گەورەی کرد کەبینی لەنێو گەلەکەیدا کەسانێك هەن بەشمشێرەکانیان عومەر ڕاست دەکەنەوە ئەگەرلایدا.

لەسەر سەرکردە پێویستە هەوڵ بدات بۆ دروست کردنی کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ بیرکردنەوەی ئازاد و ئاڵوگۆڕی دروستی بیروڕاو ڕەخنە گرتن و ڕاوێژ، تا تاکەکان لە گفتوگۆ و ئاڵو وێری ئەو کارەی بەلایانەوە گرنگە هەست بە دڵنیایی بکەن. موسڵمانان

فەرمانیان پێکراوە بە پێشکەش کردنی ئامۆژگاری دڵسۆزانە ئەگەر پێویستی کرد. تەمیمی کوڕی ئەوس دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی:

((الدِّينُ النَصيحَة)) قُلْنا لِمَنْ؟ قَالَ: (لِلّهِ، وَلِرَسُولِهِ،وِلِكِتابِهِ،وَلأَئِمَةِ المُسْلِمِينَ وَ عامَّتِهِمْ))[1].

بەکورتی، سەرکردەیی ئیسلامی، بە خۆسەپاندن و ئاژاوە ئاشنا نییە. ئەگەر هاتوو سەرکردەی موسڵمان لەبنەما ئیسلامییەکانەوە سەرچاوەی گرت و هەستا بە ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوکارەکانی بەرێزەوەو بەبابەتیانە ئەوا بەدادوەرانە و ئازادەیەك بەبێ لایەنگیری بڕیار دەدات چەند لە توانایدا بێت، ئەو لەبەردەم و بەردەستەکانی و لێپرسراوەکانیدا بەرپرس نییە بەتەنها لەم جیهانەدا بەڵکو بەرپرسە لەبەردەم خوای گەورە و میهرەباندا - ئەمەش گرنگترە -. ئەم وێنەیە لەسەرکردەیی لەکەسانی تر تێدا بەشدارن نموونەیەکی باشترە، چونکە دەبێتە هۆی گەشەکردنی برایەتی لە نێوانیانداو، ئاستی ئەداکردنیان بەرزتر دەکاتەوە.

## پێنجەم: مومارەسەکردنی سەرکردەیی

### أ- جۆرەکانی سەرکردەیی

چەشنەکانی بەڕێوەبردن بەپێی واقعی کرداری چەند جۆرێکە، هەر لە ئۆتۆکراتییەوە کەبریتییە لە فەرمانی تاکڕەوی ڕەها بۆ لیبرالیەتی ئازاد.

**سەرکردەی خۆسەپێنەر**

- برێکی کەم بروای بە توانای ئەندامان هەیە.
- پێی وایە تەنها پاداشتی ماددی هانی خەڵکان دەدات بۆ کارکردن.
- فەرمان دەردەکات بۆ جێبەجێکردن بەبێ چەندوچون.

**سەرکردەی خۆسەپێنەری میهرەبان**

- بە ووشیارییەوە گوێ دەگرێت بۆ ئەو شتانەی کە شوێن کەوتووەکانی دەیڵێن.
- واپیشان دەدات کە ئەو دیموکراتییە و بڕوای بە شورا هەیە.
- بەڵام هەمیشە بڕیارەکانی بەشێوەیەکی تاکەکەسی دەدات.

**سەرکردەی دیموکراتی شورایی**

- بەشداری بەئەندامان دەکات لە وەرگرتنی بڕیارەکاندا.
- هەڵدەستێت بەشی کردنەوەی هۆکارو پێویستەکانی ئەو بڕیارانەی وەری دەگرێت.
- پیا هەڵدان و ڕەخنەکانی بەشێوەیەکی بابەتیانە دەردەبڕێت.

[1] صحیح مسلم

**بەلام سەرکردەی لیبرالی**

- متمانەی بە توانای خۆی لاوازە لەرووی سەرکردەییەوە.
- هەڵناستێت بەدیار کردنی هیچ لە ئامانجەکانی شوێنکەوتەکانیان.
- پەیوەندیو کارلێکی لەگەڵ تاکەکان کەمە.

شێوازی دیموکراتی لە سەرکردەیی کردندا زۆرترین کاریگەری و بەرهەمی هەیە، وە نزیکترینیانە لە شەریعەتی ئیسلامیەوە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی لە دایکبوونی بیری نوێ و دورستکردنی گۆڕانکاری ئیجابی و چەسپاندنی هەست بە بەرپرسیارێتی لە کۆمەڵدا.

**ب- ڕەگەزەکانی سەرکردەیی**

پێنج ڕەگەز هەیە کە سەرکردە بتوانێت بیچێنێت لە ناخی ئەندامەکانیدا، بریتین لە:

١- کۆنترۆڵی کات، ئەو کاتەی بەدەستەوەیە، لەکیسی مەدەو مەهێڵە زاڵ بێت بەسەر تۆدا، هەموو چرکەیەك بۆ بەرژەوەندی کاری بەئامانج بەسەرببە.

٢- جەخت لەسەر دەستکەوتە ڕاستەقینە بەرجەستەکان بکە، گرنگی بە ئەنجام بدە زیاتر لەوەی گرنگی بە کارەکە خۆی دەدەیت، هەوڵ بدە شێوازی تەواو لەدەست نەدەیت بەماندووبوون لەکاردا، بەڵکو ڕوو بکەرە دەرەوە بەرەو ئامانجە گەورەکان.

٣- هۆکارەکانی بەهێزبوونت گەشە پێ بدەو خۆت بەهۆکارەکانی لاوازبوونەوە خەریك مەکە. چ لەوەی پەیوەندی بەکەسایەتی خۆتەوە هەیە یان ئەوەی پەیوەندیدارە بەکەسانی ترەوە. ئاشناببە بەخاڵە بەهێزو لاوازەکانی خۆت. و پێی ڕازی بە، و بتوانە باشترینی ئەوەی لای کەسانی تر هەیە وەری گریت بە بێ ئەوەی بەمەترسییان بزانیت بۆ سەر پایەی خۆت.

٤- لەکارکردنتدا لە دەوری ئەو بوارە سەرەکییانە بخولێرەوە کە دیاری کراون و کەمن، کە لەئەنجامی کارکردنی جددی و سەرکەوتوانەدا بەرهەمی زۆریان دەبێت. ئەوەش بکە بەدیاریکردنی شتە لەپێش ترەکان و پێوەی پابەندبە.

٥- متمانەو پشت بە خوای گەورەو میهرەبان ببەستە، و هیواداربە بەوەی هەوڵی بەدیهێنانی دەدەیت، و ڕازی مەبە بەو شتانەی کەئاسان و کەمن، مادام تۆ لە پێناوی خوادا کاردەکەیت، لە خوا نەبێت لە کەسی تر مەترسە.

## ئایا دەتوانیت پێم بڵێیت کێ سەرکردە نییە؟

ئەو کەسە سەرکردە نییە کە دێت بۆ کۆبوونەوە بەبێ خۆئامادەکارییەکی پێشتر و دەڵێت: ((من هیچ نیم تەنها یەکێکم لە ئێوە، پێم بڵێن چی پێویستە هەوڵ دەدەم لەگەڵتاندا بم و پشتگیری هەر شتێ دەکەم کە ئێوە بڕیاری لەسەر دەدەن.))

پرسیار: کەسی سەرکردە کێیە؟

لەسەر سەرکردە پێویستە ئەو ئەرکانەی لەسەریێتی تەواوی بکات و خۆی ئامادە بکات بۆ کۆبوونەوە پێش ئەوەی بگات بە شوێنی کۆبوونەوەکە و بۆ جێگەی هەر قسەیەك قسەیەکی تری گونجاویش ئامادە بکات بۆ گفتوگۆکردن و ئەو بڕیارانەی دەیان دات.

یەکێك لەبرایان وا ڕاهاتبوو کەهەواڵی پێنەدەن چ بابەتێك باس بکات تا ئەچێتە سەر دوانگەکە، ئەمەش گاڵتە کردنە بە عەقڵی ئامادەبوان و بە فیڕۆدانی کات و مراندنی دەرفەتی گەشەکردنە بۆ سەرکردەو شوێن کەوتوەکانیش .

## لە شتە سەیرەکانی سەرکردەیی

### ئەو سەرکردەیەی کە هەوڵ دەدات هەموان ڕازی بکات!

کاتێك یەکێك سەردانی برادەرێکی کردبوو کە بەرپرسی یەکێك لە کارگەکانە، سەرپەرشتیاری کرێکارەکان هات و گازندەی یەکێك لە کرێکارەکان دەکرد بەرپرسەکە پێی دەڵێت: ((تۆ لەسەر حەقیت)). پاش ئەوەی سەرپەرشتیارەکە دەچێتە دەرەوە کرێکارەکە دێتە ژوورەوە و گازندە دەکات لە سەرپەرشتیارەکە بەرپرسەکە وەڵامی ئەویش دەداتەوە: ((تۆ لە سەر حەقیت)) . میوانەکە سەری سوڕ دەمێنێت و پرسیار لە برادەرە بەرپرسەکەی دەکات و دەڵێت ئەو دووانە هەردووکیان گازندەیان لە یەکتری کرد تۆ بە هەردووکیانت ووت لەسەر حەقیت، ئەمە چۆن دەبێت؟ بەرپرسەکە وەڵامی دایەوە و ووتی: ((وەڵا تۆش لەسەر حەقیت لەوەی کە دەیڵێیت)) .

ئەم جۆرە سەرکردە کارگێڕییە ئامانگەیەنێتە شتێکی بەکەڵك، بەڵکو دامەزراوەکە دەڕمێنێت. هەموان خاڵی لاوازی هەست پێ دەکەن و متمانەیان پێی نامێنێت.

### سەرکردە و خەڵك

دیغۆڵ دەڵێت: ((ئەگەر خەڵکی بەدڵیان نەبووم وولات بەجێ دەهێڵم)) .

دیکتاتۆریش دەڵێت: ((ئەگەر هاتوو بە دڵی خەڵك نەبووم دەتوانن وولات جێ بهێڵن)) .

### سندوقی دەنگدانی پیرۆز!

کەسێکی دەوارنشین لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ئێران لە نێوان جەنەراڵ زاهیدی و د. محمد موسەدەق دا لە ساڵانی پەنجاکاندا ڕوو دەکاتە یەکێك لە سندوقەکانی هەڵبژاردن و کڕنووشی بۆ دەبات و ماچی دەکات، یەکێك لە سەربازەکان پێی دەڵێت: ((ئەوە چی دەکەیت؟ ئەوە لە سندوقێکی تەختە بەولاوە شتێکی تر نییە)). پیاوەکە وەڵامی دایەوە: ((نەخێر! ئێوە ڕاستی ئەم سندوقە نازانن، ئەوە سندوقێکی سەیر و پیرۆزە و حەقی ئەوەی هەیە کە بپەرسترێت. خەڵکی دەنگیدا بە موسەدەق بەڵام ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا زاهیدی بوو.. گەورەیش هەر بۆ خوایە! )).

## ج- ڕێبازی پیتەر Piter's Principle

ئەم ڕێبازە دەڵێت هەرکەسێك لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی‌دا بەرەو پێگەیشتن دەڕوات تا دەگاتە ئاستی بێ‌توانایی لە کارکردندا. واتە ئەو کەسە لە جێگایەکەوە دەست پێ دەکات کە لەگەڵ بڕوانامە و تواناکانی‌دا دەگونجێت پاشان پلە بە پلە کارگوزاری سەردەکەوێت بە پێی کۆنیەتی و بەرزبونەوەی پایەکەی بۆ پلەیەك کەتوانای هەستان بەو کارەی نامێنێت. ئەمەش لە کۆتایی‌دا هەمووکارمەندان لە بواری ڕێکخراوەیی‌دا دەگرێتەوە.

ئەم ڕێبازەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێی دەوترێت بارگرانی تاکەکەس کەتاك دەگاتە بەرزترین پلەی بەخشین بەبێ ئەوەی پێداویستی‌یەکانی کارەکەی پڕ بکاتەوە لە جێگا نوێ‌کەیدا، لەوەی کە پێویستی پێی هەیە لە شارەزایی تایبەت و ئاستی زانستی کە لەسەروو هێزو تواناکانی ئەوەوەیە.

باشترین نمونە ئەوەتا کاتێك لە ڕێکخراوەکاندا دەبینین کەباشترین بەرپرسی لقێك هەڵدەبژێردرێت بۆ بەرپرسیارێتی ناوچەیەکی فراوانتر، پاشان پلەکانی تری ڕێکخراوەیی دەبڕێت تا دەگاتە جێگری سەرۆك و پارێزگاری لە توانا باشەکەی خۆی دەکات لە بەجێ گەیاندندا. بەڵام هەمان کەس کاتێك هەڵدەبژێردرێت بۆ سەرۆکی دامەزراوەکە بە تەواوەتی بەرەو هەڵدێری دەبات و سەرکەوتوو نابێت هەرچەندە لەوە پێشتر توانای باشی هەبووە، بەڵام ئەو توانایەی نی‌یە کە بڕیاری کاریگەر وەربگرێت بەبڕوای تەواو بەخۆی و سەربەخۆیانە. ئەوە دەشێت بۆ ئەوەی کە کەسی دووەم یان سێ‌یەم بێت بەڵام لەوە لاوازترە کە بەرپرسی یەکەم بێت.

**بیرۆکەیەك بۆ گفتوگۆ**

- هەندێکیان دەڵێن کە خاڵی لاواز و سەرەکی لە ڕێبازی پیتەر بریتی‌یە لە پشتگوێ خستنی توانای گەشەکردنی تواناکانی کەس لە گەڵ تێپەڕینی کاتدا، وە زۆر کەس هەن تواناکانیان گەشە دەکات گەر پلەی بەرپرسیارێتیان بەرزبۆوە.
- هەندێك دەڵێن ئەوەش لە بەرچاوگیراوە، و مرۆڤ بەردەوام گەشە دەکات تا ئەو ئاستەی کە لەوە زیاتری بەدوادا نایەت.



**ڕای تۆ چی‌یە؟**

| سەرکردەیی پێشەنگی دەکات! شوێنکەوتووەکان دوای دەکەون! ئایا بەڕاستی ئەمە دەکرێت؟ | |
|---|---|
| جاری واهەیە هەندێك لە سەرکردەکان شوێن سەربازەکانیان دەکەون، بەوەش واز لە ئەرکی سەرکردەیی کردنیان دەهێنن، وە کارەکانیان تەنها ڕەنگدانەوەی خواستی سەربازەکان یان مومارەسەکانیان دەبێت، لەو کاتەدا واز دەهێنن لە ئەرکی دەستنیشانکردنی ئاراستەی جموجوڵەکان، وە لە نێوان سەربازەکاندا بۆچوونێکی هەڵە دروست دەبێت بەوەی کە بڕیارەکانی سەرکردەکان بەسادە و ساکارو مەقبوڵ لەلایەن هەموانەوە لەقەڵەم دەدەن. لێرەدا درەنگ بێت یان زوو سەربازەکان بۆیان دەردەکەوێت کە دەتوانن واز لەو جۆرە سەرکردانە بێنن.<br>ئیسلامیش لە سەرکردەکان دەبێچێتەوە سەبارەت بە کردەوەی سەربازەکانیان.<br>سەرۆکی ڕابوردوی ئەمەریکی کینیدی ووتی: ((نامانەوێت وەك سەرۆکی شۆڕشی فەرەنسی بین کەووتی: ((ئەگەر هاتوو ڕۆڵەکانی گەلەکەم هەنگاویان نا پێویستە لەسەرم کە ئاراستەی ڕۆیشتنەکەیان بزانم تا پێشەنگیان بکەم بۆ ئەو جێگایەی دەیانەوێت بۆی بڕۆن)).<br>ڕۆژنامەی ئەندبانا دەیلی ستیودنت لە بەرواری ٦ی شوبات/ فبرایەر١٩٥٨، بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بۆ (ڕێکس ئەلەن ریدیفر)ی نوسەر کە پێناسەی ئەم جۆرە سەرکردانە دەکات لەژێر ناونیشانی: | **بیرۆکەیەك بۆ کارکردن** |
| ((دوای سەرکردە بکەون... ئەفسانەیەکی نوێیە ))<br>لەکاتێکدا کەژاوەیەکی شکۆدار بە یەکێك لە شەقامەکانی فەراغ شاردا دەپەڕیەوە، لە نێوان جەماوەرە زۆرەکەوە دەنگێك بەرزبۆوە هاواری دەکرد:<br>(( نەفامینە ئاگادار بن! ڕێگاتان وونکردووە، ئەو ڕێگایەی گرتوتانە بەر تەنها بەرەو تراویلکەو مەترسیتان دەبات)).<br>کەژاوەکە وەستاو خەڵکەکە ترسان: ((بەڵام ئەمە چۆن دەبێت؟)). بەیەك تێڕوانین سەیری پێشەوەی خۆیان کرد بینیان سەرکردەکەیان بەرەو پێشەوە بە شانازی و لە خۆبایی بوونەوە دەڕوات.. ووتیان: ((بێگومان بە ئاراستەی ڕاست دەڕوات، ئەوەتا سەربەرزانە دەڕوات.. بەڕاستی بەرەو ئاراستەی ڕاست دەڕوات )).. بە دڵگەرمیەوە بەشوێنیدا ڕۆیشتن.<br>بەڵام سەرکردەکە وەستا و نیشانەی ترس بەدەموچاویەوە دەرکەوت.. ئاوڕی دایەوە بۆ دواوە و پرسیاری لەخۆی کرد! ((ئایا من خەو دەبینم یان ڕاستە؟.. گومانی تێدانییە من بە ئاراستەی ڕاست دەڕۆم، ئەوەتا ئەو هەموو خەڵکە زۆرە بەردەوام دێن، ناشێت هەر ئەبێ لەسەر ڕێی ڕاست بم)). بەردەوام بوو لەڕۆیشتنەکەی.. بەرەو تیاچوون. | **ئایا سەرکردەیی بەدوای شوێنکەوتووەکانیدا دەڕوات** |
| چ پەندێك لەمە وەردەگیرێت؟ سەرکردە هەڵدەبژێرین و بە ویستی خۆمان بەدوایدا دەڕۆین، بەڵام بەردەوام لەسەرمانە چاودێری بکەین و بیربکەینەوە لە کارەکانی و هەڵی بسەنگێنین. بەرپرسیاریێتی تاکی موسوڵمان لە دواکەوتنی حەق تا ڕۆژی زیندوبوونەوە بەردەوامە ڕۆژێك دێت هەریەکێك لە ئێمە بە تەنها بچێتە بەردەمی خواوەند. | |

## ڕاهێنان لەبارەی سەرکردایەتییەوە

## پێوەرەکانی سەرکردایەتی کردن

گەورەی موسوڵمانان ئەبوبەکری صدیق (خ.ل) ئەو ڕۆژەی خەلافەتی گرتە دەست وتارێکی بۆ خەڵك خوێندەوە وەك یەکەمین خەلیفەی پێغەمبەری خودا (د.خ) و ووتی:

((أيّها الناسُ: قد ولّيتُ أمركم ولستُ بخيركم وإنّ أقواكم عندي الضعيف حتى آخذ بحقّه، وإنّ أضعفكم عندي القويُّ حتى آخذ منه الحقَّ، أيّها الناس: إنّما أنا متّبعٌ ولستُ بمبتدع، فإن أحسنْتُ فأعينوني وإن زغتُ فقوّموني. وحاسبوا أنفسكم قبل أن تحاسبوا، ولا يدع قومٌ الجهاد في سبيل الله إلاّ ضربَهمُ الله بالذّلّ، ولا ظهرت الفاحشةُ في قوم إلا عمَّهُمُ الله بالبلاء. فأطيعوني ما أطعت الله، فإذا عصيتُ الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم. ولوددتُ أنّه كفاني هذا الأمر أحدُكُمْ وإن أنتم أردتموني على ما كان الله يقيم نبيَّه من الوحي ما ذلك عندي، إنما أنا بشرٌ فراعوني...))

**پرسیار:**

ئەگەر ئەمڕۆ هەڵیان بژاردیت بۆ ئەوەی ببیتە خەلیفەی موسڵمانان چی بۆ قسەکانی خەلیفە ئەبوبەکری صدیق زیاد دەکەیت و چی لێ لادەبەیت. (تێبینی ئەوەبکە کە نابێت ووتارەکەی ئەبوبەکر وەك خۆی دووبارە بکەیتەوە لەبەرئەوەی ئەمڕۆ جیهان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە لە سەردەمی ئەوەوە (ﷺ)! بەکورتی وەڵام بدەرەوە!).

**بیرخستنەوەیەکی خودایی:**

وَرَفَعْنا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُم
بَعْضاً سُخْرِيّاً وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِمّا يَجْمَعُونَ ﴿٣٢﴾ (الزخرف)

## گفتوگۆ

١- ڕۆڵی ووردبینی لە پێکهاتەی سەرکردەیی‌دا چی‌یە؟
٢- چۆن سەربازەکان جیاوازدەبن لەگەڵ سەرکردەکاندا؟
٣- ئەو سێ بنەما سەرەکی‌یە چین کە زاڵن بەسەر کاری سەرکردەی موسوڵماندا؟
٤- ڕۆڵی ڕاوێژ چی‌یە لەسەرکردەیی ئیسلامی‌دا؟

## جێبەجێکردن

بابەت: بە سەرکردەی ڕێکخراوێکی ئیسلامی لە لایەن کۆمەڵەی گشتی‌یەوە هەڵبژێردرایت. هەنگاوێکی دوور و درێژت بڕیوە لەوکاتەوەی کە پێش دە ساڵ بویتە ڕێکخەری گەشتەکان، وە زۆر شتت لێ چاوەڕوان دەکرێت. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان گەشبینن بەتوانا سەرکردەییەکانت بەڵام هەندێکیان گومانیان هەیە دەربارەی تواناکانت. ئەمە یەکەم جارە کە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوت هەبێت لە کۆمەڵگادا هەرچەندە ساڵی پار سکرتێری دارایی ڕێکخراوەکە بوویت.

١- وەك سەرۆکی کۆمەڵەکە ڕەگەزە سەرەکی‌یەکان دابنێ بۆ یەکەمین ووتار کە دەیدەیت، وە ئەو خاڵانە دیاری بکە کە ئەندامە بەگومانەکانی پێ ڕادەکێشیت.
٢- ڕاپۆرتێك (مذكرة) ئاراستەی ئەندامانی لیژنەی ڕاپەراندن بکە. تیایدا ڕوونی بکەرەوە کە چۆن ئەرکەکانت ڕادەپەڕێنی وەك سەرکردەیەك کە نمونەی ئیسلامی بێت.
٣- هێڵە سەرەکییەکانی ئەو پلانە کتوپڕە دابنێ کە بەهۆیەوە چارەسەری ئەو کێبەرکێیانە دەکات کە ئەگەری ڕودانیان هەیە.

بەشی

٥

# هەڵبژاردنی سەرکردەکانی دواڕۆژ

**یەکەم : سەرکردەکانی دواڕۆژ کێن ؟**

**دووەم : سیفەتە پێویستەکان چین بۆ سەرکردە ؟**

ا - هۆکارگەلێك کە لێکۆڵینەوەی زانستی سەلماندونی

ب- هۆکارگەلێك کە تاقیکاری کرداری سەلماندونی

ج- هۆکارگەلێك کە شوێنکەوتوەکان سەلماندویانە

**سێیەم : کێ ئەو سیفەتانەی تێدایە؟**

ا - تاقی کردنەوە

ب- چاودێری

ج- تێبینی کردن

**چوارەم : پێوەری لێهاتوویی سەرکردەیی**

---

**ئامانجەکانی بەش**

پاش تەواوکردنی ئەم بەشە دەتوانیت هەستیت بە:

- دیاری کردنی سیفەتەکانی سەرکردایەتی و پێی ئاشنا ببیت.
- جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی ئەم سیفەتانەیان تێدایە.
- تاقیکردنەوەی کەسانی دیاریکراو وهەڵسەنگاندنی توانا سەرکردەییەکانیان.

## یەکەم : سەرکردەکانی دواڕۆژ کێن ؟

بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر بنەماکانی عەقیدە دروست بووە، بۆیە تاك خاوەنی ڕێزێکی گەورەترە لە کۆمەڵگادا، هەرچەندە لەخوا ترسانی زیاتر بوو، و خۆی لەشەڕ لادا، و بەدوای کاری چاکەدا بگەڕێت. سامانی مرۆڤ یان ڕەگەزی یان ڕەنگی یان خوێنی هیچ ڕۆڵێکی نییە لە بەرز بوونەوەی پایەیدا لای خوای گەورە و میهرەبان، یان لەنێو تاکە دڵسۆزەکاندا. قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

إِنَّ أَكْرَمَكُم عِندَ اللهِ أَتْقَاكُمْ...﴿١٣﴾ (الحجرات)

موسڵمانی ڕاست ئەو کەسە نیە کەواز لەژیانی دونیا دێنێت و دەست بەرداری دەبێت، بەڵکو ئەو مرۆڤەیە کە کاردەکات لەپێناوی بنیادنانی سستەمێکی ئیسلامیی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. مرۆڤەکان - پیاو و ژن - جیاوازیان هەیە لە تواناکانیاندا لە ڕێکخستنی کەسانی تردا و پێشڕەوایەتی کردنیان. بۆ زیاتر دەرخستنی ئەم ڕاستیە پێغەمبەر (ﷺ) داوا لەخوا دەکات کەسێکی وەکو عومەری کوڕی خەتاب بێتە ناو ئیسلامەوە کە ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو لە خزمەتکردنی نەتەوە بەو سیفەتە بەرزو دەگمەنانەی کە هەیبوو.

بەم شێوەیە لە نێو هەر کۆمەڵە مرۆڤێکدا کەسانێك هەن کەخاوەنی تایبەتمەندێتی دیاریکراو بن، وە لەسەرمان پێویستە بەو کەسە بەهرەمەندانە ئاشنابین و هانیان بدەین بۆ هەنگاونان. و دەبێت بواریان بۆ بڕەخسێنین ئەگەر هاتوو پابەندبوون بەڕەوشتەوە بۆ پێشکەوتن و خزمەتکردن بەکۆمەڵگا، و ووریا بین لە هەڵبژاردنیان و دەستنیشانکردنیان بۆ جێگای گونجاو تا توانا تایبەتەکانیان ببنە ڕەسیدێکی باش بۆ کارکردن.

ئەو خاوەن تایبەتمەندیە دەگمەنانە زۆرجار ڕازی نابن بەلەئەستۆگرتنی ئەرکی سەرکردەیی کردن یان پلەکانی بەرپرسیاریێتی، بەڵام لەسەر ئێمە پێویستە کە هانیان بدەین و پشتیوانیان بکەین و سیفەتە شیاوەکانیان بۆ سەرکردەیی بەهەند بگرین بۆ ئەوەی سوودەکە بۆ هەموو کۆمەڵگا بگەڕێتەوە. ئەگەر هاتوو هەستمان کرد بە کەسانی وا کەتوانای سەرکردایەتییان تێدایە و پابەند نین بەئیسلامەوە لەسەرمان پێویستە کە لەگەڵیان تێکەڵاو بین و کارلێکردن بکەین لەگەڵیاندا و دایەلۆکیان لەگەڵ بکەین بەشێوەیەکی ئیجابی بۆ بەهێزکردنی ئاراستە باشەکانیان. ئەگەر ئەو تواناییانەمان بەدیکرد لای ئەوانەی کەموسڵمان نین ئەوەی لەسەرمان پێویستە ئەوەیە کە هەموو هۆکارێکی دروست بگرینەبەر بۆئەوەی ئیسلامیان پێ بناسێنین، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

((النَّاس معادنُ خِيارُهُمْ في الجاهِلية خِيارُهُمْ في الأَسْلامْ، إِذا فَقِهُوا))[1].

## دووەم : سیفەتە پێویستەکان چین بۆ سەرکردە؟

لەوانەیە جیاوازیمان هەبێت دەربارەی پێناسەکردنی سەرکردایەتیکردن، بەڵام تێبینییەکان بۆمان دەردەخەن کەهەندێك کەس دەتوانن کاریگەرێتی لەسەر کەسانیتر دروست بکەن زیاد لەخەڵکی تر. وە دەکرێت ئەو هۆکارانەی کە وێنەی کەسانی سەرکردایەتی دیاری دەکەن ڕیزبەندبکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ - هۆکارگەلێك کە لێکۆڵینەوەی زانستی سەلماندونی.
ب- هۆکارگەلێك کە تاقیکاری کرداری سەلماندونی.
ج- هۆکارگەلێك کە شوێنکەوتەکان دەریان بڕیوە.

بێگومان تێکەڵاوی هەیە لە نێوان ئەو سێ شتە لێك نزیکەی کە پەیوەندیدارە بەدیاردەی سەرکردایەتییەوە. بەڵام هەمویان هەمان بابەت چارسەر دەکەن.

### أ - هۆکارگەلێك کە لێکۆڵینەوەی زانستی سەلماندونی.

ئەم هۆکارانە دەرکەوتن لە بڵاوکردنەوەی سەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کەبۆ کەسایەتی سەرکردەیی سەرکەوتوو وە پیاوانی خاوەن کار و لێپرسراوانی پرۆژە سەرکەوتووەکان ئەنجام دراوە. ( ئەم سیفەتانە بەهەمان شێوە بەسەر ژنانیشدا جێبەجێ دەبێت هەروەك پیاوان).

---
[1] سەحیحی بوخاری، سەحیحی موسلیم، سننی دارەمی، مەسنەدی ئەحمەد.

١- **توانای زەینی:** مەرج نی یە کە مرۆڤ بلیمەت بێت .

٢- **گرنگیدان و توانا فراوانەکان:** سەرکردەی سەرکەوتوو دیلی پسپۆرییەکی تەسك نابێت، بەڵکو خاوەنی تێگەیشتنێکی گشتییەو رۆشنبیرییەکی فراوانەو توانایەکی جۆراوجۆری گرنگی تایبەتی هەیە بەوکارەی پێی سپێردراوە سەرەڕای گرنگیدانی بەزۆر لەکێشەو چالاکی پێویستی لەو دەوروبەرەی تیایدا جوولە دەکات. ئەو کەسێکی بەهرمەند و هەست فراوان و ئاسۆ فراوانە.

٣- **لێهاتوویی لە پەیوەندی کردن ویەکتردواندن:** یەکێك لە سیفەتە دیارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بوو ((باشترین زمانپاراوی عەرەب بو)). وە لەکتێبی کامبردج بۆ مێژووی ئەدەبی ئەمەریکی داهاتووەکە سەرۆك لنکۆلن سالی ١٨٦٠ بەهۆی سیاسەت و کارەکانی‌یەوە نەبوو بەسەرۆکی حیزبەکەی بەڵکو بەهۆی شێوازی دواندن و دەربڕینەوە بوو. وەك ئەوەی لە هەموو شۆڕشەکاندا دەڵێن،((بەتواناترینیان لە دەربڕیندا سەبارەت بە شۆڕشەکە ئەوانەن کەدەتوانن پێشڕەوایەتی بکەن)).

٤- **پێگەیشتن (النضج):** هیچ ئاسەوارێکی منداڵێتی لە کەسایەتی سەرکردەی سەرکەوتودا نی یە، وەهەموو ئاراستە و هەڵسوکەوتەکانی نیشانەی پیاوەتی و پێگەیشتن و رێزگرتنی بەرپرسیاێتی‌یەکەی پێوە دیارە. بەڵام لە رووی دەروونی‌یەوە هەمیشە دڵنیایە و هاوسەنگە لەخودی خۆیدا ئەمەش وای لێدەکات کە سەرچاوەی متمانەو دڵنیایی بێت لای شوێنکەوتوەکانی.

٥- **هیممەتی بەرز:** مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بەوە ئاشنا بووە کە هێزی کەسایەتی و دەست پێشخەری و ئازایەتی و ووزە بەرزی هەمووی لەسیفەتە دیارەکانی سەرکردەیی بەهێزن. سەرکردەی سەرکەوتوو حەزدەکات بەدانانی نەخشە و رێکخستنی کاری کەسانی تر وئاراستەیان دەکات.

٦- **لێهاتوییە کۆمەلایەتی‌یەکان:** سەرکردەیی لەبنەڕەتدا بەدیهێنانی کارە لەرێی کەسانی ترەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرکردەی سەرکەوتوو دەبێت زۆر پشت ببەستێت بە بەهرەی کۆمەلایەتی. لەسەرکەسانی سەرکردەیە کە ئاگایان لە هەستی کەسانی تر بێت حەزو ئارەزوە ئاشکراو شاراوەکانیان پێشێل نەکات. هەروەها پێویستە لەسەری برێکی زیاتر گرنگی پێدان بخاتەروو بۆ ئەوەی باشتر کاریان تێبکات.

٧- **توانا کارگێڕییەکان:** تێڕامان و ڕەسەنیی و داهێنان و نەخشەکێشان و ئاراستەکردن و توانای بە جێگەیاندن و هەڵسەنگاندنی خەڵك و هاندان و فێربوون و زیندوکردنەوە و شیکردنەوە و ووردی لەتێبینی‌دا و دووربینی و توانای چاککردن و کورتکردنەوە و راپۆرت ئامادەکردن و بڕیار وەرگرتن تواناو بەهرەیەکن گرنگ ترن لەو بەهرە هونەری و تەکنیکی‌یە تایبەتانەی پەیوەستن بەکارکردنەوە، و سەرکردەکانیش بەشێوەیەکی تایبەت پشتی پێ‌دەبەستن.

## ب- هۆکارگەلێك کە تاقیکاری کرداری سەلماندونی.

ئەم هۆکارانە بەرهەمی تاقی کردنەوە و شارەزایی ئەو سەرکردانەن کەجێبەجێکردن و سەرکردایەتی کردنیان تاقیکردوەتەوەو رێکخستنی کارو چالاکی‌یان لە ئەستۆ گرتووە:

### ١) سیفاتە چاوەڕوان کراوەکان لە کەسی سەرکردەدا :

١- خووڕەوشت جوانی
٢- لێهاتوویی لە تێڕامان و بۆچووندا
٣- بوونی توانای بەڕێوەبردن و ڕێکخستن
٤- بەویژدانی بەرامبەر هەمووان
٥- هەمە چەشنەیی گرنگی پێدانەکان
٦- بە توانایی لە ئاراستەکردندا
٧- پێگەیشتنی عاتیفی
٨- گرنگیدان بەنەخشەکێشان
٩- ڕێزگرتنی خۆی و کەسانی تر
١٠- کۆڵ نەدان و لێبڕان
١١- یەکلاکردنەوەی بڕیار
١٢- باشی ڕێکخستن و ڕێکوپێکی
١٣- جێگەی بڕواو متمانە بێت
١٤- دڵگەرمی
١٥- ووزەو گوڕ
١٦- گرنگیدان بەمەشق کردنی کەسانی تر
١٧- باش دەربڕین(بە ووتاردان و بەنووسین)
١٨- لۆژیکی و ڕاستی و دروستی لە بیرکردنەوەدا
١٩- ووریایی و بیر تیژی
٢٠- مەزەندە کردنی بەرپرسیارێتی
٢١- هەنگاونان بەرەو باشتر
٢٢- دەوڵەمەندی بیرِاو تواناکان
٢٣- گیانی دەست پێشخەری و لێ بڕان بۆ کارکردن
٢٤- دڵسۆزی بۆ خودا و ڕاستگۆیی لەگەڵ خەڵکدا
٢٥ - هەستی مرۆڤانەی بەجۆش
٢٦- خۆگرتنەوە لەداوای پلەو پایەدا (ئەوەی داوای بکا نایدرێتێ)

### ٢- زانیاری گریمانەیی دەربارەی سەرکردە:

١- ئامانجەکانی کارکردن و بنەما و مەبەستەکانی.
٢- پەیکەری ڕێکخراوەیی و ئاراستەکاریەکانی.
٣- ئەرکەکان و بەرپرسیارێتی‌یەکان.
٤- سیاسەتەکانی ڕێکخراوەکەو مومارەسەو لێپێچینەوەکانی.
٥- بنەما سەرەکییەکانی لە ئابوریدا.
٦- بنەماکانی زانستی بەڕێوەبردن و شێوازەکانی.
٧- بەرهەمەکانی ڕێکخراوەکەو بوارەکانی کارکردنی.
٨- نەخشەکێشان و خشتەی کات و چاودێری کردن.
٩- پێداویستی‌یەکانی خەرج کردن و چاودێری کردنی.
١٠- زانیاری پیشەیی و تەکنیکی و بازرگانی و کرداری.
١١- پێداویستییەکانی ئاسایی و کۆنترۆڵ کردنی.
١٢- بنەما سەرەکی‌یەکانی بیرکاری و زمان و زانستە سروشتییەکان.
١٣- یاساو یاساگوزارییە پەیوەستەکان بەکارەکەیەوە.
١٤- پێودانگ و پێوەرە تایبەتەکان بە پیشەوە.
١٥- هێزی کەسایەتی و پێداویستی‌یەکانی گەشەپێدانی.
١٦- هونەر و زانستی بیری داهێنەرانە.
١٧- بنەما و شێوازەکانی پەیوەندیە مرۆڤایەتی‌یەکان.
١٨- بنەما و شێوازەکانی و هۆکارەکانی پێگەیشتن و بەگەڕخستنی.
١٩- بنەما و کەرەستەکان و شێوازەکانی مەشق کردن.
٢٠- سستمی پاداشت و سزادان لەڕێکخراوەکەدا.
٢١- پاراستنی ئامێرەکان و کەل و پەل و کەرەستەکان.
٢٢- فەرمانی یەکەکانی کارمەندانی ڕێکخراوەکە.
٢٣- پەیوەندی کردن.
٢٤- داخوازییەکانی سەلامەتی لەکارکردن و لەماڵەوە و یان کاتی پشودان.
٢٥- تاکەکان و ئامێرەکان و کەرەستەکان و ئامرازەکان.
٢٦- بەدیهێنانی بەرهەمی زۆر و جۆری باش بە تێچوونێکی کەم.

**٣- بەهرەمەندییەکان: پێویستە سەرکردە چالاکی و بەهرەمەندی لەم بوارانەی خوارەوەدا هەبێت:**

١- بیرکردنەوەی داهێنەرانە.
٢- نەخشەکێشان و رێکخستن و جێبەجێ کردن و چاودێری کردن.
٣- فێرکردن و ئاراستەکردن و مەشقی مەیدانی.
٤- دابەش کردنی کارەکان بەسەر ئەندامانی تیمەکەدا.
٥- دەستەبەرکردنی کەرەستەو ئامێرە یەدەکەکان.
٦- هەڵبژاردنی تاکەکان و بەکارخستنیان.
٧- پێشکەشکردنی زانیاری بەکەسانی تر یەك لەدوای یەك.
٨- توانای چاودێری‌کردن و کۆنترۆڵ کردن.
٩- کەمکردنەوەی زیان و خراپ بوون.
١٠- کۆنترۆڵی خەرجییەکان.
١١- داخوازییەکانی ئایابی و راگرتنی.
١٢- جێبەجێ‌کردنی سیاسەتەکان و قەواڵەکان ولێپێچینەوەکان.
١٣- بایەخدان بە ئاکاری کارمەندەکان و گوزەرانیان.
١٤- هاوکاری‌کردن لەگەڵ کەسانی تردا.
١٥- تۆمارکردنی رووداوەکان و کارەکان و ووردو درشتەکان.
١٦- دانانی سستم و یاساکان بەمەبەستی جێبەجێ‌کرن.
١٧- چارەسەرکردنی کێشەی کارمەندان.
١٨- پابەندبوونی بەردەوام بەبنەماکانی سەلامەتی.
١٩- رووبەرووبوونەوەی حاڵەتی کتوپڕی (الطوارئ).
٢٠- لەبەرچاوگرتنی پاك و خاوێنی و رێك و پێکی.
٢١- بەردەوامی لە خوێندن و فێربوون بۆ باشترکردنی ئاستی بەجێگەیاندن.
٢٢- دڵسۆزی لەکارکردن و لەدەست نەدانی کات.
٢٣- ئاگاداری لەپێشکەوتنەکان و پاراستنی لیاقەی بەدەنی.
٢٤- پێشکەشکردنی پێشەنگی باش.
٢٥- سەرکردایەتی کردن لەپێناوی زیادکردنی بەرهەم و باشی جۆرەکەی و کەم کردنەوەی تێچوونەکەی.

**ج- ئەو هۆکارانەی کە شوێنکەوتوەکان سەلماندویانە:**

ئەمانەش پایەی سەرکردایەتین کە کارمەندان تێبینیان کردووە لە سەرکردەکانیاندا لەهەڵوێستی جۆراوجۆرەوەو دەریان بڕیوە:

| | | |
|---|---|---|
| ١- دڵنەوایی کەسانی تر | ٥- ناسینی خەڵك | ٩- یەکلاکردنەوە |
| ٢- ئازادبوون و پاکێتی | ٦- خۆکۆنترۆڵ کردن | ١٠- هەیبەت و بەهێزیی کەسێتی |
| ٣- ئەمانەت و یەك باری | ٧- ئازایەتی | ١١- گرنگی‌دان بەکەسانی تر |
| ٤- پوختەیی (الأتقان) | ٨- رونێتی و راشکاوی | ١٢- حەزکردن بە یارمەتیدان |

دەتوانین ئەم هۆکارانەی تریش زیاد بکەین بۆحاڵەتی دیاری کراو وەك ئەوەی پێویستی بە ئاستێکی پەروەردەیی یان زانستی دیاری‌کراو یان توانای جەستەیی تایبەت هەبێت.

## سێیەم: کێ ئەو سیفەتانەی تێدایە؟

بۆ ئەوەی ئەوە دیاری بکەین کەکێ لە خەڵکی ئەو سیفەتە پێویستانەی هەیە، دەبێت هەستین بە هەڵسەنگاندنی هەڵبژێردراوەکان بە پێی کۆمەڵێك پێوەر، و بەم ڕێگایانەی خوارەوەش دەبێت:

### أ- تاقیکردنەوە:

ئەو تاقی کردنەوانە چ بابەتی بن یاخود خۆیی، ئەم کارانەی خوارەوەدیاری دەکەن:

أ - ئارەزووەکان (ئەمەش خەسڵەتێکی ڕەها نییە).

ب- توانا شاراوەکان (کە لەوانەیە بە تەواوەتی هێشتا گەشەی نەکردبێت).

ج- خاڵە لاوازەکان کەلەوانەیە هەبن (ئەویش وەك خۆی دەمێنێتەوە تا پێچەوانەکەی دەسەلمێت) لە سێ بواری سەرەکیدا، کە:

١- ووزە بۆ کارکردن (ورە-زانین-بەهرەکان-تواناکان)

٢- ئارەزووی کار بەجێگەیاندن (گیانی دەست پێشخەری-بزاوتی خودی-جوڵەی پاڵنەر)

٣- توانای پێکەوە گونجان (لەگەڵ خۆو کەسانی تریش)

### ب- چاودێری:

دەکرێت کەسی سەرکردە لە کێشە جۆراوجۆرەکاندا بخرێتە ژێر چاودێرییەوە، کەئامادەکراوە بۆ تاقیکردنەوەی سەرکردەکان لە ماوەیەکی کورتدا، لەو ماوەیەدا دەخرێتە ژێر تاقی کردنەوەیەکی وورد و بەردەوام لەلایەن نێوبژیوانی ئامادەو بە تواناوە کە بتوانن هەڵسوکەوت و کارەکانی شیبکەنەوەو هەڵیبسەنگێنن.

### ج-تێبینی

لە ڕێگای بەرهەمی تاقیکردنەوە و ئەوەی بەدوایدادێت لە هۆکارو شێواز، بڕێك زانیاری و ئەنجامی گرنگ دروست دەبێت، بەڵام بڕێکی گرنگ لەو زانیاریانە ناسراو نابن. وە بۆ تەواوکردنی هەڵسەنگاندنی ڕەفتارەکانی تاك و چاودێری دەکرێت، هەروەها هەڵوێستی و باری ژیانی بەگشتی.

### هەمیشە لەبیرت بێت کە:

- دەستنیشانکراو بۆ سەرکردایەتی دەبێت لەسنورو ئاستی هەرە بەرز تێنەپەڕێت و لەخوار ئاستی هەرە کەمەوە نەبێت بەپێی ئەو پێوەرانەی کە دیاریکراوە لە خشتەکاندا.
- لەسەر هەڵبژێردراوە بۆ سەرکردایەتی کە کەموکوڕیەکی وای نەبێت لایەنە باشەکەی داپۆشێت.
- هەڵبژێردراو بۆ سەرکردەییکردن توانای کارو بەخشی هەبێت لەژێر بارودۆخێکدا کە پێویستی بە فێربوونی چڕوپڕ هەبێت.
- هەڵبژێردراو بۆ سەرکردایەتیکردن ئەو کەسەیە کە یەکسەر بەبەڵێ وەڵام دەداتەوە، کاتێك لێی دەپرسن: ((ئایا ئێمە بێ گرفت و پارێزراوین لەسایەی فەرمانڕەوایی تۆو بەردەستی تۆدا؟)).

## چوارەم: پێوەری لێهاتوویی سەرکردەیی

بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی کەسی سەرکردەیی لەسەرمانە کە وەڵامی ئەو پرسیارانەی روون کردنەوەن و لای خوارەوە هاتوون، کە دەکرێت لەلایەن کەسێکەوە یان زیاتر وەڵام بدرێتەوە لە خاوەن زانست و شارەزایی لەوانەی کە کەسی هەڵبژێردراو چاك دەناسن، پاشان ناوەندی کۆی وەڵامەکان وەردەگیرێت، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك نزیك بێت لەڕاستییەوە.

**ڕێنمایی**

لەسەر وەڵامدەرەوەیە کە نیشانەیەك بۆ هەر بەندێك دابنێت لە خانەیەکدا.

لەسەر هەڵسەنگێنەرە کە خاڵەکانی تایبەت بە هەر بەندێك کۆبکاتەوە و ئاستێکی ناوەندیی هەر بەندێك دەربێنێت، ئەگەر زیاتر لەیەك وەڵام دەرەوە هەبوو، پاشان نمرەکان کۆدەکرێتەوە بۆ دیاری کردنی پلەی کۆتایی هەموو هەڵبژێردراوەکان.

**پرسیار( لەگەڵ ڕوونکردنەوەدا )**

١- **ڕابەرایەتی کردن:** هەندێکیان بەهرەی تایبەتیان هەیە بۆ سەرکردایەتی کردن، جێگای چاوتێبڕینی دەورو پشتیانن و زۆرکات پلەی یەکەم بەدەست دێنن و لە هەرکارێکدا چاوەڕوانی پێشکەوتنیان لێ دەکرێت بۆ سەرکردایەتی کردن. لە بەرامبەریشدا خەڵکان دەبینین کە ڕازی دەبن بەوەی کەشوێن خەڵك بکەون و هیچ ئەرکێك و لەهیچ جۆرێکیان پێنەسپێردرێت. لەنێوان ئەم دوو جۆرەشدا کەسان هەن توانای سەرکردایەتی کردنیان هەیە بەپلەی جیاجیا. بەپێی تێبینییەکانت لە جێبەجێ کردنی کەسێکی دیاریکراودا چۆن ئەو کەسە هەڵدەسەنگێنیت بە بەراوردکردن بەبەرامبەر هاوڕێکانی و هاوتەمەنەکانی؟

(٥ خاڵ) ________ سەرکردەیی لەجۆری زۆرباش

(٤ خاڵ) ________ سەرکردەیی لە زۆربەی کاتەکاندا

(٣ خاڵ) ________ لێهاتوویی مام ناوەندییە لەسەرکردایەتیکردندا

(٢ خاڵ) ________ بەلای بەردەستیدا دەڕوات زیاتر لە سەرکردایەتی

(١ خاڵ) ________ شوێنکەوتەیەکی بەرفرمانە و لە شوێنکەوتەیی زیاتری ناوێت

٢- **ڕەسەنیەتی بیرکردنەوە:** هەندێك کەس بێ لایەنن و داهێنەرن لە بیرکردنەوەیاندا، و (ڕاوبۆچوونی تایبەتیان) هەیە لەزۆربەی کاروبارەکاندا. ئەوانە کارەکان شیدەکەنەوە و ڕاڤەی دەکەن و دەگەنە بیروڕاو پێشنیاری ڕەسەن (أصیل) سەبارەت بە بەرنامەی کارکردن. لەهەمان کاتدا کەسان هەن هیچ بەشێکیان لەوەدانییە، زۆرکات لای خەڵکانی تر بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن، پێش ئەوەی بیری خۆیان بەگەڕ بخەن، با هەڵسەنگاندنت بۆ ئەو کەسە پشت ببەستێت بەو کارانەی کە پێی هەڵدەستێت بە ڕاستی.

(٥ خاڵ) ________ ڕەسەنیەتی بیرکردنەوە لەسەرو ئاستی ئاساییەوە

(٤ خاڵ) ________ زیاتر داهێنەرە لە کەسانی سروشتی یان ئاسایی

(٣ خاڵ) ________ لە ئاستی زۆرینەی خەڵك دایە

(٢ خاڵ) ________ حەز بەوە دەکات کە پشت بەکەسانی تر ببەستێت لە بیروڕاکانیدا

(١ خاڵ) ________ هیچ ئارەزوویەکی بیرکردنەوەی ڕەسەنی دەرناخات

٣- **کاریزمای کەسێتی یاخود دەسەلاتی کەسێتی:** هەندێك کەس توانای ئەوەیان هەیە کە خۆشی بخەنە دڵی ئەو کەسانەی لە دەوروبەریانن ئەو کەسە زوو ڕادێت و خەڵکیش لەگەڵی ڕادێن (ألفٌ مألوف)، بەلام هەندێك کەس بەدیبینن بەرامبەر بەو کەسانەو بە شەرانی و وشك و بەفیزیان لەقەڵەم دەدەن. کەسایەتی ڕووخۆشیش پێشوازی زۆر دەکرێت لە هەموو جێگایەك و لە هەموو لایەکەوە بانگهێشت دەکرێت و هاوڕێ وناسیاوی زۆر دەبێت، ئەو کەسانەش کە خۆشەویست نین کەم کەس گوێیان پێدەدات، وەزۆرکات خاوەنەکەی لەلای خەڵکی پشت گوێ دەخرێت. ئەوەی داواکراوە لێرەدا هەڵسەنگاندنی ئەو کەسەیە لەهەڵوێستەکانیدا لە بەرامبەر خەڵك و هەڵوێستی خەڵکیش بەرامبەر بەو:

(٥ خاڵ) ________ لەپەسەندترینی خەڵکن لای کۆمەڵ، خەڵکیان خۆش دەوێ و خەڵکیش ئەوانی خۆش دەوێت

(٤ خاڵ) ________ جەماوەرێکی باشی هەیە

(٣ خاڵ) ________ مام ناوەندییە- پێشوازی مام ناوەندی لیّ دەکرێت و زۆر ناوازە نییە

(٢ خاڵ) ________ جەماوەری کەمە

(١ خاڵ) ________ تێبینی خراپ بەجیّ دەهێڵیّ لەدڵی زۆرینەی خەڵکدا

٤- **پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە:** هەندێ کەس لە توانایدایە بە شێوازێك قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکات کە سەرنجی ئەوانی تر بۆ خۆی ڕابکێشێت و بتوانێت بیروڕاکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڕوونی بگەیەنێتە خەڵك، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە، کەسان هەیە زۆر هێواش دەدوێن و بە دوودڵییەوە بە ڕێگایەك قسە دەکەن کە هیچ سەرنج ڕاکێش نییە. وە خەڵکانیش هەن پلەی بەرز و نزمیان لە توانای قسە کردن و پەیوەندی کردن بە دەوروبەریانەوە هەیە. داواکراو لێرەدا ئەوەیە کە ئەو کەسە هەڵبسەنگێنرێت بە بەراوردکردن لەگەڵ خەڵکانی تردا. ئایا خەڵك بەخێرایی و بە ئاسانی لیّی تێدەگەن؟ ئایا بە خۆشیەوە و بیّ دەنگ گوێی بۆ شل دەکەن کاتێك قسە دەکات؟ هەوڵ بدە تاقیکردنەوەی دیاری کراوت لەم بارەیەوە وەبیربێتەوە.

(٥ خاڵ) ________ قسەکەرێکی زۆر بەتوانایە

(٤ خاڵ) ________ لە دەربڕین و گەیاندنی بیروڕاکانیدا لەسەرو مام ناوەندییەوەیە

(٣ خاڵ) ________ لەئاستی زۆرینەی خەڵکدایە

(٢ خاڵ) ________ قسەکەرێکی باش نییە

(١ خاڵ) ________ لە ئاستێکی زۆر نزمدایە لە قسەکردندا

٥- **دەست پاکەو دەکرێت پشتی پیّببەسترێت:** هەندێك کەس جێگای متمانەن لای خەڵکی تر، و بەدەست پاك دادەنرێن لەهەموو هەڵوێستەکاندا، وە هەموان ڕێزیان لیّدەگرن. بەڵام وێنەی بەرانبەری کەسێکە سپاردە ناپارێزێت و لەهیچ شتێکدا پشتی پیّنابەسترێت. داواکراو لێرەدا ئەوەیە لێکۆڵینەوە لەسەر هەڵبژێردراو بکەیت وەك ئەوەی کە دەیناسیت. بەپیّی ئەوەی کە لەسەری زانراوە و پایەی دیاری بکە لە تەرازووی متمانەو هێزدا بە بەراوردکردن لەگەڵ دەوروبەری.

(٥ خاڵ) ________ تا ڕادەیەکی زۆر بەرز ڕێزی لیّ دەگیرێت و جێگای متمانەیە لەلای خەڵکی

(٤ خاڵ) ________ لەگەڵ ئەوانە دەژمێردرێت کە پشتی پیّدەبەسترێت

(٣ خاڵ) ________ لەئاستی زۆرینەی خەڵکدایە

(٢ خاڵ) ________ لە هەندێك کاتدا پشتی پیّدەبەسترێت

(١ خاڵ) ________ پشتی پیّ نابەسترێت

**خشتەی نیشانەکان :**

| | بەندی یەکەم | بەندی دووەم | بەندی سێیەم | بەندی چوارەم | بەندی پێنجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامی کەسی یەکەم | | | | | | |
| وەڵامی کەسی دووەم | | | | | | |
| وەڵامی کەسی سێیەم | | | | | | |
| وەڵامی کەسی چوارەم | | | | | | |
| وەڵامی کەسی پێنجەم | | | | | | |
| **تێکڕایی بەندەکان** | | | | | | |
| **کۆی کۆتایی** | | | | | | |

## خشتەی هەڵسەنگاندن: چۆنیەتی جیاکردنەوەی براوە لە دۆڕاو

### سەرکەوتوو یان براوە

- پابەند بێت بە بەڵێنەکانی
- بە باشی لە کێشەکە دەکۆڵێتەوە
- ڕێز لە کەسانی تر دەگرێت لە سەرکەوتوان و هەوڵ دەدات لێیانەوە فێر بێت.
- دەزانێت کەی ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت و کەی بە چارەسەری مام ناوەندی ڕازی دەبێت.
- هەست بە بەبرپرسیارێتی دەکات تەنانەت لە دەرەوەی بازنەکەی خۆیدا
- زۆر لە نوچ دان یا زەرەر ناترسێت
- ڕازییە و هەوڵ بۆ باشتر دەدات
- پێی باشە خەڵك ڕێزی لێ بگرن لە ڕێگای هەڵوێستەکانی‌یەوە زیاتر لەوەی لەبەر کەسایەتی خۆیەتی هەرچەندە هەوڵ دەدات بۆ هەردوکیان
- دان بە هەڵەکانی‌دا دەنێت ئەگەر هەڵەی کرد
- داوای لێبوردن دەکات بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی
- گورج و گۆڵە لە کارکردندا و کات بەفیڕۆ نادات
- بۆ هەموو هەنگاوێکی حسابی خۆی دەکات
- هەست بە بڕوابوون بە خۆی دەکات بەشێوەیەك کە هەمیشە خوێن شیرینە
- کارەکان ڕوون دەکاتەوە و شی‌دەکاتەوە
- باش گوێ دەگرێت
- بەدوای ڕێگای باشتردا دەگەڕێت لە کارکردندا
- هەمیشە خەریکی توێژینەوە و لێوردبوونەوە و حەز بەوەرگرتنی زانست و شارەزایی دەکات

### سەرنەکەوتوو یان دۆڕاو

- هەر لەخۆیەوە بەڵێن دەدات
- بەدەورووبەری کێشەکەدا دەسوڕێتەوە و بەرەنگاری نابێتەوە
- قینی لەسەرکەوتووەکانەو لەکەمیندایە بۆ عەیبەکانیان
- بەچارەسەری مام ناوەندی ڕازی دەبێت لە کارە سەرەکی‌یەکاندا و بەرەنگاری کارە لاوەکی‌یەکان دەبێتەوە کە پێویستی بەڕووبەڕووبوونەوە نی‌یە
- گرنگی نادات تەنها بەدەورووبەری کارە تەسکەکەی خۆی نەبێت
- گومانی لەسەرکەوتنی خۆی هەیە
- پاساو دەهێنێتەوە بەوەی کەکەسی خراپتر لەخۆی هەیە
- هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خەڵك بۆ کەسێتی خۆی زیاتر لەوەی بۆ هەڵوێستەکانی بێت، ئامادەشە بۆ لە ئەستۆ گرتنی هەندێك بێزاری وەك باجێك بۆ ئەوە
- دان بە هەڵەدا نانێت و دەڵێت: ئەوە هەڵەی من نی‌یە
- داوای لێبوردن دەکات بەڵام دەگەڕێتەوەو هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە
- تەمبەڵە و کات بەفیڕۆ دەدات
- تەنها بەدوو خێرایی دەجوولێتەوە: خێرای‌یەکی شێتانە و یەکێکی تر زۆر خاو
- کەسێکی هاوسەنگ و ڕۆح سوك نییە، یان ئەوەتا کزۆڵەیە یان شەڕەنگێزە
- کارەکان ڕووپۆش دەکات و تەم و مژی لەسەر دروست دەکات
- بەبێ گوێدانە هیچ شتێك قسە فڕێ دەدات
- لاسایی خەڵك دەکاتەوە و، هەمیشە بەدوای ڕۆتینەوەیە
- گەمژەو وورە ڕووخێنەرە

## ڕاهێنان

**لە هەڵسوکەوتەکانی سەرکردە**

لە ڕستەی کورتدا ڕوونی بکەرەوە کەچی لەم دوو دروشمە تێدەگەیت:

**((تێك شکاو سەرکەوتوو نابێت...**
**و سەرکەوتوو تێناشکێت!))**

**((پێشەنگی یان شوێن بکەوە**
**یان خۆت لەسەر ڕێگاکە لابدە!))**

ئایا لەتواناتدایە ئەو دوو دروشمە گرێ بدەیت بەهەڵوێستی دیاری کراوەوە لەتاقیکردنەوەی تایبەتی خۆتدا؟ بەشداری هاوڕێکانت بکە ئاکامی کارەکەشت لە وەرشەی کاردایە

### ڕاهێنان بۆ تێڕامان

پاش وەرگرتنی بابەتەکانی ئەم بەشە، ئایا پێت وایە کە دەتوانیت کەسێکی سەرکردەت دەست بکەوێت، هەموو ئەم سیفەتانەی تیدابێت کە لەم بەشەدا گفتوگۆی لەسەرکرا؟ ئەگەر ئەوە لە توانادا نەبوو ئەو ئەنجامانە کامانەن کە دەکرێت لیێ بەدەست بهێنین؟

**ڕات چیە لەسەر:**

- سەرکردایەتی بەکۆمەڵ؟
- شورای بەردەوام و کاریگەر؟
- تەواوکاری لەنێوان تاکەکاندا؟
- گیانی تیمکاری؟
- بیروڕای تر؟

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەی ڕابردوو بکە لەوەرشەی کارکردندا؟


پێشەنگی بکە!
یان شوێن بکەوە
یان خۆت لادە لەڕێگاکەدا!
کۆسپەکان

## گفتوگۆ

١- رۆڵی ماوەی ئەزموونیی چییە لە تاقیکاری توانا سەرکردایەتییەکاندا؟

٢- بۆچی توانای پەیوەندیکردن بەخەڵکییەوە بەسیفەتێکی گرنگی سەرکردایەتی کردن دادەنرێت؟

## گفتوگۆ

بەوپێیەی کەسەرۆکی لیژنەی تاقیکردنەوە و دامەزراندنیت لەهەڵبژاردنی کۆمەڵەکەدا، داوات لێدەکرێت کەلیستێك ئامادەبکەیت بۆ هەڵبژێردراوان بۆ ئەرکێکی دیاریکراو. هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان لەکۆمەڵەی گشتییەوە دەبێت، داواکراوە لەتۆ کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە ڕەگەزە یان ئەندامە کۆنە ناسراوەکان و هەندێك کەسی نوێ هەڵبژێریت بە تێبینی کردنی ئەوەی کە هەندێك لەکارە درێژخایەنەکان پێویستی بەوە هەیە زۆر بەوردی هەڵبژاردن بکەیت.

١- باسی ئەو پێنج سیفەتە جەوهەرییە بکە کەبەڕای تۆ پێویستە هەبن لەوکەسانەی کاری درێژخایەنیان پێ دەسپێردرێت.

٢- خشتەیەك بکێشە بۆ بەراوردکردن لەنێوان تواناکانی پاڵێوراواندا.

٣- وتارێك بنووسە بۆ یەکێ لە پاڵێوراوەکان و تیایدا ئەو هۆیانە بنووسە کە پاڵنەربوون بۆ هەڵبژاردنی ئەو لەلایەن تۆوە.

بەشی

٦

# بنچینەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکان

**یەکەم : کرۆکی گرفتەکە**

ا - دیاریکردنی گرفتەکە

ب- پۆلێنکردنی گرفتەکە

**دووەم : ئەلتەرناتیڤی تر بۆ چارەسەری.**

**سێیەم : چارەسەری هەڵبژێردراو**

**ئامانجەکانی بەشەکە**

پاش تەواوکردنی ئەم بەشە: دەتوانیت کە:

- ئەو گرفتانەی هەن دیاری بکرێت لەگەڵ ئاشنابوون بەو گرفتانەی پێشبینی دەکرێن.
- ئاشنابوون بە گرفتەکان و شیکردنەوەیان.
- گرتنەبەری هۆکارە دیاریکراوەکان بۆ گەیشتن بەچارەسەرە گونجاوەکان.
- سنوردانان بۆ گرفتە چاوەڕوانکراوەکان لەڕێگای شیکاری خۆپارێزییەوە.

## یەکەم: کرۆکی گرفتەکە

### أ- دیاری کردنی گرفتەکە

زۆرکات گرفتێك ڕوودەدات بەهۆی گۆڕانکارییەك کە بەسەر هۆکارێکی دەرکەوتوودا دەکرێت یان ئالیەتی کار یان بارودۆخێکی دیاریکراودا، ئەنجامەکە بارێکی نوێدەبێت. وە بۆ دیاری کردنی هەرکێشەیەك یان ئاشنابوون پێی هەر لەسەرەتاوە پێویستە پرسیار بکرێت لەبارەی ئاکار و ئەو چالاکییەوە کەوا کارەکەی لەسنووری خۆی وەدەرناوە. وە چۆن ئەو هەڵەو سەرپێچییە رووی داوە، وە ئایا ئەو دەرەنجامە نوێیە وەرگیراوە یاخود نا ، ئەو مەبەستی خوازراو چییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی کەهەیە؟

شتێکی پێویستە، لەسەرەتاوە، لە کێشەکە تێبگەین پێش دەست پێکردن بەچارەسەری. ئەم تێگەیشتنەش یەکەم جار لەسەر ئاشنابوون بە سروشتی کێشەکە ڕادەوەستێت، بەدیاریکردنی پاشان پۆلێنکردنی لەسەر بنەمایەك لە ئەزموون و شارەزایی. هەستکردن و ووشیاری بەبوونی کێشەکە بەهەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت لە پرۆسەی چارەسەرکردنیدا.

بۆ دەرککردن بەناخی هەر گرفتێك و دیاریکردنی سیماکانی، لەسەرمانە کە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەو چاوگە سەرەکی‌یەکان، لەوانە:

١- زانیاری‌یە مێژوویی‌یەکان و ئەو چالاکی و کێشانەی کە لەخۆی گرتووەو ئەنجام و چارەسەرە ڕابردووەکان و وەشیکردنەوەی ئەو زانیاری‌یانەی کە لەبەردەستدان دەربارەی کێشە ناسراوەکان چ ئەوانەی ڕۆژانەن یاخود مانگانە یاخود سالآنە یاخود زیاتر لەوە یان کەمتر بەپێی ئەوەی لەبەردەستدایە.

٢- زانیاری دەربارەی نەخشەکێشان، لەڕێگایەوە بەراورد دەکرێت لەنێوان ئەنجامە دەرکەوتووەکان و ئامانجە نەخشە بۆکێشراوەکان.

٣- ڕەخنەی دەرەکی کەهاتووە لەهەموو توێژە پەیوەندی‌دارەکان، چ سەرکردە هەڵبژێردراوەکان یان ئەندامانی لیژنە جۆراوجۆرەکان یان هەموو ئەندامەکان بەگشتی.

٤- بەراوردکردن بەو کەسانەی کە لەبارودۆخی هاوشێوەی ئەو دۆخەن کە ڕەخنەی تێیدا دەگرین کاتێك ڕەخنەکان باش نین (سلبین). وەدەکرێت کە بەراوردەکان سەرپێی بن یان بەپێی نەخشەیەکی لەپێشتر لێکۆڵینەوەیەکی وورد بۆ گەیشتن بەئەنجامەکان.

گرنگترین شت لەکارەکەدا دیاری‌کردنی سروشتی کێشەکەیە بەوردی، ئەگەرنا چارەسەری پێشنیارکراو ئەنجامی پێویست بەدی‌ناهێنێت. ئەگەر هاتوو شوێن ئەو شێوازە ڕێك و پێکە کەوتین لەدیاری‌کردنی سروشتی کێشەکەدا، ئەو کاتە مرۆڤ سەری دەسوڕمێ لەو ژمارە کێشانەی کە وون دەبن هەر لەساتەکانی یەکەمی هەوڵدانی دیاری‌کردنیاندا هەروەها لە ژمارەی ئەو کێشە نوێ‌یانەی دەگۆڕێن و کەس هەستی بەبوونیان نەدەکرد.

## هەڵوێستی کرداری

### جیاکردنەوەی مەسەلەکان و پۆلێن کردنیان!

پاسەوانی شەو، ڕۆژێك بە پادشاکەی ووت " لەخەومدا ئەمشەو بینیم کەتۆ نیوەڕۆی ئەمڕۆ دەکوژرێیت". پادشا ئامادەباشی کرد بۆ ڕزگارکردنی ژیانی لەپیلانێك کەبۆی ئامادەکرا، لەکاتی ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا پادشا بەپاسەوانەکەی ڕاگەیاند لەیەك کاتدا پاداشتیشی دەداتێ‌و سزاشی دەدات.

بۆچی؟

پاداشت بەرامبەر ڕزگارکردنی ژیانی پاشا. بەلآم سزا لەبەرئەوەی کەئەو بەشەو نووستووە لەکاتی ئێشکگری شەوی‌دا کەئەمەش نابێت.

پەندی وەرگیراویش لەم چیرۆکە بریتی‌یە لەپێویستی ئاشنابوون بەسروشتی کێشەکان و جیاکردنەوەیان لەیەکتری. زۆرکات گرنگی دەدەین بەشتە گشتی‌یەکان و تێڕوانینە گەورەکان و لایەنە ووردیلەکان پشت گوێ‌دەخەین، لەو کاتەی کەپێویستە کە بایەخی گونجاو بدەین بەهەمووی. لەسەرمان پێویستە کە مامەڵە لەگەڵ کارەکاندا بکەین هەریەکەو بەجیا، پاداشت بدەین بەکاری چاك و سزاش بدەین لەسەر کارە خراپەکان، بەمەرجێك ئەوە پاساوێکی هەبێت لەسەر ڕێسایەکی ڕوون و لۆژیکی لەهەردووبارەکەدا. وەمافی ئەوەمان نی‌یە کەدەست بگرین بەیاسای تێکڕایی مام ناوەندی لەکارەکاندا لەبەرئەوەی تێکەڵاوی دروست دەکەین لەنێوان مەسەلەکاندا، خراپ تێ‌دەگەین لەیاسای مام ناوەندێتی‌یەکان وەك ئەو کەسەمان لێ‌دێت کە دەستی ڕاستی دەکاتە ئاوی گەرمەوەو دەستی چەپی دەخاتە ئاوی ساردەوەو پاشان پڕوپاگەندە دەکات کەئاستی گەرمی هەردووحاڵەتەکە مامناوەندیيە.

### ب- پۆلێن کردنی گرفتەکە

دەکرێت گرفتەکان پۆلێن بکرێن بەپێوانەی ئەو پلەی مەترسیەی کەتێیدایە. وەپاش دەستنیشانکردنی پێگـەی گرنگیـی هـەر کێشەیەك، دەتوانین جەخت لەسەر ئەو کێشانە بکەین کە مەترسیدارن لەسەرکەوتنی پرۆژەکانمـان. بـەڵام ئـەو کێشـانەی کـە کـەمتر مەترسیدارن، بۆ ماوەیەك چاویان لێ‌دەپۆشرێت تا ئەو کاتەی توانای تەواو لەبەردەستدا دەبێت بۆ چارەسەرکردنی لە داهاتوودا.

## دووەم : ئەڵتەرناتیڤی تر بۆ چارەسەری

دیاریکردنی چارەسەری جێگرەوە هەنگاوی داهاتووە لەیەکلاییکردنەوەی کێشەکاندا، وە دەکرێت ئەوە بەدی بهێنرێت بەچـەند رێگایەك. لە تواناداییە لێی نزیك بکەوینەوە بەرێگایەکی تەقلیدی ئەگەرهاتوو هەل و مەرجی نەگۆڕ هەبوو یان بەرپرسـێکی شـارەزا هەبوو بتوانێت کرداری چارەسەر کردنەکە ئاراستەبکات. هەروەها دەتوانرێت شێوازێکی زانسـتی یاسـایی بگیرێتەبـەر یـان شـێوازی راپۆرتی یان لێك نزیکبوونەوەیەکی وەرزشیانە یان پرۆگرامێکی نوێ بۆ گەیشتن بەچارەسەر. وەلەرێکخراوە ئیسـلامی‌یەکاندا زۆربـەی کات شێوازە خوازراوەکە شێوازێکی نوێیە کەپێویستی بەداهێنان و رادانان هەیە بەهۆی نەبوونی زانیاری پێشووتر لەسەر کێشەکە.

رادەربرین یان بۆچون سوودبەخش نابێت تەنیا لەکاتی پێویستدا نەبێت، وەلەکەشێکی سەربەستانەدا لەخستنەرووی بیـروڕادا. ئیجتهادی فکری و داهێنەرانەش لە ئەنجامی بەرهەمی زانیاریو شـارەزایی فراوانـەوە بەدەسـت دێـت کەلەتێبینی‌یـە کەسـی‌یەکان و دایەلۆگ هەلدەقولێت کەلەگەڵ کەسانی زۆر بەئاگا ئەنجام دەدرێت و هەروەها کـارلێکی ووشـیارانە لەگـەڵ قورئـانی پـیرۆز و ژیـانی پێغەمبەر (د.خ). پێویستە زۆرترین بیروڕا کەلەتواناداییە بخرێتە روو وە حوکمیش بەسەر هیچیاندا نەدرێت، تاکرداری خستنە رووەکان تەواو دەبن، لەوێدا لۆژیك و ئەزموونی شی‌کردنەوەی بابەتیانە بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی چاکترینیان. وەپشت بەستن بەبەخشـینە تایبەتەکان، بیرۆکەیەك لەو بیروڕایانە بەڕوونی دەردەکەوێت بۆ دیاریکردنی دروشمەکانی چارەسەری گونجاو. عـەقلی کەسـانی وریـا و لێزان زووتر لەکەسانی‌تر دەگاتە ئەو قۆناغە.

## سێیەم : چارەسەری هەڵبژاردە

چارەسەری هەڵبژاردە لە بناغەوە لەئەنجامی ووردبوونەوەیەکی باش لـە جێگـرەوە بەردەسـتەکانەوە بەرجەسـتەدەبێت بـەپێی تواناییان لەچارەسەرکردن لەچوارچێوەی سنورە دیاری کراوەکاندا. زۆرکات هیچ کام لەچارەسەرەکان ناگاتە پلـەی تـەواو، بەوشـێوەیەی هەموو ئاسەوارەکانی کێشەکە لابەرێت، بەڵام پێویستە جەخت بکەین لەسەر ئەو جێگرەوانەی کە ئەمانەی خوارەوە بەدی دەهێنن:

أ - سنوردانان بۆ زیانەکان.

ب- خۆلادان لەزیان بەلایەنی تری نەخشەکانی کارکردن.

ج- بەرهەم و سوودی پەسەندکراو لەچوارچێوەی دیاریکراوەکان و کەرەستەکانی بەردەست.

دەکرێت هەر جێگرەوەیەك لەو جێگرەوانە بەرەو چارەسەرمان بەرێت، هەریەکێکیشیان بەرئەنجامی پێویست بەدەست دەهێـنـین لەچوارچێوەی دیاریکراوی ئەو حاڵەتـەی کەهەیـە، بـەڵام هـەڵبژاردنی جێگـرەوەی باشـتر لەسـەر هـەرکام لـەهۆکارە داواکراوەکـان رادەوەستێت لە بەرهەمی چارەسەرکرنەکەدا. زیاتر بەگونجاو دادەنرێت لەگەڵ ئەوحاڵەتەی کەهەیە. وەلە لایەکی ترەوە چارەسەرکردنێك

لەو چارەسەرە پێشنیارکراوانە پێویستی بەوە هەیە کەرەستەو توانایەك کەلەبەردەست نین یاخود نرخیان گرانە بخرێتەگەڕ، لەبەرئەوە دەکرێت لیستێك دابنرێت بۆ مەرجە گشتی‌یەکانی چارەسەری پەسەندکراو.

کەواتە چارەسەری گونجاو:

أ - لایەنی کەمی ئەنجامە داواکراوەکان بەدەست دەهێنێت.

ب- چارەسەرکردن پێویستی بەتێچوون یان کەرەستەکە زیاتر نەبێت لەوەی کەهەیە.

پێویستە ڕێوشوێنێکی ڕێکخراو بگیرێتەبەر بۆ چارەسەری کێشەکان هەرکات لەتوانادابوو، لەبەرئەوەی ئەو شێوازە-سەرەڕای کاریگەرێتی‌و سوودی-بوار دەڕەخسێنێت بۆ توندوتۆڵ کردنی کاروشارەزایی و پێکهێنانی پشتیوانەیەکی تۆمارکراو کە بتوانین بگەڕێینەوە بۆی ئەگەر هاتوو لەداهاتوودا تووشی بارێکی هاوشێوە بووینەوە کەڕێگا دەگرێت لەدووبارەبوونەوەو بەفیڕۆدانی تواناکان.

بەڵام هۆکاری کات یان هۆکاری تری هەستیار و گرنگ، وەك لایەنی یاسایی‌و ئاسایشی بۆ نمونە، فریامان ناکەوێت لەگەڕان بەدوای چارەسەرکردندا لەڕێگای ڕێو شوێنی ڕێکخراوەوە، لەوانەیە لەم بوارەدا پێویستە پرس و ڕا بکەین لە نێوان ئەوکەسانەی هەڵدەستن بەچارەسەرکردن و نرخاندنی جێگرەوەکانی، لەگەڵ زانینی ئەوەی کەپێویستە کارەکان تۆماربکەین و پارێزگاری لەبەڵگەنامەو دۆسیەکان بکەین هەرکاتێك بوار ڕەخسا.

**خشتەی خۆپاراستن لەکێشەکان**

بەرنامەی خۆپاراستن لەکێشەکان پێویستی هەیە بەکاری خۆپاراستن بۆ کەمکردنەوەی ئاسەوارەکان تانزمترین ئاست یان ڕێگرتن لیێ. بەو پێیە، پێوویستە هەموو کێشە سەرەکی‌یەکان دیاری بکەین کەلەوانەیە دەربکەون، وەئەم ڕێو شوێنانەی خوارەوە بگرینەبەر بەرامبەر هەر کێشەیەك:

١-دیاری‌کردنی سروشتی کێشەکە ____________________

٢-پێناسەکردنی کێشەکە بەوردی ____________________

٣-پۆلێن کردنی بەپێی پلەی مەترسی‌یەکەی ____________________

٤-دیاری‌کردنی هۆکارەکانی ____________________

٥-هەڵسەنگاندنی ئەگەری ڕوودانی ____________________

٦-چۆنیەتی چارەسەرکردنی ____________________

-ئایا تۆ بەشێکی لە کێشەکە یان بەشێکی لە چارەسەرکردن؟
-چۆن دەتوانیت هەڵوێستی کۆمەڵەکەت باش بکەیت بەرامبەر کێشەکەو گەیشتن بەچارەسەرکردنی؟

پرسیارێك دەربارەی سروشتی ڕاوبۆچوونەکانت؛

## لێکۆڵینەوەی حاڵەتی مەیدانی
## شێوازێکی کارلێکانە (تفاعلی) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

١- کێشەکە؟

زۆر لەئەندامان گلەیی درەنگ گەیشتنی دەنگوباسە مانگانەییە بلاوکراوەکان دەکەن.

٢- باری دروست چییە؟

ئەندامەکان هەواڵە پەخشکراوەکانیان لەکاتی خۆیدا پێ بگات.

٣- چی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ڕاستکرنەوەی بارەکەدا؟

أ - درەنگ گەیشتنی مەقالەکان و هەواڵەکان لەهەموو بەش و یەکە گۆڕەپانییەکانەوە.

ب- هەستان بەڕێکوپێکردنەوەکان لەدواساتەکاندا.

ج- دەرهێنانی هەواڵنامەکە کاتی لەوە زیاتری دەوێت کەبۆی تەرخان کراوە.

د- بەشی پۆست و دابەشکردن قورسایی زۆر لەسەرو توانای خۆی لەسەرە.

٤- گەورەترین ڕێگرەکان چین؟

درەنگ گەیشتنی کەرەستەکان لەبەش و یەکەکانی گۆڕەپانەوە.

٥- چی لەتوانای مندایە کەبیکەم؟

### کاری خوازراو

أ - لێپێچینەوەی بەشەکان و یەکەکان بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی دواکەوتن.

ب- دیاریکردنی دواکاتی وەرگرتنی بابەتەکان و بەدواداچوونی.

ج- ڕێزلێنان لەو کەسانەی زو بەدەنگەوە دێن.

### توانا خوازراوەکان

أ - دیاریکردنی کەسێك بەئەرکی لێپێچینەوە.

ب- پەیوەندیکردن بەوکەسانەی لە وەڵام دانەوەو گفتوگۆ کردن دوادەکەون

ج- داوا لەسەرۆکی ڕێکخراوەکە دەکرێت کەنامەی گونجاو ئاراستە بکات بۆ هەر بارێك.

## گفتوگۆ

١- ووردترین سەرچاوە لەو چوار سەرچاوەیەی کەلەبواری دیاریکردنی سروشتی کێشەدا هاتووە کامەیە؟ کامەشیان کەمترین ووردی تیایە؟ بۆچی؟

٢- رۆڵی کەرەستە جۆراوجۆرەکان چی‌یە لەهەڵبژاردنی چارەسەردا؟

٣- رۆڵی نوسین و تۆمارکردن چی‌یە لەدیاریکردنی سروشتی کێشەکاندا کەهەیە؟

٤- کاریگەریتی ((پلەی مەترسی)) لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە چی‌یە؟

## جێ‌بەجێکردن

بەپێی ئەوەی کەتۆ سەرۆکی لیژنەی کۆنگرەی کۆمەڵەی مەڵبەندی یەکگرتوویت، راگەیەنرا کە تێچوونی بەکرێگرتنی هۆڵی کۆبوونەوەکان و ئامادەکردنی بەرێژەی ٥٠٪ زیادیکردوە لەوبرە پارەیەی کەبۆی دەستنیشانکراوە. وەتۆش هەستاویت بەناردنی فۆرمی بەشداریکردن و تۆمارکردن لەکۆنگرەدا و ئەدرێسی (ناونیشان) شوێن و پارەی بەشداربوون بەپێی خەملاندنی پێشووی تیادانوسرابوو. ئەندامانی کۆمەڵەکەش چاوەڕوانی ئاستێکی بەرزی پێداویستیەکانی کۆبوونەوەکە دەکەن و تۆش بەنیازی بەدیهێنانی ئەوەیت.

١- سروشتی گرفتەکە دیاری بکە.

٢- سەرژمێری سەرچاوەی زانیاری‌یەکان کە پێویستە بۆی بگەڕێیتەوە بۆ چارەسەرکردنی.

٣- خشتەیەك دابنێ بۆ بەراوردکردنی جێگرەوە جۆراوجۆرەکان و بنەماکانی (خاڵە بەهێزەکان).

٤- ئەو هەنگاوە دیاریکراوانە باس بکە کەدەکرێت بگیرێتەبەر بۆ خۆلادان لەدەرکەوتنی هەمان کێشە لەداهاتوودا.

بەشی

٧

# دەربارەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار


**یەکەم: پێشەکی**

**دووەم: پرۆسەی دروست کردنی بڕیار**

ا - هەنگاوەکانی دروست کردنی بڕیار

ب- شیکردنەوەی بڕیار

ج- پەیڕەوی سستەمەکان

و- کرداری داهێنان

ه- بڕیارە ستراتیژیەکان

**سێیەم: کۆکردنەوەی زانیاریەکان**

أ - فاکتەرە بنەڕەتییەکان لەکۆکردنەوەی زانیارییەکاندا)

ب- شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

**چوارەم: شێوازی هەڵقولانی زەینی**

ا - گونجاویی شێوازەکە

ب- هاندان بۆ بەشداریکردن

ج- پوختەکردنی بەرەنجامەکان

**پێنجەم: شورا**

ا - سروشتی شورا

ب- مومارەسەکردنی شورا

**شەشەم: بیروڕا دەربارەی دانوستان**

دیسپلینەکانی یەکلاکردنەوە


### ئامانجەکانی بەش

لەگەڵ تەواوکردنی ئەم بەشەدا ، دەتوانیت:

- پەیوەندی لەنێوان دروست کردنی بڕیار و هەڵبژاردنی جێگرەوەکانی چارەسەردا دروست بکەیت.
- دیاریکردنی ئەو هەنگاوە کردارییانەی کە بەرەو بڕیاردانمان دەبات.
- هەستیت بەدیاریکردنی کەسی بڕیاردەرو چۆنیەتی وەرگرتنی بڕیارەکە.
- هەستیت بەوەرگرتنی بڕیاری کاریگەر و شیاو بۆ جێبەجێکردن.

# یەکەم: پێشەکی

هەرچەندە دەتوانرێت زۆر لەکارامەیی لەرێگای فێربوونەوە دەستەبەر بکرێت، بەڵام دروست کردنی بڕیاردەرکردن کارێکی ئاسان نییە، هەندێك لەسەرکردەکان ئەم کردارە لەهەندێکی تریان باشتر دەزانن، لەکاتی نەبوونی زانیاری پێویست ئەم کارە زۆرگرانتر دەبێت، زۆرجار خاوەن بڕیارەکان لەگەڵ بارودۆخی گوماناوی‌و نادڵنیاییدا مامەڵە دەکەن، بەڵام لەسەریان پێویستە کە تێبکۆشن و هەنگاوبنێن و بڕیاروەربگرن لەسنوورێکی دیاریکراودا، هەرچەندە لە ئەنجامی ئەوە هەندێ هەڵە رووبدات، وەرنەگرتنی بڕیار لەخراپترین هەڵەکانە لەسنوری کاتێکی دیاریکراودا، لەروانگەی ئیسلامیشەوە لەسەر مرۆڤە کەبەهەموو توانایەوە تێبکۆشێ بۆ گەیشتن بەبڕیاری دروست و بەجێ، ئەگەر ئەو چارەسەرانەی خراونەتە بەردەست بەتەواوی شیاونەبوون ئەوا پێویستە ئەوە هەڵبژێرین کە کەمترین زیان دەخاتەوە، ئەگەر دوای ئەوە رووبەکی هەڵە دەرکەوت لەبڕیارەکەدا ئەوا کەسی تێکۆشەر پاداشتێکی دەبێت، خۆ ئەگەر هەمووی ڕاست بوو ئەوا دوو پاداشتی هەیە، وە پێویستە کە ئەرکی وەرگرتنی بڕیار لەزۆربەی کاتەکاندا بەمەسەلەیەکی فیقهی نەژمێردرێن، لەزۆربەی جاردا دەردەکەوێ کەمەسەلەیەکی بەڕێوەبردن یان ڕێکخستن یاخود سیاسی گشتی بێت هەتا ئەو کاتەی کە کێشەکە پەیوەندیدار ئەبێ بەشەریعەتەوە، لەسەر سەرکردەیە کە بڕوانێتە هەموو قوتابخانە فیقهی‌یە جیاوازەکان پێش ئەوەی کاربکات بەبۆچوونێك کە لایەنی باشی زیاتری بۆ دەرکەوێت تیدا لەهەر ڕایەکی تر ئەمەیش بۆ ڕێکخراوەکەیەو، بەرژەوەندی‌یەکی گەورەی تێدایە بۆ ئوممەت.

فراوانی ئاسۆ کارێکی جەوهەری‌یە لەدروستکردنی بڕیارەکاندا کەکردارێکی جوڵاوو ڕانەوەستاوە، پێویستە مرۆڤ چاودێری ئەنجامی بڕیارەکانی بکات ، بەدوایدا بچێت بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا ڕاستی بکاتەوە بەو جۆرەی کەدروستە، وەرگرتنی بڕیار بریتی‌یە لە هەڵبژاردنی یەکێك لە ڕایەکان لەنێوان ئەوانی تردا، ڕەنگە هەمیشە هەڵبژاردن لەنێوان ڕاست و هەڵەدا یاخود ڕەش و سپی‌دا نەبێت، لەبەرئەوە پێویستە ئەوە هەڵبژێردرێت و پەسەند بکرێت کەلەوانەیە ئەگەری ڕاستی زیاتر بێت بەسەرئەوەی کە لەوانەیە هەڵەبێت.... ڕەنگە زۆر وەرگرتنی بڕیار هەڵبژاردنێك بێت لەنێوان بەرنامەو شێوازەکانی کارکردندا کە بەئاسانی ناتوانرێت ڕاستی یەکێکیان بسەلێنێت یان هەڵەی یەکێکی تریان..

ئەوەی لەکۆتایی‌دا لەدروست کردنی بڕیاردا داواکراوە ئەوەیە کەخەڵکی بجولێنێت و وەڵامیان بداتەوە بە هەڵسوکەوت لەگەڵ بڕیار.

پێش وەرگرتنی هەر بڕیارێك لەسەرمانە کە بپرسین: (ئایا وەرگرتنی ئەو بڕیارە لەڕاستیدا پێویستە)؟ لەبەرئەوەی کەیەکێك لەو جێگرەوانەی (البدائل) هەیە هەمیشە بریتی‌یە لەوەرنەگرتنی بڕیار، بڕیاروەرگرتن شتێکی داواکراوە لەکاتی دەرکەوتنی هێمای ئەوەی کەبارەکە بەرەو خراپی دەڕوا یاخود هەلێکی گرنگ لەدەست دەچێت ئەگەرهاتو بڕیاری جێبەجێکردن خێرا وەرنەگیرێت.

یەکێك لەو ڕەگەزە گرنگانە لەوەرگرتنی بڕیاردا دیاریکردنی مەسەلەکەو ئەوەی پەیوەندیدارە بەبڕیارەکەوە لەکاروبار و دیاریکردنی ئەوەی کەپێویستیەك هەیە بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارە، ئەگەرهاتوو جەخت کرایەوە لەتێگەیشتنی تەواوی هەڵوێستەکە ئەوا دەبێتە هۆی لێکۆڵینەوە لەهەموو جێگرەوەکان، واتە پێویستە هەموو تواناکان ئاراستەبکرێن بۆ دەرخستنی ڕاستی‌یەکانی ئەو کێشەیەی بڕیارەکە لەبارەیەوە دەردەخرێت و بەدوورو درێژی لەدەوری دەخولێتەوە.

شێوازی کاریگەر لەوەرگرتنی بڕیاردا لەعەقڵێکی تەسکدا گەشەناکات، مەرج نی‌یە بەرنامەی تاکە چارەسەرکردن بەتەنها ڕاست بێت و ئەوانی‌تر کەموکوریان هەبێت، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرەتاوە گرنگی بدرێت بەتێگەیشتنی کێشەکە و سوودوەرگرتن لەجیاوازی تێڕوانینەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کەهەموو لایەنە سەرەکیەکانی کێشەکە چاودێری و گرنگی پێبەخشراوە بەوشێوەیەی لەگەڵیا بگونجێ...

لەبەرئەوە دەتوانرێت مەرجە سەرەکیەکانی بڕیار وەرگرتنی کاریگەر کورت بکرێتەوە وەك ئەمەی خوارەوە:

أ - جەخت کردن لەسەر دیاریکردن و تێگەیشتنی ئەو کێشەیەی کەبڕیاری لەبارەوە وەردەگیرێت، واتە لەپێشەوە گرنگیدان بەوردو درشتی پێش دەست کردن بەچارەسەری.

ب- پێشکەشکردنی ڕای دژ و گفتوگۆ لەسەرکردنی بەمەبەستی دروست کردنی تێگەیشتنێکی گشتی هاوبەش، پاشان لێکۆڵینەوەی کۆمەڵێك ڕاوبۆچوون و شێوازی چارەسەری جۆراوجۆر.

ج- پێش گەڕان بەدوای (چارەسەری ڕاست)دا گەڕان بەدوای جێگرەوەی جۆراوجۆردا.

ئەم ڕێگەیە لەگەیشتن بەبڕیار هەڵدەستێت بەدیاریکردنی ئەوەی لەسەر چ ئاستێك بڕیار وەردەگرێت، پێویستە کێ بڕیار وەربگرێت، ئەمەش وادەکات کەکرداری جێبەجێکردنی بڕیاری وەرگیراو بەشێك بێت لەکرداری دروستکردنی بڕیار خۆی کەلێی جیانابێتەوە.

## دووەم: پرۆسەی دروست کردنی بڕیار

دروست کردنی بڕیار هونەرە و زانستیشە لەیەك کاتدا کرداری بڕیار وەرگرتن پشت دەبەستێت بەکۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەی و چارەسەرکردنی بەرێگەیەکی زانستیانە، ئەم کارە دەبێتەهۆی دیاریکردنی جێگرەوە گونجاوەکان بۆ چارەسەرکردن، هەروا هەڵبژاردنی یەکێك لەجێگرەوەکان زۆرکات پێویستی بەوەو هەیە کەهەستی مرۆڤی نرخی بۆدابنرێت بەپێی ئەو بەدوا یەکداریزکردنەی کەلەگەڵ ئەنجامەکاندا ناکۆکە لەڕوی نیشانەکانی جیاکردنەوەیان، وەبڕیار وەرگرتنی سەرکەوتوو پشت دەبەستێ بەخەملاندنی دروست هەروەك چۆن پشت دەبەستێ بەو زانیارییانەی کەجێی متمانەن، دەتوانین بڵێین کرداری بڕیار وەرگرتن بریتییە لەکردارێکی داخراو تێردەکرێت بەپێداویستی و زانیاری وەك چوونە ناوەوە، ئەوانەی لێ‌دێنە دەرەوە بەشێوەی بڕیار دێنە بەرهەم ئەم کردارە هەڵدەستێت بەلێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی جێگرەوە جۆراوجۆرەکان و هەڵسەنگاندنی و هەڵبژاردنی گونجاوترینیان تیایدا و ئەم کردارە بریتییە لەزنجیرەیەك کرداری بچوکتر کە دەمانبات بۆ وەرگرتنی زنجیرەیەکی تەواو لەبڕیاردانی بەش بەش کە لەکۆکردنەوەیاندا بڕیاری کۆتایی بنەڕەتی پێك دێت.

### أ-هەنگاوەکانی بڕیار وەرگرتن

لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی پێویستییەکی دیاریکراودا ، یان هەلێکی دیاریکراو پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە وەربگیرێت لەپێناوی گەیشتن بەبڕیار:

١- دیاریکردنی ئەو زنجیرە کردارییە جێگرەوانەی کەدەکرێ جێبەجێبکرێن و بڕوانینە ئاکامە یەك بەدوایەکانی ئەو کردارانە. ئەمەش تارادەیەك هەنگاوێکی ڕوون و ڕاستەوخۆ لەم هەنگاوەدا، لیستێك دادەنرێت بۆ ئەو جێگرەوانەی لەبەردەستدان بۆ چارەسەرکردنی بارێکی دیاریکراو لەگەڵ گریمانەی تەواوکردنی دەستنیشان کردنی ئەم بارەو پێناسەکردنی. بەڵام ئەم کێشەیە لەوە ئاڵۆزترە کە چارەسەر بکرێ بە جێگرەوەی ساکار و ئاسان، لێرەدا مرۆڤ پێویستی ئەبێت بەپەنابردنە بەرکرداری بیرکردنەوەو تێڕامانی قووڵ و داهێنان لە پێناوی گەیشتن بە بڕیاری گونجاو.

٢- هەنگاوی دوای ئەو بریتییە لەکۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کەپەیوەندییان هەیەو دەخرێنە خزمەت دیاریکردنی ماهیەتی ئەو ئەنجامە کەڵەکەبووانە لەسەر هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو پاش ئەمە لەسەرمانە هەستین بەهەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەو زانیارییانە لەڕاهاتنی پەیوەندی نێوان کارو ئەو ئاکامانەی لێوەی بەرهەم دێت هەندێك جار زانیاری بەتەواوی دەبێتەهۆی

دورخستنەوەی هەندێك ئەگەر بەتەواوی، هەندێ جاری واش هەیە ئاتاج بوون ئەبێتە هۆی دروست کردنی جۆری جیاواز لەجۆرەها زانیاری یارمەتیدەر بۆ چارەسەر، کەهەندێکیان بواری باسەکە فراوان دەکەن لەبری ئەوەی بگەین بەئەنجامەکان، وەلەهەموو کێشەکانیش بلاوتر لەوبارەیەوە تێرژانی زانیاری زۆر زۆرە کەهەمووی بەسوود نین لەچارەسەرکردنداو یان پەیوەندی پێوەی‌نی‌یە.

٣- پاش ئەمە هەلدەستین بەهەلسەنگاندنی سوودی هەر ئەنجامێك لەئەنجامە کەلەکەبووەکان لەسەر جێگرەوە جۆراوجۆرەکان و باشترینەکەیان. خۆزگە ئەخوازێ ئەمە ئەنجام بدرێ لەرێگای گفتوگۆی نێوان کەسانی ووشیارو دانا و شارەزا بۆ سروشتی هەلوێستەکە وەرای هاوبەش لەرێگەی شوراوە پێك بهێنرێت، قورئانی پیرۆز هانمان دەدات لەسەر کرانەوەو دەست پاکی و دلسۆزی لەراو بۆچوونماندا و دوورمان دەخاتەوە لەزمان هەلخەلەتاندن و فرو فێل لەپرس و رادا لێرەدا پێویستە لێکۆلینەوە بکەین لەسەر هەنگاوەکانی کاری رەخساو، ئەنجامەکانی ئایندەی بەپێی شوێنەکەی لەرووی تێروانینی ئیسلامی‌یەوە وە بەدواداچونی کرداری پێداچوونەوەی پلەپلە بۆ دیاری‌کردنی رادەی لەباری هەریەکە لەجێگرەوەکان.

٤- پاش ئەمە بریارەکە دەدرێت دەربارەی هەلبژاردنی یەکێك لە گونجاوترین جێگرەوەکان بۆ گەیشتن بەئەنجامی چاوەروانکراو ئەم دواهەنگاوە دەنرێت لەوەرگرتنی بریار لەچوارچێوەی ئامانجی ئەو دەزگایەدا و دیاری‌کردنی ئەو مەبەستانەی کە لەپێناویدا هەول دەدات. بەمەش دەتوانرێت بەراورد بکرێت لەنێوان لایەنە باشەکانی ئەو بریارەی کە هەلبژێردراوە و لایەنە خراپەکانی بەوەی بخرێتە بەردەم مەبەست و ئامانجەکانی ئەو دەزگایە، ئەوەش دەبێتە زیادکردنی دلنیایی بۆ وەرگرتنی بریاری گونجاو بنەمای سەرپشك کردن، بەمەرجێك بەو رێگا راست و دروستە جێ‌بەجێ بکرێت کە پێغەمبەر (ﷺ) هاوەلەکانی خۆی لەسەر فێرکرد.

دەتوانین پێداویستی‌یەکانی بریار وەرگرتن لەم خالانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

أ - کۆکردنەوەی جێگرەوەی هەنگاوە کرداری‌یەکان: أ(١) _ أ(٢) و هەروەها بەم شێوەیە.

ب- دیاری‌کردنی ئەنجامی ئەگەرەکان بۆ هەر جێگرەوەیەك: ج (١)، ج (٢) و هەروەها بەو شێوەیە.

ج- هەلسەنگاندنی ئەگەرەکانی هەموو ئەنجامێك لەو ئەنجامانە: ت (١)، ت (٢) و هەروەها بەو شێوەیە.

د- هەلسەنگاندنی سوودی هەر ئەنجامێك لەو ئەنجامانە: ف (١)، ف (٢) و هەروەها بەو شێوەیە.

ئەوکاتە پەنا دەبەینە بەرکردارێکی بیرکاریانەی ناسراو بۆ لێکدانی خەملاندنی ئەگەری هاتنە کایەی ئەنجامەکانی ئەنجام (ت) لەگەل سوودی هەر ئەنجامێك (ف) بۆ دیاری‌کردنی گونجاوترین شێواز بۆ جولەکردن (م) وەدەتوانین ئەمە بەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەربرین:

ف=ف(ج) م=(ف،ت)

## ب- شیکردنەوەی بریار.

سروشتی هەر بریارێك لەژێرکاریگەری هۆکارێك یان زیاتر لەم هۆکارانەی خوارەوە دەگۆرێت:

- کاریگەری‌یە ئایندەیی‌یەکان و ئایا ئەو بریارە بۆ ماوەیەکی کورت خایانە یان درێژ خایەنە و تاچ رادەیەك دامەزراوە کەپێویستی پێی هەیە لەداهاتوودا.
- کاریگەری پاشماوەی بریار لەسەر بوارەکانی کاری تری رێکخراوەکە بەگشتی، ئایا بریارەکە بریارێکی ناوخۆیی‌یە یان نیشتمانی‌یە، ئایا کارەکە بەرەو پێشەوە دەبات لەبوارێکی دیاری‌کراودا لەسەر حسابی بوارەکانی‌تر.
- بایەخە مەعنەوی‌یەکان و ئەو شتانەی پەیوەندی‌یان بەخورەوشتەکانی دامەزراوەکە و تێروانینە گشتی‌یەکەیەوە هەیە، وەئایا بریاری وەرگیراو پالپشتی پێناسەی ئیسلام دەکات یان نا.

- ڕادەی دووبارەبوونەوەی پێویستی وەرگرتنەوەی هەمان بڕیار، ئایا پێویستە دەکات هەمان بڕیار بۆ هەموو جارەکان وەربگیرێتەوە. و ئایا بڕیارە دەبێتە سیاسەتێکی ڕەسمی بەردەوام یان نا.

ئەم شیکردنەوەیە یارمەتیمان دەدات لەدیاریکردنی ئاستی ڕێکخراوەیی کە بڕیارەکەی تیادا وەردەگیرێت، پێویستە بەگشتی بڕیار لە نزمترین ئاستی پسپۆڕی وەربگیرێت و زانیاری وورد و درشت و شارەزایی پێویست هەبێت. هەروا پێویستە بڕیارەکان بەشێوەیەك وەربگیرێن و لەئاستی سوودمەندیدا سوودمەند بێت بۆ ئامانجی هەموو پێکهاتەکانی دامەزراوەکە و هەموو ئامانجە گشتییەکان بەشێوەیەکی باش بەدی بهێنێت، ئەم بایەخدانە بەیەکەوە هەڵدەستێت بەدیاریکردنی زنجیرەی هەرەمی چالاکییەکانی دامەزراوەکە، بەشێوەیەك ئەگەرهاتوو وەڵامدانەوە دەربارەی ئەو چوار هۆکارانەی سەرەوە لەپلەی بەرزدابوو، لەلایەن بەرپرسی جێبەجێکەری باڵاوە بڕیارەکە دەدرێت. وەدەتوانین پەیوەندی نێوان سروشتی بڕیار و ئەو ئاستەی کەدەبێت بڕیاری تیا وەربگیرێت لەڕێگای ئەم وێنەیەوە ڕوون بکەینەوە:



سروشتی بڕیار لەڕووی: مەوداو کاریگەری و جۆر و دووبارەبوونەوەوە

**ج- پەیڕەوی سستمەکان**

لەبڕیار وەرگرتندا دەتوانرێت سوود وەربگیرێت لەوەی بەپەیڕەوی سستمەکان ناسراوە. سستمیش بریتییە لەهەربارێك کە ئەرکەکان تیایدا بەڕێگایەکی ڕێك و پێك بەجێ بگەیەنرێن، ئەم پەیڕەوە لە بناغەدا لەسەر دیاریکردنی ماهیەتی کێشەکە ڕادەوەستێت پێش دەست کردن بەچارەسەرکردنی، وەدیاریکردنی بنەماکان کە ئەگەرەکان و سنوورە دانراوەکانی لەسەر ڕادەوەستێت پێش هەڵبژاردنی چارەسەری گونجاو.

**د- کرداری داهێنان**

زۆرجار ئەم کردارە تەواوکەری کرداری دروست کردنی بڕیاری دروستە و لەپێنج ڕەگەزی بنەڕەتی پێکدێت:

- تێربوون، واتە شارەزایی و تەواو بەو بارو چالاکی و بیروڕایانەی بەکاروبارەکەوە بەندن.
- ووردبوونەوەو پێشنیار، کەتیایدا بیرو بۆچوونەکان شیدەکرێنەوەو گەڵاڵە دەکرێن لەچەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە.

- پێگەیشتن، کەبوار بەجێ دەهێڵێت بۆ جۆرە جیاوازەکانی هێزی پەی بردن لەمرۆڤدا، وەك عەقڵی ناوەوە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی خۆی وەربگرێ، و بۆئەوەی بیرۆکەکەیش لەزەیندا بمێت و تاوەکو لێی بڕژێت و لەهەنگاوی چوارەمدا ببێت بەیەك بیرۆکەی یەکانگیر لەهزری کەسی بڕیار دروستکەردا، کە بەهۆی ڕۆشنایی بیر یاخود ئیلهامی زەینییەوە دەکرێت بناسرێت.
- پەلوپۆکردن و گرتنەخۆ لەم هەنگاوەدا بیرۆکەکە بەتەواوەتی پاکژدەکرێتەوە و ئامادە دەکرێت بەجۆرێکی ئەوتۆ کەشیاوبێت لەگەڵ خواست و پێداویستی‌یەکانی ئەو بارودۆخەی کەلەژێر چارەسەرکردندایە .

## هەڵوێستی کرداری

### تەنها بۆ ڕازیکردنی خەڵکی بڕیار مەدە!

ئەگەر کەسێك پرۆژەیەکی پێشکەش کردی و، تەنها لەبەر دڵڕازیکردنی لەسەری ڕازی بویت، ئەوە هەڵەیەکی گەورەت کردووە، ئەگەر پرۆژەکە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا لۆمەی خۆی ناکات کەئەو پرۆژەیەی داوەتە دەست تۆ بەڵکو هەر هەمان کەس خۆی هەراسانت دەکات بەم ووتەیە((بۆچی نارازیبوونی خۆتت ڕانەگەیاند یاخود ڕای خۆتت بەئاشکرا دەرنەبڕی))، واباشترە مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە بڵێ (نا) و خەڵکی لەخۆی زیزبکات باشترە لەوەی لەکۆتایی‌دا بیلێیت، کەبەرەنجامەکەی بێ ئومێدی و لۆمەی هەموانە، کاتێك کەمرۆڤ لەسەرەتای کاری‌یەوە دەست پاك بێ لەکۆتایی‌دا ڕێزو خۆشەویستی بۆخۆی دەستەبەر دەکات. کاتێك کە دەرکەوت ئەو بەدڵسۆزی‌یەوە ئامۆژگاری داوە و لەکاتێکدا کەسانی‌تر پیاهەڵدان و دووڕوویان کردووە. تا ئەتوانی مرۆڤێکی بابەتی‌یە بەوپەڕی دڵسۆزی و بەڵگەداری‌یەوە بیروڕاکانت پێشکەش بکەو بەدوای سۆزو پایە کەسایەتی‌یەکان مەکەوە، لەبیرت بێ کەخەڵکی بۆچوونەکانی خۆیان دەگۆڕن، ئەگەرهاتوو ئامانجت ڕازیکردنی کەسانی‌تر بێت خۆت بەبێ بڕیاردەر دەمێنێتەوە، ڕاکەڕاکەتە بەدوای دۆزینەوەی پەسەندترین بیروڕادا لەنێو بیروڕاکانی تردا بەبەردەوامی. هەرگیز بۆ خۆت ڕازی مەبە کەسێکی ئۆباڵ کێش و شوێنکەوتەی کوێرانەوەبی، بەڵکو لەوپەڕی قەناعەت و بنەما ڕاستەکانەوە هەڵوێست وەربگرە.

### ٥- بڕیارە ستراتیژیەکان

بڕیارەکان پۆلێن دەکرێن بۆ بڕیارە کارگێڕی و بڕیارە ستراتیژی‌یەکان، یەکەمیان تایبەتمەندە بەئامانجە ماوەکورتەکان و هەروەها کارە ڕۆتینی‌یەکانەوە وەزۆرجار دووبارە دەبنەوە، بەڵام بڕیارە ستراتیژیەکان زیاتر ئاڵۆزن و تایبەتمەندن بەئامانجە مەودا دوورەکانەوە کەزۆرجار ڕووبەڕووی چەند هۆکارێك دەبێتەوە کە کاریگەری‌یان هەیە لەسەر بڕیاری ستراتیژی کە ناتوانرێت هەستی پێبکرێت و نوقڵانەی بۆ لێبدرێت. هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر هۆکارە کاریگەرەکان لەسەرباری گشتی‌و ئەوەی دێ بەسەریدا لەبارودۆخی ئابوری و بارودۆخی‌تر. ئەم بڕیارانە کێشەی ژیان یان مردن پێك دەهێنێت بۆ دەستەی دیاری‌کراو (بەرپرسیار).

## سێیەم: کۆکردنەوەی زانیارییەکان

### أ- فاکتەرە بنەڕەتییەکان لەکۆکردنەوەی زانیارییەکاندا

کۆکردنەوەی زانیاریە (باشەکان) بەرەگەزێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە دادەنرێت لەکرداری بڕیاروەرگرتنی دروستدا، چەندین ڕێگەی ڕەسمی و نارەسمی هەن کە بەهۆیانەوە زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە لەوانە: ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، ڕاپرسی یەکان، بنکەی زانیارییەکان و ڕاپۆرتەکان و تیانووسەکان (سجلات) و، بەڵگەنامەکان، لێرەدا چوارفاکتەر هەیە کەرۆڵی گرنگیان هەیە لەکۆکردنەوەی زانیارییەکاندا کە بریتین لە: پەیوەندی زانیارییەکان بەباتەکەوە، کات دانان ، ڕەوایی (المشروعیە)، ووردەکاری.

#### پەیوەندی زانیارییەکان بەباتەکەوە

سوود لەزانیاریەکان وەرناگیرێ ئەگەر پەیوەندی توندی نەبێت بەو بابەتەی کە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە لەحاڵەتی نەگونجان لەگەڵ مەبەستەکەدا، زانیارییەکان تەنها مادەی شێوێنەر دەبن. چونکە وادەبێت چەند زانیاریەك کەسوودبەخشن بۆ دۆخێکی تایبەت ببنە مایەی سەرلێ شێواندن لەباردۆخی‌تردا. بۆ نمونە ئەگەرهاتوو کارەکە پەیوەندیداربێت بەهەڵبژاردنی بابەتی سەرۆك بۆ کۆنگرەی ساڵانە، ئەوا بوونی هۆڵێکی کۆبوونەوەی گشتی لەنزیك شەقامێکی سەرەکی‌یەوە، زانیارییەکی بەکەڵك نابێت بەڵکو زانیارییەکی شێوێنەرە، بەڵام ئەگەرهاتوو بڕیارەکە پەیوەندیداربوو بەهەڵبژاردنی شوێنی کۆنگرەکە، ئەوا ئەو زانیارییە شێوێنەرە دەبێتە زانیارییەکی بەکەڵك.

#### کاتبەندی

ئەگەر زانیارییەکان لەکاتی گونجاودا لەبەردەستدا نەبێت ئەوا سوود ناگەیەنێت، یاخود تازەترین زانیاریت لەبەردەستا نەبێ کەهەیە. بۆ نمونە زانیاری دەربارەی ئەوەی کەکۆمەڵێکی تر هەستاون بە هەڵبژاردنی هەمان ئەو بابەتەی کەئێمە بۆ کۆنگرە هەڵمان بژاردووە بەسوود دەبێت بەمەرجێ پێش بڕیاردانمان ئەو زانیاریانەمان لەبەردەستا بوبێت. هەروەها هەر بیرۆکەیەك دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئامادەبووانی کۆنگرە لەسەر بناغەی ناوچەی جوگرافی بەزانیارییەکی بەکەڵك دانانرێت ئەگەرهاتوو جۆر (نمط)ی تێکڕایی بڵاوبوونەوەی ئەندامەکان لەوکاتەوە بەتەواوەتی گۆڕابێت .

#### ڕەوایی (الشرعیة)

دەبێت زانیارییەکان ڕەوابن تاوەکو لەدروست کردنی بڕیاردا سوودیان لێوەربگیرێت، واتە لەچوارچێوەی ئەخلاقیات و بەهاکانی دروستکەری بڕیارەکەدا قبوڵ بکرێن. وەپێویستە بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەم زانیاریانە پێچەوانەی بنەما بنچینەییەکانی ئیسلام و ڕێنموونییەکانی نەبن. بۆنمونە نابێت لەڕێی زۆر لێکردن یان فرۆفێڵ یاخود دزییەوە زانیاری کۆبکرێتەوە.

#### ووردکاری

بێگومان دەبێت زانیارییەکان ووردبن، زانیاری ناوورد لەوانەیە ببێتە هۆی زیانێك کەنەتوانرێت ڕاست بکرێتەوە ئەگەرهاتوو لەدەرکردنی بڕیاردا بەکارهات، پێویستە لەسەرمان کەلەبارێکی نمونەییدا وادابنێین کەزانیارییەکان بەوپەڕی ووردییەوە سوودیان لێوەرگیراوە لەدەرکردنی بڕیاردا بێگومان لەڕووی کرداریشەوە دەبێت زانیارییەکانمان بەتەواوەتی ڕوون کردبێتەوەو چۆنێتی بەدوایەکدا هاتنیان و ڕێکخستنیان و پێشکەش کردنیان بەپێی زانیارییەکانی دیکە کەپەیوەندییان بەهەمان بابەتەوە هەیە هاوکات ووردەکاریش لەرادەی ڕاستی سەرچاوەی زانیارییەکاندا ڕەچاوبکرێت. بۆ نمونە ئەگەر ویستمان هەستین بەهەڵبژاردنی جێگەیەك بۆ کۆنگرەی ساڵانە لەنزیکی شەقامە سەرەکییەکانەوە، دەبێت پەنا بەرینەبەر نەخشەیەکی وورد کەتازەترین گۆڕانکاری ڕێگاو ڕۆیشتن ڕوون بکاتەوە لە پێناو وەرگرتنی بڕیارێکی دروستدا.

### ب- شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

#### چاوپێکەوتنە تاکەکەسی‌یەکان

چاوپێکەوتنی ئاسایی بریتی‌یە لەچەند دیدارێکی قسەئامێزی سەرپێییانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەندێك زانیاری‌یان هەیە سەبارەت بەو باسەی ئێمە لێی دەکۆڵینەوە، بەڵام چاوپێکەوتنە ڕەسمی‌یەکان بێگومان خۆئامادەکردنێکی باشی دەوێ بۆ ئەوەی زۆرترین سوود بەدەست بێت. ئەگەر بوار هەبوو پێویستە ماوە بدرێت بەو کەسەی کەچاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت بۆخۆئامادەکردن و بابەتی چاوپێکەوتنەکەی پێڕاگەیەنرێت و لەمەبەست و ئامانجەکانی ئاگاداربکرێ، دیاریکردنی کات و شوێنی گونجاو بەشێوەیەك ببێتە هۆی کەم کردنەوەی شێواندن یاخود پچڕاندنی چاوپێکەوتنەکە لەلایەن کەسانی ترەوەو خۆلادان لەدووبارەبوونەوەی دیاریکردنی کاتەکانی چاوپێکەوتن بۆ دووکەس لەیەك کاتدا.

#### ڕاپرسی‌یەکان

دەتوانرێت بەدەستی یان لەڕێگەی بەریدەوە بگەیەنرێت، وە لەهەردوو بارەکەدا پێویستە باش داڕێژرێت بە شێوەیەك کە پرسیارەکان ناوەڕۆکیان ڕوون بێت و بەووردی دانی پیادابنرێت بۆ بەدەست هێنانی وەڵامی داواکراو.

#### بنکەی زانیاری‌یەکان

ئەمە تایبەتە بەزانیاری‌یە بنچینەیی‌یەکان کە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر پێویستت پێی ئەبێت، ئەمەش لە کتێبخانە گشتی‌یەکان و بەشەکانی زانکۆکان و فەرمانگە ڕەسمی‌یەکاندا دەست دەکەون هەروەها دەتوانرێت لەشێوەی بنکەی زانیارییە ئەلیکترۆنییەکاندا بەدەست بهێنرێت کە دەتوانرێت لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەری کەسی‌یەوە پێی بگەیت.

#### ڕاپۆرتەکان

ئەوانە دەگرێتەوە کە لەلایەن کۆمەڵەکانی توێژینەوە و فەرمانگەو بەکاربەرەکانەوە (مستهلكين) و دەستە زانستی‌یەکان یاخود دامەزراوە ئەکادیمە ڕەسمی‌یەکانەوە دەردەچێت، و پێویستە دڵنیابین لەتازەیی ڕاپۆرتەکە و بابەتی بوونی پێش بەکارهێنان یاخود گەڕانەوە بۆی.

#### بەڵگەنامەکان

ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستدان لەکتێب و سەرچاوە و نامیلکەو گۆڤار دەتوانرێت لەکتێبخانە گشتی‌یەکاندا دەست بخرێن، ئەمەش سودی لێوەردەگیرێت لەدابینکردنی زانیاری‌یە نەگۆڕە بنچینەی‌یەکاندا، بەڵام ئەمەش زۆر بەکەمی زانیاری و ئامارە نوێکان لەخۆدەگرێت.

## چوارەم: شێوازی هەڵقوڵانی زەینی

ئەم شێوازە بەکاردەهێنرێ Brainstorming بۆ چالاککردنی مێشك و لەدایك بوونی بیری نوێی پەیوەندیدار و ئاسانکردنی ئەرکی دەربڕین تیایدا، ئەمەش شێوازێکی سوودبەخشە لەکۆکردنەوەی زانیاری‌یەکان و کۆبوونەوەیەکی دیاریکراودا، ئەم شێوازەش جێبەجێ دەکرێت لەباری ئامادەنەبوونی زانیاری‌یەکان یاخود تەواوبوونیاندا و دەرکەوتنی پێویستی زۆر بۆ دۆزینەوەیان ، ئەمەش کرداری بیرکردنەوەیە بەدەنگێکی بەرز و بەبێ کۆت و بەند ئەوەش بە پێچەوانەی گفتوگۆی ڕێکخراوی دیاریکراوەیە.

پێویستە دانیشتنێکی تایبەت بۆ ئەم کارە بکرێت ئەو بابەتەش دیاری بکرێ کە مەبەستە بیری لێبکرێتەوە، دانیشتنەکە بکرێتە سێ قۆناغ: یەکەم، بیرۆکەکان بەگوێرەی هاتنیان خۆییانە دەخرێنەڕوو تۆمار دەکرێن تا هەموان بتوانن سەیری بکەن بەبێ ڕێگەدان بەپێشکەش کردنی هەر ڕەخنەو هەڵسەنگاندنێك بۆی. دووەم، بانگهێشتی بەشداربووان بۆ گفتوگۆ دەربارەی بیروڕاکانیان بەباسکردنی کەم و کوڕیەکانیان و چاکەکانیان بەبێ لایەنگری کردن و بەلادا شکاندن یاخود شانازی کردن پێیەوە. سێیەم، بریتییە لەگفتوگۆ کردن لەسەر هەریەکە لەو بیرۆکانە لەگۆشەنیگای جیاوازەوە پاشان پێشخستن و پاش خستنیان بەپێی گرنگی هەریەکەیان ئینجا پۆلێن کردنیان بەپێی چەند پێوەرێك کە تێکڕای ئامادەبوان لەسەری کۆك بن.

### أ-گونجاویی شێوازەکە

شێوازی هەڵقوڵانی زەینی زۆرترین شێوازە گەنجاوەکانە بەپێی ئەو بڕیارانەی لەبیروڕا جۆراوجۆرە فراوانەکانەوەو جێگرەوەکانەوە هاتونەتە کایەوە، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لەبەرئەوەی کۆمەڵەکە ووشیارەو گرنگی دەدات بەکێشەکە، و لێپرسراوەکەی شارەزایی هەیە لەچۆنێتی بەکارهێنانی ئەم شێوازە وەك نمونە لەسەرئەوە هەڵبژاردنی باسێك بۆ کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوێك، لەتوانادا هەیە کۆمەڵێك لەبەرپرس و ئەندامان و ئیشکەرانی ناو ڕێکخراوەکە کۆمەڵێك بیرۆکەی داهێنکاریانە و پێشنیاری سەرچاوەگرتوو لەدیدی ڕێکخراوەکەو ڕۆشنبیرییەکەوە بهێننە کایەوەو پاشان لەنێوانیاندا یەك بیرۆکە هەڵبژێرن. بیرۆکەی داهێنەرانە لەقوڵایی هزریانەوە هەڵبقوڵێنن کەببێتە مایەی بەرەوپێشچونی دەزگاکە و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، پاشان هەڵبژاردنی یەکێك لەم بیرۆکانە بۆ کارلەسەرکردن.

### ب- هاندان بۆ بەشداری

بەبەکارهێنانی ئەم شێوازانەی خوارەوە لەتوانادایە کە ئەندامان هان بدرێن بۆ بەشداریکردن لەکرداری هەڵقوڵانی بیردا:

أ - بەستنی کۆبوونەوەیەکی هەڵقوڵانی زەینی لەوماوەیەدا کە بەشداربوانی کۆبوونەوەکە لەوپەڕی چالاکی زەینیدابن

ب- سووربون بۆ هەمەجۆرکردنی کۆمەڵە چەند لەتوانادا بێت، بەرەچاوکردنی نزیکی کەسەکان لەڕووی پلەوپایەو شارەزاییان لە بابەتەکەدا بۆئەوەی هەموان هەست بەسەربەستییەکی بێسنوور بکەن لەبەشداریکردندا.

ج- ژمارەی بەشداربوان کەم بکرێتەوە بۆ ئاسان کردنی جڵەوگیری لەبەرێوەبردنی دانیشتنەکەدا و بەدیهێنانی بەشداریکردنێکی فراوانتر لەگفتوگۆ، وەگونجاوترین قەوارەی ئەمەش لەنێوان ٥-٧کەس دادەنرێت.

د- ڕێکخستنی دانیشتنی بەشداربوان لەدەوری مێزێکی بازنەیی تا ئەندامەکان بتوانن بەرەو رووی یەکتری دابنیشین و گفتوگۆکان بە ئازادی و کاریگەرانە ئەنجام بدرێت.

هـ- دابین کردنی بڕێکی باش لەکات کەهەموان هەلیان بۆ بڕەخسێت بۆ بەشداریکردن و بەخشین، بەبێ ئەوەی ماندوویان بکات یان لەسەر حسابی کاروبارەکانیان بێت.

و- هەموو بیروڕاکان تۆمار بکرێن ڕێگەش خۆش بکرێت تا هەموو لایەك ئەو بیروبۆچونانە ببینن و لێیان حاڵی بن ئەگەرچی زۆر نامۆو نەویستراویش دەربکەون.

ز- لەخستنەڕووی پێشنیارەکاندا هەڵسەنگاندن و ڕەخنەو ڕا لەسەر دەربڕین ڕابگیرێت.

ح- دیاریکردنی کێشەکە و زوو زوو بیرهێنانەوەی ئامادەبوان یان هەرکاتێ پێویستی کرد.

### ج- پوخت کردنی بەرەنجامەکان

مەبەست لەهەڵقوڵانە بیریەکان بەوشێوە خودی و سەربەستیانە بریتییە لەکورت کردنەوەی ئەنجامەکانی ئەو زانیارییانەی کۆکراونەتەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەمەش، پێویستە ئامادەکاری بکرێت بۆ دانیشتنێك بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ - ڕێگابدە بەهەر بەشداربوویەك كەباس لەلایەنی گەش و لاوازی پێشنیارەكانی خۆی بكات.
ب- پێشنیارەكان بە پێی لەپێشتریتی‌و سوودەكانیان ڕیزبەند بكە.
ج- بگەڕێ بەدوای ئەو ڕێگایانەی لە تواناداان بۆ جێبەجێكردنی باشترین پێشنیارەكان.
د-هەستە بە هەڵبژاردنی ئەو پێشنیارانەی نزیكترینن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكە.
هـ-پێشنیارە هەڵبژێراوەكان ڕەوانەی لایەنە پسپۆڕەكان بكە.

## پێنجەم: شورا

### أ - سروشتی شورا

شورا بریتی‌یە لەكرداری ڕاوێژكردن لەنێوان خاوەن زانیاری لێزانەكان بەو كێشانەی دەخرێنەڕوو، وەباشترین ڕێگاش بۆ بەدیهێنانی بریتی‌یە لەگفتوگۆو باس كردنی لەنێوان ئەوانەدا، ئەمەش لەگرنگترین بنەماكانی بەڕێوەبردن و ڕێكخستن و یاسادانانە.
لەئیسلامدا قورئانی پیرۆز سەركردەكانی موسوڵمانان ئاراستە دەكات بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانیان لەڕێگای ڕاوێژكردن و كرانەوە و دەست پاكی لەدەربڕیندا كەدەفەرموێت:

﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ، فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ، فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ، إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾ ﴿١٥٩﴾ (آل عمران)

هەروەها وتە پیرۆزەكانی پێغەمبەر (ﷺ) پڕیتی لەنمونەی ڕاوێژكردن لەنێوان پێغەمبەری خوا (ﷺ)لەگەڵ هاوەڵەكانیدا. پێغەمبەر (ﷺ)بەپەرۆشترین كەس بوو لەسەر ڕاوێژكردن لەگەڵ یاوەرانیدا. هەمووكات هەوڵی دەدا بۆ بەدەست هێنانی ڕای بەكۆمەڵ لە بڕیاردانی كاروباری دونیادا، هیچ كات سنووری شورای نەدەبەزاند تەنها لەكاتەكانی هاتنە خوارەوەی سروشدا (الوحی) نەبێت. و لەنمونەكانی ڕاوێژكردن دەربارەی مامەڵەكردنی دیلەكانی شەڕی بەدر بوو كاتێ هەریەك لە ئەبوبەكری صدیق و عومەری كوڕی خەتاب-خوایان لێ ڕازی بێت- ڕایەكی جیاوازیان پێشكەش كرد، موسوڵمانەكان لە بەرامبەریدا بوونە دووبەش پێغەمبەر (د.خ) ڕێگەی بەهەموویاندا مافی خۆیان لەگفتوگۆ كردندا هەبێت، پێش ئەوەی بڕیار بدات بەڕازی بوون بەوەرگرتنی (فدیە) بۆ ئازادكردنی دیلەكان. نمونەیەكی تریش بریتی‌یە لەڕای هەندێك لەهاوەڵانی لە جەنگاندن لەبەرامبەر بێباوەڕەكان لە دەرەوەی مەدینەدا لەشەڕی ئوحودا وەڕای هەندێكی تریشیان ئەوەبوو لەناوخودی شارەكەدا لەگەڵیان بجەنگن. وە ئەمەش ڕای پێغەمبەر (د.خ) خۆشی بوو بەلام پابەندبوو بەڕای كۆمەڵ و ڕازی بوو بە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان لەشەڕی ئوحودا، لەدەرەوەی دیوارەكانی مەدینە.

### ب- مومارەسەی شورا

گرنگترین شت لە مومارەسەی شورادا بریتی‌یە لە دەركەوتنی ڕاوبۆچوونی دژبەیەك تاباشترینیان دەربكەوێت. زۆر بەكەمی مرۆڤ پێویستی بەوەرگرتنی بڕیار دەبێت لەكاتی نەبوونی ڕای جیاواز و دژبەیەك. بۆئەوەی شورا بەڕاستی سوود بگەیەنێ، ئەوا لەسەر دروستكەری بڕیاری سەركەوتووە كەهەستێت بەڕێكخستنی كردارێكی بەرهەڵستكارانە، بەو شێوەیەی كەئەم سوودانەی خوارەوە بەدیبهێنێت:

- پاراستنی دروستكەری بڕیار لەڕاكردن بەدوای ڕای زۆرینەدا بەبێ ووردبوونەوە و لێكۆڵینەوە.
- پەیداكردنی جێگرەوەو ڕەخساندنی هەلی هەڵبژاردن لەكاتی دروست كردنی بڕیاردا.

• ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان ڕۆڵیان هەبێت لەچالاك کردنی بیرو هاندان لەسەر بیرکردنەوەی بابەتیانە و عەقلانیانە، چونکە گفتوگۆ و بەڵگە زیندووەکان عەقڵەکان دەبوژێننەوە و چالاکی تیادا دەژێننەوە.

پێویستە لەکاتی مومارەسەکردنی ڕاوێژکاری‌دا گفتوگۆ لەسەر ڕاوبۆچونەکان لەفراوانترین چێوەدا بەڕاشکاوی بکرێت لەپێناو دەرك پێکردنی تەواو ووشیارانە بۆ ڕاستی‌یەکان و ڕاکان و جۆرگەرەوەکان. پاش ئەم قۆناغە ڕێکەوتن دێت لەسەر پێویستی بوون یان نەبوونی ئەو گۆڕانکاری‌یانەی کەلەئارادایە بۆ ئەوەی خەڵکی بێن و لەسەر ڕاستی‌یەکان ڕێك بکەون، پێویستە لەسەرەتادا ئەو ڕاستی‌یانە بناسن، ئەوەش پێویستی بەدیاری‌کردنی پێوەری گونجاوەکان هەیە کەپێشتر لەسەریان ڕێك کەوتین.
بڕیاری دروست لەئەنجامی ڕێکخستنی ڕاوبۆچونەکان و لابردنی ململانێ دەبێت لەنێوانیاندا و بەووردبوونەوە لەجێگرەوە پێشنیارکراوەکان. ئەمەش وانەیەکە لەگرنگترین وانە بەدەست هاتووەکان لەخوڕەوشتی پێغەمبەر (د.خ) کە لەسەرەوە باسمان کرد.
ئەمڕۆ تەکتیك و هۆکارەکانی پەیوەندی کردن توانای پڕکردنەوەی پێداویستی‌یەکانی شورای زیادکردووە، ئێستا لەتوانادایە کەزانیاری‌یە بنەڕەتی‌یەکان بلاوبکرێننەوە بۆ وەرگرتنی بڕیار و بەخێرایی دابەش بکرێن، ئالوگۆڕی تێڕوانینەکان بۆتە شتێکی ئاسان، لەم ڕێبەرەدا باسێکی کورت پێشکەش دەکەین لەو هۆکارانە لەبەندێکی تایبەت بەپەیوەندی کردن.

## شەشەم: بیروڕا دەربارەی دانوستان

زۆرکات ڕووبەڕووی کێشەی گەیشتن بەڕێکەوتن دەبینەوە لەگەڵ ئەوانەی بەرژەوەندی و گرنگی پێدان و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەمانە. هەروەها دەبینین لەوجۆرە بارانەشدا چارەسەرکردن بەوە تەواو دەبێ کەبەخشین و وەرگرتنی تێدابێ کەبە دانوستان ناسراوە. دانوستانیش هونەرێکە پێویستی بە تێگەیشتنی دەروونی مرۆڤایەتی هەیە تازانیاریمان دەربارەی لایەنی بەرامبەر زۆرترین دەرفەتی باشترمان بۆ دەڕەخسێ سەبارەت بە بڕیارەکان بۆ چارەسەرکردنێکی سەرکەوتوانەی کێشەکە. دانوستان و ووتووێژکردن گەمەیەك نی‌یە بەسەرکەوتن و دۆڕاندن کۆتایی پێبێت، یان هەوڵێك بێت بۆ تێکشکاندنی لایەنەکەی تر و یان مل پێ کەچ کردنی بۆ ڕازی بوون بە داخوازی‌یەکانمان، بەڵکو کارێکە دێتە ئاراوە لە پێناوی گەیشتن بەئەنجامی بەکەڵك بەشێوەیەك کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بنەماکان و بگونجێت لەگەڵ عەقڵ و پێوەرە بابەتیەکاندا.
نەرمی نواندن لە دانوستاندا وەك ڕەقی نواندن وایە، ئەو لایەنەی کەزیاتر لەتوانایدایە کەمومارەسەی فشاری زیاتر بکات ئەوەی دەیەوێت بەدەستی دەهێنێت بەبێ گوێدانە ئەوەی کە گونجاوتر و باشترە بۆ هەردولا. بەرنامەی ڕاستیش لەمەدا بریتی‌یە لەجەخت کردن لەسەر بەخشینەکانی (معطیات) هەمان حاڵەت وەك بناغەیەك بۆ دانوسان و ووتووێژ. دانوسانیش بابەتێکی زۆر فراوانە، لەم نەخشەیەی خوارەوەدا چەند سەرنجێکی بەکەڵك دەخەینە بەردەست لەکتێبی (دانوسان بۆ گەیشتن بەبەڵێ!) لەنووسینی هەردوو نووسەر روجر فیشەر و وولیام ئوری:

| گرفتەکە<br>سازش کردن بەرێگای پارێزگاری کردنی هەرلایەك لە پێگەی خۆی ئەو نەخشەیە کامەیە کە دەیگرێتەبەر؟ | | چارەسەرکردن<br>سیاسەتی پێگەکان بگۆڕەو دانوسان بکە لەسەر بنەماکان |
| --- | --- | --- |
| **دانوسان کەری نەرم** | **دانوسان کەری ڕەق** | **دانوسان کەری پابەند بە بنەماکان** |
| لایەنی بەرامبەر دۆستە | لایەنی بەرامبەر دوژمنە | لایەنی بەرامبەر دەخوازێت چارەسەری کێشەکە بکات |
| ئامانج گەیشتنە بەڕێکەوتن | ئامانج زاڵ بوونە | ئامانج بریتی‌یە لە بەرەنجامێکی دانایانەو دۆستانە و هاوسەنگ |
| واز لەهەندێك شت بێنە لە پێناوی باشکردنی پەیوەندی‌دا | داوای داشکاندن بکە وەك مەرجێك بۆ پەیوەندی | کێشەکان لەکەسەکان جیابکەرەوە |
| لەبەرامبەری کەسەکان و کێشەکان نەرمبە | توندوتیژبە بەرامبەر کێشەکە و کەسەکان | لەگەڵ کەسەکان نەرم بەو لە بنەماکاندا توندبە |
| متمانە بەکەسانی تریش بکە | گومانی خراپت هەبێت لەگەڵ کەسانی‌تر | بەرەوپێش هەنگاو بنێ بەبێ گوێدانە متمانە |
| هەڵوێستی خۆت بەئاسانی بگۆڕە | بەتەواوی پابەندی هەڵوێستەکەت بە | جەخت لەسەر بەرژەوەندی‌یەکان بکە نەك هەڵوێستەکان |
| پێشنیار پێشکەش بکە | هەڕەشە پیشان بدە | بەرژەوەندی‌یەکان و گرنگی پێدانەکان بدۆزەرەوە |
| ڕازی‌بە بەزیان لێ‌کەوتن لەپێناو گەیشتن بەڕێکەوتن | داوای دەسکەوت بکە بۆ لایەنی خۆت وەك نرخێك بۆ ڕێکەوتن | داهێنان بکە لەپێشنیار کردندا لە پێناوی بەدیهێنانی دەسکەوتی ئاڵ و گۆڕکردن |
| بگەڕێ بەدوای کەمترین ئاستدا کەدەکرێت پێ‌ی بگەین. | ئەوانی تر چەواشە بکە دەربارەی کەمترین ئاستت بۆ ڕێکەوتن | خۆت لادە لەچەسپاندنی کەمترین ئاست |
| بەدوای یەك وەلامدا بگەڕێ: ئەویش ئەو وەلامەی کەپێ‌ی ڕازی دەبن | بەدوای یەك وەلامدا بگەڕێ: ئەویش ئەوەی پێ‌ی ڕازی دەبیت | چەند ئەگەرێك بگۆڕە بەرەوپێش و پاشان بڕیار بدە |
| سووربە لەسەر پێویستی گەیشتن بەڕێکەوتن | لەسەر هەڵوێستی خۆت پێ‌دابگرە | سووربە لەسەر پێودانگە بابەتیەکان بۆ چارەسەرکردن |
| خۆت لادە لە ململانێ‌ی ویستەکان | هەوڵ بدە کەململانێ‌ی خۆویستی بەریتەوە | هەوڵ بدە کە بگەیتە ئەنجامێك کەپشت ببەستێت بەو پێوەرانەی کەسەربەخۆن لە ئیرادەدا. |
| خۆت بەدەستەوە بدە لەژێر فشاردا | فشار بەکاربێنە | بەعەقڵ و لۆژیکیانە(منطق) بیربکەرەوەو کراوەبە، ملکەچی بنەمای ڕاستبە نەك فشار. |

### دیسپلینەکانی یەکلاکردنەوە

یەکلاکردنەوە (التسویە) یاخود چارەسەری مام ناوەندی بیرۆکەیەکە لەگەڵ بابەتی دانوستاندا دێت، و باشترین کەس لەنێوان ڕوخسارە ئیسلامییەکاندا ئاماژەیان بەشێوازی هاوسەنگی لەنێوان ڕەوایی و ناڕەوایی کردووە (ئیبن تەیمیە) لەکتێبەکەیدا (الحسبة في الأسلام) ڕوونی کردۆتەوە و مەرجەکانی بەمانە داناوە:

أ - فەرمان بەچاکە و قەدەغەکردنی خراپە بەبێ زانیاری و شارەزایی دروست نییە.

ب- ئەگەرهاتوو ڕاستی دیاربوو دەبێت پێی ڕازی بین هەرچەندە ئەگەرهاتوو ئەو ڕاستییە بەپلەیەکی کەمتر ناڕاستیشی پێوە لکابێت.

ج- ئەگەر ناڕاستیش دیاربوو دەبێت بەرپەرچ بدرێتەوە هەرچەندە بەوهۆیەشەوە چەند مافێکی کەمتر لەو تیابچێت.

د- نابێت ناڕاستییەك بەرپەرچ بدرێتەوە ئەگەرهاتوو مافێکی گەورەتری وونکرد.

هـ- ئەگەرهاتوو ڕاست وناڕاست هاوسەنگ بوون و یەکانگیربوون بەشێوەیەك کەنەتوانرێت جیابکرێتەوە ئەوانە نەفرمانیان پێدەکرێت وە نەقەدەغە دەکرێن.

و- لەو کێشانەدا کەبیروڕای جیاوازیان لەسەرە نابێت فەرمان بدێت یان قەدەغەکردن بکرێ.

**هەندێك لایان وایە کەتەنها بوونی قورئانی پیرۆز بەتەواوی لەبەردەستماندا دەستەبەری بەدیهێنان و پێشکەوتنمان بۆدەکات بەبێ بەکارخستنی ئەقڵ و بیرمان لەجێبەجێ کردنیدا، خوا ئەقڵی پێبەخشیوین تابەکاری بهێنین لەتێگەیشتنی دین و جێبەجێ کردنی، ئەمەش والەمرۆڤ دەکات کەلەپلەیەکی بەرزتردا بێت لەسەرووی گیاندارانەوە. مرۆڤ گەورەترین یان درێژترین لاشەو باڵانییە، بەهێزترینیش نییە بەڵکو تەنها بەعەقڵ و بیرکردنەوە پێش ئەوانی داوەتەوە.**

**نیعمەتی عەقڵ چیرۆکێکی رەمزییە**

دەگێڕنەوە کە شێرێك لەدارستانێکدا دەژیا، بەیەکێك لە بێچووەکانی خۆی ووت: (لەهیچ ئاژەڵێك مەترسە، بەڵام وورییای ئەو گیانلەبەرەبە کەلەسەر دوو پێ دەڕوات و بەمرۆڤ ناسراوە، ئەو عەقڵی هەیە و بیری پێدەکاتەوە). ڕۆژگار تێپەڕبوو بێچووە شێرەکە کە گەیشت بەپیاوێك و دای بەزەویدا، خەریك بوو بیکوژێت بەڵام ئامۆژگارییەکانی باوکی بیرکەوتەوە بەپیاوەکەی ووت:( باوکم وورییای کردمەوە لەتۆ دەتوانی عەقڵی خۆتم نیشان دەیت؟). پیاوەکە ووتی " بەڵێ بەڵام من عەقڵی خۆمم لە ماڵەوە لەبیرکردووە،ئەگەر بەرەڵات کردم ئەچم بۆتی ئەهێنم". بێچووە شێرەکە ڕازی بوو، بەڵام پێش ئەوەی پیاوەکە بڕوات بە بێچووە شێرەکەی ووت:( ڕێگام بدە بت بەستمەوە بەو دارەوە نەوەکو شوێنەکە بەجێبهێڵی و بگەڕێمەوەو پاشان نەتدۆزمەوە). بەستیەوە بەدارەکەوە، پاشان گۆچانێکی هێنا. کەوتە لێدانی هەتاکو خەریك بوو بیکوژێت، ئینجا بێچووە شێرەکە ئامۆژگارییەکانی باوکی بیرکەوتەوە کە وورییای ئەوەی ئادەم بێت چونکە عەقڵێکی هەیە و بیری پێدەکاتەوە.

**ئێمە لە بەدبەختی خۆمان نەمان توانیوە عەقڵمان بەهەموو تواناکانییەوە بەکاربهێنین ، هەندێك جار بەلەکارکەوتوویی دەمێنێتەوەو هیچی لێ بەکارناهێنین . لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوە دەگەیەنن کە مرۆڤی مام ناوەندی تەنها لەڕێژەی ٥-١٠٪ی ئەو عەقڵە شاراوەیە بەکاردێنێ کەخوای گەورە پێی بەخشیوە!!.**

## گفتوگۆ

١- کەی پێویست دەکات مرۆڤ بڕیار وەرنەگرێت؟ وەبۆچی؟
٢- ئەو شتانە چین کەپێویستە مرۆڤ خۆی لیٚ لابدات بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیارێکی شایستەی جێبەجێکردن دەربکات؟
٣- ئەو چوار هەنگاوانە کامانەن -بەڕیز بیان ژمێرە- کە پێویستن بۆ کرداری دروست کردنی بڕیار؟
٤- ئەو پێنج هەنگاوانە کامانەن-بەڕیز بیان ژمێرە- کەپێویستە ڕەچاو بکرێت لە جێبەجێکردنی شێوازی داهێنان؟
٥- گرنگترین تایبەتمەندییەکان کامانەن کە پێویستە لەزانیاریدا هەبن بۆ ئەوەی بەسوود بێت لەدروست کردنی بڕیاردا؟ کام لە تایبەتمەندییەکان گرنگی کەمترە؟
٦- گرنگترین پاشان گرنگتر لەهەنگاوە پێویستەکان بۆ سەرکەوتنی دانیشتنەکانی هەڵقولانی زەینی دیاری بکە؟
٧- ئایا ئەو دوو ئایەتەت لەبەرە کەپەیوەندیدارن بەشوراوە؟
٨- ئەگەر وادانرا کە ڕاوێژکردنەکەی پێغەمبەر (د.خ) دەربارەی جەنگی ئوحود لەم سەردەمەی ئێستاماندا بوایە کام هۆکاری شورا باشترە و کامەیان کەمتر کاریگەرترە؟ وە بۆچی؟
٩- پەیوەندی نێوان شوراو سەرکردایەتی چییە، هەروەك ئەوەی لەم ڕێبەرەدا باس کراوە؟

## جێبەجێکردن

وەك جێگرێکی لێپرسراوی بڵاوکردنەوە لەکۆمەڵەی ناوەندی یەکگرتوودا گەیشتیت بەئەوەی کەژمارەیەك لەخوێندکارانی زانکۆکەت ڕازی بکەیت بەبەشداری لە دابەش کردنی چاپ کراوەکانی کۆمەڵەکەدا ، ئەو هەڵمەتە سەرکەوتووبوو سوپاس بۆ خوا. هەندێك لەلێپرسراوانی ڕەوەندە ئیسلامییەکان لەشارێکی دراوسێوە داوایان لێکردیت کە یارمەتییان بدەیت لەرێکخستنی هەڵمەتێکی هاوشێوە کە هەندێك لەو ئەندامە خوێندکاریانەی لای خۆت بەشداری تیادا بکات. بێگومان تۆ دەتەوێت هاوکارییان بکەیت. بەڵام هەست دەکەیت کەکارکردن لەنێو ڕەوەندە ناوخۆییەکان بۆ نەتەوە بەگشتی گرنگترو بەسوودترە.

١- لیستێك بۆ جێگرەوە پەسەندەکان دروست بکە، کەلەتواناداپە دیراسە بکرێ.
٢- نمونەیەك ئامادەبکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ دیاریکردنی نەخشەی کارکردن.
٣- ئایا لەتوانادایە کە بەتەنها بڕیار وەربگرێت یان پێویستیت بەهاوکاری کەسانی تر هەیە لەگەڵتا بن؟ بۆچی؟ وەچۆن؟
٤- لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئاسەوارانە بکە کە کاریگەرن لەسەر بڕیارەکە ، وە ئەو هۆکارە جیاوازانەی کار لە بڕیارت دەکەن، وەك پەرەسەندنە ئایندەییەکان، جۆرایەتی، دووبارەبوونەوە، ئەوانەش بەپێی ڕادەی گرنگیان پۆلێنیان بکە.

بەشی

٨

# لەنێوان بڕیار و جێبەجێکردندا

**یەکەم: جێبەجێکردن چییە؟**

**دووەم: جێبەجێکردن و ڕۆڵی لەدروستکردنی بڕیاردا**

**سێیەم: ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن**

أ - پێ ڕاگەیاندنی بڕیارەکە

ب- دیاری کردنی نەخشەی کارکردن

ج- دابەش کردنی لێپرسراوێتی یەکان

د- خشتەی زەمەنی

ه- سەرچاوەکانی بوودجە

**چوارەم: پێداویستیەکانی بەجێگەیاندن**

أ - ڕۆژ ژمێری گیرفان

ب- نەخۆشی بێدەسەلاتی لە جێبەجێکردندا

ج- ١٠٠٪ تەواوبکە نەك ٩٩،٩٩٪

د- باوك و سێ کوڕەکە

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

**لەدوای تەواوکردنی ئەم بەشە دەتوانیت کە:**

- پەیوەندی دروست بکەیت لەنێوان کرداری جێبەجێ کردن و دروستکردنی بڕیاردا.
- نەخشە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە دابڕێژیت.
- تێهەڵکێش کردنی جێبەجێکردن لەچوارچێوەی پرۆسەی دروست کردنی بڕیارەکەدا.

## یەکەم: جێبەجێ کردن چییە؟

سوودی هەر بڕیارێك لەدروستی جێبەجێکردنەکەیدایە. بڕیاری کاریگەر پێویستی بەکردارو ڕەفتاری دیاریکراو هەیە لەهەموو ئەوانەوە کە بڕیارەکە پەیوەندی پێیانەوە هەیە. لەوانەشە بڕیارەکە پێویستی بەوەوە هەبێت واز لەهەر کارێکی دیاریکراو بهێنین. وەلەباری پێویستی بەجێگەیاندنی کارەکان وەك خۆیان پێویستە بەشێوەیەکی دروست جێبەجێ بکرێن بۆ بەدەست هێنانی باشترین ئاسەوار لەسەر بڕیارەکە.

جێبەجێکردنیش بریتی‌یە لەوەی بڕیارەکە بخرێتە قاڵبی پراکتیکەوە بەدیاریکردنی کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراو بۆ گەیاندنی چەند ئەرکێکی دەستنیشان کراو لەکات و ماوەی دیاریکراودا بە بەکارهێنانی توانایەکی دارایی سنوردار.

## دووەم: جێبەجێکردن و ڕۆڵی لەدروستکردنی بڕیاردا

بڕیار بەئامانجێکی خوازراو دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی بەکردەوە جێبەجێ دەکرێت و دەکرێتە دەستکەوتێکی هەستپێکراو. وەرگرتنی بڕیارو جێبەجێکردنی دوو کرداری یەکتر تەواوکەرن، قورئانی پیرۆز قەدەغەی قسەی بێکردار دەکات و فەرمانمان پێدەکات کە پابەندبین و سوربین لەسەر ئەو شتەی کە بڕیاری لەسەر دەدەین بەکردەوە بیکەین هەروەك دەفەرموێت:

يا أَيُّها الَّذينَ آمَنوا لِمَ تَقولونَ ما لا تَفعَلونَ ﴿٢﴾ (الصف)

...فَإِذا عَزَمتَ فَتَوَكَّل عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ المُتَوَكِّلينَ ﴿١٥٩﴾ (آل عمران)

وەرگرتنی بڕیارەکە بەڵگەیە لەسەر بیرکردنەوە لەلایەنەکانی مەسەلەکە و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤە هەمە جۆرەکان، و سەنگ کێشکردنی چاکەکان و خراپەکان، وەدیاری کردنی لایەنی جێبەجێکەر. واتە ئاراستەی کارکردن لەو خاڵەدا ڕوون دەبێت بۆ هەموان.
بڕیاری کاریگەر واتە پابەندبوون بەکارو بە ئەنجامەکانەوە، یەکەمین ڕێسا لەوەدا بریتیە لەدڵنیابوون لەبەشداری کردنی هەرکەس لەتوانایدایە لە پێکهێنانی بڕیاردا بەشداری بکات؛ هەروەها گرنگە هەر لەسەرەتاوە دڵنیا بین لەپابەندبوون بەکارکردن لەچوارچێوەی هەمان بڕیاردا. ناتوانرێت وادابنێین کە بڕیارەکە بەکردەوە وەرگیراوە هەتا ئەرکی جێبەجێ کردنی بەپێی هەنگاوی دیاریکراو نەخرێتە ئەستۆی کەسێکی دیاریکراو کە بەرپرسیتی ئەوە لەئەستۆی خۆی بگرێت.
بڕیاری سەرکەوتوو ئەوەیە کە جێبەجێکردنی بەشێك بێت لەخۆی. ئەمەش لەڕێگای بەشداری فراوان بەدی دێت لەلایەن هەموونەوانەی کەبڕیارەکە دەیان گرێتەوە، وە لەڕێگای گفتوگۆ لەکاتی کرداری پێکهێنانی بڕیاردا. بەمە بەشداریکردنی پێویستیت و پابەندبوونی کرداری لەلایەن هەموو ئەو لایەنانەی دەیانگرێتەوە بەدی دێت. سەرەڕای ئەمەش، هەر بڕیارێك پێکبهێنرێت لەسەر چاوەڕوانکاری بنەڕەتی دیاریکراو پێویستە بەشێوەیەکی بەردەوام تاقی بکرێتەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەو واقیعەی تیایدا دەژین، ئەمەش لەڕێگای لێکۆڵینەوەی دژەکردارەکان دەبێت بۆ دڵنیابوون لە لەباربوونی بڕیارەکە بۆ جێبەجێکردن لە جیهانی واقیعیدا.

## سێیەم: ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

گواستنەوەی بڕیار بۆ کارکردن پێویستی بەوەڵامی ژمارەیەك پرسیاری دیاریکراو هەیە کەجێبەجێکردنی بڕیاری بەشێوەیەکی دروست لەسەر ڕادەوەستێت، ئەمەش پرسیارەکانە:
? پێویستە بڕیارەکە بەکێ ڕابگەیەنرێت؟
? کاری داواکراو چی‌یە؟
? کێ پێویستە پێی هەڵبستێت؟
? کەی پێویستە پێی هەڵسێت؟
? خەرجییەکانی کارەکە کێ دەیگرێتە ئەستۆی خۆی؟

وەلامی ئەم پرسیارانەش بەم هەنگاوانەی خوارەوە تەواو دەبێت:

### أ- پێڕاگەیاندنی بڕیار

پێویستە هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەبڕیارەکەوە هەیە ئاگادار بکرێنەوە. لەو کەسانەش ئەوەی کە بەشداری کردووە لەدروستکردنی بڕیارەکە وە ئەوەی کە بەشداری نەکردووە وەئەوەی کە لەمەودوا بەشداری دەکات لەجێبەجێکردنی یان هەندێك لەئەنجامەکانی دەیانگرێتەوە.

### ب- دیاریکردنی نەخشەی کارکردن

دیارکردنی کاری پێویست و ڕێوشوێنەکان کە پێویستە بگیرێتەبەر لە بڕبڕەی پشتی دروستکردنی بڕیارە. پێویستە وەلامەکان دیاریکراوبن و لەتواناادا بێت جێبەجێ بکرێن لەواقعدا، لەبەرئەوەی جۆری ئەو پابەندبوونانە دیاری دەکات کە بڕیارەکە دەیخوازێت. بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی تەواو لەبارەکە تێبگەین پێش وەرگرتنی بڕیاری پێشنیارکراو- بەهەمان شێوە پێویستە نەخشەیەك دابنرێ بۆ کارەکان جوڵەو هەنگاونانە داواکراوەکان کەتوانا بدات بەکارکەرانی ئەو بوارە تا بەو ئەرکانە هەڵسن کەدەخرێتە ئەستۆیان، بەپێی ئەو تێچونە دیاریکراوو ڕوونانەی سەبارەت بە کارەکە پێویستن.

### ج- دابەش کردنی بەرپرسیارێتییەکان

بێگومان دەبێت ئەرکەکان و لێپرسراوێتییەکان دابەش بکرێن کە تاکەکەسێك یان یەك یەك یان بەشێکی تایبەت بەجێگەیاندنی لەئەستۆی بگرێت. وە پێویستە لەهەموو بوارەکانی پێسپاردندا ناوی ئەو کەسە یاخود ئامێر و جۆری کارەکەی دیاری بکرێت بۆ لابردنی هەر بەهەڵە تێگەیشتنێك وە ڕێگا گرتن لە گواستنەوەی بەرپرسیارێتی بۆ یەکێکیتر. سپاردنی تەنها کارێك بەژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بەجێ گەیاندنی مسۆگەر ناکات، لەبەرئەوەی هەر کەسێك پشت دەبەستێت بەوی تر لەجێبەجێ کردندا. لێرەدا چیرۆکی پادشا و گەنجینەی هەنگوینتان بۆ باس دەکەین.

### د- خشتەی زەمەنی

بێگومان دەبێت خشتەیەکی کاتی بۆ ئەرکەکان دابنرێت، چونکە وادەبێت هۆکاری کات ڕەگەزێکی گرنگ بێت بۆ بڕیارەکە، دەکرێت بڕیارەکە کاریگەرێتی خۆی وون کات ئەگەرهاتوو پێش کاتەکەی خۆی یان پاش کاتەکەی خۆی جێبەجێ کرا یاخود ئەگەرهاتوو جێبەجێ کردن بەپێی قۆناغی ڕیزبەندی تەواو بوو، هەمووان دەزانن کە بەهۆی دواکەوتنی گەیشتنی ووتارێك لەکاتی دیاریکراو بۆ وەلام دانەوەی چەندە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت.

**پادشاو گەنجینەی هەنگوین**

دەگێڕنەوە کە پادشایەك زۆر حەزی لەهەنگوین دەبێت. کاتێ ویستی ڕادەی خۆشەویستی گەلەکەی بۆخۆی بزانێت. بڕیاریدا بەرمیلێك لەناوەڕاستی شاردا دابنێ، وە داوای کرد لەهەرکەسێ کە پادشای خۆش دەوێ، پەرداخێك هەنگوینی پاڵفتە بکاتە بەرمیلەکەوە. هەریەکێك لەهاوڵاتیان ئەوەی بەخەیاڵدا هات کە لەبری پەرداخێ هەنگوین، پەرداخێ ئاوی تێبکات بەوای دانا کەتەنها ئەوە ئاو دەکاتە بەرمیلەکەوەو خەڵکانی تر هەمووی هەنگوینی تێدەکەن، بەوجۆرە فێڵەکەی ئەو دەرناکەوێت. بەڵام کاتێك پادشا تەماشای کرد بەرمیلەکە پڕە لەئاو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەهەموو هاوڵاتیان هەمان بیرۆکە بەخەیاڵیاندا هاتووە، وەهەموویان لەبری پەرداخێك هەنگوین پەداخێك ئاویان تێکردووە.

**٥- سەرچاوەکانی بودجە**

ئەگەرهاتوو خەرجییەکان بەووردی نەزانرا پێویستە خەمڵاندنی نزیکەیی واقعیی دابنرێت بەپشت بیستن بەو زانیارییانەی لەبەردەستدان. بڕیاری کاریگەر ئەو بڕیارەیە کە جێبەجێکردنی لەتوانادایە لەو چوارچێوەی کەبودجەی پەسەندکراو دیاری دەکات.

## چوارەم: پێویستیەکانی بەجێ گەیاندن

ئێستا کرداری جێبەجێکردنمان ناسی، لەتوانامماندایە سوود لەهەندێك نیشاندەری پراکتیزە کراوە وەربگرین بۆ بەجێگەیاندنی کاری ڕۆژانە. هەوڵ دەدەین لەڕێگای کۆمەڵێك تێبینی و نوکتەی کورتەوە هەستین بەدیاریکردنی جیاوازی نێوان سەرکەوتن و سەرنەکەوتن لەجێبەجێ کردندا، ئاماژە بکەین بەهەندێك هۆکاری گرنگ کە یارمەتی دەدات بۆ سەرکەوتن، وەك بیرخەرەوەی گیرفان، وەجەخت کردن لەسەر جێبەجێ کردن، زیاتر لەئاخاوتن، وە هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی کار بەڕێژەی ١٠٠٪، وەهەڵسەنگاندنی کەسەکان بەپێی ڕۆڵیان.

| | |
|---|---|
| ساڵی ١٩٥٩ خوێندکاری تەکنۆلۆژیا بووم لە لەندەن لەزانکۆی نورروود، بەیانییەك یەکێك لەبرادەران هات بۆلام ووتی ((من هەمیشە بەڕووخۆشی و لێو بەخەندە دەتبینم، پێم خۆش بوو وەکو تۆبم)). لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا کەسێکی ترم بینی ووتی((چیە هەمیشە بەڕووگرژی دەتبینم؟ چی وادلگرانت دەکا؟)).<br>لەساڵی ١٩٧٩ سەرپەرشتیاری خێوەتگەیەکی ڕاهێنانی سەرکردەیی بووم کە لەقوبرص نەدوەی جیهانی لاوانی ئیسلامی بەهاوکاری لەگەڵ یەکێتی ئیسلامی جیهانی بۆ ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕێکی خستبوو. لەڕۆژی سێیەمدا دووان لەبراکان هاتن بۆ لام پێیان ووتم: ((کە بەرنامەکە ڕەق و گرانە بەشداربوان هەست بەوە دەکەن کە لەکەشێکی سەربازیدا بن!)). لەچوارەمین ڕۆژدا دووکەسی تر هاتنە لام گازندەیان بو دەربارەی ئاسانی بەرنامەکە و پێویستی بەگۆڕین هەیە بۆ دروست کردنی گیانی سەربازی توندو ڕەق.<br>پەلەکردن لەکاردانەوەو هەڵوێست گۆڕین لەپێناوی ڕازی کردنی کەسانی تر بێ لێکۆڵینەوە بەرەو کارەساتمان دەبات. خەڵکیش ئەزموون و تێڕوانینی جیاوازی خۆیان هەیە هەریەکە لەبێشکەی خۆیدا گەورەبووە، پێویستە لەسەرمان کەشیکردنەوەو پشکنین و دڵنیابون و ڕاوێژبکەین پێش ئەوەی دەست پێشخەری بکەین بۆ ڕاست کردنەوە یان گۆڕانکاری. بەڕێوەبردن بە ڕێگەی کاردانەوە بەرەو توانەوەو ونبوونمان دەبات، دەبێ گوێ لەهەموو کەس بگرین پاشان دەست بەکاربین بەپێی نەخشەیەك کە لەسەر بیرکردنەوەو ڕێکوپێکی وەستا بێت.<br>کاتێك کە ئێمە نوێنەرایەتی ئەندامانی دامەزراوەکەمان دەکەین، ئەوا بەرپرسیاریەتییەك لە ئەستۆ دەگرین لەبەردەم خوای گەورە و میهرەبان، پێویستە دانا بین لە ڕابەرایەتی کردنمان بۆ کەسانی تر. لەسەر بزووتنەوەکەیە کە ڕابەرایەتی خەڵك بکات و ڕێگەیان پێنەدات کوێرانە جڵەوی سەرکردایەتی بگرنە دەست. | **هەڵوێستی کرداری**<br><br>**بیربکەرەوە و بگەڕێ پێش ئەوەی کاردانەوەیەکی ئالیبانەت هەبێت!** |

### أ- رۆژژمێری گیرفان

بۆیە ووشەی (ئینسان) بۆ مرۆڤ بەکارهێنراوە چونکە شتی زۆر لەبیر دەچێتەوە وەلە (نسیانەوە) نزیکە لەسەر یەکێ لەڕاکان. وەبۆ سەرکەوتن بەسەر ئەوەدا بیرخەرەوەیەکی بچووك یا پسولەیەك یان کاغەزێك لە گیرفاندا هەڵ دەگرین، بۆ تۆمارکردنی هەموو کاروبارە گرنگەکان کە پێویستە پێی هەڵبستین لە شەوو رۆژێکدا، باشتر وایە بەپێی لە پێشترەکان رێك بخرێت. و پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بیرخەرەوەکە دووجار لەڕۆژێکدا بەلایەنی کەم هەموو بەیانی و ئێوارەیەك بۆ ڕاست کردنەوەو سڕینەوەی ئەوەی لەو رۆژەدا جێبەجێ کراوە. ئەمەش هەستی بەجێ گەیاندن لەمرۆڤدا بەهێزدەکاتەوە. لەبەرئەوە ئامۆژگاری دەکەین بەگرتنەبەری ئەم یاسایە هەرچەند یاداوەری هۆشی (ذاکرة) مرۆڤ بەهێز بێت، لەبەر سوودە زۆرەکانیو کاریگەری گەورەی لەبەرزکردنەوەی ئاستی بەجێهێناندا ئەو یادخەرەوەیە پێویستە. لەکۆندا ووتراوە: لاوازترین پێنووس باشترە لە درێژترین یاداوەری!!.

### ب-نەخۆشی بێدەسەلاتی لەجێبەجێکردندا

لەڕاستی‌یە حاشا هەڵنەگرەکان ئەوەیە کەکاری باش ئەوەیە لەسەر بناغەی تیۆری دروست ڕابوەستێت، بەڵام ئەوەی بۆچوون و تێگەیشتنەکان دادەنێت کەسانی سەرکردەن یاخود ئەربابی زانست و زانیارین. ئەی کەوابوو چی دەربارەی کەسانی ئاسایی و ئیشکەر بڵێین؟ زۆرینەی ئەوانە قوربانی بێدەسەلاتین، لەسەر مرۆڤە کە چاودێری ئەندامەکان بکات لەکاتی کۆبوونەوەکاندا، بەراووردی ڕێژەی قسەکردن بە کارکردن بکات. پێویستە جەخت زیاتر لەکارکردن بکەین وەك ووتن، خواو پەیامبەرەکەی و موسڵمانان گەواهی ئەدەن لەسەر کارەکانمان، لەترسناکترین خراپەکانیش ئەوەیە کەزۆر ووتن جێی کارکردن بگرێتەوە، چەندەقسەکانمان زیادی کرد دەربارەی پرۆژەیەك، پاش ماوەیەك وامانە لادروست دەبێت کەبەدیهاتووە. لەوانەیە باشترین نمونەش بۆ ئەمە دانانی پرۆگرامێکی خوێندن بۆ خوێندنگا ئیسلامی‌یەکان بێت، قسە زۆربوو لەدەوری بەشێوەیەکی فراوان بێئەوەی شتێکی بەڵگەدار بێتەدیو، قسەی زۆر - هەروەك سروشتی مرۆڤ وایە - جێی کارێکی کەمی گرتەوە.

تا کارکردن کەم بی قسە زۆر دەبێ، ئەمەش وەك جێگرتنەوەیەك بۆ هەست کردنی مرۆڤە بەتاوان، بۆ لەخۆگرتنی ئەمەش پێویستە بڕوامان وابێ کەقسە کردن قەرزێکە و دەوری پشتیوانی دەبینێ، هەموو قسەیەك قەرزێکە لەسەرتۆ ئەبێ بیدەیتەوە و هەموو کارێکیش وەك کەسێك وایە قەرزەکەت لێوەرگرتبێ، بەمەش لەکەسێکی زۆر بڵێوە دەگۆڕدرێت بۆ کەسێکی بەبایەخ و کۆششکار.

### ج- ١٠٠٪ تەواوبکە نەك ٩٩،٩٩٪

٩٠٪ ی خەڵکی نیوەی کارەکانیان بەتەواوی بەجێدەهێنن، لە٩٪ یان کارەکانیان بەرێژەی ٩٥٪ بەجێ دەهێنن، بەڵام تەنها ١٪یان کارەکانیان بەرێژەی ١٠٠٪ بەجێ دەهێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەتۆ وەك بەرپرسێك، تەنها دەتوانیت ئەوکارانەی جێبەجێ بکرێت بەتەواوی بخەیتە ئەستۆی لە ١٪ ی ئەو هێزەی کارەی لەبەردەستدایە، ئەمەش دەبێتە بارێکی قورس بەسەر ئەو بەرپۆبەرێتی‌یەی کە بەرپرسیارە لەجێبەجێکردنی ئەو کارەی ماوەتەوەو داواکراوە جێبەجێ بکرێت، ئەم دیاردەیە بەرەوپێشچوونی کار دەوەستێنێ. زۆرجار دەبیستین کە کرێکارەکان هەمیشە جەخت لەسەر تەواوکردنی کاردەکەنەوە بەو پەری تەواوی‌یەوە، بەڵام تەنها هەندێك دەستکاری تیادا دەکەن، واتە کارەکە تەواو نەکراوە، ئەگەرنا بۆچی ئەو دەستکاری‌یە ساکارەیش تەواو ناکرێت؟

بیانووەکان چەندە زۆرن، ئەو کەسانەش چەند زۆرن کە بیانوو دەهێننەوە بۆ تەواونەکردنی ئەو کارەی لێیان داواکراوە. ئێمە پێویستمان بەکەسێك هەیە کەپشتی پێببەسترێت، سەرەڕای هەموو ئەو بیانووانەی کە هەیە، دڕ بەرێگرەکان دەدات و کارەکە بەجێدەهێنێت بەرێژەی ١٠٠٪. ئەم جۆرە کەسانە توانای هاندانی خۆیی و ئاسوودەکردنی خۆیان و پەروەردەکردنی خۆیان هەیە. لەسەر مرۆڤە کە هەمیشە لەخۆی بپرسێت ئایا دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت و رێژەی بەدەست هێنانی کارکردنی لە ١٠٠٪ یان

٩٩،٩٩٪ یە. پێویستە تێبکۆشی بۆ ئەوەی ئەو تاکە کەسە بیت ناوبانگ بەوە دەرکەیت کە ١٠٠٪ی کارەکان تەواو بکەیت بۆئەوەی بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) بکەویت:

(إِنَّما النّاس كَإِبلٍ مائةٍ لا يوجَدُ فيها راحِلَةٌ)[1]

**د-باوك وسێ كوڕەكە!**

خەڵکێ هاتن بۆلای پیاوێك و بەتوڕەییەوە لێیان پرسی بۆچی کوڕە بچووکەکەت لە دووبرا گەورەکەی لەپێشتر دادەنێیت؟)، ئەویش داوای لێکردن کە خۆیان ڕابگرن تا هۆکارەکە ڕوون دەبێتەوە، پاشان هەرسێ کوڕەکەی بانگ کرد و داوای لێ کردن کەبڕۆن بۆ بەندەر (الميناء) پاش کاتژمێرێك بگەڕێنەوە بۆلای و ڕاپۆرت ئامادەبکەن لەسەر ئەو سەردانە، ڕۆیشتن و پاش کاتژمێرێك گەڕانەوە هەریەك ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کرد:

کوڕی گەورە: بارێك ئامێرمان بەدەست گەیشت.

کوڕی ناوەنجی: سێ ئامێرمان دوێنێ بۆهات لەیابانەوە.

کوڕی بچووك: سێ ئامێرمان پێ گەیشت بەڵام هەندێ پارچەی سپێرمان دیارنییە، وەیەکێك لە ئامێرەکان شکانی تیایە داوای بەدەست هێنانی قەرەبووم لەسەری پێشکەش کرد، پێویستە لەسەرمان تا هەفتەی داهاتوو مامەڵەکانمان یەکلایی بکەینەوە بۆئەوەی باجی دواکەوتنمان لێ نەستێنرێت لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی بەندەرەکە.

سەرەتا کارەکانت تەواو بکە، دان بنێ بەکەم وکوڕییەکانتدا پێش ئەوەی خۆت بەخەڵکی تر بەراورد بکەی.

**ڕاهێنان**

شەش قۆناغی پرۆژەکە

ئایا هیچ پرۆژەیەکت لەبیرە کە بەم شەش قۆناغەی خوارەوەدا بەریز تێپەڕبووبێت:

١- دڵگەرمی (الحماسە)

٢- نائومێدی و بێهێوایی

٣- دڵەکوتێ و ترس

٤- گەڕان بۆ قوربانی

٥- سزادانی بێتاوان

٦- پیاهەڵدان بەسەرکردەیەك کە بەشداری نەکردووە و پاشان خەڵات کردنی!!

ئەگەر داوات لێکرا کەهەمان پرۆژە جێبەجێ بکەیت، ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لەو قۆناغەدا پێی هەڵدەستیت؟ بەتاقیکردنەوە تایبەتییەکانت هاوەڵەکانت بەشداری پێبکە.

---

[1] سند إبن حنبل، صحيح البخاري، صحيح المسلم، سنن الترمذي، سنن إبن ماجة.

## کەژاوەیەك لەجێبەجێکاران لەجیهانی واقعیدا

ئایا دەزانیت چۆن کاریان لەگەڵ دەکەیت؟

(خ)



(د)



(ط)



شارەزا لەهەموو بوارەکاندا: (خ) ئەوەی لەهەموو حاڵەتێکدا تێدەگات و وادەزانێت کەکەسانی تر هیچ نازانن.

دیکتاتۆر: (د) ئەوەی بڕوای بەیەك شێوازی کارکردن هەیە: ئەویش شێوازی تەنها و تایبەتی.

ئەوەی لەپشتەوە لێت دەدات: (ط) هەر کەپشتت تێکرد خەنجەرێکت لێدەدات جارێك یان زیاتر لەجارێك.

ئەوەی بەردەوام گازندە دەکات: (ش) ئەوەی لەهەموو شتێکدا هەڵە دەدۆزێتەوە تەنها لەخۆیدا نەبێت.

زۆرانبازی سەرقاڵکەر: (م) ئەوەی هەموو ڕۆژێك شەڕێك دەکات، و هەمیشە سوورە لەسەر بردنەوەی وڕاونانی کەسانی تر.

ئەوەی دەتەقێتەوە: (ف) بۆمبێکی دەروونیی تەوقیت کراوەو، بەخێرایی دەتەقێتەوە.

(ش)



(م)



(ف)



خاڵی کارکردن

# پێنجینەی سەرفرازی

ئاگابوون بەکێشەکە خۆی لەخۆیدا بەمانای چارەسەرکردنی نایەت. بەڵکو دەبێت لەپێشدا سروشتی کێشەکە بەشێوەیەکی دروست دیاری بکرێت.

پاش ئەوە پێشنیاری چارەسەرکردن و ڕێنمایی چاکبوونەکە دێتەپێش، پاشان پرسیاری ئەوەدێت کە ئایا ئەو چارەسەرە لەتوانادایە بۆ جێبەجێکردن؟ و چۆن ئەمە ئەنجام دەدرێت؟ تاچ ڕادەیەك؟ وەختەی کاتی چەندە بۆی؟ بێگومان دەبێت ئەم کارانە بزانین چونکە ئەوانە نەخشەی کارکردن پێك دەهێنن بۆ گەیشتن بەچارەسەرکردن. ئەوەی دەمێنێت مەسەلەی چاودێریکردنی ئەو بڕیارانەو کارکردنی بەردەوامە هەتا هەمووی بەتەواوی جێبەجێ دەکرێت.

چوار قۆناغی یەکەم قۆناغی تیۆرییە، یارمەتی دەدات بۆ گەیشتن بەبڕیاری دروست بەڵام پێش جێبەجێ کردنی ناتوانرێت هیچ پێشکەوتنێك بەدی بهێنرێت، لەکاتی جێبەجێ کردنیدا، پێویستی بەزانیاری کاردانەوە دەردەکەوێت لەڕاو بۆچوون و تێڕوانینی کەسانی تر لەڕۆیشتنی کارەکاندا و بۆ چاودێریکردنی بەردەوام لەوەی کە بەدیهاتووە. وەتاقی کردنەوەکان واپیشان دەدەن کەزۆربەی ڕێکخراوەکان دەتوانن هەرچوار قۆناغەکە ببڕن بەڵام لەکاتی جێبەجێ کردندا دەوەستن. هۆی ئەمەش نەبوونی چاودێری کردن و پشت گوێ خستنە لە بەردەوامی کارکردندا هەتا کۆتایی، وەئەم کێشەیەش بەدەست نیشان کردنی کەسێکی دیاری کراو بۆ چاودێری کردن چارەسەر دەکرێت، ڕۆڵی وەك پاسەوانێك دەبێت کەپارێزگاری لەرێك و پێکی و یاسا و بەجێهێنانی ئەرکەکان دەکات، کە ئەم چوارخاڵەی خوارەوەی ڕەچاو کردووە:

١- دیاری کردنی ئەو کەسانەی کە جێبەجێ کردنی بڕیاریان پێ سپێردراوە بەڕوونی و دیاری کردنی ئەوپەڕی کاتی دیاری کراو بۆی لەگەڵ ڕوونکردنەوەی بودجەی دیاری کراو و دەسەڵات و دەسەڵاتی پێویست بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەکە.

٢- نووسینی کۆبوونەوەی دانیشتنەکان و دابەش کردنی بەسەر ئەندامەکاندا.

٣- پارێزگاری کردن لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەموو ئەوانەی ئەرکیان پێ سپێردراوە بۆ بەبیرهێنانەوە و وەرگرتنی ڕاپۆرت لێیان دەربارەی پێش کەوتنی ڕۆیشتنی کارەکە، وە دەتوانرێت ئەو پەیوەندیەیان بەشێوەیەکی ڕۆژانە بێت یان هەفتانە یاخود مانگانەو بەپێی پێویستی، هەروەها دەکرێت نووسراو بێت یاخود بەدەمی بێت بەپێی ئەوەی بارودۆخەکە دەیخوازێت.

٤- لەکاتی دەرکەوتنی هەرکێشەیەك لەکاتی بەدواداچووندا، لەسەر ئەوکەسەیە کە کارەکەی پێ سپێردراوە هەستێ بەڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکدا.

## پێنجینەی سەرفرازی



## گفتوگۆ

١- چۆن ئەرکی جێبەجێ کردن دەخرێتەناو یان (لێك دەدرێت) لەچوارچێوەی داخوازیەکانی دروستکردنی بڕیاردا؟
٢- ڕۆڵی لێکۆڵینەوەی کاردانەوەکانی کەسانیتر و بەدەنگەوە هاتنیان لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکاندا چییە؟
٣- ئەو پێنج هەنگاوانە باس بکە کە پێویستن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان.
٤- گرنگترین لایەن چییە کە پێویستە بایەخی پێبدرێت لەکاتی دیاریکردنی بەرپرسیارێتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکەدا؟

## جێبەجێکردن

**کۆمەڵەی ناوەندی یەکگرتوو بڕیاریدا بەدروستکردنی ناوەندێکی کۆمەڵایەتی لەیەکێك لەشارە سەرەکییەکان لەماوەی دووساڵی داهاتوودا. بڕیاری کۆتایی ئەو بابەتە زۆر بەووردی وەرگیراو وەئەرکی جێبەجێ کردنی بەرەو ڕووی تۆکرایەوە بەو پێیەی کە بەڕێوەبەری جێبەجێ کردنی کۆمەڵەکەیت.**

١- هەستە بە دانانی نەخشەیەك بۆ ئەو هەنگاوانەی کە دەینێیت بۆ دەست پێکردن لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکە.
٢- هەستە بەدیاریکردنی ئەو مەترسیانەی کەدەبێ خۆتی لێ لادەیت.
٣- هەستە بەدانانی نەخشەی پرۆژەکە بۆ چاودێری جێبەجێ کردنی و بەدواداچوونی، بانەخشەکە خشتەیەکی کاتی تیادا بێت، ڕووخسارەکانی ڕوون بێت هروەها تێچوونەکانی... هەر شتێکی تر لەو شتانە.

**بەشی**

**٩**

# بنەماکانی نەخشەکێشان

**یەکەم :نەخشەکێشان چییە؟**

**دووەم : کرداری نەخشەکێشان**

**سێیەم : ڕەگەزەکانی نەخشەکێشان**

أ – پاڵنەرەکان

ب– کات

ج– دەسەڵات

**چوارەم : نەخشەکێشان لەڕێگای بنەمای( بەڕێوەبردن بەئامانجەکان )**

أ – ئامادەکردن

ب– بڕیار وەرگرتن

ج– پەیوەندی کردن

د– توندوتۆڵی (الضبط)

**پێنجەم : کاریگەریتی نەخشەکێشان**

أ – بەهەندگرتنە پێشینەکان

ب– نەخشەکێشانی مەرکەزی و نامەرکەزی

**شەشەم : نەخشەی کاری ساڵانە**

**حەوتەم : دۆسیەی نەخشەکێشان- هەشت پرسیارەکە**

**هەشتەم : ئامانجەکان**

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

لەگەڵ تەواوکردنی ئەم بەشەدا لەتواناتدا دەبێت کە:

- پێناسەی نەخشەکێشان و ڕۆڵی لەبەڕێوەبردنی کاتدا بزانیت.
- جیاکردنەوە لەنێوان شێوەکانی نەخشەکێشان و ئاستە جیاجیاکانیدا.
- ئاشنابوون لەسەر پەیوەنیە تێکناڵاوەکان لەنێوان ئاستەکانی نەخشەکێشان.
- ئامادەکردنی نەخشەکان، لەو نەخشانەش نەخشەی کاری ساڵانە.

## یەکەم: نەخشەکێشان چی‌یە؟

نەخشەکێشان بریتی‌یە لەجۆرێك لە (هەڵەکردن لەسەر کاغەز) واتە پێش دەست پێکردن بەجێ‌بەجێ کردن و دیاری‌کردنی ڕێڕەو لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر لەوانەیە مرۆڤ لەکاتی کۆشش کردنی بۆ گەیشتن بە ئامانج تووشی لەنگی ببێت بەهۆی لاڕێ و ووردە ڕێگای زۆرەوە. ئەگەر ئاراستەی ڕێ برین کۆك و دروست نەبێت، مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ناگاتە ئامانج و لەوانەشە بگاتە شوێنێك جیا لەو شوێنەی کە مەبەستێتی. نەخشەکێشان - لەگەڵ چاودێری و زاڵبوون - ڕێگا بۆ مرۆڤ خۆش دەکات کەپارێزگاری لە ڕۆیشتنەکە بکات بۆ ئاراستەی دروست.

لەم بارەیەوە ئەم پەندە دەسەلمێنرێت کە دەڵێت (سەرنەکەوتن لە نەخشەکێشاندا وەك نەخشەکێشان بۆ سەرنەکەوتن، ئەگەرهاتوو سەرنەکەوتنی لە نەخشەکێشاندا ئەوا نەخشەت کێشاوە بۆ شکست هێنان))!




## دووەم: کرداری نەخشەکێشان

نەخشەکێشان جیادەکرێتەوە بەوەی کردارێکی بەدوایەکدا هاتوو تێك ئالاوە، ماناکەی وون دەکات ئەگەرهاتوو ئەو بەدواداچوونەی شێوا یاخود ئاراستەی ڕۆیشتنی کارەکە ناوەژوو بۆوە، لەم کلێشەیەی خوارەوەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لەتوانادایە لەهەر خاڵێکی ئەو سێ‌گۆشەیەوە دەست پێ‌بکرێت:

ئەگەر شکستت لەنەخشە کێشاندا هێنا واتە نەخشەت بۆ شکست کێشاوە!




نەخشەکێشان بریتی‌یە لەکۆکردنەوەی زانیاری و گریمانەو ئەگەرەکانی داهاتوو لەپێناوی دارشتنەوەی چالاکییە پێویستەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکە. کە پەیوەندی چالاکی بە ئامانجەکانەوە مسۆگەر دەکات ئەمەش بە ئاراستەکردنی تواناکان بەرەو گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان.

هەروەك نەخشەكە ئاستی پێویستی بەگۆڕان لە داهاتوودا دەخاتە ڕوو هەروا بناغەی پێویست بۆ سازكردن و ئاراستەكردن دادەنێت بەرەنجامەكانی كار لادان لەئامانجەكە دوور دەخاتەوە و هاندەر دەبێت لەسەر جێبەجێكرن و پاڵپشتی گشتگیری دەبێت لە ڕوانین بۆ پرۆژەكان و جێبەجێكردنیان. هەروەها زەمانەتی باشترین بەكارهێنان دەكات بۆ تواناكان و دەسكەوتەكان لەڕووی ڕەفتاریشەوە، نەخشەكێشان بەهۆكارێك دەژمێردرێت لەهۆكارەكانی بەهێزبوونی پابەندبوونمان بە ئیسلام ئەمەش لەڕێگای تاقی كردنەوەی (شورا) بەهەموو جۆرو ماناكانییەوە.

## سێیەم: ڕەگەزەكانی نەخشەكێشان

### أ- پاڵنەرەكان

نەخشەكێشان ئەركێكە لەئەركەكانی سەركردایەتی چ پەیوەندی بەئایندەیەكی نزیك وەیا دوورەوە هەبێت. نەخشەكێشانی ماوەدوور بەوە ناسراوە كە مەبەستێتی پاڵ بەرێكخراوەوە بنێت بۆ گەیشتن بە مەبەستە باڵاكانی بە نەخشەكێشانی ستراتیژی، لەكاتێكدا نەخشەكێشانی ماوەكورت هەوڵ دەدات بۆ دیاریكردنی ڕێڕەوی كاریدیاریكراو كە بەرەنجامەكەی نزیكە. بە نەخشەی تاكتیكی یان نەخشەی جوڵێنەر یان بزوێنەر. نەخشەكێشانی ستراتیژی وێنەی پێشترەكانی (اولویات) ڕێكخستن و بۆچوونە بنەڕەتییەكانی دەكێشێت.

ئەو نەخشەكێشانەش بەرئەنجامی بڕیارە نەگۆڕە ڕێكوپێكەكانە، كە بەبڕێكی باش زانیاری و توێژینەوەی ئایندەیی پرۆژەكە بەستراوەتەوە ڕەچاوی پاڵنەرەكان و بارودۆخی كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوریشی تیاداكراوە. بەڵام نەخشە تاكتیكییەكان تایبەتە بەچالاكی و پرۆژەی دیاری كراو، كەماوەكەی لەساڵێك تێپەڕ ناكات لەكاتێكدا كاری نەخشە ستراتیژییەكان درێژ دەبێتەوە بۆ زیاتر لەپێنج تا دەساڵ.

### ب- كات

نەخشەكێشان پەیوەندی بەكاتەوە هەیە و هەر ئەویشە بۆتە دەلیل بۆ كات، چونكە دەبێت بڕیارەكانیش بخرێنەگەڕ بە ئاراستەیەك كە بەرئەنجامە دیاری كراوەكانی لە ئایندەدا لێ بكەوێتەوە. دەتوانرێت كە نەخشە دابنرێت بۆ ماوەی مانگ یان ساڵ یان بۆ (دە) ساڵی ڕێك، چەندە ماوەی نەخشەكە درێژبێت هەوڵی پێویستیش بۆ نەخشەكێشان زیاتر دەبێت یان گەورەتر دەبێت. نەخشەی هەركارێك بریتییە لەزنجیرەیەك لەچالاكی كەدەبێت پێی هەڵبستین بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی دیاریكراو، دەتوانرێت نەخشەكێشان پۆلێن بكرێ بەپێی ماوەی كاتی بەم شێوەیە:

أ-نەخشە كورت خایەنەكان.

ب-نەخشە مام ناوەند خایەنەكان.

ج-نەخشە درێژخایەنەكان.

دەبێت نەخشە كورت خایەنەكان تەواو بكرێت لەچوارچێوەی نەخشە درێژخایەنەكاندا، هەروەها پێویستە كەنەخشە درێژخایەنەكان دابەش بكرێت بۆ ژمارەیەك نەخشەی كورت خایەن، هاوسەنگی لەنێوان ئەو نەخشانەدا هۆكارێكی گرنگ و پێویستە بۆ بەدەست هێنانی سوودی نموونەیی لەبەرهەمی مرۆیی و ماددی تایبەت بۆ جێبەجێ كردنی نەخشەكان.

**١-ئامانجەکان**

نەخشە درێژخایەنەکان بە نەخشە ستراتیژییەکاندا دەناسرێتەوە، ماوەی نێوان پێنج تا دەساڵ دەگرێتەوە. وە لەرەگەزە گرنگەکانی نەخشەکێشانی ماوەی درێژخایەن دانانی ئامانجەکان و دیاری کردنیەتی، لێرەدا بەکورتی ماهیەتی ئامانجە ڕێکخراوەییەکان دەخەینەڕوو.

ئامانجی ڕێکخراوی بریتییە لەوەی ڕێکخراوەکە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی دەدات وەك مەبەستێك و ئاستێك، ئەمەش تارادەیەك کاریگەری لەسەر دروست دەبێت بەهۆی ئامانجەکانی سەرکردایەتی هەڵبژێراو بەئامانجەکانی کادرەکانی ڕێکخستن و ئامانجەکانی کۆمەڵگە و تەماحەکانییەوە بەگشتی، ئامانجی هەر ڕێکخراوێکی ئیسلامی پشت دەبەستێت بەفێرکارییەکانی یان ڕێنماییەکانی قورئان و ووتە پیرۆزەکان و، لەنێوان ئەندامەکانیدا لەسەر مومارەسەی ڕاوێژ ڕادەوەستێت.

**٢- نەخشە درێژخایەنەکان یان نەخشە ستراتیژییەکان**

لەسەر لیژنەی جێبەجێ کردن پێویستە لەکاتی دانانی نەخشەی ستراتیژیدا هەستێت بەلێکۆڵینەوەی دووجۆر لە ئەگەرەکان:

أ - ئەگەرێکیان پەیوەندیدارە بەو هۆکارانەوە کە ناتوانین بەسەریدا زاڵ بین وەك بۆچوونەکانی دانیشتوان و کێشەی سیاسی، و هەروەها شتانی تری لەو جۆرە.

ب- هەندێ گریمانە هەیە پەیوەندی یان بەو هۆکارانەوە هەیە کە دەتوانین بەسەریاندا زاڵ بین، وەکو دەرماڵەی بودجەو شتە لەپێشینەکانی بانگەوازو هیتر.

شێوازی پێداچوونەوەی نەخشە ستراتیژییەکان کورت دەکرێتەوە لەکۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە پێشینەیەکی گشتیو شیکردنەوەی پێك دەهێنێت، و لێی دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی هۆکارە ژینگەییەکان کە پەیوەندی هەیە بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە، پاشان خستنەڕووی داهاتەکانی ڕێکخراوەکە و دانانی جێگرەوە ستراتیژییەکان و دیاریکردنی هەموو ئەو جێگرەوانەی کە ئامانجە خوازراوەکان بەدی دەهێنن. تەنها بەتەواوکردنی نەخشە ستراتیژییەکان کارەکە بەرەو پێش دەڕوات بە ئاراستەی نەخشەی مام ناوەندی بۆ ماوەی ساڵێ یان دووساڵ. لێرەدا زۆر گرنگە نەخشە مامناوەندی خایەنەکان لۆژیکیانە بتەقێت، وەك لەزیاتری تیادا لەنەخشە درێژخایەنەکاندا. ئەو ڕێکخراوەی کە لەئامانجیدایە هەستێت بەدروستکردنی مەڵبەندێکی ئیسلامی وەك نەخشەیەکی درێژخایەن دەتوانێت هەستێت بەدانانی نەخشەیەکی ماوە مامناوەندی خایەن بۆ کۆکردنەوەی پارەی پێویست بۆ دامەزراندنی مەڵبەندەکە ئەمەش نەخشەیەکی لۆژیکانەیەو پێویستە بخرێتە ناو پرۆگرامی جێبەجێکردنی نەخشە درێژخایەنەکانە.

**٣- نەخشە کورت خایەنەکان یان نەخشە تاکتیکییەکان**

نەخشە تاکتیکییەکان یان نەخشە کەم خایەنەکان ڕاسپاردەو ڕێنمایی پێویست ساز دەکات بۆ بەرنامەی کارکردن لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر، هەروەها وێنەی پەیڕەوی پلەپلە کەپێویستە بگیرێتەبەر لەجێبەجێ کردندا دەکێشێت نەخشەکێشانی تاکتیکی پاڵپشتی نەخشەکێشانی ستراتیژی دەکات بەوورد و درشتی و هەنگاوە ئایندەییەکانییەوە، ئەو ڕێکخراوەی هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی مەڵبەندێکی ئیسلامی وەك نەخشەیەکی کاری درێژخایەن نەخشەیەکی مام ناوەندی بۆ کۆکردنەوەی پارەی پێویست هاورێیەتی دەکات، نەخشەی ماوەکورت دادەنرێت بۆ ئامادەکردنی دارشتنێکی بیناسازی بۆ مەڵبەندەکە وەدانانی بودجەیەکی خەمڵێنراو، پەیداکردنی توانای پێویست بۆ کۆکردنەوەی پارە.

هەروەها دەتوانرێت نەخشەی ماوەکورت خۆی دابەش بکرێت بەپێی ئامانجە زۆر دیاریکراوەکان یان بۆ کۆمەڵێك نەخشەی بە پەلە کەماوەکەی لەنێوان ڕۆژێك تا سی(٣٠) ڕۆژدا بێت. لەبەرئەوە کاری دەست بەجێی پێویست لەنمونەکەی سەرەوەدا بریتییە لە

لەدۆزینەوەی ئەندازیارێکی بیناسازی گونجاو و پەیوەندی کردن پێوەی و ڕێکەوتن لەگەڵیدا لەسەر تێچوونی ئامادەکردنی نەخشەکە، هەروەها پێویست دەکات کەسێك ڕابسپێریت بە ئامادەکردنی چاپکراوەکان کە تایبەتن بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی پارە.

### ج- دەسەڵات

نەخشەکێشان سیمایەکە لەسیماکانی دەسەڵات. لەسەر نەخشەکێشە کە نەخشەدابنێت. بۆ هەموو ڕێکخراوەکە و بۆ هەموو بەشێك لەبەشەکانی بەجیا لەگەڵ بەدیهێنانی گونجانی تەواو لەنێوانیاندا. ئەرکی نەخشەکێشان لە دامەزراوە بانگخوازیانەی لەسەر ئەندامێتی تاکەکەس بەندە لەسەر دوو ڕێگا وەستاوە:




یەکەم: لەلوتکەوە بۆ بنکە: تێگەیشتنی تەواوی پەیامی ڕێکخراوەکە هەڵدەستێ بەدیاریکردنی چوارچێوەی لەپێشترەکانی نەخشەکێشان وەئەم زانیارییانە دەگەیەنرێتە هەموو یەکەکان (الوحدات) بۆ پەنابردنە بەر دیاریکردنی ئاراستەی کارکردندا.

دووەم: لەبنکەوە بۆ لوتکە: تێگەیشتنی ڕوون بۆ پێداویستییەکانی ئەندامان و ئەو ڕۆڵانەی هەیانە،جۆری چالاکییەکانیان و ئەرکە گونجاوەکان دیاری دەکات لەسەر ئاستی بنکە، فۆرمەلەکردنی ئەمەش لەنەخشەیەکی سەرەکیدا ئەبێت کە بەرزدەکرێتەوە بۆ سەرکردایەتیناوەندی پاشان هەموو نەخشە سەرەکییەکان تۆمار دەکرێن لەیەك نەخشەی ناوەندێتیدا.

ئەو وێنەیەی پیشان دراوە ئاستەکانی دەسەڵات ڕوون دەکاتەوە لەوەی پەیوەندیدارە بەکردارینەخشەکێشان.

## چوارەم: نەخشەکێشان لەڕێی بنەمای (بەڕێوەبردن بەئامانجەکان)

لێرەدا باسی بەڕێوەبردن بە ئامانجەکان دەکەین - بەوپەڕی سادەیی‌یەوە - دەخولێتەوە لە دەوری تەوەرەی ((کێ)) هەڵدەستێ بە ((چی)) و ((چۆن)) و ((کەی)). نەخشەکێشانی بەئامانج چوارهەنگاوی سەرەکی لەخۆدەگرێت: دانان و ئامادەکردن، وەرگرتنی بڕیار، ئاگادارکردنەوەی هەرکەسێك بڕیارەکە دەیگرێتەوە، پاشان جڵەوگیری و ڕێك وپێك کردن.

### أ- دانان و ئامادەکردن

لەسەر ڕێکخراوەکەیە هەستێ بەم هەنگاوانەی خوارەوە لەکاتی قۆناغی دانان و ئامادەکردن بۆ نەخشەکە:

١- ڕوونکردنەوەی و ڕاگەیاندنی ئامانجەکان بەوپەڕی ڕوونیو ئاشکراییەوە دوور لەشتە گشتییەکان.

٢- کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاوبۆچوون وڕاستی ئەو ئەزموونانەی کاریگەریان هەیە لەسەر ئامانجەکان.

٣- ڕاوێژکردن لەگەڵ هەموو ئەوانەی کەپەیوەندیدارن بە دانانی نەخشەکێشان یان لەجێبەجێکردنی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەروەها ڕاوێژکردن لەگەڵ خەڵکانی شارەزا (اهل العلم) و ئەوانەی پسپۆڕن لەوانەی پەیوەندیشیان نییە بەنەخشەکەوە.

## ب-وەرگرتنی بڕیار

لەسەر ڕێکخراوەکەیە لەم قۆناغەیدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێت:

١- شیکردنەوەی هەموو زانیارییەکان و دانانی ئەگەری پێشبینیکراو بەهەموو ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانەوە بێ خۆبەستنەوە بەدیاریکراوە داراییەکان یاخود شتیتر لەم قۆناغەدا.

٢- پێش خستنی ڕێڕەوە جێگرەوەکان بۆ کارکردن، هەریەکە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان.

٣- هەڵسەنگاندنی جێگرەوە پێشنیارکراوەکان و هەڵبژاردنی باشترینیان، لێکۆڵینەوەی ئاستی دابین بوونـــی داهاتـەکان (هـی ئێستاو ئەوەی لەتوانادایە) وەئەو سوودانەی کەدەگەڕێتەوەبۆ کۆمەڵگا (کورترین و درێژترین)، وە چوارچێوەی زەمەنی کە(ڕاوەســتاوە لەسەر دیاریکارە ژینگەییەکان).

٤- دانانی پێوەرو پێوانەی واقعیی و بەکەڵك و شایان بەجێجێکردن.

## ج- پەیوەندیکردن

کرداری پەیوەندیکردن لەچوارچێوەی کرداری نەخشەکێشان پاش بڕیار لێدانی نەخشەی دیــاریکراوی کۆتــایی تـەواو دەبێـت، ئەمەش بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١- بەتەواوی هەست بەدیاریکردنی ئەوانەی پەیوەندییـەکی نزیـك یـان دووریـان هەیـە بەنەخشـەکەوەو سـوود وەرگـرە لـەو زانیارییانەی کە کۆکراوەتەوە دەربارەی جەماوەری پەیوەندیدار بەنەخشەکەوە.

٢- هەستە بەهەڵبژاردن و جێبەجێکردنی بەباشترین ڕێگا بۆ ئاگادارکردنەوەی پەیوەندیداران بەنەخشەکەوە.

٣- دڵنیابە لە تێگەیشتنی هەموو ئەوانەی کەپەیوەندیدارن بەبابەتی نەخشەکەوەو ڕازیبوون پێی لەگەڵ ڕێگادان بەهــەندێك لەنەرمی لەجێبەجێکردنی ئەرکە جۆراوجۆرەکاندا.

## د-توندو تۆڵی (ڕێك و پێك کردن)

ئەم قۆناغە لەکرداری نەخشەکێشان ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١- دیاریکردنی خاڵ و دروشمەکانی سەر ڕێ کەدەبنە پاڵپشت بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامەی کار لەکاتێکــەوە بـۆ کـاتێکیتر و دڵنیابوون لە بەرێوەچوونی کارەکە بەبێ کێشە بەو ئاراستەیەی دەمانگەیەنێت بە ئامانجە خوازراوەکە.

٢- بەراوردکردنی بەرەنجامە هەنوکەییەکان بە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان، لەگــەڵ جیاکردنــەوەی ئـەو هەلانـەی کەڵەکـەبووە لەسەر هۆکارە سروشتییەکان کە ناتوانرێت بەسەریدا زاڵ بین،و ئەو هەلانەش لــەناکامی جێبــەجێکردنی خواروخێچـی نەخشـەکەوە دێت.

۳- گرتنەبەری ڕێو شوێنی ڕاست کردنــەوە هــەرکاتێك پێویستــی‌کرد، بــە دووبارەکردنــەوەی دیــاریکردنی ئامانجەکانیشــەوە ئەگەرهاتوو سەلمێنرا کە بەکەڵك نایەت، وەگۆڕینی ئەگەرهاتوو بەدیهێنانی لەتوانادا نەبوو، وەیاخود بەتەواوەتی گۆڕینــی نەخشــەکە لەبنەڕەتەوە ئەگەرهاتوو پێویستی کرد. ڕاست کردنەوە باشترە لەوێرانکاری کە لەوانەیە کارەکەی پێ کۆتایی بێت.

## پێنجەم: کاریگەرێتی نەخشەکێشان

### أ-بەهەنــد گرتنە پێشینەکان

لەکاتێکدا نەخشیەکی کارکردن پێشتر لەســەر وشــیاری و بــەرچاوڕوونی و پابــەندبوون دادەڕێژرێــت ئیــتر لــەبار دەبێــت بــۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی کارکردنەکە بەدرێژایی ساڵ. هەروەها پێویستە ئاستێك دابنرێت لەپێویستی پەنابردنە بەرشێوازی (نەخشــەکێشــان لەڕێگای قەیرانەکانەوە) کە کات وداهاتە مرۆیی‌و مادی‌یەکان وون دەکات و ناوبانگی دەزڕێنێ.

بۆ بەدی‌هێنانی ئەنجامی خوازراو، پێویستە نەخشەکە بخرێتە ژێرچاودێری و هەڵســەنگاندنی چەندێتی گونجانی لەگەڵ مەبەســتە گەورەکاندا، ئەوەش بەهەرسێ مانگ جارێك تازە دەکرێتەوە. هەروەها پێویستە هەموو لێکۆڵینەوەیەك کەپێش نەخشەکێشان ئەنجام دەدرێت ملکەچی ئەم دووخاڵە دەبن کەهەر لەسەرەتادا وا دەردەکەون دژی یەك بن، ئەوانیش:

۱-ناتوانرێت نەخشە بۆ کارێك بکێشرێت لەدەرەوەی ئەوەی کە داهاتی ساڵانەی دیاریکراو ڕێگای پێ‌دەدات.

۲-دەبێت دڕ بدرێت بەبوارە نوێ‌یەکان بەرنامەی نوێ بۆ ساڵی داهاتوو وەربگرێت ئەمەش دەستەبەری ئەوەمان بۆ دەکات کــە داهاتی نوێ بۆ کارەکە زیاد بکات.

### ب-نەخشەکێشانی مەرکەزی‌و نەخشەکێشانی نامەرکەزی

نەخشەکێشان یان مەرکەزی یان نامەرکەزی دەبێت. نەخشەکێشانی مەرکەزی لەشێوەی دەستەیەکی شێوە هــەرەمی‌دا دەبێــت لێپرسراوی یەکەم، ئامانجەکان بۆ دەســتەی جێبــەجێ‌کردن دیــاری دەکــات و پێوەرەکــان و ئەنجامــە خــەمڵێنراوەکانیش دەخاتــەڕوو، زانیاری‌یەکان و پێداویستی‌یەکانی مەشق کردن و ئامادەکاری بەدەست دەهێنێت، ڕێو شوێنە گیراوەبەرەکان شی‌دەکاتەوە و هەڵدەستێ بەپێش خستن و باش کردنی ڕێگای کارکردنی ئێستا، هەڵدەستێ بەجێبەجێ‌کردنی یاسا بۆ مسۆگەرکردنی هەستانی هــەر ئــەندامێك بەڕۆڵی خۆی لەجێبەجێ‌کردنی نەخشەکەدا.

بەڵام لە نەخشەکێشانی نامەرکەزیدا، سەرۆك و ئەندامانی دەستەی سەرکردایەتی ڕاوێژدەکــەن لەگــەڵ ئــەندامان لــە قۆناغــە جۆراوجۆرەکانی‌نەخشەکێشان و جێبەجێکردندا، زانیاری‌و سوود لێ‌وەرگرتنی لەوبارەدا بۆ هەموان دەڕەخسێت. هەروەها مەشق کــردن جۆرێك دەبێت لەپەروەردەو لەشوێنی کارەکەخۆی‌دا دەکرێت، وەهیچ ئەندامێك لە ڕێکخراوەکەدا تەنــها لەبــەر هەڵەیــەك دەرنــاکرێت بەڵکو هان دەدرێت بۆ فێربوون لەهەڵەکانی.

## سیماکانی نەخشەی کاریگەر:

١- دیاریکردن لەنەخشەدا مەرجی سەرەکییە بۆ هاندانی ئەندامەکان لەکارکردن و بەشداریکردندا.

٢- پێویستە تەوەرەی سەرەکی نەخشەکە بریتی بێت لەکارکردن،دەبێت میانەڕەوی بگیرێتەبەر لەنێوان قورسی و سووکی کارەکە، پێویستە نەخشەکە دابڕێژرێتەوە بەزمانێکی پاراو و ئاسان بۆ ئەو کەسانەی جێبەجێکردنی لەئەستۆ دەگرن.

٣- پێویستە نەخشەکان نەرمییان تیابێ بەتایبەتی لەکاری زۆردا کەزاڵبوون بەسەریدا گرانە.

٤- پێویستە نەخشەکان بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگا و نەتەوە بەشێوەیەکی گشتی.




**دوو نمونە لەسەر**

**پەیوەندی نێوان هۆکاری زەمەن و دارایی**

أ- دواکەوتن لەنووسینی نامەدا بەشێوەیەك فریاناکەوێت کەرەوانەی بکات بەپۆستەی پلەدوو هەروا پلەسێدا بۆیە دەبێت بەپۆستەی پلەیەکدا بنێرێت بەتێچوونێکی زیاتر.

ب- دواکەوتن لەناردنی بانگهێشت کردن بۆ ئامادەبوون لەچالاکییەکی دیاریکراودا ناچاردەبێت بەکرینی بلیتی سەفەرکردن بە تێچونێکی زیاتر ئەمەش بەهۆی لەدەستدانی باشی نرخ دابەزین کە کۆمپانیاکانی هاتوچۆی ئاسمانی دایان ناوە بەپێی مەرج یان لەکاتی دیاریکراودا.

## بیرورای بەسوود بۆ نەخشەکێشانی کاریگەر

١- ئەو نەخشانەی کەجێبەجێدەکرێن بەراستی ئەوانەن کەکەسانی بەرپرس لەجێبەجێکردن و ئامادەکردنیدا بەشداری دەکەن.

٢- پێویستە هەموو بەشداران لەنەخشەکێشاندا برێك لەتێگەیشتنی هاوبەشی بۆ جیهان و یەك تێڕوانینیان بۆ ئێستاو داهاتوو هەبێت.

٣- ئاستی بەجێهێنان لای نەخشەکێشەکان باشتر دەبێت ئەگەرهاتوو گرنگیان دا بەکێشەکان زیاتر لەئامرازەکان، وەجەختیان کردەوە لەسەر جەوهەری کارەکان (چی) زیاتر لەجەخت کردنیان لەسەر شێوەکانی (چۆن)، لەبەرئەوەی رۆڵی ئەو لەدواییدا دێت.

٤- زۆربەی کەس لەنەخشەکێشان رادەکات چونکە نەخشە پابەندبوونی دەوێت، پێویستە وەفای بۆی هەبێ. بۆیە پێویستە لێپرساوی نەخشەکێشانەکە هەستێ بەدواخستنی دیاریکردنی ئەرکی جێبەجێکردنی ئامانجە ئایندەییەکان تاکو پەرۆشیەکی تەواو بۆکار لای کۆمەڵەی نەخشەکێشان دروست بێت.

٥- لەبەرئەوەی ناتوانرێت لەیەك کاتدا لەچەند ژمارەیەکی دیاریکراو زیاتر ستراتیژیەت جێبەجێ بکرێت، بۆیە گرنگە ئامانجە بنەڕەتییەکان دیاری بکرێن و برێکی گونجاو لەستراتیژ بۆ بەدیهێنانی ئامادە بکرێت.

٦- سەرەڕای سوودی زۆری، زۆرجار نەخشەکێشان تووشی فەرامۆش کردن دەبێت بەهۆی ئەو کۆششە فکرییە و شەونخونی و بیرکردنەوەی کەدەیەوێت.

٧- بۆ سوود وەرگرتن لەنەخشەکێشان هەمیشە ئەم ریزبەندیەت بیر بێت: نەخشە بکێشە، رایپەڕێنە، پێیدابچۆرەوە.

٨- پێویستە نەخشە دابنرێت لەچوارچێوەی ئەو دیاری کردنە کاتیو مرۆییو داراییو بەهایەی رێگای پێدەدات.

## شەشەم :نەخشەی کاری سالأنە

نەخشەی کار بروانامەیەکە کەوێنەی ڕێڕەوی ڕێکخراوەکە دەکێشێت لە ماوەیەکی دیاری کراودا. لێپرسـراوێتی ئامـادەکردنی ئەم بروانامەیە دەکەوێتە سەر هەرەمێکی ڕێکخراوەیی کە لیژنەیـەکی جێبـەجێکردنی هـە ڵبژێـردراو، و ئەمێنداریـەتێکی گشـتی هەمیشەیی هەیە، لەسەر لێپرسراوی ئەمانەتەکەیـە هەسـتێ بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ سـەرۆکی لیژنـەی ڕاپـەراندن کـە لـە ئەسـتۆگرتنی بەرپرساریەتی کۆتایی لە ئامادەکردنی نەخشەیەکی سەرکەوتوو کەهەڵدەگرێو دەیخاتە بەردەستی لیژنەی ڕاپەراندن بۆ ڕەزامـەندبوون لەسەری، پاشان دڵنیابون لە جێبەجێکردنی.

گرنگترین ڕەگەز لەم نەخشەی کارەدا بریتیە لـە دیـاریکردنی کـاتی دەست پێکردنـی هەرچالاکییـەك لەنەخشـەکەو کۆتـای هاتنی. دەکرێت ئەمە دیاری بکرێت بەخەملاندنی ماوەی کاتی پێویست بۆ هەر چالاکی یەك ودیاریکردنی ڕۆڵـی لەیـەك نەخشـەدا، پاشان دەستنیشانکردنی جێگاکەی لەنەخشەی کاتبەندیدا. دەبێت لەم کردارەدا ئەوە لەبەرچاو گیرابێت کە چ ئـەنـدە ڕەگـەزی مرۆیـیو کەرەسەی پێویست لەبەردەستدان، وە دیاریکردنی دروشمە سەرەکیەکان لە بەدیهێنانی هەر چالاکییەك لەچالاکییەکانی نەخشەکە.

هەروەها پێویستە ڕەشنووسی کۆتایی نەخشەکە ئامادەبکرێت لەسەربناغەی تەواوی نەخشەی یەکـەکان (الوحـدات)، لەسـەر هەر نوێنەرێکی هەرێمییە کە نەخشەیەکی هەرێمی ئامادەبکات لەکۆی نەخشەی یەکەکانی هەرێمەکەی خۆی،و لەسـەر لێپرسـراوەی هەر ناوچەیەکە کەنەخشەیەکی بەڕێوەبردن ئامادەبکات بەپشت بەستن بەنەخشەی مەیدانی (گۆڕەپانی) پاش ئەمە ڕۆڵێکی گرێـدراوی نەخشەکێشان دێت لەمەڵبەندی دامەزراوەی سەرەکی تاکو تەواوکاری پێویست بەدیبهێنێت لەنێوان هەموو ئەم نەخشانەدا لـەپێناوی ئامادەکردنی ڕەشنووسی کۆتایی نەخشەکە.

ئەم پرۆژەیە پاش پیاداچوونەوەو ڕازی بوونی بەرزترین دەزگای بەرپرس لـە لیژنەکـە. ئیتر ئـەوە دەبێتـە نەخشـەی سـالأنەی ڕەسمی بۆی.

## حەوتەم: دۆسیەی نەخشەکێشان - هەشت پرسیارەکە

چەمك و شێوازەکانی نەخشە لەتوانادا هەیە جێبەجێ بکرێن بەسەر چەند حاڵەتێکی جیاوازدا. لێرەدا هەڵدەستین بەهەڵبژاردنی حاڵەتی جیاواز لەکات و لەبارودۆخ وەك دوو نمونە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە. لەکۆتایی هەر نمونەیەکدا، چۆنیەتی بەکارهێنانی یاسای هەشت پرسیارەکە و سوود لێوەرگرتنی ڕوون دەکاتەوە لەدیاریکردنی ئەرکی نەخشەکێشان و پێداویستییەکانی.

بۆ زانینی چۆنیەتی ئامادەکردنی نەخشەی کار، لەسەرمانە بگەڕێینەوە بۆ(دۆسیەی نەخشەکێشان) کە پێکهاتووە لەهەشت پرسیار، پێویستە لەلایەن هەموو نەخشەکێشێکەوە وەڵام بدرێتەوە، پرسیارەکانیش بریتیە لە:

**٨ پرسیار**

پ١: ئامانجی ئەرکی نەخشەکێشان چییە؟

پ١: بۆچی ئەو ئامانجە بەنرخە؟

پ٣: کێ هەڵدەستێت بەجێبەجێکردن و کێن ئەوانەی لەئامانجی نەخشەدان؟

پ٤: چۆن دەگەینە ئامانج و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی؟

پ٥: کەی ڕاپەڕاندن کاریگەری زیاتر دەبێت؟

پ٦: لەکوێدا ڕووداو یان چالاکی کاریگەری زیاتری دەبێت؟

پ٧: تێچونە مرۆیی و کاتی و مادییەکان بۆ سەرکەوتنی نەخشەچین؟

پ٨: ئەو سودانە چین کە نەخشەکێشان لە ئامانجیدایە بەدیبهێنێت بەشێوەیەکی گشتی؟

لەکۆتاییدا، پێویستە بەتەواوی لەهەموو نەخشە ناوخۆییەکان و بەرنامەی چالاکییەکانی داهاتوو دڵنیابێ لەچوارچێوەی نەخشەی ناوەندی سەرەکیدا.

### هەڵوێستی کرداری

#### ئایا ئەولەویەت بۆ کارکردنە یان بۆ پەیوەندییە کەسییەکان؟

خەڵکی بەگشتی دووجۆر ڕەفتاری جولاّنەوە پیشان دەدەن، یەکێکیان جەخت لەسەر ئامانجەکان دەکات و کار لەپێناویدا دەکات بەبێ گوێدانە کەسەکان، وە هەندێکیان ئەولەویەت دەدات بەڕازیکردنی خەڵکی زیاتر لە بەدیهێنانی ئامانجەکان، بەلاّم شێوازی نمونەیی لەکاردا بریتییە لەڕاپەڕاندنی ئامانجەکان و ڕازیکردنی تاکەکانیش لەهەمان کاتدا، بەلاّم جێبەجێکردنی ئەم کارە زۆر گرانە و بەدەگمەن بەدیدێت لەکاتێکی کەمدا، لێرەدا پێویستە بەدانایی کۆمەڵێ دەردەکەوێت لەڕێگای ڕاوێژکردن بۆ بەدیهێنانی مام ناوەندێتی لەکارکردندا و گەیشتن بەئامانجەکانی لەگەڵ پارێزگاریکردن لە پەیوەندییە باشەکان لەنێوان تاکەکاندا. بەپێی ئەمە (خۆیەخت کردن) لەکارکردن و دڵسۆزی بۆ خوای گەورەو میهرەبان مەرجێکی بنەڕەتییە لەم بارەیەوە، ئێمەش پێویستمان بەدانایی هەموو ئەو کەسانە هەیە کە شارەزاییان لەجێبەجێ کردندا هەیە.

## حاڵەتی یەکەم : ئامادەکردنی سەرکردە خوێندکاری‌یەکان

١- پ١: ئامانجی نەخشەکێشان لەم حاڵەتەدا چی‌یە؟

نمونە:ئامانج و مەشق پێکردنی سەرکردە خوێندکارییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەجێگەیاندن.

٢- پ٢: بۆچی ئەو ئامانجە بەنرخ بوو؟

نمونە: زۆر پێویست بوونی زیادکردنی کاریگەرێتی ئەو دامەزراوانەی کەڕابەڕایەتی دەکەن.

٣- پ٣: کێن ئەوانەی ڕاپەڕاندنی نەخشەکەیان لەئەستۆیە و جەماوەری کێیە؟

نمونە: ناوەندی سەرەکی یەکێتی ئیسلامی ئەمەریکای باکور و لێپرسراوان لەهەریەك لەیەکێتی قوتابیانی موسوڵمان و پەیوەندی لاوانی موسوڵمانی عەرەبی و کۆمەڵەی خوێندنی ئیسلامی مالیزی ولقەکانی.

٤- پ٤: چۆن ئامانجەکان بەدی دەهێنرێت؟

نمونە: لەڕێگای چادرگەی مەشق کردنی سەرکردەیی و خوێندنەوەی ووردی پەیوەندی‌دار بەباتەکەوە.

٥- پ٥: چ کاتێك چالاکی‌یەکان یان ڕووداوەکان کاریگەرتر دەبن؟

نمونە: زستانی ١٩٩٥ لەکاتی پشووی خوێندندا.

٦- پ٦: لەکوێدا چالاکی یان ڕووداو کاریگەرتر دەبێت؟

نمونە: لەبارەگای یەکێتی ئیسلامی لەئەمەریکای باکور لە ویلایەتی ئەندیانا.

٧- پ٧: تێچوونە مرۆیی و کاتی و دارایی‌یەکان چەندن؟

نمونە: پێویستە لیژنەیەکی پێنج کەس بۆماوەی پێنج کاتژمێر لەهەفتەیەکدا بەدرێژایی پێنج هەفتە بەتێچوونێکی گشتی برەکەی ٥٠٠ دۆلار.

٨- پ٨: ئەو سوودانە چی‌یە کەلەم کارە دەستمان دەکەون؟

نمونە: بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری و بانگەواز لەناوچەکانیدا.

### کورتەی ئەرکەکە:

هەوڵدان بۆ مەشق پێکردنی سەرکردە خوێندکاری‌یەکان بۆ باشکردنی تواناکانیان و زیادکردنی کاریگەرێتی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەسەرکردایەتی‌یەوە گرێدراوە بەڕێوەدەچێت. مەشق پێکردنی ئەم سەرکردانە بەپێی بەرنامەیەکی دیاری‌کراو لەزستانی ساڵی ١٩٩٥ لە مەڵبەندی یەکێتی ئیسلامی ئەمەریکای باکور ئەنجام دەدرێت.

پێویستە کەلیژنەیەك لەو پێنج ئەندامە پێك بێت بۆ کارکردن بۆماوەی پێنج کاتژمێر لەیەك هەفتەداو بۆماوەی پێنج هەفتەی بەردەوام و بەتێچوونی پێنج سەد (٥٠٠) دۆلار بۆ بەجێ‌گەیاندنی ئەم ئەرکە. دەستکەوتی چاوەڕوان کراو لەم چالاکی‌یە بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری‌یە و بانگەوازی ئاراستەکراوە بۆ ئەمەریکیەکان لەو ناوچانەی ئەم ڕێکخراوەی لەئامێزگرتووە.

## حاڵەتی دووەم : کەشتییەکەی نوح (عليه السلام)

١–پ١: ئامانجی نەخشەکێشان لەم حاڵەتەدا چییە؟

نمونە: ئامانج گوێزانەوەی کۆمەڵێك لەزیندەوەران بۆ شوێنێکی پەنا یان دڵنیایی.

٢–پ٢: بۆچی ئەم ئامانجە بەنرخ بوو؟

نمونە: لەبەرئەوەی هەڵدەستێت بەپارێزگاریکردن لەبەردەوامی ژیان و خواپەرستی لەسەر زەوی پاش لافاوەکە.

٣–پ٣: کێ هەڵدەستێت بەنەخشەکێشان و کێ سودی لێدەبینێ؟

نمونە: نوح پێغەمبەر (عليه السلام) و ئەوانەی کەبڕوایان هێنا لەگەڵیداو کۆمەڵێك گیانەوەر لە هەردوو ڕەگەزەکە.

٤–پ٤: چۆن ئامانج بەدی دێت؟

نمونە: بەبەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی دەریایی.

٥–پ٥: چ کاتێك کار یان ڕووداوەکە زیاتر کاریگەری دەبێت؟

نمونە: یەکسەر لەگەڵ دەست پێکردنی لافاوەکە.

٦–پ٦: لەکوێدا چالاکی کاریگەریەتی زیاتری دەبێت؟

نمونە: لەکەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی شاردا.

٧–پ٧: تێچوونی کارەکە لەداهاتی مرۆیی مادی و کاتی چەندە؟

نمونە: بەخۆ تەرخان کردنی نوح سەلامی خوای لێبێ بۆ کارکردن و ژمارەیەك لەو کەسانەی بڕوایان هێنابوو بۆماوەی چەند هەفتەیەك وەك خۆبەخش کاریان کردووە. بەمەش تێچوونەکان لەنرخی کەرەستە پێویستەکانی دروست کردنی کەشتییەکە زیاتر نییە.

٨–پ٨: ئەو دەستکەوتانە چییە کە لەڕێگای ئەم کارەوە بەدەست دێت؟

نمونە: ئاوەدان کردنەوەی سەرزەوی بەژیانی مرۆیی و گیانداری ملکەچ کردن بۆ خوای گەورەو میهرەبان.

### کورتەی ئەرکەکە:

لەسەر نوح (عليه السلام) و ئەو بڕوادارانەی لەگەڵیدابوون پێویست بوو کەهەستن بە بەکارهێنانی هۆکارێکی گواستنەوەی دەریایی بۆ گوێزانەوەی کۆمەڵێك لەزیندەوەران بۆ شوێنی دڵنیاییو پەنا بۆئەوەی ژیان لەسەر زەوی بەردەوام بێت پاش هاتنی لافاوەکە. نوح (عليه السلام) و ئەو کەسانەی لەگەڵیدابوون بۆماوەی چەند هەفتەیەك خۆیان بۆ ئەم کارە تەرخان کرد. بەخەرجێك کە لەنرخی کەرەستە پێویستەکانی دروست کردنی کەشتیەکە زیاتر نەبێت. بەری ڕەنجی ئەم کارە سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی زەوی بوو بەمرۆڤ و گیانلەبەرانەوە تاکو خوای گەورە بپەرسترێت و ئەو بەپاك و بێگەرد ڕابگیرێت.

## هەشتەم: ئامانجەکان

ئامانجەکان دراوی سەرەکی نەخشەکێشانن، واتە نەخشەکێشان ئاراستەکراوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان، ئەگەر ئامانجەکان پەسەند نەبوون یان شاراوەو ئاڵۆز بوون، ئەوا نەخشەکێشان هەرگیز ناتوانرێت پیِ بگات، قەبارەی هەرچەندێك بێت. پتەوکردنی ئامانجەکان بەتەنها ئەرکێکی (ڕۆتین)ی نییە، بەڵکو هۆکاری جیاکەرەوەیە لەنێوان سەرکەوتن و شکست، وە بۆئەوەی بزانین کەچۆن هەڵدەستین بەئامادەکردنی لیستێکی باش بەئامانجەکان ئەبێت بەدروست کراوێکی زیندووی سەربەخۆی دابنێین وەك ئەوەی لەم وێنەیەی خوارەوەدا هاتووە.

ڕاستە دڵی ئەو ئامانجانە بریتییە لەفرمانی (کاربکە) سەریشی بریتییەلە (هەڵگری بەرپرسیاریتی)، لەشی ئامانجەکانیش بریتییە لەخەرجییەکان (بەداراییو کات و خشتەی کاتەکان) بەلام دوو لاقەکان ( ئەنجامی کۆتایین کە ملکەچی پێوەرە گونجاوەکانن) کەخاوەن کارە بەرپرسەکە دەگەیەنێتە مەبەستەکەی.

لەم وێنەیدا پێکهاتەی ناوخۆیی و زنجیرەی ئامانجەکان و لیستێك بەندەکانی شیکاریان دەخەینەڕوو:



## لیستێك بۆ شیكاركردنی ئامانجی نوسراو

بۆشیكاركردنی ئامانجی نوسراو، تكایە سەرنجی ئەم پرسیارانە بدە، پاشان وەلاّم بدەرەوە بە (بەلّێ) یان (نا) ونیشانەی وەلاّمی سەركەوتوو ئەوەیە هەموو وەلاّمەكانت بە (بەلّێ) بێت. وەیان دەبێت هەستیت بەپێداچوونەوەی خۆت لەو بابەتانەی كە بە (نەخێر) وەلاّمت داوەتەوە.

دەتوانیت پرسیاری تر بۆ ئەو خانانە زیاد بكەیت كەلەخوارەوە بەتالّن.

| پرسیار : ئایا لیستی ئامانجەكان دیارە... | بەلّێ / نەخێر؟ | ئەگەر وەلاّمەكە (نەخێر) بوو : پێویستە چی بكەیت؟ |
|---|---|---|
| ئامانج چی‌یە بەدیاری‌كراوی و بەڕوونی؟ | | |
| ئایا ئامانجەكە دەپێورێت؟ | | |
| كاری خوازراو كامەیە؟ | | |
| گەیشتن بە ئامانج چی بەدی دەهێنێت؟ | | |
| كێ بەرپرسیارێتی كار دەگرێتە ئەستۆ؟ | | |
| كەی پێویستە بەتەواوەتی پێی هەستین؟ | | |
| ئەو بەرنامەیە چی‌یە كەدەكرێت لەرێگایەوە بگەین بەئامانجەكە؟ | | |
| پاساوەكانی بەجێهێنانی ئامانجەكە چین؟ | | |
| ووردەكاریەكانی داهاتی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكە چی‌یە؟ | | |
| كێ تەنسیقی نێوان لایەنە جۆراوجۆرەكانی نەخشە لەئەستۆ دەگرێت؟ | | |
| پێوەرەكانی هەلّسەنگاندنی بەجێگەیاندن چین؟ | | |
| | | |
| | | |

## لیستێك بۆ ساغكردنەوەی خاڵە لاوازەكان لەڕاگەیاندنی ئامانجەكاندا

بۆ شیكردنەوەی ئامانجە نووسراوەكان بەشێوەیەكی باش سەرنجی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدە پاشان وەڵام بدەرەوە بە(بەڵێ) یان (نەخێر) وە نیشانەدانی ڕاست لێرەدا ئەوەیە كە وەڵامەكان بە(نەخێر) بێت، وەدەبێت بەخۆتدا بچیتەوە لەو بابەتانەی كەبە (بەڵێ) وەڵامت داونەتەوە.

دەتوانیت پرسیاریتر بۆ ئەو خانانەزیادبكەیت كە لەخوارەوە بەتاڵن.

| ئایا پێت وایە كەئامانجەكان... | بەڵێ/ نا؟ | ئەگەر وەڵامەكە "بەڵێ" بوو: پێویستە چی بكەیت؟ |
|---|---|---|
| دیاریكراون بەكەمتر لە ئەندازەی پێویست بۆ مەزەندە كردنی ئیمكاناتی ڕەخساو هەن؟ | | |
| گونجاونین یان بەدی نایەن بەهۆی زیادەڕەوی لەخەملاندنی ئەو تواناییانەی لەبەردەستدان؟ | | |
| تواناكانی ئەو كەسەی كەدایناون بەشێوەیەكی پێویست ڕوون ناكەنەوە؟ | | |
| زیاتر لەسەر شێواز دەست دادەگرێ وەك لەناوەڕۆك؟ | | |
| ئەستەم نىیە بۆ كەسێكی دیاریكراو ئەركی بەدیهێنانیان بگرێتە ئەستۆ؟ | | |
| ناتوانرێت ڕاست بكرێنەوە یان بسڕدرێنەوە لەپاشاندا ئەگەر بێ كەڵكییان سەلێنرا یان توانای جێبەجێكردنیان نەبوو یان گونجان لەگەڵ باروودۆخ و تواناكاندا؟ | | |
| | | |
| | | |

## گفتوگۆ

١-جیاوازی چی‌یە لەنێوان نەخشە ستراتیژییەکان و نەخشە تاکتیکییەکان؟

٢-رۆڵی ڕێك کردن و زاڵ بوون لەنەخشەکێشان بەشێوازی (بەڕێوەبردن بەئامانج) چی‌یە؟

٣-چوار ڕواڵەتە سەرەکی‌یەکەی نەخشەکێشانی کاریگەرچی‌یە؟

٤-گرنگترین چوار ڕەگەزەکە چی‌یە لەدیاریکردنی لیستی ئامانجەکان؟

## جێبەجێکردن

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کەنەخشەیەکی کاری ساڵانەی تایبەت بەکۆمەڵەکە دابنرێت کە تۆ پازگری ئەویت تۆ پێشبینی هاوکاری و پشتیوانی ئەندامەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن و لیژنەی چالاکی‌یەکانی کارمەندانی مەیدانی دەکەیت یارمەتیدەرێکت هەیە سەرپەرشتی نوسراوەکان و دۆسیەکان دەکات، کۆمەڵەکە سەرەڕای پاریزگاری کردن لەبەرنامەکانی ئێستای هەوڵ دەدات بچێتە ناوبواری نوێوە بۆ خزمەت کردن بەجالیەکان لەناوچەکەدا، هەروەها دەرامەتی مرۆیی‌و دارایش کەم و بەکارهاتوون.

١- ناوی ئەو بەرپرسانە بێنە کە پێویستت بەهاوکاری یان دەبێت لەدانانی نەخشەی کاری ساڵانەدا و جۆری هاوکاری پێویست لەهەر یەکێکیان.

٢- دانانی بەرنامەیەك بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەکە لەوکاتەوەی ئەو ئەرکەت پێ سپێردراوە تا ئەو کاتەی دوا دانە لەنەخشەکە دەدەیتەوە دەست سەرۆکی کۆمەڵەکە.

٣- پێشەکی‌یەکی کورت لەنەخشەی کاری ساڵانە بنووسە کەچەندێتی سەلامەتی نەخشەکەو پابەندی بەپەیامی کۆمەڵەی گشتییەوە تیاروون کردبێتەوە.

بەشی

١٠

# بنچینەکانی هەڵسەنگاندن

## یەکەم: پێشەکی

## دووەم: هەڵسەنگاندنی بەرنامەکان و چاودێریکردنیان

أ – پرۆسەی چاودێریکردن

ب– شێوەکانی چاودێری

## سێیەم: هەڵسەنگاندنی تاکەکان

کێ کێ هەڵدەسەنگێنێ؟

## چوارەم: هەڵسەنگاندنی مەشق کردن

أ – ئامانج

ب– پێوەر و کەرەسەکان

ج– رێبازەکانی تاقیکردنەوە

د– پرسیارەکانی تاقیکردنەوە

هـ– رێگاکانی هەڵسەنگاندن

## پێنجەم: هەڵسەنگاندنی نواندن یان بەجێهێنان

چۆنێتی مومارەسەی هەڵسەنگاندن و باش کردنی؟

### ئامانجەکانی ئەم بەشە

لەپاش تەواوکردنی ئەم بەشە، توانات دەبێت لە:

- زانینی رۆڵی هەڵسەنگاندن لەئاسانکردنی جێبەجێ کردنی نەخشەکاندا.
- هەڵبژاردنی جۆری گونجاوی هەڵسەنگاندن لەبارە جۆراوجۆرەکاندا.
- بەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکان بۆ هەڵسەنگاندن.
- کۆکردنەوەی بڵاوکراوەو زانیارییەکان بۆ چاودێری کردن.

## یەکەم: پێشەکی

زۆربەی جار تێڕوانین و بۆچونەکانمان سەبارەت بەئاستی جێبەجێکردنی کارێك جیاواز دەبێت. ئەمەش مانای ئەوە نی‌یە کە کەم ڕێژی یەکترمان لابێت، یان فروفێڵ لەیەکتر بکەین، بەڵکو ئاماژە دەکات بۆ جیاوازی لەهەڵسەنگاندندا، کەم و کوڕی‌یەکەش دەبێت بەزووترین کات چارەسەربکرێت، پێویستە هەستین بە هەڵسەنگاندنی کارەکانمان بەشێوازێکی ڕێك و پێك پێش ئەوەی کە هەستین بەچاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی، لەوانەیە زیادکردن یان دووقات کردنی کۆششەکان چارەسەری پێویست نەبێت لەکاتی نەبوونی هەڵسەنگاندنێکی ووردا، ئەمەش وەك ئەو خاوەن کارگەیە وایە کەزیانی کردووەو بەردەوام هەڵدەستێت بەبەرهەم هێنانی شتومەکی زیاتر، بەهیوای کەم کردنەوەی زیانەکەی، لەکاتێکدا کەزیانەکانی بەرەو زیادبوون دەچێت بەهۆی بەرزبوونەوەی تێچوونی بەرهەم بەشێوەیەك کە بەرزتر بێت لەدەست کەوت، بوارنی‌یە بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕاستی‌یە تەنها بەراوەستان و پێداچوونەوەی تێچوونەکان نەبێت، بەم شێوەیە کاتی ئەوە هاتووە کە دەست بکەین بەهەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە بۆ کۆششەکانمان تا ڕاستی هەڵوێستی خۆمان بزانین، ئەگەرنا دەکەوینە بەر هەڵمەتی حەزو ئارەزوو ئەوانیش بۆ کوێ بیانەوێ دەمان بەن.

هەڵسەنگاندن بەوە دەناسرێت کە میکانیزمێکە بۆ پڕکاری بەرگەڕاوەی بنچینەیی کەیارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی بەجێگەیاندن دەدات، لەم بەشەدا باسی سێ بواری هەڵسەنگاندن دەکەین کە بەرنامەکانی ڕێکخراوەکە دەگرێتەوە، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن، وە هەڵسەنگاندنی چالاکییە مەشقییەکان تیایدا.

## دووەم: هەڵسەنگاندنی بەرنامەکان و چاودێری‌کردنیان

هەڵسەنگاندن لەچوارچێوەی بەڕێوەبردنی بەرنامەدا بەبەشێکی سەرەکی دادەنرێت لەکردارێکی گەورەتردا کە بەچاودێری دەناسرێت و دووانەیە لەگەڵ کرداری نەخشەکێشاندا، لەوکاتەی نەخشەکێشان هەڵدەستێت بەدیاریکردنی پابەندییەکانی کارکردن بۆ خزمەت کردنی دەستکەوتەکانی ئایندە، چاودێری بەدیهێنانی ڕاپەڕاندنی کاریگەر بۆ پلانەکان مسۆگەردەکات، چ پەیوەندی بێت بە چالاکی‌یە دیاری‌کراوەکان یاخود بەرنامەی گشتی ساڵانە، ئەوا نەخشەکە ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر بێت و شێوازە پێویستەکانی چاودێری‌کردن و ڕێگای جێبەجێ‌کردنیشی لەسەرکار دیاری نەکات.

هەروەها لەتواناداایە کە بڕوانینە چاودێری کردن وەك میکانیزمێك بۆ دەرخستنی لادانەگرنگەکان لە بەرەنجامی کاری چاوەڕوانکراو لە بەرنامەکانی چالاکی و ڕاستکردنەوەیاندا. چاودێری‌کردن کارێکی باشە ئامانجی پێشخستنی کارە نەك هۆکارێکی خراپ بۆ ئاراستەکردنی لۆمە یان تۆمەت و پاشان سزادان. هەروەها ئامانجیشی بەجێ گەیاندنی کار و لابردنی هەر بەربەستێکە لەڕێگای گەیشتن بەو ئامانجەی کەمەبەستە. لەتواناشیدایە هەستێت بەڕێکخستنی بەجێگەیاندنی کردەیی تاهاوتا بێت لەگەڵ ئەو توانا شاراوانەی کەهەیە بۆ کارکردن.

چاودێری کردن ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

١- دیاریکردنی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کارو هەڵسەنگاندنی بەجێ هێنان.

٢- بەراوردکردنی بەرەنجامەکان بە پێشبینییەکان...ئەوەی کەدەبێتە هۆی.

٣- باوەڕدان بە بەرەنجامەکان ...یان بۆ

٤- ڕەتکردنەوەی ...و لەپاشان

٥- وەرگرتنی ڕێو شوێنی ڕاستکردنەوە بەشێوەیەك کە گەڕانەوە بۆ ئاراستەی دروستی پێویست مسۆگەربکات.

بەلاَم ئەو پاڵنەرانە چین کە جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن مسۆگەر دەکەن؟ لێرەدا سێ هۆ هەیە بەلایەنی کەمەوە بەم شێوە دەیانهێنین:

١- پاراستنی هەر کارێکی چاك یان باشترکردنی یاخود هەڵوەشاندنەوەی جگە لەوانە.

٢- بەئاگاهێنانەوەی کارگەران لەڕاستی یان هەڵەی بەجێهێنانەکەیان، و پیشاندانی گرنگی و بەپەرۆشی دەربارەیان.

٣- دڵنیاکردنی لایەنە دەرەکیە هاوبەشەکان، یان ئەوانەیکەپشتیوانی چالاکی دەکەن لەڕووی ماددی یان مەعنەوییەوە لەسەر سوودی هاوکاری و پشتیوانیەکانیان ئەمەش بەجەخت کردنەوە لە بەدەستهێنانی کارەکەو خزمەت کردنی ئامانجەکانی.

### أ- پرۆسەی چاودێریکردن

لەگرنگترین ڕەگەزەکانی چاودێری دانانیپێوەرو پێوانە گەلێکە کەکار دیاری دەکات، لەسەرمانە کە چەند لەتوانادایە هەستین بەبەکارهێنانی ئامرازی دیاریکراو بۆ پێوانە و هەڵسەنگاندن. هەرکاتێك پێوانە و کێشانەکان شێوان ئەوا چاودێریکردنیش کاریگەرێتی خۆی لەدەست دەدات.

پرۆسەی چاودێری بەهەڵسەنگاندنیشەوە دابەش دەکرێت بۆ سێ قۆناغ:

**١- دانانی پێوەرو چاودێری کردنی لە نجامدانی کردەیی**

بێگومان دەبێت چاودێری کردن پێوەرو پێوانەی هەبێت بەپێی ئەوەی لەبلاَوکردنەوەی ئامانجەکانی کارکردندا هاتووە. ئەگەرهاتوو بۆ نمونە ئامانجەکە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ بوو ئەوا دەبێت توانای پێوانەی قەبارە یا جۆری ئەو خزمەتەی کەپێویستە ئامادەبکرێت. لەوانەشە لەنێوان ئەو پێوانە پێویستانەدا ڕوونکردنەوەو ڕاگەیاندنی ژمارەی ئامادەبووان لە کۆنگرەکاندا بێت یان ژمارەی ئەو داخوازیانەی کەهاتووە بۆ کۆکردنەوەی چاپکراوەکان یان ژمارەی ئەوانەی بوونەتە ئەندام یان ژمارەی پرۆژە سەرکەوتووەکان کە جێبەجێکراون،وە هەروەها.

**٢- ڕاگەیاندنە ( ڕاست و دروستەکانی ) بەجێهێنان لەبەرانبەر ئاستە ( چاوەڕوانکراوەکانی ) جێبەجێکردندا**

بۆ نمونە: ئایا ژمارەی چاوەڕوانکراو بۆ ئامادەبوون لەکۆنگرەدا تۆمارکراوە؟ وە ئایا ژمارەی داخوازیە چاوەڕوانکراوەکان بۆ کتێب وەرگیراوە؟ وە ئایا ئەندامیتی بەپێی ئاستی چاوەڕوانکراو زۆر بووە؟

**٣- ڕاستکردنەوەی هەر لادانێك لە ئامانجە سەرەکیەکان و گرتنەبەری هەموو ڕێو شوێنێك بۆی**

ئەگەرهاتوو وەلاَممان بۆ هەر پرسیارێکی قۆناغی دووەم لەسەرەوە بە(نەخێر) بوو، پێویستە کە ئەنجامی بارودۆخەکە بەرزبکرێتەوە بۆ بەرپرسانی نەخشەکێشان تاوەکو هەستن بەگونجاندنی داهاتە مرۆیی و مادیەکان کە تەرخان کراون بۆ کار یان گونجاندنی نەخشەکە خۆی. پێویستە لەخۆمان بپرسین کەئایا ئێمە کەمتەرخەم بووین لەجێبەجێکردنی بەشێك لەنەخشەکە یان ئەگەرهاتوو ئامانجە بنەڕەتیەکانمان ناواقعی بوو، یان ئەگەرهاتوو کارەکە پێویستی بەدووبارە پێداچوونەوە هەبێت لەئامانجەکاندا یان لەدووبارەکردنەوەی دەربڕینیاندا؟

بێگومان لێرەدا هەندێ جیاوازی تر هەیە کەپەسەندن ئەگەرهاتوو خزانە ناو سنووری دیاریکراو لەچوارچێوەی نەخشەکەدا بەگشتی، لەکاتێکدا هەندێ لادانی بچووك هەیە هیچ کارناکاتە سەر سەرکەوتنی کارەکە. لێرەدا دەبێت پێ لەسەر لادانە گرنگ و زەقەکان داگیرێت زیاد لەوانی تر.




**ب- شێوەکانی چاودێریکردن**

ئامادەکردنی کرداری چاودێری و چالاکییەکانی بەشێکی گرنگن لەهەر پرۆگرامێکی نەخشەیی سەرکەوتوو، دەتوانرێت چاودێری چالاکییەکان بکرێت لەرێگای یەکێك لەم هۆکارانەی خوارەوە بەتەنیا یان لەرێگای هەموویانەوە:

١- بڕەکە ٣- بەکارهێنانی کات

٢- جۆرەکە ٤- خەرجییەکان

دەتوانرێت خاڵە هەڵەکان و پێویستی بەچاودێری تۆمار بکرێن لەژێر یەکێك لەم نیشانانەی خوارەوەدا کەئەمەش لەزۆرترین هۆکارەکانی کەموکوڕییە لەکارکردندا:

١- هەڵەی مرۆیی و کەموکوڕی لەئامادەکردندا.

٢- بارودۆخی کتوپڕ یان (لەناکاو).

٣- پەککەوتنی ئامێرو دەزگاکان.

٤- ناڕوونی لەبڕیار یان پێشبینییەکاندا.

لەکاتی لێبوونەوە لە ئامادەکردنی بەرنامەی نەخشەکێشان دەتوانرێت پەنا ببرێتە بەر خشتەیەك وەك ئەوەی لەخوارەوە دیاریکراوە بۆ بەدەست هێنانی کاریگەرێتی زیاتر لە چاودێریکردندا:

| هۆکارەکانی چاودێریکردن | ئەو هەڵانە چین کە چاوەڕوان دەکرێن؟ | کەی و چۆن هەڵەکان دەدۆزرێتەوە؟ | چی دەکەیت بۆ ڕاستکردنەوە؟ کێ پێی هەڵدەستێت؟ |
|---|---|---|---|
| بڕەکەی | | | |
| جۆرەکەی | | | |
| کات بەندی | | | |
| خەرجی | | | |

هەروەها دەکرێت کەکرداری چاودێری دابەش بکرێت بۆ سێ قۆناغ کەبریتین لە: خۆپاراستن و هاوکاتی و هەڵسەنگاندن.

## ١- چاودێری پارێزکارانە

ئامانجی ئەم جۆرە چاودێرییە بریتییە لەرێگرتن لەلادان پێش لە بەگەڕخستنی کارەکەو، بەچاودێری بنەمایی یان پێشبینییانە دەناسرێت، لەبەرئەوەی پێش دەست بەکاربوونی کارەکە دەکرێت و ڕوانینیش لەپەرەپێدانی سیاسەت و ڕێو شوێنەکان و ڕێساکان دەگرێتەوە کە سەلامەتی بەرێوەچوونی کارەکە مسۆگەر دەکات. لەبەرئەوەی ئادەمیزاد ڕەگەزێکی سەرەکییە لەکارکردندا، کەواتە دەگونجێت توانای کەسەکان بۆ کارکردن و بەخشین بەرزبکرێتەوە، لەرێگای بەکارحستن و مەشق و ئامادەکارییەوە. وە لەهۆکارە گرنگەکانی ئەمانەن:

### أ- تەجنید و مەشق پێکردن

لەسەرەتادا لەسەرمان پێویستە کە ئەو ئەندامانە یەکخەین وبەکاریان بێنین و مەشقیان بدەین کە ئاستی فێرکردن و شارەزاییان ڕەنگدانەوەی توانای تایبەتی و پابەندییان بێت بۆ خۆماندووکردن لەکاردا. پاش تەجنید، بەرنامەی ئامادەسازی دەست پێدەکات بەلەبەرچاوگرتنی ئاستە جیاوازەکانی ئامادەباشی. دەکرێت شێوازی جۆراوجۆر بگیرێتەبەر بۆ ئاشنابوون بەو توانای سەرکردایەتی کردنەکە لای هەموو ئەندامێکی نوێ بەرجەستەیە پێش ئەوەی هەر ئەرکێك یان بەرپرسیارێتییەکی پێ بسپێردرێت. وە لەچوارچێوەی چاودێرییە پارێزگارییەکاندا پێویستە ئەم ڕێگایانەی خوارەوە بگیرێتەبەر لەکاتی بەکاربردن و مەشق پێکردندا:

١- چاوپێکەوتنی نارەسمی و گفتوگۆی تەلەفۆنیانە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە جۆراوجۆرە پەیوەندەکان بەو چالاکیانەی کەهەیە.

٢- مەشق کردنی ڕێك و پێك پێش سپاردنی کار یاخود لەکاتی مومارەسەکردنی کارکردندا لەبواری سەرکردەیی کردنی کۆمەڵێك لەخۆبەخشان کە دەبێتە هۆی ئامادەبوونی مەشقکاران لەبواری تاقیکاری تێگەیشتن و تواناییان. وادەکات کەکەسانیتر ئاشنابن بەچەندێتی پابەندبوونیان بەکارکردنەوە لەرووی بەرێوەبردن و ڕەوشتییەوە.

٣- چاوپێکەوتن بۆ چاودێریکردن پاش بەشداریکردن لەژمارەیەك بەرنامەی مەشق کردندا، بۆ ئاشنابوون بەچەندێتی هێزی پابەندبوون و ئامادەکاری بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی بڕیار لەسەر دراو.

٤- جەخت کردن لەسەر پێویستی پابەندێتی هەموو خۆبەخشەکان بەرەوشتی ئیسلامییەوە، چونکە ئەوەی لەگەڵ ئیسلامدا نەژی ناتوانێت سەرکەوتوو بێت لەبانگەواز بۆکردنیدا، چونکە شتێك نابەخشرێت کە لەدەستدا نەبێت

### ب- نوێکردنەوەی باوەڕ بەخوا

لەسەر هەموو خۆبەخشان و کارمەندانە کە لەپێناوی خوادا کاردەکەن بەشداریبکەن لەوچالاکییە بەکۆمەڵانەدا کەخوایان بیردەهێنێتەوە و چالاکی پەروەردەیی و ڕۆحی لەخۆدەگرێت. ئەوەش بەمەبەستی پتەوکردنی هەستکردنیان بەپاکی ڕۆحی و لێپێچینەوەی خۆیان و نزیکبوونەوەیان لەخوای گەورە و لەبیرنەکردنی پاداشت و سزاکانی.

### ٢- چاودێریی هاوکات

چاودێری هاوکات لەکاتی جێبەجێکردنی نەخشەکاندا دەبێت و، ئاراستەکردنی چالاکییەکان و چاودێریکردنی و ڕاستکردنەوەی ڕێگاکەی دەگرێتەوە هەرکاتێك پێویستی بەوەکرد.

### ٣- چاودێریی هەڵسەنگاندنانە

شیکاری ئەو بلاوکراوەو زانیارییانەی کەهاتووە لەسەر چۆنیێتی ڕۆیشتنی کارەکەو هەڵسەنگاندنی لەڕێی ئەم جۆرە چاودێرییەوە دەبێت. ئەمەش بە ئامانجی پاڵنان بەکارەکەوە بەرەو باشتر وخۆلادان لەهەر ئاراستە دەرچوونێك لەچالاکی پێشبینی کراو. ئەم جۆرە چاودێریکردنە پشت دەبەستێت بەئەزمونەکانی ڕابردوو بۆ ڕاستکردنەوەی لادانە پێشبینیکراوەکانی ئاینده.

هەروەها لەم کردارەدا زانیاری تر کۆدەکرێتەوە بۆ کارپێکردن و بەکارهێنانی بۆ دیاریکردنی پێداویستی بۆ گرتنەبەری ڕێو شوێنە ڕاستکردنەوەییەکان. لەبەرئەوە پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بەهەموو بەرنامەکەدا لەچوارچێوەی ئامانجە ڕێکخراوەییەکان و هەڵسەنگاندنی کاریگەریتی لەبەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا. دەبێت لەکاری گشتیدا توانا هەبێت بۆ پێوانەی ئامانجەکان ووردبینی بکرێت لەلایەنی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، تابتوانین بگەڕێینەوە بۆی وەك پێوانە و پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکە.

لەو کارانەی کەدەکرێت وەك پێودانگ بەکاربهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی کاری ژمارەیەك لەخۆبەخشانی بەشداربوو وەئەو ماوەیەی کە لەکارکردندا بەسەری دەبەن، وە ژمارەی ئەو کەسانەی کە خزمەتگوزاریەکانی ئەوانی پێدەگات، هەروەها لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنەکان و پەیوندیە نارەسمییەکان لەگەڵ کەسان و لیژنەکان لەبوارە جیاجیاکان بۆ دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە کارەکە تیایدا پێویست دەکات گرتنەبەری ڕێو شوێنی ڕاستکردنەوەیی.

## سێهەم: هەڵسەنگاندنی تاکەکان

پێویستە گرنگیدان بەبەرنامەی تایبەت بەخۆبەخشەکان بەتەنها لەبەرنامەکە خۆی ڕانەوەستێت، بەڵکو بەهەمان شێوە پێویستە گرنگی بدرێت بەهەڵسەنگاندنی کەسە پەیوەندیدارەکان پێوەی، بە ئەندامە دەست بەتاڵ بووەکان و خۆبەخشەکان و جەماوەریشەوە بەگشتی.

لەهەڵسەنگاندنی بەجێهێنانی کاری تاکەکاندا، پێویستە لەبەرچاوگرتنە ڕەوشتییە چەسپاوەکان بەکاربهێنرێت، هەروەها پێویستە بەپێی توانا کارەکان بسپێردرێن، تاوەکو تواناکان بەفیڕۆ نەچن، وەدەبێت پابەندبوون هەبێت بەڕەوشتە بالاکان و توانای بەخشین بۆ بەدەست هێنانی پلەیەکی بەرزتری کاریگەریتی.

عەمری کوڕی مەعدی یەکرب و تەلیحەی کوڕی خالد لەدیارترین و شارەزاترین جەنگاوەران بوون لەجەنگدا، بەڵام لەبواری بەڕێوەبردن و دەسەلاتدا ناوبانگیان نەبوو، وەکاتێك عومەری کوڕی خەتاب (ﷺ) ناردنی بۆ فەتحی عێراق لەژێر فەرمانی نەعمانی کوڕی مەقرەن دا داوای لێکرد کە کاروباری بەڕێوەبردنیان پێنەسپێرێت لەبەرئەوەی ئەوان بەس لەشەڕو ڕووبەڕووبوونەوەدا شارەزان. عەماری کوڕی یاسر لەگەورەترین هاوەڵان بوو لەڕووی پایەو ڕێزو سیماوە بەهۆی تەقواکەیەوە بەڵام لەڕووی بەڕێوەبردنەوە باش نەبوو

دوربین نەبوو لەسیاسەتدا. و عومەری کوڕی خەتاب کردیە والی کوفە یان فەرمانڕەوای کوفە بەهۆی پایە بەرزەکەیەوە، بەڵام هەربەزوویی دەستی پێ کێشایەوە لەبەرئەوەی نەیدەتوانی کارەکەی باش ڕاپەڕێنێ.

ئەمەش هەندێك پرسیاری گشتی‌یە کە یارمەتیمان دەدات لەهەڵسەنگاندنی تاکەکاندا:

١- ئایا ئەو کۆمەڵانەی کە بەرنامەیان بۆ دیاریکراوە لێی ڕازین؟ وەئایا بەسوود بەخشی دەزانی بۆیان؟

٢- ئایا بەرنامەکە پشتیوانی تەواو دەکرێت لەلایەن بەرپرسانی سەرکردایەتی و کەسانی ناو کۆمەڵگەوە؟

٣- ئایا بەشداربووانی خۆبەخش توانای کارکردنیان هەیە بەیەکەوە بەشێوەیەکی کاریگەر لەپێناو جێبەجێکردنی بەرنامەی بڕیاردراو؟ ئایا هەست دەکەن بەوەی چیان لێ چاوەڕوان دەکرێت؟

٤- ئایا بەرنامەکان لەلایەن ئەو کەسانەوە کەپێوەی پابەندن مافی خۆی دەدرێتێ لەڕووی کاتەوە لەسەر هەردوو ئاستی تاك و کۆ؟

## کێ کێ هەڵدەسەنگێنێت؟

باشتر وایە کە هەرکەسێك پەیوەندی هەیە بەپرۆژەکەوە بەشداری بکات لەنەخشەکێشان بۆی، وە پێویستیشە بەهەمان شێوە بەشداری بکات لەهەڵسەنگاندنیشی‌دا. ئەمەش ئەندامانی لیژنەی ڕاسپێردراو بەبەرنامەکە و کارمەندانی ڕێکخراوەکە و کۆمەڵگا بەگشتی دەگرێتەوە.

لەسەر سەرۆکی لیژنەی نەخشەکێشانە کە هەستێت بە لەئەستۆگرتنی کرداری چاودێری و سەرپەرشتی کردنی کردارەکانی هەڵسنگاندن، هەندێك جار ڕاسپاردنی چاودێرێکی دەرەکی کاریگەری زیاتری دەبێت لەهەڵسەنگاندنی کاری کەسەکاندا. بەتایبەتی لەکاتی دەرکەوتنی کێشەیەك جێگای جیاوازی بیروڕای کارمەندانی ڕێکخراوەکە بێت، یان کاتێك بەرنامەکە دەبێتە جێگای نارەزایی لای کۆمەڵگە. بەکارهێنانی ڕەگەزی سەربەخۆ بۆ هەڵسەنگاندن هەندێك جار یارمەتی دەدات لەدەوڵەمەندکردنی هەڵسەنگاندن و دابین بوونی شارەزایی بێلایەن و بابەتیانە.

دەرگای سەرەکی بۆ سەرخستنی چاودێری-کە هەڵسەنگاندن لەمەترسیدارترین قۆناغەکانی‌یەتی- بریتی‌یە لەبەدیهێنانی کەشێکی دەروونی کەپڕە لەگیانی لەیەك گەیشتنی ئیجابییانە لەنێوان جێبەجێکەرو سەرۆکەکەیدا. پێویستە ئەمە لەسەر پابەندبوون بەبەدیهێنانی سەرکەوتن و پاکێتی ڕەوشتی ڕاوەستابێت و هاندەرێك بێت بۆکاری زیاتر و بەخشینی زیاتر.

هەروەها لەکارە گرنگەکان بەهەمان شێوە بەخشینی دەسەڵاتی پێویست و تەواو بەو کەسەی ڕادەسپێرێت بە هەڵسەنگاندن و چاودێری کردن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی و وەرگرتنی هەر ڕێو شوێنێکی پێویست بۆ ڕاستکردنەوەی گونجاو چ بەوشتانەی پەیوەندی‌دارن بەتاکە کەسەوە یاخود بەبەرنامەوە.

# چوارەم: هەڵسەنگاندنی مەشق

## أ- ئامانج

ئامانجی مەشقکاری لەرێکخراوەکاندا بریتی‌یە لەپتەوکردنی یان زیاتر پابەندبوونی تاکەکان بە پەیامەکەیانــەوە، وە گەشــەدان بەکەسایەتیان و پێشخستنی، وەیارمەتی دانیان بەشارەزایی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجی رێکخراوەکە بــە باشـترین شـێوە، بـەڵام پێویستە کاریگەرێتی مەشق کردن خۆی هەڵسەنگێندرێت بــۆ دڵنیــابوون لەبەدیــهێنانی ئامانجــە بریــار لێدراوەکــان و خســتنەگەری دەرامەتە مرۆیی و مادی‌یەکان بەشێوەیەکی دروست. بۆ بەدیهێنانی ئەوە پێویستە هەڵسەنگاندن بەکاربهێنرێت بۆ ئــەم مەبەسـتانەی خوارەوە:

١- دڵنیابوون لەوەی کەمەشق کردن ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت، وەتا چ رادەیەك.

٢- دیاریکردنی بەهای خولەکان و لێدوانەکان و وەرشەکانی خوێندن.

٣- ئاشنابوون بەو بوارانەی کە بەرنامەکە تیایدا پێویستی بەپێشخستن هەیە.

٤- یارمەتی‌دان لەبڕیاردان لەوەی کە بەرنامەکە باشە یان گونجاوە بۆ بەردەوام بوون یان نا.

٥- دیاریکردنی دەستەو کۆمەڵە گونجاوەکان بۆ وەرگرتنی بەرنامەکان و دیاریکردنی بەرنامە گونجاوەکان بۆ دەســتەو کۆمەڵــە کۆمەلایەتی‌یە دیاری کراوەکان.

٦- پێداچوونەوەی خاڵە سەرەکی‌یەکان لەبەرنامەکەداو بەهێزکردنیان.

٧- زیادکردنی بڕوای سەرپەرشتیاران و بەشداربووان لەسوودی بەرنامەکە.

٨- یارمەتی‌دان لەبەڕێوەبردنی بەرنامەکانی مەشق کردن بەشێوەیەکی باشتر.

## ب- پێوەرەکان و کەرەستەکان

دەکرێت ئەو پێوەر و کەرەستانە هەلبسەنگێنرێت کەبــەکاری دەهێنــین لەهەڵســەنگاندنی بەرنامــەکانی مەشـق کردنـدا لەسەر بناغەی پێوانگە تایبەتەکان بەسروشــتی کەســە پــەیوەندی‌دارەکان بــە مەشــق کردنــەوە. ئامــانجیش لــێرەدا بریتی‌یــە لەدیاریکردنی هەندێك پێوانە کە ئەوە دەردەخات لەبەرنامەکە چەند پێشکەوتن بەدی دەهێنێت.پێوەرەکانیش ئەمانەن:

**کاردانەوە :** کاردانەوەی بەشداربووان سەبارەت بە بەرنامەکە چی‌یەو ئایا رەزامەندی خۆیان لەسەری نیشانداوە؟

**بەدەست خستن :** ئایا بەشداربووان شتێکی نوێ فێربوون لەبەرنامەکــە؟ ئــەو زانیــاری و شــارەزایی‌یە نوێیانــە چی‌یــە کەبەدەستیان هێناوە؟

**هەڵوێستەکان :** ئایا بەرنامــەکان کاریگــەرییان هــەبووە لەســەر هەڵوێســتەکانی بەشــداربووان و ئاراســتەکانیان؟ وە دیاردەکانی گۆڕان چی‌یە لەبۆچوونەکانیان یان بەهاکانیاندا یاخود لەبیروباوەڕەکانیاندا؟

**رەفتارو ئاکار :** ئاسەواری مەشق لەسەر رەفتاری بەشــداربووان چی‌یــە؟ ئایــا یارمــەتی داوە لەبەدیــهێنانی ئامــانج و مەبەستە خواستراوەکان؟

**ئەنجامەکان :** کاریگەرێتی مەشق کردن لەسەر رێکخراوەکە چی‌یە؟ چۆن هاوکاری کردووە لەبەدیهێنانی ئامانجــەکانی رێکخراوەکە؟

## ج- ڕێبازەکانی تاقی کردنەوە

بەراوردکردنی ئەو نمرانە کە مەشقکاران لەپێش و لەپاش مەشق کردن بەدەستی دەهێنن بەفاکتەرێکی کاریگەر دادەنرێت لەهەڵسەنگاندنی بەرنامەی مەشق کردندا. وەزیادکردنی نمرەکان لەهەمان تاقیکردنەوە پاش مەشق کردن ئاماژە بە بەرزبوونەوە دەکات لەئاستی شارەزایی یاخود زانیاری یان گۆڕانکاری نوێ لەڕەفتاری مەشقکاردا. دەکرێت ڕێبازەکانی مەزەندەکردن دابەش بکەین بەسێ جۆر:

١- بەراوردکردن بەمام ناوەندێتی گشتی گروپەکە، کەبریتی یە لە بەراوردکردن لەنێوان نیشانەکانی مەشقکار و ناوەندێتیەك کەبەهای هەبێت، پێویستە ئەو گروپەی کە لەبەرامبەریدا بەراورد دەکرێت لەژمارەدا زۆربن. و ئەنجامی تاقیکردنەوەکە پێگەی مەشقکارەکە لەگروپەکەدا دیاری دەکات.

٢- مەزەندەکردن بەپێوەرەکان، تیایدا لێهاتوویی مەشقکار دەپێورێت بەبەراوردکردنی بەئامانجەکانی مەشق کردنەوە، ئەم ڕێگایە جەخت دەکات لەسەر دیاریکردنی بەرهەمی بەشداربووان لەڕێگای تەرازوکردنی ئاستی ڕاپەڕاندنی بەشداربووان بەهەر ئامانجێك لەئامانجەکان. وەهەر کەسێك ئەو ئاستانەی بەدیهێنا ئەوا بەشارەزا دادەنرێت لەبەهرە دیاریکراوەکانی بەرنامەی مەشق کردندا. بۆ نمونە ئامانجی مەشق کردن بریتی دەبێت لەگەشەکردن بەتوانای ووتاردان بۆ ماوەی پێنج دەقیقە لەگەڵ ڕێگادان تەنها بەدوو هەڵەی زمانەوانی.. ئەوەش ئەو پێوەرە دەبێت کە سەرکەوتنی مەشقکار یان تێپەڕ نەبوونی لەئەزموونەکەدا دیاری دەکات.

٣- تاقیکردنەوەی توانا یان (نمایش) ئەوەش پێویستی بەسەلماندنێکی کردارییانە هەیە بۆ شارەزایی یان بەرهەمی زانستی لەبوارە دیاریکراوەکاندا، وەك بەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەر یاخود داهێنانی هونەری یان ئەزموونی شارەزایی و توانا و بەهرە زانستی و کردارییەکان.

## د- پرسیارەکانی تاقی کردنەوە

دەکرێت تاقیکردنەوەکانی هەڵسەنگاندنی بەرنامەی مەشق کردن پێك بێت لەیەکێك لەجۆرەکانی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

تاقیکردنەوە بەشێوەی چەند وەڵامی: داوا دەکرێت لەبەشداربووان کەنزیکترین وەڵامی ڕاست هەڵبژێرن لەلیستی وەڵامەکاندا.

تاقیکردنەوە بە وەڵامە کراوەکان: وەڵامێکی دیاریکراو نابێت، وەڕێگا دەدرێت بەبەشداربووان بۆ دەربڕینی وەڵامەکانیان بەویستی خۆیان.

وەڵامدانەوەی لیستەکان: تیایدا تیشك دەدرێتە بەشداربووان کەچەند بەندێکی تێدایە کە لەوانەیە بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکی پرسیارەکەداو لەوانەشە نەگونجێت وە لەسەریان پێویستە کەنزیکترینیان لەچارەسەر هەڵبژێرن.

ئەگەرە دوولایەنەکان: هەروەها بەشێوازی جیاکردنەوەی هەڵە لەڕاست ناودەبرێت، کەتیایدا وەڵامی ڕاست لەگەڵ وەڵامی جێگرەوە (ناڕاست) دەدرێت.

شێوازی نمرەکان: داوادەکرێت لە بەشداربووان نمرەکان دابنێن بۆ ژمارەیەك لەوەڵامەکان، بەپێی مەرجی دیاریکراوو ڕێکخستنی.

### ٥- ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن

ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن ئاستی مەشق دەگرێتەوە وەك مەشقکاران بەدەستیان هێناوە لەمانەدا:

- تاقیکردنەوە بەنووسین: کەدەکرێت بۆ پێوانی پێشکەوتنی بەشداربووان لەوەرگرتنی بەرنامەکانی مەشق کردندا.
- تاقیکردنـەوەکانی ئاشـنابوون بـە مـەیل و هەڵوێـستەکان: بـەکاردەهێنرێت بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری سـەبارەت بەهەڵوێستی بەشداربووان لەوانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕێگای کاراکردن و بـەهاکانی و پەیوەندیـیـەکانی و هتـد، وە لەپێش و لەپاش مەشق کردن ئەنجام دەدرێت بۆ بەراوردکردنی هەر پێشکەوتنێك.
- بەدواداچوون و چاودێری کردن لەکاتی کارکردندا: بۆ دیاریکردنی چەندایەتی باشکردنی شارەزاییی بەشداربووان.
- ڕاپۆرتە بەرهەمییەکان: کەباشکردنی کردارییانەی بەجێگەیاندن دەپێویت بەپێی زانیـاری ڕاسـتەقینەی پـەیوەندیدار بەکارکردن و ڕاپۆرتە ئامارییەکان.
- ڕووپێوکردن پاش مەشق کردن: بەشێوەیەکی دەوری ئەنجام دەدرێت، بۆ پێوانەکردنی پێشـکەوتنی بـەردەوام و پلـەی باشکردن لەبەجێگەیاندندا.
- بەراوردکردنی پێداویستییەکان و ئامانجەکان و ناوەرۆکەکان: کەڕاهێنـەران و بەرپرسـان و ئەندامـە بەشـداربووەکان لەمەشق کردندا پێی هەڵدەستن بۆ دیاریکردنی چەندایەتی ئامانجەکانی بەرنامەکە لەگەڵ پێداویستییەکانی مەشـق کردن و چەندایەتی گونجاندنی بەرنامەکە لەگەڵ ئامادەکارییەکانی بەشداربووان.
- فۆرمی هەڵسەنگاندن: کە لەلایەن بەشداربووانەوە پڕدەکرێتەوە بۆ ئاشـنابوون بـەراوبۆچوونیان لەسـەر بەرنامـەکانی مەشق، کەلەوانەیە ڕێنمایییەکانیان بەهایەکی گەورەیان هەبێت.
- ڕای شارەزایان یاخود پسپۆڕان: کەپسپۆڕن لەئامادەکردنی بەرنامەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردەیی ئەوانـە داوایـان لێدەکرێت کە بەرنامەکان هەڵبسەنگێنن.
- هەڵسەنگاندنی ڕاهێنەرەکان: لەسەر دەستی پسپۆڕە موحتەریفەکان بـۆ دیـاریکردنی توانـای ڕاهێنـەرەکان و توانـا ڕاستەقینەکانیان.
- شـیکاری تێچوونـەکان: کـە بەشـێوەی تێچوونـی یـەك مەشـقکار لەپێداویسـتی و خـواردن و ئاسـانکارییەکان و تێچوونەکان هاتوچۆو هتد حساب دەکەن. پاشان لێکدانەوەی هەموو تێچوونی گشتی مەشـقی بـۆ یـەك تاکەکـەس حساب دەکرێت.
- شیکاری کاریگەریی تێچوونەکان: کەئەوەش لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریانەیە بۆ هەر کاریگەرییـەك لەبەرنامـەی مەشق وهۆکارەکانی.

## پێنجەم: هەڵسەنگاندنی بەجێهێنان

دەتوانرێت بەچەند ئامرازێك بلاوکراوە بەدەست بهێنرێت لەسەر بەجێگەیاندن، لەوانە:

- تێبینییە کەسییەکان: واتە ئامادەبوون لەشوێنەکانی کارکردن و تۆمارکردنی تێبینییە کەسییەکان سـەبارەت بـەو چالاکییانەی کە ئەکرێت.

- ڕاپۆرتە زارەکی‌یەکان: بەشداری لەهەندێك لەڕەگەزەکانی تێبینی‌یە کەسییەکاندا دەکات لەڕووی گوێزانەوەی زانیاری‌یەکان لەڕێی دەمەوە بەپەیوەندی ڕاستەوخۆی کەسییەوە.
- ڕاپۆرتە نووسراوەکان: جەخت دەکات لەسەر بڵاوکراوە گشتگیری‌یەکان کە لەبارە بۆ ڕاهاتن لەپێناوی بەدەستهێنانی ئاماری ووردوجیا کەدەکرێت، چاوی پیادا بخشێنرێتەوە و تەواوبکرێت لەڕێگای ڕاپۆرتی زاری و تێبینی‌یە کەسی‌یەکان. هەروەها بوونی ڕاپۆرتە نووسراوەکان وەك تۆمارکردنێك بۆ بڵاوکراوەکان دابین دەکات بەمەبەستی بەراوردکردن یان لێکۆڵینەوە لەداهاتوودا.
- ڕووپێوی گشتی: کە بەکەڵکە لەباری کۆکردنەوەی بڵاوکراوەکان لەکەسانێکی زۆرەوە، لەهۆکارە بەکارهێنراوەکان لەوەدا پڕکردنەوەی نموونەی هەڵسەنگاندن کە لەپرسیاری دیاری‌کراو سەبارەت بەیەکێك لەچالاکی‌یەکان پێکهاتووە.

## چۆنیەتی مومارەسەکردنی هەڵسەنگاندن و باشترکردنی

هەڵسەنگاندن بەشتێکی کات کوژ لەدەست دەری دارایی دادەنرێت ئەگەر بێتوو سوود لەئەنجامەکانی وەرنەگیرێت. وەزۆرکات هەڵسەنگاندنمان بینیوە پاشان پشت گوێخراوە و بەدوایدا نەچوون، وە بەخۆلادان لەوە پێویستە ئەو ڕێگایانەی خوارەوە بگیرێتەبەر:

أ - بڵاوکردنەوەی هەڵسەنگاندن و بەشکردنی بەسەر پەیوەندیداران بەبەرنامەکەوە.

ب- گفتوگۆکردن لەسەر هەڵسەنگاندن لەڕێگای شوراو بەکارهێنانی شێوازەکانی کۆمەڵەو زنجیرەکانی هەڵقولانی زەینی، و شتی‌تر وەك ئەو.

ج- دانانی نەخشە، بۆ پشتیوانی کردنی بەجێگەیاندنی باش و ڕاستکردنەوەی کەم و کوڕیەکان، پاشان جی‌بەجێ‌کردن.

د- هەڵنەگرتنی ڕاپۆرتەکان لەسەر ڕەفەکان و لەبیرکردنیان.

بۆ باشکردنی کرداری هەڵسەنگاندن پێویستە دڵنیابین لەسوود وەرگرتن لەشێوازەکانی هەڵسەنگاندن و کەرەستە جۆراوجۆرەکانی. ئایا بڵاوکراوە هاتووەکان ڕاستن؟ ئایا زیاتر بوون لەپێویست یان کەمتر؟ ئایا لەکاتی دیای‌کراودا بەدەست گەیشتوون؟ ئایا هۆکارەکانمان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری گونجاو و تەبایە لەگەڵ ڕەوشتەکانماندا یان نا؟

خستنەڕووی ئەم جۆرە پرسیارانە یارمەتیمان دەدات بۆ هەڵبژاردنی شێوەی گونجاو بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی خاڵی لاواز لەڕێگا باوەکانی‌یەوە.

هەروەها واباشترە کە هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئەنجام بدرێت لەجیاتی ئەوەی تەنها بەهەڵسەنگاندنێکی ڕۆتینی لەیەك ساڵدا واز بهێنین، کەئەوەش دەبێتە هۆی پشتیوانی و سوود لی‌وەرگرتنی لەهەڵسەنگاندن لەکاتی جێبەجێ‌کردندا. نابێت بەتەنها بەرنامەی ناسەرکەوتوو هەڵبسەنگێنرێت، بەڵکو بەهەمان شێوەش دەبێت بەرنامە سەرکەوتووەکان هەڵبسەنگێنرێت، بۆ ئاشنابوون بەفاکتەرە سەرکەوتووەکان و زیاترکردنی کاریگەرێتی‌یان لەکارکردندا.

لەسەرمان پێویستە هەڵسەنگاندن بکەین بۆ بەدواداچوون بۆ دیاریکردنی ئەنجامی باشی مەشق و ئەو بوارانەی کەتیایدا مەشقکاران زۆرترین یان کەمترین توانای سەرکەوتن و پێشکەوتنیان سەلماندووە. بەراوردکردنی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی کۆتایی لەگەڵ ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بەدواداچوون لەکاتی خاڵی دیاری‌کراو ئاماژەیەکی بەهادارمان نیشان دەدات دەربارەی ئاستی بەرهەمی بەشداربوان لەمەشق کردندا.

## ووشەی ئاگادار کەرەوە

لەوانەیە بوترێت کەهەندێك جار ئامارەکان بەلایەکدا کەوتنی (تحیز)ی پێوەدیارە، یاخود چەواشەکەرە، یاخود دەتوانرێت خراپ بەکاربهێنرێن، لەڕاستیدا ئامارەکان لەخۆیاندا بێلایەنن بەڵام خراپیش بەکاردەهێنرێن یاخود لەڕێگای نەشیاودا بەکاردەهێنرێن. لەبەرئەوە گرنگە کەچاودێرییەکی ووردبکرێن بۆ گەیشتن بەئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن. بۆ نمونە گرنگیدانی جەماوەر بەبەرنامەی کات بەسەربردنەکان و کەمێتی گرنگیدان بەبڕگەی (ئیسلامی بوونی زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکان) مانای ئەوە نی‌یە کە بەرنامە تەرفیهییەکان زیادبکرێن و بڕگە گرنگەکانی بەرنامەکە لابرێت. ناکرێت ئامانج تەنها بۆ خۆشی خستنەدڵی ئامادەبووان بێت. ئەو بەتەنها لەوە بەدەرنابێت کەشتێکی پاڵپشت بێت وەك پروپاگەندەی هەڵبژاردن کە تەنها مەبەست ڕاکێشانی خۆشەویستی دڵی جەماوەرە تەنها لەبەر بەدەستهێنانی دەنگەکانیان.

لەسەرمانە کە ڕابەرایەتی ڕای گشتی بکەین بەئاراستەیەکی دروست. وەرازی نەبین تەنعا بەڕۆیشتن بەدوایدا پێوەی ببەسترێینەوە.

لەهەمان کاتدا لەسەرمانە کە ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن پشت گوێ‌نەخەین، چونکە پێویستە بۆ باشکردنی ئاستی بەجێ‌گەیاندن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێویستە دیدمان وون نەکەین، یان ڕێگا بەخۆمان بدەین کەببینە دیلی ئەو بڵاوکراوانە، یاخود هیچ پیرۆزیەکی بخەینە سەر.

پاهێنان
لەسەر
هەڵسەنگاندن!

وادابنێ لەسەردانێکدا ئامادەی یەکێك لەکۆبوونەوەکان بوویت.
ئەو کۆبوونەوەیە هەڵبسەنگێنە. با ڕاوبۆچوونەکانت پشت ببەستێت
بەپسپۆڕی و ووردیو ڕوونی تەنها شتە گشتییەکانت پێ بەس نەبێت:

خاڵە ئیجابییەکان:

---

---

---

چۆن پشتیوانی ئیجابییەکان دەکەیت؟

---

---

خاڵە لاوازەکان (سلبییەکان):

---

---

---

چۆن سلبیاتەکان چاك دەکەیتەوە؟

---

---

تێبینیتر:

---

---

---

---

---

## گفتوگۆ

١- رۆڵی پێوەرەکان چی‌یە لەهەڵسەنگاندندا؟
٢- چاودێری خۆپاراستن چۆن دەتوانێت ئاستی بەجێگەیاندن بەرزبکاتەوە؟
٣- رووەکانی جیاوازی چی‌یە لەنێوان چاودێری خۆپاراستن و هەڵسەنگاندندا؟
٤- دیاریترین هۆکارەکان چی‌یە کەبەرەنگاری دەبینەوە لەهەڵسەنگاندنی بەجێگەیاندنی کەسانی‌تردا؟
٥- بۆچی هەندێك جار هەڵسەنگاندنی کەسێك لەدەرەوەی رێکخراوەکەدا بەکەڵکە؟
٦- جیاوازی سەرەکی چی‌یە لەنێوان شێوازی تاقی‌کردنەوە، کە لەسەر بەراوردکردن بەمام ناوەندێتی و ئەو شێوازەی کە لەسەر پێوەر رادەوەستێت؟
٧- جیاوازی چی‌یە لەنێوان (کاردانەوە) و (دەست خستن) وەك دوو پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی مەشق؟
٨- تایبەتمەندێتی‌یەکانی بەشداربوونی کەسانی‌تر لەئەنجامی هەڵسەنگاندن چی‌یە؟
٩- جۆری ئەو زانیاریانە چی‌یە کەلەئەنجامی هەڵسەنگاندنی بەدواداچوون بەدەست دێت؟

## جێبەجێکردن

لیژنەی جێبەجێکردن داوای لێکردیت کە هەستیت بە هەڵسەنگاندنی کۆنگرەی ساڵانەی داهاتووی کۆمەڵەکەت، وە لەسەر تۆ پێویستە لەپێشەوە نەخشەی بۆ بکێشیت و پێداویستی‌یەکانی چاودێری‌و هەڵسەنگاندن ئامادەبکەیت. ئەوەی داواکراوە هەڵسەنگاندنی هەنگاوە سەرەکی‌یەکانە هەر بەتەواوکردنی و بەرزکردنەوەی راپۆرتی راستکردنەوە بۆ نەخشەدارێژانی کۆبوونەوەکە، پاشان هەستان بە هەڵسەنگاندنی بەجێهێنانی کرداریانە لەشوێنی کۆنگرەکە خۆی‌دا.

١- هەستە بەدارشتنی ئەو پێوەرانەی کە لە (چاودێری)دا بەکاری دەهێنیت بەسەر هەنگاوە سەرەکی‌یەکانی نەخشەکێشانی کۆبوونەوەکەدا.

٢- هەستە بەدیاریکردنی هۆکارەکانی چەندایەتی کە یارمەتیت دەدات لەکەم کردنەوەی قەبارەی بلاوکراوەکانی هەڵسەنگاندن بەتێکراپەکی گونجاو کە لەتوانادا بێت سوودی لێوەربگیرێت.

٣- کلێشەیەك ئامادەبکە بۆ چاودێری کردنی بەجێگەیاندن، و چاودێری هەر لادانێك بکە لەو پێوەرانەی کەبریاری لەسەردراوە.

بەشی

١١

# پێکهێنانی تیم و بەجێهێنانی بەکۆمەڵ

**یەکەم: بنیاتنانی تیم**

أ – تیم چییە؟

ب– چۆن تیم ئەرکەکانی بەشێوەیەکی کاریگەر بەڕێوە دەبات

ج– بەجێگەیاندن لەنێوان تاك و تیم دا

**دووەم: شێوازی هەڵمەتی تایبەتی کارکردن**

أ – ئامرازە بۆ بەجێهێنانی بەکۆمەڵ

ب– نمونەیە بۆ لێکۆڵینەوە یان (دیراسە)

**سێیەم: لیژنە کارگوزارییەکان**

**چوارەم: لیژنەی تاك ئەندامی**

**پێنجەم: ڕۆڵە تاکە کەسییەکان لەبەجێهێنانی بەکۆمەڵدا**

**شەشەم: پێکهێنەرە بنچینەییەکانی کاری تیم**

أ– ئێمە کێین و چیمان دەوێت؟

ب– کێ دەگاتە لوتکە؟

ج– نەخۆشی زیادبوونی بارگرانی

د– گەڕان بەدوای ڕاستیدا بەبەردەوامی

ه–بەرپرسیاریەتی هەموان: کەس بەرپرسیار نییە!

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

پاش تەواوکردنی ئەم بەشە دەتوانیت کە هەستیبە:

- دیاریکردنی تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی تیمی کاریگەر.
- پێکهێنانی تیمی کار بۆ بەجێهێنانی کاری دیاریکراو.
- پێکهێنانی هەڵمەتی کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان.
- هەست پێکردنی جۆری لیژنە کاریگەرەکان.

((يَدُ اللهِ مَعَ الجماعَةِ، وَمَنْ شَذَّ شَذَّ إِلَى النَّارِ))[1]

## یەکەم: بنیاتنانی تیم

### أ-تیم چی‌یە؟

تیم هۆکارێکە بۆ ئەوەی تاکە کەسەکان بتوانن کاری بەکۆمەڵی گونجاو بکەن وەك یەکەیەکی هاوڕەگەز، وە ڕێکخستنی ئەم تیمانە یان ئەو یەکانە یەکێکە لەئەرکە گرنگەکانی سەرکردایەتی باش. کاری بەکۆمەڵ کارێکە کە ئیسلام جەختی لەسەر دەکات، فەڕو سەرکەوتنی کاریگەری تێدایە.

پێکهێنانی تیم بەمانای کۆکردنەوەی بێ سەروبەری تاکە خاوەن بیروڕا جیاوازەکان نایەت، بەڵکو بریتی‌یە لەکۆمەڵێك تاکی بەشداربوو لە بەجێگەیاندنی ئەرکێك یان پەیامێکی بەردەوامی خاوەن ئامانج و مەبەستی هاوبەشدا. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لەڕێگای زنجیرەیەك کاری یەك لەدوای یەك یان تەریب دەبێت کە لەتوانادایە ڕاست بکرێتەوە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی‌تر، لەوانەیە هەموو ئەندامەکانی تیمەکە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە یاخود چەند بوارێکی جیاواز لەچالاکی‌یەکانی بکەن بە خەلفیات و لێهاتوویی و شارەزایی هەمەجۆرەو پەیوەندیدار بەو ئەرکەوە کە پێویستە ئەنجام بدرێت. هەروەها تیمی گەورە هەندێجار دابەش دەکرێت بۆ تیمی بچووك و لاوەکی لەم بارەدا هەر ئەندامێك چاوەڕوانی ئەوەی لێ‌دەکرێت کە ئەرکی بەرپرسیارێتی سەرکەوتنی هەموو تیمەکەو بەجێهێنانی ئەرکی داواکراوی بەگشتی بگرێتە ئەستۆ.

بێگومان دەبێت کاری تیم و هەرئەندامێك تیایدا بە ئەرك یان ئامانجی دیاری‌کراوەوە گرێ بدرێت. وە لەتوانادایە پێکهاتەی تیمەکە و سەرکردایەتی‌یەکەی بگۆڕدرێت بەگۆڕانی ئەرکەکە. سەرەڕای بەشداری هەمەلایەنەی تاکەکان و شارەزاییان و لێهاتووییان، تیم بەگشتی و بەهەموو ئەندامەکانی‌یەوە بەرپرسن بەرپرسیەتێکی کەسیی لەبەجێهێنانی ئەرکەکەو تێکۆشان لەپێناوی سەرکەوتنی‌دا. بەرپرسیتی جێبەجێکردنی کارەکانی تیمەکەو وەرگرتنی بڕیارەکان و دەرکردنی فەرمانەکانی تایبەت لەهەر کارێك دەکەوێتە ئەستۆی ئەندامی شایەن بۆ ئەو کارە دیاری‌کراوە. بەرپرسیارێتی سەرۆکی تیم خۆی لەدیاریکردنی ئەوەی دەگونجێت بۆ هەر ئەندامێك لە ئەندامەکان لەکارو لەئەرکدا دەنوێنێت، ئەمەش مانای ئەوە نی‌یە کە ئەو هەر خۆی وەرگرتنی بڕیارو دەسەلات و جێبەجێکردن لە ئەستۆ بگرێت بۆ هەر ئەرکێك لەئەرکەکان.

بۆ ئەوەی ئەندامانی تیم زیاتر کاریگەربن پێویستە مەشقیان پێ‌بکرێت لەسەر شێوازەکانی پەیوەندی‌کردن لەنێو تیمەکە خۆیدا. وە مومارەسەی ڕۆڵیان بکەن تیایدا و بگەن بەڕایەکی هاوبەش، و بەئاگابن بەسەر سەرچاوەکانی ئەو هێزەی کە دەسەلاتەکانیان بەهێز دەکات. ئەو ئەندامەی خاوەنی شارەزایی و لێزانینە یاخود لەتوانایدایە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوانەی‌تر لەکارکردنا، دەبێتە تەوەرەی هێز بۆ پاڵنان بۆ بەرەو پێش بردنی کارەکە. هەروەها پێویستە مەشق بە ئەندامەکان بکرێت لەسەر چەمکەکانی پەرەپێدانی ڕێکخراوەکان، وە شێوازەکانی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ململانێ و کۆك بوون گونجاندن لەو ڕێکخراوانەدا.

---

[1] سنن الترمذي

### ب- چۆن تیم ئەرکەکانی بەشێوەیەکی کاریگەر بەڕێوە دەبات؟

تیم ئەرکەکانی بەڕێوە دەبات وەك شتێکی ئاسایی لەسەر هەموو ئاستەکانی ڕێکخراوەکە، بەڵام ئەوە زۆرترین سوودی هەیە لەئاستەکانی سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرایەتی باڵادا، کاریگەریتی لەسەرتێگەیشتنی ڕوونی ئەرکی تیم و پابەندبوون پێیەوە و دیاریکردنی بەرپرسیارێتییەکان بەووردی ڕادەوەستێت. ئەمەش یارمەتی تیم دەدات بۆ سەرکەوتن بە پابەندبوون بەرێسا بنەڕەتییە دیاریکراوەکان، لە نێوانیاندا ئەمانەی خوارەوە:

١- پێویستە لەسەر هەر ئەندامێکی تیم کە ڕاسپێردراوە بەکارێك بەرپرسیارێتی بنەڕەتی لە ئەستۆی خۆی بگرێت، وادابنێت کەخۆی خاوەنی دوا بڕیارە بەرامبەری.

٢- واتە، بەمانایەکی‌تر نابێت ئەندام بچێت بەلای ئەو کارانەوە کە لەدەسەڵاتی ئەودا نییە.

٣- نابێت ئەندامانی تیم کار دژی یەکتری بکەن، تەنانەت ئەگەرهاتوو ناکۆکیش لەنێوانیاندا هەبوو یاخود ناڵێکچوون لەتێڕوانینندا هەبێ دەربارەی کێشە دیاریکراوەکان.

٤- تیم جیاوازە لەو لیژنەیەی کە بڕیارەکانی بەدەنگدان وەردەگرێت، بەرپرسی تیم سەرکردەی ڕاستەقینەیەتی نەك تەنها بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکانی.

٥- دەستەبەر کردنی‌ئەڵقەی پەیوەندی چڕو ڕێکخراو لەنێوان ئەندامانی تیمەکەدا.

### ج- بەجێگەیاندن لەنێوان تاك و تیم دا:

سەرکەوتنی تیم لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەو تاکانەی کەئەندامن ڕادەوەستێت. کەسی بەهرەمەند هەیە بەڵام بەسروشتی خۆی بەکارنایەت کە ببێتە (یاری زان) لەتیپ دا لەبەرکەمی بەختی لەخۆئامادەکردن و مەشق کردندا. یاریزانی کاریگەری تیپ - سەرەڕای لێهاتوویی و شارەزاییە پێویستەکان-پێویستی بە ئامادەباشی بۆ خۆبەخت کردن لەپێناوی بەرژەوەندی تیپەکەدا هەیە بەگشتی. لەوکاتەی ئەندامانی تیپ بەوپەڕی توانایان هاوکاری دەکەن لەتێکۆشان لەسەریانە پاڵپشتی لێپرسراو بکەن بۆ سەرکردایەتی کردنی تیپەکە بەسەرکەوتویی، لەسەریانە کە بتوانن کاروبارەکان بەڕوونی ببینن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن بەئاسانی.

هەروەها پێویستە لەلایان ئارەزووی تاقی‌کردنەوەی شێوازی نوێ و نیشاندانی گیانی لەخۆبوردوویی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی‌تر دروست بوویێت وەپێویستە کە ئاراستەی بنەڕەتی‌یان بەرەو بەدیهێنانی ئەرکی تیپەکە بێت.

## دووەم: شێوازی هەڵمەتی تایبەتی کارکردن (TASK FORCE)

### أ- ئامرازەبۆ بەجێهێنانی بەکۆمەڵ

هەڵمەتی کارکردن خۆی دەنوێنێت بە ئامرازێك لە ئامرازەکانی کاری بەکۆمەڵی کاریگەر. کاتێك پێك دەهێنرێت کە ئەو کێشەیەی هەیە پێویستی بەهاوکاری و ڕاوێژکردنی کەسانێ هەبێت کە خاوەنی تاقی‌کردنەوەو گرنگی پێدانی جۆراوجۆر بن. ئەم ئامرازانە هەڵدەستن بەکارەکانیان بەباشترین شێوە کاتێك کەبەرەو ڕووبونەوە لەسەر شێوەی ئەرکێکی ڕوون و دیاریکراو بێت و دەسەڵاتێکی تەواو بدات بەگەڕان بۆ چارەسەرە خواستراوەکان.

پێکهێنانی تیمێکی کار پێویستی بەمانەی خوارەوە هەیە:

١- دیاریکردنی ئەرکەکە. ئەمەش بەدیاریکردنی ئەو ئامانجەی کە تیمەکە بەرەو هێنانەدی ڕێی گرتۆتەبەر.

٢- دیاریکردنی چوارچێوەیەکی کاتی بۆ ئەرکە کەتێیدا ئەوپەڕی کاتی دیاریکراوە بۆ تەواوکردنی کارەکە و قۆناغەکانی.
٣- دەرکردنی پسولەی ڕاسپێری کەناوی کەسانی ئەندام لەهەڵمەتەکەدا و ئەو بلاّوکراوانەی لەسەرەوە باسکراون لەخۆ بگرێت.
٤- دیاریکردنی بودجە.

بۆ ئەوەی بەجێهێنان لەبەرزترینی ئاستەکاندا بێت پێویستە دڵنیابین لەپێڕاگەیاندنی هەموو ئەندامەکانی تیم بەئەرکەکە و توانای وەرگرتنیان بۆی بەهەمان ڕێگا. پاڵپشتی هەڵمەتی کارکردن بەوە دەبێت بتوانێت بەئاسانی بگات بەزانیاری‌یەکان چ لەدۆسیەکاندا بێت یان لەلای کەسەکان. هەروەها پێویستە تیمی کارکردن هانبدرێت بۆ دەرکردنی ڕاپۆرتی خولی، بەتایبەتی ئەگەرهاتوو ئەرکەکە دووروودرێژ بوو ئاسەواری دووریشی هەبوو، لەو بارەشدا هەڵمەتەکە سوود لەکاردانەوەو تێبینی‌یەکانی ئەو ڕاپۆرتانە وەردەگرێت.

شێوازی هەڵمەتی کارکردن بەسەر هەموو ئەرکێکدا ناسەپێت کە بڕیارە بەکۆمەڵ ئەنجام بدرێت. بەڵکو ئەوە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەجێگەیاندنی کاری بەکۆمەڵ بە تایبەتیش لەکاتێکدا کە ڕێکخراوەکە تێگەیشتنێکی هاوبەش ویەك ئاراستەی هەبێت و ئەندامەکانیش هەمان ئاراستەیان هەبێت لەکارەکەدا. ئەولەویەت نەدا بە خستنەڕووی بەدیلەکان و بەگرنگتریان بزانێت بەڵکو بیداتە دیاریکردنی ڕێڕەوەی کارکردن و ئاراستەکردنی بەرەو شوێنی خواستراو.

### ب- نمونەیەك بۆ لێکۆڵینەوە

لەو نمونانە لەم بارەیەوە هەڵمەتی کارکردنی ڕاسپێردراو بەدانانی پەیکەری گشتی بۆ کاری ئیسلامی کە لەلایەن یەکێتی قوتابیانی موسوڵمان لەئەمەریکای باکورەوە ساڵی ١٩٧٧ دەستەبەرکرا ئەو بناغانەی دانا کە کۆمەڵەکە لەسەری ڕاوەستا، ئەمەش ڕوخسارەکانی ئەم تیمەیە:

١- ئەرك: لەبەرچاوگرتنی بۆچوون بۆ پەیکەری ڕێکخستنی نوێ بۆ کاری ئیسلامی لەئەمەریکای باکور.
٢- ئەندامەکان:
أ) کەسایەتی‌یە دیارەکان لەکاری ئیسلامی لەناو یەکێتی قوتابیانی موسڵماندا.
ب) کەسایەتی‌یە دیارەکانی کاری ئیسلامی لەدەرەوەی یەکێتی قوتابیانی موسڵمان.
ح) کەسایەتی‌یە سەرکردەیی‌یە پێشینەکان کە خزمەتیان لەیەکێتی قوتابیانی موسوڵماندا کردووە.
٣- کۆبوونەوەکان: کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ تیمی هەڵمەتەکە بەدوایدا سێ کۆبونەوەی لیژنەکانی ڕاسپێردراو بە لێکۆڵینەوەی چەند بابەتێکی دیاریکراو دێت.
٤- ڕاپۆرتەکان:
أ- ڕوونکردنەوەیەك کە بلاّوکراوەیەکی مانگانەیی یەکێتی‌یەکە بلاّوی دەکاتەوە بۆ بەدەست هێنانی ڕاوبۆچوونی جەماوەر.
ب- کۆنووسی دانیشتنەکانی لیژنەکانی سەربەتیمەکە.
ج- ڕاپۆرتێکی کۆتایی دەربارەی ئەوەی لیژنەکە پێیگەیشتووە.
٥- ئامۆژگاری و ڕاسپاردەکان

دامەزراندنی یەکێتی‌یەك لەئاستی کیشوەری ئەمەریکا کەئەم ڕێکخراوانە کۆبکاتەوە: یەکێتی قوتابیانی موسڵمان و یەکێتی ڕەوەندە ئیسلامی‌یەکان کە بەڵێن وایە دروست بکرێت و هەرسێ کۆمەڵە پیشەیی‌یەکە، کەبریتین لەکۆمەڵەی پزیشکانی موسوڵمان و کۆمەڵەی زانایان و ئەندازیارانی موسوڵمان و کۆمەڵەی زانایانی کۆمەڵناسی موسوڵمان.

## سێهەم: لیژنە کارگوزارییەکان یان (فەرمانبەردارەکان)

لیژنە کارگوزارییەکان زۆرترین شێوازی بلاوی سوودبینینن لەتواناکانی بەجێگەیاندنی بەکۆمەڵ. ئەو لیژنانە ئەرکی دیاریکراو بەجێدەگەیەنن، لەجێیەکی تری ئەم ڕێبەرەدا گفتوگۆمان لەسەر سرووشتی ئەو لیژنانە و پێکهاتە و بەڕێوەبردنیان کردو ئەمەی خوارەوەش هەندێك ڕێنمایی تایبەتە بەکاری ئەم لیژنانە لەڕوانگەی بەجێهێنانی بەکۆمەڵەوە:

ڕێنمایی دەکەین ئەم کارانەی خوارەوە بکرێن:

١- دیاریکردنی ئەرکی لیژنەکە بخرێتە ڕوو.

٢- دیاریکردنی ئەو ئەنجامەی کە لیژنەکە هەوڵ دەدات پێی بگات، و دیاریکردنی چاوچێوەی زەمەنی بۆی.

٣- دیاریکردنی شوێنی لیژنە لەپەیکەری ڕێکخراوەییدا.

هەروەها ڕێنمایی دەکەین بەخۆلادان لەمانە:

١- بەکارهێنانی لیژنە بۆ پاساوی هەڵس و کەوتی سەرکردەکان.

٢- بەزاندنی سنووری دەسەلاتی لیژنە لەلایەن سەرکردەکانەوە بەبڕیارگەلێك کە لەچوارچێوەی پسپۆریەکانی لیژنەدایە.

٣- کارەکانی لیژنە بخرێتە ژێر پێداچوونەوە لەلایەن لیژنەیەکی ترەوە، تەنها لەباری بوونی ئامانجێکی زانراو و دیاردا نەبێت بۆ ئەم جۆرە بەجێهێنانە.

## چوارەم: لیژنە تاك ئەندامییەکان

لیژنەی تاك ئەندامی هەروەك لەناوەکەیدا دەردەکەوێت لەیەك کەس پێك دێت، وەزۆرکات ئەبێتە شێوازی گونجاو بۆ بەجێگەیاندنی کار لەکاتێکدا کە پێکهێنانی لیژنەیەکی گەورەتر کارێکی ناکردەیی بێت، پێویستە ئەرکی ئەم جۆرە لیژنەیە دیاری بکرێت و بەرپرسێتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان لەسەر کارەکانیان لەئەستۆ بگرێت. هەروەها هەرکاتێك پێویست بوو لیژنەکە ڕاوێژ بکات لەگەڵ ئەوانەی خاوەنی شارەزایی و زانیارین ولێپرسراو بێت لەکارەکانی و بەجێهێنانی ئەنجامە خوازراوەکان.

## پێنجەم: ڕۆڵە تاکە کەسیەکان لەبەجێهێنانی بەکۆمەڵدا

زۆربەی کۆمەڵەکان لەتاکی پسپۆڕ و خاوەن تواناو گرنگی پێدانی جۆراوجۆر پێك دێت، وە ڕۆڵی هەر یەکێکیان دیاری دەکرێت یان بەپێی تایبەتمەندێتییە کەسییەکەی وە یاخود کارەکەی لەڕێکخراوەکەدا. هەروەها وشیاری لەم بارانەدا یارمەتی لەتێگەیشتنی چۆنێتی کارکردنی کۆمەڵەکە دەدات بەگشتی، لێرەشدا هەندێك لەو ڕۆڵانە دەخەینەڕوو:

| ڕۆڵی ئەرکە بەکۆمەڵیەکان | |
|---|---|
| دەست پێشخەر/ بەشدار بوو | هەڵدەستێت بەپێشکەشکردنی بیرو شێوازو ڕێو شوێن و ڕێگای جۆراوجۆر بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان یاخود دەست پێشخەری بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریتی‌یە زۆر گرانەکان، یاخود ئەوانەی کە زۆربەی کەس ڕازی نابێت لەئەستۆی بگرێت بە بیانوی جۆراوجۆر. |
| داواکاری زانیاری‌یەکان | داوای ڕوونکردنەوەی پێشنیارەکان دەکات و لەڕاستی‌یەکان و زانیاری‌یەکان دەپێچێتەوە کە یارمەتی کۆمەڵەکە دەدەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتە خراوەتەڕوو. |
| ڕاخواز | داوای ڕوونکردنەوەی بەهاوئەو ڕاوبۆچوونانە دەکات کە ئەندامانی کۆمەڵەکە دەری دەبڕن. |
| خاوەنی زانیارییەکان | ڕاستیەکان و نمونەو ئامارە پەیوەندی‌دارەکان بەکێشەکە پێشکەش دەکات. |
| خاوەنی ڕا | بیروڕاو بۆچوون دەربارەی ئەو بابەتانەی لەخالی گفتوگۆدان دەخاتەڕوو. |
| ڕاڤەکار | نمونەی واقعی پێشکەش دەکات لەئەزمونەکانی خۆی یان ئەزمونی کەسانی دی، یان نمونەی وێنەیی بۆ بەڵگە لەسەر سودی بیرۆکە یان پێشنیارێکی دیاریکراو لەحالەتی هەڵبژاردنی کۆمەڵەکەدا بۆ هێڵێکی پیادەکردنی دیاریکراو لەکارەکەدا. |
| ڕێکخەر | هەوڵ دەدات بۆ ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان بیروڕاو پێشنیارەکان کە کەسانی‌تر پێشکەشی دەکەن بۆ داڕشتنەوەی ڕێکخراوێکی تەواوی توندوتۆڵ. |
| ئاراستەکار | هەڵدەستێ بەکورت کردنەوەی ئەوەی تەواو بووە و ئەوەی جێبەجێ‌کراوەو جەخت دەکات لەسەر گفتوگۆکردن دەربارەی ئەوەی کەماوە لەبابەتی ڕاگەیانراوە کە لەبەر پاراستنی کات و کامڵ بوونە لەبیرۆکەکاندا. |
| ڕەخنەگری بنیاتنەر | هەوڵ دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی بەڵگەو ئەو ئەنجامانەی کۆمەڵەکە پێی دەگەن بەپاکێتی‌بەشێوەیەکی بابەتیانە لەگەڵ دەرك پێ‌کردن و ڕاست کردنەوەی ئەوەی دەوترێت بەشێوەیەکی هاندەرانە کەیارمەتی دەدات لە (هەڵقولانی بیرۆکەی زیاتر). |
| جولێنەر (بزوێنەر) | هەوڵ دەدات بۆ هاندانی کۆمەڵەکە بۆ کارکردن و زیندووکردنەوەی چالاکی تیایدا بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی مەزنتر بەهاندان بەکۆکردنەوە لەنێوان توندوتۆڵی و گالتەی ئامانجدارادا. |
| پسپۆڕی هەڵسوکەوتەکان | پاڵپشتی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەکات، بەرەو هێنانەدی ئامانجەکانیان بەبەجێهێنانی ئەرکی کرداریی بەدوای یەکدا هاتوو وەك بلاوکردنەوەی چاپکراوەکان یان ڕێکخستنی کورسی‌یەکان لەهۆڵدا یان دابین کردنی خواردن و ساردەمەنیەکان. |
| تۆمارکەر | هەڵدەستێ بەتۆمارکردنی پێشنیارەکان و بیرۆکەکان و بڕیارەکان بەڕێگایەك کە یاریدەدەربن بۆ ئەوەی بەباشی و بەخێرایی سوودی لێوەربگرێت. |

## ڕۆڵی بنیاتنانی کۆمەڵەو پاریزگاری کردنی

| | |
|---|---|
| **هاندەر** | تێدەگات و شت وەردەگرێ و ڕێزی کەسانیتر دەگرێت و سوپاسیان دەکات،دوعای خێریان بۆ دەکات. |
| **گونجێنەر** | هەوڵ دەدات بۆ نەهێشتنی خراپ لێك تێگەیشتن کە لەنێوان ئەندامەکاندا دروست دەبێت بەدوورخستنەوەی ئەوەی دێت بەمێشکی هەر یەکێکیان بەو پێیە گەواهیدەرە لەسەرقسەی کەسانیتر و هەڵوێستەکانیان. |
| **ناوبژیوان** | تێدەکۆشێت بۆ چارەسەری کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەری مام ناوەندی بۆ ئەو جیاوازیانەی لەنێوان ئەندامانداندا ڕوودەدات. |
| **دیاریکەری پێوەرەکان** | بەشداریدەکات لەدیاریکردنی ئاستەکانی کارو پێوەرەکانی و دیسپلینەکانی و ڕێساکانی بەڕێوەچونی. |
| **چاودێر** | بەرەو پێش چوونی کاری کۆمەڵەکە تۆماردەکات و تێبینیەکانی لەکاتێکی دواتردا بەکار دەهێنێ. |
| **پاسەوانی بزوێنەر** | پاڵ بەئەندامە بێدەنگەکانی تیپەکەوە دەنێت بۆ ئاخاوتن و جوڵە و بەشداریکردن لەچالاکیدا. |
| **شوێنکەوتوو (التابع)** | ڕازی دەبێت لەسەر پێشنیارەکانی ئەندامان، ڕۆڵی لەڕۆڵی گوێگرێك زیاتر نییە لەکاتی گفتوگۆ و بڕیار وەرگرتندا. |

## ڕۆڵە تاکی و خۆویستەکان

| | |
|---|---|
| **دەست درێژکەر** | هەوڵ دەدات بۆ تێك شکاندنی پلەوپایەی کەسانیتر لەئەندامان یان تۆڵەسەندنەوە لێیان، هەوڵ دەدات کە بانگەشە بۆ چالاکیو سەروەریخەڵکانیتر بەناوی خۆیەوە بکات. |
| **گێچەڵ باز** | سلبییە — بەگشتی — کەللەڕەقە دژی کەسانیتر بەبێ هۆکاری ڕوون. |
| **خۆدەرخەر** | تێدەکۆشێ تاوا لەخەڵکانیتر بکات دان بەئەمدا بنێن و بیان کاتە هۆکارێك بۆ پروپاگەندەی کارەکانی خۆی و پیایدا هەڵدەن. |
| **نەرجسی** | کۆمەڵەکە بەکاردەهێنێت وەك جەماوەرێکی گوێگر کە هەست و تێبینییە کەسیەکانی خۆی بۆ ئەوان دەخاتەڕوو. |
| **گۆشەگیر** | بەکەمی بەشداری دەکات لەکاری بەکۆمەڵدا، گرنگی پێدانی کەم دەبێتە هۆی ڕەش بینیو گوێ نەدان و خاوبونەوە، یاخود هەڵوێست گەلێك کە دلگەرمی بۆ چالاکیەکانی تیمەکە کەم دەکاتەوە. |
| **زاڵبوو** | هەوڵ دەدات بۆ سەپاندنی دەسەلاتی بەمانۆڕ و هەوڵی زاڵ بوون بەسەر هەموو کۆمەڵەکەدا دەدات، شێوازەکانی خۆهەڵواسین یان سەرکوت کردن بەکاردەهێنێت بۆ سەپاندنی خۆی لەکاتی گفتوگۆکردنەکاندا. |
| **سەربار** | سۆزی خەڵك دەبزوێنێ زۆربەی کات نیشانەکانی شڵەژان یان هەست بەکەمی کردن و بروابەخۆ نەبوونی پێوە دیارە. |
| **سوودخواز** | ئەو کەسەیە کە گوزارش لە بەرژەوەندیەکان و گرنگیەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەکات بەو شێوەیەی لەگەڵ بۆچوون و قەناعەتەکانی خۆیدا دەگونجێت بەڕادەیەك کەخزمەت بەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بکات. |

## شەشەم: پێکهێنەرە بنچینەییەکانی کاری تیم

کارەکانی تیم زادەی ڕێکەوت و بازدان نییە، بەڵکو پێویستی بەڕێکخستن و سەرپەرشتی هەیە لەلایەن سەرکردایەتی دانا و بەڕێوەبردنی کاریگەرەوە. لەڕابوردوودا باسی ژمارەیەك لەهۆکارەکانی پێکهێنانی تیممان کرد، لێرەدا جەخت لەسەر هەندێك ئامۆژگاری و ڕێنمایی کرداریی دەکەین کە یارمەتیمان دەدات بۆ بەجێهێنان لەڕێگای کارکردن بەشێوەی ڕۆژانەو لەڕێگای شێوازی کۆمەڵ کۆمەڵەوە. با یەکەم جار ئاشنابین بەکۆمەڵەکە خۆی.

### أ-ئێمە کێین و چیمان دەوێت؟

لەوانەیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سووك بێت ئەگەر بەشێوازی تاك بوایە، واتە: مـن کێم و چیم دەوێ؟ بەڵام بەشێوازی کۆیە وەك تەحەددایەکی ڕاستەقینە خۆی دەنوێنێت، وە لەتواناتدایە بیخەیتە بەردەم کۆمەڵەکە لەیەکێك لەدانیشتنەکاندا. تەنها ئەوەندە بەس نییە کەبڵێین ئێمە موسڵمانین، ئەمڕۆ لەجیهاندا زیاتر لەیەك ملیار موسڵمان هەیە. کەواتە پاساو چییە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نوێ، وەبەچی لەوانیتر جیادەکرێتەوە؟ بێگومان دەبێت کە هۆکاری بەجێ هەبێت.

بەڵام بەشی دووەم لەپرسیارەکە، کە بریتییە لە: چیمان دەوێت؟ زیاتر لەبەشی یەکەم ئاڵۆزترە، بەڕاستی شتێکی سەرسووڕهێنەرە، کە تێبینی چەندێتی تێکەڵاوکردنی ئامانجەکان و ناڕۆشنیان و فرەجیاوازی زۆر دەربارەی تێگەیشتنی ئەو ئامانجانە بکەین، هەروەها ئاستی ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوانماندا هەیە لەدیاریکردنی لەپێشترەکانمان و تێگەیشتنمان بۆ نەخشەی کارەکە. ئەمە پێوانەیەکمان دەداتێ بۆ ئاستی جیاوازی لەبیروبۆچوونماندا، گەورەترین هۆکاری چوونە دەرەوەی ئەندامان لەڕێکخراودا بریتییە لەجیاوازی بیروڕا و بۆچوونەکان.

بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ دەبێتەهۆی دۆزینەوەی ئامانجە هاوبەشەکان و یەك ئاراستەیی کەپێش دەکەوێت لەپێناوی کارکردندا بەڵام کێ سەرکردەیی ئەو کاروانە دەکات؟

### ب-کێ دەگاتە لوتکە؟

وەڵامەکانی ئەم پرسیارە دەگۆڕێت بەجیاوازی خەڵکان، هەندێك دەڵێن ئەو کەسەی دەگاتە لوتکە زیرەکترین یان بەهێزترین یان سەرکەوتووترین کەسە لەپەیوەندیکردن بەخەڵکی یان مانۆڕچیترین کەسیانە یان لەپارێزگارترین یان زاناترین بێت، وە بەم شێوەیە. لەڕاپرسییەکدا بۆ ژمارەیەك لەسەرکردە سەرکەوتووەکان دەرکەوت کەسیفەتی هاوبەشی بنەڕەتی لەنێوانیاندا بریتییە لەتوانای مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانیتر و باش گوێگرتن بۆیان. ئەمەش مانای ئەوەیە کەکەسی سەرکردە گیانی تیم خوازی هەیەو توانای گونجانی هەیە لەگەڵ ژێر دەستەو سەرۆك و هاوڕێکانیدا. ئەو کەسەشە بەرگەی جیاوازی دەگرێت و گوێ بۆ خەڵکیتر دەگرێت و هەوڵ دەدات تێیان بگات، هەروەها ئەو کەسەشە کەهەڵوێستەکانی ڕاست دەکاتەوە کاتێك بڕوای هێنا بەوەی کەپێویستی بەوەیە و پەلە دەکات لەدان نان بەهەڵەکانیدا. ئەوکەسە مرۆڤێکی ئاسۆ فراوانە وا مامەڵە لەگەڵ خەڵکاندا ناکات کەئەوانە چەند قاڵبێکی نەگۆڕن یان لەڕوانگەیەکی نمونەیی یان سادەوە سەیریان بکات، دانایی بزر بوەکەی ئەوەو دەیدۆزێتەوەو لەئامێزی دەگرێ و توند باوەشی پیادەکات، ئەگەرچی لەو کەسانەشەوە بێ کە لەگەڵیدا یەك ناگرنەوە.

کاتێك لەکارکردندا کەسێك لەگەڵ کەسێکی‌تردا دەگونجێت، ئەوا گیانی تیم وا لە ئەنجامەکــەی دەکـات کەببێتـە یـانزە نـەك دوو، وەك ئەوەی لەو شێوەیەی خوارەوەدا دیاریکراوە:

١ + ١ = ١١




لەمەش زیاتر سێ کەسی گونجاو و هارکاری یەکتر دەبنە: ١ + ١ + ١= ١١١




ئەمە جیاوازی بنەڕەتی‌یە لەنێوان گورزەیەك تیشکی بڵاوەبوو کە بەهەموولایەکدا تیشکی داوەتەوە و لەنێوان تیشکی لەیزەری یەکگرتەدا. تیشکی لەیزەر لەوە زیاتر نی‌یە کە تیشکێکی ڕووناکی یەکگرتەیە بەچەند لەرینەوەو دۆخێکی نمونەیی‌دا تێپەڕدەبێت بـۆ پێکهێنانی برێکی زۆر و زەبەندە لەووزە، ئەم تیشکە دەتوانێ ئاسن و دیواری کۆنکریتیش بڕێ.

گەیشتن بەلووتکە تەنها بەهەوڵی مرۆڤی تاك نایەتەدی بەڵکو ڕاوێژکردن لەگـەڵ کەسـانی‌تر و متمانـەکردن پێیـان و کـارلێك کردنی ئیجابیانە لەگەڵیاندا بریتی‌یە لەپێداویستی‌یە بنچینەییەکانی بزواندنی کۆمەڵەکەو سەرکردایەتی کردنی، ئاستی کـامڵ بوونـی سەرکردە یان لێهاتوویی هەرچەندێك بێت ئەوا پێویستی بە یارمەتی‌دانی کەسانی‌تر دەبێت بۆ پێشکەشکردنی زۆرتریـن بەخشـین کـە هەیەتی.

## ح-نەخۆشی زیادبوونی بارگرانی

دیاردەی (زیادبوونی بارگرانی) بۆتە دەردێکی هەمیشەیی لەڕێکخراوەکانماندا، هەر بۆیە دەبینیـن کەسـی بـەرپرس تـاك ڕەوی کردووە لەگشت چالاکی‌یەکاندا یان ئەوانــەی لــەدەورین تەمــەڵن و نـاتوانن کاربکـەن. لـەو سـاتانەی نیشـانەکانی ئـەو نەخۆشـی‌یە دەردەکەوێت پێویستە لەسەر کۆمەڵەکە کەڕابوەستن و چـاو بخشـێننەوە و بـەباری خۆیـانداو تێبکۆشـن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی سەرکەشی بارگرانی کەرێك و پێکترین و چالاکترین کەس دەکات بەخاوەنی کەمترین توانای بەخشین و پوختەکاری.

چارەسەری ئەم دیاردەیەش بەزیادکردنی ژمارەی کارمەندان تەواو نابێت بەڵکو بەچوار هۆکار تەواو دەبێت: بەدابــەش کردنـی کارەکان بەشێوەیەکی باشتر، ئامادەکردنی ریزی دووەم لەسەرکردەکان بۆ هەڵگرتنی کارەکـان و نەخشەکێشـانی بـاش و دیـاریکردنی لەپێشترەکان. هەروەها پێویستە بارەکە سووك بکرێت لەسەر ڕەگەزە سەرکردەییەکان و مۆڵەتی سـاڵانەیان پـێبدرێت بـۆ حەوانـەوەو

بۆ نوێکردنەوەی چالاکییان، ئەگەرنا زەینیان دەبەستێ و تووشی دەردو نەخۆشی دێن و تواناکانیان دادەرمێت. ئەگەرهاتوو رەگەزە سەرکردەییەکان تواناو چالاکی‌یەکانیان لەدەستدا دەبێتە مایەی نالەباری و پوکانەوە بۆ بزووتنەوەکە هەمووی (ربنا ولاتُحمّلنا ما لاطاقة لنا به!) واتە: خوایە کۆڵێك نەدەی بە شانماندا کە توانای هەڵگرتنیمان نەبێت.

چۆن زیادبوونی بارگرانی کار دەردەکەوێت؟ کاتێك ئەوە روون دەبێتەوە کە کەسی بەرپرس هەست بە رەهەندە راستەقینەکان نەکات بۆ هەندێك لە لایەنە سەرەکی‌یەکانی ئەو پرۆژانەی کە لەژێر بەرپرسیاریی ئەودان، ئیتر توانای زاڵ بوون و توندوتۆڵی لەدەست دەدات لەکارەکاندا. لەوکاتەی چاوەروانی بەدواداچوونی هەموو ووردو درشتێکی رۆژانە لەکەسی سەرکردە ناکرێت، ئەوا لەسەریەتی بەبایەخ بێ و زاڵ بێت بەسەر هەموو لایەنە سەرەکی‌یەکانی کاردا ئەگەرنا ئەو هەڵگری بارگرانی‌یەکی زیاد لەتوانای خۆیەتی، لەسەریەتی کە بەرپرسیاریەتیەکانی کەم بکاتەوە یان داوای یارمەتی لە کەسێکی‌تر بکات.

دەبینین کە سەرکردەو کۆمەڵەکە رۆچوون لەکارکردندا بەپلەیەك کە نەتوانن جیاوازی لەنێوان هەڵەو راستدا بکەن، ئەمەش پێویستی بەوریابوونەوەو ئاگادار کردن هەیە.

### د- گەڕان بەدوای راستی‌دا بەبەردەوامی

هەندێك جار لەکارکردندا کۆمەڵێك هەڵوێست بەرەو روو دەبنەوە کەوا کۆمەڵەکە ناچار دەکەن بۆ وەرگرتنی بڕیاری سلبی بەرامبەر کەسێك یان لایەنێکی دیاریکراو کە لەوانەیە ئەندام بێت یان نا. لێرەدا دەبێت ئەم رێسا قورئانی‌یە پیرۆزەمان لەیاد بێت:

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ (المائدة)

لەبەر ئەوە، لەسەرتە هەمیشە بەشوێن دادپەروەری و پاکێتی‌دا بگەرێیت لەبڕیاردان لەسەر کەسانی‌تر.

لەو مومارەسە بەسوودانەئەوەیە مرۆڤ وابزانێ خۆی لەشوێنی کەسێکی تردایە، پێش ئەوەی حوکمی بەسەردا بدات. رێگا مەدە کەسۆزەکان ئارەزووی پابەندبوونت بەتیمەکەوە زاڵ بێت بەسەرتدا و پاڵت پێوە بنێت بۆ پەلەکردن لەبڕیارداندا لەبەرئەوەی لەدوایدا لێی پەشیمان دەبیتەوە. لەوانەیە رۆژێك بێت خوای گەورەش هەمان هەڵوێست دووچاری تۆبکاتەوە، ئەو کاتەش هەمان ئەو ستەمە ئەمرۆ دەیکەی رووبەڕوت دەبێتەوە، چۆن قەرزت کرد ئاواش دەیدەیتەوە. لەسەرتە کەشوێنکەوتەی هەڵسوکەوت و خورەوشتی ئیسلامی بیت بەوپەڕی ووردی‌یەوە لەم جۆرە هەڵوێستانەداو هەرگیز لێی لانەدەیت، ئینجا دەبینیت کەخوا هەمیشە لەگەڵتدایە لەبەرئەوەی کە ئارامگر بوویت و بەشوێن حەقدا گەڕاویت هەرچەندە لەسەرخۆشت بکەوێ.

ئەو شێوازەت نەبینیوە کە زۆردارەکان یان دەستیرەکان یان تاوانباران یان دزو چەتەکان دەیگرنەبەر بۆرزگاربوون لەبرادەرەکانیان یەك لەدوای یەك تا کۆمەڵەکەیان لەرەگ و ریشەوە دێتە دەر؟ وەزۆربەی کات ئەو کارە زۆرداریيانەی کە کۆمەڵێك دەیگرنەبەر دژی ئەوانەی لەدەرەوەیاندا بەهەمان شێوەش جێبەجێی دەکەن لەسەر ئەو کەسانەی کەلەناو کۆمەڵەکەدا هەن. لەبەرئەوە دەبێت خۆمان لابدەین لەدووفاقی لەپێوانەکاری‌دا، لەبەرئەوەی رەنگە رۆژێك لەرۆژان دژی خۆشت بەکار بهێنرێت، هەوڵ بدە خۆت وا دابنێیت کە لەریزی لایەنەکەی تریت ئانرخی بۆچوونەکانی‌و هەڵوێستەکانی هەڵبسەنگێنیت و تێبگەیت وەك ئەوەی کەهەیە پێش ئەوەی هەڵوێستەکانی لەگەڵدا یان دژی وەربگریت. دووفاقی لەبڕیارداندا تەنها پەیوەندی بەراست و هەڵەوە نی‌یە بەڵکو ستەمە، ستەمیش دەبێتە تاریکیی لەرۆژی دوایی‌دا.

لەسەر کۆمەڵەکەیە کاتێ لەکارەکانی‌دا پێش دەکەوێت و لەخۆی دڵنیایە هەروەها لەسەرکردایەتی‌یەکەی، و بەشوێن ڕاست و دروستی کاردا دەگەڕێ، کەناوڕبداتەوە لەووردو درشتی کارە بچووکەکان و بەبایەخێکی نمونەیی و نەخشەکێشانێکی دروستەوە.

**٥- بەرپرسیارێتی هەموان: کەس بەرپرسیار نی‌یە!**

لەکاتێکدا ڕوودەدات کە بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی کارێك بدرێتە هەموان بەبێ تایبەت کردن، وەك ئەوەی لەکۆبوونەوەکاندا باوە کەبەرپرسیارێتی نادرێت بەکەسانی دیاریکراو ئیتر کارەکە بەبێ دەستکەوت کۆتایی دێت، چونکە هەرکەس پێی وایە کە ئەوی‌تر بەرپرسە. ئەو چیرۆکەت بێتە یاد کەپادشا حەزی لەخواردنی هەنگوینی باش دەکرد ویستی خۆشەویستی خەڵك بۆخۆی تاقی‌بکاتەوە.

بەم شێوەیە ئەو چیرۆکە فێرمان دەکات کە بەرپرسیارێتی کارێکی تایبەتە بەهەموو تاکێك، نابێت کەس خۆی لێ ببوێرێ بەوهیوایەی کە یەکێکی تر لە ئەستۆی بگرێت. پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە لەم ووتەیەدا: ((كُلُّكُم راعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ))[1]

---

[1] صحيح البخاري وصحيح المسلم وسنن الترمذي وسنن أبي داود.

**هەڵوێستی کرداری**

**دەستکەوتنی باشترین ئەو بەخشینانەی لای خەڵك هەیە**

یەکێك لەو کۆسپە بنەڕەتیانەی لەسەر ڕێی کاری بەکۆمەڵماندایە، ئەو هەستە بلاوەیە کە ناتوانین لەگەڵ کەسێکدا کاربکەین کە لەگەڵماندا تەواو کۆك نییە. بەو پێیەی ئەم جۆرە ڕێکەوتنە لەواقعی کارکردندا بەدی نایەت، ئێمە کەمێك لەکۆمەڵەکان دەبینین گونجاو و هاوبیربن، بەڵکو زۆرکات کەسێك دەبینی باڵی کێشاوە و ڕێگای بیرکردنەوەو شێوازی کارکردنەکەی خۆی دەسەپێنێ. بەم شێوەیە دامەزراوەکانمان بوونەتە قوربانی شێوازی بەڕێوەبردنی تاکەکەسی، بێگومان ناکرێت هیچ نەتەوەیەك بەو شێوە بیرکردنەوەیە پێش بکەوێت، کە سوود لەووزەی تاکێك یان کۆمەڵە تاکێك وەربگرێت و ووزەی زۆرینەی ئەندامەکانی پشت گوێ بخات.

لەسەرمانە کە ئاگاداری جیاوازییەکانی مرۆڤ بین، لەوانەیە ڕێژەی گونجان لە نێوانماندا بگاتە ٩٠٪ ئەوەش ئەو بڕەیە کە لەسەرمان پێویستە بیقۆزینەوە وەك بناغەیەك بۆ هاوکاری و بەشداریکردن. بەلام ڕاستی ئەوەیە کە ئێمە لەڕێژەی ئەو ١٠٪یەی کە ناکۆکی دەگەیەنێ دەکەینە ڕێسا بۆ لێك ترازاندنمان و نایەکگرتوویمان.

هەوەها تەواوێتی (کمال) لە سیفاتی مرۆڤ نییە، هەریەکێکمان لایەنی بەهێز و لایەنی لاوازمان هەیە. لەبەرئەوە ئەنجامی هاوکێشەی جولاندن کەزاڵە بەسەر کاری تیمدا لەئاکامی دەستکەوتی هێزی تاکەکانەوەیە، ئەوەش هێزێکی مەزن و کاریگەرە کاتێك بەیەك ئاراستە یەك بگرێت.

لەبەرئەوە پێویستە لەبیرمان بێت کەئەبووەو نابێت بانگەواز کارێك یان سەرکردەیەکی چاك بدۆزینەوە بێ کەم وکوڕی بێت، ئەگەر ئەمەرووی‌دا و بڕیارمان دا لەسەر کەسێك کە ئەوە هەموو تایبەتمەندێتییە باشەکانی تێدایە، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئێمە هێشتا ئاشنا نەبووین بەلایەنە خراپییەکانی کەسایەتیەکەی، وە لەداهاتوودا بۆمان دەردەکەوێت.

لەسەرمانە کە تێڕوانینەکانمان ڕاست بکەینەوە جەخت بکەین لەسەر خاڵە بەهێزەکانی براکانمان سوود وەربگرێن لەبوارەکانی زۆر گونجاندن و شان بەشانی یەکتری و کاربکەین لەپێناوی تەواوکردن لەگەڵیان و کەم کردنەوەی لایەنە لاوازەکانیان، ئەمەش مەرجێکە لەمەرجەکانی بەدیهێنانی گیانی تیم و بەکۆمەڵ کارکردن.

**لەبیرت بێ:**

**ئەگەر دووکەس لەهەموو شتێکدا وەك یەك وابن کەواتە یەکێکیان زیادەیە.**

## بەرەو ڕووبونەوەی قورس لەسەدەی پانزەی کۆچیدا

**لەمەترسیدارترین ئەو شتانەی کەنەتەوە لەماوەی سەدەی چواردەی کۆچیدا پێوەی ناڵاندوویەتی بریتی بوون لەنەبوونی گیانی تیم خوازی!**

گیانی تیم خوازی زۆر زیاتر لەوەی پێویستە کە تەنها زانیاری و ڕاستگۆیی‌و لێبڕان و قوربـانی‌دان بێـت، بـەڵکو ئـەو گیانە بەوە گەشەدەکات کەبڕێکی زۆر لەیەك حاڵی بوون و ڕێز بۆدانان و دانایی تیادا پـەیڕەو بکرێـت. وەگیـانی تیـم خـوازی بەڕاستی کاریگەر دەبێت لەنێوان ئەوانەی توانای خۆبەخت کردن و تێپەڕاندنی ناکۆکیە تاکیەکانیان هەیـە، هـەروەها ڕاهـاتن لەگەڵ کەسانی‌تردا بۆ کارکردن بەگونجاوی. ڕۆژێك کەموسڵمانەکان فێری کارکردن دەبن بـەگیانی تیـم خـوازی، ئـەوە دەبێتـە مژدەی زیندووکردنەوەی ژیارێکی ئیسلامیی هاوچەرخ، شەپۆلی شارستانی ئیسـلامی جـارێکی‌تر ڕێگـری لەبـەردەم دروسـت نابێتەوە، بەزەیی و پیرۆزی خوای گەورەش بەسەر ئـەو کەسـانەدا دەبـارێت کـە بـەگیانی برایـەتی و گیـانی تیـم خوازیـەوە کاردەکەن، دەستی خواش لەگەڵ کۆمەڵدایە.



**پرسیار:** ئەو بابەتە چی‌یە کەلـەم وێنەیـەدا بەرجەسـتە دەبێت لـەلات؟ وەڵام بـدەرەوە بەمـەرجێك لـەدوانزە ووشـە زیـاتر نەبێت.

## گفتوگۆ

١- کێ لەتیمدا بڕیارەکان وەردەگرێت؟ وە بۆچی؟
٢- ئەو سیفەتانە چین کە یارمەتی ئەندامی تیمێك دەدات کە کاریگەر بێت؟
٣- جیاوازی چی‌یە لەنێوان تیم و هەڵمەتی کارکردن و لیژنە؟
٤- چ کاتێك لیژنەی تاکەکەسی گونجاو دەبێت لەچوارچێوەی کاری بەکۆمەڵدا؟

## جێبەجێکردن

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە بۆماوەیەکی کاتی ئەندامانی کۆمەڵەکەت ڕازی نەبوون بەخزمەتگوزاری‌یەکان کە کۆمەڵەکە پێشکەشی دەکرد لە قسەکاران و چاپکراو و ئەدەبیات و ڕاگەیەنراوەکان و شتی‌تر. وە تۆش سووریت لەسەر دۆزینەوەی هۆکارەکان و ئەو شتانەی کە لەتوانادایە پێی هەڵبستێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەندامەکان و متمانەیان. بڕیارت دا کە کۆمەڵێك پێکبهێنیت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەو هیچ ڕێگریەکیش نی‌یە لەلایەنی یاسایی‌یەوە.

١- هەستە بەدیاری کردنی جۆری ئەو کۆمەڵەیەی کەدەکرێت پێکبهێنرێت بۆ بەدیهێنانی باشترین ئەنجام.

٢- ووتارێکی دیاریکراو ئامادەبکە وەك نمونەیەك کە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن تێی‌دا بێت بۆ بەدیهێنانی ئەنجامە بەکۆمەڵی‌یە کاریگەرەکان.

٣- لیستێك ئامادەبکە بەئەندامان و نائەندامان لەوانەی خاوەنی توانایەکن توانایەکی گونجاون بۆ بەشداری کردن لە و کۆمەڵەیەی کە هەڵدەستێت بەدروست کردنی یان پێکهێنانی.

# دەروازەی سێیەم

## پتەوکردنی کارامەییەکان و خۆپەرەپێدان

دەبێت سەرکردەو کارمەندان کۆمـەڵێك کارامـەیی بەدەست بـهێنن تـابتوانن ئامـانجی کارەکانیـان بەدیبهێنن. هەندێك کارامەیی هەیە تاکەکەسییە لەسروشتی خۆیدا وەك ووتاردان و نووسین و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و بـاش گوێگرتـن و توانـای ڕێکخسـتنی کـات. وە کارامـەیش هەیـە بەکۆمـەڵ دەکرێت وەك پێکهێنانی لیژنەکان ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان و بـەڕێوەبردنی، و بـەکارهێنانی هۆکارەکـانی ڕوونکردنـەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن،و دامەزراندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەی ناوخۆیی.

بەڵام بەتەنها ئەم کارامەییانە بەس نییە بۆ جیاکردنەوەی بانگخوازی باش لەکەسانیتر، وە هەمیشە لەسەر مرۆڤ پێویستە بەبەردەوامی بگەڕێت بەشوێن کارامەیی تردا تا یارمـەتی بـدات لـە بەجێگـەیاندنی کارەکانیدا.

لەبەرئەوە کۆتایی ئەم بەشە باس لەلایەنی زیاتر دەکات بۆ پێشخستنی خۆ، ئـەوەش بەبیرهێنانـەوەی کارمەندەکان بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی موسوڵمان، لـەڕێگای کۆمـەڵێك ڕێنمـایی زانسـتییەوە. وەلەتوانای مەشق کاری خەمخۆردایـە کەسـوود وەربگرێـت لـەو بەشـە بـۆ باشـکردنی شـێوازی کـارکردنی و پێشخستنی خۆی.

# دەروازەی سێیەم

## پتەوکردنی کارامەییەکان و خۆپەرە پێدان


| | |
|---|---|
| بەشی ١٢ وتاربێژی - یان ووتاردان | ١٥١ |
| بەشی ١٣ بەرەو نووسینێکی باشتر | ١٦٩ |
| بەشی ١٤ ئامۆژگاری - یان ڕێنمایی | ١٧٥ |
| بەشی ١٥ پەیوەندیکردن | ١٨٣ |
| بەشی ١٦ ڕێکخستنی کات | ١٩٣ |
| بەشی ١٧ ئەدەبی گوێگرتن | ٢٠٣ |
| بەشی ١٨ پێکهێنانی لیژنە | ٢٠٩ |
| بەشی ١٩ سەرۆکایەتی کردنی لیژنە | ٢١٥ |
| بەشی ٢٠ ڕێکخستنی کۆبوونەوە | ٢٢١ |
| بەشی ٢١ سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوە | ٢٣٣ |
| بەشی ٢٢ بەکارهێنانی هۆکارەکانی بیستن و بینین | ٢٤٧ |
| بەشی ٢٣ ئاخاوتن بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن | ٢٥٥ |
| بەشی ٢٤ دامەزراندنی کۆمەڵە یان ڕێکخراوی ناوخۆیی | ٢٥٩ |
| بەشی ٢٥ ئاراستەکان بەرەو بەدیهێنانی گەشەکردن و خۆ پێشخستن | ٢٦٩ |

بەشی

١٢

# ووتـــاردان

**یەکەم: ئامادەکردنی بابەتەکەو خۆ ئامادەکردن بۆ ووتاردان**

ا- شێوازی بەپلەکردن

ب- زیادکردنی کاریگەرێتی

**دووەم: شێوازەکانی دەربشین - لایەنە گرنگەکانی**

ا - مومارەسە

ب- جوڵەکانی لەش و دەنگ و پەیوەندییەکانی بینین

ج- وەستان لەئاخاوتن.

د- کەسایەتی ووتە بێژەکە.

**سێیەم: ماوەی پرسیارو وەڵام : هەل و دژایەتی**

**چوارەم: چەند نمونەیەك بۆ ووتاردانی کاریگەر**

**پێنجەم: دیسپلینەکانی ووتاردانی باش**

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

پاش تەواوکردنی ئەم بەشە دەتوانیت:

- ڕەگەزەکانی ووتاری باش دیاری بکەیت.
- شارەزابیت لەچۆنێتی چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکان لەقسەکردنتدا.
- ووتارێکی کاریگەر بدەیت.
- ڕەخنەت لەسەر وتاری کەسانی‌تر هەبێت و هەڵی بسەنگێنێت.

ئاخاوتن بۆ خەڵکی دۆست بن یاخود دوژمن یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی سەرکردایەتی. ئامانجی قسەکردن بۆ کۆمەڵەکان لەگەیاندنی زانیارییەوە بۆ هەوڵی گۆڕینی ڕاوبۆچوون بۆ بەرزکردنەوەی وورەیان و هاندانیان بۆ کارکردن لێك جیان. لێرەدا بنەمای بنچینەیی هەیە بۆ ئامادەکردنی ووتارێك یان ووتەیەك لەبەردەم کۆمەڵێك خەڵکدا، کە بۆ بارو هەڵوێستی جۆراوجۆر دەست دەدەن، ئەمەیش گفتوگۆی لەسەر دەکەین لەمەی خوارەوەدا:

## یەکەم: ئامادەکردنی بابەت و خۆئامادەکردن بۆ ووتاردان

### أ- شێوازی پلەبەندی

#### ١- لەبەرچاوگیریی سەرەتایی

**(أ) گوێگرەکانت بناسە**

یەکەمین هەنگاو لەنەخشەکێشان بۆ ووتاردان ناسینی گوێگرەکانە. بۆ نمونە پێویستە کە سروشتی ئەو کۆمەڵە لەبەرچاو بگریت کە ووتاریان بۆ دەدەیت هەروەها ئەو کێشانەی کە بەلایانەوە گرنگەو ئەو کەسانەش لەپێش تۆوە ووتاری بۆ داون، وهەڵوێستی گوێگران بەرانبەر بابەتی باسەکە چیە. هەروەها ئاشنا بوون پێویستە بەهەر ڕەگەزێکی گێرە شێوێن، کەلەناو ئامادەبواندا هەبێ هەروەها ڕەگەزە (دۆستەکان) یاخود هاوسۆزەکانی ڕاوبۆچوونی بێژەر.

بۆ بەدیهێنانی کەشێك لە خۆشەویستی و بەیەك گەیشتنی بەردەوام لەگەڵ جەماوەری گوێگران، لەسەر بێژەرە کەزوو بگاتە شوێنی کۆبوونەوەکە و لەنێوان ئەو کەسانەشدا بێت کە لەدوای هەمووان شوێنەکە جێ دەهێڵن. ئەمە وادەکات لەقسەکەر کە ئاشنابێت بەهەندێك لە ئامادەبووان و دۆزینەوەی کەسە هاوپەیمانەکان لەنێوانیاندا. هەروەها بواریش دەڕەخسێنێت بۆ قسەکردن لەگەڵ نەیارەکان و پێیان ئاشنا دەبێت ئەگەر پێویستی کرد ناویان بێنێت و ئاماژەیان بۆ بکات لەکاتی قسەکردندا هەروەها بۆ ڕاوبۆچوونەکانیان وەك دەربڕینی ڕێز بۆیان. دەکرێت سوود لەوە وەربگیرێت بۆ بەهێزکردنی هەندێك لەو خاڵانەی کە لەووتار یاخود قسەکاندا باس دەکرێت.

**(ب) ڕاستی‌یەتی خۆت بسەلمێنە**

جەماوەری گوێگر بەدەنگ قسەکەرەوە دەچێت ئەگەرهاتوو متمانەی پێی هەبوو. بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەم ڕاستیە دەبێت بوێژ بەتەواوی ئاگای لەو بابەتە بێت کە باسی دەکات، و گوێگرانی بڕوای پێ‌بکەن لەو بیروڕایانەی دەیخاتەڕوو، وە هەڵسوکەوتی بەشێوەیەك بێت کە خۆشەویستی‌و پێشوازی جەماوەری بۆ مسۆگەر بکات.

ئەو دەمەی کاتی ئەوە هات کە پێغەمبەر (ﷺ) بانگەواز و پەیامی خودا بۆ خەڵکی مەککە بخاتەڕوو لەسەر کێوی (الصفا) وەستاو بانگی کردن کۆببنەوە تا ووتاریان بۆ بدات و فەرمووی: ( یامعشر قريش، لو أخبرتكم أنَّ جيشاً يوشكُ أنْ يظهرَ عليكم من وراء هذا الجبل فهل كنتم مصدِّقي؟) ووتیان: (بەڵێ) لەبەرئەوەی ئەوان بەدرێژایی چل ساڵ هیچ درۆیەکیان لێ نەبیستبوو. پاش ئەوەی ڕاستگۆیەتی خۆی بۆ سەلماندن پێی گوتن: (فإني نذيرٌ لكُمْ بَينَ يَدَيْ عَذابِ يَومٍ شَديدٍ)[1]

(تێبینی): شەرحی فەرموودەکە ئەمەیە: (ئەی هۆزی قورەیش، ئەگەر هەواڵتان بدەمێ کەسوپایەك لەپشتی ئەو چیایەوەیەو دەیەوێت بێتە سەرتان ئایا بڕوام پێ‌دەکەن؟...( وا من دەتان ترسێنم لەسزای ڕۆژێکی توندو تیژ واتە سزای دۆزەخ لەدوا ڕۆژدا).

#### ٢- ئامادەکردنی ووتار

لەخوارەوە نمونەیەکی گشتی بۆ ووتاردان پێشکەش دەکەین، لەوانەشە لەهەموو بارێکدا گونجاو نەبێت، چونکە ئەشێت بۆنەیەکی تایبەت یاخود بابەتێکی دیاریکراو نمونەیەکی جیاواز بسەپێنی، بەڵام پێویستە ئامانج هەمیشە بریتی بێت لەئامادەکردنی ووتارێکی تەواو کەبیروڕاکانی ووتەبێژ بەڕوونی بگوێزێتەوە لەگەڵ گرنگی‌دان بە سەرنج ڕاکێشانی گوێگران و باش گوێگرتنیان و ووردبوونەوەیان.

---

[1] صحيح البخاري

**( أ ) بابەتەکە دیاریبکە**

بـابەتی گونجاو بۆ ووتارەکەت هەڵبژێرەو ناونیشانو ڕەگەزەکانی بەوردی دیاری بکەو نەخشەیەکی گشـتگیری بـۆ دابنـێ، ئـەو پاساوانە ئامادەبکە بڕوات وا لێدەکات کەئەو کێشەیە گرنگـە بـۆ گوێگـران وە پێویسـتە بخرێنـە بـەردەم ڕای گشـتی، لەگـەڵ ڕوون کردنەوەی مەرامەکانی ووتارەکە.

**( ب ) بابەتەکە شیبکەرەوە**

پێشینەی مێژوویی باسی بکە لەگەڵ وانەکانی ڕابووردوو باتەکە لەچوارچێوەیەکی کرداریی و واقعیدا دابنێ. لەسەرکەوتوترین ڕێگاکان ڕێکخستنی ماددەکەیە بەپێی بابەتەکان نەك لەسەر بناغەیەکی زەمەنی یان مێژوویی، هـەروەها گرنـگ ئەوەیـە جـەماوەر بەڕوونی تێبگات ئەم مەسەلەیە بۆچی بوەتە شتێکی گرنگ بەتایبەتی لەم کاتەدا.

**( ج ) خستنەڕووی نمونەکان**

نمونەی دیاریکراو بهێنەرەوە ئەگەرهەبوو، لەڕابردووی ئیسلامی و نائیسـلامیدا، یـان چـیرۆکی وێنـەیی یـان مەتـەڵێك یـان دروشمێك، گفتوگۆبکە لەسەر ئەو چارەسەرانەی خراونەتەڕوو بۆ ڕووداوە مێژوویییە هاوشێوەکان و هەروەها ئەوەی کە چارەسـەریەکان لەسەرکەوتن و شکست بەدەستیان هێناوە. بەڵام ئەگەر مەسەلەکە بەتەواوەتی نوێ بوو، ئەوا گفتوگۆکە لەسەر ئەو ڕووکارە لێکچـوو جیاوازانە بکە کە لەنێوان ئێستاو چەند حاڵەتی ڕابردووی تردا هەیە.

**( د ) گرفتەکە دەستنیشان بکەو پێشنیاری چارەسەریش بکە**

بەشێوەیەکی داهێنەرانە دەست بەدیاریکردنی کێشەکە بکەو ئەو ئایەتە قورئانیانە بهێنەرەوە کە پاڵپشتن بۆ گـەڕان بـەدوای چارەسەردا، ئینجا بچۆرە سـەر ئاکـارو فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) بـۆ زیـاتر ڕوون کردنـەوە. هەسـتە بەپشـکنینی توانـای جێبەجێکردنی بنەما قورئانییەکان لەواقعی ئەمڕۆی موسوڵماناندا، ئەو ئیجتیهادانەشت بیرنەچێ کـە لـە ڕاقـەکردنی کێشـەیەکەدا خراونەتەڕوو وەك هەوڵێك بۆ گەیشتن بەچارەسەر، وە پێشنیار پێشکەش بکە بـۆ چارەسـەرکردنی نـوێ لـەچوارچێوەی مەبەسـتەکانی شەریعەتی پیرۆز کاتێك کە دەقی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە کێشەیەك نییە کەجێی لێکۆڵینەوە بێت.

**( ه ) کۆتایی**

لێرەدا دوو لق هەیە بۆ کۆتایی یەکێکیان زانستی مەنهەجییە، دووەم پەروەردەیی، یەکەمیان ئەمانە دەگرێتەوە:

- کورت کردنەوەی بناغەکانی بابەتەکە لەچەند خاڵی دیاریکراودا کە لەپێنج تێپەڕناکات تا وەرگرتنـی و وەبیرهێنانـەوەی ئاسـان بکات.
- گرنگترین ئەنجامە زانستی و کردارییەکان کەبوونەتە سەرچاوە بۆ ووتارەکە.
- کردنەوەی ئاسۆی جددییانە بۆ لێکۆڵینەوە و تێڕامان.
- بەڵام دووەمی، پەروەردەیی ئەوەیە کە کۆتایی بەقسەکان بێنێت بەسێ خاڵ:
- نەوازش کەتاجی داناییە و دان نانە بەکەم و کوڕی زانیارییەکانی مرۆڤدا چەندە فراوانیش بێت.
- گەش بینی و جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کەخوای گەورە و میـهرەبان بـۆ هەرشـتێك هۆکـارێکی دانـاوەو وە بـۆ هـەر دەردێکیش دەرمان، نەتەوەش دەتوانێت ئەو هۆکارو دەرمانانە بدۆزرێتەوەو کۆمەڵگایەکی باشتر بنیات بنێت.
- پێشکەش کردنی سوپاس و سڵاو بۆ ڕێکخەران و گوێگران لە هەمان کاتدا.

لەبیرت بێت کەگفتوگۆی سەرکەوتوو ئەوەیە بەسەرەتایەکی باش دەست پێبکات و بابەتەکان لەچوارچێوەیەکی ڕاستدا دابنێت و یارمەتی گوێگر بدات لەتێگەیشتن و وەرگرتندا، پاشان باس لەخاڵە سەرەکی‌یەکانی بابەتەکە بەوردی بکات، لەگەڵ خستنەڕووی هەڵهێنجراوەکان و ئەنجامەکان کە لەکورتەیەکی کۆتایی وتارەکەدا دوایی پێ‌دێت، پابەندبوون بەکاتەوە گرنگە، پێویستە سووربین لەسەر خوێندنەوەی هەموو ووتارەکە لەگەڵ کورت کردنەوەدا ئەگەرهاتوو پێویستی کرد.

## ب- زیادبوونی کاریگەری

### ١- بەیەك گەیاندن

پێش ووتاردان، پێویستە بڕیار بدەین چۆن لەبیرۆکەیەکەوە دەچینە بیرۆکەیەکی‌تر. بەڵام لەکاتی گفتوگۆکردندا، پێویستە ئاگاداربین لەگرێدان و بەدواداچوون و گونجاندن لەکاتی گواستنەوە لەبیرۆکەیەکەوە بۆ بیرۆکەیەکی‌تر کەوا بەدوایدا دێت ئەوەش بۆ پارێزگاری کردن لەسەر بەردەوامی و ڕیزبەندی لەسەرەتای قسەکردنەکە وە تاکۆتاییەکەی. ئەم کردارە کردارێکی هونەری نییە بەتەنها، لەوانەیە ئەوەی کە دەیڵێین و دەیخەینەڕوو گونجاوبێت و لۆژیکانە بێت بەڵام لای گوێگر بەو ڕێژەیە ڕوون نەبێت. لەتوانای گوێگردایە بابەتێك وەربگرێت ئەگەرهاتوو بینی گونجاندنێکی ڕون لەبیروبۆچوون و زانیارییەکاندا هەیە، ئەم کارەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەشی کردنەوە و درێژەپێدان شتێکی پێویست بێت.

لێرەدا دوو شێواز هەیە لەگواستنەوە لەبیرۆکەیەکەوە بۆ یەکێکی‌تر، ئەوانیش بریتین لە: گواستنەوەی ڕەوانبێژی، ئەوەش بەبەکارهێنانی ڕستە یان دەستەواژە کەبیرۆکەکان پێکەوە گرێ بدات، یاخود گواستنەوەی دەنگی کەلەرێگای گۆڕینی ژێکانی دەنگ و نزم کردنەوەو بەرزبوونەوەی دەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی جۆری یەکەم ئەم نمونەیەی خوارەوە دێنینەوە:

(ئەوە دەمانبات بۆ هەڵهێنجانی ئەوەی کەبرسێتی کێشەیەکی بنەڕەتی‌یە لەلای زۆرینەی دانیشتوانی جیهان).

(بەڵام برسێتی بەتەنها لەئەنجامی کەمی خۆراکەوە نایەت ..)

### ٢- شێواز

چەندە دەتوانیت بەباشترین شێوازەکانی زمانەوانی دەستەواژەکانت دەربڕە. بەکارهێنانی ووشەو دەستەواژەی کاڵ و کرچ دەبێتەهۆی پیشاندانی قسەکەر وەك کەسێکی ناکامڵ و دەبێتەهۆی کەم کردنەوەی ڕادەی گەرم و گوڕی کارەکەو دەبێتەهۆی کەم کردنەوەی بەهای بابەتەکە یان ووتارەکە، لەوانەیە بەکارهێنانی ووشەو دەربڕینە نوێیەکان هۆکارێکی کاریگەربن بۆ بەدەهێنانی گونجاندنی خێرا لەگەڵ جەماوەر، بەڵام دەبێت ووشەکان بەووریایی‌و بەووردی هەڵبژێرێن.

لێرەدا شێوازی ڕەوانبێژی جۆراوجۆر هەیە بۆ بەدیهێنانی کاریگەریتی ئەگەرهاتوو زیرەکانە بەکارهێنرا لەوانە:

- دوپات کردنەوەی خاڵە بنەڕەتییەکان، بەمەرجێ زۆر ڕۆچوونی تیانەبێت، باش وایە دووپات کردنەوە لە(٣) جار تێپەڕ نەکات.
- کە قافیەو ئاوازی مۆسیقی لەهەڵبژاردنی ووشەکانتدا بەبێ زۆر لەخۆکردن بێت.
- ڕەگەزدۆزی لەگفتوگۆدا تامو چێژێکی تایبەت بەووتەکانت دەدات.
- ئەو دەستەواژە ڕەوانبێژییە ئاسانانەی لەیادگاری گوێگردا کەدەچەسپێن.
- لێکچوون و خواستن و پێوەر بۆ گواستنەوەی بیرۆکە ئاڵۆزەکان.
- ئامار و ژمارەی ئەوتۆ کە بیروڕا بچەسپێنێ و ڕاستیەتی ببەخشێت بەوتەکان.

- بەکارهێنانی (مبنی للمعلوم) و (الانفعال التوكيديه) کەجەخت کردنەوەی تیایەو عەقڵ و سۆزەکان پێکەوە دەدوێنێت.
- دەستەواژەی وا بەکاربهێنە کە بەرانبەرەکەت لێت تێ بگات و زیندوێتی پێوە دیاربێت، تاکامی ووتەکانت سەرنجی گوێگرەکانت رابکێشێ.
- نمونە هێنانەوە و شیعر خوێندنەوە و هێنانی پەندیپێشینان.

لەبەرامبەردا، دەستەواژە هەیە کەپێویستە بەتەواوی خۆمان لابدەین لەبەکارهێنانی تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەووتاربێژ خۆی مەبەستی بێت. لەو دەربڕینانەش ئەمانەی خوارەوە:

- (دڵنیانیم بەڵام پێم وایە کە .....)
- (بەپێی ئەوەی دەیزانم ............)
- (پێم وایەکە......)
- (لەسەرمانە کەبزانین........)
- (هەمیشە)
- (هەرگیز)
- (هەموان)
- (هیچ کەس)

هەروەها پێویستە خۆمان لادەین لەتێوەگلانی گشتاندن و هەست بریندارکردن و لووت بەرزی و گاڵتەپێکردن و رواڵەتیانە و رووبەرووبوونەوە لەگەڵ کارمەندانی دڵسۆزبن لۆمەکردنیان و کەم تەرخەم لەقەڵەم دانیان یاخۆسەپاندن بەسەریاندا.

**٣- سەرباسەکان**

ئەگەر ووتاربێژ سەرباسەکانی لای خۆی ئامادەکردبوو بۆ وتار، باشتروایە کە لەکاتی گفتوگۆکردندا لیێ دەرنەچێت هەرچەند شتی خۆشتریشی بەخەیاڵدا بێت، ئەگەرنا لەبابەتەکە لادەدات و سەری لیێدەشێوێت لەبەر نادڵنیایی لە هەندێك زانیاری یاخود بەهۆی هەڵخلیسکان بەرەوزیاد پێوەنان لەبەکارهێنانی دەستەواژەی (مەجازی) و خواستنەکان.

ئامۆژگاری ووتاربێژ دەکرێت کەلاپەڕەکانی بەردەمی بەشێوەیەکی بەردەوام نەخوێنێتەوە، بەڵام پێویستیشە هەوڵ نەدات بۆ شاردنەوەی بیرخەرەوەکانی بەشێوەیەکی تەواو، لەسەریەتی کەهەوڵێکی تەواو بدات بۆ باسکردنی هەموو ئەو خاڵانەی لەئامادەکردن ورێکخستنیدا ماندووبونێکی زۆری پێوە چەشتووە. ئەگەر وتاربێژ توشی کێشەیەك هات ناچاری کرد هەردوو دەستی ئامـاژە بکـات بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە لەسەریەتی کە بەدەست لاپەڕە نووسراوەکانی بگرێت، ئەوە یارمەتی دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشەیەدا.

## دووەم: شێوازەکانی دەربڕین -لایەنە گرنگەکان

لەوانەیە باشترین ووتار شێوازی دەربڕینەکەی تێکیبدات. پاڕانەوەی مووسا پێغەمبەر( عليه السلام) کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ قسەکردن بۆ دارودەستەکانی فیرعەون ئەمەبوو:

قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي ﴿٢٦﴾ واحلل عُقْدَةً مِن لِساني ﴿٢٧﴾ يَفْقَهُوا قَوْلِي ﴿٢٨﴾ (طه)

ووتاردان پێویستی بەکارلێك کردنێکی جیدی هەیە بۆ جەستەو عەقڵی ووتاربێژ لەگەڵ ئەوەی دەیڵێت، وتاربێژ دەبێ گرنگی بەجەستەو دەنگ و رووی بدات، دەبێت ئاراستەی قەوارەو ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ ئەرکی پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەری گوێگردا بکات. ئەمەش پێویست دەکات رەچاوی هەندێك یاسا بکات و زیاتر مومارەسەی وتاران بکات و پرۆڤەی لەسەر بکات.

ئەمەش هەندێك رەچاوکاری گرنگە:

**أ- مومارەسە**

هەندێك جار مرۆڤ پێویستی دەبێت ببۆ تایبەتکردنی چەند کــاتژمێرێك بــۆ گــەڕان بــەدوای کەرەســتەکان و بــۆ ئامادەکــاری لەچوارچێوەی گشتی ووتارێکی مامنــاوەندی لــەڕووی چونێتییــەوە ئەمــەش لەبەرئــەوەی ســەرکەوتوونەبووە لەگرتنەبــەری ئاسـانترین هەنگاو لەهەمو هەنگاوەکان کە بریتییە لەمەشق کردن لەسەر دەربڕین. لەبەرئەوەی وا بەمێشکماندا دێت کە ئەم جــۆرە مەشــقکردنە ووتارەکەمان بگوێزێتەوە لەکردارێکی پەیوەندیکردنی ڕاستگۆیانە بۆ کردارێکی (بەجێهێنان) بەتەنیا یــاخود (هەڵوێستێکی نوانـدن). بێگومان ووتاری باش دەبێت سرووشتی بێت و ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانە بێت بۆ کەسایەتیمان، بەڵام پێویســتە بزانــین گفتوگۆکــردن بۆ جەماوەر شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئامانجیش لەپەیوەندی کردن بریتییە لەگواستنەوەی زۆرتریــن بــڕی زانیــاری بەشــێوەیەکی کاریگەر و لەکورتترین ماوەی گونجاودا. ئێمــە بــەهیچ شــێوەیەك خزمــەت بەجــەماوەری گوێگرمــان ناگەیــەنین ئەگــەر کاتــەکانیانمان بەگوێگرتن لەووتاری دووردرێژ کوشت کە پڕ بێــت لەووشــەی بێبناغــە، لەوانەشــە هــەر گوێشــمان لێ نــەگرن ئەگــەر ئــەوەمان کــرد. لەبەرئەم هۆیە، مومارەسە لەگفتوگۆی ڕێکخراودا ســوودمان پێدەبەخشــێت تەنانــەت لــە وتــە ســەرپێیو نارەسمییەکانیشــدا، چــەندە بتوانین ئەوەی دەمانەوێت بیلێین بەڕوونی و بەکورتی و ڕەوانبێژی بیگەیەنینە خەڵك بەبێ زۆرلادان لەو ئاراستەی نەخشەی بۆکێشــراوە، ئەوەندە ژمارەی گوێگرەکانمان لەهەر بۆنەیەکدا بەگرنگییەوە زیاد دەکات. لەهەندێك کاتدا هەســتە بــەتۆمارکردنی ووتــار دەربڕینێــك هەموی لەسەر کاسێتێکی تەسجیل بۆ پێداچوونەوە و پشکنین و سوود وەرگرتــن لێی. لەوانەیــە سەرســام بیــت لەئاســتی ئــەو مــەودا فراوانە سوود بەخشەی لەووتارەکەتدا بەخەڵکیت گــەیاندووە پاش ئەوەی گوێت لەدەنگی تۆمارکراوی خــۆت دەبێتــەوە، ئــەوەش تــاقی بکەرەوە دەتوانیت کاسێتەکە بدەیت بەکەسانیتر بۆ هەڵسەنگاندن.

**ب- جوڵانەوەکانی لەش، و دەنگ، و پەیوەندیکردن بەبینین**

**١- باری لەش**

**(أ) ئاماژەکان**

پێویستە کە قسەکەر هەست نەکات بەوەی کە لەیەك چەقدا بەستویەتی یــان دەســت و قاچــەکانی ووشــك بــووە. واباشــترە کــە مەشق بکەین لەسەر دەربڕینی ووتارەکانمان لەبەرامبەر ئاوێنەدا. تا جموجۆڵەکانی خۆمان بەتــەواوەتی ببینــین. شــوێنی دیــاریکراو بــۆ جموجــۆڵ و ئاماژەکــانت لــەناو دەقــی ووتارەکــەتدا دەســت نیشــان مەکــە چونکــە بــەوە هەڵســوکەوتەکانت وەك درامایــەکی لێدێ و سرووشتی نابن، گرنگ ئەوەیە دەست بەرداری ئاماژەو جموجۆڵەکانی لەش ولارمان نەبین هەوڵ بدەین بەباشترین شێوە بەکاریان بهێنین.

**(ب) شێوەی ڕاوەستان**

پێویستە بەمتمانەوە خۆمان نیشان بدەین، بەتایبەتی لە ساتە زۆر گرنگەکاندا کــە لەکورســی یــان ئــەو دوانگەیــەی لەســەری ڕادەوەستین نزیك دەبینەوە. هەروەها پێویستە لەکاتی ووتاردانا جووڵەکانی لەش لەگەڵ ئەو بێژانەی لەووتارەکەدا بــەکاری دێنــین لێــك جیاواز نەبن. باشتر وایە بەچەسپیوی لەسەرهەردوو پێکانت ڕابوەستیت لەگەڵ ئــەوەی کــە دەکرێــت قورســایی بخەیتــە ســەریەك پێــت، لەکاتێکدا کە ئەوە دەکەیت هەندێك جار حەز دەکەین لەکاتی وەستانماندا بێین و بچین هــەنگاوێك بــۆ پێشــەوە و هــەنگاوێك بــۆ دواوە بەبێ ئەوە کە هەست بەخۆمان بکەین بەڵام جەماوەری گوێگر هەست بەوە دەکات. وەستانمان بەشــێوەیەکی چەســپاو وامــان لێدەکــات زۆر هۆش و ئاگامان نەڕوات و مێشکی گوێگرەکان بەجوولەی ناپەسەندەوە بەنج نەکەین.

کاتێك قسە بۆ کۆمەڵێك دەکەین بەوەستاوی یان دانیشتوویی لەتەنیشت کتێبخانەیەك یان مێزێکەوە پێویستە خۆمان دوور بخەینەوە و پاڵ نەدەین پێیانەوە، مێزو کورسی و دوانگەی قسەکردن گۆچان و کۆڵەکە نین دەستی پێوە بگرین. بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر قسەبکەین پێویستە برێکی دیاریکراو لەچالاکی جەستەیی پیشان بدەین، کرداری پاڵدانەوە بەکەل و پەلەکانی شوێنەکەوە تێڕوانینێك دەدەن بەوانی‌تر کە ئێمە ناتوانین ووزە و توانایەکی باش بەکار بێنین بەو برەی پێویستمانە تا یارمەتیمان بدات بۆ ڕاوەستان بەشێوەیەکی دروست.

نابێ کاتێك لەپشتی دوانگەی قسەکردنەوە وەستایت هەست بکەیت کەپێکانت وەك ڕەگ بەزەوی‌یەوە داکوتراون. بەسەربەستی جوولە بکە لەجێگای خۆتەوە کاتێك هەستت کرد ئامانجێك لەوجوڵانەوەدا هەیە. بەتەنها شوێنەکە بەهاتن و ڕۆیشتن مەبڕە بۆ لەدەست دانی ئەو ووزەیەی کە هەتە، بەڵکو کاتێك بجوڵێ کە هۆکارێکت بۆ ئەو مەبەستە هەبێت. لەوانەیە کارەکە وا پێویست بکات بەرەو تەختەی ڕەش هەنگاو بنێیت تا لەسەری بنوسیت، یاخود لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی‌تر ئاوڕ بدەیتەوە بۆ بەشێك لەجەماوەری گوێگر ئەوانەی لەتوانایاندا نی‌یە بەشێوەیەکی باش قسەکەر ببینن.

لێرەدا یەك هۆکاری پەسەند هەیە بۆ دەرچوون لەپشتی دوانگەکەو هەنگاونان بەئاراستەی جەماوەری گوێگر ئەویش بریتی‌یە لەنزیك بوونەوەی ماوەی نێوان قسەکەرو ئەوانەی قسەیان بۆ دەکرێت لەپێناوی پێداگرتن لەسەر خاڵێکی گرنگ و لەدێر زەمانەوە ئەوە زانراوە کە کاریگەری پەیوەندی ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ دووری نێوان ووتاربێژ و جەماوەر. لەبەرئەوە تادووری‌یەکە کەم بێ جەماوەر باشتر تێدەگات و ووتەکانیش کاریگەری‌یان زیاتر دەبێت.

### ٢- پەیوەندی کردن بەبینین

چەندین ئامۆژگاری هەیە دەربارەی چۆنیەتی پارێزگاری کردن لەسەر پەیوەندی‌کردن بەبینینی باش لەگەڵ گوێگرەکان، بەرەچاوکردنی بیروبۆچوونی تایبەت بەچاوداخستن لەبەرانبەر ڕەگەزی دووەمدا. گرنگ ئەوەیە تێڕوانینەکان دابەش بکرێت بەسەر هەموو ئامادەبواندا بەگوێزانەوە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی‌تر. سەیری سەر و ئاستی سەری جەماوەرەکە مەکە و خۆت لادە لەسەیرکردنی بۆشایی‌یەك یان جەخت کردن لەسەرخاڵێك یان کۆمەڵێکی دیاری کراو.

سەیرکردن لەبۆشایی وا لەگوێگر دەگەیەنێت کەپەیوەندی‌یەك نی‌یە لەنێوان ئەوو ووتەبێژدا. هەروەها پێویستە پێش ئەمانە سەرنج زۆر نەدەین لەیاداشت نامەکانمان یان لە دوانگە. بیرت بێت کە ئێمە لەوێین بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی بدوێین نەك بۆ ئەوەی دەنگمان بەهەوادا فڕێ بدەین. پێویستە ڕابێین لەسەر بەرزکردنەوەی دەنگمان لەکاتی ووتارخوێندنەوەدا زیاد لەباری سرووشتی لەوتووێژکردندا.

بەچاوەکانت پەیوەندی بەردەوامت هەبێت لەگەڵ جەماوەری گوێگردا، هەوڵ بدە کە قسەکانت لانی کەم ئاراستەی یەکەیەکەیان بکرێت یان بەلایەنی کەمەوە ، چاو ببڕە ئەو شوێنەی کەزۆرترین ژمارەی جەماوەری لێیە هەروەك چۆن بێژەری تەلەفزیۆن لەسەر شاشەکە وادەردەکەوێت کەقسە بۆ هەموو کەسێك دەکات. ئەگەر دەستەواژەی (پەیوەندی بە بینین) لەسەر بەرزترین دوو یان سێ دێڕ لەکارتەکانی سەرباسەکان یان لاپەڕەکانی موحازەرەکە بنوسین دەبێتە یارمەتی‌دەر لەم بوارەدا بۆ بیرخستنەوەی پەیوەندی بەبینین. بۆ بیرهێنانەوەی پەیوەندی لەڕێی بینینەوە.

باشتر وایە هەندێك جار سەیری بەردەوامی گوێگرە لایەنگرەکان و بێلایەنەکان بکەین و خۆلادەین لەسەیرکردنی کەللە ڕەقەکان و دژەکان.

### ٣- دەنگ

#### (أ) ئاستی دەنگ

ووتار ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی ببیسترێ، ئینجا بڵندگۆی تیا بەکار بهێنرێت یـان نـا، پێویستـە دەنگمـان لەئاسـتێکدا بـێ کەجەماوەرەکە بیبیستێ گەرچی بڵندگۆش نەبێ. دانانی نیشانەی دیـاریکراو لەسـەر کاغـەزی تێبینی‌یـەکانی بـەردەمان بـەئاگامان دەهێنێتەوە بۆ گرنگێتی ئاراستەکردنی ڕستە سەرەتاییەکانمان بۆئەو کەسانەی لەدواوەی هۆڵەکە دانیشـتوون لـەلای چـەپ و ڕاسـت، لەبەرئەوەی ئەوان دوورترین گوێگرن لەقسەکەرەوە.

#### (ب) ئاواز

ئاوازی دەنگ - گەر بووە ڕێگر- دەبێتە یەکێك لەوکێشانەی کەسەرکەوتن بەسەریدا ئاسان نی‌یـە، بـەلام هـەنگاوی یەکـەم بریتی‌یە لەدیاریکردنی سرووشتی ئەم کێشەیە دوو پۆلی سەرەکی هەن: تاك ئاوازی یاخود ئاوازە گۆڕراوەکـان. تـاك ئـاوازی گوێگـر هیلاك دەکات وەك مۆسیقا لێدان لەسەر یەك کلیلی پیانۆ بەبێ بەکارهێنانی کلیلـەکانی‌تر. لەئـەنجامی ئەمـەش زەحمـەتە تێبگـەین لەوەی دەووترێت.. هەرچەندە ئەو بابەتەی کەقسەکەر پێشکەشی دەکات بەنرخیش بێت بەلام ئەو قسەکەرەی کـە خـاوەنی ئـاوازێکی ڕێك و پێکە وەك دەنگی خوێندنی باڵندە وایە کەبەرز دەبێتەوەو نزم دەبێتەوە بۆماوەیەکی ڕێـك و پێـك. جـەماوەری گوێگـر پـێی خۆشە جەخت بکات لەسەر ژێکانی دەنگ زیاتر لەدان نان بەو ووشانەی کە گوێیان لیّدەبێت زۆرکات ئەم کێشەیە هەڵقولاوی ئەوەیـە کەووتارەکە لەبەرکراوە. بەکارهێنانی تۆمارکەری دەنگ سوود بەخشە لەدیاریکردنی شێوەی بەرزونزمی دەنگ و خۆڕاهێنان لەسەر زاڵ بوون بەسەریدا.

جەخت کردنی زارەکی بەهەمان شێوە گرنگە بۆووتاردان بەڵکو هەندێك جار دەبێتە کرۆك لـەچوارچێوەی ڕوونکردنـەوەی ئـەو مانایانەی مەبەستمانە. ئەم جەخت کردنە زارەکییە لەتوێکانیدا جۆرێك لەجۆرەکانی گۆڕانی زارەکی هەڵدەگرێت تا جیـاوازی بکرێـت لەنێوان ئەوەی کە ئەمانەوێت جەختی لەسەربکەین وەك کارێکی جەوهەری لەنێوان هەر مادەیەکی پلەدووی پەیوەندی‌دار پێیەوە.

#### (ج) خێرایی دەربڕین

خەڵکی دەتوانن گوێبگرن بەخێرایی‌یەك کەزۆر زیاترە لەو خێراییەی کە قسەی پێدەکەن. (کە لەتێکڕادا دەکاتـە ٨٠٠ ووشـە لەیە ك خولەکدا بۆ بیستن بەرامبەر ٢٥٠ ووشە لەخولەکێکدا بۆقسـەکردن) ئەگـەرهاتو ئـەو خەڵکـەمان بـۆ ماوەیـەکی دووردرێـژ بەجێهێشت بەبێ ئەوەی کە شتێك هەبێت گوێی لیّبگرن ئەوا بایەخیان پچڕپچڕ دەبێت. زۆرکات واپێویسـت دەکـات کـە بـەخێراتر قسەبکەین وەك لەقسەکردنی سرووشتیمان. لێرەدا تێکڕایی‌یەکی گونجاو نی‌یە بۆ ووتـار دەربڕیـن، بـەلام پێویسـتە لەسـەرمان چـەند لەتوناماندا بێت خێراتر قسەبکەین بەبێ ئەوەی زمانمان تەتەڵە بکات یاخود شتی نووسراو بخوێنینەوە. بەشێوەیەك ڕوون نەبێت.

لەم بارەیەوە ڕوونی شتێکی گرنگە، پێویستە هەر ووشەیەك قابیلی تێگەیشتن بێت وەهەر بڕگەیەکیش واتاکەی ئاشکرا بێت.

ڕوونی بەبڕبڕەی پشتی کرداری دەربڕیتی باش دادەنرێت، پێویستە هـەموو ووشـەیەك بـەجوانی دەربـڕین و خۆمـان لابدەیـن لەبەکارهێنانی ئەو وشانەی لەسەری ڕاهاتووین وەك (واتە، یعنی)، (بێگومان، دەزانن)، (ئائاه)، (ئاه)، (یان ن ن)، یاخود (هێن).

**(د) کورتە وەستان لەکاتی ووتارداندا**

خەلکی ڕاهاتووە لەوەرگرتنی ووردو درشتی زانیاری نوێ لەڕێگای خوێندنەوەی بابەتی چاپ کراوەوە، لەبەرئەوە گرنگە کە قسەکردن وەستانی کورتی تیابێت. هەروەها پێویستە لەکاتی خستنەڕووی خاڵێکی گرنگ بەتایبەتی، بوەستین بۆ ماوەیەکی درێژتر لەوەستانی سروشتی، لەکاتی تەواوبوونی هەر ڕستەیەکدا تا ڕێگا بۆ جەماوەرەکە خۆش بکەین بۆ وەرگرتنی ئەو زانیاریانە وە ڕاوەستان لەکاتی خاڵی دیاریکراو و جەوهەریدا هێز دەدات بەقسەکان و پاراوی زیاد دەکات.

**ح - وەستان لەناخاوتن**

بەهەر هۆکارێك بێت زۆربەی ئەو کەسانەی کەخۆیان لادەدەن لەووتاردان ئەوانەن کە دوودڵیان تیایە لەسەر وەستان لەکاتی قسەکردندا، ئەوان وا دەخوازن کە دڵنیابن جەماوەرو گوێگر بەتەواوەتی تێگەیشتوەو ئەو خاڵە جۆراوجۆرانەی کەخراونەتەڕوو وەریان گرتووە، بۆیە دەست دەکەن بەدووبارەبوونەوەی قسەکان سەرلەنوێ بەبەکارهێنانی دەستەواژەکانی وەکو (ئەوەی کەدەمویست بیڵێم بریتی‌یە ...). بەڵام دەبینین کە دووبارەکردنەوەی خاڵە بنەڕەتییەکان بەشێوەیەکی کورت، بەتایبەتی بەبەکارهێنانی وێنە روون کەرەوەکان، لەوانەیە زۆر بەکەڵك بێت، پێشکەش کردنی کورتەیەکی سەرپێی‌و نارێك و پێك لەگەڵ دووبارەکردنەوەی چەند جارەدا دەستەواژەکانی وەك (لەکۆتاییدا خوشك وبرایانی خۆشەویست...) لەوانەیە ووتاری باش تێك بدات، لەبەرئەوە لەسەرمانە کە بەتەواوەتی پابەندبین بەو ڕێڕەوەی هەمانەو دەستەواژەکانی (لەکۆتایی‌دا ...) یاخود (کۆتایی ...) بەکارنەهێنین زیاتر لەجارێك. بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین لەو کارە پێویستە کە نەخشە بکێشین بۆ سەرەتایەکی دیاریکراو و هەروەها کۆتایی‌یەکی دیاریکراو بۆ ووتارەکە بەدەستەواژە یان بیروڕای کاریگەرو سەرنج ڕاکێش.

**د- کەسایەتی بێژەر**

ئێستا پاش ئەوەی هەندێك بیرۆکەمان لا کۆبۆتەوە دەربارەی چۆنیەتی ئامادەکردنی ووتارەکانمان و دەربڕینی، با سەیری ئەو هۆکارانە بکەین کەووتاردانمانی لەسەر بەندە. ئەو نامەیەی کەئاراستەی جەماوەری گوێگرمان دەکرێ و ئامادەبوونیان بۆ وەرگرتنی پشت دەبەستێت بە ئەندازەی ڕێزلێنان و کەسایەتی بوێژ. بۆ ئەوەی مرۆڤ قسەکەرێکی کارتێکەرو کاریگەربێت، تەنها ئەوە بەس نی‌یە ئەو سیفەتانەی تیابێت کەڕێزی جەماوەر مسۆگەر بکات بەڵکو پێویستە لەسەری ئەو سیفەتانە دەربخات و ئاراستەی هۆش و هەستی گوێگری بکات. لەکاتێکدا تایبەتمەندی‌یەکانی مەزاجی گشتی جەماوەر جیاوازن لێرەدا خاڵی بنەڕەتی هەیە کەجەماوەر پشتی پێدەبەستێت لەحوکمدان بەسەر بێژەردا، لەوانە دڵسۆزی و خوێن گەرمی‌و چالاکی‌یەك کەبێژەر هەیەتی.

کرداری پەیوەندی‌کردن بریتی‌یە لەکرداری کارلێك کردنێکی تەواو کە بەش بەش ناکرێت و، ئەوە کارێکی جەوهەرییە کە جەستەو دەنگ و ڕاوبۆچوونەکانی قسەکەر دەگوێزێتەوە بۆ جەماوەر وەك هەست کردنێك بەگرنگی‌دان و ئامەزرۆیی و بەپەرۆشی بەرامبەر بابەتەکە، ئەگەرنا هەڵبژاردنی بابەتەکە هەڵە دەبێت یان ووتاربێژ لەو ئاستەدانی‌یە کە گفتوگۆی لەسەر بکات. بەزوویی جەماوەری گوێگر هەست بەخاڵە لاوازەکان دەکەن و پردی بەیەك گەیشتنەکە لەگەڵ قسەکەردا لەدەست دەدەن و پشت دەکەنە ووتارەکەی.

ئامانجی سەرەکی قسەکردن نی‌یە بەڵکو پەیوەندی‌کردن و گەیاندنی قسەکانمان بەکەسانی‌تر بەشێوەیەك کە تێی بگەن. ئەگەر لەگەڵ جەماوەر بەیەك نەگەین، ئەوا ئێمە لۆمە کراوین. ئێمە وەك قسەکەر بەشێك دەنوێنین لەهەر ووتارێك کە پێشکەشی دەکەین، کارەکەش دەگەڕێتەوە بۆخۆمان لەپێشخستنی شێوازە کەسی‌یەکانی خۆمان کەوامان لێدەکات کارتێکەر و کاریگەربین وەکو وشەکانمان و پەیامەکەمان کەتەوەرەی ووتارەکەیە.

## سێیەم: ماوەی پرسیار و وەڵام: هەل و تەحەددی

کاتی دیاریکراو بۆ وەرگرتنــی پرسـیارەکانی گوێگرەکـان پـاش تـەواوبوونی ووتارەکـە بریتی‌یـە لەهـەل و تەحەددییـەك بـۆ بەدیهێنانی هەر ئامانجێکی بابەتەکە کەماوە. ئەگەرهاتوو بەباشـی زانیاریـەکانمان لەجـەماوەرەوە وەرگـرت، ئـەوا لەزۆربـەی کـاتدا لەتوانامانداپە کەسروشتی پرسیارە چاوەڕوانکراوەکان دیاری بکەین.

بۆ بەلاوە نانی گیانی دوژمنایەتی، خوێندنەوەی پرسیارەکان دووپات بکـەرەوە بـەبێ ئـەوەی سـۆزی پرسـیارکەرەکەی لەگـەڵ تێکەلکەی. لەگەڵ ئەوەی وەك باوە پێویستە وەلامەکان کورت بن، ئەگەرهاتوو پرسیارەکە بواری ڕەخساند بـۆ خسـتنەڕووی زانیـاری نوێ کەبوارت نەبوو لەکاتی ووتاردانەکەدا بیخەیتەڕوو ئەتوانی پێی هەستی.

بۆ بەدەست هێنانی زانیـاری زیـاتر دەربـارەی ئـەم بابەتـە، دەتوانیـت بگەڕێیتـەوە بـۆ ئـەو بەشـەی (سـەرۆکایەتی کردنـی کۆبوونەوەکان) دەگرێتەخۆ.

## چوارەم: چەند نمونەیەك بۆ ووتاری کاریگەر

لەم بوارەدا پێغەمبەر (ﷺ) چەند نمونەیەکی داناوە، ئێمە بەشوێنیدا دەچین. توانای ئەو بۆ قسەکردن بۆ خەڵکی کاریگەر بـوو لەگەیاندنی ئەو پەیامەی هەڵیگرتبوو.. لەنێوان ئەو نمونە زۆرانەدا، وتاری ماڵئاوایی (خطبة الـوداع) و وتـاری بـۆ یارمـەتیدەرەکان (الانصار) پاش غەزای (حنین) و (طائف). هـەروەها هاوەڵەکانیشـی بـەزمان پـاراوی وتاریـان دەدا، وتـاری سـەرکردەی کۆچکـەران (مهاجرین) لەکۆشکی ئیمپراتۆری حەبەشــەدا باشـترین بەلگەیـە. ئـەم وتارانـەو هـی تریـش لەکتێبـەکانی ئـەدەبدا زۆرو فراوانـن. سەرچاوەیەکی ئاسان هەیە بۆ وەرگرتنی ئەم مەسەلەیە ئەویش بریتییـە لـەکتێبی (حیاة محمد)ی محەمـەد حەسـەنێن هەیکـەل. ئـەو وتارانە بخوێنەرەوە لەژێر تیشکی ئەم بەشەدا شییان بکەرەوە.

### هەڵوێستی کرداری

**ئەمانی ئەمانەت**

لەساڵی ١٩٧٣ و لەکاتی کۆنگرەی ساڵانەی یـەکێتی کۆمەڵـە ئیسـلامییە خوێندکارییـەکان لـە مانشسـتەر لەبەریتانیا، بویژێك بەعەرەبی قسەی دەکـردو وەرگێڕەکـەیش دەیکردە زمانی ئینگلـیزی. وەرگێڕەکـە چـەند جـارێك وتـی ((قسەکەر لەسەر هەڵەیـەو ڕاسـتی ئەوەیـە مـن دەیڵێـم)).. وەرگـێڕانێکی وردو بەئەمانـەتی نەگواسـتەوە، تانـەیدا لەوتارەکە پێش ئەوەی گوێگران بیبیسـتن .. ئەمـەیش دیـارە خیانەتێکیئەمانەتەو خراپ بەکارهێنانی متمانەیـە. چونکـە کـاری وەرگـێڕ بریتییـە لـەوەرگێڕانی ناوەڕۆکەکـە بـەوردیو بەچاوداخستن لەئاست بیروبۆچونەکانی خۆی. ئەگەر هـەردەبوو ڕای خۆی دەربڕێ، ئەوا دەبێ بەڕۆشنی ئەوە دەرخـات و بـوار بەقسەکەر بدات تا وەڵامی بداتەوە..

**لەڕێکخستنی وتاردا**

**ڕێسایەکی گشتی هەیە کە لەسەر ئەزمونی کرداری بونیاد نراوە کە ئەمەیە:**

- **ئاگاداریان بکە لەوەی بەنیازی بیڵێیت.**
- **ئاگاداریان بکەرەوە**
- **ئاگاداریان بکە کەتۆ پێت ڕاگەیاندوون**

## پێنجەم : دیسپلینەکانی وتاردانی باش

**چۆن ئەم لیستە بەکاردەهێنیت :** ئەم لیستە لەکاتی ووتاردان یـاخود دوای ووتـاردان بـەکار بهێنـە، یـاداوەری (ذاکـرة) یـان لەکاتی سەیرکردنی کاسێتێکی ڤیدۆیی وتارەکەدا. دەتوانیت کەسێك بانگهێشت بکەیت بـۆ ئـەوەی گـوێ بگرێـت لـە ووتارەکـەت و لەجیاتی تۆ، ئەو لیستەکە پڕبکاتەوە چونکە ئەوە ئاسەوارو کاریگەری و بابەتیبوونی زیاتر دەبێت ، لەوانەیـە تـۆ خـۆت لـەتواناتدا نەبێت کە هەڵسوکەوت و شێوازی خۆت بەوردی هەڵبسەنگێنیت .

**چۆن هێماکان دادەنێیت ؟ :** نیشانەی (١) بەرامبەر هەروەڵامێکی باش دابنێ ، و (سفر) لەبەرامبەر هـەروەڵامێکی (نـەخێر) لەو بۆشاییانەی ڕونکراوەتەوە . ئەگەر کۆی هێماکان گەیشتنە (١٧) یان زیاتر ، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کـە بوونـی بـەهرەی و ئامادەکردن و پێشکەشکردنی باش هەبووە لە ووتارەکەدا. بەڵام ئەگەر ژمارەی هێماکـان (١١) یـاخود کـەمتربوو، ئـەوە پێویسـتی هەیە بەهەستان بەهەوڵێکی نەخشە بۆدارێژراو بۆی بەروردی و بەباشی بۆ باشکردن لەهەردوو کرداری ئامادە کردن و پێشکەش کردن.

**١- نەخشە کێشان یان ( پلان دانان )**

ئایا قسەکانم نەخشەی باشی بۆ کێشراوە لەڕوی :

{ } پێشەکی‌یەکی وەرگیراوو باش؟
{ } مافی تەواو دراوە بەخاڵە سەرەکی‌یەکان ؟
{ } کۆتایی‌یەکی باش بۆ وتارەکە یاخود کورتەیەکی باشی وتارەکە ؟
{ } کاتی دیاری کراو ؟

## ٢- دەربڕین

### (أ) ورەبەرزی:

ئایا ورەبەرزی دەرئەبڕم لە ڕووی :

{ } سەرلی تێك نەچوون و زاڵبوون بەسەر خۆدا ؟

{ } ڕاست ڕاوەستان بەبێ چەق بەستن لەگەڵ دابەشکردنی چاوگێڕان بەشێوەیەکی گونجاوو دووری هەردو پێ لەیەکترەوە بەشێوەیەکی گونجاو ؟

{ } لەبەرکردنی جلوبەرگی فراوان و گونجاو ؟

{ } ڕۆیشتن بۆلای مینبەر لەسەرخۆو ڕاوەستان کەمێك پێش قسەکردن ؟

### (ب) جووڵە

ئایا لای جەماوەر ئاسەوارێکم جێ هێشتوە کە بڕوا بەخۆ بوون بگەیەنێت لەڕوی :

{ } بەکارهێنانی جوڵەی بەئەنقەست بۆ خۆشکردنی ئەو کەشەی باڵی کێشاوە بەسەر هۆڵەکەدا یاخود بۆ کێشکردنی گرنگیدان بە ئامێرەکانی بینین و پشتیوانی کردنی بیروڕاکان و خۆلادان لە جوڵەی بێ سەروبەر کەدەمارگرژی (عصبیە) پێوە دیاربێت.

{ } بەکار هێنانی ئاماژەکان بەشێوەیەکی سروشتی بۆ پشتیوانی کردنی تێبینییەکان و بەرهەمەکان و ڕزگار بوون لە جوڵە دەمار گرژی و چەق بەستووەکان ؟

{ } بونی زیندوێتی لە دەربڕینەکانی دەم و چاودا ؟

## ٣- دەنگ و پەیوەندیکردن لەڕێی بینینەوە

ئایادەنگم و چاوم بەکاردەهێنم بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ جەماوەر لەڕووی :

{ } قسەکردن بە دەنگێکی بیستراوو ڕون ؟

{ } قسەکردن بە دەنگێکی گەرم و بەسۆز ؟

{ } جۆراو جۆری دەربڕینی دەنگەکان و خێرایی پێشکەش کردن بەڕێگایەکی کاریگەر کە دووربێت لەناڕێك و پێکی ؟

{ } خۆلادان لە قسەکردن بەشێوەیەکی زۆر هێواش یاخود بەشێوەیەکی زۆر پەلە؟

{ } پارێزگاری کردن لەسەر پەیوەندی بینین لەگەڵ جەماوەر؟

{ } سەیرکردنی هەموو ئامادەبوان؟

## ٤- نمایشی خۆیی

ئایا بەجێگەیاندنێکی کاریگەرت ئەنجام داوە لەڕووی :

{ } ئاخاوتن بەشێوەیەکی دەربڕو خوێن گەرمانە؟

{ } بەکارهێنانی یاداشتەکان بەشێوەیەکی کاریگەر؟

{ } بەکارهێنانی ئامێرەکانی بینین لەکاتی پێویستدا؟

{ } تێبینی کردنی هەر هەڵسوکەوتێکی باش یان خراپ؟

{ } تەواو کردنی کرداری پێشکەش کردن بەشێوەیەکی ئیجابی؟

## هەڵسەنگاندنی بێژەران - نموونەیەکی کورت

وەڵامی هەرپرسیارێك بدەرەوە ئەویش بەریز کردنی ئەو هەڵسوکەوتەی ئاماژەی بۆکراوە بەپێی پلەکان لەسەر پێوەر لــە(١)وە بۆ (٥) بەوپێیەی کە (٥) بەرزترین ئاستی خوازراوە لەو هەڵسوکەوتەی ئاماژەی پێکراوە بازنەیەك بکە بە دەوری پلەی خەمڵێنراو.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- ئاستی دەنگ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٢- پەیوەندی کردن بەچاو | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٣- سیمای لەش و لار | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٤- جوڵەی لەش | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٥- بابەتی وتارەکە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٦- زاڵ بوون بەسەر کات دا | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٧- سەرەتاو کۆتایی | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٨- پاك و خاوێنی دوانگەکە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٩- پۆشاك (جلوبەرگ) | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ١٠- قەناعەت پێکردنی گوێگران | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ١١- بەجێهێنانی گشتی | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |

## هەڵوێستی کرداری

### گوللە بەپێی خۆتەوە مەنێ !

لەساڵی (١٩٧٣) بانگهێشت کرام بۆ کەنیسەیك لە لۆجانسۆرت لە ولایەتی ئیندیانا، بۆ قسەکردن دەربارەی ئیسلام. لەسەرەتادا حەوت قەشەی گاور باسی گەلانی جۆراو جۆری خۆیان کرد، پاشان مامۆستایەکی هیندۆسی باسی هیندوسیەتی کرد، وەقسەکەی بەوە دەست پێکرد! ((سەرەڕای ئەوەی من هیندۆسیم، بەڵام شتێکی وا دەربارەی هیندوسیەت نازانم. لەبەرئەوە من چەند بەشێك لەکتێبێك کەئافرەتێکی مەسیحی ئەمەریکی نووسیویەتی، کە چەند ساڵێکی ژیانی لە هیند بەسەر بردووە بۆتان دەخوێنمەوە..)) کاتێك لە کۆتایی نزیك بوویەوە ووتی :((لە کۆتاییدا ئەم بەشەتان بۆ دەخوێنمەوە ... لەکۆتایی‌دا بەشێکی ترتان بۆ دەخوێنمەوە ... لەکۆتایی‌دا لاپەڕەیەکی ترتان بۆ دەخوێنمەوە)). وە کاتێك ووتی ((لە کۆتایی دا بەندێکی ترتان بۆ دەخوێنمەوە)) کەس بڕوای پێ نەدەکرد لەبەر ئەوەی ئەوەندە ووشەی ((لەکۆتاییدا))ی بەکار هێنابوو . جەماوەر توشی بێزاری بوون لەوتارەکەی.

پەند لەوەدا ئەوەیە کە دۆخەکە هەرچییەك بێت، نەکەیت بڕیارێکی پێش وەخت بدەیت لەسەر ووتارەکە یان پاساو بهێنیتەوەو دان بەوەدا بنێیت سەبارەت بەڕێگای پێشکەش کردنی بابەتەکەت وەك ئەوەی: بەداخەوە کاتی تەواوم بەدەستەوە نەبوو بۆ خۆ ئامادە کردن، یان ووتارەکەم باش نابێت، یان ئێستا ڕێکخەران بانگێشتیان کردوم بۆ قسەکردن بۆیە من شتێکی زۆر سەبارەت بەبابەتەکە نازانم، یان لە تواناتاندایە میوانە بەڕێزەکان ئێوە وتارێکی باشتر پێشکەش بکەن یاخود شتی لەو جۆرە . خۆت لە هەموو ئەو دەستەواژانە لابدە کە سلبین، و ڕاستەوخۆ بچۆرە ناوبابەتەکەوە ، وچیت لە تواناداید هەوڵ بدە خۆ لەبەردەمی خەڵك هەڵمەسەنگێنە ، لەبەر ئەوەی ئەوان تۆ هەڵدەسەنگێنن . لەوانەیە باشترین شت پێشکەش بکەیت بەبێ ئەوەی بزانیت. لەم بارەیەوە خەلیفەی ڕاشدی عوسمانی کوڕی عەففان (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە جارێکیان نەیتوانیوە ووتاری هەینی بدات لە سەر مینبەرەکەوە، کاتێك لەسەر مینبەرەکە دادەبەزێت وتی : ((ان الله لیزع بالسلطان ما لایزع بالقرآن))،[1] کاتێك ئامادەبوان گوێیان لەو قسەیە بوو وتیان : ((ئەگەر بهاتبایە و ئەو قسەیەی لەسەر مینبەرەکە بکردایە لە باشترین وتارەکان دەبوو)).

---

[1] لەتەفسیری ئایەتی ((واجعل لي من لدنك سلطاناً نصيراً)) هاتووە لە تەفسیری سورەتی (الاسراء)ی ابن کثیر.

## هەڵوێستی کرداری

### خەڵکان رابهێنە کە چۆن کۆتایی بەئاخاوتن بێنن!

زۆرکات جەخت دەکەین کە مەشق کاران فێری چۆنیەتی قسەکردن بن هەندێك جار باشتر وایە فێریان بکەین چۆن لە قسەکردن بوەستن بۆ نموونە ئەگەر وتارت دەدا و خەڵك لەبەر باران یان لەبەر گەرما وەستابون لەسەرت پێویستە کە وتارەکەت زۆر کورت بکەیتەوە . بەهەمان شێوە ئەگەر هاتوو فینك کەرەوە (مبردە) وەستا،و ئامادەبوان توشی گەرمایەکی زۆر هاتن، ئەوا پێویستە لەسەرت لە قسەکردن بوەستیت. وە ئەگەر هاتوو لەکاتی دیاری کراو لات داو سەرۆکی کۆبونەوەکە داوای لێکردیت بوەستیت، پێویستە خێرا ویستەکەی جێبەجێ بکەی. بەڵام بەداخەوە هەندێکمان سورە لەسەر ئەوەی بەتەواوی وتارەکەی بدات بەبێ گوێدانە گۆڕانکارییەکانی بارەکە.

زۆرجار ئامانجەکە ناپێکین. گرنگ فڕێدانی پەیامێك نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە جەماوەری گوێگر وەری بگرن. ئەگەر هاتوو سپاردەیەك یان نامەیەکمان پێبوو پێویستە لەسەرمان کە بیگەیەنینە شوێنی خۆی وە ئەگەر هاتوو ناونیشانی تەواومان لانەبوو نابێت خۆمانی لێ ڕزگار بکەین و بیدەینە دەستی هەرکەسێك بەڵکو دەبێت بیپارێزین و لەکاتێکی تری گونجاودا بیگەیەنین بە ناونیشانە ڕاستە قینەکەی تا دڵنیابین لە گەیشتنی بە خاوەنی.

## هەڵوێستێك لە کاردا

### ((دەتوانم تەنها باسی ژەهری مشکان بکەم))

کەسێکی پسپۆر لە ژەهری مشکان، خۆی و ژنەکەی ڕۆیشتن بۆ ئاهەنگێکی کۆمەڵایەتی. پاش تۆزێك لەوەی کە پیاوەکە بە تەنها ڕاوەستابوو. ژنەکە لێی نزیك کەوتەوەو پێی ووت : ((بۆچی لەرووی کۆمەڵایەتیەوە تێکەڵی خەڵك نابیت و قسە لەگەڵ کەس ناکەیت، بڕۆو قسەیان لەگەڵ بکە)) پیاوەکە وتی : ((کاتێك کە قسەیان بۆ دەکەم دەربارەی ژەهری مشکان ڕویانم لێ وەردەگێڕن و بەتەنها بەجێم دەهێڵن)).

لەتوانای ئەو پیاوەدا نەبوو قسە لەسەر هیچ بوارێك بکات تەنها بوارەکەی خۆی نەبێت.

دەبێت بانگخواز ڕۆشنبیری هەمە جۆرەی هەبێت و زۆر بخوێنێتەوە، وە توانای دەست پێشخەری هەبێت لە قسەکردن داو بتوانێت گفتوگۆ سەبارەت بە کۆمەڵێك بابەت بکات کە لە بواری پسپۆری سەرەکی یان لاوەکی خۆی جیابێت بە شێوەیەکی زۆر باش . ئەمە تێبینی دروستی لەسەر زیاد دەکات وەك کەسێك کە گرنگی بەخەڵکی دەدات و دەیەوێت تێیان بگات .

هەروەها پێویستە گرنگیەکی قوڵی هەبێت بەوەی چی ڕودەدات لە دەورو بەری و هەندێك مومارەسەی وەرزشی هەبێت و بچێتە ناو ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە.

# ڕاهێنان

داوا لە کەسێك بکە کە وتارێکی پڕ هەڵە بدات ، چ لەڕوی ناوەڕۆك یاخود پێشکەش کردن و زمانەوانی. وەڕێگا بدە بە جەماوەری گوێگر ململانێ بکەن لەسەر ئامادە کردنی بەرزترین ژمارەی هەڵە کە کردویەتی .

ئەم هێلکاریەی خوارەوە بەکار بهێنە بۆ ئاشنابوون بەهەڵەکان و ڕەگەزەکانی چارەسەرکردن. یەك خاڵ دابنێ بۆ هەر هەڵەیەك یەك خاڵ بۆهەر ڕەگەزێکی چارەسەرکردن کە دیاری دەکرێت .

**ناوەڕۆك :**

هەڵەی ژمارە ١ ______________________

چارەسەر کردن ______________________

هەڵەی ژمارە ٢ ______________________

چارەسەر کردن ______________________

هەڵەی ژمارە ٣ ______________________

چارەسەر کردن ______________________

**دەربڕین**

هەڵەی ژمارە ١ ______________________

چارەسەر کردن ______________________

هەڵەی ژمارە ٢ ______________________

چارەسەر کردن ______________________

هەڵەی ژمارە ٣ ______________________

چارەسەر کردن ______________________

## گفتوگۆ

١- رۆڵی راستیەتی چی‌یە لە ئامادەکردنی وتارو پێشکەش کردنی دا؟
٢- رێگای کاریگەر چیە بۆ کۆتایی پێهێنان بە وتاردان؟ نموونەیەك لەسەر بێنەرەوە.
٣- کرداری گواستنەوە بۆ رەوانبێژی لە وتاردا چی‌یە؟ نموونەیەك پێشکەش بکە.
٤- ئەو کەم و کورپیانە چین کە هاوکاتن لەگەڵ کرداری مەشق کردن لەسەر وتاردان؟ چۆن سنوری بۆ دادەنێیت؟
٥- بۆچی پەیوەندی بە بینین گرنگە لە وتاردان دا؟
٦- چۆن پلەی بەرزکردنەوەی دەنگ کاردەکاتە سەر کرداری پێشکەش کردن؟ نموونەیەك بۆ ئەوە بێنەرەوە.

## جێ‌بەجێ کردن

بریاردرا بەپێی ئەوەی کە سەرۆکێکی نوێی لە رێکخراوەکەتدا، و قسە دەکەیت بۆ یەکەمین کۆبونەوەی ئەندامەکان . ئەو کۆمەڵەیەی کە هەیە کۆمەڵێك هاورێی یەکترن بەگشتی. بەڵام زۆر لە ئەندامەکانیان تۆ باش ناناسن. لەسەرتە سەرەرای کاری رێکخستن باسی چاودێری گشتی ئەندامەکانی کۆمەڵگە بکەیت .

ئەوە هەلە بۆئەوەی بتوانیت متمانەی سەرکردایەتیت بۆ خۆت بەدەست بهێنیت و سەرنجی هاوبەشەکان و بەخشەرەکان (متبرعین) بۆلای خۆت رابکێشیت.

ئەو کاتەی لەبەردەستتدایە بۆ ئامادەکردن و قسەکردن کاتێکی کەمە.

١- هەستە بە ئامادەکردنی لیستێکی ورد بەرێ و شوێنی دیاری کراو کە پێویستە بەکاری بهێنی بۆ ئامادەکردنی وتارەکەت .
٢- هەستە بە ریزبەندکردنی هەنگاوی دیاریکراو بۆ ئاشنا بوون بە جەماوەری گوێگر پێش وتاردان و چەسپاندنی راستیەتی خۆت لە رێگایەوە .
٣- هەستە بە ریزبەندکردنی سێ خاڵی بنەرەتی کەلە وتارەکەت دا باسی دەکەیت ، لەگەڵ دیاری کردنی رێگای جەخت کردن لەسەر هەر خاڵێك لە رێگای یەکێك لە شێوازەکانی پێشکەش کردنەوە.
٤- کۆتاییەکی کورت و قایلکەر بنووسە بۆ وتارەکەت.

بەشی

١٣

# بەرەو نووسینێکی باشتر

**یەکەم :ئامانج**

**دووەم :گرفتەکان**

**سێیەم : کرداری نوسین**

ا – نەخشە کێشان

ب– نوسینی ڕەشنوس (المسودة)

ج– پێداچوونەوە

د– پێداچوونەوەی دەقی کۆتایی

**چوارەم : چەقبەستنی زەینی نوسەر**

**پێنجەم : بیرۆکەی بە کەڵك**

**ئامانجەکانی بەش**

پاش تەواوکردنی ئەم بەشە ، دەتوانیت :

- ڕەگەزەکانی نوسینی باش دیاری بکەیت .
- نوسین بە کاریگەریەتیەکی زۆرتر .
- پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بەوەی،کە کەسی‌تر دەینوسێت .

## یەکەم : ئامانج

نوسین ئامرازێکە سودەکەی هەمەلایەنەیە. نوسینی ئێمە بۆ ڕاگەیاندن و قەناعەت پێهێنانە یاخود بۆ پەیام گەیاندنە بە کەسانی‌تر یان تەنانەت هەڕەشە لێکردنیشیان . گرنگ ئەوەیە باش بنووسین چونکە نوسین دەکرێت کە:

- بیرو ڕاو زانیاری لە قاڵبێکی بەردەوامدا دابنێت کە ئاسانە بۆی بگەڕێینەوە وەك سەرچاوەیەکی توێژینەوە یاخود فۆتۆکۆپی کردن.
- کەسانی‌تر دەجولێنێ کە بەپێی ئەو بیروڕایانە هەڵس و کەوت بکەن کەلە دەقە نووسراوەکەدا هاتووە.

- کات دەگێڕێتەوە بۆ نوسەر ئەوەش بەوەی کە بیروڕاکانی زیاد دەکات و دەگاتە جەماوەرێکی فراوانتر .
- ڕێنمایی فێرخوازان دەکات لە ڕێگای گوێزانەوەی بیری نوێ یاخود جیاواز بە شێوەیەکی وردبینانە.
- لەڕێگەی نناساندنی نوسەرەوە بە خوێنەر ڕاستیەتی و مەرجەعیەت بیناو پتەو دەکات.
- هەلی سەرکەوتن زیاد دەکات ئەوەش لە ڕێگای ئەو خستنەڕووەی کە هەیەو هەمیشەیی‌یە بۆ هەڵبژێدراوەکان یان بۆ پەیڕەوەکانی کارکردن.
- هۆکارێکی بەهێزو کاریگەری بانگەواز پێکدەهێنێت.

لەبەر ئەوەی نوسین ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی‌تر، پێویستە لەڕێی مومارەسەو مەشقی دروستەوەهێزو پێزی پیێبدرێت. هەڵبژاردنمان بۆ ووشەو بابەتەکان کارێکی پڕ گرنگیە سەبارەت بەزیاتر ڕونکردنەوەو خستنەڕوو وەوردی و سەرنج ڕاکێشان بۆ نوسینەکانمان .

## دووەم : گرفتەکان

لە زۆرترین هەڵە بڵاوەکانی لای نوسەران ئەمانەی خوارەوەن:

- گەران بەدوای زانیاری کرچ وکاڵ یاخود فرە زۆرو کۆکردنەوەی.
- شکست هێنان لە ڕێکخستنی بابەتەکەدا.
- پشتگوێ خستنی پیاچونەوەی ڕەش نووسی یەکەم.
- دەربڕینی تێڕوانینێکی تەسکی نوسەر.
- جیایی نێوان بابەتەکەو جەماوەرەی قسەی بۆ کراوە.

سەرەڕای ئەوە، هەڵەی زمانەوانی و شێوازیش هەیە، لەوانە:

- درێژکردنەوەو زۆر بلێیی
- ڕستەی دوورو درێژ.
- ڕستە ئەمەتیە (جۆرییە) لەبەر کراوەکان (کلێشەییەکان) و دەربڕینە سواو ولاوازەکان.
- نەبوونی هاوگونجاوی لەنوسینەکەدا.
- بەکارهێنانی زمان و دەربڕینی سەیر و موفرەداتی پەراوێزیی ناباو.
- نەبوونی پێشەکی یاخود کۆتایی گونجاو .
- پەنابردنە بەر زمان گۆڕینی بێ هێزکە دەبێتە هۆی ناتەواوی هۆنینەوەی قسەکان و چنینی.

لەمەودوا گفتوگۆ دەکەین لەسەر چۆنیەتی بەجێهێنانی نووسین، واز لەو کارانە دەهێنین کە پەیوەندیدارن بە زمانەوانی و شێوازەوە. کەخوێنەر دەتوانێت لەکتێبی تایبەت بەو بوارانەدا بیدۆزێتەوە.

لەڕاستیدا نووسینی کاریگەر ئامرازێکی بەهێزو کاریگەرە و فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە بانگەواز کردندا. لە سەرمان پێویستە کە گرنگی خۆمان بدەین بە پێشخستنی تواناکانمان لە نوسین دا بە لێهاتوویی و بە تواناوە.

## سێیەم : کرداری نوسین

کرداری نوسین گـران و ئـاڵۆز دیـارە، بـەڵام لەڕاسـتی دا پێویسـتی بـە شـارەزایی و وردەکـاری ژمارەیـەك لەبەهرەمەندیـە بنەڕەتییەکان هەیە دەتوانین کێشەی نوسینەکە کەم بکەینەوە ئەگەر هاتوو بە تەواوەتی لەو بابەتە تێگەیشتن کـە دەینوسـین و لەگـەڵ مەبەست لە نوسینەکە و ئەو جەماوەرەی بۆی دەنوسین. ئەگەر هەموو ئەوانەمان لەبەرچاو گرتبوو، ئەوا دەتوانین ئـەو کێشـانەی کـە لەگەڵ نوسیندا هەن کەم بکەینەوە بۆ کەمترین ئاستی گونجاو کەلە توانادایە ئەوەش بەشـی کردنـەوەی کردارەکـە لـە شـێوەی چـەند هەنگاودا کە دەبێتە هۆی ئاسانی پێهەڵسانی و زاڵ بوون بەسەریدا. دەکرێت ئەو هەنگاوانە لەمانەی خوارەوەدا دەربخرێت :

### أ- پلاندانان

نوسین بە پلاندانان دەست پێدەکات. ئەمەش مانای بیرکردنەوە لەوەی کـە لەوانەیـە بنوسـرێت لـەو بابەتـەی لێـی دەدوێـین. ئەوەش پێویستی بە وەرگرتنی چەند سەرەخاڵێك هەیە بۆ بەبیرهێنانەوەو دانانی لیستێك یان دانـانی نەخشـەیەکی نزیـك خـەرەوە بـۆ بیروڕاکان کە پێشکەش دەکرێن. هەڵدەستین بە دانانی بیرەکان و درێژەی باسەکان کە پاڵپشتن تاوەکو هیچ خاڵێك بەفیڕۆ نەدەین یاخود بیرەکان بەڕێگایەکی نارێکخراو نەخەینـە ڕوو. لەڕاسـتیدا بیرکردنـەوەو هـەڵبژاردنی ووشـەکان و پێشـبینییەکان – کـە بریتـین لـە کردارەکانی پێش نوسینی یەکەم ووشە – بە گرنگ دادەنرێت بە ڕادەی گرنگیتی ئامرازەکانی نوسینی هەموو پارچەکە .

### ب- نوسینی ڕەشنوس

پێویستە یەکەم ڕەشنوس بـە شـێوەیەکی پوخـت و کـورت ئامادەبکـەین، لەگـەڵ بەکارنـەهێنانی ئـەو وشـانەی کەلەسـەرو پێویستییەوەن یاخود زیادن، وە خۆلادان لە ووشەی ناڕوون کە دەبێتە هۆی کێشە دەربارەی ئەو بیروڕایانەی کە پێویسـتە بخرێنـە ڕوو. لە هەمان کاتدا دەبێت ڕەچاوی خوێنەران و توانای وەرگرتنیان بۆ بیروڕا گرنگەکان بکەین. پاشان بەکارهێنانی ئەو نموونانەی کـە بـۆ ڕونکردنەوە بەکار دەهێنرێن ولەوانەیە بیروڕا گرانەکان شیبکەنەوە، بەو شێوەیە ئەو کاتـەی بـۆ نوسـینی ڕەشنوسـەکە دیـاری کـراوە بەتەواوەتی سودی لێ دەبینرێت، چونکە ڕەشنوس بناغەی پارچە نوسراوەکەیە . هەر بەتـەواو کردنـی ڕەش نوسـەکە هەڵدەسـتین بـە پیاداچوونەوەی بۆ ئاشنابوون بەو ڕەگەزانەی کە دەکرێت سودی لێ وەربگیرێت، چ بیرۆکە بن یان نموونە یان شێوازی گشتی، تاوەکو لـە قۆناغی پیاداچوونەوەدا پەرەی پێبدەین.

پێویستە ئامادەییمان هەبێت بۆ وازهێنان لەچەند بەشێکی ڕەش نوسەکە یاخود هەر هەمووی ئەگەر هاتوو ئەو سودەی نـەبوو کە ئێمە دەمانەوێت.

### ج- پێداچوونەوە

کرداری پێداچوونەوە لەوانەیە ڕەشنوسەکە تائاستێکی شیاو باش بکات. ئێمـەش بـە ڕەشنوسـەکەدا دەچینـەوە بەمەبەسـتی وەلانانی دوورو درێژیە ناپێویستەکان و ڕونکردنەوەی هەربیرێکی ناڕۆشن و گونجاندنی لە نێوان ڕەگەزەکان و هاوسەنگی و گشتگیری. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کرداری پێداچوونەوە ئالیەتێك نەبێت بۆ چەسپاندنی ئەوەی لە ڕەشنوسەکەدا هاتووە، بەڵکو ئـامرازێك بێـت بۆ گەیشتن بەنمونەیەکی کۆتایی نایاب. لەبەر ئەوە لەم قۆناغەدا بەدور دانانرێت کە بەشێکی بنـەڕەتی کارەکانمـان بگۆڕیـن وە یـاخود شێوازەکەی یان ئەو تێڕوانینەی کە کارەکەمان پشتی پێ بەستووە. هەروەها ئەوە هەلێکی گونجاوە بۆ لابردنی ئەو شتانەی کـە هـەرا دەنێتەوە.

### د- پێداچوونەوەی دەقی کۆتایی

پاش ئامادەکردنی ڕەشنوسی کۆتایی و پاش پیادا چوونەوەی جارێك یان دووجار، دەقە کۆتاییەکە بەشێوەیەکی جوان دەخوێنینەوە، تیایدا ووردبینی ڕاست و هەڵەکانی زمانەوانی و وشەکان و بەکارهێنانی خاڵ و فاریزەکان ...هتد دەکەین، و باشتر وایە کە فەرهەنگێك بەکار بهێنین یان بگەڕێینەوە بۆ کتێبێکی زمانەوانی. لێرەدا دەزانین ئەگەر کاتی پێویستمان نەبوو بۆ پێداچوونەوەی ورد ئەوا هەر لە بنەڕەتەوە کاتی پێویستمان نابێت بۆ نووسین. باشتر وایە کە هەر نەنوسین ئەگەر پێدا چوونەوەمان نەبوو.

## چوارەم : چەق بەستنی زەینی نوسەر

دەستەواژەی چەق بەستنی زەینی نووسەر (تبلد زهن الکاتب) لەحاڵەتی وەستانی بیری نوسەردا بەکار دەهێنرێت بەشێوەیەك کە توانای نووسین یەك وشەی تری لە بابەتەکە نەمابێت. زۆر ستراتیژیات هەیە کە دەکرێت یارمەتیمان بدات بۆسەرکەوتن یان زاڵ بوون بەسەر ئەم حاڵەتەدا. بۆ نموونە، لەتوانامانداپە :

- هەوڵ بدەین بەردەوام بین لەسەر نوسین، بەشێوەیەك کە بیرۆکەیەك بەرەو بیرۆکەیەکی ترمان بەرێت، بەم شێوەیەبۆمان دەردەکەوێت کە بە هێواشی دەگەڕێینەوە سەر بابەتەکە.
- دایەلۆککردن لەگەڵ ئەوانەی گرنگیدەرن یاخود شارەزان لەو بابەتەدا و سود لە راکانیان وەربگیرێت، وەلە چوارچێوەی ئەم کردارەدا ئاراستەو ڕێڕەوی نوێ بەرهەم دێت بۆ باسکردنی بابەتەکە.
- نوسینەکە بۆ ماوەیەك بەجێ بێڵین و پاش ماوەیەکی تر بەدیدێکی ترەوە بچینەوە سەری.
- خوێندنەوە دەربارەی بابەتەکە .
- خوێندنەوەی نوسراوە پێشووەکان .

## پێنجەم : بیروڕای بەکەڵك

لەو بیرۆکانەی کە بەکەڵکی نوسینی باش دێت :

- لەنوسینی پەخشاندا پشت ببەستە بە ڕاستییەکان، وبەردەوام بە لەسەر ساکاری و کورتکردنەوەو تۆکمەیی.
- خۆت لابدە لە موفرەدات و وشەی نامۆ و هێماو دەستەواژە بێ ماناو نەزۆکەکان.
- شێوازی کورت و باش بگرە بەرو ڕستەی کورت بەکاربێنە.
- زیاتر فرمان بەکار بهێنە وەك لەناو.
- وشەی ناپێویست دوور بخەرەوە بەگۆڕینی ناوەکان بۆ فرمان.
- شێوازی (مبنی للمعلوم) بەکار بهێنە ئەویش بەدەرخستنی بکەر.
- خۆت لابدە لە دوبارەکردنەوەی وشەکان، واتای تر بەکاربهێنە لە جیاتی ئەوە.
- بە ڕەشنوسێك دەست بکە بەنووسینەوەی هەموو بیروڕاکانت کەپەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە، هەروەها سەرەتای قسەکانت لەسەر کاغەز بنوسەرەوە. لەسەرەتاوە گرنگی مەدە بە ڕێکخستن و ڕیزبەندی کردن. دەتوانیت لەدواییدا پریشکی بیرو ڕاکان و ئەو شتانەی کەبەخەیاڵتا دێن لە شێوەی چەند کۆمەڵێکدا ڕێکیان بخەیتەوە.

- ئەو پەندە باوەت لەبیر بێت : ((خیر الکلام ماقل و دل)). باشترین قسە ئەوەیە کەم و بەمانا بێت.

## هەڵوێستی کرداری

## نوسین داهێنانە لەفکرو دەوڵەمەندکردنی کەسانی‌تر ...

دەگێڕنەوە کە سەرۆکی دەزگایەکی زانستی لە پاکستان جارێك قسەی بۆ ئافرەتێکی ماڵەوەی خێزانێکی دەوڵەمەند دەکرد لە خاوەن کارەکان، وەك بەشێك لە هەڵمەتی چالاکانەی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و هاندان بۆ فێربوون، هەوڵی دەدا کە ژنەکە ڕازی بکات کوڕەکەی هان بدات بۆ چوونە قوتابخانەو پاشان بۆ زانکۆ لە جیاتی ئەوەی تەنها منداڵێك بێت شارەزا لە کارو باری خێزان و بەتایبەتیش کە تەمەنی منداڵە. ژنەکە ویستی هۆکەی بزانێت و پرسیاری لێکرد (زانکۆ دەتوانێت چی بۆ بکات؟)) وەڵامی دایەوە ووتی : ((زانکۆ هونەری نوسینی فێردەکات، وەك نموونە)) ، ئەو کاتە ژنە پیرەکە وەڵامی دایەوە : ((بۆچی فێری نوسین بێت، ئەو سکرتێری دەبێت بە بەردەوامی)) !!

بێ‌گومان نوسین نرخی زۆر لەوە زیاترە کە لەگەڵ ئەوەی سکرتێرێك ڕابسپێرێت بە هەڵسان بەو کارە. نوسین ڕێگایەکە بۆ سەرکردایەتی و ڕێگایەکە بۆ گوێزانەوەی بەشێك لەخۆت و ئەولەویەتەکان و گرنگی دانەکانت و هەستەکانت بەرەو ئەو کەسانەی ڕابەرایەتیان دەکەیت. بیرلە زۆر شێوازی جیاجیا بکەرەوە کەلە ڕێگایەوە بتوانێت ئەوە بکەیت، لەوانە بۆ نموونە:

- یاداشتە ناو خۆیەکان بۆ کارمەندە هەمیشەیی و کارمەندە خۆبەخشەکان .
- ووتاردان بۆ ئەندامان یان بۆ جەماوەر .
- وتاردان بۆ دەستنیشان کردن یان ئاراستە کردنی لیژنەکان.
- ڕێککەوتنەکان لەگەڵ کەسانی‌تر یاخود ڕێکخراوەکانی‌تر.
- یاداشتنامە کورتەکان ، یان دۆسیەی کار ، پێشنیار بۆ سەرۆکەکان .
- بڕیارەکان یاخود کۆنووس بۆ کۆبونەوەکان.

تەنها بۆ ئەوە مەنوسە کە لاپەڕەکان پڕبکەیتەوە، بەڵکو ببەبە:

**داهێنەرو**

**وردبین و**

**ئامانج دار**

## گفتوگۆ

١- چۆن نوسین جیا دەبێت لە ووتار وەك هۆكارێكی پەیوەندی كردن؟
٢- ئەو چوار هەنگاوانە چین كە دەكرێت كرداری نوسینی بەسەردا دابەش بكرێت؟
٣- ئەو هەڵە بنەڕەتییانە چیە كە لەوانەیە تێی كەویت لەكاتی هەر هەنگاوێكدا؟

## جێبەجێ كردن

بەپێی ئەوەی بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەكانی ڕێكخراوەكەتی، داوات لێ كرا كە ((پەڕەیەكی سپی)) ئامادە بكەیت سەبارەت بە دامەزراندن و گەشەكردنی . ئەو پەڕەیە بەكار دەهێنرێت بۆ پشتیوانی هەڵمەتی كۆكردنەوەی پارە بەوەی بیدەیتە دەست ئەوانەی كۆمەك دەكەن هەروەها بۆ یارمەتی ئەندامە نوێیەكان كە پابەندبن لە پێشكەش كردنی ئەو پەڕیە لە داهاتوودا. تۆ خۆت ناوەڕۆكی پەرەكە و قەبارەو شێوازی بەكار هێنان لە ئامادە كردنیدا دیاری دەكەیت .

١- هێڵە پانەكانی پلانەكەت دابنێ لە نوسینی ((پاكنوسەكە)) .
٢- یاداشتێك بنووسە بۆ هەر كەسێك داوات لێكردوە كە هەستێت بەتەحریركردنی ڕەشنووسەكەو پوختەكاری تێیدا. ئەوە دیاری بكە كەچی پێویستە لەسەر نوسەرەكە كە بەئاگابێت لە چاككردنی ڕەش نوسەكەتدا .
٣- پێنج شت ریزبەند بكە كە خۆتی لێ لا دەدەیت لە كرداری نوسینەكەدا بەپێیئەو سروشتە دیاری كراوەی كەهەیەتی.

بەشی

١٤

# ئـامـۆژگـاری

**یەکەم : سروشتی ئامۆژگاری**

**دووەم : ئامۆژگاری وەك کرداری پیاداچوونەوە.**

**سێیەم : ئامۆژگاری وەك ئەرك.**

**چوارەم : ئامۆژگاری لە بواری جێبەجێ کردن دا .**

**أ - لەگشتییەکانەوە بۆ تایبەتیەکان**

**ب- لە زانینەوە بۆ ڕەفتار.**

**ئامانجەکانی بەش**

**پاش تەواو کردنی ئەم بەشە دەتوانیت :**

- **ڕەگەزەکانی کرداری پێشکەش کردنی ئامۆژگاری دیاری بکەیت .**
- **ئامۆژگاری پێشکەش بکەیت بەو ڕێگایەی کەپێت ڕاسپێردراوە .**
- **پێشوازی بکەیت لە ئامۆژگاری بە شێوازێکی گونجاو .**

## یەکەم : سروشتی ئامۆژگاری

ئامۆژگـاری پێشـکەش کـردن لـە گرنگـترین تایبەتمەندیـیـەکانی بـانگخوازە، کەبریتیـیـە لـە ئـامرازێکی جەوهــەری بــۆ پیاداچوونەوەو هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵگا بە زانیاری پێغەمبەر (ﷺ) پێناسەی دین دەکات کە ئامۆژگـاری یـە بـۆ موسڵمانان کە دەفەرموێت : (الدين النصيحة) قيل: لِمَن؟قال (لله ولرسوله ولكتابه و لأَ ئِمة المسلمين وعامتهم)[1]

واتە: ((دین ئامۆژگارییە بەواتایـەکیتر (دیـن دڵسـۆزییە) )) ووتیـان : بۆکـێ؟ فـەرمووی ((بـۆ خـواو پێغەمبەرەکـەی و کتێبەکەی و پێشەوایانی موسڵمانان و بەگشتی هەموو موسڵمانان)).

---

(١) (صحيح مسلم)

گرنگی ئەم سیفەتە لەو ڕاستییەدا دەردەکەوێت کە پێغەمبەر (ﷺ) بەیعەتی لەجەریری کوڕی عەبدولا و کەسانیتر لەهاوەڵەکان وەرگرت بۆ سێ کردار: نوێژکردن و زەکاتدان و ئامۆژگاریکردنی هەموو موسوڵمانێك. مەبەستیش لەدەستەواژەی (هەموو موسوڵمانێك) فەرمانڕەواو ژێردەستە.

ئەگەر وامان ڕاگەیاند کە براکانمان خۆش دەوێت، ئەوا یەکێك لەپێوەرەکانی ئەوخۆشەویستییە ئەو بڕە ئامۆژگارییە دڵسۆزانەیە کە پێیان دەگەیەنین. ئەگەر ئەوەمان نەکرد ئەوا خۆشەویستییەکانمان تەنها ڕووکەش دەبێت و بانگهێشتەکەمان تەنها قسە دەبێت نەك هەستێکی گەرم و هەڵقوڵاو لەدڵەوە.

پێشکەش کردنی ئامۆژگاریش پەیامی هەموو پێغەمبەرانی خودا بووە.

لەسەر زمانی هودەوە (عليه السلام) هاتووە: أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَأَنَا لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾ (الأعراف)

لەزمانی پێغەمبەر شعیب (عليه السلام)... لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ...﴿٩٣﴾ (الأعراف)

## دووەم: ئامۆژگاری وەك کرداری پێداچوونەوە

ئێمە وەك ئادەمیزاد کارەکانمان ئەنجام دەدەین بەبێ ئەوەی توانای ئەوەمان هەبێت کە تێبینی خۆمان بکەین لەو کاتەدا. ئەوەش بێگومان سنووردارکردنی تواناکانمانە. بەڵام خوای گەورە قەرەبووی ئەو سنووربەندییەی بۆ کردووینەتەوە بەوەی کە موسوڵمانانی کردۆتە ئاوێنە بۆ یەکتری. وە لەڕێگای براکانمانەوە دەتوانین کارەکانمان چاودێری بکەین لەکاتێکدا بەجێی دەگەیەنین.

بەپێی ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر، موسوڵمان ئاوێنەی براکەیەتی. ئاوێنەیش وێنەیەکی ڕاستەقینەمان دەداتێ نەزیاد و نەکەم، وەڵەسەرمان پێویستە کە هەستین بەهەمان کار کاتێك ئەم وێنەیە بۆ براکانمان دەگوێزینەوە لەڕێگای ئامۆژگاری کردنەوە.

مرۆڤی دانا سوود وەردەگرێت لەو ڕەخنەیەی کە ئاراستەی دەکرێت، ئەوەش بەڕاستکردنەوەی هەڵەکانییەتی کەخەڵکانی تر تێیدا هەستی پێدەکەن بەڵام خۆی هەستیپێناکات. لەڕاستیدا هاوڕێی دڵسۆز کە ئامۆژگاری پێشکەش دەکات هەرگیز ناکرێت وازی لێبهێنرێت لەم ژیانەدا. وە لەزمانی عومەر (ﷺ) دەگێڕنەوە کەووتویەتی ( رحم الله إمرءاً أهدى إليَّ عيوبي) واتە: ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی هەڵەکانم بەخەڵات پێ ئەداتەوە. ئامۆژگاری پەیوەندییەکی دووجەمسەرە، ئەوەش لەسەر کەسی ئامۆژگاریکراوە کەبەسنگێکی فراوان و مکێشکێی کراوەو ڕوویەکی دەم بەخەندە و دەربڕینی سوپاسەوە پێشوازی لێبکات و بەدوایدا سووربێت لەسەر دەست بەکاربوون بەرەو بەدیهێنانی باشبوونی پێویست. لەلایەکی ترەوە، لەسەر کەسی ئامۆژگاریکەرە کە ئارامی هەبێت و ووشەی گونجاو هەڵبژێرێت و کەشێکی دەروونیی گونجاو بخولقێنێت. پێویستە بێهیوا نەبێت ئەگەرهاتوو هەستی بەگۆڕانکارییەکی دەست بەجێ نەکرد لەهەڵوێستی یان ڕەفتاری ئەو کەسەی کەئامۆژگاری کردووە. ئەم گۆڕانکارییانە بەشێوەیەکی سرووشتی پێویستی هەیە بەتێپەڕبوونی ماوەیەك لەنێوان قەناعەت و پاشان ویست و جێبەجێکردندا.

بۆ ئەوەی ئامۆژگار زیاتر کاریگەرێتی هەبێت، پێویستە خۆشەویستی و دڵسۆزی نیشان بدات. پێویستیشە ئامۆژگاری کردن بەشێوەیەك نەبێت کە لەدەربڕیندا هەست بەباڵادەستی و خۆبەزل زانی بکرێت یان لۆمەکردن و گاڵتە پێکردن و تاوانبارکردنی ئەو کەسەی تیابێت کەئامۆژگاری دەکەیت. دەبێت ئامۆژگاریش بەنهێنی نەك ئاشکرا ئەنجام بدرێت، بۆئەوەی سەغڵەت کردن دروست نەکات. مەبەست لەئامۆژگاریکردن ڕاست کردنەوەی هەڵەی تاکەکانە، نەك دەرخستنی کارە خراپەکانیان یاخود ئابڕو بردنیان.

لەکاتێکدا پێویستە لەسەرمان بەسنگێکی فراوانەوە ئامۆژگاری وەربگرین پێویستە لەهەمان کاتدا ووریا بین کە کەس هەڵمان نەخەڵەتێنێت بەناوی ئامۆژگاری و دڵسۆزییەوە، وەك چۆن شەیتان دایك و باوكمانی لەخشتە بردو لەبەهەشت وەدەرینان.

وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ ﴿٢١﴾ (الأعراف)

یان چۆن براکانی یوسف فێڵیان لەبراکەیان کرد:

... وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ ﴿١١﴾ (یوسف)

## سێیەم: ئامۆژگاری وەك ئەرك

پێشكەش كردنی ئامۆژگاری ئەركێكە لەسەرمان ئیتر وەرگرتنەكەی بەهەر شێوەیەك بێت. چونكە وادەبێت ئامۆژگاریكردن پێشوازی باشی لێ نەكرێت.

لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِنْ لَا تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ ﴿٧٩﴾ (الاعراف)

پێغەمبەر (ﷺ) باسی گەلانمان بۆ دەكات كەچۆن تیاچوون لەبەرئەوەی كە ئامۆژگارییان پشتگوێ خستووە. لەمەش گرنگتر پێشكەش كردنی ئامۆژگارییە تەنها لەبەر خاتری خودا نەك لەبەر هیچ مەبەستێكی دنیایی.

لەبەرئەوە لەسەر هەر بانگخوازێكە كەببێتە پێشەنگێكی باش بۆ مومارەسەكردنێكی دروستی ئەو فەزیلەتە.

پێویستە تووشی بێهیوایی نەبین لەو كەسانەی وادەردەكەون كە گوێ بەئامۆژگارییە دڵسۆزانەكانمان نادەن. تاقیكردنەوەكان ئەوەیان دەرخستووە تەنانەت ئەو كەسانەش كە ئامۆژگارییە روونەكان كە فەرمان یاخود نەهیكردنە هەندێ كات بەبێزارییەوە وەریان گرتووە، دواتر لەقووڵایی دڵیانەوە بەخۆشحاڵییەوە وەریانگرتووەو هەستیان بەئارامی دەروون كردووە.

روتەیەكی ئاگادار كەرەوەش هەیە! كە پێشكەش كردنی ئامۆژگاری بەكەسێك مانای ئەوە نییە كە رای ئێمە سەبارەت بەو مەسەلەیە راست و دروستە. لەوانەیە ئێمە هەڵە بین و ئەو كەسەش كە ئامۆژگاری دەكەین لەسەر رێگای راست بێت. لەم جۆرە حاڵەتانەدا، مومارەسەی ئامۆژگاری نابێت ببێتە جەدەلێكی نەزۆكانە، بەڵكو پێویستە بەشێوەی گفتوگۆو لێك تێگەیشتنێكی برایانە بێت. ئەوە ئەو بەرپرسیارێتییەیە كە هەریەك لەئامۆژگار ئامۆژگار پێشبڕكێی لەسەر دەكەن.

بالێرەدا بنەما قورئانییەكان كورت بكەینەوە سەبارەت بەو مەسەلەیە:

١- ئامۆژگاری كردن بەبەردەوامی پەیامی پێغەمبەران (عليهم السلام) بووە.

٢- ئامۆژگاری كردن لەهەندێك كاتدا پێشوازی باشی لێناكرێت.

٣- پێویستە ئاگاداربین تا بەناوی ئامۆژگارییەوە هەڵنەخەڵەتێین.

٤- ئەركی سەرشانمان بریتییە لە پێشكەش كردنی ئامۆژگاری بەڵام ئەمەش بەرهەمی نابێت ئەگەر ویستی خوای گەورەی لەسەر نەبێت.

## چوارەم: ئامۆژگاری کردن لەبواری جێبەجێکردندا

### أ- لەگشتی‌یەکانەوە بۆ تایبەتی‌یەکان

خوای گەورە دەفەرموێت: وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٥﴾ (الذاريات)

بیرهێنانەوە بریتی نی‌یە لەفێرکردن چونکە بیرخستنەوە ئەوەدەگەیەنێت کەخودی زانیاریەکە هەیە. زانیاریش ئەرکە بەڵام تەنها ئەوە بەس نی‌یە. ئێمە لەهەندێك کاتدا بیرمان دەچێت هەندێ کاتی تریش ئاگامان لەهەڵسوکەوتی خۆمان نی‌یە. وەکاتێك ئەرکێك رادەپەڕێنین خۆمان نابینین بەڵام کەسانی‌تر دەمان بینن. ئەگەرهاتوو پێمان ڕانەگەیەنن کەچۆن هەڵسوکەوت دەکەین ئەوا ئێمە هەست بەبنەماکانی هێز یاخود خاڵە لاوازەکان لەخۆماندا ناکەین. ئەوەش بەرێگرێك دادەنرێت، بەڵام خوای گەورە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە چارەسەر لەبەشداری کردنماندایە لەگەڵ خەڵکی بیرخەرەوەدا.

یەکەم، لێرەدا یادکردنی بەردەوامی خوای گەورە هەیە، ئیسلام لەرێگای ئامرازی زیکرەوە ئەم یادکردنەوەیەی ڕێکخستووە.

الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَاماً وَقُعُوداً وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿١٩١﴾ (آل عمران)

دووەم، ئاستی هەڵسوکەوتی موسوڵمانان: ئەمەش لەو وتەیەی پێغەمبەرەوە (د.خ) دێت لەرێگای پراکتیزە کردنی بنەمای: ((الْمُؤمِنُ مِرْآةُ الْمُؤمِنِ))[1]

مرۆڤ لە ئاوێنەی سروشتی‌دا بەووردی خۆ دەبینێت وە ئاوێنەکە بەشێوەی بینین و ڕەنگدانەوە قسەی بۆ دەکات، بەڵام لەئاوێنەی برایانەدا، لەسەر موسڵمانە کە بەدەنگی بەرز بۆ براکەی قسەبکات. لێرەدا ئەگەری نشوستی و سەرنەکەوتن لەئارادایە. زۆرکات براکانمان حەزدەکەن هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە ئەگەر پێیان زانی، بەڵام ئەگەر براکانیان گوێیان نەدا بەدیاریکردنی هەڵەکانیان ئەوا ئەوان هەڵەکان دووبارە دەکەنەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەوە بەس نی‌یە کە بەیەکێك بڵێین خاوێن بە چونکە خۆی دەزانێت کەلەسەریەتی خاوێن بێت. پێویستە لەسەرت کە لە گشتی‌یەکانەوە بچیت بۆ تایبەتی‌یەکان بۆ نمونە واباشە کە پێی بڵێیت بۆنێکی ناخۆشت لێ‌دێت یان بۆنی دەمت ناخۆشە یان جلەکانت پیسە یاخود نینۆکت درێژە.... و شتی لەو بابەتە لەووردو درشتی دیاریکراو، بەڵام بەشێوازێکی ڕێك و پێك و نەرم بۆئەوەی ئەنجامێکی پێچەوانە نەبێت.

### ب- لەزانینەوە بۆ ڕەفتار

لەسەرمان پێویستە لە کاری مەیدانیدا لەئاستی گشتییەوە بچین بۆ ئاستە تایبەتەکان، هەرکات کەبوار ڕەخسا. بەم ڕێگەیەش، ئەو کەسەی ئامۆژگاری کراوە هەست دەکات کێشەکە لەکوێ‌دایە و دەست دەکات بەڕاست کردنەوە. بەم شێوەیە هەر بە دیاریکردنی هەڵەیش پێویستە کەڕای بگەیەنین، ئەگەرنا ئەو برایەی کە پێویستە لەسەرمان ئامۆژگاری بکەین دەماخاتە بەر لێپێچینەوە لەڕۆژی دواییدا.

ئەو وتەیەی عومەری کوڕی خەتتاب (ﷺ) کە پێشتر باسمان کرد: ((رَحِمَ اللهُ امرءاً أهدى إِلَـيَّ عيـوبي)) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە عومەر بیرهێنانەوەی کەموکوڕی‌یەکانی بەوە لێك دەداتەوە کەدیاری‌یەکە بۆی هاتووە لەڕاستی‌دا ئەوە تەنها دیاری‌یەکی گرانبەها نی‌یە بەڵکو خەڵاتێکی زۆر پێویستە کە ناکرێت پشت گوێ بخرێت، بەتایبەتی سەبارەت بەئێمە لەم کاتەی ئێستاماندا، کە

[1] سنن أبي داود و سنن الترمذي.

پێویستیمان بەو مومارەسە جوانەیە کەزادەی خۆشەویستیمانە بۆ کەسانیتر و گرنگی دانمانە ئێمە پێیان. ئەگەر خەڵکێکت خۆش دەویست پێویستە لەسەرت هەڵەکانیان بەڕوونی پێ بڵێیت نەك لای خەڵکی بڵاوی بکەیتەوە، وەپێویستە لەسەر ئەوانیش کە بەهەمان شێوە هەڵسوکەوتت لەگەڵ بکەن، ئەگەرنا ئیمان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە بەپێی ووتەی پێغەمبەر (ﷺ):

((لا يُؤمِنُ أَحَدُكُمْ حَتّى يُحِبَّ لأَخيهِ ما يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)).[1]

ئەمەش پێچەوانەی ئەو خۆپەرستیەیە کە لەکۆمەڵگا مادیەکاندا دەیبینین کە خەڵك گرنگی یەکەم بەخۆیان دەدەن. مەبەستیشیان بریتییە لەئازادی تاکیی ڕەها وەك ڕێگایەك بۆ چێژ وەرگرتن لەحەزو ئارەزووەکانیان بەمەش خۆیان پابەند ناکەن کەوا کەسانی تر ئاگادار بکەنەوە لەوەی کە نایانەوێت گوێیان لێ بێت.

ئێمە ئامانجمان بریتییە لەبەرپاکردنی حەق لەکۆمەڵگەدا، تەنانەت ئەگەر بشبێتە هۆی ئەوەی کە شتێك بەخەڵکی بڵێین کە نایانەوێت گوێیان لێ بێت. پێویستە دەست بەجێ دەست پێبکەین، لەجاری داهاتوودا کاتێك دەبینیت کە براکەت کراسێکی لەبەردایە قۆپچەکانی لێبوەتەوە یاخود بۆینباخێکی ملی بەستوە بەخواری یاخود زنجیری پانتۆڵەکەی کراوەتەوە، یاخود پاشماوەی خواردن دەبینیت بەدەم و چاو و ڕیشییەوە یان دەبینیت کە پێڵاوەکانی توند نەبەستراوە یاخود گوێت لێیەتی بەدەنگی بەرز قسەدەکات، هەوڵ بدە بەخێرایی و لەپەناوە بیری بهێنەرەوە، پێویستە ئەویش سوپاست بکات بۆ ئەو دیارییە بەنرخەی پێشکەشت کردووە. ئەگەرهاتوو ئامۆژگاریمان بەکارهێنا لەکاتی گونجاو بەهەموو دڵسۆزییەکمانەوە لەبەرنامەکانی مەشقماندا، ئەوا ئاستی بەجێهێنان بەرز دەبێتەوە بەڕێژەیەك کە لە٥٠٪ زیاتر بێت بە پشتیوانی خوا، وەهەست بەنیعمەتی نزیکبوونەوە لەکۆمەڵگەی یادکردنەوەو یادخستنەوە دەکەین.

ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:




ئەمە ئامۆژگارییەکە لەبواری جێبەجێ کردنە کردەییەکەیدا. کە زانینی تیۆری دەگۆڕێت بۆ ڕەفتاری باشتر لەڕێگای فاکتەرە یارمەتی دەرەکانەوە وەك خۆشەویستی ڕاستەقینە و دڵسۆزی کە دەریان دەبڕێت.

---

[1] صحيح البخاري و صحيح المسلم.

## ئامۆژگاری لەچوار چێوەی مومارەسەدا

ئامۆژگاریکردن و پێشوازی کردن لیێ پێویستیان بەکەسایەتی بەهێز هەیە، وەك ئەو بارەی پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندێتییەکانی تری کەسایەتی سەنگینەوە، ئەوا ویست و مومارەسە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوە ببینە ئامۆژگاریکەرو ئامۆژگاریکراو بەشێوەیەکی باشتر. لەوانەیە بتوانین ئامانجێك بۆ خۆمان دیاری بکەین لەماوەی سێ مانگی داهاتوودا. ئەگەر بێتو تەنها بۆ جارێکیش بێت دەتوانین ئامۆژگاری پێشکەش بکەین بەزۆر کەس لەخوشك و برایان کە خۆشمان دەوێن و گرنگییان پیێدەدەین، ڕەفتارمان شیدەکەینەوە لەڕێگای ئەم کردارەوە لەپاشدا وەك ئەوەی لەم بەشەدا گفتوگۆی لەسەرکراوە.

## مەشق کردن لەسەر ئامۆژگاری

هەستە بەدابەش کردنی کۆمەڵە بچوکە ناوخۆیییەکەت بۆ چەند کۆمەڵێك کە هەر کۆمەڵێکیان لەدووکەس پێك دێت. وازیان لیێبێنە با ئامۆژگاری یەکتری بکەن بەنهێنی بۆ ماوەی پێنج خولەك.

پاشان ئاڵوگۆڕی ئەو وانانە بکە کەلەم ئەزموونە سوودیان لیێوەرگیراوە هەروەها گفتوگۆی لایەنە هونەریەکە بکە لە پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و ڕیێو شوێنی ئامۆژگاری لەکۆبوونەوەی گشتی گروپەکاندا.

## گفتوگۆ

١- ئامانج چی‌یە لەبیرخستنەوەی کەسانی‌تر بەهەڵەکانیان؟

٢- چۆن تاك ئەرکی خۆی بەجێدەهێنێت وەك ئارێنەیەك بۆ براکەی؟

## جێبەجێکردن

لەکاتێکدا کەچاوت دەخشاند بە تۆمارکانی ڕێکخراوەکەتدا بەپێی ئەوەی کەتۆ سەرۆکی نوێی لیژنەی هەڵسەنگاندنیت چەند هەڵەیەکت هەست پێکرد. یەکێك لەهەڵەکان چەند جارێك دووبارە بۆتەوە سەبارەت بەزیادەڕەوی لەخەرجیدا لەئەنجامی شکستی (امین الصندوق) لەدانانی خشتەیەکی پێشتر بۆ کرراوەکان. تۆ ناتەوێت بیکەیتە کێشەیەکی کارگێری بەڵام هەست دەکەیت کە کارەکە پێویستی بەوەیە کە سەرنجی (امین الصندوق)ی بۆ رابکێشیت. ئامانجی تۆ بریتی‌یە لەڕاست کردنەوەی ڕێو شوێنی دارایی.

١- لەم حاڵەتەدا هێڵە سەرەکییەکان بە شێوەی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی ئامۆژگاری دابنێ.

٢- هەستە بەدانانی ڕەشنووسی دەقی پێویست بۆ ڕێو شوێنی دایەلۆك لەنێوان تۆو (أمن الصندوق)دا.

٣- سێ هۆکاری دابنێ وەکو ئەگەرێك، تیایدا ڕوونی بکەرەوە بۆچی لەوانەیە تۆ هەڵەبیت لەهەڵسەنگاندنی بارەکەدا.

بەشی
١٥

# پەیوەندیکردن

**یەکەم: پەیوەندیکردن چیە؟**

ا – حوکم و تەئویل

ب– ڕێنمایی پێغەمبەرانە لە پەیوەندیکردندا

ج– هەست پێکردن بەگرنگیتی

**دووەم: ڕێگاکانی پەیوەندیکردن**

ا – بیروڕا دەربارەی پەیوەندیکردن

ب– ئایا ئەوە دەڵێیت کە مەبەستتەو ئەوەی مەبەستتە دەیڵێیت؟

**سێیەم: لێپێچینەوە لەڕاستی زانیاریەکان**

**چوارەم: دیسپلینی پەیوەندیی دروست**

ا –ئاخاوتن: بەکارهێنانی زمانی بێ ئاخوتن

ب– ئەوەی کەدەیکەیت و نایکەیت لەکرداری پەیوەندیکردندا

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

لەپاش تەواوکردنی ئەم بەشەدا، دەتوانیت:

- تێبگەیت لەپێویستێتی پەیوەندیکردن بەخەڵکانیترەوە.
- ناسینی لایەنەکانی کەموکوڕی لەپەیوەندیکردندا.
- تێبگەیت و تێبگەیەنیت بەشێوەیەکی باشتر.

خوای گەورە دەفەرموێت:

الرَّحْمَـن ﴿١﴾ عَلَّمَ القُرْءانَ ﴿٢﴾ خَلَقَ الإِنسانَ ﴿٣﴾ عَلَّمَهُ البَيانَ ﴿٤﴾ (الرحمـن)

خوای گەورە فێری دەربڕین و پەیوەندیکردنی کردوین. ڕۆڵی ئێمە بەسادەیی بریتی‌یە لەگەیاندنی پەیامەکە بەڕوونی و دەست پاکی. لەکاتێکدا کەژمارەیەك بەربەست هەیە لەڕێگای پەیوەندی‌کردنی کاریگەردا وەستاوە، ئەمڕۆ هۆی زۆر لەکێشەکان دەگێڕدرێتەوە بۆ تێکچونی پەیوەندییەکان، وەك کێشەکانی جیابوونەوە (الطلاق) و بێ‌کاری و تەواونەکردنی خوێندن. پەیوەندی‌کردن کاریگەری لەسەر خەڵك دروست دەکات، و دەگاتە ناویان و هەمووشیان بەشداری دەکەن لەو پرۆسەیەدا، هەموومان بەڕێوەبەرێکی بەرپرسین لەپەیوەندی‌کردن بەخەڵکەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کەهەست بەوە بکەین کە منداڵان بەڕێوەبەرایەتی باوك و دایکیان دەکەن،و خوێندکاران بەڕێوەبەرایەتی مامۆستاکانیان دەکەن و نوسەرەکان بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبەرەکانیان دەکەن.

لەبەدبەختی‌دا، ئێمە لەمنداڵی‌یەوە لەسەر کەم پاراستنی ئەمانەت پەروەردە دەبین، لەبەرئەوە ئێمە لە پەیوەندی‌یەکانماندا لەگەڵ خەڵکانی‌تر خۆمان حەشارداوە لەپشت هەزار دەمامکەوە (قناع). خەڵکی ژیانێکی دەستکرد بەسەر دەبەن، دەترسن کەسانی‌تر لێیان ناگادر بێت، گاڵتەیان پێ‌دەکەن، یان ڕەتیان دەکەنەوە. بۆیە لەسەرمانە پێویستە بەو شتانە هەڵ نەخەڵەتێین کە کەسانی‌تر دەیڵێن با بەووردی گوێ بەوشتانە بدەین کە نایڵێن. باشتروایە کەکەسانی‌تر ڕەتمان بکەنەوە لەسەر سیفاتەکانمان لەجیاتی ئەوەی پێشوازیمان بکەن لەبەر هەندێ سیفات کە تێماندا نی‌یە.

لەڕاپرسییەکی لەیەکێك لەزانکۆکاندا ئەم پرسیارە ئاراستەی کۆمەڵێك خوێنکار کرا: (ئەو شتە چی‌یە کەبۆی پەرۆشن زیاد لەوانی‌تر؟)، وەڵامی زۆربەی هەرە زۆر ئەوەبوو: (کەمن دایك و باوکم بەباشی ناناسم)، سەرەڕای ئەوەی کەئەوان لەژێر یەك سەقفدا دەژین بەڵام یەکتری باش ناناسن یاخود یەك لەوی‌تر باش تێ‌ناگات وەك پێویست.

## یەکەم: پەیوەندی‌کردن چی‌یە؟

پەیوەندی‌کردن ئەوەیە کەخەڵك بتوانێت پێت ئاشنا بێت و بتناسێت، و ڕێگایان پێ‌بدەیت بۆ بەردەوامی لە تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕکراو لەگەڵتدا، ئەگەر ئەوەیان کرد ئەوا ڕێزت لێ‌دەگرن وەك حەقیقەتی خۆت. ئەم کردارە بەشداری‌کردنی بیرو هەستت لەگەڵ خەڵك بەشێوەی دروست دەگرێتەوە.

### أ- حوکم و تەئویل

بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی‌دا بریتی‌یە لەبڕیاری پێشوەخت و تەئویل. لەکاتێکدا خوای گەورە لەکەس ناپێچێتەوە تاکۆتایی ژیان و کارەکانی، بۆچی ئێمە پەلە بکەین لەحوکمدان بەسەر خەڵکانی‌تردا. پێغەمبەر (ﷺ) فێرمان دەکات کە کار سەرەنجامی کۆتایی‌یەکەی گرنگە. پێویستە وا لەخۆمان بکەین کە پێناسەیەکی ڕاستەقینەی هەڵسوکەوت بکەینە جێگرەوەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی خەڵك و بڕیاردان لەسەری. بۆ نمونە؛ مەڵێ کە کەسێك (پیسە) بەڵکو بڵێ بۆنێکی ناخۆشی لێ‌دێت یان تف دەکاتە سەرزەوی یان خۆڵ و پیسی دەکاتە سەر شەقامەکان. بەو پێ‌یە ئەو ڕاستی‌یانە هیچ جیاوازی‌یەکی بیروڕایان لەسەر دروست نابێت ئەگەر هەبوون. پێوەری باش ئەوەیە کە پابەندبین بە پێناسەی بەیانکردنی هەڵسوکەوتەکان بەووردی و دەست پاکی وەك چۆن لەبەردەم دادگادا وەستابین. هەڵوێستی خەڵکی لەسەر ئەوەی ڕوو دەدات بینا ناکرێت بەڵکو لەسەر لێکدانەوەیان بۆ ئەو شتەی کەڕوو دەدات. بۆ نمونە، ئەگەرهاتوو کەسێك لەناهەنگێکدا سڵاوی لێ‌نەکردیت هەستێکی خراپت لادروست دەبێت وە پێت وادەبێت کە پشت گوێی خستویت بەئەنقەست. بەڵام ئەگەرهاتوو پێت وابوو کە لەڕاستی‌دا هەر تۆی نەبینیوە، ئەوا هیچت لادروست نابێت بەرامبەری. و بەوشێوەیە، هەمان ڕووداو دوو لێکدانەوەی هەیەو دوو حوکمی تەواو جیاوازیشی لەسە بیناد دەکرێت.

## ب- ڕێنمایی پێغەمبەرانە لە پەیوەندی کردندا

زۆرکەس دەمامك دادەنێن بۆ دەموچاویان لەبەرئەوەی لەوە دەترسن کەدەرکەون بۆ خەڵکی و ڕەتبکرێنەوە. بۆ بەرەنگاری ئەمە، لەسەرمان پێویستە کە بەخۆشەویستی‌یەوە بەرەو ڕوویان بچین و بەو شێوەیەی کەهەن ئێمەش پەسەندیان بکەین، و پێویستە کە ڕاستگۆ و دەست پاك بین، مامەڵە لەگەڵ خەڵکی‌دا بکەین بەنەرمی و بایەخەوە، وە لە پێداویستی‌یەکانیان تێبگەین و هەستی پێبکەین، وابکەین کەهەست بکەن بەوەی ئاگامان لی‌یانەو خۆشمان دەوێن و بەزەییمان هەیە بەرامبەریان. خوای گەورەو میهرەبان وەسفی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات و دەفەرموێ:

لَقَدْ جاءَكُم رَسُولٌ مِنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيهِ ما عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالمُؤمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾ (التوبة)

فَبِما رَحْمَةٍ مِنَ اللهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظاً غَلِيظَ القَلْبِ لانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ ... ﴿١٥٩﴾ (آل عمران)

ئەمەش بەبەزەیی‌یەتی پێغەمبەر دەردەخات (ﷺ) کە جێگای سەرنج ڕاکێشانی خەڵك بوو، هەروەها ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر بهاتبایە دڵ ڕەق بوایە دڵەکان لەدەوری کۆنەدەبونەوە.

## ج- هەست پێکردن بەگرنگێتی

دەڵێن هەرکەس لەدایك دەبێت لەسەر ناوچەوانی هێمایەك هەیە دەڵێت: (هەستم ببزوێنە کەگرنگم). ئەمە سوننەتی پێغەمبەر بوو (ﷺ) کاتێك قسەی لەگەڵ کەسێك دەکرد هەموو ڕووی جەستەی خۆی تێدەکرد، هەستی مندالانی دەجولاند کە بەنرخن، وە بەرپرسیارێتییان لەئەستۆیە، وەك هەرکەسێکی کامڵ یاخود پێگەیشتوو. خەڵك ڕقی لەوەیە کەکەسێك پشتگوێی بخاو حسابی بۆ نەکات. هەرکاتێك پەیوەندی لەنێوان خەلکدا دروست بوو ئەوا پەیامێکی بێدەنگ دەگۆڕنەوە کە دەڵێت: (بەیارمەتیت، پشتگوێم مەخە)، (بەیارمەتیت هەست بەبوونم بکە)، (بەلامدا مەڕۆ بێ گوێدان پێم)، (تکات لێدەکەم دان بنێ بەبوونمدا). لەهەموو جارێکدا، وەلامی ئەو ووتارە یان پەیامە تەلەفۆنی‌یەیان نادرێتەوە، وە لەڕاستی‌داتۆ هیچ سەنگیان بۆ دانانێیت و پێیان دەڵێیت بوونتان نی‌یە).

### متمانە بکەین یان نا؟

ئایا متمانە بەهەموو کەسێك بکەین؟ بەدڵنیایی‌یەوە نەخێر! پێویستە ئاگادارو ووریابین خەلکی نمایش دەکەن و خۆیان دەنوێنن. عەلی کوڕی ئەبی تالیب (رضي الله عنه) دەفەرموێت:

(لستُ بالخبِّ ولا الخبُّ يخدعني).

لەسەرمان پێویستە گوێبۆ کەسانی‌تر شل بکەین. بەڵام پێویستە لەو شتە ووردبینەوە کەدەیبیستین و دڵنیابین لەڕاستی‌و دروستی‌یەکەی. وە لەکاتی وەرگرتنی بڕیار و ڕێو شوێنی تایبەتی‌دا، لەسەرمان پێویستە کە بەشێوەیەکی تەواو لێکۆڵینەوە بکەین لەڕاستی زانیاری‌یەکان.

ئایا پێویستە لەسەرمان کە هەمیشە لەگەڵ خەڵك هاوڕابین یان نا؟

بەدڵنیایی‌یەوە نەخێر. بەڵکو پێویستە لەسەرمان کە لەگەڵیان ئەمین و ڕاست بین. ئەوە دەبێتە هۆی لەگەڵ یەك ڕاهاتن و خۆشەویستی، بەلام جیاوازییەکە دەبێتە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتن. و لەهەردوو بارەکەشدا پێویستە کەڕاستگۆبین و چی دروستە ئەوە بڵێین.

## دووەم: ڕێگاکانی پەیوەندی کردن

ڕێگای زۆر هەیە بۆ پەیوەندی کــردن، بەهــەمان ئــەندازەش هۆکــار هەیــە کەلــەژمارەدا هاوتــان. بــەڵام پێویســتی گەیشــتن بەوەرگرتنی بڕیارە گونجاوەکان بووە هۆی دەرکەوتنی هەندێك لەو ووشەو دەستەواژانەی کەبڵاون و بــەکار دەهێــنرێن. پاشــان گفتوگــۆ لەسەر ئەو ووشەو دەستەواژانە دەکەین پاش دەربڕینی هەندێ بیروڕای بەسود لەبارەی پەیوەندکردنی کاریگەرەوە.

### أ-بیروڕا دەربارەی پەیوەندی کردن

١- پەیوەندی بەهێز و کاریگەر لەناخ و ناوەوەی مرۆڤەوە دێت. ئەو هێزەش لەکەسانیترەوە چاوەڕێ مەکە.

٢- ئاوێتە ببە لەگەڵ هەموو کەسێك لەکارەکەتدا یان کۆنگرەکەتدا یان لەدەوروبەرت، وەکەمی کاتی ڕەخساو نابێتە پاساو.

٣- لەهەر ماوەیەکی پشوودانـدا بەکەسێکی جیاواز بگە. بەشداریبکە لەگەڵ کەسانیتردا لەکاتی ژەمەکانی نان خـواردن یـان ساردەمەنی و شیرینی، ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی بەکەڵك لەگەڵ هەموو کەسێك لەماوەیەکی کورتدا.

٤- لەسەر ئەو کەسانە مەوەستە کە درەنگ دێن بۆ کۆبوونەوەکە. چونکە بەوە فێریان دەکەیت کە دواکەوتن کارێکی ئاساییەو تەمومژی لەسەر نییە، لەهەمان کاتدا ئەوە دەبێتە سزادان و ئازار بۆ ئامادەبوە چالاکەکان.

٥- ئاسانکاری بکە لەداڕشتنی ئەو پەیامەی کە دەیبیستیت بۆ ئەوەی بڵاوکردنەوەو پێشوازی لێکردنی بەشێوەیەکی دروست مسۆگەر بکەیت.

٦- لەبیرت بێ کەهەر بڕێکی زیاترمان لەیەکتری گەیشتن بەدەست هێنا ئــەوا ســەرکەوتنمان زیــاتر دەبێــت لــە بــەڕێوەبردنی کارەکانماندا، وەچەند تێگەیشتن و یەکتری لەخۆگرتنمان کەمتر بێت فرت و فێڵ و هەڵەمان زیاتر دەبێت.

٧- کاتێك پەنا بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوە دەبەین ئەوا پێغەمبەر (ﷺ) فێرمان دەکات کەزیاتر لەحەفتا پاساو بدۆزینـــەوە بـۆ ئەو هەڵسوکەوتەی کە بەخراپ دیارە لەلایەن کەسانیترەوە، ئەگەرهاتوو هیچ کامێکیان ڕاست نەبوو، فێرمان دەکات کـە بڵێین شێوازی لێکدانەوەی تریش هەیە لەوانەیە ئێمە نەیزانین.

### ب-ئایا ئەوە دەڵێیت کەمەبەستتە، و ئەوەی مەبەستتە دەیڵێیت؟

ئەو ٥٠٠ ووشەیەی کە زیاتر باوە لەزمانی ئینگلیزیدا (١٤٠٠٠) پێناسەی هەیە لەفەرهەنگدا. ئەمەش مانـای ئەوەیـە کـە تێکڕایی مانای هەر ووشەیەك یەکسانە بە ٢٨ مانا، کام واتایەت مەبەستە کاتێك ووشەیەك دەردەبڕیت؟

لەبیرت بێ کە:

- ووشەکان هەرچەندە مانایان هەیە، بەڵام خەڵکی خۆیان ماناو لێکدانەوەی بۆ زیاد دەکەن.
- ووشەکان تەنها هێمان و حەقیقەتێکی ڕوداو نین.
- ووشەکان خۆیان لەخۆیاندا ڕەها نین بەڵام فێرکردن و فێربوونیان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەبێت.
- دەکرێت ماناکان بشاردرێنەوە یان بکرێن بەژێرەوە لەقسەکردندا.
- ووشەکان ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە ڕۆشنبیری و شەخسی و مێژووییەکانن، وە لەژێر کاریگەری ڕەگەز و ئایین و چەشندان.

لەمانەی خوارەوە ووشە هەیە باشتر وایە خۆی لیٚ لابدەین و ووشەی تر هەیە کە بەکار بهێنرێت:

| ئەو ووشانەی پێویستە لەبیربکرێن | ئەو وشانەی پێویستە وەبیربهێنرێنەوە |
| --- | --- |
| پێویست ئەکات لەسەرم | ئەمەوێت کە ... هەڵبژێرم کە... |
| هەوڵ دەدەم بەجێی بگەیەنم | خوابیکات بەجێی دەگەیەنم |
| رۆژێك لە رۆژان | ئەمرۆ، ئێستا |
| بەڵام (رستەکەی پێشوو ڕەت دەکاتەوە) | و |
| مەترسیێتی | هەل |
| کێشە | ڕووبەڕووبوونەوە. هەل |
| زۆرگرانە | ڕووبەڕووبوونەوەیەکە |
| دڵەڕاوکێ، خەمبار | بایەخ دەرە |
| بۆچی ڕێگری | یارمەتیم بدە لەتێگەیشتندا |
| هەست بەبێ توانایی دەکەم | پێویستم بەیارمەتی تۆ هەیە |
| ئەمە ئەوەیە کەمن لەسەری دەبم | تواناکانم بۆ باش بوون ئەمانەن... |
| پێویستم بەتۆیە هەیە کاربکەیت | ئەمەوێت کە تۆ... |
| تۆ (لۆمەکەری تاوانباریت) | من (بەئەمانەت و بەرپرسیاریێتی‌یەوە) |
| من ناگۆڕێم | دواتر باش ئەبم |

هەندێ ووشە هەیە بەکاردەهێنرێت لەکرداری پۆلێن کردندا بۆ چەند تاقمێك. وە توانامان بۆ پەیوەندی کـردن و بـەردەوامی دەگرێت. سنوور دادەنێت بۆ هەڵبژاردنەکانمان و دەیکاتە دوو بواری هەڵبژاردن بۆ نمونە:

یان/ یاخود، نێر/ مێ، ڕەش/ سپی، پیر/ لاو، نیشتمانی/ بێگانە، ڕاست/ هەڵە، سەرۆك/ ژێردەست، زیرەك/ گێل.

کاتێك تووشی ئەم ووشـانە دەبیت ئەگـەرەکانیتر پشـتگوێ مەخـە. زۆرکـات بـەرەو ڕووی هـەندێ ووشـە دەبینـەوە کـە لەتوێکانی‌دا ناوەرۆك و ئاماژەی عەقیدەیی هەیە وەك:

ڕۆژهەلات/ ڕۆژئاوا، سەرمایەداری/ شیوعیەت، ناوەند/ دەرەوە، موسوڵمان/ ناموسوڵمان، مـاڵی ئیسـلام/ مـاڵی جـەنگ، دیموکراسی/ دیکتاتۆری، مەرکەزییەت/نامەرکەزییەت.

ئەو ووشانەی کە ئەم سرووشتە دوو سەرییەیان هەیە دیدەکانمان نادیار دەکات و توانـای تێگەیشـتنمان کـەمتر دەکاتـەوە. وشەکانت بە وورییایی‌یەوە هەڵبژێرە چونکە فریشتەکان زۆر بەووردی تۆماری دەکەن:

مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلاَّ لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾ (ق)

## سێیەم: لێپێچینەوە لەڕاستی زانیارییەکان

چەندجار بیستومانە: (ئەوە کێشەیە لە پەیوەندیکردندا، لەلاوازی پەیوەندیکردندا، خراپی لەپەیوەندی کردندا، خراپ تێگەیشتن). زۆرکات ئەوە حەقیقەتە، بەڵام وەڵام بۆ ئەوە بریتییە لە دۆزینەوەی ڕێگا چارە. وە یەکێك لەڕێگا کاریگەرەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەوە بریتییە لەدڵنیایی گشتگیر لەڕاستی زانیارییەکان کە پەیوەندیکردنی لەسەر بینا دەکرێت. کاتێك پەیامێك دەگوێزرێتەوە تووشی زیادو کەمی دەبێت، لەهەردوو بارەکەدا پەیامەکە دەشێوێت. زۆرکات زاراوەی ئەندازەیی (ژاوەژاو) بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەی بڕی ئەو شێواندنە. لەم دوو نمونەیە بکۆڵەرەوە:

١- پیاوێك ئۆتۆمبیلی لێدەخوری و کوڕەکەی لەگەڵیدابوو، پیاوەکە لەڕووداوی ئۆتۆمبێلەکەدا گیانی لەدەستدا. کوڕەکەشی بریندار بوو پێویستی بەنەشتەگەرییەك هەبوو بەڵام پزیشکی نەشتەرگەر ووتی: (من ناتوانم نەشتەرگەری بۆ بکەم چونکە نەخۆشەکە کوڕمە)! لێرەدا پزیشکەکە کێیە؟

٢- پیاوێك ڕۆیشتە دەرەوە و کلیلەکانی خستە گیرفانییەوە. دزێك هاتوو ماڵەکەی دزی، دزەکە چۆن هاتە ژوورەوە؟

لەهەردوو بارەکەدا مێشکمان بۆ بەرئەنجامی پەلەو سەرپێیی دەچێت و وەڵامی هەڵە دەدەینەوە، چونکە پزیشکەکە دایکی نەخۆشەکەیە، بەڵام ئێمە بەهەڵە وامان دانا کە پزیشکەکە دەبێت پیاوبێت. دزەکەش لەدەرگاکەوە چووەتە ژوورەوە لەبەرئەوەی دەرگاکە بەکلیل دانەخرابوو. بەهەڵە وامان دانا کە پیاوەکە دەرگاکەی بەکلیل داخستووە پێش ئەوەی بیخاتە گیرفانییەوە، زۆرجار دەکەوینە گریانەی پێشوەخت کە ووردی تێدانییە و تەنیا بەلایدا دەڕوات. ئەوەی لەکاری ئەمڕۆماندا بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە دەبینین ئەم ئاراستەیە زیانێکی زۆر بەکارەکانمان دەگەیەنێت.

ئەم ڕاهێنانە کردارییە لەکۆمەڵەکەی خۆتدا تاقیبکەرەوە. چیرۆکێکی زۆر کورت بنووسە پاشان زنجیرەیەك دروست بکە لەدەکەس. بەهێواشی چیرۆکە کورتەکە بەگوێی کەسی تەنیشتت لەلای ڕاستەوە بچرپێنە و پێی بڵێ ئەویش بۆکەسی تەنیشت خۆی هەمان شت بکات، بەو شێوەیە تا جارێکیتر چیرۆکەکەت بۆ دەگەڕێتەوە لەکەسی لای چەپی خۆتەوە. سەرت دەسوڕمێ! لەبەرئەوەی ناتوانیت چیرۆکەکە بناسیتەوە. چونکە دەگۆڕدرێت هەر لەبنەڕەتەوە لەکاتی گەیاندن و پەیوەندی کردنی ناووردانەوە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکیتر.

سەرەڕایئەوەی ئێمە بڕوامان یاخود متمانەمان بەبرا و خوشکانمان هەیە بەڵام پێویستە کە گوێ بگرین لەوەرگرتن و گەیاندنی تا دڵنیا بین لەووردی هەواڵەکە. وە لەلایەنی کردارییەوە، کاتێك پێویستمان بەوە هەیە کە هەڵسوکەوت بکەین بەپێی ئەو زانیارییانە پێویستە لەسەرمان کە لەپێشەوە ووردبینی تێدا بکەین.

باشتر وایە کە ڕێنماییەکان بەدەنگێکی بەرز دووبارە بکرێتەوە لەکاتی وەرگرتنیدا بۆ دڵنیابوون لەدروستی وەرگرتن و تێگەیشتنمان. بەدەنگێکی بەرز کات و شوێنەکە دووبارە بکەرەوە بۆ دڵنیابوون. کاتێك کەسێك ژمارەی تەلەفۆنت دەداتێ، یان ناوێکت دەداتێ مەڵێ ئێ- بەڵێ - باشە، بەڵکو لەدوایەوە ژمارەکان و پیتەکان دووبارە بکەرەوە بۆ ئەوە ئەگەری هەڵەکردن نەهێڵێت.

بێگومان لەسەرمان پێویستە زیاد لە پێویست خۆمان بەووردبینی گشتگیر لەسەر ڕاستی زانیارییەکان خەریك نەکەین بەجۆرێك لەگومانی زانستییەوە بچینە نەخۆشی دوو دڵی و ڕاڕاییەوە. ئەو بنەمایەی کە بەرەنگارمان دەبێتەوە لەمەدا پێویستە کەمەبەستی باش و دڵسۆزانە بێت بۆ بەدەست هێنانی ڕاستی نەك خەڵك خستنە داوەوە یاخود تاوانبارکردنیان بەوەی کە مەبەست و ڕێگایان لێ ون کردوین. ئەگەرهاتوو ڕێگای گومانی بەردەوامان گرتەبەر، ئەوا ئەنجامی ووردبینی گشتگیری لەڕاستی زانیارییەکان پێچەوانە دەبێتەوە لە بەرهەمەوە بۆ زیان.

## چوارەم: دیسپلینی پەیوەندیی دروست

### أ- پەیوەندی کردنی بێدەنگ: بەکارهێنانی زمانی بێ ئاخاوتن

ئەم لیستەی خوارەوە بەکاربهێنە بۆ تۆمارکردنی تێبینییەکانت سەبارەت بەباری ئەندامەکانی جەستەت لەکاتی کرداری پەیوەندی کاریگەری گوێزانەوەی پەیامەکەت بۆ جەماوەری گوێگر. لەبیرت نەچێت کە جەماوەری گوێگر کەژمارەیان نادیارە کاریگەری لەسەر دروست دەبێت بەشێوەیەکی جیا لەوەی کەلەسەر تاکە کەسێك دروست دەبێت. بۆ نمونە، جەماوەر چەند ژمارەی زیاتر بێت ئەوەندە پێویستی بەدەنگی بەرزترە لەوەی کە ژمارەیان کەمتر بێت. قسەکردن لەسەر کاروباری ئاسایی بێلەبەرکردنی جل و بەرگێکی رەسمی ئاساییە، بەلاّم خستنەرووی پرۆژەیەك پێویستی بە پۆشینی جلوبەرگی لەوجۆرەوە هەیە.

| ئەم بەشە لە جەستەم | چۆن بەکاری بهێنم لە پەیوەندی کردندا |
|---|---|
| **(جەستە)** | |
| سەر | ____ |
| دەمرچاو، بەتایبەت دەم | ____ |
| هەردوو چاوەکان | ____ |
| سەرشانەکان | ____ |
| چۆنیەتی راوەستان یان دانیشتن | ____ |
| جموجوڵ | ____ |
| جوڵەو ئاماژەکان | ____ |
| جلوبەرگ | ____ |
| **دەنگ** | |
| داوی دەنگ | ____ |
| ئاسکی | ____ |
| نەرم و نیانی | ____ |
| **فضا/ شوێنەکە** | |
| ماوەکە | ____ |
| دیاریکردنی دووری، گۆرینی بارەکە | ____ |
| **بەریەککەوتن** (١) | |
| تەوقەکردن | ____ |
| دەست لەسەر شان دانان | ____ |
| دەست گرتن | ____ |
| دەست لەملان | ____ |
| یەکتری ماچ کردن | |

(١) بەریەککەوتن: ئەوە کارێکی گونجاوە ئەگەر هەردوولا یەک رەگەز بن یاخود لەنێوان ئەوانەی مەحارمی شەرعین واتە خزمی نزیک.

### ب- ئەوەی کە دەیکەیت و نایکەیت لەکرداری پەیوەندیکردندا

ئەم لیستی لێکۆڵینەوەیە بەکاربهێنە بۆ دیاریکردنی زیرەکیو لێهاتوویت لە پەیوەندیکردندا. یەکەم: خاڵەکەت واتە ژمارەی (٨) زیاد بکە لەستونی (مەیکە). پاشان وەڵامەکەت پێشکەش بکە بۆ هەر فەرمان و قەدەغەکردنێك (٥) خاڵ بۆ خۆت دابنێ بۆ وەڵامی (زۆرکات یان هەمیشە) و یەك خاڵ بۆ (نەخێر بەهیچ جۆرێك)، و ٤،٣،٢ خاڵ بۆ نێوان هەردوو حاڵەتەکە:

| پێی هەستە | نمرە | پێی هەڵەستە | نمرە |
|---|---|---|---|
| ١- هۆشت لای ئەوکەسە بێت کەقسەت بۆدەکات. | ( ) | ١- قسە بەخەلکیتر دەبریت بۆ ئەوەی رای خۆت بڵێیت. | ( ) |
| ٢- تەئکید بکەرەوە لەدروستی تێگەیینت و شێوازی دووبارە دارشتنەوە بەکاربهێنە بۆ دڵنیا بوونەوە لێی: | ( ) | ٢- گاڵتە بەو شتانە دەکەیت کە کەسانیتر دەیڵێن با ئەگەر لە گەمژەیی و نەفامیشەوە بێت. | ( ) |
| ٣- جەخت بکە لەسەر ئەو شتانەی دەیڵێیت بە ئاماژە و جوڵاندنی سەر. | ( ) | ٣- ووتی ووتی و زۆر بڵێیی. | ( ) |
| ٤- بەشداری خەڵك بکە لەپێکە نینیاندا. | ( ) | ٤- رایەکی کەسیی تەنگ پێشکەش دەکەیت دەربارەی کێشە هەنووکەییەکان. | ( ) |
| ٥- بەشداری خەڵك بکە لەهەستی ناخۆشیاندا. | ( ) | ٥- پرسیار دەکەیت بەوشەی (بۆچی؟) هەمیشە بەشێوازی تاوانبارکردن | ( ) |
| ٦- پێشوازی بکە لە بەشداریکردنی کەسانیتر لەقسەکردندا. | ( ) | ٦- گفتوگۆ بۆخۆت پاوان دەکەیت | ( ) |
| ٧- پێشواز لەرای جیاوازبکە بەشێوەیەکی ژیرانەو بەوریایی | ( ) | ٧- رەخنە لەبیروراکانی خەڵکیتر دەگریت بەبێ ئەوەی داوات لێ بکەن. | ( ) |
| ٨- رێزی کەسانیتر بگرە. | ( ) | ٨- ______ | ( ) |

**ئەو ووشانەی گرنگییان زۆرە**

| | |
|---|---|
| شەش ووشەکەی کەزۆرترین گرنگییان هەیە | (من رێزی خۆت و ماندوبوونت دەگرم) |
| پێنج ووشەکەی کەزۆرترین گرنگییان هەیە | (لەراستیدا من شانازیت پێوە دەکەم) |
| چوار ووشەکەی کەزۆرترین گرنگییان هەیە | (راوبۆچوونی تۆ چییە؟) |
| سێ ووشەکەی کەزۆرترین گرنگییان هەیە | (بە یارمەتیت هەستە بەکردنی....) |
| دوو ووشەکەی کەزۆرترین گرنگییان هەیە | (سوپاس بۆتۆ) |
| ئەو ووشەیەیکەزۆرترین گرنگی هەیە | (ئێمە) |
| کەمترین گرنگی لە ووشەکاندا | (من) |

پ نە

ێ کە

ب

## پێکەنین پەیوەندی کردن ئاسان دەکات

پاداشتی زیادە: پاداشتی ئەو چاکەیەت وەردەگریتەوە کـە پێی هەستاویت بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) :
(تَبَسُّمُكْ في وَجهِ أَخيكَ صَدَقَةٌ)[1]






لەهەڵەدایە

جگە لە

من

ئایا ئەو وایە؟ لەواقعمان بڕوانە؟

(١) سنن الترمذي

## گفتوگۆ

١- دوو بنەماکانی پەیوەندی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) بە موسوڵمانانەوە چیبوو؟ چۆن دەبوونە یارمەتی بۆی لەپەیوەندی کردندا؟

٢- ئەو ڕێگایانە چییە کە دەیگرینەبەر ئەگەرهاتوو جیاوازیمان هەبوو لەگەڵ کەسێکدا؟

٣- جیاوازی چییە لەنێوان ئەو وشانەی کە پێویستە خۆتی لێلابدەیت و ئەوانەی پێویستە بەکاری بهێنیت؟

٤- ئەو سێ ڕێبازە باوە چین بۆ لێکۆڵینەوەی گشتگیری سەبارەت بەڕاستی زانیارییەکان؟

٥- ئەو ئەگەرە پێویستانە چییە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر دەربارەی ڕاستیی زانیارییەکان؟

## جێبەجێکردن

تۆ بەڕێوەبەری دەزگای کارمەندانیت لەڕێکخراوێکی وڵاتدا. بەهۆی گەورەیی قەبارەی کارەکەوە، چەندین هاوکارت هەیە کەهێشتا لەگەڵ تۆدا نەژیاون و یان لەگەڵ نەریتی ڕێکخراوەکەدا ڕانەهاتوون. کۆبوونەوەی ساڵانەی گشتیش نزیکە و هەمووان بەدەست پاڵەپەستۆی جێبەجێکردنی کارەکەوە تا ئەوپەڕی توانایان سەرقاڵ و نارەحەتن. هەندێ لە ئەندامان ڕایانگەیاندووە بەرەنگاری ڕاپۆرتی ساڵانە دەبنەوە لەکۆبوونەوەی داهاتوودا.

١- دوورەگەزی هاوبەش و دوانی جیاواز تۆمار بکە لەنێو ئەو شێوازەی کەبەهۆیەوە پەیوەندی دەکەیت بەسێ کۆمەڵەکەوە کە پێکهاتووە لە: یارمەتی دەران و سەرۆکەکان و ئەندامەکان.

٢- یاداشتێك بنووسە بۆ یارمەتیدەران تێیدا ستراتیژیەتی خۆت دیاری بکە بۆ چارەسەرکردنی بەرەنگاربوونەوەی ئەوەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە: خۆت لەئاڵۆزی بەدووربگرەو یاداشتێکی ڕوون و ئاشکرا پێشکەش بکە کە تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئاسان بێت.

٣- یاداشتێك بۆ سەرۆکەکەت بنووسە تێیدا ئاگاداری بکەرەوە لەچۆنیەتی لێپێچینەوە لەڕاستی ئەو زانیارییانەی کە لەئەندامە نەیارەکانەوە هاتووە.

**بەشی ١٦**

# ڕێکخستنی کات

**یەکەم: سروشتی کات**

**دووەم: سوود وەرگرتن لەکات**

ا -ڕۆژ بەڕۆژ

ب-مانای کات

**سێیەم: کاتی لەدەست چوو**

**چوارەم: چۆنیەتی تێپەڕبوونی کات**

**پێنجەم: هەندێك ڕێنمایی بۆ دەستەبەر کردنی کات**

**شەشەم: چەند کاروبارێك پێویستە یادی بخەینەوە سەبارەت بەکات**

ا -کاتێك تەرخان بکە

ب-چۆن مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکەیت

**حەوتەم: لێکۆڵینەوەی حاڵەتێك: یەك خولەك چەند دەکەوێ؟**

## ئامانجەکانی ئەم بەشە

پاش تەواوکردنی ئەم بەشە توانای ئەمانەت دەبێت:

- دیاری کردنی ئەو نەریتانەی کاتمان دەکوژێت و کەم کردنەوەیان.
- ئەوانەی کاتمان بۆ دەستەبەر دەکەن و گەشە پێدانی.
- زیاد کردنی دەستکەوت لەکاتی ڕەخساودا.
- ژیان و کارکردن بەبەرهەمێکی باشترەوە

## یەکەم: سروشتی کات

بێگومان ئەم پرسیارەتان بیستووە: (چ شتێك لەیەك کاتدا درێژترین و کورت ترینە، هەروەها خێراترین و هێواشترین لەیەك کاتدا، ئەوەش کەهەموومان پشت گوێی دەخەین پاشان خەفەتی بۆ دەخۆین و پەشیمان دەبینەوە، و هیچ شتێك بەبێ ئەو ناکرێت، هەموو شتێکی بچووك قوت دەدات و هەموو شتێکی مەزنیش گەشە پێدەدات؟) بەڵێ، ئەوە کاتە!.

کات درێژخایەنترینە چونکە پێوەری مانەوەو هەتاهەتاییە، وە کورت ترینە لەبەرئەوەی کەس نی یە لەنێوانماندا کـاتی تـەواوی هەبێت بۆ تەواوکردنی کارەکانی، خێراترینیشە لای بەختەوەرەکان، و هێواشترینە لای کلۆڵەکان. وەناکرێت هیچ شتێك بەبێ ئەو ئەنجام بدرێت چونکە خۆی تاکە شانۆیەکە تێیدا دەژیـن. کـات مـادەی ژیانـە. هـەمـوو شـتێکی بـێ نـرخ قـووت دەدات و دەیخاتـە تورێـی لەبیرچونەوە و گەشە بەهەموو شتێکی مەزنیش دەدات.

## دووەم: سوود وەرگرتن لەکات

سەرکەوتووەکان کاتیان بەبەجێگەیاندنی ئەو کارانە بەسەردەبەن کەکەسانی بێ ئومێد حەز بەئەنجامدانی ناکەن. مرۆڤی سـادە ئەوە بەئاسانتر دەزانێت کە لەگەڵ ژانی شکستدا ڕابێت، لەبری ئەوەی ئەو قوربانییانە پێشکەش کات کە دەبنـە هـۆی سـەرکەوتن. لەڕاستیدا حەقیقەتی ئەوەی ئامانج و ئاراستەی دیاریکراومان هەبێت لەژیاندا شتێکی کەمە ئەگـەر بێتـو خشـتەیەکی داڕێژراومـان بەپێی زەمەن نەبێت بۆی. تەنها ئەو کاتە دەتوانین بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانمان و گەیشتن بەمەبەستەکانمان هەنگاو بنێین.

ئادەمیزاد پۆلێن دەکرێت لەڕیزی یەکێك لەو دوو کۆمەڵەدا: یەکەم بێبەخت و ناسەرکەوتوو هەوڵی هەسـتان بـەکارێك دەدات کەهەمیشە دەیهێڵێتەوە بۆ سبەی. بەڵام کۆمەڵی دووەم دەبێتە جێگای سەرنج و خۆشنوودی، ئەو کۆمەڵەیە کە ئامادەیە بۆ کارکردن و ئیشی ئەمڕۆ ناخەنە سبەینێ‌یەکی نادیار.

کات کوشتن بەتاوانێکی ئاسایی دانانرێت، بەڵکو تیرۆرکردنێکی ئەنقەستە. ئەگەرهاتوو لەسەر مرۆڤ پێویست بوو کـە کـات بکوژێت ئیتر بۆچی بەسوود لیٚبینینیەوە تامردن نەیکوژێت ؟ کاتێك دەڵێـت: (مـن کـاتم نی‌یـە) ئەمـە مانـای ئەوەیـە کەشـتێکی گرنگترت لەو هەیە.

### أ- ڕۆژبەڕۆژ

کاتێك هەموو بەیانیەك لەخەو هەڵدەستین دەبینین یاداشتنامەی گیرفان بەرنامـەی ٢٤ کاتژمێرەکـەی تیایـە، لـەم بارەیـەوە پێشینان ووتویانە:

(هیچ ڕۆژێك نایەت کە نەڵێت: ئەی ئەوەی ئادەم من ڕۆژێکی نوێم، شـایەتم بەسـەر هـەر کردارێکـەوە لەمیانـەی کاتـەکانمدا ئەنجامی دەدەیت. چاکەم تێدا بکە شایەتی باشت بۆ ئەدەم چونکە کە لەدەست چووم ناگەڕێمەوە. شەویش هەروا دەڵێت)[1]

پێویستە ڕۆژەکانمان پڕبن لەو کارانەی شانازیان پێوە دەکەین، ئەگـەر ئێسـتا ئامـادەی دەسـت پـێ‌کردن نـەبین، بەچاوپۆشـین لەنیەتی باشمان، یان لەهەمان کاتی لەسبەینێدا، یان لەهەمان کات لە هەفتەی داهاتوودا، یان هەمان کات پاش دە سـاڵی تـر، ئـەوا بەکەلەپچەکراوی دەمێنینەوە لەشوێنی خۆماندا، بەبێ بەدیهێنانی هیچ پێشکەوتنێك.

### ب- مانای کات

کات بۆ هەندێکمان مانای ئەو ساتەیە کە هەل تێیدا لەلوتکەدایە. ئەوانە جـەختی زۆر لەسـەر کاتبـەندیی بـاش دەکەنـەوە. کاتێك بواری باشتر دەرەخسێت کات مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت لای زۆر کەس. شارەزایانی ڕاگەیاندن فێرمـان دەکـەن کەشـتێکی بەنرخ تر نی‌یە لەهزرێك لەکاتی گونجاودا بەرجەستەبووبێ، ئەگەر لەتواناتدا بوو فێری دەرککردن بـەو سـاتە گونجـاوە ببیـت، کـاتێك کەدێت سوودی تەواوی لیٚ ببینی پێش ئەوەی بڕوات، ئەوا کێشەکانی ژیان زۆر ئاسان دەبێت.

[1] لە (جامع الکبیر)ی سیوطی یەوە هاتووە.

**نرخی شیشیکی ئاسن چەندە؟**

| | | |
|---|---|---|
| شیشیکی ئاسنی خاو | ٥ | دۆلار |
| لەشێوەی ئاوزەنگی ئەسپ دروست کرابێت | ١١ | دۆلار |
| لەشێوەی دەرزی دروماندن دروست کرابێت | ٣٥٥ | دۆلار |
| لەشێوەی چەقۆ دروست کرابێت | ٢٢٨٥ | دۆلار |
| لەشێوەی چرکەژمێری کاتژمێردا دروست کرابێت | ٢٥٠٠٠٠ | دۆلار |

کات لای هەندێکمان تەنها مانای پێوانەی چرکەو خولەك و کاتژمێر و ساڵ دەگەیەنێ. و کاتێك ئەوانە بیر لەکات دەکەنەوە کاتژمێر یان ڕۆژ ژمێریان دێتە پێش چاو، وەهەست بەیەك مەودا دەکەن بەتەنها ئەویش ماوەی زەمەنیە، بەڵام ئەو تێگەیشتنە لەکات لەهەموو تێگەیشتنەکان سادەترە، خاوەنەکانی هیچ داهێنانێکیان نەکردووە کە جێگای باس کردن بێت. ناخۆشیەکانی ئەم چەمکە بۆ کات، ئەوەیە کە گیانی دەست پێشخەری ناهێڵێت و هەوڵە داهێنانکارییەکان دەرمێنێت و لەکاتی دیاریکراودا هیچ دەرەنجامێك بەدەست ناهێنێت. ئەگەر بێت و هەفتەیەکمان بەدەستەوە بوو بۆ تەواوکردنی ئەرکێك لەئەرکەکان ئەوا یەك هەفتە دەخایەنێت. وە ئەگەر دەرۆژمان دانا بۆ بەدیهێنانی ئەوا دەرۆژەکە دەبات، ئەرکەکان درێژ دەبن و دەچنەوەیەك بەپێی کاتی دیاریکراو بۆی.

لەکۆتاییدا ئەو کەسانە هەن کە مانایەکی ڕاستەقینە دەبەخشنە ژیان، ئەویش لەڕێگای بەخشینی سیفەتی قوڵ و مەزنیێی. کات لای ئەوانە زیندانی کاتژمێر و دیلی ڕۆژژمێر نییە. سەرکەوتنی ئەو کەسانە گیانی دڵسۆزی و خوێن گەرمی بەسەریدا زاڵە نەك کاتژمێرو هەفتەکان، ئەوانە زۆر بڕوایان بەوە هەیە کە دەیکەن و ڕوەو ئامانجەکە کەمەنکێش دەبن بەپاڵنەرێکی گیانیی بەهێز کە دان بەکاتدا نانێت. دڵیان بەئەرکێکەوە گرێداوە کە خۆشیان دەوێت، وە کارکردنیان تەنها گوزارشە بۆ پەیامێك کەبەئامانج و مەبەستەکان تیشك دەداتەوە، و ئەم تێگەیشتنەش لەکات تەحەددایە بۆ هەموومان. بەکارهێنانی دروستی کات بڕیار دەدات لەسەرنەکەوتن یان سەرکەوتنی کارمەندی ئاسایی، لەبەرئەوە ڕێکخستنی کاتەکەی بەلاوە گرنگترە لەزانیاری هونەری و بەرهەمی و خزمەتگوزاریەکانی. ڕێکخستنی دروستی کات بەدڵنیاییەوە بەیەکێك لەبەندە سەرەکییەکانی هەر داڕشتنێك لەداڕشتنەکانی سەرکەوتن دادەنرێت. وەلە زۆرترین ئەو ئەرکانەی کەگران و قورسن لەنێوان کۆمەڵەکاندا ئەوەیە کەوا لەخەڵك بکەیت کاتەکانیان ڕێکبخەن، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەر تاکێك کە هەندێك لەکاتەکانی بەسەربەرێت لەسەرەتای هەفتەدا بۆ نەخشەکێشان لەسەر وورد و درشتی خشتەیەکی ووردی کاری ئەو هەفتەیە.

## سێیەم: کاتی لە دەستچوو

چی لەو خولەکانە دەکەیت کە بەکاری ناهێنیت یان کەپێی دەوترێت کاتی لەدەستچوو؟ دەزانیت کەدەکرێت کتێب دابنرێت و قورئان و ووتە پیرۆزەکان هەمووی لەسەر ڕووی دڵ لەبەر بکرێت، وە دەکرێت پلەو بڕوانامەی زانستی بەدەست بهێنرێت لە ئەنجامی باش بەکارهێنانی ئەو کاتە بەسەر چووانەدا؟ ئەو جۆرە کاتە لەدەستچووانە دەکرێت هەندێك خولەك بێت لەدەست بچێت لەچاوەڕوانی سەفەرکردن بەشەمەندەفەر یان بە ئۆتۆمبیلی گەورە یان فڕۆکە، ئایا ئەو کاتانە ناو دەبەیت بەکاتی بەفیڕۆچوو یان کاتێك بۆ داهێنان؟ لەدەست دانی ١٥ خولەك لەڕۆژێکدا مانای لەدەستدانی ١١ ڕۆژی تەواوە لەساڵێکدا، هەروەها لەدەستدانی نیو کاتژمێر لەهەر ڕۆژێکدا دەکاتە لەدەستدانی ٢٢ ڕۆژی تەواو لەساڵێکدا، ئەمە دەکاتە ماوەی زیاتر لەیەك مانگ ئەگەر بێتو ڕۆژەکانی پشوودانمان خستە سەر. لەبەرئەوە پیاوانی خاوەن کار بڕوایان بەڕێسای (کات یەکسانە بەسامان) هەیە. وە ئێمە ڕێ نادەین کە کەسانیتر سامانەکانمان بدزن بەڵام ڕێگایان دەدەین کاتەکانمان بدزن، لەکاتێکدا کە کات لەنرخدا لەپارە بەرزترە لەبەرئەوەی ژیانانە، کات بریتییە لەژیان!

فرۆشیارێکی گەڕۆک هەبوو وا ڕاهاتبوو کە لەیەك کاتژمێردا ٢٠ دۆلاری دەست بکەوێت. دەیویست خۆی ماڵەکەی سپیکاری بکاتەوە هاوڕێکەی لێی پرسی: (ئەگەر هەستایت بە هەڵبژاردنی بژاردەیەك، کەسێکی تازە وەستای بۆ دەگریت و ٢٠ دۆلاری دەدەیتێ لەکاتژمێرێکدا یاخود کەسێکی شارەزای بۆ دەگریت و ٥ دۆلاری دەدەیتێ لەیەك کاتژمێردا؟) وەڵامەکە ڕوونە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەئێمە کاتی گرانبەهای تەرخانکراوی کارە ئاڵۆزەکەی بەکاردەهێنێت لەکارێکیتردا کە خەڵکیتر دەتوانن بەشێوەیەکی باشتر و خەرجێکی کەمتر بە ئەنجامی بگەیەنن.

## چوارەم: چۆنیەتی تێپەڕبوونی کات

ئەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە چی بەکاتەکەت بەکارەکەت لەماوەی ژیانێکی مامناوەندیدا:

| چالاکی | کات |
|---|---|
| قەیتان گرێدانی پێڵاو | ٨ ڕۆژ |
| چاوەڕێکردنی گڵۆپی سەوزی هاتووچۆ | یەك مانگ |
| ئەو ماوەیەی لەسەرتاشخانەدا بەسەری دەبەیت | یەك مانگ |
| لێدانی ژمارەی تەلەفۆن | یەك مانگ |
| سەرکەوتنی سەرخەرەکان (مصاعد) لەشارە گەورەکان | ٣ مانگ |
| دەم و دان پاککردنەوە بەفڵچە | ٣ مانگ |
| چاوەڕێکردنی پاسەکان ( لەشاردا) | ٥ مانگ |
| ئەو ماوەیەی لە گەرماو خۆشتندا بەسەری دەبەیت | ٦ مانگ |
| خوێندنەوەی کتێب | ٢ مانگ |
| نانخواردن | ٤ ساڵ |
| پەیداکردنی بژێوی | ٩ ساڵ |
| سەیرکردنی تەلەفزیون | ١٠ ساڵ |
| نووستن | ٢٠ ساڵ |

ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەر چالاکییەك کاتی پێویستە، ئەگەرهاتوو تۆ پێویستت بوو بەو کاتانەی کاری تیادا بەئەنجام بگەیەنیت ئەوا لەسەرت پێویستە نەخشە بکێشیت بۆ ئەوەو بیخەیتە خشتەی کارەکانتەوە، بەڵام ئەگەرهاتوو هەر چاوەڕوانیت کرد کاتی گونجاو بێتە پێش و خۆی بدات بەسەرتا، ئەوا تاماویت چاوەڕوانی دەکەیت.

ئەو دەمەی تۆ کاتێك دیاریدەکەیت لەگەڵ پزیشك یان بۆ کۆبوونەوە یان بۆنەیەکی تایبەتی لەخشتەی کارەکانتدا، ئەوا پارێزگاری لێدەکەیت. هەمان کاربکە لەگەڵ ئەو کاتەی دەتەوێت تەرخانی بکەیت بۆ ئەو شتانەی دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت. ڕۆژانە کاتێکی دیاریکراو تەرخان بکەو بەپێی توانا پێوە پابەندبە.

بۆ نمونە، بەدیاریکردنی کاتژمێرێك لەهەر ڕۆژێکدا بۆ ئەنجامدانی هەر ئیشێك ئەوا ٢٦٠ کاتژمێر پاشەکەوت دەکەیت لەساڵێکدا کەدەکاتە ٣٢ ڕۆژی تەواوی ئیشکردن. ئەتوانیت لەو ماوەیەدا زۆر شت ئەنجام بدەیت. بۆ نمونە:

- لەبەرکردنی چەند بەشێکی قورئان.
- فێربوونی شێوازەکانی خوێندنەوەی خێرا.
- بەدەست هێنانی بەهرەمەندیەتی دیاریکراو.
- ئامادەکردنی جوانترین باخچە لەناوچەی دانیشتنەکەتدا.
- فێربوونی زمانێکی بێگانە.
- دانانی کتێب.
- بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم.
- داهاتی تازە بۆسەر بودجەکەت.

لەبەرئەوەی کات بەخێرایی تێدەپەڕێت لەسەدان شتی بێماناو بێکەڵك و فەوتاودا، لەسەرت پێویستە کە خشتە دابنێیت بۆ کاتەکانت و پابەندبیت بەجێبەجێکردنی خشتەی کاتەکەوە. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە. لەهەمان کاتدا ئاخ هەڵکێشان بۆ کاتی لەدەست چوو دەکرێت بکرێتە هێزێکی پاڵنەر بۆ خێر و سوود لێوەرگرتن لەو کاتەی ماوە. وە پاشماوەی کات، هەرچییەك بێت، ماوەیەکی زۆرە ئەگەر وازمان لە تەمبەڵی و گریان هێنا بۆ کاتی لەدەست چوو.

## پێنجەم: هەندێك ڕێنمایی بۆ دەستەبەرکردنی کات

بەشوێن ئەم پێشنیارانەی خوارەوەدا بچۆ بۆ ماوەیەك سەرت سووڕدەمێنێ لە ئەنجامەکان:

١- نەخشەی ڕۆژەکەت بکێشە هەموو بەیانییەك بە تۆمارکردنی ئەو شتانەی کە پێویستە ئەنجامی بدەیت و هەر کارێك تەواوت کرد لەو ڕۆژەدا بیکوژێنەرەوە.

٢- خۆت لابدە لەسەردانی هاوڕێیەکت بەبێ ئەوەی ئاگاداری بکەیتەوە یان بەتەلەفۆن پێی بڵێی.

٣- کاغەز و پێنووس هەمیشە یا لەگیرفانتدا بێت یان یادخەرەوە لەگیرفانتدا بێت بۆ تۆمارکردنی نەخشە و بیروڕاکان لەکاتی بێ ئیشیدا.

٤- نەخشەی کاتی پشوودان دابنێ بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ کاتەکانی نوێژکردندا.

٥- سوود لەکاتی بێ ئیشی وەربگرە بۆ خوێندنەوەو لەبەرکردن یاخود لەکارێکی بنیاتنەردا.

٦- کاتێك ژوانێك ڕێك دەخەیت دڵنیابە کە هەردوولا ئاگادارن لەکات و شوێن و ناونیشان بە تەواوی.

٧- کاتێ دەتەوێت بچیت بەسەردەم بەڵێنێکتەوە حساب بکەو ماوەیەکی زەمەنی گونجاویشی بخە سەر وەك یەدەك. نەوەك ڕوداوێك دوات بخات تا لەکاتی دیاریکراودا بگەیت.

٨- هەموو مادەو سەرچاوە پێویستیەکان ئامادەبکە لەبەردەستدا پێش ئەوەی دەست بەکاربکەیت. ئەو کارە خواردن ئامادەکردن بێت یان نووسینی مەقال یان ئامادەکردنی ووتار.

٩- خۆت لابدە لەو کەسانەی کە کاتەکانت دەکوژن بە خۆپەرستیو نەزانی.

١٠- هەر کارێك بەتەلەفۆن یا لێدووان ئەنجام بدرێ پێت، پێویست بەوە ناکات سەفەری بۆ ڕێك خەیت.

١١- ئۆتۆمبیلەکەت پڕبکە لەبەنزین هەرکات بەلای بەنزیخانەیەکی باشدا تێپەڕ دەبێت. خۆت لابدە لەچوونی تایبەت بۆ بەنزین باهەمیشە ئۆتۆمبیلەکەت بەنزینی تیابێ و لێی نەبڕێ چونکە ئەوە مایەی نەنگییە ئەگەر حسابت بۆ نەکردبوو.

١٢- پارەی وردەت هەمیشە با پێ بێت، بۆ بەکارهێنانی لەبەنزین تێکردن و وەستانی شوێنی ئۆتۆمبیل یان بەکارهێنانی لەتەلەفۆن کردندا.

١٣- ئەگەر هات و کاری بچوکت هەبوو یان شت کڕین هەستە بەئامادەکردنی لیستێک کە هەموو بەندەکانی تیدابێت. نەخشەی چالاکی‌یە جۆراوجۆرەکانت و ڕێگا بڕین بەشێوەیەک بکێشە کە کورترین ماوە ببڕێت.

بیروڕای تریش هەیە بۆ پاشەکەوت کردنی کاتەکانت دەکرێت تۆماری بکەیت. هەستە بەراپەڕاندنی ئەو لیستە هەوڵ بدە کەزۆربەی ئەو پێشنیارانە بە ئەنجام بگەیەنیت، پێویستیشە پشوو بدەین و چێژیش وەربگرین، بەلام دەبێت خۆمان لادەین لەکات کوشتن. کاتی خۆشی بەسەربردن خۆی لەخۆیدا واتە پشودان، بۆ هەمووشمان پێویستە. یەکێک لەگرنگترین کێشەکانی ژیانی هاوچەرخمان ئەوەیە کە ئێمە ڕێگا دەدەین لەشمان پێش گیانمان بکەوێت بەرادەیەک کەگومان بکرێت کە جارێکی‌تر جەستەکە بگاتەوە بە گیانەکە. خۆشی و بەختیاری بەدی دێ ئەگەرهاتوو هاوسەنگی و گونجاویمان دروست کرد لەنێوان گیانمان و لەشماندا. ماوەیەک لەکاتەکانت تایبەت بکە بۆ نوێژکردن و بیرکردنەوەو تێڕامان و هەستبە بەشەحن کردنەوەی ئیمانی خۆت سەر لەنوێ بەقۆستنەوەی کاتە گرانبەهاکانت.

## شەشەم: چەند کاروبارێك پێویستە یادی بخەینەوە سەبارەت بەکات

### أ-کاتێك تەرخان بکە

کاتێك تەرخان بکە بۆبیرکردنەوە، چونکە سەرچاوەی هێزە.

کاتێك تەرخان بکە بۆ یاری‌کردن، ئەوە هەمیشە لاوێتی نوێ دەکاتەوە.

کاتێك تەرخان بکە بۆ خوێندنەوە، ئەوە بناغەی دانایی‌یە.

کاتێك تەرخان بکە بۆ نوێژکردن، لەبەرئەوەی سەرچاوەی مەزنترین هێزە لەسەر زەوی.

کاتێك تەرخان بکە بۆ ئەوەی کەسانت خۆش بوێ و خۆشەویست بیت، ئیمان تەنها خۆشەویستی و قین لێ بوونەوەیە.

کاتێك تەرخان بکە بۆ ئەوەی تیا ببی بە هاوڕێیەک خەلکت خۆش بوێت، ئەوەڕێگای کامەرانی‌یە.

کاتێك تەرخان بکە بۆ پێکەنین، ئەوە باشترین ڕێگای گێڕانەوەی خۆشی‌یە بۆ ژینت.

کاتێك تەرخان بکە بۆ بەخشین و واز لەخۆپەرستی بێنە، ژیان کورتە.

کاتێك تەرخان بکە بۆ کارکردن، چونکە ئەوە نرخی سەرکەوتنە، بەلام تەرخانی مەکە بۆ وون بوون و لەدەست دان و دەست بلاوی.

هەمیشە لەبیرت بێ (هەر کەس دوو ڕۆژ لەتەمەنی وەك یەك بوو زەرەرمەندە)

### ب- چۆن مامەلە لەگەڵ کاتدا دەکەیت

ماوەیەکی زۆر لەژیانمان لەگەڵ هاوڕێکانمان بەسەر دەبەین، جۆری قسەکردن لەنێوانماندا چی‌یە؟ ئەم پەندەی خوارەوەت لەیاد نەچێت:

عەقلە گەورەکان گفتوگۆی فکری دەکەن.

عەقلی مام ناوەندی ڕووداوەکان تاوتوێ دەکات.

عەقلە بچووکەکان کەسەکان و شتە مادییەکان تاوتوێ دەکەن.

عەقلە زۆر بچوکەکان کەسایەتی خۆیان تاوتوێ دەکەن.

## حەوتەم: لێکۆڵینەوەی حاڵەتێك: هەر خولەکێك چەند دەکەوێ؟

### کێشەی سەرەکی: نرخی یان بەهای کات

زۆرکات باسی بەهای کات دەکەین هەروەها گرنگی‌یەکەی و تێچوونی. بەڵام زۆرکەم حسابی کات دەکەین لەکۆبوونەوە یان کۆنگرەدا چەند دەکەوێ. ئەگەرهاتوو ئەوەمان لەسەر بناغەی تێچوونی وورد کرد بەدۆلار ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەموو خولەکێك واتە: لەدەست چوونی بڕێکی زۆر لەسامان. ئەوە دەبێتە بارگرانی‌یەکی زۆر لەبەرپرسیاریتی و لەسەر ڕێکخەرەکان کە نەخشە بکێشن بۆ هەر خولەکێك لەچالاکی‌و بەشێوەیەکی نمونەیی. ڕێگامان بدەن حاڵەتێکی کرداری وەربگرین ئەویش (کۆڕیکی ئیسلامی وو مەیل و مومارەسەکردن لە زانست و تەکنۆلۆژیادا)، کە لەبارەگای پەیانگەی جیهانی ئیسلامی بەسترا لەواشنتۆنی پایتەخت ساڵی ١٩٨٧ز:

### حاڵەتەکە: خەرجی کۆبوونەوەکە

| | نرخ بەدۆلار |
|---|---|
| أ- ئاماری خەرجی ڕاستەوخۆ بۆ ٣٠ کەس لەزانایان کە لەدەرەوە هاتبوون: | |
| پسوڵەی هاتوچۆی فرۆکە (٣٠× ٢٠٠دۆلار/ بۆ هەر توێژەرەوەیەك) | ٦٠٠٠ |
| شوێنی نیشتەجێبوون (٣٠× ٤٠دۆلار بۆ هەر ژوورێك/ دوو شەو) | ٢٤٠٠ |
| خواردنی هەر ژەمێك (٣٠× ٨دۆلار/ ژەم) | ١٢٠٠ |
| (١٥ بەشداربووی ناوخۆ× ٨دۆلار× ٣ژەم) | ٣٦٠ |
| گواستنەوەی ناوخۆیی (دوو ئۆتۆمبیل× ٦٠دۆلار ڕۆژانە/ دوو ڕۆژ) | ٢٤٠ |
| خزمەتگوزاری‌یەکانی سکرتاریەت | ١٠٠٠ |
| تەلەفۆن | ٤٠٠ |
| قرتاسیەو کۆپی‌کردن و وێنەگرتن | ١٢٠٠ |
| خەرجی تری چەسپاو | ١٠٠٠ |
| پاداشتی ڕێزلێنان بۆ توێژینەوەکان ٦ × ٢٠٠ دۆلار | ١٢٠٠ |
| کۆی گشتی | ١٥٠٠٠ |
| ب- هەژمارکردنی کاتی پێشکەش کردن و نمایش کردن! | |
| ١٠دانیشتن× ١,٥ کاژێر بۆ هەر دانیشتنێك | ١٥ کاژێر |
| (هەینی٣+ شەممە٥+ یەك شەممە ٢ = ١٠دانیشتن) | |
| ج- هەژمارکردنی خەرجی ڕاستەوخۆ بۆ دانیشتنەکە بەکاژێر: | |
| (١٥٠٠٠ دۆلار/ ١٥ کاژێر) | ١,٠٠٠ دۆلار بۆ یەك کاژێر |
| د- هەژمارکردنی خەرجیەکان بەخولەك | |
| (١٠٠٠دۆلار÷ ٦٠خولەك) | ١٧ دۆلار بۆ هەر خولەکێك |

ئەمە خەرجی ڕاستەوخۆیە بەتەنها بەبێ لەبەرچاوگرتنی پارەی بەرامبەر بۆ توێژەرەوەکان و ڕێکخەرەکان کەبۆ ماوەی ٤٨ کاژێر خەریك بوون، سەرەڕای کاتەکانی سەفەرکردنیان ئەگەرهاتوو مووچەکانیان بەم پێیە دانێین:

٤٥ کەس × ١٠٠دۆلار/ ڕۆژ× دوو ڕۆژ = ٩٠٠٠دۆلار.

ئەو کاتە خەرجی دانیشتنەکە / کاژێر = (١٥٠٠٠+ ٩٠٠٠)÷ ١٥= ١٦٠٠دۆلار بۆ هەر کاژێرێك

١٦٠٠دۆلار÷ ٦٠خولەك = ٢٧ دۆلار بە نزیکی بۆ هەر خولەکێك. جا سەرنج بدە!!

**پەندی وەرگیراو: لایەنە ئابوریەکانی کۆبوونەوەکان**

ئەگەر فێربووین هەژماری خەرجییەکە بۆ هەموو چالاکییەکانمان بەخولەك بکەین، ئەو کاتە هەست دەکەین بەو لەدەست دانە خەماوییەی بۆ سەرچاوەی دارایی نەتەوە، کاتێك کە بەخراپی کاتەکانی کۆنگرەو لێدوانەکان و کۆبونەوەکان بەکاردەهێنین. کۆکردنەوەی خەڵکی شتێکی زۆر پڕ مەترسی‌یە. ئێمەش لەبەردەم خوادا بەرپرسیارین لە بەکارهێنانی کات و سامان و پارەوپولمان بەشێوەیەکی کاریگەر.

## بەهەمیشەیی هەوڵی زیاتر بدە!

دەتوانین بەشێوەیەکی ئاسایی بەرهەمەکانمان زیاد بکەین بە تێکڕایی ١٠-١٥٪ ئەمەش بە هەوڵی زیاتر و بەردەوام. ئەگەر نەخشەت کێشا بۆ ئەوەی کەچەند ژمارەیەکی دیاریکراو لاپەڕە بخوێنیتەوە. یان تا کاتژمێرێکی دیاریکراو کار بکەی، یان ناوچەیەکی دیاریکراو پاك بکەیتەوە یاخود چەند گفتوگۆی تەلەفۆنی ئەنجام بدەیت، ئەوا لە تواناتدایە کە بەردەوام کاری کەمێك زیاتر لەوە ئەنجام بدەیت. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم و یارمەتیمان دەدات لەبەدیهێنانی ئەوەی زیاترە. وە لەبەر ئەوەی ئەرکەکانمان هەمیشە زیاترە لە کاتەکانمان، ئەوا ئەم کارە دەکرێت بەرهەممان زیاتر بکات و سوودی زۆر بێت.

هـ
ە
ڵ
و
ێ
س
ت
ی
کرداری!

## کاری ئەمڕۆت مەخەرە سبەینێ

ئەگەر کارەکانت دواخست و ئەمڕۆو سبەیت پێکرد، ئەوا کارەکان کەڵەکە دەبن. تۆش نازانیت سبەینێ چی ڕوو ئەدات. بە مێشکێکی پڕ ئاسوودەیی پاڵی لێ دەدەیتەوە ئەگەر هاتوو ڕۆژت دەست پێکرد بەبێ ئەوەی کەکاری ڕۆژی پێشوت لەسەر کەڵەکە بوو بێت. لێرەدا ئاکارێکی پەسەند هەیە، ئەویش ئەوەیە کەکارەکە ئەنجام بدەیت لەگەڵ وەرگرتنیداو لەشوێنی خۆیدا ئەگەرهاتوو ٥خولەك یان کەمتری ویست. بەڵام ئەگەر زیاتر لە ٥خولەکی پێویست بوو بیخەرە خشتەوە بەپێی لەپێشتربوونی. ئەم ڕێسا ئاڵتونییە لەوانەیە وات لێ بکات کە مەزنترین کەس بیت لەکار بەجێگەیاندن لەژیاندا. بێنەرە پێش چاوی خۆت کە دەتوانیت ٢٠ کار جێبەجێ بکەیت لەماوەی یەك کاتژمێردا. تۆ بەتەنها لەوانەیە بتوانیت بەقەدەر یەك ڕێکخراو کار بکەیت بەتەواوی. وە ئەگەرهاتوو لەڕێکخراوەکەدا ١٠ کەسی وەك تۆ هەبن ئەوا کاریگەریان زۆر دەبێت. سەرەڕای ئەمانە هەموو، خوای گەورە و میهرەبان پیرۆزبایی لەو هەوڵە دەکات کە لەپێناوی‌دا ئەنجام دەدرێت.

# دوو ڕێگا بۆ بەخشینی کات

## ڕێبازی باریتۆ ( کە بەڕێسای ٨٠/ ٢٠ یش ناسراوە)

تیۆر: بەندە گرنگ و بنەڕەتیەکان لەهەر کۆمەڵێکدا بەڕێژەیی بەشێکی بچووك لەسەرجەم کۆی بەندەکان لەکۆمەڵەکەدا **پێکدەهێنن.**




**جێبەجێکردن:** هەستە بەئامادەکردنی لیستێك بەهەموو ئەو بەندانەی داواکراوە تەواویان بکەیت. لە ٢٠٪ ی ئەو بەندانـە بناسە کە ئەگەرهاتو جێبەجێت کرد ٨٠٪ ئەنجامی خوازراوت بەدیهێناوە. یەکەم جار کاربکە بۆ تەواوکردنی ئـەو بەندانـە، کە لەپێشەوەی لە یەکەمیینەکانە.

## یاسای پارکنسن

**تێور** : کار درێژ و بەرفراوان دەبێتەوە تا پانتایی کاتی ڕەخساو پڕبکاتەوە بۆ تەواوکردنی.




**جێبەجێکردن :** هەستە بەدیاریکردنی کاتی کۆتایی بۆ هەر کارێك لەو کارانە و پابەندبە بەو کاتەوە.

## گفتوگۆ

١- بۆچی کاتی ئەمڕۆ بەنرخ ترە لەکاتی سبەینێ؟
٢- چۆن دەرچووان و سەرکەوتوان جیادەبنەوە لەو کەسانەی کە نوشوستیان هێناوەسەبارەت بەسوود وەرگرتنیان لەکات؟
٣- چۆن بەهایەنەقدی کات ئامار دەکەیت؟ نمونەیەك بێنەوە؟
٤- بۆچی پێت وایە کە ئامادەکردنی خشتە کاتیەکان مەسەلەیەکی گرنگە لە بەڕێوەبردنی باشی کاتدا؟
٥- گرنگترین سێ هەڵسوکەوتی باو چیە بۆ لەدەست دانی کات؟
٦-چۆن کاتەکانت پتەو دەکەیت لەدژیدا؟

## جێبەجێکردن

بەپێی ئەوەی سەرۆکی دەزگای کارمەندە هەمیشەییەکانیت لەڕێکخراوە بچوکەکەتدا ئەوا ئەرکەکانت هەموو کاتەکانت پڕ دەکەنەوە. خەڵکی بەردەوام داوات دەکەن لەسەر تەلەفۆن. وە لەبەردەمی نووسینگەکەتدا خەڵکی وەستاون بۆ چاوپێکەوتن، یارمەتی دەرەکەشت کاروباری زۆری لەسەرە دەیەوێت بیخاتە بەردەستت. پۆستیشت زۆر بۆ دێت.
ئێستاو لەژێر سێبەری ئەم هەموو بارودۆخە بەفشارەدا لیژنەی ڕاپەڕاندن داوای دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی مانگانەت بۆ هەواڵ لێدەکات.

١- وێنەی خشتەیەك بکێشە کە ئاستی سوود وەرگرتنت لەکات دیاری‌بکات لەڕووی چەندێتی و چۆنایەتی‌یەوە.

٢- هێڵکارییەك دابنێ بۆ دەستەبەرکردنی کاتێك لەو دەستورەی سەرەوە کە بەشی دەرکردنی بڵاوکراوەکە بکات.

٣- یاداشتێك بنووسە بۆ یاریدەدەرەکەت پێی ڕابگەیەنە چۆن هەندێك کاتت بۆ پاشەکەوت بکات.

بەشی

١٧

# هونەری گوێگرتن

**یەکەم: گوێگرتن چی‌یە؟**

**دووەم: فێربوونی هونەری گوێگرتن**

**سێیەم: لێکۆڵینەوە لەناوەرۆکی پەیامەکە**

**چوارەم: گوێگرتن و شێوازەکانی دانیشتن**

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

**پاش تەواوکردنی ئەم بەشە توانای ئەمانەت دەبێت:**

- دیاری‌کردنی ڕەگەزەکانی گوێگرتنی سەرکەوتوو.
- ئاخاوتن و هەست کردن بەپێداویستی‌یەکانی گوێگران.
- گوێگرتن بۆ کەسانی‌تر بۆ بەدەست هێنانی سوودی زیاتر.
- یارمەتی دانی کەسانی‌تر بۆ ئاخاوتن بۆئەوەی خەڵکی بەباشتر لێیان تێ‌بگەن.

## یەکەم: گوێگرتن چی‌یە؟

گوێگرتن کاتێك ڕوو ئەدات کەپەیامێکی پڕ زانیاری دەگوێزرێتەوە لە نێرەرێکەوە بۆ کەسی وەرگر لەژینگەیەك دوور بێت لەژاوەژاو و هاندەربێت بۆ گێرانەوە.

پەیام بریتی‌یە لە هەر شتێك کە بگوێزرێتەوە، وە زانیاریش بریتی‌یە لەهەر شتێك کە ئاڵۆزی و نادڵنیایی لە پەیامەکەدا بڕەوێنێتەوە. دەکرێت مرۆڤ پرسیار بکات لەو زانیاری‌یانەی لەناوەرۆکی ئەو نامەیەدا هاتووە. سەرچاوەکە نێردەری پەیامەکەیە، وەرگریش ئەو کەسەیە کەوەری دەگرێت. بەڵام ژینگە کۆمەڵە بارودۆخێکە کەلە چوارچێوەیدا گوێگرتن دەبێت. ژاوەژاویش واتە هەر شتێك کە ڕێگر بێت لەبەردەم هاتوچۆی زانیاری لەنێوان نێرەر و وەرگردا. پرۆسەی گێرانەوەش بریتی‌یە لە بەدەنگەوەهاتنی وەرگرە بەو پێ‌یەی کە لەنامەکە تێ‌دەگات یان لێکی‌دەداتەوە. ئەمەی خوارەوەش ڕونکردنەوەیە بۆ هەر ڕەگەزێکی‌کرداری گوێگرتن.




گوێگرتن وەك ڕێبازێکی دوو ئاراستەیە. و لەسەر بوێژەکەیە بەشوێن ڕێسا بنەڕەتیەکانی تێگەیشتن و وەرگرتندا بچێت بۆ یارمەتیدانی گوێگرەکان لەتێگەیشتندا. هەروەها پێویستە لەسەریان کەهەندێك ڕێنمایی لەبەرچاوبگرن تاپەیامی قسەکەر وەربگرن.

لەبیرت بێت کە دەکرێت هەیە هەموو کاتێك زیاتر لەگوێگرێك ئامادەبێت، ئەو کاتە ئەو زانیارییانەی هەر گوێگرێك وەریدەگرێت لەوانەیە یەك شت بێت یاخود نا، ئەوەش بەندە لەسەر ڕادەی پابەندبوونی گوێگرەکان بە بنچینەکانی پەیوەندیکردنی دروستەوە.

بۆ ئەوەی یارمەتی گوێگرەکان بدەین لەسەر تێگەیشتن پێویستە وەك بوێژێك بایەخ بە شێوازی ئاخاوتنمان بدەین لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەمان. لەهەمان کاتدا دەبێ جەماوەری گوێگریش هەڵبژاردەو گونجاو بن و بەهەمان شێوە کات و شوێنیش. ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەخۆمان بکەین: ئایا کاتی پێشنیارکراو کاتی کارو سەرگەرمییە، یان کاتی پشوودان و سەرخەو شکاندنە؟ وە ئایا بۆنەکە کۆبوونەوەیەکی ڕەسمییە یان چاوپێکەوتنێکی سەرپێییە؟ ئایا شوێنەکە ناوەندی کارکردنە یان ژووری کۆبوونەوەیە یان شوێنێکی دیاریکراوە بۆ چالاکی کۆمەڵایەتی؟ لەوانەیە شوێنەکە کۆمەك یان ڕێگربێت بۆ کرداری پەیوەندی کردن. لەکۆتاییدا، لەسەرمانە بڕیاربدەین کە ئایا کرداری بەدواداچوونی پێویست لە ئارادایە بەسەر زاری بێت یان بەنووسین.

لەلایەکی ترەوە، لەسەرمانە وەك گوێگر:

أ - بەسنگێکی فراوان و عەقڵێکی کراوەوە گوێبگرین بۆ ئەوەی ووتەبێژ دەیڵێت.

ب- نابێ بەهۆی کاردانەوەکانی خۆمانەوە بێئاگابین لە ووتارەکە.

ج- تێبینیکردنی جوڵانەوە بێچرپەکانی جەستەیی ووتە بێژ.

د- پێ داگرین لەسەر ئەو زانیارییانەی کە پێشکەش دەکرێت.

هـ- لەڕووی جەستەییەوە ئامادەبین بۆ گوێگرتن.

ئەگەر لەپەیامەکە تێنەگەیشتین، باشتروایە کەپرسیار لەبێژەر بکەین بۆ دووبارەکردنەوە یان شیکردنەوەی هەندێك خاڵ. لەوانەیە کاتێکی باشتر یان شوێنێکیتر هەڵبژێرین کەببێتە هۆی ئاسانی تێگەیشتن.

## دووەم: فێربوونی هونەری گوێگرتن

تاکەکان بەهرەو توانای گوێگرتنیان یەکسان نییە. بەڵام هەمومان دەتوانین کە فێری هونەری گوێگرتن ببین، ئەگەرهاتو هەوڵ و کۆششێکی هۆشیارانەی بۆ بدەین. بۆ ئەوەی لەگوێگرتندا سەرکەوتوو ببین پێویستە کە:

أ- بەمەبەستەوە گوێ‌بگرین.

ب- نەهێڵین مێشکمان یان بیروبۆچوونمان پەرتەوازە ببێت.

ج- ئاوەزمان لای ئەوە بێت کە دەوترێت.

د- بەرەنگاری هۆکارەکانی بێ‌ئاگایی بکەین.

ه- لەریزی پێشەوەدا دابنیشین و تێبینی‌یەکان بنووسین.

پێویستە جڵەوی چەمکی (من) لەخۆماندا بگرین وەتەنها بیر هەر لەوە نەکەینەوە کە دەمانەوێ بیڵێین و بەدوای بوێژدا. پێویستە گوێ بۆ بیروڕاکان بگرین، بڕیار لەسەر پەیامەکە بدەین بەپێی تایبەتمەندێتی‌یەکانی ناوەڕۆکەکەی نەک لەسەر بناغەی ڕێگای گەیاندنی. هەروەها پێویستە ئارام و لەسەرخۆ و ووریابین بۆ گوێگرتن لەووتە بێژ و قسەکانی پێ‌نەبڕین. باشتروایە گرنگی بدەین و سووربین لەسەر بەدواداچوونی ئەو شتانەی کەسێکی‌تر دەیلێت. مومارەسەی هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کرد دەبێ بەهۆشیاری و نەرم و نیانی بێت.

## سێیەم: لێکۆڵینەوە لەناوەڕۆکی پەیامەکە

زۆرجار باشتر وایە بۆ بەدەنگەوە هاتنی ووتەبێژ قسەکانی بۆ بگێڕینەوە هەروەها بەلێکدانەوەو تێبینی دەربارەی ئەو شتانەی وەك گوێگر تێی گەیشتوین. هەروەها لەتواناماندایە کەهەندێ پرسیار بکەین بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر لەبێژەرەوە یاخود یارمەتی بدەین بۆ لێکۆڵینەوەی گرێیەکی ئاڵۆز. واباشە کە وەڵام دانەوەمان بۆ قسەکەرەکە لە هەمان ئەو ووشانە بێت کەخۆی ووتویەتی بۆ دڵنیابوون لەمەبەستەکەی. هەروەها لەتوانامانداە کە ئاماژەی جەستەیی بەکار بێنین بۆ گواستنەوەی هەست و دەرکمان بۆ ئاسانی یان گرانی تێگەیشتنمان لێی.

دیسان لەتوانامانداە پرسیار گەلێك بخەینەڕوو کە وەڵامیان کراوە بێت لەرێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پرسیاری ڕاستەوخۆوە، وەك کەی و چی و بۆچی و لەکوێ و کێ، بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر. هەروەها دەکرێت کە پرسیار بکرێت بۆ لێ‌پێچینەوە لەوردی بەمەبەستی بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر یاخود بۆ یارمەتی‌دانی ووتەبێژ لەباسکردنی بابەتێکی ئاڵۆزدا.

## چوارەم: گوێگرتن و شێوازەکانی دانیشتن







**گوێگرتنی کاریگەر**

چی‌یە؟

چۆن ئەوە ڕوودەدات؟

## چەند خاڵێکی کارکردن

**ئایا خاڵی جەوهەری مەبەست ونبووە؟**

پیاوێك هەبوو بەبەڕێز (مروان الحمار) ناسرابوو. هاوسەرەکەی بۆ ساڵانێکی زۆر لێی دەپاڕایاوە کە ناوەکەی بگۆڕێت بەڵام ڕازی نەدەبوو. ڕۆژێك لەڕۆژان ڕایگەیاند کەناوەکەی گۆڕیوەو هاوسەرەکەی زۆری پێخۆش دەبێت و بەدرێژایی شەو بەوبۆنەیەوە ئاهەنگ دەگێڕێت. بۆ بەیانی لەگەرمەی خۆشی‌دا ژنەکە بەپیاوەکە دەڵێ: (ناوە نوێکەت چییە ئەی مەروان؟) وەڵامی دایەوە: (سعید الحمار)!!

سەرسام دەبی گەر بزانی چەند خاڵی جەوهەری مەبەستدار لەچالاکییەکانماندا بێ سەروشوێن دەبن. ئێمە پێویستی‌یەکی زۆرمان بەشی‌کردنەوە و لێکدانەوە هەیە بۆ هاوڕێکانمان، تاوەکو ڕێبگرین لەڕوودانی ئەوە.

ڕۆژێك یەکێك لە برایان هاتوو ووتی: (تۆ ووتت کە ماڵی وەقف پێویستە پارێزگاری لێبکرێت چونکە ماڵی موسڵمانانە. لەبەر ئەوەی من یەکێکم لەموسڵمانان، بڕێك لەو ماڵەم بدەنێ؟) ئەم برایە خاڵی جەوهەری مەبەست تێنەگەیشتووە.

**هۆکارەکانی ڕاستکردنەوەو دیسپلین پێویستن**

خوێندکارێك لێی پرسیم: (نازانم بۆچی هەندێك کەس پێیان وایە کەمن پلەی زۆرباش بەدەست دێنم. لەکاتێکدا من لەخوێندکارێکی ئاست مامناوەندی زیاتر نیم) هۆی ئەمەش لەوەوەیە کە دایك و باوکی بەخەڵکانی‌تر ڕادەگەیەنن کەئەو خوێندکارێکی زۆرباشە لەبەجێهێنانا. ئایا درۆ دەکەن؟ نا، درۆ ناکەن بەڵکو ئەوە تێگەیشتنیان و لێکدانەوەیانە بۆ ئاستی کوڕەکەیان.

کاتێك گوێ بۆ خەڵکی دەگریت لەسەرتە کەمامەڵەکردنی (ڕێژە)ی تەواو ڕاست جێبەجێ بکەیت. ئەم هۆکارەش وادەبێت کە لە (١) زیاتر بێت یان کەمتر. کاتێك گوێت لەکەسێك دەبێت بۆ یەکەم جار دەڵێت: کوڕەکەم زیرەکە، ماڵەکەم پاکە، فلانەکەس زۆر دەوڵەمەندە، ژمارەی ئامادەبوان لاواز بوو، پرۆژەکە زۆر گەورەیە، فرۆکەخانەکە زۆر نزیکە......

لەبیرت بێت لەوانەیە کەئەو شتانەی ئەو باسی دەکات بەلای تۆوە پێچەوانە بێت. ووریای ئەوە بە کەڕایەك لەلات بەرجەستە نەبێت سەبارەت بە کەسێك پێش حساب کردنی ڕێژەکانی ڕێك و پێکی ئەوەی کە دەیڵێت، هەر کەسێك کۆلکەی تایبەتی بەخۆی هەیە کاتێك کە بەراورد بە پێوانەکەی تۆ دەکرێ، ئەوەش لەئاکامی ئاسەوارە ڕۆشنبیری‌یەکان لە جیاوازی ئارەزووەکان و شارەزایی و مێژووی بنەماڵە و پلەی کامڵ بوون و هەتا دوایی. زۆر ووریای خۆت بە کاتێ بڕیار دەدەیت یان هەڵسوکەوت دەکەیت.

**ووردبینی بکە - لێبکۆڵەوە - دڵنیابە.**

**گوێگرتن پشت دەبەستێ بە:**

- هۆکارە ئاکییەکان
- هۆکارە ڕۆشنبیری‌یەکان

**لەڕێگای:**

- پەیوەندی بینین
- ئاماژە جەستەیی‌یەکان

**کاتێك پەیوەندی بینین:**

- **بەئاسانی دەرەخسێت**
  - بۆیەکە پەیامێکی بەهێزترو کاریگەرتر دەنێرێت.
  - وەرگر دەتوانێت ووردبینانەتر ئاگای لێبێت.
- **بەئاسانی نەرەخسابێت.**
  - بێژەر خۆی لادەدات لەدەربڕینی هەستەکان
  - وتەبێژو وەرگر ڕێنمایی ئاکاری و ڕەوشتیی دەگرنەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پیاوان و ژناندا.

**ئەگەر کارێک**
**بواری خراپ تێگەیشتنی هەبوو،**
**ئەوا بەخراپ**
**لێی تێدەگەن!**

**ڕاهێنان بۆ مەشق کردن لەسەر گوێگرتن**

لێرەدا باس لەیەکێ لە مەشقە زۆرەکان دەکەین کەدەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ باشکردنی بەهرەی گوێگرتن.

**پێداویستی‌یەکان**

- کاسێت یان فلیم، ئامێری تۆمارکردن یا ئامێری نیشاندانی فلیم، ژووری پێشکەشکردن.

**شێوازەکەی**

- کۆمەڵەکە بەش بکە بۆ هەستان بەڕۆڵی جیاجیا، وەك ئەوەی هەندێکیان ڕازی بن بەبیرۆکە سەرەکی‌یەکەو هەندێکی تریان دژبن، پاشان هەڵبستن بەڕۆڵی جێبەجێکەری کارەکەو ئەوانەی تر بەڕۆڵی شی‌کردنەوە بۆ کەسانی‌تر. ئەم ڕۆڵانە یارمەتی ئەندامان دەدات بۆ گوێگرتن بەشێوەیەکی پڕ ئامانج.
- داوا لەهەر ئەندامێك بکە بەپێی ڕۆڵەکەی خۆی گوێبگرێت.
- هەستە بەبلاوکردنەوەی کاسێتەکە یاخود نیشاندانی فلیمەکە.
- لەکۆتاییدا لەهەر ئەندامێك بپرسە کە ڕاپۆرتێك پێش کەش بکات بۆ کۆمەڵەکە دەربارەی ئەوەی گوێی لی‌بووە.
- شتی خۆت بڵێ لەسەر ئەو جیاوازیانە ئەگەر هەبوو لەنێوان ئەوەی ووتراوە و ئەوەی بیستراوە. سەرلەنوێ هەستە بەپەخشی چەند بەشێکی کاسێتەکە یاخود بەنمایشی چەند بەشێکی ئەو فلیمەی کە بەوردی نەخراوەتە ڕوو.

## گفتوگۆ

١- ڕۆڵی پرۆسەی گێڕانەوە لە پەیوەندیکردندا چییە؟

٢- بۆچی (بنەماکانی تێگەیشتن و وەرگرتن) گرنگی زیاتری دەبێت کاتێك قسەکەرەکە ژمارەی گوێگرەکانی زیاتر بێت ؟

## جێبەجێکردن

**بانگهێشت کرای بۆ کۆبوونەوەیەکی گرنگ لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن کە دەیانویست پشتگیری تۆ بەدەست بێنن لە پشتیوانی کردنی سیاسەتە نوێکانی کۆمەڵەکە و هاندانی جەماوەر بەئاستی بەرژەوەندی ئەو سیاسەتانە. وە هەمووتان سووربوون لەسەر باش گوێگرتن بەهۆی گرنگی ئەو سیاسەتە گشتییانەوە.**

١- باسی خەسڵەتەکانی ژینگەی گوێگرتن بکە کەلەم بارەدا لە ناوەندەکایتر گونجاوترە.

٢- ئەگەرەکانی کەموکوڕی پەیوەندیکردن ریزبەند بکە لەم کۆبوونەوەیەدا، ئینجا نەخشە بۆ بەسەردا زاڵ بوونیان بکێشە.

٣- سێ پرسیار دابنێ کە ئاراستەی قسەکەرانی بکەیت بۆ بەدەست هێنانی ڕوون کردنەوە لەکاتی پێویستیدا.

بەشی
١٨

# پێکهێنانی لیژنە

## یەکەم: لیژنە چییە؟

ا - چاکیەکان و خراپیەکان.

ب- جۆرەکانی لیژنە.

## دووەم: پێکهێنانی لیژنە

ا - ئەرکەکان.

ب- ئەندامێتی.

ج- سەرۆکایەتی.

---

### ئامانجەکانی ئەم بەشە

پاش تەواوبوونی ئەم بەشە بەتوانا دەبیت بەسەر:

- زانینی ئەوەی چ کاتێك لیژنە پێویستە یاخود پێویست نییە پێك بهێنرێت.
- نوسینی لائیحەیەك یان بەیاننامەیەك بۆ دیاریکردنی کاری لیژنە.
- هەڵبژاردنی ئەندامانی گونجاو بۆ لیژنە.
- پێکهێنانی لیژنەکان.

## یەکەم: لیژنە چییە؟

دەتوانرێت لیژنە پێناسە بکرێت بەوەی کە کۆمەڵێك کەسن کە هەڵدەستن بەڕۆڵێکی تەواوکاریانە بۆ بەجێهێنانی ئەرکێکی دیاریکراو لەهەر ڕێکخراوێکدا. وە ناکرێت دەستبەرداری لیژنەکان ببین. بەشێوەیەکی سروشتی لەهەموو جێگایەك هەیە، تەنانەت ئەگەر بەڕەسمیش دیاری نەکرابێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەبڕیارەکان و ڕاوێژە بەکۆمەڵیەکان پێویستە، وەگرنگی و بەهای خۆی هەیە کە لەسەرو بڕیارە تاکەکەسی و سەرکوتکارەکانەوەیە.

دوای ئەوەی ئەبوبەکری صدیق خوا لیّی ڕازی بێت هەستا بەکۆکردنەوەی هەموو سورەتەکانی قورئانی پیرۆز، لیژنەیەکی پێك هێنا بۆ سەرپەرشتی کردنی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بەتەواوی لەیەك بەرگدا. سەعدی کوڕی عاص دەیخوێندەوە و زەیدی کوڕی ثابت دەینووسیەوە. خەلیفە پێی وابوو کەجیاوازی ڕوویدات دەربارەی چۆنیەتی دەربڕینی هەندێك لەووشەکان بەهۆی زۆری زاراوەکانەوە، لەبەرئەوە بڕیاریدا کە زاراوەی هۆزی (مضر) بکرێتە بنەمای کارەکە.

لیژنەکان لەبەر ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت:

- بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری.
- بەرهەم هێنانی بیروڕا و چارەسەری چەند کێشەیەکی دیاریکراو.
- ئاسان کردنی گونجاندن و پەیوەندی کردن و هاوکاریکردن.
- ڕاسپاردە بەکارسازی و وەرگرتنی بڕیارەکان.

## أ-چاکیەکان و خراپیەکان

گرنگترین چاکی‌یەکانی کاری لیژنە ئەمانەن:

١- بەدیهاتنی بڕیارو یاسا کۆمەڵیە تەواوکارییەکان. دەتوانرێت پەنا ببرێت بۆ کەسانی پسپۆڕ و ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان و پلەی ڕێکخستنی جیاجیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك.

٢- یارمەتی دەدات بۆ بەزاندنی سنووری جیاکەرەوە لەو کارانەی کەزیاتر لەیەکەیەکی ڕێکخستن لەخۆ دەگرێت.

٣- یارمەتی دەدات بۆ دۆزینەوەی تیمێکی باش لەڕێگای کارلێك کردنی ڕەسمی و ناڕەسمی.

هەروەها هەندێك لایەنی لاواز لەکار بەلیژنەدا هەیە، بریتین لە:

١- ئەو پێداویستی‌یانەی لیژنەکان دەیانەوێت لە تێچوونەکانی هاتووچۆ و مانەوە لەشوێنەکەدا، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان کە لەکاری بێماناو ڕۆتینی‌دا بەکاری نەهێنین.

٢- هەندێك جار هەڵدەستێت بە سازشکاری و دوودڵ ئەبێت لەوەرگرتنی هەندێك بڕیاردا.

٣- زاڵ بوونی ئەندامێکی تازە بەسەر کاروبارەکاندا یان زاڵ بوونی کەمینەیەك.

٤- گرانی بەرپرسکردنی کۆمەڵێك کەس یاخوود لێپێچینەوەیان.

**چی دەوترێت دەربارەی لیژنەکان؟**

- لیژنە پێك دەهێنرێت لە ئەندامانێك کە ئارەزوویان لەکارەکە نییە لەلایەن ئەو کەسانەوەکە لەو بوارەدا توانایان نیە بۆ ئەنجامدانی کارێك کەناکرێ ئەنجام بدرێ هەڵبژێراون.
- لیژنەکان کات زۆر لەدەست دەدەن.
- لیژنە حوشتر ئەکات بەئەسپ.

## ب-جۆرەکانی لیژنە

لێرەدا جۆری جیاواز لەلیژنەدا هەیە، ئەوەش لەسەر ئەرکەکان و سنووری دەسەڵاتەکانیان ڕادەوەستێت یان هەندێك جار لەسەر قەبارەکەیان. هەندێکیان هەمیشەیین و هەندێکی تریان ماوەیان کورتە. لیژنەکان پێکدێن بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پاشان لەدوای تەواوکردنی ئەرکەکەی تێك دەدرێتەوە.

زۆربەی رێکخراوەکان دوو جۆرلیژنە بەکاردەهێنن:

( أ ) لیژنە هەمیشەییەکان: پێك دەهێنرێت بۆ بەرپرسیارێتی‌یەك، کە بە گشتی شێوەیەکی سروشتی بەردەوامی هەیە وەك نەخشەکێشان و ئەندامێتی و پارە بۆ خەرج کردن، و پێویستی بەبریاری بەکۆمەڵ هەیە نەك تاکەکەسی.

(ب) لیژنە کاتی‌یەکان: ئەوەیە کەپێك دەهێنرێت بۆ هەستان بەچەند ئەرکی دیاریکراو لەرووی سروشت و ئەو ماوەیەی دەیخایەنێت، وە لەپێناو ئەرکی گشتی ناجیاواز و دووپات نەبووەوە، وەك لێکۆڵینەوەی هەڵوێستێك یاخود بارێك یان خۆرێکخستن بۆ رووداوێك یان بۆنەیەك لەبۆنەکان.

## دووەم: پێکهێنانی لیژنە

### أ-ئەرکەکان

هەندێك لیژنە پێك دەهێنرێت بەپێی سستمی بنەرەتی رێکخراوەکە و لیستە ناوخۆیی‌یەکانی. ئەو بروانامانە ئەرکی دیاریکراوی لیژنەکانی تێدایە. هەندێك لیژنەی‌تر لەلایەن ئەنجومەنی بەرێوەبەری رێکخراوەکەوە دادەمەزرێن. بێگومان دەبێت ئەنجامدانی کارو سەلاحیەت و یاخود لائیحە بدرێت بەلیژنەکان کە بەتەواوەتی ئەوەروون دەکاتەوە کە لیژنەکان پێی هەڵدەستن. دەبێت ئەم بروانامە دیاریکراوە رێگای بەرزکردنەوەی راپۆرتەکانی لیژنەو ئەو لایەنەی کە بۆی بەرزدەکرێتەوە دیاری بکات جگە لەپەیوەندی‌یەکانی تری ناو رێکخراوەکە. هەروەها نابێت هیچ لیژنەیەکی‌تر دابمەزرێت بەبێ تێگەیشتنێکی روون لەمەبەستەکانی.

### ب-ئەندامێتی

ئەندامێتی بەسروشتی مەبەستەکانی لیژنەوە دەبەسترێتەوە. ئەو لیژنەیەی لەبنەرەتدا گرنگی دەدات بەئەرکەکانی راگەیاندن یان راوێژکاری یان چارەسەری کێشەکان، پێویستە کەسانی وای تێدابێت کەزانیاری و شارەزایی پێویستیان بێت. لەوانەیە لێهاتوویی کارمەندێتی داخوازی سەرەکی نەبێت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنە، کە هەوڵ دەدات بۆ پتەوکردنی گونجاندن یاخود هاوکاری. بۆ نمونە لیژنەی تەنسیق پێویستە کارمەندی‌یە رێکخراوەیی‌یەکانی تێدابێت. وا پێویست دەکات ئەندامانی لیژنە دیاری بکرێن، لەگەڵ تێگەیشتنێکی روون بۆ ئەو ئامانجانەی کەدەبێت لیژنەکە بەدی‌بهێنێت، هەروەها ئەو بەهرەمەندییانەی کە هەر ئەندامێك لە لیژنەکەدا بەشداری پێ دەکات، بۆ مسۆگەرکردنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

هاندانی تاکەکان بۆ بەشداری‌کردنی کاریگەر لەچالاکی‌یە بەکۆمەڵییەکاندا پێویستی بە بایەخ دان هەیە بۆ دانانی لیستێك یا خشتەیەك بەخزمەت گوزاری‌یەکانی لیژنەکەو ئەرکەکانی. قەوارەی لیژنە دەگۆردرێت بەگۆرینی بەرپرسیارێتی‌یەکانی. لیژنە گەورەکان پێوست دەبێت بۆ بوارەکانی وەك بەکارهێنانی ئەندامان، بەڵام لیژنەی بچوك بەباشتر دادەنرێت چونکە توانای گەیشتنی هەیە بەکۆدەنگی و ئەنجامدانی ئەرکەکانی بەلێهاتوویی‌یەکی بەرزترو تێچوونێکی کەمتر.

وەك رێسایەکی باو، پێویستە کە ئەندامانی لیژنەی هەمیشەیی لەپێنج کەس کەمتر نەبن و لەنۆکەس زیاتر نەبن. سەرەرای بوونی تایبەتمەندێتی کەپاساوی خۆی هەیە. کەمترین ئاست، کە پێنجە، بوار دەرەخسێنێت بۆ بوونی زۆرینە لە سێ ئەندام بەلایەنی کەمەوە ئەمەش بەسە لە هەڵوێستێکدا کە پێویستی بەکۆی دەنگەکان نەبێت. بەڵام بەرزترین ئاست کەنۆ کەسە زۆرترین ژمارەیە نەرمییەکی باشی تێدایە.

لەبەرئەوەی زۆربەی لیژنە هەمیشەیی‌یەکان بەرێکوپێکی کۆدەبنەوە، بەبێ هاندەرێك بۆ پەلەکردن یان لەکتوپڕدا، گرانی خشتەدانانی کۆبوونەوە بۆ ژمارەیەك کە لەنۆ زیاتر بێت وادەکات کە لەو ئاستە تێنەپەڕێت تەنها لەباری زۆر پێویستدا نەبێت.

پێویستە کەئەندامێتی لیژنەی هەمیشەیی لەنوێنەرلیەتی‌کردندا بەرفراوان بێت بەو ئەندازەی کە قەبارەکەی ڕێگای پێ دەدات، لەگەڵ بەرچاوگرتنی لەپێشێتی ڕێکخستنەکان و سیفەتە کەسییەکان و پشتیوانی بۆ توێژە جۆراوجۆرەکان.

زۆرێك لەو لیژنانەی سروشتێکی کاتیی هەیە (ad hoc) لەسێ ئەندام پێك دێن، هەندێکیشیان تەنها لەدوو ئەندام پێك دێن بەڵام پێنج ئەندامی لەبەرزترین ئاستی کرداری دادەنرێت. وە پێویستە کە گونجاوی تەواو لەنێوان ئەندامەکانی لیژنە کاتییەکەدا هەبێت. وە لەهەر یەکەیاندا توانای گونجاو بۆ ئەرکی لیژنەکە فوراهەم هاتبێت، وە لەبەر ئەوەی لیژنەیەکی کاتی‌یەو کارێکی دیاری‌کراو هەیە پێویست ناکات ئەندامەکانی لەناو خودی ڕێکخراوەکەدابن، هەروەها زۆر گرنگ نی‌یە کێ سەرۆکایەتی لیژنەکە دەکات ئەگەرهاتوو ئەم تایبەتمەندێتی‌یانەی تێدابوو کە لەم بەندەی خوارەوەدا هاتووە.

### ج-سەرۆکایەتی

نهێنی سەرکەوتنی لیژنەکان بەندە بە سەرۆکی سەرکەوتووەوە، سەرۆك لیژنە ئەو ئەندامەیە کە کەشێکی گشتی دەبەخشێت بەلیژنەکەو هەنگاوو ستراتیژی‌یەکانی دیاری دەکات. تەنانەت ئەگەرهاتوو لە لیژنەکەدا کەسانی لێهاتووی تێدابوو و ئامانجی ڕۆشنی هەبوو، ئەوا توانای سەرۆکەکەی لە بەڕێوەبردنی لیژنەکەو ئاراستەکردنی کارەکەیدا پێویستمەندی‌یەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی. بۆ ئەوەی سەرۆك چالاك بێت، پێویستە کەبەرپرسیارێتی بەسنگێکی فراوانەوە وەربگرێت و هانی ئەوانی تریش بدات بۆ بەشداری‌کردن. وە پێویستە کە زانیاری تەواوی هەبێت دەربارەی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەو ڕۆڵی لیژنەکەی لەبەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەدا.

بەشێوەیەکی تایبەت ئەو شتانەی پەیوەندی‌دارە بەلیژنەی هەمیشەیی‌یەوە، لەسەر سەرۆکەکەیە بتوانێت هاوکاری‌کردنی ئەندامەکان بەدەست بێنێت و کارەکان بەسەریاندا دابەش بکات لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر. پێویستە کە سەرۆك ڕاوبۆچوونی توند ڕەوانەی نەبێت لە بابەتەکانی لیژنەدا، یان نامۆ بێت بەڕێکخراوەکەو و داب و نەریتە ناوخۆیی‌یەکان و پێشینە ڕۆشنبیری‌یەکەی تێنەگات. سەرۆکی لیژنەی سەرکەوتوو پارێزگاری دەکات لەسەر گونجان و هاودەنگی لەنێوان ئەندامەکانی لیژنەو ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی خۆیدا، سەرەڕای بوونی پەیوەندی‌یەکی ڕوون و ئاشکرا پێیانەوە.

## ئەرکی کێیە؟

ئەمە بەسەرهاتی چوار کەسە ناوەکانیان: هەموو کەسێك، کەسێك، هەر کەسێك، هیچ کەس.

ئەرکێك هەبوو پێویست بوو جێبەجێ بکرێت، داوا لە (هەموو کەسێك) دەکرا کە بەجێی بگەیەنێت.

(هەموو کەس) دڵنیابوو کە (کەسێك) پێی هەڵدەستێت.

(هەر کەسێك) دەیتوانی بەجێی بگەیەنێت بەڵام (هیچ کەس) جێبەجێی کرد.

(کەسێك) تورەبوو لەبەرئەوەی ئەرکی (هەمووکەس) بوو.

(هەموو کەس) پێی وابوو کە (هەر کەسێك) دەتوانێت بەجێی بگەیەنێت بەڵام (هیچ کەس) هەستی نەکرد کە (هەموو کەس) بەجێی ناگەیەنێت.

کار بەوە تەواو بوو کە (هەموو کەس) گازندەی لە (کەسێك) کرد کاتێك (هیچ کەس) نەیتوانی بەجێ هێنانی ئەوەی کە (هەر کەس) دەیتوانی بەجێ بگەیەنێت.




**ئەرکی کێ بوو ؟**

## گفتوگۆ

١- کەی نابێت لیژنە پێك بهێنرێت تەنانەت ئەگەرهاتوو پێویستت بەبڕیاری بەکۆمەڵیش بوو؟
٢- لیژنەی کاتی لەچیدا لە لیژنەی هەمیشەیی جیایە؟
٣- چۆن لیژنەیەکی پێنج کەسی دەتوانێت زیاتر لیژنەیەکی سێ کەسی یان حەوت کەسی چالاکتر بێت؟
٤- لەکام لە لیژنەکان ڕۆڵی سەرۆکی لیژنەکە گرنگتر دەبێت: لیژنەی کاتی یان لیژنەی هەمیشەیی؟ بۆچی؟

## جێبەجێکردن

ئێستا کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی جێبەجێکردنی نوێیە لەڕێکخراوەکەتدا سیستەمە بنەڕەتیەکەش دەخوازێت لیژنەیەکی خۆپاڵاوتن دابمەزرێت بەڵام تۆیش بەهەمان شێوە لیژنەیەکی ترت دەوێت بۆ هاندانی ئەندامەکان لەبشداری کردنی چالاکانەی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

١- وەسفێك بنووسە بۆ ئەرکەکانی هەردوو لیژنەکان، جۆری ئەندامێتی‌یەکە و قەبارەو ئەرك و سەرۆکایەتی و ماوەکە ڕوون بکەرەوە.

٢- نەخشەیەك بکێشە بۆ کارلێك کردن لەنێوان هەردوو لیژنەکەدا.

بەشی

١٩

# سەرۆکایەتیکردنی لیژنەیەك

## یەکەم: ئەرکەکانی سەرۆکی لیژنە

أ – هێڵکاری بۆ کاری لیژنە

ب– بە ڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان

ج– پاراستنی دۆسیە و زانیاری‌یەکان

د– مسۆگەرکردنی بەشداری کردنی ئەندامان

ه– هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان و پێڕاگەیاندنی بڕیارەکان

## دووەم: سنووری دەسەڵاتی لیژنە

## سێیەم: دیسپلینەکانی بەجێگەیاندن لەلایەن سەرۆکی لیژنەوە

### ئامانجەکانی ئەم بەشە

**پاش تەواوبوونی ئەم بەشە دەتوانیت:**

- **بەندەکانی ڕۆڵی سەرۆکی لیژنە دیاری بکەیت.**
- **سەرکردەیی لیژنەکەت بکەیت بەکرداری و بەبەرهەمێکی بەرزەوە.**
- **یارمەتی لیژنەکەت بدەیت لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی‌دا.**

لەڕاستیدا کاری سەرۆکایەتی کردنی لیژنە بریتی‌یە لە مومارەسەی سەرکردەیی. نهێنی سەرۆکایەتی سەرکەوتووی لیژنەکە لەتوانای سەرۆك وایە بۆ سەرکردایەتی کردنی ئەندامان و هاندانیان و دابەش کردنی بەرپرسیارێتی بەسەریانداو پەیوەندی بەردەوام لە گەڵیاندا. ئەرکی لیژنە وەك یەکەیەکی ڕێکخستن تەنها ئەوە نی‌یە کۆبوونەوەکان گرێبدات. سەرەڕای ئەوەی کە کۆبوونەوەکان زیاتر باوەو ڕوونە لەکاری لیژنەدا. لیژنە زۆر هۆکاری کارلێك کردنی ڕەسمی وناڕەسمی تاقی دەکاتەوە، وەك نوسینی ڕاپۆرتەکان، تۆمارکردنی تێبینی‌یەکان، هەڵسەنگاندنی چالاکی‌یە بەردەوامەکان، چاودێری کردنی بەجێهێنان، وە جێبەجێ‌کردنی ئەرکە ڕووکەشەکان، هەردەبێت لەباری یەکەمدا لیژنەکە وەك یەك گروپ بن و پاڵپشتی یەکتربن لەکاتەکانی ناخۆشی و ناڕەحەتی و نەبوونی یەکدەنگیدا. پێویستە لەسەر سەرۆکی لیژنە زیاتر و دوورتر لەتەنها کۆبوونەوەی ڕووکەشانە سەرۆکایەتییان بکات.

## یەکەم: ئەرکەکانی سەرۆکی لیژنە

پێویستە لەسەر سەرۆکی لیژنەکان ئەرکەکانیان بە بایەخەوە جێبەجێ بکەن، لەبەرئەوەی متمانەی ڕێکخراوەکە و سەرکردایەتی‌یەکەیان بەدەست هێناوە نابێت سەرۆکی لیژنەکان بۆخۆیان هەستن بەکاری لیژنەکە بەتەنها، لەبەرئەوەی ئەم کارە دەروون بەزاندنە، مەبەست لە لیژنە سوود وەرگرتنە لەبەرهەمە جۆراوجۆرەکانی ئەندامەکانی. سەرۆکی باش ئەو کەسەیە سەرکردایەتی دەکات و لەهەمان کاتدا باش گوێ دەگرێت...

ئەرکەکانی سەرۆکی لیژنە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

١- نەخشەکێشانی کاری لیژنە.

٢- بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان.

٣- پاراستنی دۆسیەو زانیاری‌یەکان (ئەگەر ئەم ئەرکە نەسپێردرێت ڕازگری لیژنەکە).

٤- مسۆگەرکردنی بەشداری‌کردنی ئەندامانی لیژنە.

٥- هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی کاری لیژنە و ڕاگەیاندنی بڕیارەکانی.

### أ- هێڵکاری بۆ کاری لیژنە

بەرپرسیارێتی یەکەمی سەرۆکی لیژنە بریتی‌یە لەتێگەیشتنی ئەرکی لیژنە بەتەواوی، لەسەر بناغەی ئەوە ستراتیژیەتی کاتی بۆ کارکردن دادەنرێت و ئەمانە دەگرێتەوە:

١- خشتەیەکی سەرەتایی بۆ کۆبوونەوەکان.

٢- ئەرکەکانی ئەندامانی لیژنە.

٣- پێشکەش کردنی توێژینەوەو زانیاری بەکارمەندەکان.

٤- هاوکاری و گونجان لەگەڵ لیژنەکانی‌تر.

٥- بەدەست هێنانی ڕەزامەندی لەسەر بودجە.

٦- ڕێکخستنی ڕێو شوێنی‌تر لەگەڵ لایەنە خاوەن بڕیارەکان.

٧- هێڵی زەمەنی و نیشانەکانی سەر ڕێگا بۆ بەدەست هێنراوە چاوەڕوانکراوەکان.

٨- ڕێکخستنی گواستنەوەو پەیوەندی‌یە گشتی‌یەکان.

لیژنەکە وەك ڕێکخراوێکی بچوك وایە لەناو ڕێکخراوێکی‌گەورەدا، پێویستە لەسەر سەرۆك سەرکردایەتی و لێهاتوویی بەڕێوەبردنی خۆی بەکار بهێنێت تا ئەوپەڕی توانا لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی بەلیژنەکە سپێردراوە.

### ب- بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان

کۆبوونەوەی سەرکەوتوو ئەنجامی پلانێکی ئامانجداری کارکردنە نەك بەپێی ئەندامێتی ئەمەش لەسەر بناغەی بەرنامەیەکی باش ڕادەوەستێت لەگەڵ دەستەبەرکردنی مەرجی پێویست بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان. دەبێت بەرنامەی کارو زانیاری پێویست بنێردرێت بۆ ئەندامان پێش کۆبوونەوە بە کاتێکی گونجاو. باشتریش وایە کە پێك بێن لەسەر بەرنامەیەك بۆ کۆبوونەوەکانی ساڵێکی تەواو پێش کۆبوونەوەی یەکەم یان لەمیانەیدا. لەوانەیە لەتوانای هەموو ئەندامەکاندا نەبێت لەهەموو کۆبوونەوەکاندا ئامادەبن، بەڵام ئامادە نەبوونی ئەندامێك لەدوو کۆبوونەوە یان زیاتر پێویستە بەهەند بگیرێت لەچوارچێوەی دەسەڵاتی سەرۆکی لیژنەدا. (لێکۆڵینەوەو باسەکانی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە لەبەشی ٢١ی ئەم ڕێبەرەدا هاتووە).

## ج- پاراستنی دۆسیەو زانیارییەکان

بڕیاردانی ڕاست و دروست پێویستی بەدابین بوونی دۆسیەی کاروبارەکانی ڕابوردوو و کۆنووسی کۆبوونەوەکانی پێشوو هەیە، سەرەڕای ڕاپۆرتەکانی لیژنە پەیوەندیدارەکان و پێناسەی وەزیفی لیژنەکەو هاوشێوەکانی لەبەڵگەنامەکانی بۆ چاو پیاخشاندنەوەی. لەوانەشە لیژنەکە پێویستی بەدروستکردنی چەند بناغەیەك بێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بەڕێوەبردنیان دەربارەی ئەندامەکان و ئەو جەماوەری کە هەست دەکات بەکاریگەریتی کاری لیژنەکە. بەگشتی،لەسەر سەرۆکی لیژنەیە کە یەکێك لەئەندامان ڕابسپێریت بۆ پاراستنی دۆسیەکان و بیکاتە ڕازگری لیژنەکە. سەرۆکی لیژنە بەرپرسیاریتی هاندانی ئەندامەکانی دەکەوێتە ئەستۆ بۆ بەکارهێنانی هەموو زانیارییە ڕەخساوەکان بەشێوەیەکی باش و کاریگەر لەپێناو پتەوکردنی ئامانجەکانی لیژنەدا.

## د-مسۆگەرکردنی بەشداریکردنی ئەندامان

ئەندامانی لیژنە کاتێك کۆدەبنەوە بۆ بڕیاردان لەنەخشەو چالاکییەکان وەك کۆمەڵێك کاردەکەن. لەهەندێك کاتی تردا لەسەر هەر ئەندامێکە کە هەستێت بەبەرپرسیاریتی خۆی بەپێی ڕێو شوێنی دیاریکراو. هەر چۆنێك بێت، پێویستە لەسەر سەرۆکی لیژنە یارمەتی ئەندامەکانی بدات بۆ دابین کردنی داهاتەکان و بەجێهێنانی پابەندییەکانیان. ئەوەش پێویستی بە توانای سەرکردایەتیکردن و هاندانی ئەندامان و دابەشکردنی لێپرسراویەتییەکان و پەیوەندیکردن بەو ئەندامانەوە هەیە. هەروەها خوازیاری لێهاتوویی لە ئاشنابوون بەکەم و کوڕییەکان لەبەجێگەیاندن و وەرگرتنی ڕێو شوێنی ڕاست کردنەوەی پێویست. لەسەر سەرۆکە کە نمونە بێت لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بەخێرایی و دڵسۆزی.

## هـ-هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان و ڕاگەیاندنی بڕیارەکان

دەبێت لیژنەکان لە ئەنجامەکان بکۆڵنەوە، چ ئەوەی ڕێکخستنی ڕووداوێك بێت یان بۆنەیەك بەڕێگایەکی سەرکەوتوانە یان دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەیەك یان دانانی پەیڕەوێك بۆ کارکردن. لەسەر سەرۆك لیژنەیە کەدڵنیابێت لە هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان و چاودێری کردنی ئاستەکانی باشیی (الجودە) و کاردانەوەو بەدەنگەوەهاتن. پێویستە کەکات و داهات دیاریبکرێت لەپێناوی هەڵسەنگاندندا وەك بەشێك لەپرۆسەی نەخشەکێشان کە پێشتر گفتوگۆمان لەسەر کرد. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە بەجێگەیاندنی سەرۆك و ئەندامان پێویستە بخرێتە بەر هەڵسەنگاندن بە ئامانجی باشکردنی بەجێهێنان لەداهاتوودا.

لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، پێویستە کەئەنجامی کارەکانی لیژنەکە بەرز بکرێتەوە بۆ ئەو لایەنەی کە لیژنەکەی داناوە یان بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە. لەسەر سەرۆکی لیژنەکەیە کرداری ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان ئاراستەبکات و دڵنیابێت کە ڕاپۆرتەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستی تێڕوانینەکانی ئەندامان هەموویان و دەست کەوتەکانیانە. وە پێویستە ڕاپۆرتەکە خزمەت بگەیەنێت بەمەبەستەکەو بەباشی ڕوونی بکاتەوە کە ئایا ئامانجەکانی لیژنە بەدیهاتووە، ڕێنمایی دابنێت بۆ ڕێو شوێنی زیاتر لەکاتی بەدەست نەهێنانی ئامانجەکان. پێش کەش کردنی ڕاپۆرت لە بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی لیژنە دادەنرێت.

## دووەم: سنوری دەسەڵاتی لیژنە

پێویستە لەسەر سەرۆکی لیژنە کە ڕوونکردنەوەی تەواو بەدەست بێنێت دەربارەی ئەو دەسەڵاتانەی کەپێی دراوەو لەگەڵ چوارچێوەو سنوورەکانی دەسەڵاتی لەبەڕێوەبردنی کارەکانی لیژنەدا. بەگشتی سەرۆکی لیژنە ناتوانێت ئەمانە بکات:

أ - ئەندامی نوێ دامەزرێنێ بەبێ ڕەزامەندی ئەو لایەنەی لیژنەکەی داناوە.

ب- دوورخستنەوەی هەر ئەندامێك بەبێ ڕاوێژکردنی پێشتر لەگەڵ لایەنی دامەزرێنەر یان ئەنجومەنی بەڕێوەبردن.

ج- تێوەگلاندنی ڕێکخراوەکە بە پابەندبوونی یاخود درێژخایەن چ لەبورای دارایی‌دا بێت یان شتی تر.

د- گۆڕینی سیاسەتەکان یان ڕێو شوێنەکانی ڕێکخراوەکە یان لیستە ناوخۆیی‌یەکانی.

## سێیەم: دیسپلینەکانی بەجێگەیاندن لەلایەن سەرۆکی لیژنەوە

سەرۆکی لیژنەکان دەتوانن لیستی دیسپلینەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بەجێهێنانەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە بەکار بهێنن، لەخۆت بپرسە:

| ئایا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| ١- بەشێوەیەکی کاریگەرانە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە دەست بەکاردەبی؟ | ( ) | ( ) |
| ٢- گوێ دەگرێت بۆ ڕاو بۆچوونەکانیان بە زەینێکی کراوەوە؟ | ( ) | ( ) |
| ٣- بایەخەکانیان و حەماسەتیان دەوروژێنێ ؟ | ( ) | ( ) |
| ٤- لیژنەکە کۆنترۆڵ دەکەیت بەبێ دەست گرتن بەسەریدا؟ | ( ) | ( ) |
| ٥- ڕێساکانی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان دەزانیت و جێبەجێی دەکەیت؟ | ( ) | ( ) |
| ٦- جڵەوی دەست پێشکەرییەکان دەگریتە دەست لەکاری لیژنەدا؟ | ( ) | ( ) |
| ٧- لە پەیوەندی‌یەکانی نێوان کەسەکان تێدەگەیت؟ | ( ) | ( ) |
| ٨- چوارچێوەی بابەتەکانی لیژنە دەزانی؟ | ( ) | ( ) |
| ٩- بەپێی ئامانجەکانی لیژنە بیردەکەیتەوە و کاردەکەیت؟ | ( ) | ( ) |
| ١٠- کەشی گونجاو دەڕەخسێنیت بۆ کارکردن و وەرگرتنی ڕێو شوێن؟ | ( ) | ( ) |
| ١١- ڕۆڵی یارمەتی دەرەکان بەڕوونی دەزانیت؟ | ( ) | ( ) |

بۆ هەر وەڵامێك بەبەڵێ (خاڵێك) بدە بەخۆت، وە (سفرێك) بۆ هەر وەڵامێك بە نەخێر.

ئەنجام لە ١٠-١١ زۆرباشە، لە ٨-٩ باشە، ٧ پەسەندە، ٦پلە وەکەمتر پەسەند نی‌یە وەك سەرۆکی لیژنە، بایەخ بەخۆسازی بدە لەبواری کەم و کوڕی‌دا پاش سێ مانگ بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتنی خۆت ئەم لیستی دیسپلینانە دووبارە تاقی بکەرەوە.




- ڕاوێژدەکات پێش ئەوەی هەنگاو بنێت.
- پەلە لەحوکم دان بەسەر کارەکان و کەسەکاندا ناکات.
- لەکاتی گونجاودا هەڵسوکەوت دەکات.
- دەست پێشخەری لە گفتوگۆکردندا دەکات بەبێ ئەوەی پاوانی بکات بۆ خۆی.
- تێبینی و پلارەکان (تعليقات) بەسنگ فراوانیەوە وەردەگرێت.
- لەڕەخنەگرتنیدا مامناوەندیە.
- بیری نوێ وەردەگرێت بەبێ پارتی گەری.
- ئەندامەکان ئاگاداردەکات بەوەی کەخۆی لەجیاتی ئەوان ئەنجامیداوە.

## گفتوگۆ

١- ڕووی جیاوازی لەنێوان سەرۆکایەتی کردنی لیژنەو سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوە چی‌یە؟

٢- ئەو لەبەچاوگرتنە سەرەکی‌یانە کامانەن کە دەبێ سەرۆکی لیژنە حسابیان بۆ بکات لەکاتی بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بەکارەکانی لیژنە؟

## جێبەجێکردن

**هەڵبژێردرایت بەسەرۆکی نوێی لیژنەی نەخشەکێشانی ڕێکخراوەکەت. لیژنەکە لەحەوت ئەندامی کۆن پێك دێت، گفتوگۆ لەسەر نەخشە درێژخایەنەکان دەکرێت وەنەخشەکانی کاری ساڵانەش ئاراستە دەکرێت وە بەجێگەیاندنەکان هەڵدەسەنگێنرێت، بە شێوەیەکی گشتی ئامۆژگاری پێشکەش دەکرێت دەربارەی مەسەلە سەرەکی‌یەکانی سیاسەت. لیژنەکە بڕیاری‌دا لەسەر گۆڕینی ڕێگای کارکردنی تا زیاتر بۆ ئەندامان ڕوون بێت. هەروەها دەیەوێت کەبەجێهێنانی ئێستا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ستراتیژی‌یەك بۆ گەشەکردنی ڕێکخراوەیی دابنێت.**

١- نامەیەکی کورت بنووسە بۆ ئەندامانی لیژنەکە کە نەخشەی خۆتی تێدا دابنێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لیژنەکە.

٢- وەڵامدانەوەی کورت بنووسە کە لەوانەیە لەیەکێ لەئەندامە دێرینەکانی لیژنەکەوە پێت بگات.

٣- لیستێك بنووسە بەگرنگترین بەڵگەنامە و سەرچاوەو دۆسیانەی کەپێویستیت پێ‌ی دەبێت لەو بوارەدا.

٤- خشتەیەك دابنێ بۆ چاودێری‌کردنی کاری لیژنە لەماوەی ساڵدا.

بەشی
٢٠

# ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک

**یەکەم: مەبەست لەکۆبوونەوە کە**

**دووەم: ڕۆڵی تۆ وەك نەخشەکێش**

ا - سەرکردایەتی‌کردن و بەڕێوەبردن

ب- ڕێکخستن و ڕێکوپێك کردنی دارایی

**سێیەم: بناغەکانی کۆبوونەوەی سەرکەوتوو**

ا - مەبەست

ب- کەشی کۆبوونەوەکە

ج- کات

د- سەرۆك

ھ- بەشداری‌کردن

و- ئەرکەکان

ز- بڕیارەکان

ح- یەکبوون

ط- ناکاوەکان

**چوارەم: دانانی خشتەی کارەکان**

**پێنجەم: ئامۆژگاری گشتی**

**شەشەم: لیستی دیسپلینەکانی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان**

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

پاش تەواوبوونی ئەم بەشەدەتوانیت کە:

- بەرەگەزە جۆراوجۆرەکانی کۆبوونەوەی سەرکەوتوو ئاشکرابێت.
- ئامادەکردنی نەخشەی کۆبوونەوەیەك ئامانجی دیاری‌کراوی هەبێت.
- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی سەرکەوتوو.
- سەرکەوتن لەڕێك و پێك کردنی کۆبوونەوەکان.

## یەکەم: مەبەست لەکۆبوونەوەکە

ئێستا وای لێهاتووە کۆبوونەوەکان ڕۆڵی گرنگی زیاتریان هەیە لە بەجێهێنانی ڕێکخراوەیی‌دا. کۆبوونەوەکان هەستی پابەندبوون و گرنگی دەبەخشێت بە ئەندامەکان و بواری بەشداری کردنیان بۆ دەڕەخسێنێت، هەروەها ڕێگای ئاڵ و گۆڕکردنی زانیاریان پێشکەش دەکات. لەبەرامبەر ئەوتایبەتمەندییانە لایەنی خراپیش لەکۆبوونەوەکاندا هەیە. بۆ نمونە ژمارەیەکی کەم بەشداری دەکەن لەپشکی ڕاستەقینەی کۆبوونەوەکەدا، لەکاتێکدا زۆرینەکان بێ خۆئامادەکردن لەوێ ئامادە دەبن، وەزۆرکات گفتوگۆکان لە بابەتەکە لادەدەن و کۆبوونەوەکانیش کاتی زۆر دەبەن، ئەو بیژەرەی قەناعەت بەکەسانی تر بکات و، ئەو وتاربێژەی کەزۆر لێهاتووە لەوتارەکەیدا، پشتگیری دەکرێت و خەڵکی بەلایدا دەشکێنەوە، لەگەڵ ئەوەی کە وەکو پێویست ناتوانێت باشترین بیرۆکە یاخود چاکترین چارەسەر بخاتەڕوو.

لەڕاستی‌دا خەڵکی ئامادەی کۆبوونەوەکان دەبن بەشێوەیەکی گشتی بۆ تێرکردنی بایەخدانە خۆیی‌یەکان. لەوانەشە بڕوایان بەئامانجەکە هەبێ و هەوڵ بدەن بۆ خزمەتکردن بەبەرژەوەندی گشتی، یاخود وادەبینن کە ڕێکخراوەکە خزمەت بە هەندێك لە مەبەستی تایبەتیان دەکات. نمونەیەك لەسەر مەبەستە تایبەتی‌یەکان ئەوەیە کە هەندێك کەس هەوڵی بۆ دەدات چێژ وەرگرتن لە هاوڕێیەتی و هەست کردن بە پابەندبوون. تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئامادەبوونی کەسان لە کۆبوونەوەکانماندا یارمەتیمان دەدات بۆ نەخشەکێشان بۆ کۆبوونەوەی باشتر و ڕاسپاردنی بەشداربووانی خاوەن توانای کاریگەر بەئەرکی گونجاو. لەوانەیە هەندێك لەبەشداربووان بکشێنەوە ئەگەرهاتوو ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە وەڵامی پێداویستی‌یەکانیان نەداتەوە یان لەسەرو توانایانەوە بێت.

کۆبوونەوەکان یان بچوکن یاخود مامناوەندی یاخود گەورەن، وە چوار ئامانجی سەرەکی هەیە بۆ بەستنی کۆبوونەوەکان:

١- وەرگرتنی بڕیارەکان.

٢- دابەش کردنی زانیاری‌یەکان.

٣- دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان خەڵکدا.

٤- دابینکردنی هاندەرەکان.

پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراو هەیە لەنێوان قەبارەی کۆبوونەوەو ئامانجەکانی. بۆ نمونە، چەندە کۆبوونەوەکە گەورەتر بێت بڕیار وەرگرتن گرانتر دەبێت. ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەکەسان مەرج نی‌یە بمان بات بۆ بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە، بەڵکو یارمەتی دەدات بۆ هێنانەدی هەست کردن بەگیانی بەکۆمەڵ و هانی بەشداربووان دەدات.

## دووەم: ڕۆڵی تۆ وەك نەخشەکێش

نەخشەکێشانی کۆبوونەوە سەرکەوتوەکان پێویستی بە بەدواداچوونی هەندێك دیسپلین و ستراتیژی‌یەتی نەخشەکێشانی بنەڕەتی گشتی هەیە. نەخشەکێشانی باش جیاکەرەوەیە لەنێوان سەرکەوتن و شکستدا.

### أ- سەرکردایەتی کردن و بەڕێوەبردن.

ڕێکخستنی کۆبوونەوەی سەرکەوتوو پێویستی بەلێهاتوویی‌یە سەرکردەیی و کارگێڕییەکان هەیە. هەنگاوی یەکەم وەك ئەوەی باوە بریتی‌یە لەپێکهێنانی لیژنەی نەخشەکێشانی گونجاو. لەسەرمانە کە مومارەسەی سەرکردەیەکەی کاریگەر بکەین بەوەی کەوا لەئەندامانی لیژنەو یاریدەدەرەکان بکەین کەوەك تیمێك کاربکەن و هەریەکێکیان بەڕۆڵی خۆیان هەستن. بەڵام کاتێك لیژنە کەرەستە یان توانای نەبێت لەچەند بواری دیاری‌کراودا، لەسەرمانە کەبزانین چۆن پشت ببەستین بەکەرەستە بەکەڵکەکانی ڕێکخراوەکە لەو بوارانەدا. ئاسانترین ڕێگا بۆ دەست کردن بە نەخشەکێشانی ڕووداوێك یان بۆنەیەك ئەوەیە کەچۆن شێوازی هێڵی کاتی دادەنرێت. ئەویش بریتی‌یە لەنەخشەکێشانی هێڵێکی کاتی لەنێوان ئێستاو مێژووی کاتی ڕووداوەکە، هەموو ئەو شتانە ڕوون کاتەوە کەپێویستە بەجێبهێنرێن، وە چ کاتێك لەسەر چەند ماوەیەکی گونجاوو بەدرێژایی هێڵەکە.




وەك بەرنامە داڕێژەران، پێویستە توانامان هەبێت لەسەر پێشکەشکردنی نەخشەو بودجە بۆ لایەنە بەرپرسیارەکان تا لەسەری ڕازی بن. وە لەسەر ئەو لایەنە بەرپرسانەیە کە بڕیاری پێویست وەربگرن. لەکاتی گونجاودا. وە کاتێك کۆبوونەوەکان دەبەسترێن لەدەرەوەی شار پێویستە ڕێو شوێنی پشکنین دابنێین بۆ شوێنەکەو گرتنی شوێن بۆ مانەوەو دانیشتن بەیارمەتی دۆستەکانمان لەناوچەکەدا. لەسەرمانە خۆمان ئامادەبکەین بۆ شتی کتوپڕو کێشەکانی دوایین خولەك وە چەند لەتوانادابێت خۆمانی لێ لابدەین.

### ب- ڕێکخستن و ڕێکوپێك کردنی دارایی

پێویستە هەمیشە هەوڵ بدەین زۆرترین سوود وەربگرین کە لەتوانادایە لەهەر فلسێك کە خەرجی دەکەین بۆ کۆبوونەوەکان، چونکە دەرامەتی دارایی ئەمانەتێکە لەلایەن خواو ئەندامانەوە. بەڵام ڕووەکانی خەرج کردنی سەرەکی بریتی‌یە لەکارتی (پسوڵەی) سەفەرکردن و مانەوەو کرێی شوێنی کۆبوونەوە و خەرجی بۆ خواردن و چاپکردن و پۆستە و تەلەفۆن و فاکسەکان. لەهەموو حاڵەتەکان لەسەرمانە کە بەباشترین ڕێگا سازش بکەین بۆ بەدەست هێنانی کەمترین نرخ کە بگونجێت لەگەڵ ئەو جۆرەی کە دەمانەوێت. وە پێویستە ئاشنابین بەهەموو خەرجیە شاراوەکان لەهەموو جۆرەکان. بەتایبەتی کاتێك دانوستان لەسەر نرخی

ژەمەکانی ناخواردن دەکەین. وە پێویستە کە تێبگەین سەبارەت بەوەی کـە دەتوانـین لەسـەری دانوسـتان بکـەین لـە عـەقدەکاندا و سزادانی هەر لادانێك لە ڕێککەوتنەکـە. هـەروەها پارێزگـاری کردنـی پسـوڵەکان و پـەرەکانی‌تر شـتێکی زۆر پێویسـتە لـەکۆتایی کۆبوونەوەکاندا بۆ خۆلادان لەجیاوازی سەبارەت بە ئەو پارانەی کەدراوە لەگەڵ میوانخانەکان و بەڵێندەرەکانی خۆراکدا.

لەڕێگای پلان دانانی پێشوەختەوە دەتوانین تێچونەکانی چاپکردنی نامیلکەکانی ڕاگـەیاندن و بڵاوکراوەکـان و کەرەسـتەکانی بەرنامەکە کەم بکەینەوە. پێویستە سیستمێك پیادەبکـەین بـۆ پۆسـتە کـەتێچوونی کـەم بێـت بـۆ گـەیاندن و بڵاوکردنـەوەی ئـەو زانیاریانەی کە بەشداربووان پێویستیان پێیەتی بەبەکارهێنانی لیستی پۆستی گونجاو کەتۆمارکرابێت لەکۆمپیوتەردا لەگەڵ هـەوڵدان بۆ ناردنی زیاتر لەیەك مادە لەهەمان زەرفدا بۆ کەم کردنەوەی تێچوونەکان. وە دەبێت لەسستمی پۆسـتە تێبگـەین تـابتوانین سـوود وەربگرین لەپۆستە بەکەمترین تێچوون و کەم سەرف کردن لەقەبارەی مادە چاپکراوەکە لەگەڵ پارێزگاری کردن لەسەرنج ڕاکێشانی.

زۆربەی کات بەشداربووان هەن کەتۆماری ناوی خۆیان لەدوایین ساتدا دەکوژێننەوە. وەدەکرێت لەڕێگای ڕێو شوێنی یاسـایی گونجاوەوە پارەکە بگێڕدرێتەوە بۆ ئەو کەسەی پارەکەی داوە ئەگەرهاتوو کات هەبوو. بەمەش شۆرەتێکی بـاش بـۆ خۆمـان بەدەسـت دەهێنین کە دەبێتە هۆی پشتیوانیەکی باش بۆمان لەبۆنەکانی داهاتوودا.

لەکۆتاییدا لەسەرمان پێویستە کە پێداویستی‌یەکانی سستمی باو پشت گوێ نەخەین بۆ دڵنیابوون لـەگرێدانی کۆبوونەوەکـە، کە بەشێوەیەکی ئاماری لەلایەن بەڕێوەبەرێتی شوێنەکەوە دەسەپێنرێت.

## سێیەم: بناغەکانی کۆبونەوەی سەرکەوتوو

### أ- مەبەست

پێویستە گرنگی ڕاستەوخۆ بدرێت بەمەبەست لەکۆبوونەوەکە، وە دەبێت ڕەزامـەندی هەبێت لەسەر خشـتەی کـارێکی نوسـراو پێش کاتی کۆبونەوەکە. وە پێویستە ماوەیەکی باش برەخسێنرێت لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا بـۆ گفتوگـۆی ئـازاد. وە دەکرێـت ئـەو پرسیار و تێبینی‌یانە دوابخرێت کە لەو کاتەدا پەیوەندی‌یان بەکرۆکی بابەتەکەوە نی‌یە بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن.

### ب- کەشی کۆبوونەوەکە

ڕێکخستنی ژووری کۆبوونەوەکە شتێکی زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی. وەقـەبارەی ژوورەکـە پێویسـتە بـە شـێوەیەك بێـت کـە بەئاسانی بتوانێت جێگای ئەو کەسانەی تێدا ببێتەوە کـە پێشـبینی دەکرێـت ئامـادەبن. شـتێکی هەڵەیـە کـە هۆدەکـە نـەگونجێت لەگەورەیی‌دا یاخود لە بچوکی‌دا. بەڵام باشتر وایە کە لەکۆبوونەوە هاندەری‌یەکاندا هۆدەی هـەندێك بچوکـتر بەکاربـهێنرێت، چونکـە لەیەکەوە نزیکی یارمەتیمان دەدات بۆ هەسـتکردن بەهاریکاری‌یـەکی زیـاتر لـەنێوان بەشـداربوواندا. وە پێویسـتە پلـەی گـەرمای ژوورەکە گونجاو بێت و ڕووناکی باشی هەبێت. بەتایبەتی ئەگەرهاتوو پێشبینی بڕیار وەرگرتن دەکرا. هەروەها ڕێکخستنی جێگـەکان بۆ دانیشتن گرنگە. ڕاوەستانی قسەکەرێك لەبەردەم چەند ریزێکی خەڵکدا دەبێتە هۆی دروست بوونی بەربەستێکی دەروونـی لـەنێوان خۆی و جەماوەری گوێگردا هەرچەندە بەو مەبەستەش نەبووە. پێویستە خۆمان لەوە لابدەین بـەپێی توانـا لەبەرئـەوەی ڕێدەگرێـت لەبەشداربوون. وە پێویستە ژوورەکە هیچ شتێکی وای تێدا نەبێت کە ببێتە هۆی بێئاگایی وەك ژاوەژاو و دیکۆراتی نەگونجاو.

تەنانەت ئەگەر نەمانزانی بەتەواوەتی چەند کەس ئامادە دەبێت، ئەوا بـەهۆی زانیـاری و شـارەزاییمان سـوود لەهـەڵبژاردنی قەبارەی گونجاوتر بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە وەردەگرین. لەنێوان شێوە دانیشتنە تەقلیدی‌یەکاندا باشـترینیان هـەڵبژێرە: شـێوەی شـانۆ یان جۆری پۆلی خوێندن یان جۆری کۆنگرە یان جۆری میوانداری. پێش کۆبوونـەوەکان سـەیری ئامێرەکـانی دەنگـی ژوورەکـە بکـە،

هەروەها ڕووناکی و ئامێری تایبەت بە پلەی گەرماوە، تاوەکو حەوانەوەی باش بۆ ئامادەبووان برەخسێت. پلان دابنێ بۆ ڕەخساندنی ڕووبەری زیاتر لەژووری کۆبوونەوەی قەرەبالغ. لە سەرپەرشتی ئاسانکارییەکانی جێگاکە بەڵێنی نووسراو وەرگرە تا نەتوانێت رابگۆڕێت و تووشی خراپ لێکدانەوە ببێت.

### ج ـ کات

زۆر گرنگە کە لەکاتی دیاریکراودا کۆبوونەوەکە ببەسترێت و بەخێرایی بچینە ناوە بابەتەکەیەوە، و لەکاتی دیاریکراویشدا کۆتایی پێ بهێنرێت. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە ڕوویەکی ڕێك و پێك بەکۆبوونەوەکە ببەخشێت و ئاسەوارێکی باش لای بەشداربووان بەجێ دەهێڵێت، هەروەها یارمەتی دەدات بۆ بەجێهێنانی کارەکان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و کاریگەر. وە ڕێگەدان بەدرێژبوونەوەی کۆبوونەوەکە و درێژەدان بەگفتوگۆکردن و چوونە ناو بابەتە لاوەکییەکانەوە شتێکی زیان بەخشە. وەدەکرێت کە گفتوگۆی دۆستانەو تایبەت لەدوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت.

### د- سەرۆك

پێویستە ڕێز لەدەسەڵاتی سەرۆك بگیرێت ئەگەر ویسترا کە کۆبوونەوەکە بەسەرکەوتوویی و کاریگەری بەڕێوەبەرێت. وە لەکاتی پێشکەش کردن و ناساندنی سەرۆك بە ئەندامانی لیژنە پێویستە کە شارەزایی وتواناکانی لە سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکە بخرێتەڕوو. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کەزیاتر بەدەسەڵاتی ڕازی بن. وە پێویستە کە ڕوخساری سەرۆك و شێوازی گفتوگۆکردنی بەشێوەیەك بێت کە وێنەیەکی باشی نیشان بدات. وە پێویستە کە بێلایەن بێت لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو خاڵانەی کە بگرەوبەردە دروست دەکەن و بیرکردنەوەی کۆمەڵەکە ئاراستەبکات بەرەو ئەو بەشە کە لەبەرنامەی خشتەی کاردا خراوەتە ڕوو. لەداناییەوە نییە بپرسرێت: (ڕاتان چییە لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەسەرمان بیکەین؟) لەجیاتی ئەوە پێویستە لەسەری کە هەڵەکان و بەدیلەکان بەڕێگەیەکی بابەتیانە کورت بکاتەوە.

### هـ- بەشداریکردن

بەشداریکردن پلەیەکی گرنگی هەیە. ئەگەرهاتوو تاکە کەسێك بەتەنها باڵی کێشا بەسەر وتەکاندا هەمووی، ئەوا ئەوانیتر گرنگیدانیان لەدەست دەدەن و کۆبوونەوەکە بێمانا دەبێت و دەبێتە هۆی وەڕس بوون. وەدەتوانین نەخشەی پێشوەخت بکێشین بۆ بەشداری کردن بەوەی داوا بکەین لەچەند کەسێك کە بەندەکانی بەرنامەی کار پێشکەش بکەن. ئەم بەشداربوونە یارمەتی دەدات بۆ پێکهێنان و بەردەوام بوونی کۆمەڵێکی چالاك و پڕ لەگەرم و گوڕی.

کاتێك وادەکەین لە بەشداربووان وا هەست بکەن کە ئەوان بەشێکن لەتەوەرەی بایەخەکانی کۆبوونەوەکە، بەوە زیاتر سوور دەبن لەسەر بەشداری و کارەکەیان زیاتر لاشیرین دەبێت.

بۆ هاندانی بەشداربووانی شەرمن بۆ قسەکردن بە ئازادی، دابینکردنی چەند کارتێکی ناوەکان کەبەخەتێکی گەورە و سەرنج ڕاکێش نوسرابن بەشداربووان هان دەدات کەبەسنگیانەوە هەڵی بواسن، دەبێتەهۆی یارمەتیدانیان بۆ یەکتری ناسین و نزیك بوونەوەی دۆستانە.

### و- ئەرکەکان

زیان و هەدەرە گەر کۆبونەوەیەکی سەرکەوتوو کۆتایی پێبێت بەبێ دیاریکردنی ئەرك بۆ بەشداربوان. دەکرێت ئەرکەکان گشتی بن وەك ((بیر لەمە بکەنەوە لەکاتی گەشتی گەڕانەوەدا)) یان دیاریکراو بێت وەك ((ئێوە ئەو سیانەتان بەدوای ئەو بابەتەدا دەچن و ڕەش نووسێکی متمانە پێکراو دادەنێن بەهاتنی کۆتایی هەفتەکە)) . ئەو کۆبونەوەیەی کە

وادیاربێت هیچ شتێکی تیادا بە ئەنجام نەگەیەنراوە یان بەشداربوان لە چارەسەری کێشەکە نزیک ناخاتەوە، لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازبوونی گیانی مەعنەوی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ .لەکاتێکدا کە ئەرکمان پێ دەسپێرن دەبێت بەرژەوەندی‌یە جیاوازەکانی ئامادەبوان و تواناکانیان لەبەرچاو بگرین. لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا، کارتی هەڵسەنگاندنی بەجێگەیاندنی باش بەکار بهێنە تا تێبینی‌یەکانی ئامادەبوان وەربگریت. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەست کردن بە بەشداری‌کردن و شوێنە لاوازەکان دریاری دەکات تاکو لە داهاتوودا خۆمانی لێ لابدەین.

### ز- بڕیارەکان

دەبێت هەموو دانیشتنە تەرخان کراوەکان بۆ بڕیار وەرگرتن بـاش رێکخرابـن، واتـە لەپێشـەوە بیربکەینـەوە لـە رێگاکـان و جێ‌گرەوەکان (البدائل) ، پاشان لە کۆبونەوەکەدا بیخەینەڕوو. لە سـەرمان پێویستە کەلـە گفتوگۆکانـاندا جـەخت بکـەین لەسـەر هەڵبژێراوەکان و جێگرەوە دیاری کراوەکان و خۆمان لابدەین لە خسـتنەڕووی پرسـیاری گشـتی بـەبێ ئامادەکاری‌یـەکی پێشـتر وەك ((راتان چی‌یە؟)). وە لێرەدا ئامرازی زۆرتر کاریگەر هەیە بۆ زانینی بیرورای بەشداربوان سەبارەت بەیەکێك لە بابەتەکان بەبێ ئەوەی بوار بدەین پێیان بۆ دەرچوون لە بابەتەکە لە گفتوگۆ کردنێك کە پەیوەندی پێمانەوە نەبێت. بۆ نموونـە، دەکرێـت داوایـان لێ بکـەین رەخنـە بگـرن لـە بەشـێکی دیـاری کـراوی جێگرەوەیـەك یـاخود رونکردنـەوەی هۆکارەکـانی بەباشتر دانـانی جێ‌گرەوەیـەك لـە جێگرەوەیەکی‌تر بەکورتی. خۆ ئامادەکردنی پێشتر کارێکی گرنگە ئەگەر ویسترا کۆبونەوەکە دەسکەوتێکی رون بەدیبهێنێت.

### ح- یەکبوون

یەکبوونی کۆبونەوە یارمـەتی دەدات بۆ پاڵنانی ئەو کۆبوونەوە رووەو ئامانجەکەی . پێویستە لەسەر سەرۆکی سـەرکەوتوو زۆر هەوڵ بدات بۆ پارێزگاری کردن لەسەر یەکبوون لەهەموو کاتەکاندا لە رێگـای جێ‌بـەجێ کردنـی رێسـا رێ و شـوێنگرتووەکانەوە، و هەروەها بەراپەراندنی ئامادەبوان. نابێت رێگا بدەین کۆبونەوەکە کۆتایی پێ بێت و بەشـداربوان لـەباری دابـەش بـوون یـان تـەنگی یـاخود تورەیـی و گـرژی دابـن. زۆر جـار دەتوانـین هەسـتە ناوخۆییـەکانی بەشـداربوان لـەرێگای سـەرنجدانی بـاش لـە دەربڕینـە دەرەکییەکانیانەوە هەڵبسەنگێنین، هەندێك جار دەکرێت چیرۆکێك لەکاتی گونجاودا بووترێـت یـان نوکتەیـەك یـاخود فـەرموودەیکی پێغەمبەر یاخود ئایەتێکی پیرۆز ببێتە هۆی کەم کردنەوەی ناخۆشی‌و دڵەڕاوکێکان، ویارمەتی دەدات بۆ یەکخستنی لایەنـە دابـەش بووەکان. لەزۆربەی کاتەکاندا، سود لەوەدایە کە ئامانجە گرنگەکانی رێکخراوەکە بەبیری کۆمەڵەکە بهێنرێتـەوە. ئەگـەر دابەشـبوون بەچەند تاقمێك (تکتلات فنویە) دەرکەوت واباشترە کـە کەسـێك بکرێتـە وتـە بێـژی هەرکۆمـەڵێك و دانـی پێدابـنرێت وەك تاکـە ووتەبێژی ئەوان. وە پێویستە کاربکرێت بۆ ئەوەی کە هەموان لە هۆدەکەدا بمێننەوە تاکۆتایی کۆبونەوەکـە لەبـەر ئـەوەی زۆر هاتنـە ژوورەوەو چوونە دەرەوە دەبێتە هۆی پەرش و بڵاوی ئاگایی ئامادەبوان.

پێویستە لەسەر هەمووان لەوانە سەرۆك، یاخود ئەندامی بەشداربوو کـە ئـارامی هـەرگیز لەدەسـت نـەدەن و تونـد و تـۆڵی بپارێزن و هەمیشە هەڵوێستی ئیجابیانەیان هەبێت. چونکە هەڵوێستی سلبی دەبێتەهۆی بێزاری‌و نارەحەتی‌کردنی هـەموان. ئەگـەر کۆبونەوەکە دوورودرێژ بوو، گرنگە کاتی پێویست دابین بکرێت بۆ پشووی ناوبەناوی گونجاو. هەروەها پێویستە لەناخی بەشـداربووان دا گیانی هەست کردن بە یەك ئامانجی بڕژێنین.

پاش ئەوەی کە بواری تەواویان بۆ دەرەخسێنرێت بۆ بیرکردنـەوە لـە کۆبونەوەکـەو ئـەوەی لێـی دەکەوێتـەوە. دەتوانین چـاو بخشێنین بەراو بۆچونەکانیان دا لە رێگای پۆست یاخود تەلەفۆنەوە. بەوەش گیانی تیمکاری لەنێوانیاندا گەشە پێ دەکەین.

### ط- ناکاوەکان

هەرچەندە نەخشەکەمان تا ئەوپەڕ ووردکاری تیا بکرێت، بەڵام هەر تووشی کتوپڕی دەبین لە زۆربەی کاتەکاندا. لەوانەیە کەرەستەو ئامێرەکانی بیستن و بینین لەکار بکەون، یان لەوانەیە هەر نەگەن یان ووتە بێژی سەرەکی لەدوایین ساتدا پاشگەز دەبێتەوە لە ئامادەبوون، هەروەها هەڵەکردنەکان لە دابینکردنی شوێنەکەدا دەبێتە هۆی دەست نەکەوتنی ژوورەکانی کۆبونەوەکە، یان کەش و هەوای باوباراناوی وادەکات کە ئەنجامدانی چالاکیەکان لە دەرەوەدا کارێکی قورس بێت، یان شوێنی وەستانی ئوتومبێلەکان دەست ناکەوێت هەمیشە لەسەرمانە کە پێشبینی زۆر بکەین و نەخشەی جێگرەوە (بدیل) دابنێن. ناتوانین بەتەواوی خۆمان لابدەین لەشتە کوتوپڕەکان بەڵام ئەوەی داواکراوە بریتی‌یە لە بیرکردنەوەی لەپێشتر تێیدا تاوەکو لەهەمان کاتدا لەروی زەینی‌یەوە ئامادەبین بۆ چارەسەرکردن.

## چوارەم : دانانی خشتەی کارەکان

دەبێت بەشێوەیەك نەخشە بکێشین بۆ کۆبونەوەکانمان کە زۆرترین سود وەربگرین لە کۆششی بەشداربوان. ئەمەش پێویستی بەخشتەیەکی کار دەبێت کە بەووردی ئامادەکرابێت و دوور لەلێلی و کەم وکوڕی و چەق بەستن. بۆ سەرکەوتنی کۆبونەوەکە ڕێکەوتن لە پێشەوە لەسەر کاتی ڕەخساو بۆ گفتوگۆ کردنی هەر بەندێك بەکارێکی زیندوو دادەنرێت. بەپێی ئەو ئەمانەتەی لەئەستۆمانە لەدادپەروەریەوە نی‌یە کە گفتوگۆ بکەین لەسەر شتێکی پلەدوو بۆ ماوەیەکی دورو درێژ و بابەتێکی بنەڕەتیش پشتگوێ بخەین بە پاساوی ئەوەی کات تەواو بووە.

دڵنیابە لەوەی کەخشتەی کارەکان ئەو بەندانە بگرێتەوە کە پێویستی هەیە بە ڕاوێژی بەکۆمەڵ . ئەو بەندانەی کەزیاتر جێگای مشتومڕە بیخەرە بەشی کۆتایی خشتەی کارەکەوەو کاتی تەواوی بۆ بڕەخسێنە. گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو خاڵانە یارمەتی دەدات بۆ بلاوکردنەوەی چالاکی لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا کاتێك بەشداربووان بەرەو ونکردنی وزەو تواناکانیان دەچن. بەندەکانی خشتەی کارکردن بەشێوەیەکی ڕیزبەند کراوو پەیوەستی لۆژیکی ڕێکبخە. وابکەی ژمارە بەندەکان دیاری کراوبێت، کاتی زیاتر دابنێ بۆ بەندە ئالۆزەکان و ئەوانەی جێگای مشتومڕی زۆرن . و لە ڕێگا ئاسانەکان بۆ دانانی خشتەی زەمەنی دیاری کردنی کاتە تەرخان کراوەکانە بۆ نوێژ و ژەمەکانی نانخواردن پاشان دیاری کردنی (٩٠) خولەك بۆ هەر دانیشتنێك لەنێوان ئەوکاتانەدا. وە باشتر وایە کە بەرپرسێك دابنێیت بۆ یارمەتی دانت لە تێبینی کردنی کاتە دیاری کراوەکان بۆهەر بەندێك لە بەندەکانی خشتەی کارکردن. کاتی تەواو بدە بۆ گفتوگۆ کردنی بابەتەکان بە قوولی، و هەندێك کات پاشەکەوت بکە لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا بۆ هەڵقولانی بیروڕاکان، کە یارمەتیمان دەدات بۆ ئامادەیی بەرەنگار بوونەوەی کێشە پێشبینی کراوەکان.

> **نموونەیەك بۆ خشتەی کارەکان**
>
> أ کارە بەردەوامەکان
> ١- بڕیاردان لەسەر خشتەی کارەکان
> ٢- کۆنوسی کۆبوونەوەی پێشوو
> ٣- پێداچوونەوەی بڕیارەکانی کۆبونەوەی پێشوو
> ٤- ڕاپۆرتەکانی ئەندامان
> ب- کارە نوێکان
> ١- خستنە بەرچاوی ئەرکەکە
> ٢- پێوەرەکانی بەجێ گەیاندن
> ٣- پلانی کارو بودجە
> ج- بەندی تری زیادکراو
> د- کۆبونەوەی داهاتوو : کات ، شوێن و خشتەی کارکردن.

پێویستە لەسەرت بەدورو درێژی ئاگاداری بەشدار بووان بکەیتەوە بەخشتەی کارەکان و کۆنوسی دوایین کۆبونەوە. داوایان لێ بکە کەئەو مادادانە بخوێننەوەو هەر لە سەرەتاوە وەری بگرن. وە پرسیاریان لێ بکە ئەگەر پرسیارو ڕونکردنەوەیەکیان هەیە سەبارەت بە دوایین کۆنوس. ڕازی بوونیان دەست بخە لەسەر ئەو کۆنووسە پێش ئەوەی دەست بکرێت بە کۆبونەوەی نوێ.

١- لەکاتی دابین کردنی جێی کۆبونەوە لە شارێکی‌تر یەکەم جار چاوبخشێنە بەرێبەری میوانخانەکانی ئەو شارەدا کەئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی لە کتێبخانە ناوخۆیەکاندا دەست دەکەون.

٢- رێگایەکی باش هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر شیاوی گونجانی میوانخانەکە، کە بریتی‌یە لە دڵنیابوون لە چەندێتی پاك و خاوێنی دەست شۆرو مەرافقەکان و ئەو ماوەیەی کەکار مەندەکان خەریکی ناونوس کردنی میوانەکانیان دەبن لەکاتی پێشوازی کردندا و جۆری خواردنەکانیان لە چێشتخانەدا .

٣- گرنگترین ڕەگەز لە هەڵبژاردنی ژووری کۆبونەوەکان بریتی‌یە لە قەبارەی پێویست بۆ ژمارەی بەشداربووان.

٤- باشترین رێکخستنی دانیشتنی بینەران و بەشداربوان، رێکخستنە لەسەر شێوەی کۆنگرەکان نەك شێوەی موحازەرات (کۆڕەکان).

٥- پێویستە کەرەستە چاپکراوەکان هەمووی لەکاتێکی زوتردا ئامادە کرابێت بەشێوەیەك ئەگەر هەر هەڵەیەکی تیادابوو کاتی تەواومان هەبێت بۆ چاپکردنەوەی .

٦- لەو کۆبونەوانەدا کە شێوەی دانیشتنەکانی بە تەریبی رێکخراوە، ماوەکانی ساردەمەنی و شیرینی خواردن یەکبخە، بۆ هاندانی بە یەکتر ئاشنا بوون و یەکترناسین لە نێوان بەشداربواندا.

## شەشەم : لیستی دیسپلینەکانی ڕێکخستنی کۆبونەوەکان

پێویستە بەم شتانەی خوارەوەدا بچینەوە و تاقی بکەینەوە پێش کۆبونەوە (هەروەها بگەڕێ بەدوای توانـای سـودوەرگرتن لـە لیستی زانیاریەکانی جێگاکەو ئاسانکاری‌یەکان ئەگەر هاتوو لەو لیستانەت لەو جێگایەدا دەست کەوت).

| جۆر | بەرپرس | دواکاتی دیاریکراو | تێبینی‌یەکان |
|---|---|---|---|
| **پێداویستە بنچینەییەکانی ژووری کۆبونەوە** | | | |
| کورسی‌یەکان | | | |
| مێزەکان | | | |
| سەبەتەی شتە فرێدراوەکان | | | |
| پێنووسەکان | | | |
| تیانوسی تێبینی‌یەکان | | | |
| کارتی ناوەکان | | | |
| ساردەمەنی‌یەکان | | | |
| تابلۆ (لوحە) ڕێنیشاندەرەکان | | | |
| **چەشنەکانی تایبەت بەدەربڕین** | | | |
| دوانگەو شانۆ | | | |
| روناکی/ ئامێرەکانی نمایشکردنی تابلۆکان | | | |
| پەردەو شاشەکان | | | |
| گلۆپی زیادە | | | |
| وایەرەکانی گەیاندن | | | |
| هەڵگرو هێماکان | | | |
| پەرداخێك ئاو لەسەر دوانگە | | | |
| **وێنە هێلکارییەکانی جێگاکە** | | | |
| شوێنی کەلوپەلەکان | | | |
| ئاگر کوژێنەوەکان | | | |
| ڕێگاکانی چوونە دەرەوەی لەناکاو | | | |
| ئامێرەکانی ساردەمەنی فرۆشتن | | | |
| شوێنی تابلۆ (لوحە) کانی ڕێنمایی | | | |
| گەرماوو دەستشۆرەکان | | | |

| | بەرپرس | دواکاتی دیاریکراو | تێبینییەکان |
|---|---|---|---|
| **ڕێکخستنی بەشداربوان** | | | |
| دەزگاکانی گوێ گرتن | | | |
| پلەی گەرمای ژورەکە | | | |
| ڕووبەری تەواو | | | |
| شوێنی هەڵواسینی پاڵتۆکان | | | |
| چاپکراوەکان بۆ دابەشکردنی بەسەر ئامادەبوواندا | | | |
| کورسی بۆ ڕۆژنامەنووسەکان/ میوانەکان | | | |
| جێگای نوێژ کردن | | | |
| جێگای دایەنگای منداڵ | | | |
| **بوێژان** | | | |
| بانگهێشت کردن | | | |
| ژووان/ شوێنی دیاری کراو | | | |
| مەبەست و بابەت | | | |
| جۆری جەماوەری ئامادەبوو | | | |
| بەرنامەکە بەدورو درێژی | | | |
| سەرۆکەکانی دانیشتنەکان بۆ هەر ووتەبێژێك | | | |
| دەزگاکانی بیستن و بینین | | | |
| هۆکارەکانی گواستنەوە | | | |
| خواردن و نیشتەجێ بوون | | | |
| خەرجییەکانی بەشداربوان | | | |
| داواکارییەکانی چاپکراوەکان | | | |

## هەمیشە ئەم ڕاستیەت لە بیربێت :

کاتێك کۆبونەوەیەکی سەرکەوتوو دەبینیت یەکسەر وادابنێ کە ئامادەکارییەکی زۆرو هەوڵێکی زۆری لەپێشەوە بۆ دراو. کۆبونەوە سەرکەوتووەکان هەرگیز بە ڕێکەوت ڕوونادەن!

## بۆ ڕێکخەران : شەش ڕێگا هەیە بۆ شکستی کۆبونەوە

١- لەپێشەوە مەهێڵە کەس بزانێت ئەو بابەتانە چی‌یە کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت (لەوانەیە ئامادەبن و زانیاری یان پێ بێ و خۆیان ئامادە کردبێ بۆ گفتوگۆ بەزیرەکانە).

٢- ئاگاداری بۆ کۆبونەوەکان بنێرە پێش چەند مانگێك بەلایەنی کەمەوە (بەشداربوان ئامادە کاری‌یەکانیان دوادەخەن بەپشت بەستن بەوەی کە ماوەیەکی زۆر کاتیان بەدەستەوە ماوە . بەڵکو لەوانەیە کۆبونەوەکەشیان لەبیر بچێت) یاخود ئاگاداری‌یەکە پێش چەند ڕۆژێکی کەم لە کۆبوونەوەکە بنێرە لەڕێگای ئەندامێکەوە کەهیچ دەربارەی کۆبونەوەکە نازانێت .

٣- ڕایبگەیەنە کە کۆبونەوەکە نزیکەی کاتژمێری ئەوەندە دەست پێ‌دەکات (ئەمەش بە دڵنیایی بچران و ڕاوەستان دروست دەکات کاتێك دواکەوتوەکان سود وەردەگرن لەوەی کە کاتی ئامادەبون بەتەواوی دیاری نەکراوە ، پاشان تەگەرە دەخەنە کۆبونەوەکە بەگەیشتنیان و داواکردنی ڕونکردنەوەی ئەوەی کەپێش گەیشتنی ئەوان ڕوی داوە).

٤- پێ دامەگرە لەوەی کە ئەو بابەتانەی خراونەتەروو بۆ گفتوگۆکردن لەپێشەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت وەئەو پرسیارانە مەخەرەڕوو کە دەبێتە هۆی چالاك کردنی گفتوگۆکە .

٥- هەموان هان بدە کەوا هەست بکەن داوایان لێ دەکرێت کەپێشنیار پێشکەش بکەن تەنانەت ئەگەر هاتو مەبەستە کۆبونەوەکەش بەتەنها گەیاندنی زانیاری بوو (بەشداربوان هەست دەکەن کە هەڵخەڵەتاون لەکاتی پشتگوێ خستنی تێبینی‌یەکانیان وەدڵنیابە کە ئەوان نارەزایی خۆیان نیشان دەدەن لە کۆبونەوەکانی داهاتوودا) .

٦- هەرکەس دەتوانی بانگهێشتی بکە، تەنانەت ئەگەر هاتو مەبەستی کۆبونەوەکەش وەرگرتنی بریاربوو سەبارەت بەو سیاسەتانەی کە پێویستی بەبنکەی زانیاریەکان هەیە دەربارەی دامەزراوەکە (ئەمەش بەدڵنیایی هەر لەسەرەتای کۆبونەوەکەوە وادەکات کۆبونەوەکە تێکبچێت چونکە ئەو بەشداربوانەی کە زانیاری‌یان نی‌یە دەتوانن نفوزی خۆیان و مافی دەنگدانیان بەکار بهێنن شان بەشانی بەشداربوان و ئەوکارمەندانەی کە بەڕوی ناوەوەی کاروبارەکان شارەزان).

جێگرەوە: ئەگەر هاتو مەبەست بریتی‌بێت لە ڕۆشنبیری کردنی گشتی بۆ فراوانکردنی بنکەی زانیارییەکانی بەشداربوان ئەوا کەس بانگهێشت مەکە تەنها ئەوانە نەبێت کەلە یەك لیژنەدان یاخود ئەوانەی لە لیژنەی هاوشێوەدان یان ئەوانەی لە هەمان یەکەی نیشتەجێ بوندان یان ئەوکەسانەی کە خواردنەکانیان بەیەکەوە دەخۆن.

## گفتوگۆ

١- شێوازی نەخشەکێشانی هێڵی زەمەنی چییە؟ چۆن کاردەکات؟

٢- کام بەند زۆر ترین تێچوونی پێویستە لە ڕێکخستنی کۆبونەوەکان دا؟

٣- ئەو ڕۆڵە چییە کە ژینگە دەیبینێت لەسەر کەوتنی کۆبونەوەدا؟ نموونە بهێنەرەوە.

٤- کامیان زیاتر گرنگە بۆ سەرکەوتنی کۆبونەوە، سەرۆکێکی لێهاتوو بەتوانا یاخود کۆمەڵێکی چالاك لە بەشدار بووان؟ وە بۆچی؟

٤- مەبەست لە خشتەی کۆبونەوەکان چییە؟ ئایا هەمیشە داواکراوە؟

٦- ڕێکخستنی دانیشتنی گونجاو چۆنە بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، وەکۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی، وەکو بونەوەی ووتەی هاندەر؟

## جێبەجێکردن

ڕێکخراوەکەت هەڵوێستێکی لێکۆڵینەوە لەسەر کراوی وەرگرت بەرامبەر بارێکی نوێ لە جیهانی ئیسلامیدا. بەپێی ئەوەی بەرپرسیت لە پەیوەندییە گشتییەکان داوات لێ کرا هەوڵ بدەیت بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی جەماوەری بۆ ئەو هەڵوێستە. وە بڕیاردرا کۆبونەوەیەك ڕێکبخەیت کەسەرکردەی ٣٠٠مەڵبەندی کۆمەڵایەتی لەسەرتا سەری وڵات دا تێدا بەشداری بکەن، وەدەتویست کۆبونەوەکە پاش دوو هەفتە گرێ بدرێ لە یەکێك لە شوێنە گرنگە ناوەندیەکاندا. و هەوڵت بۆ بە دەستهێنانی ڕاو بڕیاری ئەندامانی کۆبونەوەکە بۆ هەڵوێستی ڕێکخراوەکەت.

١- نموونەی ووتارێك یان ئاگادارییەك سەبارەت بەم کۆبونەوەیە بنووسەو، خشتەی کارەکانیشی تێدابێت.

٢- نەخشەیەك بکێشە بە هێڵێکی زەمەنی بۆ کۆبونەوەکە.

٣- هێلکارییەك بکێشە شێوەیەکی جوانی دانیشتنی تیا دەستنیشان کرابێت.

٤- لیستی دیسپلینەکان بخەرە ڕوو، وەڕای خۆت بڵێ لەسەر گرنگترین شەش بەند تیایدا.

بەشی

٢١

# سەرۆکایەتیکردنی کۆبونەوەیەک

**یەکەم : ڕۆڵی سەرۆك**

**دووەم : ماوەی پرسیارو وەڵام**

ا - بۆچی؟

ب- پلاندانان بۆ ماوەکە

**سێیەم : تۆمار کردنی کۆنوسی کۆبونەوەکە**

**چوارەم : بنەماکانی ( مقومات ) داهێنان**

ا - سەرکەوتن لە کارلێککردندا

ب- بیرکردنەوەی داهێنەرانە

ج- خنکاندنی داهێنان

**پێنجەم : نمونەی هەڵسەنگاندنی کۆبونەوەکانی لیژنەکان**

**ئامانجەکانی بەش**

پاش تەواو کردنی ئەم بەشە ، دەوانیت :

- ڕۆڵی سەرۆك دیاری بکەیت
- سەرۆکایەتی کردنی کۆبونەوە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو
- بەڕێوە بردنی پرسیارو وەڵام بەسەرکەوتویی
- ئامادە کردنی موحازەرە ووردو گرنگەکان

## یەکەم: ڕۆڵی سەرۆك

داوات لێ کرا کە سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەك بکەیت، هەموو ئەوشتانەت کرد کە بەستنی کۆبونەوەکە پێویستی پێی هەیە، وخشتەی کارەکان و بەلگەنامە پەیوەندیدارەکانت نارد، نزیك بوو کۆبونەوەکە دەست پێ بکات. باشترین ڕێگا چییە بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکە؟ ئەمە هەندێك ئامۆژگارییە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن وەك سەرۆکی دانیشتنەکە:

١ - یەکەم جار دڵنیابە کەژورەکە ئارام و بێدەنگەو شتێکی تێدانی‌یە کە وریـایی و ئاگـایی ئامـادەبوان تێکبـدات، هـەواو ڕوناکی‌یەکەی باشە. پاش ئەوە گرنگی بدە بەڕێکخستنەکانی دانیشتن بەشێوەیەك کەهەر کەسێك بتوانێـت ئـەوانی تـر ببینێت بەپێی توانا. وە ئەمەی خوارەوەش هەندێك ڕەچاوکاری‌یە کەلەوانەیە ببێتە هۆی یارمەتی دان لەڕێکخستنەکانی لە دانیشتن کۆبونەوەی لیژنە بچوکەکاندا:

- دانیشتن بەرامبەر یەکتر دەبێتە هۆی ڕوبەڕوبونەوە. ئەو کەسەی لەبەرامبەر سەرۆك دانیشتووە دەگونجێت ئەو کەسە بێـت کەدژی دەوەستێتەوە، ڕێگا بدە ئەو کەسەیەی لەو جێگایەدا دادەنیشێ ئەو کەسـەبێ کەپێشبینی لێدەکرێـت یارمـەتی دەربێت نەك ڕۆڵی تۆ وەك سەرۆك تێك بدات یان بشێوێنێ. بەڵام نابێت ئەم کرداری دانیشتنە وەك گەمە بەکار بـهێنرێت بە کۆبونەوەکە بەڵکو بۆ دابینکردنی بارودۆخێکی بەرهەمهێن بێت.
- دانیشتن لە تەنیشتی یەکتری بواری جیاوازی و کێشە کەم و نارەحەت دەکـات. وە دانیشـاندنی ئـەندامێکی دۆسـت لـە تەنیشت ئەندامێکی دژ لەوانەیە ببێتە هۆی کەم کردنەوەی دژایەتیەك کە پێویست نی‌یە .
- ئەو کورسیەی کە دەکەوێتە لای ڕاستی سـەرۆك ناوچـەی سێبەری پـێ دەوترێـت، لەبـەر ئـەوەی ئـەو کەسـەی لـەوێدا دادەنیشێت دور دەبێت یان ون دەبێت لە پەیوەندی بینین و سەیرکردن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکە، لە هـەمان کـاتدا دانـانی ئەندامی دژ لەو جێگایەدا دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی بواری ڕووبەڕووبونەوە .

٢ - کۆبونەوەکە بە ئایەتی پیرۆز دەست پێ بکەو بەدوعا کردن و پاڕانەوە کۆتایی پێ بهێنـە. هـەڵبژاردنی ئایـەتی قورئـانی کەپەیوەندی هەیە بە بابەتەکانی خشتەی کارکردنەوە یارمەتیمان دەدات بۆ خولقاندنی کەشێکی بیری و دەرونی گونجـاو، وە هەستکردن بەکارەکەو ئەرك و بەرپرسیارێتی بەرامبەر خوا زیاد دەکات.

٣ - ململانێ و دژایەتیەکان بەلێزانانە چارەسەر بکـە. بەشێوەیەك گفتوگـۆ لەگـەڵ دژەکـاندا بکـە کـە هەسـت بـەگرانی بەرپرسیارێتی و پەیامەکەیان بکە، کاتێك تێکگیرانی نێوان بیروڕاکان دەگۆڕێت بۆ بەرەنگار بوونەوەی نێـوان کەسـەکان ڕوبکەرە ئەندامێکی بێلایەن بۆ خاوکردنەوەی توندی ڕوبەڕووبونەوەکە. پەنا بەرە بەر هەڵبژاردەیەکی گونجاو لە قورئان و سیرەت بۆ بیرهێنانەوەی بەشدار بوان بۆ بنەماکانی ڕەفتارو ڕەوشتی بەرزو ڕۆح سوکی.

٤- وریای کەسانی زۆر بڵێ بەو کۆنترۆڵی بکە بەوەی پێشنیار بکە بیروڕاکانی بنوسێت تا لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکرێـت، یـان لەڕێگای لێ وەرگرتنی ڕستەیەك کە تازە بەکاری هێناوە، پاشان هەستە بەدوبارەکردنەوەی و داوا لە یەکێکی‌تر بکە کـە دەست بکاتەوە بە گفتوگۆکە.

٥ - هانی شێوازو ڕێگاکانی چارەسەرکردنی کیشەکان بدە وەك نمونـەی وروژانـی زەینـی (التدفـق الزهـنی). وە بـۆ ئـەوەی وابکەیت کە بیروڕاکان بە ئاراستەی ڕاسـت دا هـەڵبقوڵێن لەسـەرت پێویسـتە کۆمەڵـە کـە ووشـیار بکەیـنەوە لـەو (کێشەیە)ی کە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە هەرکاتێك خۆیان لێ بە دوورگرت.

٦ - داوای ڕای بەشداربووە گەورەو بەتەمەنەکان بکە لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا چونکە ئەگەر هاتو زوو بیروڕاکانیان خرایە ڕوو لەوانەیە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەشداری کردنی ئەندامە نوێکان لە کۆبونەوەکەدا.

٧ - بەهێزترین پشتیوان هەڵبژێرە بـۆ گەیشـتن بەچارەسـەرێکی دیـاریکراو کـاتێك ئەرکـە پـەیوەندیدارەکان سـەبارەت بـەم چارەسەرکردنە دەخرێنە ڕوو، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە زۆر بە باشی کاردەکەن تابیسەلمێنن ئەو بڕیارەی دراوە بڕیـارێکی دروست بووە.

٨ - چوارچێوەیەکی کاتی دیاری بکە بۆهەر بەندێك لەخشتەی کارکردندا، کە لەگـەڵ گرنگیەکـەی بگونجێـت، هـەوڵبدە کـە بەژیرانە دەستی پێوە بگری. لە هەمان کاتدا بوارێکـی بـاش بڕەخسـێنە بۆئـەوەی کـارلێکردن (تفاعل) دروست بـێ لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵەکەدا. ئەگەر هاتوو بانگهێشت هەبوو بۆ گفتوگۆیەکی زیارترو کاتیش کەم بوو ئەوا هەوڵی

دۆزینەوەی ڕاستکردنەوەی گونجاو بدە لەخشتەی کارەکاندا، ئەو بەندانەی بەهۆی بەرەنجامی دوبارە خشتە دانانەوە کاریگەرییان دەچێتەسەر ڕوون بکەرەوە، وەیارمەتی بدە لەسەر شیکردنەوەی داواکارییەکانی ڕاستکردنەوەو سیفاتەکانی.

٩ - لەکاتی پێویستدا سوود وەربگرە لەوریێو شوێنانەی کەلە کۆبونەوەکاندا ناسراون، بۆ پارێزگاری کردن لە یاسا لەکۆبونەوەکەدا. وە سیفەتی ناوبەناو هەستە بەکورت کردنەوەی ئەوەی تانەوکاتە بڕیاری لەسەر دراوە.

١٠- پابەند بوونی زارەکی لە هەموو ئەو کەسانە وەربگرە کە ئەرکت پێ سپاردون، لەبەر ئەوەی پابەند بوون لەبەردەم کۆمەڵێك دا دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەپلەیەکی باش چاودێری کارەکە بکرێت، بەپێچەوانەی ئەو پابەن بوونەی کە بەتەنها وەردەگیرێت.

١١- هەندێك جار باشتروایە ئەو بابەتانەی کە جێگای مشتومڕە بخرێتە ڕوو پێش پشوودان بۆ نوێژ کردن یان بۆ ژەمەکانی خواردن یان شیرینیو ساردەمەنی خواردن، کە دەبێتە هۆی ئالو گۆڕییەکی زۆری بیروڕاو دیدە تایبەتەکان لە دەرەوەی کۆبوبونەوەکە بۆ تێگەیشتن لە ڕاو بۆچونە جۆراو جۆرەکان لە کەشێکی خۆش دا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەکاتی دەست پێکردنەوەی کۆبونەوەکان بڕیارەکان بەخێرایی وەربگیرێت.

١٢- لەکاتی قسەکردن دا باشترین شێوازی گونجاو هەڵبژێرە لەگەڵ هەڵبژاردنی ووشە ئیجابیەکان و خۆلادان لە ووشە سلبیەکان. ئەمەش یارمەتی بەشداربوان دەدات کەهەست بەخاوەنداریێتی بڕیارەکان بکەن کە بەرێگایەکی دیموکراسی و ڕاوێژی سەربەست پێی گەیشتوون.

**هەڵوێستی کرداری**

### شکست لەپلان داناندا پلان دانانە بۆ شکستی

بێنەرە بەرچاوی خۆت فرۆشیارێك هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت کە کڕیارەکەی هەڵەیە! تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بکات کڕیارەکە ڕقی لێی دەبێتەوەو هیچی لیٚ ناکڕێت. ئەنجامی هەردوو بارەکە زەرەرمەندیە، دامەزراوەکانی کارە ئەمەریکییەکان دروشمی : هەمیشە کڕیار لەسەر حەقە یان پەیڕەو دەکرد. ئێمە مەرج نییە بەو چەمکە ڕازی بین تەنها لەچوارچێوەی بەهاو ڕەوشتەکانماندا نەبێت. بەڵام پێویستە جەخت بکەین لەسەر هەموو چالاکییەك و بەڕوونی دیاری بکەین کە ئامانجی ئێمە لە بەشداری کردن لەو چالاکیە چییە. بۆ نموونە، ئەگەر چاومان دەکەوت بە سەرۆکی پارتێکی نەیار، پێویستە ئامانجی دیاری کراومان ڕونبکەینەوە لەو کۆبونەوەیە، وە نەخشە بکێشین لەنێوان خۆمان دا کەکێ قسە بکات و چی دەڵێت و بەچ تەرتیبێك، وە پێویستە بابەتەکان پێشتر گفتوگۆی لەسەر بکەین، وەبگەینە ڕایەکی کۆ بەپێی توانا دەربارەی ئەو هەڵوێستانەی هەموومان بەگشتی دەیگرینەبەر. مەهێڵن کارەکە بەشێوەیەك کۆتایی پێ بێت کە کەسێك بەسەر کۆبونەوەکەدا زاڵ بێت بەشێوەیەك کەپێشبینی نەکرابێت، یاخود لەناو کۆبونەوەکەدا لەناو خۆتاندا تێك بچن، یاخود کۆبونەوەکە تەواوبێت بەبێ ئەوەی خشتەی کارەکانتان بخەنە بەر گفتوگۆ، چونکە ئەوکاتە ئێوە دەبنە پشکێك لە خشتەی کارەکانی بەرامبەرەکەتانەوە (نەیارەکەتان). ئەگەر بێت و باش نەخشە نەکێشیت ئەوا سەرت دەسوڕمێت لە کۆتایی خراپی کارو بارەکان .

## دووەم : ماوەی پرسیارو وەڵام

### ا- بۆچی؟

ماوەی پرسیارو وەڵام لە بەهاو نرخی کۆبوونەوەکە زیاد دەکات . یارمەتی ڕێکخەران دەدات بۆ ئاشنا بوون لەسەر هەڵوێستەکانی بەشداربوان و بایەخەکانیان . ئەگەر هاتوو رە خنەیەکی بێ ویژدانانەیان گرت یاخود هەڵوێستی دوژمنکارانەیان نیشان دا دەزانرێت کە ئایا ئەوە دژی قسەکەرە یاخود دژی بابەتەکە یان ڕێکخراوەکەیە. بەکورتی ماوەی پرسیارو وەڵام بواری سەرچاوەیەکی بە هیزی زانیاری بۆ ڕێکخەران دەرەخسێنێت لە ڕێگای تێبینی و لێکدانەوەکانەوە.

لە هەمان کاتدا ماوەی پرسیارو وەڵام بوار دەدات بە بەشداربوان لە بەشداری کردن ورا دەربرین سەرەرای رونکردنەوەی هەندێك کاری نادیار و شاردراوە و وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیاری گرنگ و لێکۆڵینەوەی کاردانەوەی بیژەران و هەڵوێستەکانیان و رادەربرینیان. بەڵام سەبارەت بە قسەکەر، ماوەی پرسیار و وەڵام بە ئامرازێکی زۆر باش دا دەنرێت بۆ زانیاریە پێدا نەگەراوەکان (التغذیة الاسترجاعیة) لە ڕێگای ئەو تێبینی و دەرەنجامانەوە لەلایەن جەماوەرەوە دەردەچێت.

نابێت بەهیچ شێوەیەك وەك رووداوێکی رۆتینی مامەڵە لەگەڵ ماوەی پرسیارو وەڵام دا بکرێت و ماوەیەکی کەمی (١٠) خولەکی و بێ نەخشەی بۆ دابنرێت. بەڵکو پێویستە بیری لیٚ بکرێتەوە و ئامادەکاری بۆ بکرێت بەپێی ئەوەی بەشێکی سەرەکی یە لەبەرنامەکە.

### ب- پلاندانان بۆ ماوەکە

لەئەنجامی بێ نەخشەیی، زۆربەی ماوە تەرخانکراوەکان بۆ پرسیارو وەڵام شتێکی کەم نەبێت بەدی ناهێنێت. ئەم هەنگاوانەی خوارەوە یارمەتیمان دەدات لە نەخشە کێشانی باش دا :

- هەنگاوی (١) ئامادەکردنی بەشدار بوون

دەکرێت نمونەیەك لەو پرسیارانە کەدەگونجێت ببێتە چالاککردنی ورووژاندنی پرسیاری تر بخرێتە روو، هەروەها دەتوانرێت ئاگادار بکرێن لەمەبەستی دیاریکراوی کۆبونەوەکە. ئەگەر هاتوو کاتەکە ڕێگای‌دا دەتوانین سەرنجێکی گشتی سەبارەت بە گرنگترین ئەو مەسەلانەی کە باس دەکرێن یان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت چاپ و بڵاوبکەینەوە. پێویستە لای بەشداربوان روون بێت کەئەو سەرنجە تەنها پێشنیار کراوە نەك دواسەرنج بێت. شێوازێکی تریش هەیە کە بریتی‌یە لە دابەش کردنی بەشداربوان پێش دەست پێ‌کردن بۆ: تیمێك بۆ ڕونکردنەوەی و یەکێکی‌تر بۆ ڕەخنەگرتن و سێیەم بۆ نەخشەکانی کار. سەرۆك دەتوانێت پێشکەشیان بکات بۆ کۆبونەوەکە بەپێی دانیشتنیان لەلای ڕاستی ژورەکەداو ناوەڕاستی ژورەکە و چەپی ژورەکە.

- هەنگاوی (٢) نوسینی پرسیارەکان

زۆر کات دەبینین ئەو پرسیارانەی کە لەسەرەتای کۆبونەوەکەدا بەمێشکی بەشداربواندا گوزەر دەکات لەبیردەچنەوە کەکاتی پرسیارکردن دێت. دەکرێت پەرەی سپی یان کارت دابەش بکرێت بۆ نوسینی پرسیارەکان کاتێك بەبیریاندا دێت و خستنەرووی پرسیارەکان پاش موحازەرەکە یاخود کۆکر-نەوە یان ریزبەندکردنیان بەخێرایی تاکو بتوانرێت بە زنجیرەیەکی لۆژیکیانە وەڵام بدرێتەوە. هەندێك جار دەکرێت پشو بدرێت لەکاتی کۆبونەوەکەدا تابوار برەخسێنرێت بۆ بەشداربوان تا پرسیارەکانیان بنوسن بەبێ ئەوەی هیچ بەشێکیان لەبابەتەکە لیٚ وون ببێت.

■ هەنگاوی (٣) بەدەستهێنانی گرنگترین پرسیارەکان

بە دەستهێنانی ئەو پرسیارانەی هەموو بەشداربوان دەگرێتەوە کارێکە گرنگی خۆی هەیە. دەکرێت دوو شێواز لێرەدا بەکار بهێنرێت، کە بریتی‌یە لە شێوازی ((کۆمەڵەکانی دەنگە دەنگ و هەرا)) و شێوازی گفتوگۆی کۆمەڵە بچوکەکان. ((کۆمەڵەکانی دەنگ و هەرا)) بریتی‌یە لە کۆمەڵەی بچوک بچوک بۆ گفتوگۆ کردن کە لەشەش یان هەشت کەس پێکدێت. بەشێوەیەکی سروشتی خەڵك دارشتنی ئەو پرسیارانەی کە بەلایانەوە گرنگە لایان گرانە. لەبەرئەوە بیستنی پرسیارەکانی کەسانی‌تر یارمەتیان دەدات بۆ پێکهێنانی پرسیارەکانیان. لەوانەیە دابەش بوونی کۆبونەوەیەکی گەورە بەچەند کۆمەڵێکی بچوك کە بۆ ماوەی پێنج یان (١٠) دە خولەك کۆببنەوە یارمەتیان بدات لە دارشتنی پرسیارەکانیان و ئەوە مسۆگەر دەکات کە هەموو کەسێك بەشداری بکات لە گفتوگۆکاندا. وە دەکرێت ئەو جۆرە کۆمەڵانە بەخێرایی لە کۆبونەوە گەورەکاندا رێکبخرێن بەوەی داوا بکەین لە کەسەکان کە هەرکەس لە ریزی خۆی ئاور بداتەوە لەگەڵ کەسانی دوای خۆیان پێکەوە پەیوەست بن. پاش ئەوە، یەکێك لە کەسانی کۆمەڵەکەیان گەیاندنی پرسیارەکانیان لە ئەستۆ دەگرێت.

بەڵام گفتوگۆی کۆمەڵە بچوکەکان رێگایەکی‌ترە بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵە پرسیارێك کەتەمسیلی ئاراستەکانی بەشداربوان دەکات. ئەمەش بە هەڵبژاردنی کۆمەڵێکی بچوك دەکرێت کە نوێنەرایەتی بەشداربوان بکات، پاشان داوایان لێ دەکرێت کە بەکورتی گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەو پرسیارانەی کە بەلایانەوە زۆر گرنگە. ئەگەر هاتوو کەسێك هەبوو دژی ئەو سستمە ئەوا دەتوانێت بە ئازادی تێروانینی خۆی بخاتە روو.

■ هەنگاوی (٤) پۆلێنی پرسیارەکان

لەوانەیە لەتوانادا نەبێت لەیەك کۆبونەوەدا وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدرێتەوە. ئەو پرسیارانەی کە بواری وەڵامدانەوەیان نەبووە جیادەکرێنەوە تا لە داهاتوودا وەڵام بدرێنەوە. دەکرێت کە پرسیارەکان لەسەر پەرەیەك تۆمار بکرێت تا بەشداربوان دڵنیابن لەوەی کەپشت گوێ نەخراون و یاخود واهەست نەکەن کە گرنگیان پێ نەدراوە، وە ئەو پرسیارانەی کە کردویانە لە دانیشتنی‌دا هاتوودا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

■ هەنگاوی (٥) پوختەی ئەنجامەکان

ئەم هەنگاوە بۆ سەرۆك زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی زۆربەی چالاکی‌یەکانی خەست دەبێتەوە لەسەر هاندانی کەسانی‌تر بۆ هەستان بەکارکردن و بەشداری کردن لەوەی بریاری لە سەر دەدات. شێوازێك هەیە بۆ بەهێز کردنی ئەوەی بریاری لەسەر دراوە یاخود راگەیەندراوە، ئەویش بریتی‌یە لەوەی کە دوان یان سێ لە بەشداربوان هەستن بە گفتوگۆکردنێکی خەست لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا بۆ رونکردنەوەی ئەو رێگا نوێیانەی کارکردن کەلە توانادایە یاخود ئەو جێ‌بەجێ کردنانەی کە لەوانەیە بکرێت لەوەی لە کۆبونەوەکەدا فێری بوون لە زانیاری.

## سێیەم : تۆمار کردنی کۆنوسی کۆبونەوەکە

کۆنوسی کۆبونەوە تەنها تیانووسێکی (سجل) یاسایی ئەو کارانە نی‌یە کە کۆمەڵەکە بەدەستی هێناوە و بەس، بەڵکو لەهەمان کاتدا ئامرازێکی زانیارییەکانە لەسەر لێژنە جۆراو جۆرەکان و بەشداربوان بەگشتی. سەرەرای ئەوەی کە سەرۆکی کۆبونەوە کە نووسینی کۆنوسەکە بەرازگر دەسپێرێت، بەڵام خۆی بەرپرسە لەسەر ووردی کۆنوسەکە. ئەمەی خوارەوە هەندێك رێنمایی‌یە بۆ چۆنیەتی ئامادەکردنی کۆنوسێکی باش:

١- لەبەر ئەوەی ئەو ئەندامەی کە هەڵدەستێت بە نووسینی کۆنوسی کۆبونەوەکە بواری تەواوی بەشداری کردنی بۆ نارەخسێت، باشتروایە کە بەشداربوان بە نۆرە کۆنوسەکان بنوسنەوە. وە لەسەر بەرپرسەکەیە ڕەشنووسی (مسودە) تەواو بنوسێنێت لە تێبینی و یاداشتەکان کە لەدوای کۆبونەوەکە هەستاوە بە تۆمار کردنی چونکە هێشتا زانیارییەکان لەبیریدا ماوەو باشتروایە سەبارەت بە دامەزراوەکان نوسینی کۆنوسەکان بسپێرێت بە ڕازگرێکی هەمیشەیی.

٢- پێویستە هەموو بەندێك ناونیشانێکی هەبێت تاوەکو بەندەکان لە یەکتری جیابکرێتەوە و ئاسانکاری بکرێت بۆ خوێنەر بۆ زانینی شوێنی هەر بابەتێك. هەروەها هەموو پێشنیازێك بە شێوەیەکی ورد دەنوسرێت هەروەك چۆن هاتووە بەدەقی وشەکانیەوە. لەبەرئەوە، لەسەر سەرۆکەکە داوا لەهەر یەکێك لەو کەسانە بکات کە پێشنیاریان پێیە تابە وردی بینوسن.

٣- پێویست ناکات لەکاتی تۆمار کردنی هەربەندێك ڕاپۆرتێکی ورد بنوسرێت سەبارەت بە هەموو قسەکەرێك و هەربەشدار بویەك چی وتوە ، بەڵکو تەنها کورتەیەك بەسە سەبارەت بە گرنگترین خاڵە پشتگیرو نەیارەکان. ئەگەر بێتو کۆبونەوەکە پێویستی بە شتێکی جیاواز لەوە نەبێت، پێویست بەوە ناکات ناوی ئەو کەسانە تۆمار بکرێت کە پێشنیاریان پێشکەش کردوە یان پشتگیریی دەکەن.

٤- دەکرێت ئەنجامی دەنگ دانەکان بەرازی بوون یان نارازی بوون تۆمار بکەین. بەڵام ئەگەر دەنگ دانەکان بە بەرز کردنەوەی دەست یاخود دەنگ دانی نهێنی بوو، ئەوا دەبێت کۆنوسەکە ئاماژە بدات بە ژمارەی فیعلی ڕازی بوان و نەیارەکان وە ئەو کەسانەش کە دەنگیان نەداوە. هەروەها پێویستە کە کۆنوس هەموو پێشنیارە سەرەکییەکانی لەخۆ بگرێت چ ئەوانەی بڕیاری لەسەر دراوەو چ ئەوانەی ڕەت کراوەتەوە. ئەو پێشنیارانە تۆمار ناکرێن کە وەرگیراونەتەوە.

٥- پێویستە سەرۆك چاوبخشێنێتەوە بەڕەشنوسی کۆنوسی کۆبونەوەکەدا پێش دابەشکردنی بەمەبەستی ڕەزامەندی لەسەری لە کۆبونەوەی داهاتوودا .

٦- دەبێت کۆنوس ووردی و کورتی لەخۆ بگرێت. ڕاپۆرتی لیژنەکان بەنوسراوی پێشکەش بکرێت، وە دەکرێت کۆنوسەکە هاوشان بکرێت لەگەڵ بەڵگەنامە و ڕاگیراوەکان (مستندات) کەوەك پاشکۆی کۆبونەوەکە دەخرێتە بەردەم.

بەکورتی کۆنوسی کۆبونەوەکە بەپێی نمونەیەکی دیاری کراو دەنوسرێت کە بگونجێت لەگەڵ خشتەی کارەکان بۆ بەدیهێنانی زۆر ترین سود کەلە توانادایە. کۆنوس دوو ئامانجی سەرەکی بەدیدەهێنێت: پەیوەندی کردن یان گوێزانەوەی زانیاری بەکەڵك، و تۆمار کردنی بڕیارەکان. ئەگەر بەندەکان پەیوەندیان هەبوو بەزانیارییەکانەوە باشتر وایە هاوپێچ بکرێت لەگەڵ کۆنوسەکەدا وەك ڕاپۆرتێکی پاشکۆ لەجیاتی ئەوەی لە کۆنوسەکەدا بنوسرێت. بەڵام ئەگەر بەندەکە لەسەر شێوازی بڕیاربوو، دەبێت وەڵامی ئەم سێ لێپرسینانە بدرێتەوە:

- بڕیاری وەرگیراو (چییە).
- بەرپرسێتی، جێبەجێ کردن و بەدوا داچوون (کێ).
- دوا مۆڵەتەکانی جێبەجێ کردن (کەی).

ئەوەی کە دەنوسرێت پێویستە لەسەر ئاستێکی زمانەوانی گونجاو بێت لەگەڵ ئاستی ئەو کەسانەی ڕاپۆرتەکە وەردەگرن. بۆ نمونە باش نییە کە هەموو وردەکارییەکانی گفتوگۆکە تۆمار بکرێت، لەبەرئەوەی نوسین کارێکی گرانە، و خوێندنەوەشی کاتێکی زۆر دەبات، لەوانەشە هەموو ئەوانە سوودێکی ئەوتۆ نەگەیەنن بەو بڕیارەی کە وەرگیراوە .

**شەش خاڵی پێویست بۆ پێشکەشکردنی بێژەر**

١- ناوی چی‌یە؟

٢- ئەو دەزگایە یان لایەنەی ئینتمای بۆی هەیە کامەیە؟

٣- بوار: ئەو بوارانەی کە قسەکەر ئاماژەی بۆدەکات لە لێکۆڵینەوەکەیدا چین؟

٤- توانای : تواناکانی چین بۆ دووان لەسەر بابەتەکە؟

٥- بابەتەکە : سەبارەت بەچی دەدوێت؟

٦- گرنگێتی : گرنگێتی بابەتەکە بۆ ئامادەبووان چی‌یە؟

**بۆ سەرۆکی دانیشتنەکە : بە شەش ڕێگا کۆبونەوەکە شکست دێنێت**

١- وەڵام دانەوەی تەلەفۆنی لەکاتی کۆبونەوەکەدا (ئەوە دانیشتنەکە تێك دەدات هەرچەند باش نەخشەی بۆ کێشرابێت، ئەوە بەتەنها تەشویش ناخاتە سەر ئەو کەسەی کە بانگی دەکەن بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو ئامادەبوان هەیە) .

٢- هاندانی قسەکەران بۆ بەکارهێنانی شێوازی ئەو موحازەرەی کە هەندێك مامۆستا تیایدا سەرکەوتوون، بەمەش کات لە دەست نادرێت لە بەدەست هێنانی بیروڕای ئامادەبواندا (ئەمەش ڕێگایەکی زۆر سەرکەوتوە بۆ ئەوەی وا لەهەمووان بکرێت — جگەلە قسەکەر — هەست بکەن کە هیچ نرخێکیان نی‌یە).

٣- بەکار نەهێنانی وێنەو خشتە بەیانییەکان یاخود هەر هۆکارێکی بینینی‌تر. (ئەو هۆکارانە ناگونجێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بەتەنها پشت بەبیستن دەبەستن لە بەجێگەیاندنی هەموو شتێك و بەلایانەوە سەختە کەزیاتر لەیەك هەستیار لەیەك کاتدا بەکار بهێنن).

٤- ڕێگا نەدان بە بەشداربوان بەڕوونکردنەوەی گرنگی پێدانەکانیان. بەڵکو لە کارەکاندا بەردەوام بەو، گوێ مەدە بەڕاوبۆچونەکانیان وەپابەندی بەرنامەیەکی داخراوی بێ‌گیانی کاربە وەك ئەوەی قاڵبێکی پۆڵایی بێت.

٥- هاندانی قسەکردنی لابەلایی لە نێوان بەشداربوان (دەکرێت شتێکی خۆش و سەرنج ڕاکێش بێ بۆ ئەوکەسانەی سوچی قسەیان لا مەبەستە، بەڵام زۆرکەم سودی بۆ کەسانی‌تر دەبێت).

٦- گفتوگۆکردن لەسەر چارەسەریەکان لەسەرەتاوە، پاشان ڕاستی‌یەکان، ئەوەش لەکاتی چارەسەرکردنی هەرکێشەیەکدا کەدروست ببێت (بەمەش هەلی پەسەندکردنی یەکەم چارەسەر دەردەکەوێت بەبێ سەیرکردنی ئەگەرەکان، بەڵکو وات لێدەکات خۆت لەڕاستی‌یەکان لابدەیت کەجێگای خواستت نی‌یە و ناگونجێت لەگەڵ ئەو چارەسەرەی کەبەدڵتە).

## هەڵوێستی کرداری

### ئایا تۆ سەرۆکی کۆبوونەوەکەی یان بێژەری؟

جارێك لە کۆبونەوەیەکی یەکێك لە یەکێتی‌یە خوێندکاری‌یەکاندا بەرچاوکەوت کە سەرۆکی یەکێك لەدانیشتەکان هەستیا بەناساندنی بێژەر. بەڵام ئەم ناساندنە لەقسەکانی بێژەر زیاتری پێچوو، بەڵکو سەرۆکی کۆبوونەوەکە کە لەکاتی ماوەی پرسیار و وەڵامدا خۆی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوەو بێژەر پێی ڕازی نەبوو، ڕێگای بەخۆی‌داو وتەکەی بێژەری کورت کردەوە هەرچەندە بێژەر پێی ڕازی نەبوو. لە کۆتایی‌دا هەردوو بەشەڕهاتن و سەرۆکەکە گاڵتەی بەقسەکانی بێژەر کردو بە موحازەرەیەك لەبارەی ئەدەب و ئاکارەوە دایگرتەوە، دانیشتنەکە بە شکستییەکی گەورە کۆتایی هات.

لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی‌تر یان جاروبار، توشی کەسانی لەم جۆرە دەبین کە خراپ حاڵی دەبن لە بەرپرسێتی سەرۆکایەتی‌کردنی کۆبوونەوە لەبەرەنجامی لێ نەزانی و کەم شارەزایی. ئەوانە پێویستیان بەوە هەیە کەرۆڵی سەرۆکی کۆبوونەوەیان بۆ شی بکرێتەوە. و گرنگترین خاڵ کە جێگای بیرهێنانەوە بێت بریتی‌یە لە:

١- ناساندنی قسەکەر، لەگەڵ تیشك خستنەسەر ئەو بەدەستهێنانە پەیوەندیدارانەیان بە بابەتی باسەکەوە.

٢- مەڵێ قسەکەر ناسراوە، وە خۆی خۆی پێشکەش دەکات، ئەوە سووکایەتی پێکردنە. لەبەرئەوەی کەسانێك کە خاوەنی ڕێزبن خۆیان باسی خۆیان و کارەکانیان ناکەن. کارەکەش بەرەو ئاڵۆزی دەچێت ئەگەر هاتوو قسەکەرێکت بەدرێژی ناساند و یەکێکی ترت پشتگوێ خست لەدوای ئەو.

٣- هەستە بەئامادەکردنی کۆمەڵێك پرسیاری کورت پێش دەست پێکردنی کۆبونەوەکە تاکوو قسەکەر وەڵامیان بداتەوە بۆ ناساندنی خۆی.

٤- ووتەی پێشکەشکردن کورت بێ و لەناوەڕۆکی بابەتەکەوە نزیك بێت.

٥- نەبیتە بەربەست لەنێوان جەماوەرو بێژەردا. یارمەتیان بدە بۆ گەیشتن بە یەکتری بە ئازادانە .

٦- پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە بەبێژەر ڕابگەیەنە کە ماوەی قسەکردنی چەندەو ئەو نیشانانەی تێبگەیەنە کە ئاماژانە بۆ کات بەدەستەوە نەمان .

٧- پلانت بۆ بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکە ڕابگەیەنە، بەتایبەتی کاتی دیاری‌کراو بۆ هەربەندێك .

٨ - مەهێڵە بێژەر سەرۆکایەتی کۆڕەکەش بکا، سەرۆکایەتی‌کردنی کۆڕو ئاخاوتن دووکاری لەیەك جیاوازن نابێ تێکەڵ بکرێن.

٩- دڵنیابە لەبونی پەرداخێ ئاو بۆ قسەکەر لەسەر دوانگەکە.

١٠- لە ئامێرەکانی بیستن و بینین دڵنیابە پێش دەست پێ کردنی کۆبونەوەکە نەك لەکاتی دەست پێ کردندا .

١١- پێش دەخولەك لە دەستپێ‌کردنی کۆبونەوەکە لەسەر دوانگە ئامادەبە.

١٢- چاو بگێرە بەجەماوەردا لەکاتی کۆبونەوەکەدا.

١٣- دوانگە جێ مەهێڵە. کەسێك دیاری بکە کە بەدەنگ پێداویستی یەکانتەوە بێت هەرکاتێك ئاماژەت بۆ کرد .

١٤- مێزەکە ڕێکبخە، بەشێوەیەك پاك و خاوێن بێت و بێ ئەوەی شێکی لەسەر بێت کە پێویست نەبێت. باشتر وایە کە پەردەیەکی بۆ دروست کرابێت لە قوماش یان کاغەز.

١٥- پێنوس و کاغەز ئامادەبکە بۆ تۆمارکردنی ئەو شتانەی کەبەلاتەوە گرنگە.

١٦- وا خۆت نیشان بدە کەگرنگی دەدەیت و گوێ دەگریت لەکاتی ئاخاوتندا. باوێشك یان بیرڕۆیشتن و بێ ئاگایی نیشان مەدە لەسەر دوانگەکە.

١٧- ڕووناکی تەواو و هەوای پاك و خاوێنی شوێنەکە دابین بکە.

## چوارەم : بنەماكانی داهێنان

داهێنان بریتییە لە توانای داهێنانكاری، واتە بەكارهێنانی چالاكی و لێزانی لە جێبەجێ كردنی یان پێشخستن یان بەجێ گەیاندنی كارێك. وەداهێنان پێویستی بە هێزی خەیاڵكردنەوە هەیە لەچارەسەركردنی هەڵوێستەكاندا. وە لەكاتی سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكان و بەڕێوەبردنیاندا، دەتوانین توانای هێزی داهێنان زیاتر بكەین بەوەی كە دەیڵێین یان دەیكەین، یان بەو بوارەی كە دەیدەین بەكەسانیتر لە وتەو كاردا. وە سەیری چۆنیەتی بەدیهێنانی داهێنانكاری دەكەین لەبیركردنەوەو پەیوەندی لەگەڵ كەسانیترو بەجێگەیاندنی جوانكاریانە.

### أ- سەركەوتن لە كارلێكردندا .

گرنگترین بنەماكانی كارلێكردنی سەركەوتوو كورت دەكرێتەوە لەم ڕێنماییانەی خوارەوەدا :

١- كەسێكی ئیجابی بە: هەڵوێستی گەشبینانەت هەبێ هەرگیز ڕەشبین مەبە، تەماشای لایەن گەشەكانی بكە لە كاركردن و هەل و مەرجدا، نەك بەتەنها لایەنی خراپ و لاواز .

٢- كاتێك كەسێك قسە دەكات، وازبێنە با كەسانیتر بەشداری لە بیرو بۆچوونەكاندا بكەن لەجیاتی ئەوەی كە خۆت پاوانی قسە بكەیت، بەپاڵ و بەزۆر قسە بە خەڵك مەكە، بەڵكو ڕێگایان بۆ خۆش بكە تا بەئازادی قسە بكەن، هانیان بدە بەبێ ئەوەی بیانخەیتە هەڵوێستی ناخۆشەوە.

٣- تەنها بەنوێنەرایەتی خۆت قسە بكەو لەوەی باوەڕت پێی هەیە. بەرپرسێتی قسەكانیشت لە ئەستۆ بگرە.

٤- لێبووردە بە : قورسایی مەخەرە سەر ئەو كەسانەی قسەیان كردوەو بۆچونی خۆیان هەمووی دەربڕیوە. ڕێزی ئەوەیان لێبگرە كەمافی ئەوەیان هەبێت وەڵام نەدەنەوە یان نەیانەوێت قسە بكەن.

٥- خۆت لابدە لە دەربڕینە كوشندەكان كەڕەنگدانەوەی ڕق و كینەو گاڵتەپێ كردن و سوكایەتیو...هتد، لە ناهەموارەكان، بەڵكو وشەی پرسۆز و لەیەك گەیشتن و برایەتی بەكاربهێنە.

٦- تەعلیقاتی ئیجابی بەكاربێنە گەر لەتوانادا بوو، وابكە كە كەسانی دەوروپشت هەست بە ئارامی بكەن. یارمەتیان بدە ڕێزو حورمەتیان بگرە وە گرنگی پێدانی خۆت بۆ ئەوان دەربخە هەروەها ڕەزامەندی خۆت بەرامبەر بەكارە باشەكانیان دەربڕە .

### ب- بیركردنەوەی داهێنەرانە

بیركردنەوەی داهێنەرانە پێویستی بە ئەندێشەیەكی ڕەها هەیە لەگەڵ سوود وەرگرتن لە هەموو لێزانیو شارەزاییەكانی مرۆڤ. هیچ شتێك ئەمە تێك نادات بە ئەندازەی بەكارهێنانی ڕستەی بێ مانار ڕوخێنەر كە ڕۆژانە لەسەری ڕاهاتووین، كاتێك بەرەو ڕووی شتێك دەبینەوە لەوەوپێش نەمان بیستووە، یان پێمان خۆش نییە .

**لەو ڕستانە بەنموونە :**

لەمەوپێش ئەو شێوازەمان بەکارنەهێناوە!
لەبودجەدا نییە!
بۆی ئامادە نین!
تیۆرێکی زیادە ڕەوە!
ئەگەر خێری تێدابوایە هەندێك کەس پێشنیاری دەکرد!
با ئەمە لەهەلێکی تردا گفتوگۆی لەسەر بکەین!
تواناکانمان کەمترە / زۆر لەوە زیاترە!
پرۆژەکان ئەوەندە هەیە بەشمان بکات!
حالْ بەم شێوەیە مایەوە بۆ ماوەی دەساڵ
بێگومان هەموو شتێك وەك ئەوە وایە کە خۆمان دەمانەوێت!
من دڵنیام ئەوە بەکار نایەت!
گەنجێکی تازە ناتوانێ فێرم بکات کەچۆن ئەو ڕێکخراوە بەڕێوەبەرم!
خەرجییە گشتییەکان زیاد دەکات!

بەلام پێی ڕازی نابن!
بەخێرایی زیادە مەجولێرەوە!
باچاوەڕوان بکەین و ببینین!
ئەمە مانای هەولێکی زیادە کەلە ووزەی ئێمەدا نییە!
با ڕابوەستین و ئەمە بنووسین بە شێوەیەکی ڕەسمی!
قسەی پروپووچ یان بێ مانا بەکارنایەت لەدروستکاری ئێمەدا!
هێزی کارمان نییە!
ئەمەمان جاریتر تاقی کردۆتەوە!
بەشێوەی تیۆری دەگونجێت بەلام ئایا پراکتیزە کردن لەتوانادایە؟!
سەردەمانەیە زیاد لە پێویست!
لە جۆرێکی زۆر کۆنە!
تۆ لە کێشەی ئێمە تێناگەیت!

ئەوە بەرپرسیاریەتی ئەوانە نەك ئێمە!
با لیژنەیەك پێك بهێنین!
کێشەی ئێمە نییە! بەلکو کێشەی خۆیانە!
ئەمە زۆر زووە!
ئەمە زۆر درەنگە!
هەرگیز ناتوانیت کە ئەوانی تر ڕازی بکەیت کەبۆچی شتی نوێ لە ئێستادا؟!
تائێستا فرۆشتمان لە بەرزبونەوەدایە!
گەڕاینەوە بۆ ئەم ژیاننامە!
هیچ پەیوەندییەك نابینم!
لیستەکان ڕێگای ئەوەمان پێ نادات!
لە نەخشەماندا نییە!
لە ڕێبەرەکەدا نییە!

**ج- خنکاندنی داهێنان**

تازە کردنەوە بریتییە لە کاری مێشکە داهێنەرەکان کە سەیری هەلوێستەکان دەکات لە سوچێکی نوێوە ، ئامادەیە بۆ پێشکەشکردنی تەفسیرێکی نوێ، و خۆی دەخاتە بەر مەترسی تاقی کردنەوەی پرۆگرامە نوێیەکان کەهەندێك جار سەریش ناکەوێت، لە زۆر باردا، نوێ کردنەوە لە شوێنی تاکە هیوادا دەبێت بۆ چارەسەری کێشە گرانەکان یان قوتار بوون لە هەلوێستە ئالۆزەکان. بەلام ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لە کۆبونەوەیان پرۆژەیەك هەلسوکەوتی وا دەکەن بەشێوەیەك لە زۆربەی کاتدا ببێتە هۆی خنکاندنی نوێخوازی و داهێنان. وە (کانتز) لە کتێبەکەیدا ((مامۆستایانی گۆڕانکاری — نوێ کردنەوە لە پێناوی بەرهەم هێنان لەکۆمپانیای ئەمەریکی‌دا)) هەستاوە بەناوهێنانی ئەم کۆمەلە هەلسوکەوتەی خوارەوە کەپێی هەلدەستێن و دەبێتە هۆی خنکاندنی نوێ خوازی لەجیاتی هاندانی :

**گومان :** بەگومانەوە سەیر کردنی هەر بیرێکی نوێ کەلەلای خوارەوە هاتبێت — لەبەر ئەوەی نوێیەو لە خوارەوە هاتووە!

**ڕەزامەندی :** سوربوون لە داواکردن لەو کەسانەی کە پێویستیان بەڕەزامەندی تۆ هەیە بۆ کارێك، بەوەی کە لەسەرەتاوە تێپەڕ دەبن بەسەر چەند ژمارە ئاستێکی کارگێری تردا بۆ بەدەستهێنانی ڕازی بوونیان.

**سنوور بەزاندن (التحدی) :** داوا لە کارگێڕییەکان و تاکەکان بکە کەهەر یەکـەیان بەرهەڵستی ئـەوی تـر بکـات و ڕەخنـە لـە پێشنیارەکانی بگرێت (ئەمەش ئەرکی وەرگرتنی بڕیارت لەبەردەم ئاسان دەکات ، ئیتر تەنها لەسـەر تۆ ئەوەیە کە هەستی بە هەڵبژاردنی ئەو پێشنیارەی کە خۆی ڕادەگرێت)

**ڕەخنە گرتن :** ڕەهاکردنی ڕەخنەگرتنەکان بەئازادی و قەدەغە کردنی پیاهەڵدان و ڕێزو پێزانین (ئەمـەش وادەکـات لەوانە لەدەورو پشتدان لەحاڵەتی شپرزی و دڵە ڕاوکیدا بن)

**کێشەکان :** وادابنرێت کە بوونی کێشە نیشانەی شکستە، کە هۆی هاندانی ئەوانەی دەوروبەرت بـۆ شـاردنەوەی هەواڵی ئەو کێشانەی کە لەبازنەی کاریاندایە لەکاتی ڕودانیدا!

**زاڵبوون :** زاڵ بوون بەسەر هەموو کارێکدا بەمەحکەمی وا لەو کارمەندانە بکە لەگەڵتدان کە خەریك بـن بـە ئامار کردنی ئەو ژمارانەی کەلە تواناداتە ئامار بکرێت!

**گۆڕانکاری :** وەرگرتنی بڕیارە تایبەتەکان بە ڕێکخستنە نوێکـان و گۆڕینـی سیاسـەتەکان بەشـێوەیەکی نـهێنی. خستنە بەردەمی ئەوانەتر بێ ئەوەی کەهەر بەخەیاڵیشاندا هاتبێت، تۆ لە دەرەوروپشتت ئـەوێ کـە ئامادەبن و هەمیشە ووریابن!

**پاساو :** دڵنیابوون لەوەی کە داوا کردنی بەدەست هێنانی زانیاری لەلایەن بەڕێوەبەرەکانـەوە (پاسـاوی خـۆی هەیە) وە ئەو زانیاریانە پێیان نادرێت بەبێ دیسـپلین، ئـەو زانیاریانـە نـابێت بگاتـە دەسـتی ئـەو کەسانەی کە ڕەنگە بۆ خراپە بەکاری بهێنن!

**کارپێسپاردن ((التفویض)) :** بەڕێوەبەرە پلە دووەکان — لەژێر پەردەی کارپێسپاردن (تفویض) و بەشداری کـردن —بەرپرسـێتی و دەسەڵاتی گوێزانەوەی تاکەکان یان لابردنیان لەسەرکار یان کەم کردنەوەی ژمارەکانیان یـان ئاگـادار کردنەوەیان لەسزادان بەرامبەریان پێبدرێت!

**زانیاری تەواو :** بە بەردەوامی لەسەر ئەو بیرکردنەوە کە پلەوپایە باڵاکان خاوەنەکانیان ڕادەهێنن شارەزابن دەربـارەی هەموو ئەوەی کەکار پێویستێتی بەبێ لەگەڵ ڕۆیشـتن یـاخود بـەدوادا چـوون بـۆ گۆڕانکاریـەکان و پەرەسەندنەکانیان!

**هونەری بانگەشەکردن: وانەیەکی کردەیی لە یەکبوون!**

لەکاتێکدا ئیمام حسن البنا خوای لێ ڕازی بێت خەریکی نوێژکردنی تەراویح بوو لـە مزگـەوت کێشەیەکی قورس لەنێوان نوێژ کەرەکاندا رویدا. هەندێکیان دەیانووسیت کە نوێـژی تـەراویح هەشـت ڕکات بێت، بەڵام هەندێکی‌تریان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت (٢٠) ڕکات بێت .
پرسیار یان لێ کرد (کێ لەسەر هەڵەیەو کێ ڕاستە؟) . ئیمامی بەننا وەڵامی نەدایـەوە چونکـە کارەکـە زیاتر بەرەو خراپی دەڕۆیشت. بۆیە لێی پرسین : (ئایـا تـەراویح فـەرزە یـان سـوننەتە؟) هـەموو گویـان (شتێکی سرشتی‌یە کە سوننەتە) ووتی : (بەڵام یەکێتی موسـڵمانان فـەرزە. ئایـا دەبێـت فـەرز بکەینـە قوربانی سوننەت؟ ئەگەر جیاوازی ئاوا پەرش و بڵاومان بکات واباشترە کە تەراویح لە ماڵەکانماندا بکەین و یەك ڕیزی و برایەتیمان بپارێزین).

## پێنجەم : نموونەی هەڵسەنگاندنی کۆبونەوەکانی لیژنەکان

ئەوەی داواکراوە دانانی نیشانەیە لە تەنیشتی ئەو پرسیارانەی کە دەتەوێت وەڵامیان بدەیتەوە بە (بەڵێ). وەهیچ دامەنێ ئەگەر هاتوو وەڵامەکەت بە (نەخێر) بوو.

**بەشی ( أ )**

( ) ١- ئایا لیژنە لەئەرکەکانی تێگەیشتووە؟

( ) ٢- ئایا ئەندامان بەرنامەی کارەکانیان یاخود هێڵە سەرەکییەکانیان داناوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت؟

( ) ٣- ئایا پلانێکی باش دانراوە بۆ بەرنامەی کارەکان و لیژنەکە هەموی بەشداری کردووە لە دانانیدا؟

( ) ٤- ئایا ئەندامان ئاگادارکراونەتەوە پێش کاتی دیاری کراو بەماوەیەکی پێویست بۆ خۆئامادە کردن بۆی؟

( ) ٥- ئایا تێروانیان جۆراو جۆرە؟

( ) ٦- ئایا سوود وەردەگرن بە شێوەیەکی نیجابی لە جیاوازی تێروانین و ئەیاری و رەخنەگرتن؟

( ) ٧- ئایا بیرو بۆچونی زۆر هەیە کە باش بێت بۆ گفتوگۆ کردن لە سەری؟

( ) ٨- ئایا ئەوانەی کەکۆبونەتەوە بە نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی دەناسرێنەوە؟

( ) ٩- ئایا ڕاستیەکانیان بەرونی خستۆتە پێش چاو، و ئەوەی پێیان دراوە ئامادەیان کردوە، و هەستاون توێژینەوەو شیکردنەوە پاشان بڕیاریان وەرگرتوە لەپاش گفتوگۆ کردنی تەواو؟

( ) ١٠- ئایا بە تەواوەتی پشتیان بەسەرۆکەکەیان بەستووە؟

**بەشی ( ب )**

( ) ١- ئایا گفتوگۆکە زیندویی و چالاکی پێوە دیار بوو؟

( ) ٢- ئایا کۆبونەوە لەکاتی خۆیدا دەستی پێ کردو بەهەمان شێوەش تەواو بوو؟

( ) ٣- ئایا موبالەغە هەبور لەدەربڕینی بۆچوونەکان لەجیاتی هەوڵدان بۆ پێگەیشتنی بیروبۆچوونەکان و هاوسەنگی لەنێوانیاندا؟

( ) ٤- ئایا هەندێك لەئەندامان شەرمیان دەکرد لە بەشداری کردن؟

( ) ٥- ئایا لای هیچ ئەندامێك لە ئەندامەکان ئارەزووی خۆزاڵکردن هەبوو؟

( ) ٦- ئایا پێشکەوتنی پێویست بەدیهاتوە ڕوەو چارەسەری کێشەکە؟ یان گفتوگۆکە بەشتی لاوەکیەوە کۆتایی هات؟

( ) ٧- ئایا زیاتر لە دوونەندام لەبابەتەکە چوونە دەرەوە؟ یان کەمتەرخەمی؟ یاخود بێ ئاگایی؟ یاخود بێ ئامانجیان پێوە دیار بوو؟

( ) ٨- ئایا دەتوانیت هەستی بەدیاری کردنی هەریەك لەوکۆمەڵانەی لەخوارەوە ناویان هاتووە لەکۆبونەوەکەدا هەبووە:

( ) ئەوانەی هەمیشە بەهەموو شتێك ڕازین

( ) ئەوانەی سلبین بەرامبەر هەموو شتێك

( ) ئەوانەی هەمیشە شتی تریان بەلاوە پەسەند ترەو کۆسپن لەبەردەم هەموو بڕیارێکدا.

( ) دوژمن ڕەفتارەکان

( ) بۆڵەکەران و بەگومانەکان.

( ) ئەوانەی بە هەموو شتێك دەزانن

( ) ٩- ئایا دەتوانیت هەر (خشتەیەکی کاری شاراوە) بدۆزیتەوە؟ بەمانایەکی‌تر، ئایا ئەندامان هەن هەوڵی ئەوەبدەن کەبیرو بۆچوونەکانیان بسەلمێنن و ڕەزامەندی لەسەر بدرێ بەتەنها هەر بەپشتیوانیەکی پێویست، و بەبێ دابینکردنی بۆ کەسانی‌تر و بەکاتی گونجاو تا بەشداری بکەن لە گفتوگۆدا؟

( ) ٩- ئایا دەتوانیت هەر (خشتەیەکی کاری شاراوە) بدۆزیتەوە؟ بەمانایەکی‌تر، ئایا ئەندامان هەن هەوڵی ئــەوەبدەن کەبیرو بۆچوونەکانیان بسەلمێنن و ڕەزامەندی لەسەر بدرێ بەتەنــها هــەر بەپشــتیوانیەکی پێویســت، و بــەبێ دابینکردنی بۆ کەسانی‌تر و بەکاتی گونجاو تا بەشداری بکەن لە گفتوگۆدا؟

**بەشی ( چ )**

( ) ١- ئایا ئەندامان هەن کە بە شداریان نەکردبێت؟

( ) ٢- ئایا کۆمەڵەکە دڵ گەرمن بۆ دانانی نەخشە؟

( ) ٣- ئایا هیچ کێشەیەك هەیە کە گفتوگۆی لەسەرکرابێت و هەمووی چارەسەر نەکرابێت؟دیاری بکە کامانەن:

---

---

---

( ) ٤- ئایا هەڵوێستی دوژمنکارانە هەبووە؟

( ) ٥- چ پلەیەك دەبەخشیت بەکۆبونەوەکە بە شێوەیەکی گشتی؟ یەکێك لەمانە هەڵبژێرە :

( ) خراپ ( ) مامناوەندی ( ) خراپ نی‌یە ( ) باشە ( ) ناپاب.

( ) ٦- ئەو چاکسازیانە کە پێشنیاری دەکەیت بۆ بەڕێوەبردنی کۆبونەوەی هاوشێوەی ئەو چین؟

---

---

---

**هەڵسەنگاندنی سەرۆکی دانیشتنەکە – نموونەیەکی کورتکراوە.**

نیشانەیە لە تەنیشتی ئەو پرسیارانەی وەڵامیان دەدەیتەوە بە (بەڵێ) دابنێ و هیچ دامەنێ بۆ ئەوانەی وەڵامەکەی (نەخێر)ە.

( ) ١- ئایا دانیشتنەکە لەکاتی خۆیدا دەستی پێ‌کرد و بەهەمان شێوەش کۆتایی هات؟

( ) ٢- ئایا کۆمەڵەکە بەشێوەیەکی باش بەشداری کرد؟

( ) ٣- ئایا پەیڕەوی ڕێساکانی بەڕێوە بردنی کۆبونەکەت کرد؟

( ) ٤- ئایا دەنگی سەرۆکی کۆبونەوەکە دەبیسترا؟

( ) ٥- ئایا سەرۆك لێهاتوویی زەینی خۆی سەلماندوە لەهەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکان و وەرگتنی بڕیاری خێراو شیاودا؟

( ) ٦- ئایا تێگەیشتنی هەبوو لەو هەستانەی ناو کۆمەڵەکە بەبێ ئەوەی کە کۆبونەوەکە تێك بدات؟

( ) ٧- ئایا سەرۆکایەتی کردنی دانیشتنەکە ئەرکێکی بابەتیانە بوو یان مەسەلەیەکی تاکەکەسی؟

( ) ٨- ئایا بەشداربووان ئامادەبوونی خۆیان لەڕووی جەستەو زەینەوە پیشاندا بە درێژایی کاتەکە؟

( ) ٩- ئایا ووتەبێژ بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەش کرا و ناسێنرا؟

( ) ١٠- ئایا گفتوگۆکە تۆکمە کرابوو بەشێوەیەك کە لەسەر بابەتەکە دارێژرابێ؟

( ) ١١- ئایا شێوازو جل و بەرگی سەرۆك گونجاوبوو؟

( ) ١٢- ئایا دوانگە لە بارێکی گونجاو پاك و خاوێندابوو؟

## گفتوگۆ

١- ڕۆڵی خشتەی کار چی یە لەسەرکەوتنی کۆبونەوەدا؟
٢- بۆ دەبێت ئەو بابەتانەی کە شوێنی مشت و مڕە کەمێك پێش ماوەی پشوودان پێشکەش بکرێ؟
٣- بۆچی پرسیار کردن بەگرنگ دادەنرێت بۆسەرکەوتنی کۆبوونەوە؟
٤- باشترین ڕێگا چیە بۆ ئاشنا بوون بە گرنگترین پرسیار لە کۆبونەوەدا بۆ کۆمەڵێکی گەورە؟
٥- گرنگترین ئەو ئامانجانە چیە لە ئامادەکردنی کۆنووسی کۆبونەوەدا؟
٦- ئەوسێ لێ پێچینەوەیە چیە کە پەیوەندی هەیە بە بڕیارەکانەوە و دەبێت لە کۆنوسدا تۆمار بکرێت؟

## جێبەجێ کردن

داوا کرا لە ڕێکخراوە ناوخۆییەکەتان کە بەیانێك دەربکات بە هەڵوێستی لەسەر مەسەلەیەکی گشتی گرنگ. وە لەسەرتە بەپێی ئەوەی کەلەلایەن لێپرسراوی ڕێکخراوەکەوە ڕاسپێرراوی کە سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەك بکەیت کە (٣٥) کەس لە گەورە ئەندامان تیایدا بەشدارن بۆ دیاری کردنی هەڵوێست . وەبڕیارت داوە کە داوا بکەیت لە سێ ئەندام بۆ پێشکەشکردنی چەند پرۆژەیەك دەربارەی ڕابردووی مەسەلەکەو ئێستاو داهاتوی . بەنیازبووی کە کۆبونەوەیەکی سەرکەوتوو بەکەڵك بەڕێوە بەریت . ئەندامەکان سوورن بۆ بەشداریکردن بەشێوەیەکی کاریگەر لەوەرگرتنی بڕیار لەسەر ئەم کێشەیە .

١- یاداشتێك بنوسە بۆ ئەندامان و تیایدا داوایان لێ بکە بۆ کۆبونەوە، و هەستە بەهێنان و دانانی خشتەیەکی تەواوی کارو خشتەیەکی زەمەنی.

٢- هەستە بەوێنە کێشانی نەخشەکەت لە بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکەدا، ڕونی بکەرەوە چۆن بەشداریکردنی تەواو وەڵامدانەوەی گونجاو بۆ ئەو پرسیارانەی کە دەکرێن زامن دەکەیت، چۆن ڕێکدەکەوێت لەسەر یەك هەڵوێستی.

٣- هەستە بەدارشتنی نمونەیەکی کۆنوسی کۆبونەوەکە.

بەشی

٢٢

# بەکارهێنانی ئامرازەکانی بیستن و بینین

**یەکەم : بۆچی ئامرازەکانی بیستن و بینین بەکار دەهێنین؟**

**دووەم: چۆن شیکردنەوەیەك پێشکەش دەکەیت سەبارەت بە ئامرازەکانی بیستن و بینین؟**

أ- نەخشە کێشان

ب- دارشتن

ج- نمایش

**سێیەم : ئیجابییەکان و سلبیەکان**

**چوارەم : دیسپلینەکانی بەکار هێنانی ئامرازەکانی بیستن و بینین.**

---

**ئامانجەکانی بەش**

پاش تەواو کردنی ئەم بەشە ، دەتوانیت کە :

- شارەزابیت بەڕەگەزەکانی ئامرازەکانی بیستن و بینینی باش .
- ئامادە کردنی کەرەستەی بیستن و بینینی کاریگەر.
- هەستان بە نمایشێکی سەرکەوتوو بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی بیستن و بینین

## یەکەم : بۆچی ئامرازەکانی بیستن و بینین بەکار دەهێنین؟

توێژەرەوەکان لەفێرکردنی گەورەکاندا واڕادەگەیەنن کەخەڵکی بەڕێگای جۆراو جۆر فێر دەبن، هەندێکمان لەڕێی بینینەوە زیاتر فێر دەبێت، هەندێکی ترمان لەڕێی بیستنەوە. فێربوون لە باشترین باریدا دەبێت لەکاتی گەیاندنی زانیاری‌یەکان بەهەردوو ئامرازی بیستن و بینین پێکەوە.

ئەو نامەیەی کەبەهۆی ئامرازەکانی بیستن و بینینەوە دەگوێزرێتەوە، لەدوو کەناڵی بیستن و بینینەوە پێمان دەگات. ئێمەش زیاتر فێر دەبین و ئەوەش فێری دەبین باشتر دەیپارێزین، کاتێك کە پاڵپشتی نامەکە یاخود زانیاریە زارەکییەکان دەکەین بەنامەیەك یاخود بە زانیاری لەبەرچاو. هەروەها ئامرازەکانی بینین یارمەتی دەدات لە زیادکردنی هەمە جۆرو جەختیش دەکاتەوە لەسەر نمایش.

ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کەڕاهاتووین لەسەر وەرگرتنی هەموو جۆرە پەیامێك لە ڕێگای بەناگایی هەستیارەکانەوە. لەوانەیە پێشکەش کردنی جۆرەها چالاکی‌کەری هەستی بۆ جەماوەری ئامادەبوو لە ژینگەیەکی وەهادا یارمەتی دەربێت بۆ پتربوونی گرنگی‌یەکان.

لەو ئامرازە فێرکارییە بەکەڵکانە سلاییدە وێنەییە شەففافەکانە، ئەو سلاییدانە لەقەبارەی (٣٥ ملم) هەروەها تابلۆ کاغەزییە گەورەکان، کەوا لە مامۆستاکە دەکات زاڵبێت بەسەر گەیاندنی زانیارییەکاندا. هەروەها لەو ئامرازانەش فلیمەکان (کاسێتەکانی ڤیدیۆ یاخود کاسێتەکانی وێنەیی کە بەشیکردنەوەو لێکدانەوە پەراوێزیان بۆ دانراوە) و پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر. نمایشی سلایدەکان و کاسێتەکان بریتی‌یە لەنموونەی ئامرازەکانی فێرکردنی تەواو کە دەتوانرێت مەشق کردنی پێ پێش بخرێت بەبێ پێویست بوون بە مامۆستا لە هەندێك کاتدا.

نهێنی نەخشە کێشانی باش لەهەڵبژاردنی ناوەند یاخود لەو ئامرازەدایە کەلە ڕێگایەوە دەتوانین باشترین وێنەی بینراو بەداهاتە ڕەخساوەکان بەرهەم بێنین.

## دووەم : چۆن شیکردنەوەیەك پێشکەش دەکەیت سەبارەت بە ئامرازەکانی بیستن و بینین ؟

### أ- نەخشە کێشان

پلانێکی تۆکمەیە بۆ سود وەرگرتن لە جۆرەها ئامرازی بیستن و بینین،و کاتبەندی بەکارهێنانەکەی، بەهەنگاوی یەکەم دادەنرێت بۆ پێشکەش کردنی باسێکی سەرکەوتووانە. بەڵام شوێن بۆ دانانە سەرەتایی‌یەکانمان بریتی‌یە: لەکارامەیی و ئاسانی بەکارهێنانی و کاریگەرێتی و خەرجەکەی. لە توانامانداندایە کە دەست بەکرداری نەخشە کێشان بکەین بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان سەبارەت بە سیماکانی فێرکاری بۆ جەماوەری ئامادەبوان،و ئەو ژینگەی کە تێیدا باسەکە تەواو دەکرێت، بەکەرەستەکان و داهاتە ڕەخساوەکانی بەرهەم هێنانیشەوە.

پاش هەڵبژاردنی ئامێر یاخود ئامرازەی گونجاوەکان، لەسەرمانە کەهەستین بەهەڵبژاردنی بینراوەکان (Visuals) کە بەکاریان دەهێنین. بگەڕێ بەشوێن بیروڕا بنەڕەتییەکان و کرداره ناوێتەیی‌یەکان و زانیارییە گرنگەکان و ناوەڕۆکە بەماناکان. لەهەرئامرازێك بکۆڵەرەوە کەبیر دەکەیتەوە لە بەکار هێنانی، و دڵنیابە لەوەی کە قوڵایی‌یەك زیاد دەکات بۆ ئەو نامەیەی کەدەتەوێت بیگەیەنێت، وپێویستە کە ئامرازەکە ساکارو ڕوون و گونجاو بێت لەشێوەدا. جۆرێتی پەسەند کەزەمانەتی دەستکەوتنی شوێنەوارێکی چاکو پاك بکات گرنگی لەچەندایەتی زۆرو بۆر. تەنها بینراوێکی باش و کاریگەر باشترە لە ژمارەیەکی زۆر بینراوی بێزارکەر.

جا ئەم بینراوانە سلایدی وێنەیی بن یا خود وێنەی شەففاف یان شتی‌تر بن، لەسەرتە کە بچیتەوە بەنەخشەکانتداو ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکەیت :

- ئایا بەڕاستی ئەم وێنە ڕوونکەرەوەییە پێویستە؟ ئەگەر هاتوو وانەبێت ، ئەوا چاوی لێ بپۆشە .
- ئایا بیرۆکەیەك یان کردارێك هەیە کەبتوانیت بەشێوەیەکی بینراو باسی بکەیت باشتر لەشەرحی بیستن؟ ئەگەر بینراوت نەبوو بۆی یەك دانە پەیدابکە.
- ئەو بیرۆکە گرنگە چی‌یە کە دەتەوێت بینەران لایان دروست بێت ؟ ئەگەر هاتوو بینراوێکت نەبوو بۆی، ئەوا یەك دانە بەدەست بهێنە.
- ئایا ووشە یان ڕستە هەیە کە بتەوێت لەسەری سووربیت؟ ئەگەر توانیت وێنەی بەیانی بەکار بهێنە بۆ زیاد کردنی چالاکی بینراو بۆ ئەو وشانە.

## ب- داڕشتن

لەتوانادایە کەوێنــە بینراوەکـان دەقێکی نوسـراوبن یـا وێنەیـەکی بـەیانی بـن یـاخود هــەردوکیان پێکـەوە. زۆرکـات وێنـە بەیانییەکان سەرنج ڕاکێش ترن کاتێك نمایش دەکرێن لەوێنەیەکی بینراودا. وێنە لــەجیاتی ووشـە بەکاربێنـە ئەگـەر گونجا. هــەروەها ڕەنگەکانیش جوانی زیاتر دەبەخشن بە وێنە بینراوەکـان. ڕەنگـی زەرد یـاخود پرتـەقاڵی شـان بەشـانی شـینی تـۆخ لەوانەیـە زیـاتر کاریگەرتر بێت. وە پێویستە کە دەقی نوسراو لەسەر ئامرازەکانی بینین دا بخوێنرێتەوە لە دوری (٣٢) پێ لە شاشـەکەوە. بـا دێڕەکـان لە (٦) تا (٧) دێڕ زیاتر نەبێت وە ووشەکانی یەك دێڕ لە شەش ووشە تێپەرنەبێت. پیتـی سـاکار بەکاربهێنـە بـۆ چـاپ کـردن. هـەر وێنەیەك یان شێوەیەکی ڕوونکردنەوە یاخود سلایدی وێنەکان لەهەمان شوێنەوە دەست پێ بکە. وێنەکـە بـە نووسـین قـەرەباڵغ مەکـە. لەبەرئەوەی دەقی کورت کراوە کاریگەرێتی باشتری هەیە لە دەقی درێژ .

زۆرکات وێنە بەیانییەکان لەسەر شێوەی هێڵ یاخود لاکێشە یان بازنە دەبێـت. هەسـتە بـە بـەکارهێنانی هێڵـەکانی زانیـاری ئەستورو ڕوون هێڵە پێکداچووەکان یاخود تەوەرەکان بـەکار مەهێنـە ئەگـەر زانیـاری تـەواوت پێـتـەبێت. بـا هێڵـەکان دیـاریکردن و ڕوبەرەکانیان باش بێت. تەنها زانیاری پێویست نەبێت بەکاری مەهێنە لەسەر بازنە بەیانی‌یەکان، وێنەی بەیانی بـەکار بێنـە بـۆ ڕوون کردنەوەی پێکهێنەرەکان و پەیوەندی یەکانی نێوانیان، نەخشەکانیش بەکار بهێنە بۆ ڕوونکردنـەوەی ڕێکخسـتنی ڕوبـەرەکان و یـاخود نەخشەکان.

ووشەی زۆر زیادو وشە قەبارە بچوکەکان هەروەها ووشەکان لــە هــەموو گۆشـەکاندا. یـاخود بـەکارهێنانی خراپـی ڕەنگـەکان لەوانەیە ببێتە هۆی گرانی بینینی هەر بینراوێك یاخود خوێندنــەوەی. سـلایدە وێنەیی‌یـەکان بەشـێوەیەك داڕێـژە کەلـەکاتی نمایشـی وێنە بەیانی و ئەندازەیی و خشتەکان و ژمارەکاندا تێبگەن لێی. کارێکــە بـۆ ئاسـان کردنـی هــەمووی لەگـەڵ جـەخت کـردن لەسـەر زانیاریە پێویستەکان نەك شتی تر.

## ج- نمایش

وریابە لەکاتی پیشاندانی وێنەکاندا بە جەماوەر ڕوبە ڕویان بوەستەو پشتیان تێ مەکە. وێنەکان بۆ ماوەیـەکی زۆر لەبـەرچاوی بینەرەکاندا مەهێڵەرەوە کەببێتە هۆی لەدەست دانی بەئاگاییان، بۆ جەمـاەری مـەخوێنەرەوە لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی بێزار بوونیان.

بە تەواوەتی پشت بە ئامرازەکان مەبەستە : بەکارهێنانی تۆ بۆ ئەو ئامرازانە بۆتـەواو کردنـی ئـەو نمایشـەیە کـەپێش کەشـی دەکەیت. وەبا تۆش بایەخدەری سەرەکی بیت بەوەی پێش کەشی دەکەیت .

دڵنیابە لەوەی ئەو تەکنیکەی کە بەکاری دەهێنێت بەسەر کەوتوویی کار دەکات : پیـایدا بچـۆرەوە پاشـان جـارێکی‌تر پیـایدا بچۆرەوە. لەپێشەوە تاقی کاری بکە. ئامێری یەدەکت پێ بێ بۆ یارمـەتی‌دانی زیاتر. بزانە چی پێویسـتـە لەسـەرت کەبیکـەیت ئەگـەر هاتوو ئەو تەکنیکەی کە بەکاری دەهێنیت سەرکەوتوو نەبوو تەنانەت ئەگەر هاتوو پێنوسـێکی وێنـە کێشـان بـوو. لەوانەیـە بـۆت دەرکەوێت کە ووشك بووە، یـ خود لەباری پچڕاننی تەزوی کارەبادا.

## سێیەم : ئیجابیەکان و سلبییەکان

**پێناسەکان :**

- **سلایدەکان :** وێنەی تەنکی بچوکن لەسەر شاشەی گەورە و لە دووریيەکی زۆرەوە نیشان دەدرێن.
- **وێنە شەففافەکان :** فیلمی شەففافن کەدەتوانرێت لەسەریان بنوسرێ و لەسەر شاشەی گەورەی نزیك پیشان بدرێن.
- **تابلۆی گەورەی کاغەز :** تابلۆی گەورە لە کاغەز لەسەر هەڵگرێك دادەنرێت و دوای بەکارهێنانی دەپێچرێتەوە.

| ئیجابیاتی سلایدەکان و وێنە شەففاف و تابلۆ کاغەزییەکان | |
|---|---|
| **سلایدەکان** | - دەتوانیت تەنسیق بکەیت یاخود دوبارە ڕێکی بخەیتەوە و کەلکی چەند کۆمەڵێکی تر بگرێت.<br>- بچوکی قەبارەکەی کە هەڵگرتن و ناردنی بە پۆست ئاسان دەکات.<br>- دەتوانرێ وێنەی تری لیْ بگیرێتەوە بە خەرجێکی کەم.<br>- دەتوانرێت بەکار بهێنرێت لە سستمی ئەو نمایشەی کە دانراوە لە پێشەوە یاخود لە پشتەوە . |
| **وێنە شەففافەکان** | - بواری ئەوە دەرەخسێنێت کە ژورەکە بەتەواوی ڕوناك بێت.<br>- ڕێگات بۆ ساز دەکات کە بەرەو ڕوی جەماوەر ببیتەوە و زۆربەی کات تەماشای ئەوان بکەیت.<br>- بەرهەمهێنانی ئاسانەو بەخێرایی و بە نرخێکی کەم .<br>- بەکارهێنانی ئامێری پیشاندانەکەی ئاسانە.<br>- ئاسانە لەسەری بنوسرێت و پاك نووس بکرێت تازەگەری تیا بکرێت.<br>- بواری زاڵبوون دەرەخسێنێت لە زنجیرەی وێنە بینراوەکان و تەواوکردنیان.<br>- هەلی بەکارهێنانی وێنە ئەسڵیەکان دەدات بۆ دروست کردنی نەشرەو بڵاوکراوە.<br>- بوار دەدات بە هێشتنەوەی تێبینیەکانی تۆمارکراو لەسەر وێنەکان، کەهەمیشە لەبەردەمتدابن. |
| **تابلۆ کاغەزیەکان** | - سوکە و ئاسان دەپێچرێتەوە بۆ هەڵگرتن.<br>- ئاسانە بۆ نمایش کردن بەڕاستەوخۆیی.<br>- تێچونی کەمەو بەئاسانی دەست دەکەوێت.<br>- دەرفەت دەرەخسێنێ بۆ مانەوەی ڕوناکی ئاسایی ژورەکە.<br>- بواری پارێزگاری کردن لە پەیوەندی بینین بە جەماوەرەوە دەرەخسێنێت ئەگەرچی بەشێوەیەکی بەش بەشیش بێت.<br>- هەلی پاراستنی تیانوسی کاری کۆمەڵە کە بە تەواوەتی دەرەخسێنێ. |

| لایەنە سلبیەکانی سلایدەکان و وێنە شەففافەکان و تابلۆ کاغەزیەکان. | |
|---|---|
| سلایدەکان | • بۆ گۆڕینی زانیاریەکان پێویستی بەسلایدی نوێ هەیە.<br>• پێویستە کەمێك ژوورەکە تاریك بکرێ کە ئەمەش پەیوەندی بینین لاواز دەکات.<br>• پێویستی بەکاتێکی زیاتر هەیە بۆ ئامادە کردنی و پێش خستنی.<br>• ماوە نادات بە گفتوگۆ لەسەر کردن پاش نمایش نەبێت. |
| وێنە شەففافەکان | • پێویستی بە شاشە گەلێك هەیە کە بتوانرێت بە چەند لایەکدا بجوڵێنرێت .<br>• کەمتر گونجاوترە لە سلایدەکان بەگوێرەی توانای و دابەش کردنی بە شێوەیەکی فراوان.<br>• وێنەی فۆتۆگرافی بەشێوەیەکی ورد نیشان نادات . |
| تابلۆ کاغەزیەکان | • بڕێکی زۆر زانیاری لەسەر جێ نابێتەوە .<br>• لاپەڕە چاپ کراوەکان یاخود وێنە کێشراوەکان پێویستیان بەکاتی درێژ هەیە .<br>• لاپەڕە ئامادەکراوەکان پێشتر زنجیرەیەکی بێ جووڵەو گیان دەنوێنن بۆ بابەتە نمایشکراوەکە.<br>• وادەخوازێ پشت بکەیتە بینەران کاتێ دەنوسیت.<br>• لاوازی ڕوناکی لە هۆڵەکەدا سوودەکەی لە دەست دەدات . |

# لیستی ئامرازەکانی بیستن و بینین

## بەکارهێنان و تێچوون

لە هەر بۆنەیەکی مەشق کردن دا بە ئەندازەی پێویست بەو ئامرازەی کە دەتەوێت بەکاری بهێنیت و بە تێچوونەکەیدا بچۆرەوە

| ڕێو شوێن بۆ دانان | کاسێتی ڤیدۆ | کاسێتی بیستن | سلایدەکان | چاپ کراوەکان | وێنە شەففافەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| بەکەڵکە لە: | | | | | |
| - مەشقی خۆیی | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر |
| - فێربوون بە کۆمپیوتەر | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| - کارگەکان | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| - وەرشەکانی کارکردن | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| - ڕەوتی محازەرەکان | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| گرنگی پێدانەکان: | | | | | |
| - بینین | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| - بیستن | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | نەخێر |
| - نمایشی گشتی | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | نەخێر |
| تێچوونەکان: | | | | | |
| - پێشتر دراوە | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| - پێکهێنان | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | نەخێر |
| - نمایش | نەخێر | نەخێر | نەخێر | نەخێر | نەخێر |
| - پاراستن | نەخێر | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| خەرجیەکان بەگشتی: | | | | | |
| - بەرزە | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | نەخێر | نەخێر |
| - مامناوەندییە | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر |
| - نزمە | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | بەڵێ |

## چوارەم : دیسپلینەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی بیستن و بینین

### (سلایدەکان و وێنە شەفافەکان و تابلۆ کاغەزیەکان)

| جۆر | بەڵێ | نەخێر |
| --- | --- | --- |
| **١- شتە زیادەکان :** ئایا ئەمانەت هەیە | | |
| • وایەری کارەبایی سێ تاڵی؟ | ______ | ______ |
| • وایەرەکانی گەیاندن؟ | ______ | ______ |
| • پارچە تەباشیری زیادە؟ | ______ | ______ |
| • پێنوسی ڕەنووس کردن؟ | ______ | ______ |
| • چرای زیادە بۆ ئامێری وێنە نیشان دان؟ | ______ | ______ |
| **٢- ئەو کەرەسانەی کە هێنراون لە دەرەوە :** ئایا | | |
| • دیدارت لەگەڵ هاوردەی ئامرازەکانی بیستن و بینین دا سازداوە؟ | ______ | ______ |
| • ڕێنماییت وەرگرتووە سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی کەرستەکان؟ | ______ | ______ |
| • فێربوویت کە گۆڕینی کەرەستەکان چەند کات دەبات؟ | ______ | ______ |
| • تەرتیبات و ڕێککاریت داناوە بۆ بوونی کەرەستەی یەدەك لە ژوورەکەدا؟ | ______ | ______ |
| • پێشتر هەموو کەرەستەکانت تاقی کردۆتەوە؟ | ______ | ______ |
| **٣- لێکۆڵینەوە لە ژورەکە : ئایا دەزانیت** | | |
| • شوێنی سویچەکانی ڕووناك کردنەوە دەزانیت؟ | ______ | ______ |
| • ئایا پەردەکان دەبێتە هۆی ڕێ گرتن لە هاتنە ژورەوەی تیشکی دەرەوە؟ | ______ | ______ |
| • شوێنی قەتیس کردنی تەزووی کارەبایی؟ | ______ | ______ |
| • ئایا وایەرەکانی گەیاندنی کارەبا بەوشێوەی پێویستە درێژە؟ | ______ | ______ |
| • توانای چەسپاندنی وایەرەکانت هەیە بۆ ڕێگرتن لە بڕینی تەزوو یاخود لێ کردنەوەیان . | ______ | ______ |
| • شوێنی نزیکترین تەلەفون؟ | ______ | ______ |
| • پێویستە لەکێ داوای یارمەتی بکەیت؟ | ______ | ______ |
| **٤- ڕێك و پێك کردنی شوێنەکە** | | |
| • ئایا شوێنەکەت پێشتر ڕێك و پێك کردووە؟ | ______ | ______ |
| • ئایا شاشەکە بەشێوەیەك بەرزە کە بوار بۆ هەموویان بڕەخسێت کە بیبینن؟ | ______ | ______ |
| • ئایا ئەوانەی لەدواوەن و ئەوانەیش لە پێشەوەن دەتوانن ئەوەی لەسەر شاشەکەیە بیبینن؟ | ______ | ______ |
| • ئایا سەری بینەران لە ڕیڕەوی تیشکدانەوەی ڕوناکیەکەدا نییە؟ | ______ | ______ |
| • ئایا ئاستەکانی ئەو دەنگەی کە پێویستمانە بەشرێتێکی لەزگەیی ڕۆشنکراوەتەوە؟ | ______ | ______ |
| **٥- مەشق کردن لەسەر نمایش** | | |
| • ئایا بینراوەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ڕێکخراون؟ | ______ | ______ |
| • ئایا بەشێوەیەکی دروست دانراون؟ | ______ | ______ |
| • ئایا بەرنامەکە بەلایەنی کەمەوە جارێك نیشان دراوە؟ | ______ | ______ |

## گفتوگۆ

١- جۆرەکانی ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە چین کە دەتوانرێت بەکار بهێنرێن بەبێ پێویستە بوون بەمامۆستا؟ وە چۆن دەتوانین بەکاری بهێنین؟

٢- ڕێسای کرداری بۆ ژمارەی دێڕەکان و ژمارەی ووشەکان لەیەك دێڕدا چین لەسەر سلایدەکە؟ مەبەست لەم ڕێسایە چییە؟

## جێبەجێ کردن

بەپێی ئەوەی سەرۆکی لیژنەیەکی کۆکردنەوەی داراییت داوات لێ کرا هەستی بەڕاڤە کردنێك سەبارەت بەپرۆژەی خێوەتگەیەکی پێشنیار کراو بۆ کۆمەڵێك میوان. پێویستە لەسەرت کە باسی نەك تەنها پرۆژەکە بەڵکو لەسەر پێشینەکانیشی بدوێیت، لەوانە مێژووی ئەو جۆرە کارە لە ڕێکخراوە خوێندکاریەکەتدا. تەنها کاتێکی دیاریکراویشت لەبەردەم دایە بۆ ئامادەکردنی ڕاڤەکەو پێشکەش کردنی.

١) بە لەبەرچاوگرتنی کاتی ڕەخساو، هەستە بە دیاریکردنی ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە کە دەتەوێت بەکاریان بهێنیت، باسی جۆرەکەی بکە (سلایدەکان....هتد) .

٢) نەخشەیەکی یەدەك دابنێ بۆ گۆڕینی ئامرازێك بە ئامرازێکی تر لە ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە. هەستە بەشیکردنەوەی ئەوەی کە چۆن هەڵبژاردن لە ئاستی ڕاڤەکردن و نمایشکردن کەم دەکاتەوە .

بەشی

٢٣

# ئاخاوتن بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

**یەکەم – پێشەکی**

**دووەم – بناغەکانی چاوپێکەوتن**

**سێیەم – نوسین بۆ ڕۆژنامەکان**

**ئامانجەکانی بەش:**

**پاش تەواو کردنی ئەم بەشە ، دەتوانیت :**

- **بەیاننامەیەکی ڕۆژنامە گەری کاریگەر بنوسیت .**
- **چاوپێکەوتنی ڕۆژنامە گەری سەرکەوتوو ئەنجام بدەیت .**

## یەکەم: پێشەکی

لە جیهانی ئەمڕۆدا کە لەسەر زانیارییەکان وەستاوە، ئەستەمە گەیشتن بە جەماوەر بەو پەیامەی هەمانــە، بـەبێ پشـتیوانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. وەلە جیاتی چاوەڕوان کردنی سەرهەڵدانی قەیرانێك کـەبمان بـات بـۆ گفتوگـۆ کـردن لەسـەر ئـەو کێشـانەی بەلامانەوە گرنگە ، دانایی یەکە دەست پێشخەربین بۆ ورووژاندنی گرنگـی دانـی ئامرازەکـانی ڕاگـەیاندن. پـەیامی ڕوون و زانیاریـە ڕاست و دروسـتەکان کەبـە شـێوەیەکی ووردو تـەواو دەگوێزرێتـەوە لەگـەڵ ئامـادەبوون بـۆ هاوکـاری کـردن و یارمـەتیمان دەدات لەبەدیهێنانی پەیوەندی کردن لەڕێگای هۆکانی ڕاگەیاندنەوە .

بۆ ئاسان کردنی ڕێگاکانی پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ، پێویستە زانیـاری بنـەڕەتیمان لەسـەر کەسـایەتی جۆراو جۆرەکانی بواری ڕاگـەیاندن هـەبێ. بـۆ ڕاپـەڕاندنی ئـەم کـارەش ئـەتوانین پـەیوەندی بکـەین بـە بەشـەکانی هـەواڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆ کەبەلامانەوە گرنگە، باشتر وایە بەدوای ئەوەدا زانیاری ڕۆژنامەگـەری بنـەڕەتی ڕەوانـە بکرێـت لەسەر شێوەی پێچراوەکان بۆ ژمارەیەکی هەڵبژێردراو لەڕۆژنامەوانان، پاشان سەردانیان بکـەین بۆئـەوەی بمـان ناسـن وەك سەرچاوەیەك بۆ زانیاریە باوەڕ پێکراوەکان لـە داهـاتوودا. پێویسـتە ئـەم دەسپێشـخەریە لەلایـەن بەیاننامـەی هەواڵییـەوە پشتگیری بکرێت لەکاتێکەوە بۆ کاتێکیتر هەروەها پێچراوەکان بە زانیاری‌یـەکان و نامـەکان بـۆ سەرنوسـەر و کۆنگرەکـانی ڕۆژنامەنووسی ئەگەر پێویستی کرد. هەروەها بەدواداچوونی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەگەرییەکان و ڕاگەیەنراوەکان بەگشتی.

لێرەدا ژمارەیەك ڕێگای جیاواز هەیە بۆ ((قسەکردن بۆهۆیەکانی ڕاگەیاندن)) لەوانە بۆ نموونـــە ئـەو نامانـەی کـە جـەماوەر دەینێرێت بۆ سەر نوسەرەکان . بەڵام ئێمە لێرەدا بەتەنها بەکورتی باسی دوو ڕێگا دەکەین : چاوپێکەوتن و نووسین بۆ ڕۆژنامەکان.

## دووەم: بناغەکانی چاوپێکەوتن

چاوپێ کەوتن بە گرنگترین شێوە باوەکانی پەیوەندی کردن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دادەنرێ. لەبـەر ئـەوەی کـە مامەڵـە لەگەڵ ڕۆژنامە نوسانی مەشق کردو لەسەر چاوپێ کەوتن دەکەین ، دەبێت ئێمەش لای خۆمانـەوە بڕێـك مەشـق بکـەین . پێویسـتە ڕێڕەوی بنەڕەتی لە چاوپێکەوتندا بریتی بێت لە پێش کەش کردنی نامەکەمان و پشتیوانی کردنی و ڕاڤەکردنی بـەو ڕیزبەندییـە، وە پێویستە کە وەڵامی سەرەتایی لەسەر پرسیاری دەست پێ کردن کورت و بێ قـووڵ بونـەوەبێت. ئەمـەش سەرنوسـەرەکە هـان دەدات کەپرسیارێکی تری بەدوادا چوون بکات. وەڵامەکەشمان ڕاڤەکردن و بەڵگەی پشتیوانی بێت بۆڕێ و شـوێنەکانمان یـان بەرنامـەکانمان . پاشان ئەو وشەو دەربڕینانە بەکار دەهێنرێت کەهانی پرسیاری زیاتر دەدات . لـەم کاتـەدا ڕاڤکردنەکـە فـراوان دەکـەین و نموونـە و بەراوردکارییەکان پێشکەش دەکەین. وە لەبەر ئەوەی بە چاوپێکەوتنەکەدا دەچنـەوە وەك مـاددەی هـەواڵی، ئـەوا ڕسـتەی کـورت و هەهێنجانی لێهاتوانە بەسە بۆ ئەوەی کەنامەکەت بەڕێگایەکی باشتر بگوێزرێتەوە وەك لەڕستەو لێدوانی دورو درێژ.

سەبارەت بەو شتانەی کە پەیوەندی بە لێدوانە هەواڵییە گرنگەکانەوە هەیە، ئەوا کۆنگـرەی ڕۆژنامەنوسـی بـاش ئامـادەکراو بەهۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت، زۆرجار ئەو دۆسیە ڕۆژنامەگەرییەی کەزانیارییەکان و خەلفیاتی تیایەو لەکاتی گەشـتندا دەدرێتـە ڕۆژنامەنوسان سوودبەخشە. پێویستە کەبەڕێوەبەرێك بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامە نووسی دابنرێت ، کەهەڵدەستێت بە پێشکەش کردنەکان،و گفتوگۆکان بەڕێوە دەبات و کۆتایی دێنێ بە کۆنگرەکە. هەروەها پێویستە بە بەیانێکی کورت کەچەند ڕستەیەکی تێدا بێـت دەسـت پێبکرێت کەگونجاو بێت بۆ وەرگرتن، لەکاتی کۆنگرەکەدا دووبارە ببنەوە. وابە باشتر دەزانرێت کە ئامرازەکانی ڕوونکردنەوەی بیسـتن و بینین بەکار بهێنرێت — ئەگەر لەتوانادا بوو — بۆ ڕوون کردنەوەی نامەکە یـاخود زانیاریـە گرنگـەکان و ڕاڤـەکردنیان. وە وەڵامـی پرسیارەکان دەدرێتەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەزمانێکی ساکار و بەشێوەیەکی لەسەرخۆ. ئامادە کردنی بـاش نـهێنی پـەیوەندی کردنی سەرکەوتوانە لەگەڵ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن. وە لەتوانامانداپە کە نەخشـە بکێشـین بـۆ چاوپێکـەوتن لەسـەر کاغـەز ئـەوەش بەنوسینی هەموو ئەو ڕەگەزانەی گفتوگۆی لەسەر کرا کـەباسمان کـرد ، لەگـەڵ مەشـق کـردن لەسـەر بـەجێ گـەیاندنیان. وەدەبێـت چاوپێکەوتنەکە تۆمار بکرێت .. -ئەگەر لەتوانادابوو - تاڵەکاتی پێویسـت دا لەبـەر دەسـتابێت. ئەمـەش گرنگـە لـەپێناوی خـۆ هەڵسەنگاندنیدا هەروەها بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ناورد بینی یاخود نارێکی‌یەکی گواستنەوەی هەواڵەکە ئەگەر ڕویدا.

## سێهەم : نوسین بۆ ڕۆژنامەکان

نوسین بۆ ڕۆژنامەکان بەهێزترین ڕێگاکانی کاریگەرییە بۆ سەر ڕای گشـتی، بـەڵکو بگـرە لەپێکهێنانیشیدا. وە دەتوانرێـت کەنوسین بە شێوەیەکی تاکە کەس بێت یاخود بەکۆمەڵ ، بەوەش بوار دەرەخسـێنێت بـۆ تاکەکـەس کـە بەشـداری بکـات بەهـەوڵی تایبەت بەو ڕێژەیەی کەبۆ هەوڵی بەکۆمەڵ دەرەخسـێت. دەتوانـین کـە نامـەیـەك بـۆ سەرنوسـەر بنێـرین یـان ووتـارێك دەربـارەی کێشەیەکی گرنگ ، یان کورتەی بابەتێکی گرنگ، یان بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانی بنوسین، بەڵام بنەما بنەڕەتییـەکانی نوسـین بـۆ ڕۆژنامەکان ناگۆڕدرێت.

نوسین بۆ رۆژنامە دەبێت شێوازی رۆژنامەوانی بێت، مەبەستیش ئەوەیە کە بەئاسانی بخوێنرێتەوە. هەروەها بۆ بەدیهێنانی زۆر ترین کاریگەری کەلە تواناداپێت ، پێویستە گرنگترین زانیاریەکان لە سەرەتای بابەتەکەدا دابێت کە دەینووسین . وەلە سەرمانەکەبە برگەی سەرەکی دەست پێ بکەین هەوڵ بدەین بەبێ دوودڵی بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو شتەی گرنگی پێ دەدات. پاشان پێنج پرسیارەکە دەهێنین: کێ؟ بۆچی؟ کەی؟ لەکوێ؟ بۆچی؟ هەڵدەستین بەڕونکردنەوەی بکەری کارەکەو ئەوکەسەی کاریگەری لەسەر دروست بووە بەورێ و شوێنەی کەلەسەری دەنووسین ، وە سروشتی ئەورێ و شوێنەو ئاسەوارەکانی چیبووە؟ کەی رویداوە؟ لەکوێ رویدا؟ بۆچی رویدا؟ وەلەسەرمانە کەسێ خاڵە سەرەکی‌یەکە دیاری بکەین کە دەمانەوێت خوێنەر لەسەرەتادا لەبیری بێت . پاش ئەوە درێژە بە هەر خاڵێکی گرنگی‌تر دەدەین . لەبیرت بێت کە باشتروایە هەر بەندێك بەتەنها لە خاڵێك پێك بێت . بەڵام بەندەکانی‌تر ، پێویستە بەدوای یەکتردا بێت ، بەپێی کەمبونەوەی گرنگییەکانیان لەچوار چێوەی ئەوەی کەنوسەر هەوڵی بۆ دەدات ، ئەو وردو درشتی‌یەی کەگرنگی کەمترە لە کۆتاییدا باس بکەن. مەبەست لەم جۆرە نووسینە، بریتی‌یە لە دەست پێ‌کردن لە گرنگترینەوە بۆ گرنگی کەمتر، دوولقی هەیە. ئەگەر سەرنوسەر ویستی بە هۆی تەنگی روبەرەکەوە کورتی بکاتەوە، ئەوا لەبەشی کۆتایی یەکەی کەم دەکاتەوە ، بەمەش پارێزگاری دەکەین لەسەر کاریگەریتی سەرەکی نووسینەکە . هەروا ئەگەر خوێنەر پەلەی بوو ، لەوانەیە تەنها بەندەکانی سەرەتاکەی بخوێنێتەوە ، بەمەش چاودەخشێنێت بەسەر خاڵە سەرەکی‌یەکاندا کە دەمانەوێت سەیری بکات ، ئەم جۆرە نوسینەش بەسەر نامە ئاراستە کراوەکان بۆ سەرنوسەر جێبەجێ دەبێت ، هەروەها ووتارو زانیاری‌یە هەواڵیە کانیش وەکویەك. هەروەك و ئەو دەبێت وە لەبیرت بێت کە نووسین لەسەر شێوەی هەرەمی دەبێت.

**بنەماکانی بەیاننامەی رۆژنامەوانی**

**ناونیشان :**

- گرنگترین هەواڵی بابەتەکە دادەگرێت

**شێواز :**

- گرنگترین زانیارییەکان لەسەرەتاوە.
- مێژوو و شوێن
- یەك زانیاری بۆ هەر برگەیەك
- رستەی کورت
- وەرگرتنە راستەوخۆکان بەرەزامەندی قسەکەران.

**دەستەواژەی فرمانەکە :**

- لەکاتی رابردودا

**ناوەرۆکەکەی :**

- وەڵامدانەوە سەبارەت بە :
کێیە؟ چی؟ کەی؟ لەکوێ؟ بۆچی؟ چۆن؟
- دوایی هێنان بە ووشەی "کۆتایی" یاخود بە"ماوێتی"
ئەگەر پێویستی کرد .
- باسکردنی ناوو ژمارەی تەلەفۆن بۆ زانیاری زیاتر.

**قەبارە :**

- تەنها لاپەرەیەك یاخود دووان



- تەنها لاپەڕەیەك یاخود دووان

## گفتوگۆ

١- جیاوازی چییە لەنێوان چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی؟
٢- ئەرکی دۆسیەی ڕۆژنامەوانی چییە؟
٣- ئەرکی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی چییە؟
٤- ئەو پێنج پرسیارە چییە کە ناوەڕۆکی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی پێك دەهێنێت؟

## جێبەجێکردن

ڕێکخراوە خوێندکارییەکەت دەستی کرد بە پرۆژەیەکی نوێ بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەناوچەکە دا، و تۆش و حەزت کرد کەئەو دەست پێشەکەرییە ڕابگەیەنێت بەشێوەیەك کە خزمەتگوزارییەکەتان دەگاتە ئەو کەسانەی کەمەبەستە سوودی لێ وەربگرن، لە هەمان کاتدا ڕێکخراوەکەتان جێگای ڕێزو قبوولْ بوونە لەلای کۆمەڵگا، وە دەتەوێ کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەکار بهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستەی دەتەوێت پێی بگەی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە یەکەم جارە کەتیایدا هەڵدەستیت بەوکارە، سەرەڕای ئەوەی کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن شارەزای ڕێکخراوەکەتانن

١- هەستە بە هەڵبژاردنی گونجاوترین ئامرازی ڕاگەیاندن بۆ ئەحالەتە: چاوپێکەوتن یاخود کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی؟ ڕوونی بکەرەوە بۆچی یەکێك لەمانەت هەڵبژارد .
٢- نموونەیەکی بانگهێشت بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بنووسە.
٣- سێ ڕستە بنووسە کەقابیلی گوڵبژێر بێت و بتوانیت بە کاری بهێنیت لەڕاقە کردن یاخود وەڵامدانەوەتدا.
٤- پێکهاتەکانی دۆسیەی ڕۆژنامە نوسی چییە کە ئامادەت کردووە بۆ ڕۆژنامە نوسان؟

بەشی

٢٤

# دامەزراندنی کۆمەڵەیەک یان ڕێکخراوێکی ناوخۆیی

**یەکەم – قۆناغی دەست پێکردن**

**دووەم – قۆناغی ڕێکخستن**

**سێیەم – قۆناغی جێگیر بوون**

**چوارەم – بونیاد و پەیکەری کارگێڕی**

ا– لیژنەی جێبەجێکردن

ب– نمونەیەک بۆ پێناساندنی وەزیفی

**ئامانجەکانی بەش**

**پاش تەواوکردنی ئەم بەشە توانای ئەمانەت دەبێت:**

- دیاریکردنی هەنگاوەکانی دانانی ڕێکخراوێك.
- ڕێکخستنی کۆمەڵێك خەڵك لەسەر شێوەی ڕێکخراوێك.
- دۆزینەوەی پەیکەری ڕێکخستنیی گونجاو.
- نوسینی وەسفی کارمەندێتی بۆ لێپرسراوە جیاوازەکان.

لەکاتێکدا تاك یان کۆمەڵ دەرك دەکەن بەوەی کە کاری بەکۆمەڵیی پەسەند پێویستە، بیر لەدامەزراندنی لقێك بۆ رشێکراوێکی ناوەندی یاخود دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ناوخۆیی دەکەنەوە. با لەوە بکۆڵینەوە چۆن ڕێکخراوێکی لەم شێوەیە دامەزرێنین. ناوی (کۆمەڵەی شار)یشی لیّ بنرێت.

## یەکەم : قۆناغی دەستپێکردن

لەسەرەتاوە پێویستە کە گفتوگۆ بکەیت لەسەر بیرۆکە کە لەگەڵ هەندێك لەکەسە چالاکەکان لەوناوچەیەدا کەلێی دانیشتویت وە ڕەزامەندییان بەدەست بێنێت بۆ بیرۆکەی پێکهێنانی کۆمەڵێکی ڕێکخراوی ئامانجدار. بۆ نموونە ورد بەرەوە لەو کەسانەی زۆر گوێ دەگرن لەوانەکانی مزگەوت و زیاتر کاریگەرییان لەسەر دیارە.پاش ئەوە ئەو کۆمەڵە کەسانە لەکۆمەڵەی بچوك بچوکدا کۆبکەرەوە بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت ئیسلام و شێوەی بانگەوازکردن بۆی و ئاخاوتن لەسەر بابەتە گرنگەکانی نەتەوەی ئیسلام. پێش دەستپێکردن بە دروستکردنی هەر ڕێکخراوێکی ڕەسمی، هەوڵ بدە لەگەڵ تاکەکان دابنیشیت، بۆ دیاری کردنی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەتان . پلانی شێوازی کاری ئاینده زۆر پێویستە، چونکە ئەرکەکانی کارکردن دیاری دەکات لەدواییدا، باشتروایە گرنگی بدەیت بە مەوعد و چۆنێتی بەجێهێنانی ئەو ئامانجانە. وە پێویست ناکات زیاد برۆیت لە نەخشەی ئایندەتدا لەم قۆناغەدا، بەڵکو یەکەجار دەبێت هەندێك دیسپلینی روون دابنرێت. بۆ نموونە، پێویستە لیستی یەکەمینەکان دابنرێت سەبارەت بەبەجێهێنانی هەندێك ڕێوشوێن بەپێی گرنگییان.

## دووەم : قۆناغی ڕێکخستن

بۆ ئەوەی جێگیر ببێت، لەگەڵ دابەشکردنی ئەرکەکان بەئاسانترین شێوە ، لەسەرت پێویستە دەستورێك دابرێژیت ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ - لێکۆڵینەوەی نموونەی هەر دەستورێك .

ب- داوا لەکەسێك بکە شارەزایی لەو بوارەدا هەبێت سستمێکی بنەڕەتی بنووسێت لەسەر شێوازی نموونەکە، لەگەڵ ڕاستکردنەوەی تاوکوو چەند دەقێك لەخۆ بگرێت کەپێداویستییەکانی ڕێکخراوێکی ناوخۆیی دابین بکات.

ج- بەدەست هێنانی ڕەزامەندێتی ئەو ئەندامانەی لەوانەیە بێنە ریزی ڕێکخراوەکە، بۆ بڕیاردان لەسەر دەستوری پێشنیار کراو.

د- هەڵبژاردنی بەرپرسەکانی ئەو ڕێکخراوەی کە بووە بەرەسمی لەکۆبوونەوەیەکدا کەڕادەگەیەنرێ بۆ جەماوەر.

هـ- ئەگەر هاتوو یەکێتی ڕێکخراوە ڕەسمییەکان یاخود ڕێکخراوی ناوەندیی ئیسلامی لە وولاتدا هەبوو، ئەوا بگەڕێ بەدوای ڕێوشوێن و توانای چوونە ریزەوەی ئێوە بۆ ڕێکخراوەکە.

و- ئەگەر ڕێکخراوێك بوون لە چوارچێوەی حەرەمی زانکۆدا کارتان دەکرد، هەستە بە پێشکەشکردنی داخوازی ئەندامێتی یەکێتی خوێندکاران لە زانکۆدا . بەڵام ئەگەر هاتوو لە دەرەوەی زانکۆ بوون پێویستە ڕێکخراوەکە ناونوس بکرێت لای دام و دەزگا دەوڵەتییە تایبەتییەکان لە وولاتدا.

ز- لەسەرتانە کە پێکهێنانی ڕێکخراوەکەتان لە رۆژنامە ناوخۆییەکاندا ڕابگەیەنن، یان بەدانانی هەندێك ڕاگەیاندنی سەرنج ڕاکێش لە شوێنە نزیکەکان کە موسڵمانان تیایدا کۆدەبنەوە.

ح- ئەگەر هاتوو لەناو حەرەمی زانکۆدا بوون، پێویستە لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر چۆنیەتی بەدەست هێنانی دارایی و داهاتی تر لە یەکێتییە خوێندکارییەکانەوە لە زانکۆدا، ئەگەرنا دەکرێت کە بگەڕێیت بە شێوێن ئەو پێدانە (منح)ەدا کەدامەزراوە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و توێژینەوەکان و هاوشێوەیان دەیدەن، جا ئەوە یان شارەکە یاخود ولایەتەکە یان پارێزگایان حکومەت ... هتد بەڕێوەی دەبات.

لە بیرت بێت کە لە قۆناغی ڕێکخستن دا :

١- لەگەڵ زیاتر پێشکەوتنی ڕێکخراوەکە، ئەندامەکان بێگومان زیاتر پسپۆر دەبن لە چالاکی‌یەکانیاندا. ڕێگەمەدە کە مەسەلە بیرۆکراتی‌یەکان بەش بەشتان بکەن.

٢- لەگەڵ بەرفراوان بوونی ئەندامێتی، هەوڵ بدە کەناڵەکانی پەیوەندی‌کردن باشتر بکەیت . گومانی تێدانی‌یە کەئەو تێبینی‌و تێروانینانە زۆر گرنگن بۆ سەلامەتی کاری ڕێکخراوەکە.

٣- پێویستە کە بەرژەوەندی باڵای نەتەوە هۆکاری بزوێنەری ڕێکخراوەکە بێت ، لەگەڵ دورکەوتنەوە لە دۆگمایەتی‌و توندوتیژی. ئامانجە بنەڕەتییە کورت خایەنەکان دەتوانرێت جارێکی‌تر هەڵبسەنگێنرێنەوەو ڕاست بکرێنەوە یاخود بگۆڕدرێن یان بۆیان زیاد بکرێت . ئەگەر کارەکە پێویستی بەڕێوشوێنی دەست کاری یاسا بنەڕەتییەکە بێت، پێویستە بەرێگایەکی مەنهەجی‌و بەپێی ڕێسا باوەکان ئەنجام بدرێت.

٤- بەهۆی ئەزمون و هەڵەکردنەوە ڕێکخراوە کە دەتوانێت باشترین ستراتیژە کاریگەرەکان هەڵبژێرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەندامان . بێزار مەبە لە هەڵەکانت، بەڵکو لێیانەوە فێربە.

٥- مەترسە لە هەڕەشەی دەرەکی و ناو خۆیی بۆ سەر ڕێکخراوەکە لەوکاتەی کە ڕێکخراوە تێدەکۆشێت لە پێناوی مانەوەدا ، نەکەیت سازش بکەیت لەسەر بنەما بنەڕەتییە جەوهەری‌یەکان، بەڵام نەرم بە لە شێوازی جێبەجێ کردنەکەیدا . ڕاست کردنەوەی هەندێك ئامانجی بەپەلە ، بگرە دواخستنی هەندێکیان وا دەکات لە ڕێکخراوەکە کەسەر کەوێت بەسەر تەنگ و چەڵەمە ناوخۆیی و دەرەکی‌یەکاندا.

٦- ئەگەر هاتوو کۆسپی ناوخۆیی بەرەو رووت بوویەوە، ئەوا گەشەکردنی خێرا جێگای مەترسی دەبێت . لەوانەیە ئەندامە نوێیەکان کێشەکانی ڕێکخراوەکە نەزانن ، بەم شێوەیە دوو کەرتی یەك دروست دەکەن بەبێ مەبەست. نەکەی بێ هێوابیت. لەکاتی کۆکردنەوەی ئەندامانی نوێدا، وریابە جۆرایەتی گرنگە نەك چەندایەتی.

## سێیەم : قۆناغی جێگیر بوون

مایەی خۆشی‌یە کە گرفتەکانی قۆناغی ڕێکخستن هەتا هەتایە بەردەوام نابێت. بەڵام ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو وریابە: هەر پرۆژەیەك بەردەوام بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ناجێگیر بوو ئەوا مەترسی لەسەر دەرچوونی ووزەکەی و بەفیڕۆ چوونی هەیە. لەبەر ئەوە دەبێت بڕێك لە جێگیربوون بە دەست بهێنرێت پاش ماوەیەك.

ئەو قۆناغی جێگیربوونە زیاتر پێویستی بە ڕێك بوون هەیە زیاتر لەهەڵچوون (Fermentation). لەگەڵ ئەوەی کە ئامانجەکە بەتەنها پۆلێنکردنی هەیکەلی ((بیرۆکراتی)) نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەرکەکە لەم قۆناغەدا دیاری بکرێت بەئاشکرا، وە دەبێت ڕێوشوێنەکان دانرا بن بۆ بەجێهێنانی هەر ئەرکێك لە ئەرکەکان و، هەڵبژاردنی ئەندامانی لێهاتوو شیاو تەواو بووبێت. پەیڕەوی ئەو هەنگاوانە لەکاتی دروستی خۆیدا بەربەست دروست دەکات لەبەردەم دووفاقی کۆششەکان و، ڕێگای سەرکەوتن لەبەردەم سەرکەوتنی ڕێکخراوەکەدا دەکاتەوە.

## چوارەم : بونیادو پەیکەری کارگێڕی

لیژنەی جێبەجێکردنی ڕێکخراوەکە وەك ئەوەی باوە پێکدێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەری دارایی‌و ڕازگرو ژمارەیەك لە ئەندامان بەشێوەیەکی گشتی، لە زۆربەی کاتدا سەرۆکی لیژنە جۆراو جۆرە لقییەکان پێك دەهێنن. لەبەرئەوەی کە

لیژنەی جێبەجێ کردن کاری ڕێکخراوەکە بەڕێوە دەبات، ئەوا هەموو لێپرسراوی بەشەکان پێویستە لەو ئەندامانەبن کـە بـەپاکێتی و ڕەوشت باشی ناسراوون.

لەبەر ئەوەی کەبەردەوام بوونی ڕەسمی کارێکی گرنگە، لەسەر لیژنەی جێبـەجێ کردنـە بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـك کۆبـبێتـەوە، بەپێی خشتەیەکی ساڵانەی پێشتر ئامادەکراو، لەپێناوی نەخشەکێشان بۆ بەدیـهێنانی پێشـکەوتنی زیـاتر و نمایشـی ئـەوەی بـەجێ گەیاندراوە. لەڕاستیشدا کردارەکانی ڕێکخراوەکە بەردەوام بوونی گەورەتر دەپـارێزێت ، ئەگـەر هـاتوو جێگـری سـەرۆك هـەڵبژێردرا بەشێوەیەك شیاو بێت، بەمە سەرۆك لەخۆوە دەکەوێتە دەورەی دووەمەوە. بەهەمان شێوەش، پێویستە سوود وەربگرێت لە شـارەزایی سەرۆکی پێشوو. باشتریش وایە کە سەرۆکی پێشوو بخرێتە ناو لیژنەی جێبەجێ کردنــەوە وەك ئـەندامێك بـەپێی پلەکـەی، تـاوەکو لێپرسراوە نوێکان سوود لە شارەزایی‌یەکەی بینین .

لە داهاتوودا پێناسەی بەرپرسیارێتی‌یە دیاری کراوەکـانی لێپرسـراوانی هـەڵبژێردراو دەکـەین . بـەڵام پێناسـەی ئەرکـەکانی ((ئەمانەتی هەمیشەیی)) ناکەین لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕێکخراوەکان ئەو ئیمکانیاتانـەیان هەیـە . ئەمـەی خـوارەش هەیکەلێکی ڕێکخراوەیی‌ی جۆری ڕێکخراوێکە :




## هەڵوێستی کرداری

### سیاسەتی ڕێکخراوە پسپۆڕەکان

سەرەڕای ئەوەی کە ئیسلام هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕێکخراوەکە خۆی بەخۆی هەموو جۆرەکـانی چالاکی دەبێ بەجێ بگەیەنێت. کاتێك ڕێکخراوێك سەرکەوتوو دەبێت ، ئێمە حەز دەکەین کە ئەرکەکانیان گران بکەین ، وای لێ بکەین کـە هەستێت بە بەجێگەیاندنی هەموو شتێك. ئەمەیش وەکو ئەوە وایە کە هەموو هێلکەکان لەیەك سەبەتەدا دانێین. لەســەرمان پێویسـتە کـە خۆمان ڕابهێنین لەسەر دۆزینەوەی هەیکەلی تـری نـاوازە بـۆ بەجێگـەیاندنی جۆرەهـا چـالاکی بـۆ نموونـە ئەگـەر هـاتوو بـواری سـەرەکی ڕێکخراوەکەمان بریتی بوو لەبانگەواز، پێویستە ئەوە جیابکرێتەوە لە پرۆژەی بازرگانی و ئەو ئەرکە کەرێکخراوێکی جیابووەوە لـە ئەسـتۆی بگرێت. هەروەها پێویستە ئەرکی کێشە فێرکاری یاخود ئابوری یـان تەندروسـتی‌یەکان نەخەینـە سـەر حیزبێکی سیاسـی ڕەسمـی، بـەڵکو پێویستە کە دامەزراوەیەکی تایبەتی گرنگی بدات بە هەریەك لەو لایەنانە. بێگومان دەبێت کە نزیك بوونەوەو هاوکاری هـەبێت لـە دانـانی ئامانجەکان و هەیکەلەکانی ڕێکخراوەیی بەپێی خواستی و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە.

دەبێت هەموو ئەمانەش بەپێی دەستوورەکانی ئەو ڕێکخراوانە بێت نەك بەشێوەیەکی بێ سەروبەر. هەروەها دەبێت خشتە ناوخۆیی‌یـەکان و سستەمەکان ڕەچاو بکرێت بەبێ کەموکوڕی. ئەگەر هاتوو دەسـتورەکە بـووە بەربەست لەبـەردەم کـاری سـەرکەوتوانەدا، دەبێت ڕاسـت بکرێتەوە بۆ باشتربوون بەشێوازێکی دیموکراسی‌یانە. بەمەش ئامانجەکان و بنەما سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵەکە دەپارێزرێت.

### أ- لیژنەی جێبەجێ کردن

خوا یارمەتی داویت، هاورێکانت هەڵیانبژاردوویت بۆ جێگایـەکی گرنـگ لـە ڕێکخراوەکـەدا. بوویتـە ئـەندامێکی لیژنـەی جێبەجێ کردن لە ڕێکخراوی ناوخۆییدا. لەوانەیە پلەکەت سەرۆك یاخود جێگری سەرۆك یاخود هەر پلەیەکی تر بێت. نـاوی پلەکـە خۆی لـە خـۆیدا گرنـگ نییـە، تـۆ ئێسـتا لەبـەردەم خـوادا بەرپرسـیاریت لەبەدیـهێنانی ئامانجـەکانی ڕێکخراوەکـەو پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی ئەندامە هاورێکانت وپێشخستنیان. لێرەدا دوو پرسیار هەیە پێویستە لە خۆتی بکەیت پێش دەست بەکاربوون:

- ئەو کارانە چین کە من لێی بەرپرسیم بەپێی پۆستە تازەکەم؟

- ئەو دەسەڵاتە چییە کـە بەراستی لەدەستمدایە بـەپێی ئـەوەی ئەندامێکم لەلیژنەی جێبەجێکردندا ؟

ئاشکرایە کەپێویستە ئاگایی و وریایی تەواو هەبێت لەسەر ڕێکخراوەو خەلفییەت و مێژووی و لائیحەو سیاسەتەکانیدا، بـەڵام تۆ هەروەها پێویستت بە (ڕێبەرێك) هەیە بۆ ڕێنمایی لێوەرگرتـن لـەکاتی کارکردندا.

#### ب- نموونەیەك بۆ پێناساندنی وەزیفی:

##### ١- سەرۆك

ئەرکـە بنەڕەتییـەکان : سـەرۆك نوێنـەرە بـۆ ڕێکخراوەکـەو بەرژەوەندییەکانی، بەمانەش هەڵدەستێت:

(١) مومارەسـەی سـەرکردایەتی تایبـەتی و سـەرکردایەتی ڕاوێژکاریيانە دەکـات لـە جوڵاندنـی ئـەندامانی لیژنـەی جێبەجێ کردن و ئـەندامانی ئەنجومـەنی ئـەمیندارەکان و ئەندامانی لیژنەکان و دەستەی کارمەندان و ئەندامانیتر.

(٢) دەسەڵاتی خـۆی لـە دارشـتن و دیـاریکردنی ئامانجـەکانی ڕێکخراوەکەو مەبەستەکانیدا مومارەسە دەکات.

(٣) بەناوی ڕێکخراوەکەوە دەدوێت، چاودێری دەکـات و بـەجێ گەیاندن و کاریگەرێتی هەڵدەسەنگێنێت .

(٤) بە هاوکاری کردن لەگەڵ لیژنـەی جێبـەجێ کـردن دا کـار دەکات .

لـە چـوار چێـوەی سـستمی بنـەڕەتی و لائیحـە ناوخۆیی‌یـەکان و سیاسەتەکان ، ئەرکەکانی سەرۆك و بەرپرسیارییەکانی ئەمانـەی خـوارەوە دەگرێتەوە :

> **هەڵوێستی کرداری**
>
> **تێکەڵاوکردن لە نێوان ڕێکخستن و عەقیدەدا**
>
> هەندێك خەڵك زۆر ڕۆدەچـن لـەپارێزگاریکردن لـە بیروبۆچوونـەکانیان سـەبارەت بـە پێکهاتـەی ڕێکخسـتن. گومـان پـەیدا دەکـەن لـەئیمانی ئـەو کەسـانەی پێچەوانـەی ڕای ئـەوانن لـەوەدا. لەڕاستیشدا جۆری ئەو ڕێکخستنەی هەڵی دەبژێریت بریتییـە لەمەسـەلەی ڕاو تـێڕوانینی کۆمـەڵیو پەیوەندی بەعەقیدەوە نییـە. دەتوانـین ڕێکخسـتنی نـهێنی یـاخود ئاشکرا هـەڵبژێرین، پێکهاتـەی هەرەمی یاخود جگە لەویش، دەسەڵاتی مەرکـەزی یـاخود نامەرکـەزی، لیژنـە ناوچەییـەکان یـاخود پسپۆڕەکان، یاخود جگە لەوانە، ئەمانـە هـەمووی بوارن بۆ توێژینەوەو ئیجتیـهاد. لەئیسـلامدا یـەك سستمی مولزەم نییـە، هـەڵبژاردنی سستمێك و هەڵبژاردنی یەکێکیتر لەسـەر شورا وەستاوە کـە لەویشدا بـەرژەوەندی نەتـەوەی ئیسلام لەبـەرچاو گیراوە. ئەمە بوارێك نییە لەبوارەکانی فیقهـ تاوەکو لەبارەیەوە فتوا دەربکـەین. ئەگـەر بەتاقیکردنـەوە بۆمان دەرکەوت کەسستمێك هەڵەیە، ئەوا پێویستە لەسەرمان ڕاستی بکەینەوە یاخود بیگۆڕین بەباشتر لەو، وە بەوشێوەیە.

- سەرۆکایەتی‌کردنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی جێبەجێ‌کردن و کۆمەڵەی گشتی و تەنسیق پێکردنی ماددەکانی خشتەی کارەکان لەگەڵ رازگردا.
- را گەیاندنی لیژنەی جێبەجێ‌کردن و ئەندامەکان بەباروودۆخی رێکخراوەکەو کردارەکانی .
- دەست نیشان کردنی سەرۆکی لیژنەکان و تیمەکانی کارکردن و دیاری‌کردنی ئامانجەکانی ئەم لیژنانەو ئەرکەکانیان و چاودێری‌کردنی پێشکەوتنەکانیان لە رێرەوی کاردا.
- پشتیوانی کردنی ئەو سیاسەت و بەرنامانەی کە لیژنەیی جێبەجێ‌کردن بریاری لەسەر داوەو داکۆکی‌کردن لێی.
- پتەوکردنی گرنگی‌دانی ئەندامەکان و بەشداری کردنی کاریگەریان لە رێکخراوەکەو پێراگەیاندنیان سەبارەت بە چالاکی‌یەکانی لیژنەی جێبەجێ‌کردن لە رێگای ووتارو چاپکراوو ئاخاوتنەوە.
- بەرزکردنەوەی راپۆرتی ساڵانە دەربارەی چالاکیەکانی رێکخراوەکە بۆ کۆبونەوەی ساڵانە ، لە کۆتایی ماوەی کارکردنی‌دا.
- هاوکاری‌کردن لەگەڵ راگری دارایی لە دانانی بودجەیەکی ساڵانە و دڵنیابوون لەوەی کە رێکخراوەکە کار دەکات لە سنوری ئەو بودجەیەدا پاش بریار لێدانی، هەروەها دڵنیابوون لە کاروباری دارایی رێکخراوەکەو ساڵانە سەرچاوەیەکی تایبەت و بێ لایەن پیایدا دەچێتەوەو ووردبینی تێدا دەکات.
- دامەزراندنی لیژنەیەکی پاڵاوتن کە پاڵێوراوە گونجاوەکان بۆ خولی داهاتوو پێش مێژووی هەڵبژاردنی ئاشکرا کراو هەڵدەبژێرێ. وە کاری تەرتیبات بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسەکان پێش هاتنی کاتی وەرگرتنی پلەکەیان بەچەند مانگێك، لەگەڵ پارێزگاری کردن لە تیانووسە پێویستەکان بەشێوەیەك کە بەردەوام بوون مسۆگەر بکات لەبەرێوەبەرێکەوە بۆیەکێکی‌تر.

ئەوەی کە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان سەرۆك و فەرمان بەرەکانی تر، ئەوا سەرۆك:

(١) بەرپرسە لەبەردەم لیژنەی جێبەجێ‌کردن و لەبەردەم ئەندامان سەبارەت بە کارکردن وە بەرپرسە لەوە کە بەرنامەکانی رێکخراوەکەو سیاسەتەکانی بەئەمانەتەوە، تەعبیر لە پێداویستی‌یەکانی ئەندامەکان و هیواکانیان بکات.

(٢) بەرپرسە لە راوێژکردن لەگەڵ لیژنەی جێبەجێ کردن و ئامۆژگاری کردنی دەربارەی هەموو کاروبارە پەیوەندی دارەکان بەسیاسەتەکانی رێکخراوەکەو کاروباری دارایی و بەرنامەکانی.

## ٢- جێگری سەرۆك

باشتر وایە ئەوکەسەی کە ئەگەری سەرۆکایەتی‌کردنی لێ ئەکرێت، بۆ ماوەی داهاتوو، پلەی جێگری سەرۆکی بدرێتێ. ئەو کەسەی ئەم شوێنە دەگرێت لەتوانای دایە فێری بەرێوەبردنی رێکخراوەکە ببێت لە رێگای بینین و بەشداری‌کردن لە راپەراندنی کارەکاندا، و زیاتر ئامادەیی تیادا دەبێت بۆ بەکارهێنانی شارەزاییەکانی کاتێك لەدواییدا دەبێتە سەرۆك، بەو پێیەی کەسی دووەمە لە سەرکردایەتی، لەسەریەتی بەم ئەرك و بەرپرسیيانە هەستێ:

١- هەستێت بەکاری سەرۆك لەکاتی ئامادە نەبوونی‌دا

٢- چاودێری بەرپرسێتی لیژنەکان بکات ئەگەر پێویستی‌کرد، بەشداری بکات لە سوك کردنی بارگرانی سەرۆك.

٣- سەرۆکایەتی لیژنەی بەرنامەو لیژنەی ئەندامێتی لە ئەستۆ دەگرێت.

### ٣- ڕازگر

لە ئەستۆی ڕازگردا ئەرکێکی سەرەکی هەیە کە بریتی‌یە لە کۆکردنەوەی زانیاری و نوسینی ڕاپۆرتەکان. بۆی هەیە پشت ببەستێت بە سەرۆکی لیژنەکان و بەرپرسارانی‌تر، بەڵام بەرپرسە لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان و پاراستنیان لەکاتی گونجاودا. دەکرێت بۆ ڕێکخراوە گەورەکە کارەکە دابەش بکات لەنێوان ڕازگرێکی تایبەت بە پەیام گۆڕینەوە و یەکێکی‌تر بۆ ئەرشیف. بەڵام ئەرکەکانی ڕازگر و بەرپرسیارییەتی و دەسەڵاتەکانی، بریتین لە:

١) پاراستنی ئەو تۆمار کراوانەی پەیوەندی بە کۆبونەوەکانی ڕێکخراوەکەوە هەیە لە پێناو تەواو کردنی ڕاپۆرتی ساڵانەدا، باشتر وایە ساڵانە (٦) کۆبونەوە ئەنجام بدرێ شان بەشانی بەرنامەی ڕێکخراوەکان.

٢) ئاگادار کردنەوەی هەموو ئەندامەکانی لیژنەی جێبەجێ کردن بە ژووان و شوێنی کۆبونەوەکان پێش هەفتەیەك بەلایەنی کەمەوە.

٣) دابینکردنی کەرەستەکانی نوسینگە و پەراوێزگەو شتی‌تر بەپێی پێداویستی‌یەکانی ڕێکخراوەکە.

٤) بەجێ‌گەیاندنی پەیوەندی کردنی پێویست بۆ سەرکەوتنی کاری ڕێکخراوەکە ، هەروەها ئەو وەك ڕازگرێك بەسەر هەموو تۆمارەکانی ڕێکخراوەکەوە کاردەکات، هەروەها نوسخەیەکیش دەهێڵێتەوە لەهەموو ئەو پەیام و نامانەی بۆ دەرەوەی ڕێکخراوەکە دەنێرێت.

٥) دڵنیابوون لەوەی کە چالاکی‌یەکانی ڕێکخراوەکە بەپێی دەقی یاسا بنەڕەتی‌یەکان واتە (دەستور) و پرۆگرامە ناوخۆیی‌یەکان بەڕێوە دەچێت.

٦) بەرێکوپێکی دانەدەستی هەموو تۆمارەکان و زانیاری‌یەکان بەو ڕازگرەی لە دوای ئەودێت و دەبێتە (ڕازگر).

### ٤- بەڕێوەبەری دارایی

دەربارەی ڕێکخراوە بچوکەکان، دەبینین کە بەڕێوەبەری دارایی هەڵبژێراو بریتی‌یە لە تاکە ئەندامی بەرپرس لە کردارە دارایی‌یەکانی ڕێکخراوەکە . لەبەرئەوە لەسەر ڕێکخراوەکە پێویستە لەو بارەدا گرنگی زۆر بدات بە گرتنەبەری ڕێ و ڕەسمی ژمێرداریتی نەگۆڕ. ئەوەش لەبەرئەوەی لەکاتی گۆڕینی ئەوکەسەدا ، هەر کەسێکی‌تر کە جێی ئەو دەگرێتەوە ئەزانێ کەسی پێشو چۆن کاری کردووە . هەروەها پێداچوونەوەی حساباتەکان ئاسانتر دەبێت ئەگەر ڕێ و ڕەسمێکی ژمێرداریتی یەکگرتوو هەبوو. هەرچۆنێك بێت، ئەوا بەرشێوەبەری دارایی پێویستە کەسێکی دەست پاك بێت و پارێزگاری لە بنەماکانی ئاینەکەی بکات و لە نێو چاکەکاندا هەڵبژێردرابێت. قەوارەی ڕێکخراوەکە هەرچەند بێت، لەسەر ڕاگری دارایی‌یە کە وابەستە بێت بەو سیاسەتانەی کە لیژنەی جێبەجێ‌کردن پیادەی دەکات. ئەو سیاسەتانەش ئەمانە دەگرێتەوە:

١- کۆمەڵە ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەو سروشتی ئەو ڕێگا ژمێریاریتی‌یەی کە گیراوەتەبەر.

٢- دەسەڵاتی بڕیار وەرگرتن و جێبەجێ کردنی ڕێوشوێنی پەیوەندی‌دار بەو بەرهێنانەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوەکە.

٣- کۆکردنەوەی خێرو زەکات و خەرجی تایبەت و دابەشکردنی.

وەك ئـەمیندارێكی دارایـی چـۆن ئـەوە مسـۆگەر دەكـەیت، كـە ڕێكخراوەكـەت لـەڕووی دارایـیـەوە سـاغەو ڕێگـا ژمێریارییـە گونجاوەكان دەگرێتەبەر؟ دەتوانیت بەبەكارهێنانی ئەم دیسپلینانەی خوارەوە بكۆڵێتەوە لەوەی كەئایا ئەو ڕێوشوێنانە پیادە دەكرێت یان نا:

١- پیاچوونـەوەی ڕسـومات و بەشـداریەكانی ئـەندامێتی بەشـێوەیەكی خـولیو، ڕاسـتكردنەوەی بـەپێی پێداویستییەكانی ئەندامێتی و ئاڵوگۆڕە ئابورییەكان .

٢- دڵنیابون لەوەی كەسیستەمە ژمێریارییەكە دەگونجێت لەگەڵ قەبارەی ڕێكخراوەكەو بەیەكداچوونی كارەكانیدا.

٣- بوونی سندوقێك بۆ یەدەگەكان و كتوپڕییە چاوەڕوان نەكراوەكان.

٤- وردبینیكردن لە حسابات لەلایەن ووردبینێكی بێلایەنەوە ، ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتەكەی بەرز دەكاتـەوە بـۆ لیژنـەی جێبەجێ كردن.

٥- پیاچونەوەی لیژنەی جێبەجێ كردن و بڕیاردانی لەسەر نەخشەی بەرنامەی ساڵانەو بودجەكەی .

٦- دەركردنی بەیاننامەی خولی لەسەر داهات و خەرجییە بەدەست هاتووەكان، بەراوردكردنی بـەو بودجەیـەی كـە هەیە، و هەروەها بە خەرجییەكانی ساڵانی ڕابوردوو، ئەگەر لەتوانادابوو، لەلایەن لیژنەی جێبەجێكردنەوە.

**هەڵوێسی كرداری**

**بنەمای پێنج ساڵی**

لەجیهانی خێرای ئەمڕۆماندا تاكەكان بە خێراتر لە ڕابـوردوو گۆڕانكاریـان بەسـەردا دێـت. ئـەوان لەگەشەكردن و تێكۆشـانی بـەردەوام دان، پێیـان خـۆش بێـت یـاخود بـارودۆخ و پێداویسـتییەكان پاڵیـان پێوەنابێت. دەركەوتووە كە بەرهەمی كارمەندێكی تاك لە پێنج ساڵی یەكەمی كار كردنیدا باشترە. بـەڵام ئەگەر هاتوو بۆ ماوەیەكی درێژتر لەسەر ئەو كارەمایەوە ، ئەوا تێكڕای دەسكەوت و بەرهەمـەكانی كـەمتر دەبێتەوە. ئەگەر هاتوو لەمە زیاتر بەردەوام بـوو، دەبێتـە بـارگرانی زیـاتر وەك لـەوەی پاڵپشـتێك بـێ بـۆ ڕێكخراوەكـە. چـەند مانـەوەی كاركردنەكـەی درێـژ بخایـەنێت، ئـەوەندە سـلبیاتەكانی كەڵەكـە دەبێـت و ئیجابیاتەكانی پاشەكشە دەكات. بەڵكو كارەكە بەلایەوە دەبێتە كێشـەیەكی تاكەكەسـی. هـەروەها هیـواو خەونەكانی لە چوارچێوەی دیوارەكانی مەكتەبەكەیداو كارەكەیدا دەخولێتەوە.

ڕێسای چەسپاو بریتییە لە گوێزانەوە بۆ كاری نوێ و نزیكەی هەموو پێنج ساڵ جـارێك، و بـواردان بە خستنەگەڕی ئەو شارەزاییانەی كە بەدەست هێنراوە لەكارو پڕۆژە نوێكاندا. بەهـەمان شـێوە، ئەوانـەی تر تووشی چەق بەستن نایەن لە كارەكانیـاندا، بـەهۆی جولانـەوەیان بـۆ پڕكردنـەوەی جێگـا پڕنـەكراوەكان، هەروەها بواریان پێ بدرێت بۆ بەدەستهێنانی مەشقی نوێ. ئەو گۆڕانكارییە زۆر دروستە بـۆ ڕێكخراوەكـەو بۆ تاكەكەس وەك یەك ، بەڵام پلانی پێنج ساڵی شتێكی چەسپاوو جێگیر نییە بۆنەو ماوەیەی كـە كەسـێك لە كارێكی وەزیفیدا دەیباتە سەر . دەكرێت چوارساڵ یان شەش ساڵ بێت.

## فبهداهم اقتد ... (شوێن ڕێنماییەکانیان بکەوە)

ئێستا و پاش ئەوەی کە ڕێکخراوە ناوخۆیی‌یەکەت دروست کرد، بەپێی ئەوەی کەبەرپرسیت یاخود یەکێکیت لەبەر پرسەکان ، چەند نمونەیەکت لەبەردەستدایە، کە دەتوانیت شوێنی بکەویت.

ئیمامی غەزالی لە ((کیمیاء السعادة))دا دەڵێت یەکێك لەزانایان ئامۆژگاری خەلیفەی عەبباسی (هارون الرشید)ی کرد کە ڕێز لەو پلەوپایەیەی بگرێت کەهەیەتی، چونکە ئەوە ئەو کورسییەیە کە:

ئەبو بەکری صدیق ڕەزای خوای لێبێت لەسەری دانیشتبوو، کەواتە ڕاستگۆبە.

هەروەها عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێبێت، کەواتە جیاوازی بکە لەنێوان حەق و بەتاڵ.

وەك عوسمانی کوڕی عەففان ڕەزای خوای لێبێت، بەبەزەیی و بەشەرم بە .

وەکو ئیمامی عەلیش ڕەزای خوای لێبێت، زاناو دادپەروەربە .

بیرلەمەی خوارەوە بکەرەوە:

چۆن ئەم نمونە ئاوێتەیە لە خەسڵەت و ڕەوشتی بەرزی جێنشینەکانی پێغەمبەر لەگەڵ باری ئەمڕۆی ئێوەدا دەگونجێ جێبەجێ بکرێت؟

## گفتوگۆ

١- گەرویستت ڕێکخراوێك دابمەزرێنی، یەکەم هەنگاو بەچی دەست پێ دەکەی؟
٢- ڕۆڵی پەیوەندی کردنەکان و پرۆسەی گێڕانەوە چیە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا؟
٣- جیاوازی چیە لەنێوان ڕۆڵی لیژنەی جێبەجێ کردن و ئەنجومەنی ئەمیندارەکان (الامناء)و لەو نمونەیەی کەباسمان کرد؟
٤- ئەو بوارانە کامانەن کەتیایاندا پێویستە ڕازگرو بەڕێوەبەری دارایی بەهاوکاری و هاوبەش کاربکەن؟

## جێبەجێ کردن

ژمارەی دانیشتوانی ڕەوەندەکان لەشارە بچکۆلەکەتاندا زیادی کرد لە ئەنجامی دروستکردنی کارگەیەکی گەورە تیایدا. ئیتر دەتوانرێ کە ڕێکخراوێك دروست بکرێت . بەڵام زۆربەی دانیشتوان هێشتا هیچ گرنگی‌یەکیان نیشان نەداوە، ژمارەیەکی کەمیش لەوانە پێشتر پابەندبوون بە ڕێکخراوێکەوە ، ئاستەکانی خوێندن و ئابوری لە نێوانیاندا جیاوازە ، هەروەها ئەوانە سەر بە خەلفیاتێکی جۆراوجۆرن. تەنها ماوەی دوومانگت لەبەر دەمدایە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێك لەم شارەدا پێش ئەوەی خاوەنی کارەکە بتگوێزێتەوە بۆ لایەکی‌تر .

١- نەخشەیەکی پلەبەندکراو بکێشە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی تایبەتەن بەم ڕەوەندەوە.

٢- پەیکەرێکی هێلکاری نەخشەکێشان دابنێ کە لەگەڵ ڕەوەندەکەدا بگونجێت .

٣- ئەو گرفتانە باس بکە کەلەوانەیە بەرەو رووی ڕەوەندەکان ببێتەوە ، پاش ئەوەی کە تۆناوچەکە بەجێ دەهێڵیت . پێشنیاری چارەسەرە لەتوانادابووەکان بکە.

بەشی

٢٥

# بەرەو بەدیهێنانی گەشەکردنی خۆیی

**یەکەم : خۆت بناسە**

ا- وەك بەڕێز ((ئاسایی)) مەبە

ب- جیاوازیی ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان

ج- خۆت بە کەسانیتر بەراورد مەکە

د- تێکەڵ کردن لە نێوان کارە کەسی و گشتییەکاندا

**دووەم : خۆت پەروەردە بکە**

ا - ئاگاداربە پێش خۆ یەکلاکردنەوە بۆ کاری خۆبەخشانە

ب- دەست پاکی و راستگۆیی لەگەڵ سەرۆکەکاندا

ج- مزگەوتی ڕۆما

د- پێشتگوێ خستنی ئەوانەی دەوروبەرمان و بایەخدان بە نامۆو بێگانەکان

ه- بەشداری کردن لە خۆشی و ناخۆشیدا

و- ستراتیژیەتی کاریگەر

**سێیەم : دەربارەی خۆت ڕادەربڕە**

ا- بەڕوونی ڕێزگرتنت بۆ کەسانیتر دەرببڕە!

ب- ئەوەی حەزت لێی نییەو ناتەوێت، بەشێوازێکی جوان گوزارشی لێ بکە!

ح- هاوچەشنێتی بیرکردنەوە

د- مامناوەندێتی لە دۆستایەتی و دوژمنایەتیدا

ه- ڕاوێژ لەگەڵ منداڵان

و- بیربکەرەوە!

پتەوکردنی لێهاتوویی و بەهرەمەندیەکان و گەشەبەخۆدان بەدوولایەنی پێکەوە بەستراو دادەنرێن بۆ مەشقکردن لەپێناو مومارەسەکردنی سەرکردایەتیدا. لەم بەشەی ڕێبەرەکەدا گفتوگۆمان کرد سەبارەت بە هەندێ لەو بەهرەمەندیە تاکەکەسی و کۆمەڵییانەی کە پێشینەییان هەیە، ئەم بەشە بەرێگایەکی نا کلاسیکی چارەسەری هەندێك لایەنی هەڵبژێردراو بۆ خۆپەرەپێدان دەکات. و لەرێگای کۆمەڵێك چیرۆك و حاڵەت و نموونە تیشك دەخەینە سەر بوارەکانی گەشەکردنی تاکە کەسی کە ناکرێ دەست بەرداریان بین بۆ خۆپەرەپێدان، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەمیشە روون نییە بۆمان، ئەمە نموونەیە کە لەسێ هەنگاو، بۆ خۆت جێبەجێی دەکەیت ، ئاراستەت دەکات بۆ ئەوەی:

- خۆت بناسیت.
- خۆت ڕێکبخەیت.
- سەبارەت بە خۆت ڕادەربڕیت.

هەوڵ نادەین کەباسی هەموو شتێك بکەین. بەڵام ئـەوەی کـە ڕوونـی دەکەینـەوە دەتوانێـت زەینـی ئـەو سـەرکردەیەی کـە بەئومێدەوە چاوەڕێی دەکەین واڵێبکات شتەکان بپێکێت، تا بیربکاتەوە لەشتەکان بەشێوەیەکی قوڵترو فروانتر. لەسەر ئەم بناغەیەش دەتوانین نەخشەیەکی کاری تاکە کەسی دابنێین بۆ گەشەکردنی کەسی و خۆپێش خستن.

## یەکەم: خۆت بناسە

### أ- وەك بەڕێز ((ئاسایی)) مەبە

بەڕێز ((ئاسایی)) ساڵی (١٩٠١)ی زایینی لەدایك بووە ئمرەکانی خوێندنـی خـوار مامنـاوەند بـوو، سـاڵی (١٩٢٤)ی زاینـی کچێکی هێنا بەناوی ((مامناوەندی)) منالێکیان بوو ناوی نا ((کوڕی ئاسـایی)) کچێکیـان بـوو نـاوی نـا ((ئاسـایی)) چـل سـاڵی بردەسەر بەکاری بێ سودو چەندین شـوێنی هیـچ و پووچـی لـە ئەسـتۆ گـرت. هیـچ هـەلێك یـان مەترسـییەکی تـاقی نـەکردەوە، نەیدەویست تواناکانی خۆی بەرەو پێش ببات لە هیچ شتێکدا، هاوکاری هیچ کەسێکی نەدەکرد، دروشمەکـەی بریتیبـوو لـە ((ئـەوە پەیوەندی بەمنەوە نییە! لەشەڕ دوربکەوەو گۆڕانی بۆ بلێ)) شەست ساڵ ژیا بێ ئامانج و بێ نەخشەو بێ ویست و بـێ متمانـەو بـێ هیواو بێ هیچ لێبڕانێك. لەسەر گۆڕەکەی نوسییان:

ئەمە گۆڕی :

بەڕێز ((ئاسایی)) یە

ساڵی (١٩٠١)ی زایینی لە دایك بووە، ساڵی (١٩٢١)ی زایینی مردووە، (١٩٦٤)زایینی نێژراوە

هەوڵی نەداوە هیچ شتێك بکات زۆرکەمی لە ژیان ویستووە

ژیان باجەکەی دا!

### ب- لێك نەچوونی ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان

زۆرجار دووبرا دەبینین، هەریەکێکیان پێی وایە کە زۆر شتی پێشکەشی براکەی کردووە، بەڵام ئـەم خـۆی هیـچ شـتێکی وای لێوەرنەگرتووە کە دیاربێت. لەمەش خراپتر ئەوەیە کەوا گومان ببەین کە خەڵکی زۆر قەرزاری ئێمەن و ئێمەش هیچ قـەرزاری ئـەوان نین. ئەم گومانانە هیچ بناغەو بنەچەیەکیان نییە. چونکە سروشتی خەڵك وایە کەئەو شتانەی دەیدەن بەکەسانیتر بەزیادی دەزانـن و ئەوەی وەریشی دەگرن بەسوك تەماشای دەکەن. ئەم ڕەفتارەش تەمسیلی ئەم وتە باوە دەکات:(کاتێك لەسەر ڕاست دەبم کـەس بـیری نییە، کاتێك هەڵە دەکەم کەس لەبیری ناچێت). ئەگەر بەڕاستی ویستمان ڕەصیدی حساباتی خۆمـان لەگـەڵ کەسـانی تـردا بزانـین، لەسەرمانە لەسەر کاغەز ئەوەی هەمانەو ئەوەی لەسەرمانە بەشێوەیەکی بابەتیانە تۆماری بکـەین. پێـوەری ڕاسـتەقینەش لەمـەدا ئیسلامە. لەکاتی دیاری کردنی ئەوەی هەمانە و ئـەوەی لەسـەرمانە، یـاخود بەمانایـەکیتر ئـەوەی پێشـکەشمان کـردووە و ئـەوەی وەرمان گرتووە، پێویستە پرس وڕا بەزانایان بکەین. ئەگەر هاتوو لە ئیسلامدا ڕێسایەك یان حوکمێك هـەبوو، پێویسـتە لەسـەرمان ملکەچی ببین. بۆ نموونە، لەکاتی بڕیاردانی میراتیدا پێویستە دوای شەریعەت بکەوین و ملکەچ نەبین بۆ ویست و سۆزەکانمان.

حیکمەتێکی گەورە لەوتەی شاعیردایە کە دەڵێت:

عين الرضى عن كل عيب كليلة          لكن عين السخط تبدي المساويا

## ج- خۆت بەکەسانی‌تر بەراورد مەکە

پەندێك هەیە دەڵێت ((من راقب الناس مات همّاً)) ئەوەی چاوی لەخەڵك بێت لەداخدا دەمرێت. چاوبڕینە خەڵکانی‌تر شێرپەنجەیەکە لەوانەیە ژیانت قووت بدات. هەمیشە هەموو گرنگی‌دانێکت لەو ئارەزووەدایە کە لەخەڵکانی‌تر ورد بیتەوەو پاشان پرسیار بکەیت بۆچی وەکو پلەو پایەکانی ئەوانت نی‌یە هەرلە سەروەت و سامانیان و کەسایەتیان وە ئەوەی هەیانە لە دەوڵەمەندێتی و تەندروستی و منداڵ و تا شتی‌تر، بەڵام پرسیار لەخۆت ناکەیت: چیان کردووە تامافی ئەوەیان هەبێت؟ چەندە ماندوبوون چەند ناخۆشیان چەشتووە تا بەدەستی بهێن؟ چەند ساڵ هەوڵیان داوەو تێکۆشاوون؟ ئایا بیرت چوو کە ڕۆژی تەنها لای خواوەیە، ڕۆژی بۆ کەسێك ئاسان دەکات کە دەوێت و بۆی دەنوسێت، هەرچی بوێت دەیکات، و پرسیاری لیّ ناکرێت چی دەکات.

ڕۆژێك یەکێك لە کرێکارەکان هات بۆلام، لێی پرسیم بۆچی ئەو مووچەیە وەرناگرێت کە کەسانی‌تر وەری دەگرن، پێمگوت: ((لە خۆت پرسی وە بۆچی بەرهەمت وەکو ئەوانی‌تر نی‌یە؟ سەیری لێهاتوویی و بەرهەمەکانیان بکە))؟

### لە باو باپیرانمانەوە فێر بووین:

١- لەکارو باری دنیای‌دا، خۆت بەراودبکە بە هەژارێك یان بێ دەرەتانێك یان نەخۆشێك و بڵێ: سوپاس بۆ خوا کە زیاتر لەوەی داومێ کە شایانی منە.

٢- لە زانیاری و تەقوادا، خۆت بەراوردبکە بە گەورە زانایان و ئەولیاکان، سوربە لەسەر ئەوەی زیاتر بەدەست بهێنی، داوای لێبوردن لەخوا بکە.

لەبیرت بێت کە ئەوەی دەیزانیت لەعەیبەکانت شتێکی ڕاستە. گومان بردنیش بەعەیبەکانی خەڵکی تەنها گومانە، شتێکی بێ‌مانایە کە مرۆڤ ماوەیەکی زۆری پێ بچێت لە بەراوردکردن لەبەرئەوەی ئەو شتەی کە نایزانین سەبارەت کەسانی‌تر زۆر زیاترە لەو کەمەی کە دەیزانین، بەلاتەوە ناخۆش نەبێت کاتێك کە هەست دەکەیت پاش شی‌کردنەوەیەکی بابەتیانە تۆ لە ڕاستی‌دا بارگرانیت بەسەر دامەزراوەکەوە، لە کاتێکدا کە زۆربەی ئەوانی‌تر ڕەصیدی دامەزراوەکەن. پێش ئەوەی کە پرسیار بکەیت لەوەی دامەزراوەکە چی بۆ تۆ دەکات، بزانە کەتۆ چی پێشکەش بەو دەکەیت.

## د- تێکەڵ کردن لەنێوان کارە کەسی و گشتی‌یەکاندا

وا ڕاهاتوین ئارەزو دەکەین بۆ تێکەڵاوکردن لەنێوان هەستە کەسییەکان و کاروباری دامەزراوەکاندا. ئەم تێکەڵاوکردنەش زیانێکی زۆر دەگەیەنێت بەبەجێهێنان وپەیوەندیان لەگەڵ خەڵکی. سەرەنجامیش دیاریکراوە وەك برا دەست پێ دەکەین و وەك دوژمن کۆتایی پێ دەهێنین. بەداخەوە، برا دڵسۆزەکان لەم ڕۆژگارەدا لە مامەڵە کردن لەگەڵ یەکتری خۆیان لادەدەن لەبەر ئەوەی کە دەترسن کارەکە بە دوژمنایەتی کۆتایی پێ بێت. ئێمە کاتێك تێکەڵاوی دروست دەکەین لەنێوان ئەوەی کەکەسی‌یە و ئەوەی کە گشتی‌یە و تایبەتە بە دامەزراوەکەوە، هەردووکیان پێکەوە لەکیس دەدەین لەیەك کاتدا. لەو مومارەسانە، ئەگەر هاتوو یەکێك لەبراکان پێویستی هەبوو بە یارمەتیەکی دارایی، دەیهێنین لە ڕێکخراوەکەدا دادەمەزرێنین هەرچەندە کە خاوەنی لێهاتوویی و بەتواناش نەبێت. بەمەش ڕێکخراوەکە لەکار ڕادەوەستێت و دەبێتە پەنایەك بۆ پەککەوتەو خانە نشین کراوەکان. لە کۆتاییدا کارمەندەکان و ڕێکخراوەکە لە دەست دەدەین لەبەرئەوەی خێرو پیشە تێکەڵاو دەکەین. لەسەرمانە کە یارمەتی ئەندام بدەین لە داهاتی خێر




بەبێ ئەوەی کە ڕێکخراوێکی چالاک بکوژێن، یەکێکیان لێی پرسیم کە قەرزی بدەمێ لەبودجەی دامەزراوەکە بۆ کڕینی خانوو. پێم گوت : ((کە ئەو پارەیە پارەی خۆم نییە بەڵکو پارەی وەقفە بەئەمانەت دراوەتە دەستم، چۆن بۆ کاروباری شەخسی بیدەم؟)) لەجیاتی ڕێزگرتن زۆر تووڕەبوو. لێرە دا ڕێساکە ساکارە: ئەگەر خێرت پێ دەشێت بەپێی پێوەرە شەرعیەکان مافی ئەوەت هەیە لە داهاتی ئەوقافی گشتی یارمەتی وەربگریت.

ئێمە دامەزراوەی خستنەکار نین، بەڵکو کۆمەڵێ ئامانجمان هەیە و دەبێت بەجێی بهێنین. پێویستە فێربین جیاوازی بکەین لە نێوان کاروباری دڵ و مێشکدا. لەوانەیە ژیری و بیرمان جیاوازبێت لەزۆر کاروباردا، بەڵام پێویستە دڵمان لێك نزیك بێت. دەکرێت جیاوازیمان لەگەڵ یەکتر هەبێت. بەڵام بەبێ ئەوەی خۆشەویستی نێوانمان لە دەست بدەین. ئەگەر یەکێکیان لەکارکردن دا هەڵەی کرد، لەسەرێتی کە چاوەڕوانی سزابکات و دادوەریشی پێ خۆش بێت. یەکێك لەپیاوە سەرکارە (رجال الاعمال) سەرکەوتووەکانم ناسی، لەکاتی کارکردندا دوو هێندەی کەسانی تر سزای منداڵەکانی خۆی دەدا. لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە کەسزای هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دوو هێندەیە لەچاو ژنانی تردا:

یانساءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيراً ﴿٣٠﴾ (الاحزاب)

**ڕێگای پێغەمبەرایەتی ئاوایە: لەحەقدا سازش نییە.**

## دووەم : خۆت پەروەردە بکە

### أ- ئاگاداربە پێش خۆ یەکلاکردنەوە بۆکاری خۆبەخشانە

هەندێك کەس دڵگەرمیی توند دەیانبات بۆ کاری دەعوەو بڕیار دەدەدن واز لە خوێندن یان کارەکانیان بهێنن بۆ کار لەبواری دەعوەدا بەتەنها. وریایی وریایی! ئەوە هەنگاوێکی مەزنە، بەڵام زیادەڕەوییە لە بوێریدا. خوێندنەکەت یان کارەکەت هەرگیز بەجێمەهێڵە پێش ئەوەی ئەم کارانەی خوارەوە بکەیت و بەوریایی بیری لێ بکەیتەوە:

١- بەتەواوەتیو ڕێکوپێکی وردوو درشتی پێناسەی وەزیفی بۆ کارە تازەکەت لــە بانگــوازدا بزانــە. بەشــتە گشــتی‌یەکان ڕازی مەبە، وەك کارکردن لە پێناوی خوادا، تۆ لەڕاستی دا بەدرێژایی کــات لــە پێنــاوی خــوادا کاردەکــەیت تەنانــەت ئەگەر هاتوو لە پێناوی خێزانەکەشت دا بوو.

٢- بگەڕێ بەشوێن ئەو ڕێگایەی کە پاداشتت پێ دەدەن لەسەری، چەندت دەدەنــێ و تاکــەی؟ ئایــا داهاتەکــەت بــەردەوام دەبێت یاخود بەتەنها بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە؟ وەلە چ سەرچاوەیەکەوە؟

٣- پێویسـتە کــە بڕیارەکــە بــە نوسـراوێك لەلایــەن دەسـتەی بــالآی ڕاوێژکــاری ڕێکخراوەکــەوە یــان بــالآترین دەســتەی ڕێکخراوەکەوە دەربچێت. و ئیمزای سەرۆك لەوانەیە بەس بێت، بەلآم خاوەنی ئــەو پلەیــە لەوانەیــە بگۆڕدرێــت یــاخود ڕاکەی بگۆڕێت لە داهاتوودا. دڵنیابە لەوەی کە دەبێت بڕیار بە دەستەکانی‌تر لــە ڕێکخراوەکــەدا پرســوڕایان پێ‌کرابــێ ئەوانیش ڕەزامەندی خۆیان پیشان دابێ لەسەر بڕیارەکە.

٤- بەراورد بکە لەنێوان ئەو خزمەتەی کە ئێســتا دەیکــەیت و ئــەو ئەرکــەی لــە داهــاتوودا دەیگرێتــە دەســت، لەوانەیــە پێویست نەبێت بۆ وازهێنانت لە کارەکەی ئێستات، لەوانەشە بتوانیت هەردوو کارەکەت ئــەنجام بــدەی، بــەبێ دەســت لەکار کێشانەوەت.

٥- لێکۆڵینــەوە بکــە لەســەر ئاســەوارە دورو درێژەکــان لەســەر پســپۆری کارەکــەت و ئــایندەی خێزانەکــەت و نەخشــە کەسییەکانی خۆت. ڕێگامەدە لە داهاتوودا کە نەزانیت یاخود بیرنەکەیتەوە لەم مەسەلە دوارۆژیە گرنگانە.

٦- بزانە لەبــەردەم کێــدا بەرپرســی و کــێ لەبــەردەم تــۆدا بــەرپرس دەبێــت ، تــاکو خــۆت لابدەیــت لــەو جیاوازیانــەی کەدەگونجێت لەداهاتوودا ڕوو بدەن.

٧- لێکۆڵینەوە بکە لەسەر ژینگەی کاروبــارو دۆخەکــەی ســەبارەت بــەوەی پــەیوەندیدارە بەســەفەرکردن و شــوێنی کــارو سروشتی و ...هتد، بزانە ئایا لەگەڵ گرنگی پێدانەکانی تۆو تواناکان و مەشقکردنی تۆدا دەگونجێت.

٨- بزانە کە تۆ ناتوانیت پاش ماوەیــەك پاشگەز بیتــەوە لــە بڕیــاری خۆیەکلاکردنــەوە لــەبێ ئــەوەی ئاســەوارێکی قــوڵ بەجێ‌بهێڵێت.

٩- بیربکەرەوە چی ڕوو دەدات لەکاتی ڕودانی جیاوازیدا. دەبێت کە نەخشەیەکی جوان و بەسۆزت هــەبێت بــۆ پاشەکشــە کردن یان پچڕاندنی ئەو پابەندبوونە بەسۆزو لێك تێ‌گەیشتنەوە .

پاش ئەوەی کە هەستاین بەوەی باسمان کرد وەبڕیارت دا کە بەردەوام بیت و بچییتە پێشەوە ، لەگەڵ کارەکەتدا خــۆت ڕابهێنــە لەسەرەتادا، تا لەسەر بناغەی چەندمانگێك یان بەشێك لەکات، ئەگەر لەتوانادابوو، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بــەرچاوت ڕوون بێــت لەسەر ئەوشتانەی‌لات نادیار بوون ، بیرۆکەیەکت دەداتێ دەربارەی کاری کردەیی.

حاڵەتی نمونەیی ئەوەیە کە پشت بەخۆت ببەستیت بە شــێوەیەکی تــەواو، بــە ڕێکخراوەکــەوە ببەســرێیتەوە وەك خۆبەخشــێك. لەڕاستیدا ناکرێت کە ئەمە هەمیشە ڕووبدات، بەلآم لەسەر لاوانە کە نەخشە بۆ ئەمــە بکێشــن لــەکاتێکی زووی تەمەنیانــەوە هــەتا خودا هەلی گونجاویان بۆ بڕەخسێنێت لە داهاتوودا .

چەند لە تواناتدا بوو هەوڵ بدە هەرپڕۆژەیەکی بچوك تاقی بکەرەوە بەبودجەیەکی سادە و بە بەشــێك لــە کــات. ئەگــەر هــاتوو لەوەدا سەرکەوتنت بەدەست هێنا، ئەوا دەتوانیت بەپێی نەخشەیەکی دیراسەکراو داهاتەکانی‌تر بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە.

### ب- دەست پاکی و ڕاستگۆیی لەگەڵ سەرۆکەکاندا

ڕۆژێك سەرۆکی بەشێك هاتە لام و گازندەی دەکرد لە پێویستی زیاتر بەکارمەند. پێم گووت کارمەندی زیاد لە پێویستت لایە دەبێت واز لەهەندێکیان بهێنیت، پاشان پرسیارم کرد لەڕای خۆی سەبارەت بە یەکێك لە کارمەندەکان، گوتی: (ئەوە بێسوودە-(بۆ هەر کوێیەك ئاڕاستەی دەکەیت سود بەدەست ناهێنێت)). لێم پرسی ((بۆ داوا لە جێگری سەرۆك ناکەیت لە کارەکەی دەری بکات؟)). وەڵامی دامەوە: (تۆ دەزانیت کەمن ناتوانم ئەوە بەجێگری سەرۆك بڵێم، چونکە خۆشی دەوێت، بەڵام تۆ بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەهەتە دەتوانی بەوکارە هەڵسی). بۆم ڕوونکردەوە کەهۆی گەیشتنم بەو ((پایە بەرزە)) ئەوەیە کەمن هەمیشە ڕاستی دەڵێم بەبێ گوێدانە پەیوەندیيە تایبەتی‌یەکان مەترسە لەجیاوازی لەگەڵ لێپرسراوان بەڵکو هەمیشە ڕاستگۆو بابەتی بە، خواش پارمەتیت دەدا لە بەرەوپێش چوونت لە ژیانتدا لەسەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی‌تر.

### ج- مزگەوتی ڕۆما

لە هاوینی ساڵی (١٩٧٧)ز لەگەڵ دکتۆر جمال بەرزنجی‌دا، کە سەرۆکی وەقفی ئیسلامی بوم لە ئەمریکای باکور بەمەبەستی کۆکردنەوەی کۆمەك چووینە هاندەران. بۆ ماوەی یەك ڕۆژ لەڕۆما ماینەوە بەناچاری لە ئاکامی پەیدابوونی ناکۆکی لەنێوان لیبیاو میسردا. چووین بەرەو مزگەوت، بۆ یەکەم جار چاومان کەوت بە ئیمامی مزگەوتەکە. هەرئەوەندە دانیشتین ووتی: (من لەم مزگەوتەدا بەهەموو شتێك هەڵدەستم، بەڕێوبەر هیچ خۆی ماندوو ناکات. من ووتاری هەینی دەڵێم، ئاهەنگەکانی هاوسەرگرتن ڕێکدەخەم، کاروباری مردووەکان لە ئەستۆ دەگرم، چاوم بەو کەسانە دەکەوێت کە سەردانمان دەکەن، ئیسلامیان بۆ باس دەکەم، بەڵام هەموو چاکەکە بۆ بەڕێوبەر حیساب دەکرێت. مانگانەکەی بەردەوام زیاد دەکات بەڵام مانگانەی من وەك خۆی دەمێنێتەوە). پاش ئەم پێشوازی‌یە سەیرە پێمان گوت: (بۆچی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ئاگادار ناکەیتەوە لەوکارە، داوایان لێبکەیت کە بارەکەت ڕاست بکەنەوە؟) وەڵامی دایەوە: (من هەمیشە پێیان دەڵێم، بەڵام گوێ لەمن ناگرن، ئەوان بەلای ئەودا دایدەشکێنن).

ئەو وێنەیە چییە کە لەم پێشوازی‌یەدا لامان بەرجەستە دەبێت؟ وێنەیەکی سلبییە لەسەر دامەزراوەکە و خودی ئیمامەکە. نموونەی وەك ئەم کەسە هیچ وەلائێکی نی‌یە و لەدەوری خۆی نەبێت ناخولێتەوە. ئەمە دامەزراوەکە بەتەواوەتی دەڕوخێنێت و خۆشی لەگەڵیدا دەڕوخێنێت. ئایا لەناوچەکەتاندا کەسی وەك ئەو ئەندامە خۆپەرست و دەمار گرژانە هەیە؟ ئەمانە ئامادەن بۆ تێکدانی بونیادەکە بەتەواوی لە پێناوی بەرژەوەندی تەسکی کەسی‌دا. لەبیرت بێ ئەگەر هاتوو خۆت بەختکرد لە پێناوی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەدا ئەوا خۆت و ڕێکخراوەکە گەشە دەکەن. بەڵام ئەگەر هاتوو ڕێکخراوەکەت لاوازکرد بەو هیوایەی تۆ بەرز بیتەوە، ئەوا خۆت و ڕێکخراوەکە هەرەس دێنن. لاوازی و بەهێزی ڕێکخراوەکە ڕاستەوخۆ لەسەر ئەندامەکان و کارمەندەکان و بەڕێوەبەرەکان ڕەنگ دەداتەوە هەموان لەیەك بەلەمدان.

### د- پشتگوێ خستنی ئەوانەی دەوروبەرمان و بایەخدان بەنامۆو بێگانەکان

وادابنێ کەتۆ چوویتە ململانێی هەڵبژاردنەوە، پاشان بۆت دەرکەوت کە خێزانەکەت لەبەرژەوەندی تۆ نەچوون بۆ دەنگدان! یاخود بانگهێشتت کرد بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی، بەڵام کەسوکارو هاوڕێ نزیکەکانت ئامادە نەبوون! یان تۆ، لە هەڵمەتێکی کۆمەك کۆکردنەوەدایت، کاتەکەت دەکوژیت لە وتاردان و ڕاکێشانی سەرنجی نامۆو بێگانەکان و پشتت کردە کەسی نزیك و خۆشەویستەکانت! بەڕاستی شتێکی سەرسوڕهێنەرە کە ئێمە کاربکەین بە لێبڕانەوە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی کەسانی ترو لە هەمان کاتدا کەسە نزیکەکان لەبیر بکەین . زۆرکات ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ڕێکخستن یاخود بێ نەخشەیی و بەدوادانەچوون. بێگومان ئەمەش جێگای داخە، ئەگەر ئێمە کەسێك یاخود لیژنەیەکمان ڕاسپارد بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕێزو هەست و نەستی ئەو کەسە نزیکانەو پەیمانی پاڵپشتی و پشتیوانی‌کردنیان بۆ خۆمان ئەمە دەبێتە هۆی خێروچاکە بۆ بەرژەوەندی گشتی.

### ه- بەشداری کردن لە خۆشی و ناخۆشیدا

لە یەکێك لە وڵاتە ئیسلامی یەکاندا، جارێك سەرۆکی دەوڵەت پرسیاری کرد، بۆچی ڕەوتە ئیسلامی یەکان سەردانی ناکەن تەنها لە بۆنەکانی ناخۆشی و مردن دا نەبێت! بێگومان ئەمە چوارچێوەیەکی ڕەسمی و وشك دەدات بە ڕێکخراوەکە، وەوای لێ دەکات تەنها بە کێشەو نەهامەتیەکانەوە ببەسترێتەوە. لەبەرئەوە پێویستە کە بزووتنەوەکە چالاك و گەرم و گوڕ بێت و هەڵبستێت بەسەردان لەجەژن و بۆنەکانیتردا. پێویستە لەسەر بنەمایەکی ڕێکوپێك بەردەوام بین لەپەیوەندی یەکانمان بەخەڵکەوە، نەك تەنها لەو کاتانەی پێویستمان پێیانە. وادابنێ کەتۆ کورەکەت یان کارمەندێکت نابینی تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە داوای پارەت لێ دەکات! بێگومان هەست بە تەنگەتاوییەکی دەروونی دەکەیت هەرکاتێك چاوت بەو جۆرە کەسانە دەکەوێ.

### و- ستراتیژیەتی کاریگەر

خەڵکی بەرێگای جۆراو جۆر پابەند دەبن بە ئیسلامەوە. هەندێکیان ئەوە بەرێگایەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام دەدات. بۆ نموونە، ئەگەر هاتو جەماوەرت بانگهێشت کرد بۆ یاریەکی وەرزشی (یاخود بۆ هەرچالاکیەکی کات بەسەربردنیتر) لەوێدا باسی نوێژ یا ئامۆژگاری ئایینی کورتت هێنایە کایەوە، ئەوا هەندێ لە ئامادەبوان کە بەردەوام نەبوون بە نوێژکردن دەست دەکەن بەنوێژ. بەهەمان شێوە، لەبۆنە کۆمەڵایەتی و ئاهەنگەکانی شەوان و کاتێك هەندێك ناوەڕۆکی ئیسلامی زیاد دەکرێت بۆسەر چالاکی یەکان، ئەوا کاریگەرێتی بەهێزتر دەبێت. بەڵام ئەگەر هاتوو بەتەنها ئامۆژگاری کردنی بێزارکەربوو، ئەوا کەسەکان لێی هەڵدەێن. ئەم شێوازە زیاتر کاریگەرە و ئامرازێکی بەهێزە بۆ بانگەوازکردن و دەتوانرێت بەشێوەی کۆمەڵی و تاکەکەسی و دڵخۆشکەرانە بەکار بهێنرێت.

## سێهەم : دەربارەی خۆت ڕا دەربڕە

### أ- بەڕوونی ڕێزگرتنت بۆ کەسانیتر دەربڕە!

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵەکانی دانیشتبوو کاتێك پیاوێك تێپەڕی. یەکێك وتی: (ئەو پیاوە باشەو من خۆشم دەوێت). پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسی: ئایا ئەمەت پێ ڕاگەیاندوە، بەنەخێر وەڵامی دایەوە، بۆیە ئامۆژگاری کرد کەبچێت بۆلای و، پێی ڕابگەیەنێت کە خۆشی دەوێت.

ئێمە لەم ڕۆژگارەدا بە دەنگێکی بەرز ڕەخنە لە کەسانیتر دەگرین . بەڵام کاتێك کە کارەکە پەیوەندی دەبێت بەفرمانە باشەکانەوەو شایانی سوپاس و پێزانینە، بێ دەنگ ڕادەمێنین. پێغەمبەر (ﷺ) فێرمان دەکات کە ڕێزو پێزانینی خۆمان دەربڕین. لەسەریشمانە بەباشی بیگەیەنینە کەسانیتر. گومانی تێدانییە کە ستایش کردنی خوای گەورە – کەهەرخۆی خاوەنی هەموو ستایشێکە – زەرورییە، بەڵام سوپاس کردنی خەڵکیش ئەرکێکی داواکراو و بەسودە .پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : (مَنْ لَمْ يَشْكُرِ النَاسَ لَمْ يَشْكُرِ اللهَ).[1]

---

[1] (سنن ابي داود والترمذي وسند احمد بن حنبل).

قورئانی پیرۆز بە ڕێگایەکی ناوازە ئەمەمان بۆ دەردەخات :

وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ ﴿٧﴾ (ابراهيم)

ڕێگا بۆ زیادبوونی نیعمەتەکانی خوای گەورە ئەوەیە سوپاسی بکەین، مومارەسەی سوپاسی خەڵکیش بکەین لە بەرامبەر ئەو چاکانەی کە لەگەڵمان دەیکەن. پاداشتەکەی کاری چاکەی زیاتری ئەوان دەبێت. ڕێزگرتن بریتی‌یە لە ئاودانی درەختی کارە باشەکان تاوکوو بەری زیاتر بگرێت .

با دایك وباوك لە بیریان بێت ئەو خۆێنە دروستەی بۆ منداڵەکانیان پێویستە بریتییە لە ڕێزگرتن و هاندان. بێبەشیان مەکەن لێی، تا تووشی کەمخوێنی نەبن.

ئەگەر ئێمە زیاتر ڕێزی خۆمان بەروونی دەربڕی و تاقیمان کردەوە، لەگەڵ کەم کردنەوەی ڕەخنەی سلبی، ئەوا کۆمەڵگاکەمان پڕ دەبێت لە خۆشەویستی و داهێنان.

### ب - ئەوەی حەزت لێی نییەو ناتەوێت، بەشێوازێکی جوان گوزارشی لێ بکە!

بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕاهاتبووم لە نووسینگەکەم کارمەندێکم بەناوە کۆتایی‌یەکەی بانگ دەکرد . ئەمەی پێ ناخۆش بوو بە خەڵکی گوتبوو، من نەمدەزانی تا یەکێك لە کارمەندەکان بە نهێنی پێی ڕاگەیاندم . دەست بەجێ شێوازی قسەکردنم لەگەڵیدا گۆڕی. ئەم بارە ئاماژە بەچەند هەڵەیەك دەکات:

١- ئەو پیاوە هیچی پێ نەگوتم لەوەی کەپێی ناخۆشە.

٢- ئەمەی بۆ کەسانی‌تر باس کردبوو.

٣- ئەوانەی زانیبویان پێیان نەگوتبوم.

بۆچی ڕێگا بدەین کە کێشەیەکی بچوك بەردەوام بێت لەبێ تاقەت کردنمان لەکاتێکدا بتوانین لە دە چرکەدا چارەسەری بکەین. خوالێمان دەپرسێتەوە، ئەگەر بێتوو هەست و بیری خۆمان بەڕوونی و بابەتیانە دەرنەبڕین.

### ج- هاوچەشنێتی بیرکردنەوە

کاتێك بە موسڵمانێکی پابەند دەگەی، لە سەرەتادا واهەست مەکە کەئەو وەکو تۆ بیردەکاتەوە. لەوانەیە بەهەمان شێوە خواپەرستی بکەن، بەڵام وەك یەك بیرکردنەوە کردارێکی زۆر خاوە و پێویستی بەبێ دەنگی و ماوەیەکی درێژ هەیە دووشت نی‌یە لە ژیاندا بەتەواوی وەك یەکتری بن. خوا هەموومانی بە جیاواز دروست کردووە. بەڵکو هەریەکێك لە ئەلکترۆنەکان حاڵەتی جیاوازی خۆی هەیە لە ووزە و خولانەوەدا. بۆ ئەوەی لە بیرکردنەوەدا نزیك بینەوە لەیەك، پێویستە لەسەرمان بیرو ڕاکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین بەمەبەستی تێگەیشتنی باشتر. زۆرکات هەڵدەخەڵەتێین ، کاتێك دەبینین کە گەلێك بە تەواوی یەك دەگرن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دووژمنێکی هاوبەش. شتێکی ئاسانە گەل یەك بخرێت دژی داگیرکەران بەڵام زۆر گرانە یەکیان بخەیت لە دەوری یەك نەخشەی کارکردن. لەوێدا چەندین حیزب و کۆمەڵ هەیە. بەهەمان شێوە لەناو یەك بزوتنەوەشدا دروست دەبێت. لە کاتێکدا تۆ داوای چاکسازی دەکەیت، زۆرکەس لە دەوری خۆت دەبینیت پشتیوانیت دەکەن دژی ستەم. بەڵام هەرئەوەندەی کۆمەڵەکەت سەرکەوتن، بۆت دەردەکەوێت تاچ ڕادەیەك بەش بەشن لەهزردا سەبارەت زۆر کاروباری‌تر. ئەم کۆمەڵە چاکسازیە کەوا لەڕووی دەرەوەیدا وادەردەکەوێت کە یەکگرتوە، دەردەکەوێت کەزۆر کەرت بوونی زیاتری تیایە لەو کۆمەڵەیەی کە لەپێش ئەمدا بووە. ووریای ئەم بۆمبە کاتی‌یە بە! دڵنیابە لەوەی نەخشەیەکی کارتان هەیە لەسەری پێکهاتوون پێش دەستپێکردن بەپێشبڕکێی چاکسازی. ئەمەیش بەسەر مەسەلە گشتی‌یە نیشتمانیەکاندا جێبەجێ دەبێت، هەروەها لەناو ڕێکخراوێکدا یاخود خێزانێکدا جێبەجێ دەبێت. ئەگەر ئەم بنەمایە لەبەرچاو نەگیرا ئەوا هەوڵدانەکەت تووشی شکست دەبێت هەرچەندە نیازت پاك بێت.

## د- مامناوەندێتی لە دۆستایەتیو دوژمنایەتیدا

خەڵك زیادڕەوی دەکەن لە خۆشەویستییان یان ڕق و کینەیان بۆ کەسێك یان مەسەلەیەك. کاتێك کەسێکیان خۆش دەوێت ، کارەکە دەیانگەێنێتە ڕادەیەك کە ببنە دیلی ئەو خۆشەویستیەیان و لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵیدا عەقڵ و بیری بابەتیانە فەرامۆش دەکەن. بەهەمان شێوە، ئەگەر هاتوو ڕقیان لە کەسێك بوو پێیان وایە بۆ هیچ شتێك دەست نادات. پێغەمبەر (ﷺ) وانەیەکمان فێردەکات لە مامناوەندێتی بابەتیانە لە هەردوو بارەکەدا:

((احبب حبيبك هَوناً ما، عسى ان يكون بغيضك يوماً ما، وابغض بغيضك هَوناً ما، عسى ان يكون حبيبكَ يوماً ما))[1]

ئای بنەمایەکی چەند دوربینە، کەهەمیشە پێویستمان پێی دەبێت.

## هـ- ڕاوێژ لەگەڵ منداڵان

کاتێك باسی ڕاوێژ دەکرێت، تەنها لایەنە سیاسیو ڕێکخراوەییەکان بەتەنها دێنە یادمانەوە. بەڵام لەگەڵ منداڵان و خێزانەکانیشدا پێویستمان بە ڕاوێژ زۆرە. چەند لە پیاوان پرس و ڕا بە ژنەکانیان دەکەن؟ چەند لە ژنەکان پرس و ڕا بە مێردەکانیان دەکەن؟ ئەمە جگە لە پرسوڕا کردن بە منداڵان.

دەتوانین بڵێین کە ڕاوێژکردن بە خشیشێکی خواییە بۆ ئاوەزی سنورداری مرۆڤ. لەڕێگای شوراوە تاك سوود دەبینێت لە شارەزایی بەکۆمەڵی چەند عەقڵێك. زۆرجار لۆمەی خۆت دەکەیت لەوەی کەپرس وڕات بە کەسانیتر نەکردووە، بەڵام پەشیمان نابیتەوە لەهەر بڕیارێك کە بەشێوەی شوراو بەکۆمەڵ دەرکرابێت. هەوڵ بدە ڕاوێژ لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکاندا بکەیت، سەرت سوڕ دەمێنێ لەو پاداشتە سەخییانەی دەیچنیتەوە. باشییەکانی ئەم مومارەساتە خێزانیانە لەژمارە نایەن. بەشداری منداڵان بەکەم مەگرە. ئەوانیش ڕەهەندی تازەیان پێیە سەبارەت بە زانیارییەکان و بڕیار وەرگرتن لەوبارەیەوە. یەکێك لە مامۆستا گەورەکان جارێك پێی وتم : (ناتوانم یەك حاڵەت باس بکەم کە پرس و ڕام بە منداڵ کردبێت و سوودم لەم پرس و ڕا پێکردنە وەرنەگرتبێت).

## و- بیربکەرەوە

بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بیرنەکەینەوە. بەڵام شتی زۆر هەیە لەم ژیانەدا کە لەژمارە نایەن و زۆرمان لێ دەکات تابیرو پرس و ڕای تیادا بەکار بهێنین. قورئانی پیرۆز بانگهێشتمان دەکات بۆ بیرکردنەوە، ئەوەش بەئەرکێك لەسەرمان دادەنێت. لەچیدا دەمانەوێت بیر بکەینەوە؟ بەلایەنی کەمەوە بیربکەرەوە لەو وشەو ڕستانەی کە هەموو ڕۆژێك دەری دەبڕیت. بیر لە مانا گەورەکانی بکەرەوە هەرکاتێك دەری دەبڕیت، دەبیتە کەسێکی باشتر. بەقوڵی بیرلەمەی خوارەوە بکەرەوە:

[1] (سنن الترمذي)

السلام عليكم

الله أكبر

سبحان ربي العظيم

سبحان ربي الأعلى

استغفرالله

الحمد لله

اهدنا الصراط المستقيم

**ئایا دەزانیت**

- چۆن لەگەڵ خوای گەورەدا دەدوێیت؟
- چۆن بەندەوب دەبیت لەگەڵ فەرمایشتی خوادا؟

---

- لە نوێژکردندا تۆ قسە لەگەڵ خوادا دەکەیت، و لەهەرکاتێکیشدا کەبتەوێت مونـاجات بکەیت.
- خوا قسە لەگەڵ تۆ دەکات کاتێک قورئان دەخوێنیتەوە.

**چوارجۆر پیاو هەیە:**

- پیاوێك دەزانێت ، نازانێت کە دەزانێت ، ئەمە ئاگای لەخۆی نییە ووشیاری بکەرەوە .
- پیاوێك نازانێت ، ونازانێت کە نازانێت ، ئەوە بێ عەقلە خۆتانی لێ لابدەن .
- پیاوێك نازانێت، و دەشزانێت کە نازانێت ، ئەوە نەزانە فێری بکەن .
- پیاوێك دەزانێت ، و دەشزانێت کەدەزانێت ، ئەوە زانایە دوای بکەون.

خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی

**لەبیرت بێ !**

لەپێناوی بەجێهێنانێکی باشتردا:

١- یەك کار لەیەك کاتدا ئەنجام بدە.

٢- بەکێشەکە ئاشنابە.

٣- باش گوێ بگرە.

٤- پرسیار بکە تابزانیت.

٥- جیاوازی بکە لەنێوان مەعقول و شتی بێ مانا.

٦- هەڵە قبوڵ بکە.

٧- دان بنێ بە هەڵەدا.

٨- بەسادەیی و بە ڕونی باسی خۆت بکە.

٩- لەسەر خۆبە.

١٠- زەردەخەنە لەسەر لێوت بێت.

## ڕاهێنان : لاکردنەوەیەك لەسەر دووڕوویی یاخود لەسەر دەروونزانی

سەرەتا ئەم نامەیە بخوێنەرەوە:

### ئەو ڕوپۆشەی لەسەر دەموچاومە هەڵتان نەخەڵەتێنێت گوێ بگرن لەوەی من نایلێم؟

هەڵمەخەڵەتێن پێم. ئەو ڕووپۆشەی لەسەر دەموچاومە هەڵتان نەخەڵەتێنێ. من هەزار ڕووپۆش دادەنێم، ڕووپۆشێك ئەترسم دایبگرم، بەڵام هیچ کامێکیان ڕاستی ناوەڕۆکی من دەرنابڕێت. پڕوپاگاندە کردن هونەرە لە جێگای سروشتێکی دووهەمی مـن دێت، بەڵام هەڵمنەخەڵەتێن. من والێتان ئەگەیەنم کە هیچ کێشەم نىیەو لە ئاسایشـدا دەژیـم. هـەموو شـتێك ڕوونـەو تـەواوە، لـەناوخۆو دەرەوەدا، متمانە ناوی منە و هێمنیش گەمەی منە. ئاو لەسەر خۆو ڕاوەستاوە و من زاڵم بەسـەر جلـەوی سـەرکردایەتی‌دا پێویستم بەکەس نییە بەڵام باوەڕ بەمە مەکەن، تکایە باوەڕ مەکەن.

لەڕواڵەتدا لەسەر خۆ دیارم، بەڵام ڕواڵەتم ڕوپۆشە ڕوپۆشێکی جۆراوجـۆرو هەمیشـە پـۆش، لـەژێر ڕوپۆشـیش دا گەشـەکردن و لەسەرخۆیی نییە، ئارامی نییە. لەژێریدا کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆم خۆی حەشارداوە کەلە ئاژاوەو ترس و تەنـهایی و گۆشـەگیریدا دەژی. بەڵام من ئەوە دەشارمەوە، وەنامەوێت کەس بەمە بزانێت. هەست بە تۆقاندن دەکەم لە بیرۆکەیەك لاوازیم دەربخات، لەبەرئـەوە بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەم بۆ دانانی ڕوپۆشێك خۆمی لە پشتەوە حەشار بدەم، تاببێتـە ڕوویـەکی دروستکراو لەگوێ‌پێ‌نـەدان و یارمەتیم بدات لەسەر پڕوپاگەندە و تێڕوانینی تیژم لێ لابدات، بەڵام ئەو تێڕوانینە خۆی لە خـۆیدا ئـەو هیوایەیـە بـۆ ڕزگـارکردن و دەرچوونم. ئەوە تەنها شتێکە کەڕزگارم دەکات لەخۆم و لەدیوارەکانی ئەو بەندیخانەی کە چەقیوەتە ناخمەوە، وەلـەو بەربەسـتانەی کـە ڕەنجم کێشا تا دروستم کرد، بەڵام من ئەمەتان پێ نالێم. وەناوێرم — من ترسنۆکم.

ئەترسم کە تێڕوانینتان خۆشەویستی و پێشوازیم پێ نەبەخشێت. ئەترسم ڕێزم دابەزێنن و گاڵتەم پێ بکەن، گاڵتەکردنی ئێوە من دەکوژێت. ئەترسم من لە قوڵایی ناخدا بە هیچ یەکسان نەبم، وە هیوام بە هیچ نییە، ئێوە ئەمە دەدۆزنەوەو پاشـان ناتانـەوێم، بۆیـە گەمەی خۆم دەکەم، گەمەیەکی بێ هێوا، کەوا دیارە لەڕوکاردا متمانەی پێوە دیارە، بـەڵام مـن لـەناوخۆمدا منداڵێکم لنگـە فـڕێ دەکەم.

لەڕاستی‌دا دەمەوێت دڵسۆز و ڕاستگۆبم و ڕاستی خۆم دەربڕم. بەڵام لەسەرتانە کەیارمەتیم بدەن. لەسەرتانە دەستان ڕابکێشـن بۆم، تەنانەت ئەگەرواد‌ەرکەوت ئەوە دوایین شتە کە دەمەوێت یان پێویستیم پێیەتی. چەند ئێوە بە بـەزەیی و بـاش بـن و هـاندەربن، چەند گرنگی و تێگەیشتنی ڕاستگۆیانەتان نیشان دا دڵم دووباڵی بۆ دروست دەبێ. دووباڵی بچوکـی ناسـك بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش دا باڵن. بەیارمەتی خۆشەویستی‌و سۆزتان ڕزگار دەبم. لەتواناتانداپە کە هیوا بۆ ژیانم بگێڕنەوەو ئیرادەم بـۆ بروێننـەوە. کارەکـە بـەلای ئێوەوە ئاسان نابێت. ئەو بێ ئومێدیە کە لەناو دەروندا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ هێلانەی کردووە دیوارێکی ڕەقی دروستکردووە، بـەڵام خۆشەویستی لە دیوار بە هێزترە، هیوا لێرەدایە. خوازیارم کەئەو دیوارانە بروخێنن بە دەسـتێکی جێگـیرو بەناسکی و بەبەزەییـەوە، منداڵ زۆر هەستی ناسکە، منیش منداڵم! من کێم؟ لەوانەیە نەم ناسنەوە؟ بەڵام من کەسێکم باش دەمناسـن ، هـەموو پیـاو و ژن و منداڵێك ، بەڵکو هەموو مرۆڤێك کەپێی دەگەن منم .

**ئیمزا : نەزانراوێك**

ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە :

١- ئایا ئەم گوتارە بەجۆرێك لە دوروویی دەژمێردرێت؟

٢- ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان هیچ سیفەتێکی دەروونیی مرۆیی ئەم نامەیەو لەگەڵ ناوەڕۆکی ((سورەتی یوسف))دا .

# أينما تكونوا يدرككم الموت ولو كنتم في بروج مشيدة

فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾ (الاعراف)

چیرۆکی مرۆڤ ئاوایە کارێك ناکات کەخوا لێی ڕازی بێت
ئەگەر خۆتت لەم چیرۆکەدا دی بگەڕێرەوە بۆلای خوداو
تۆبە بکەو واز لە گومڕایی بێنە
کات بەرەبەیان بوو لەسەرەتاوە
لەکاتێکدا مەرگ لەدەرگای ژووری نوستنی دا
کابرا لە ژوورەوە هاوار دەکات (ئەوە کێیە)؟
((من ئیزرائیلم)) ڕێم بدە بێمە ژوورێ
یەکسەر کابرا دەستی کردە لەرزین و ڕازی نەدەبوو وەك تالێهاتوو
ئارەقی دەکردەوە، هاواری لە خێزانە خەوتووەکەی کرد
((مەهێڵە ژیانم بەرێ
فریشتەی گیان کێش، تکایە وازم لێ بێنە هێشتا ئامادە
نیم بمرم ..... وازم لێ بێنە ژیانی خێزانم لەسەر من بەندە
تکایە فرسەتێکم بدەرێ ، بیربکەرەوە ئارام بە)).
جار لەدوایجار فریشتەکە لەدەرگای دەدا
((هاورێکەم، بەبێ ئازار گیانت دەکێشم و یەکجار
من گیانی تۆم دەوێت ئەمە فەرمانی خوایە ، هی من نیە)).
کابرا دەستی کردە گریان
((فریشتەی بەرێز، لە مردن و نەمان زۆر دەترسم
ها ئالتون و مالم، دەبە کۆیلەت بەلام مەمنێرە بۆ گۆڕ)).
فریشتەکە ووتی : ((هاورێ ڕێگام بدە بێمە ژوورێ، هەستە دەرگاکەم
بۆ بکەرەوەو لەجێگاکەدا هەستە ئەگەر ڕێگەشم نادەیت
ئەوا دێمە ژوورێ وەك شەبەنگ، بەربەست نیە لەنێوانماندا))
کابرا دەمانچەکەی بەدەستەوە گرت
ویستی ڕێگا لە فریشتەکە بگرێ
((ئەوا دەمانچەم لە دەستە بێیتە ژوورێ مێشکت دەپژێنم))
فریشتەکە هاتە ژوورێ
ووتی: (هاورێ ئامادەبە، تۆئەمریت من فریشتەی گیان کێشانم
نامرم داماو دەمانچەکەت دانێ و تەسلیم بە
پێم بلێ کابرا لەچی دەترسی، دەترسی بمری؟
خۆ ئەوە فەرمانی خوایە، خوای من و تۆ دەی پێ بکەنە هێوربەوە
ئامادەبە، بۆلای خوا دەگەڕێینەوە))
((ئەی فریشتە، دەترسم، شەرم دەمگرێ
لەبەیانییەوە تا ئێوارە خەریکی پارەبووم ئاگام لە حالّ و
پاشەڕۆژی خۆم نەبوو هەرگیز گوێڕایەلّی خوا نەبووم
نەنوێژێ، نەکورنووشێ، ئەم هەموو ڕەمەزانە هاتن
مەودایەکم نەبو بۆ لێخۆشبوون، هەرچەند حەج فەرزێکی
ئایینیبوو بەلام هەنگاوم بۆ نەنەنا
نەزەکات و نەخێرێکم نەکرد بەسوو پارەکانم پێ کەوەنا
هەموو ژیانم لەگالتەوگەپدا بەسەر برد
نەتامی جددییەت و نەتامی ماندوبوونم نەزانی



فریشتەگیان نەرم بە بەلکو مۆلەتێکی چەند
سالّیم بدەیێ تا شوێن قورئان بکەوم نوێژ دەکەم و
ڕۆژو دەگرم حەجی مالّی خوا بەجێ دێنم
دوور دەبم لە لووت بەرزی واز لە سووخواردن
دەهێنم هەر لەئێستاوە خێر دەکەم چاکەم دەبێ
توخنی مەیی و خراپە ناکەوم گوێڕایلی خوا دەبم))
((ئێمەی فریشتە گوێڕایەلّین خوا چی بفەرمووێ
دەیکەین دەبێ هەموو بمرن باوك و دایك و
خوشك و برا، کەس دەرناچێ ئەمەش
دواساتەکانی تۆیە سەیری تەمەنت بکە چۆن ڕۆیشت و
چۆن بەسەرچوو کەمێك هێمن بەرەوە لەم ترسەت
گریان و فرمێسك هیچ سودێکی نییە
ژیایت تا لەپەنجا سەرت دەرکرد نەمالّ و منداڵت
خۆش ویست نەپشتت گرتن گوێڕایەلّی دایـك و بـاوکت
نەبوویت چرووك و بێ یارمەتی بووی
هەموانت لەخۆت کرد نەتتوانی پەروەردەی کچـەکانت
بکەی ئەرکی باوکایەتیت بەجێ نەهێنا
لەسەر ڕەوشتی جوانت پەروەردەت نەکردن
ڕێگەی ڕاستت پیشان نەدان گوێت لە ئاستی
بانگدا کەربوو هەرگیز قورئانت نەدەخوێند
چەند بەلێن و فەرمانت دەفەوتاند درۆو غەیبەتت
دەکرد و خراپەت بەردەوام بوو چەند پارەو
مالّی حەرامت کەلّەکە کرد مافی خەلکانت
ئەندا هەموو ژیانت بێئاگاییو قومار بوو
شەو ڕۆژ پارەت کۆکردەوە هەر خەریکی
خۆراك و خەو بویت کەی نەخۆشێك و
هەژارێکت بەسەرکردەوە، تەنانەت دلۆپە
ئاوێکت نەبەخشی نەخۆشێکت ڕزگار
نەکردوو بەشداریت لەچارەسەرییان نەدەکرد
ئەی مرۆڤ بەهەشتی بەنرخت بە دونیا فرۆشت
چەند پەنات بردو پەنای کەست نەدا، ڕەحمت بە
کەشتیارو کرێکار نەدەکرد، بەتەمای بەهەشتیشی؟
وانازانم ڕەنگە بڕۆیتە دۆزەخ و ئاگر
((تازە کاتی تۆبە نەما))
گیانت دەکێشم ... تازە کات نەما
ئەمە کۆتایی چیرۆکە خەماوییەکەیە
کابرا شێتانە هاواری کرد
((بۆ کوێ بچم؟ کێ دەگاتە فریام؟))
کەوت و مرد و بەچارەنووسێکی تالّ گەیشت.

أينما تكونوا يدرككم الموت ولو كنتم في بروج مشيدة ...﴿٧٨﴾ (النساء)

# دەروازەی چوارەم

## ئامادەکردنی ڕاهێنەران

ئەرکی مەشـــق کـردن پێویسـتی بـە سیاسـەتێکی بەرنامـەیی و ڕێکخـراوی هەیـە بـۆ دروسـتکردنی لێـهاتووی‌و هەڵوێستەکان و بەها هەڵبژێردراوەکان لای مەشق کەرەکان. ئەم بەشە لەم ڕێبەرەدا گرنگی دەدات بـــە پێشـکەش کردنـی ئامرازەکان و زانیارییەکان و شارەزاییەکان بۆ ڕاهێنەرەکان، چ ڕاهێنەرە کۆنەکان یاخود ڕاهێنەرە داهاتووەکـان، تـابتوانن بەسەرکەوتوویی مەشق بەکەسانی‌تر بکەن. پێویستە لەکاتی مەشق کردن و گەشەپێدانی ژیان بەشێوەیەکی گشـتی سـوود وەربگرن لەزۆرترین سنوری داهاتی دیاری‌کراوی ڕەخساو بۆئـەم مەبەسـتە، هـەروەها پێویسـتە سـودێکی ڕوون بەدەسـت بهێنرێت لەخەرجی‌یەکانی ئەم داهاتـە، لەگـەڵ بـەدواداچوونی تـەواو بـۆ ئەنجامـەکان. گـەورەیی ئـەم کـارە لـەکاتێکدا دەردەکەوێت کە مـەشق کردن و گەشەکردن بەشێك بێـت لـە سـتراتیژی‌یەت و نەخشـەی تـەواوی ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە مەبەستە، کاتێك پابەندبوون بە مەشق کردن دەبێتە ئامانجێکی ڕوونی ڕاگەیاندراو لەسەر بەرزترین ئاستی وەرگرتنی بڕیار لە ڕێکخراوەکەدا.

ئەم بەشەی ڕێبەرەکە گفتوگۆ دەکات لەسەر چۆنێتی هەڵسەنگاندنی پێداویستیە داواکراوەکانی مەشقی سەرکەوتوو، وەجۆرە جیاوازەکانی مەشق کردن، وە بەرنامەکانی لەچی پێکدێت، وەئەو شێوازانەی کە دەکرێت بەکار بهێنرێت لەمەشـق کردندا، وەچۆن نەخشە دەکێشین بۆ بەرنامـەیەکی مەشقکردن و جێبەجێکردنی بکەین؟!

# دەروازەی چوارەم

## ئامادەکردنی ڕاهێنەران


| | | |
|---|---|---|
| بەشی ٢٦ | هەڵسەنگاندن و شیکاری پێداویستییەکانی مەشق کردن | ٢٨٣ |
| بەشی ٢٧ | سیفەتەکانی بەرنامە مەشقیە سەرکەوتووەکان | ٢٩١ |
| بەشی ٢٨ | جۆرەکانی مەشق کردن | ٢٩٧ |
| بەشی ٢٩ | بنەماکانی بەرنامەی مەشق کردن | ٣٠٣ |
| بەشی ٣٠ | شێوازەکانی مەشق کردن | ٣٠٩ |
| بەشی ٣١ | نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی بەرنامەی مەشقکاری | ٣٢٣ |

# بەشی

# ٢٦

# هەڵسەنگاندن و شیکاری پێداویستیەکانی مەشق کردن

**یەکەم: ڕۆڵی ڕاڤەکار**

**دووەم: نەخشە بنەڕەتییەکان بۆ شیکاری پێداویستیەکانی مەشق**

ا – دیاریکردنی ئامانجەکان

ب – دیاریکردنی زانیارییە پێویستەکان

ج– هەڵبژاردنی ڕێگا بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان

د– کۆکردنەوەی زانیارییەکان

ه– شیکردنەوەی زانیارییەکان و لێکۆڵینەوەیان

و– ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی

**سێیەم : کەرەستەکانی شیکارکردنی پێداویستیەکانی مەشق کردن**

ا– ڕاپرسی

ب– چاوپێکەوتنی

ج– تێبینی

د– نموونەکانی کارکردن

ه– تیانووسەکان و ڕاپۆرتەکان

**چوارەم : نموونەیەك بۆ شیکاری پێداویستیەکان**

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

پاش تەواو کردنی ئەم بەشە دەتوانیت شارەزا بیت لە :

- زانینی ڕۆڵی شیکەرەوە لە داڕشتنی بەرنامەکاندا.
- گەڕان و دیاری کردنی ئامانجەکانی مەشق کردن لەبارێکی‌دیاری کراودا .
- بەکارهێنانی ئامرازە جۆراو جۆرەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان.

پێویستە کە بەرنامەی مەشقی سەرکەوتوو ئامانجێکی هەبێت و لەپێداویستی‌یە جەخت لەسەرکراوەکان مەشق کردنەوە هەڵقولابێت. و هەڵسەنگاندنی دروستمان بۆ مسۆگەر بکات بۆ پیداویستی‌یەکان، وە مەشق کردن گونجاو بێ و لە شوێنی خۆیدا بێت، تێچونی بەرنامەکان و سوودی بەدەست هاتوو پاساوی دەکات. هەروەها هەڵسەنگاندنی پێویستی‌یەکان مەترسی تێچونی بەرنامە بێ بەرهەمەکان کەم دەکاتەوە.

پێویستی بریتی‌یە لەجیاوازی کردن لەنێوان زانیاری و لێهاتوویی‌و بەجێگەیاندنی کرداری مەشقکارو نێوان ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرێت. دەتوانین کەئەو جیاوازی‌یە بپێوین بەسازدانی چاوپێکەوتن و تێبینی و ڕاپرسی و تاقی کردنەوە. ئەم پێوانەیە پێویستی بە زانیاری تەواو وردو لێکۆڵینەوەو دڵنیابوون هەیە ، پاشان بەرز کردنەوەی ئەوەی گونجاوە بۆ بەرپرسەکان.

## یەکەم: ڕۆڵی ڕاڤەکار

ئێمە وەك ڕاڤەکار مامەڵە دەکەین لەگەڵ هەڵسەنگاندنی پێداویستی‌یەکان و شیکارکردنیان، کردنی زانیاری و لێهاتوویی پێویست بۆ بەجێهێنانی ئەرکی دیاریکراو و هەڵسەنگاندنی توانای تاکەکان لەسەر بەجێگەیاندن بەشێوەیەکی پەسەند. پێویستە لەسەرمان تێبینی ڕەفتارەکانیان بکەین و بابەتیانە پێناسەیان بکەین. هەروەها پێویستە کە شێوازی نوێ بدۆزینەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شی‌کردنەوەی، پاشان لەدواییدا بەشوێن چارەسەر و ڕاهێنان و پوختەکردنی ئەنجامی گونجاو لە زانیاری‌یەکاندا بگەڕێین.

## دووەم : ئەخشە بنەڕەتییەکان بۆ شیکاری پێداویستییەکانی مەشق

### أ- دیاری کردنی ئامانجەکان

لەوانەیە ناسینی ئەو کارمەندانەی کە پێویستیان بەمەشق کردن دەبێت لەو ئامانجانەبن، لەگەڵ دیاریکردنی خاڵە کەموکوڕیەکانی بەجێ هێنان، هەروەها گەیشتن بەکەموکوڕییەکان و هۆکارە ڕاستەقینەکانی، وە بڕیاردانی ئەوەی کە ئایا مەشقکردن باشترین چارەسەرە بۆ کێشەکان، سەرەڕای فەراهەم هێنانی بەیاناتی بەسوود لە پێوانی ئەنجامەکانی بەرنامەی مەشق کردن. پاشان ئامانجێکی‌تر بریتی‌یە لە دەستەبەرکردنی ڕێنمایی دیاریکراو بۆ شێوازەکانی بەرنامەی مەشق کردن و ئەگەری دوبارەبوونەوەی و، خەرج و شوێنەکەی.

### ب- دیاری کردنی زانیارییە پێویستەکان

پێویستە لە بەیاناتدا جەخت بکرێت لەسەر ڕاستی‌یەکان وئەو ژمارانەی کە پەیوەندیدارن بە پێشبینییەکانی بەجێ هێنانی مەشق کاران، هەروەها دیاری کردنی زانیاری و بەیاناتی پێویست بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامەکان.

### ج- هەڵبژاردنی ڕێگا بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان

پێویستە کە شێوازەکانی کۆکردنەوەی بەیانات گونجاوبێت لەگەڵ جۆری ئەو زانیاری‌یانەی کە کۆدەکرێنەوە، شوێنی پەسەند کردن بێت بەپێی پێوەرەکانی ڕێکخراوەکە. بێگومان دەبێت بابەتیانەو وردەکاری تیابێت و خۆ لابدرێت لەدوبارەبوونەوەو زیادپێوەنان.

### د- کۆکردنەوەی زانیارییەکان

کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتی‌یە لە کرۆکی پرۆسەی شیکاری پێداویستی‌یەکان. ئامادەکردنی کاتی تەواو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و زەمانەت بۆ وردێتی و ڕاستی و دروستی زانیاری‌یەکان.

### هـ- شیکردنەوەی زانیارییەکان ولێکۆڵینەوەیان

ڕێگای شی‌کردنەوەی زانیارییەکان پشت دەبەستێت بە سروشتی هەمان زانیاری و شێوازی کۆکردنەوەی. بێگومان دەبێت ڕاستی زانیارییەکان تاقی بکرێتەوە لە ڕێگای بەراورد کردنی لەگەڵ ئەو زانیاری‌یانەی لەسەرچاوەی ترو بەشێوازی‌تر هاتووە.

### و- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی

پێویستە ڕاپۆرتی کۆتاییمان ناوەڕۆکی ئەو بەرنامەی مەشقکارییە بێت کە ئەو پێداویستیيانەی شی‌کردنەوە دیاری کردوون نیشان بدات. لەوانەیە ڕاپۆرتەکە لەسەر شێوەی خستنەڕوویەکی بەیاننامەیی بۆ زانیارییەکان ئەنجامە کورت کراوەکان لێی، یاخود کورتەیەکی نوسراو بۆ ڕێو شوێن بۆ دانانەکان و شی‌کردنەوەکان، یاخود تەنها خستنەڕوویەکی زارەکی بۆ ئەوەی کە پێویستە. لە هەموو بارەکاندا پێویستە ڕاپۆرتەکە تەواو بێت تا یارمەتی داڕێژەرانی بەرنامەکە بدات لەسەر دانانی بەرنامەیەکی مەشق کردن کە هەموو پێداویستی‌یەکانی مەشق کردن بگرێتەوە.

## سێیەم: کەرەستەکانی شیکار کردنی پێداویستەکانی مەشق کردن

ئەو کەرەستانەی کە بەکار دەهێنرێت بۆ شی‌کردنەوەی پێداویستی‌یەکان لەنێوان ڕاپرسی و تاقیکردنەوەو لیستەکانی پیادا چوونەوەو چاوپیاخشاندن وپێوانەکاندا دێت و دەچێت کە زانیاری‌یەکان کۆدەکاتەوە لەسەر ڕێبازێکی بەرنامەڕێژی لەدەوری تاکەکەس یان کۆمەڵ یاخود ڕێکخراوەکان بە تەواوی. لەکاتی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی بەشێوەیەکی بابەتیانە شوێنەوارەکانی لاوازی و بەهێزی دەردەخات.

کەرەستە باشەکان ئەوانەن کە دەتوانرێت بەشێوەیەکی خێراو ئاسان لێی سودمەند بیست، لەگەڵ بەکارهێنانی بەبێ ڕوودانی هیچ تێکچونێکی شوێنی کارکردنەکە، و تۆمار کردنی ئاکامەکانی بەشێوەیەکی ورد و لەسەر ئامێری کۆمپیوتەر تۆمار بکرێت و، ئەویش ئەوەیە کە ئەنجامەکانی بابەتیانەیە، و تێکەڵ بوون و گومانی تێدا نی‌یە.

### أ- ڕاپرسی

ڕاپرسی بەکار دەهێنرێت بۆ گەیشتن بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە ماوەیەکی دیاری کراودا یاخود ژمارەیەکی پەرتو بڵاو بەهۆی شوێنەکانیانەوە. مەبەستی سەرەکی لەمە بریتی‌یە لە دیاری کردنی بوارەکانی لێکۆڵینەوە کە پێویستی بە بەدوادا گەڕانی زیاتر هەیە بۆ شێوەیەکی تری هەڵسەنگاندن، هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە زانیاری‌یانەی لەسەرچاوەی ترەوە بە دەست هاتوون.

### ب- چاوپێکەوتن

بەکاردەهێنرێت بۆ کۆبونەوە لە دەوری پێشینەگشتی‌یەکان لەسەرەتای شی‌کردنەوەدا، هەروەها دەبێتە هۆی سوود گەیاندن بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی لەو کەسانەوە کە ڕای خۆیان دەردەبڕن بەشێوەیەکی باشتر لەکات قسەکردنی ڕاستەوخۆ لێیەوە.

لەرێگای زانیاری پەیداکردنیان لەرێگای بەیاننامە نوسراوەکانەوە. چاوپێکەوتن یارمەتی دەدات بۆ ناشنابون بە هۆکاری کێشەکان و چارەسەرکردنێك لەتوانادابێت لە رێگای هاندانی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێ بۆ خستنەرووی هەستیان و راو بۆچونیان دەربارەی ئەو کارانە.

زۆر کات روو دەدات ئەوانەی کەبەشدارن لەچاوپێکەوتنەکاندا شانازی بەو بەشداریکردنەوە دەکەن لەپرۆسەی شیکار کردنەکەدا. کاتێك بانگێشت دەکرێن بۆ پێشکەش کردنی زانیاری تایبەت بە پێداویستییەکانی تایبەت بە مەشق پێکردن.

### ج- تێبینی

تێبینی بەکاردەهێنرێت بۆ بە دەستهێنانی زانیاری لەسەر پێشینە گشتییەکانی بابەتەکان وەکو هێزی بزوێنەری کۆمەڵەکان و نەریتەکانی رێکخراوەکە یاخود بارودۆخی کارکردن، بۆ پتەوکردنی ئەنجامەکانی چاوپێکەوتن و راپرسی بە شێوەیەك بۆی زیاد بکات، و لێکۆڵینەوە لەو زانیاریانەی لیٚ ی وەرگیراوە. هەروها تێبینی بەکار دەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کێشانەی کە هەیە لە پەیوەندی کردن و بەکار هێنانی نادروست بۆ کات و داهات و کارمەندو ناڕێکی پێوەرە وەزیفیەکان و ململانێ زیان بەخشەکانی نێوان کارگێرییەتی و کارمەنداندا. سەرەڕای ئەمەش، تێبینی یارمەتیمان دەدات بۆ ناشنابوون بەلایەنە ئیجابی و بەهێزەکان.

### د- نموونەکانی کارکردن

نمونەکانی کار بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە کێشەی تیادایە، وەئەوەی کە پێویستی بە شیکردنەوەی زیاتر هەیە، و بۆ پتەوکردنی شێوازەکانیتر و هەڵسەنگاندنی و دڵنیابوون لە ڕاستی هەر بڵاوکراوەیەکیتر، و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە.

### هـ- تیانووسەکان و راپۆرتەکان

تیانوس و راپۆرتەکان بەکار دەهێنرێن بۆ بەدەست هێنانی زانیاری دەربارەی پێشینە گشتییەکان و دەرك پێکردنی گشتی سەبارەت بە رۆشنبیری رێکخراوەکە و نەریتەکانی، و بۆ لێکۆڵینەوە لەو زانیارییانەی بە هۆی شێوازەکانی ترەوە دروست دەبن، هەروەها بۆ تێگەیشتنی ئەوەی کە چۆن هەندێك کێشە لە رابوردودا توانیویێتی کاریگەری لەسەر تواناکان بکات چ لەسەر ئاستی تاکەکان و رێکخستنەکانی.

| هەڵوێستی کرداری |
| --- |

## سێکس : پەروەردەو مومارەسەکردن

سێکسی حەڵاڵ بەلایەنێکی گرنگ دادەنرێت لە ژیانی تاکەکەسدا. بۆیە پێویستە ڕۆشنبیری سێکسی بەشێوەیەکی گونجاوو دروست ئاراستە بکرێت. بەوەی کەپەیوەندی بەهاوسەرگرتنەوە هەیە ئەوا تێربوونی سێکسی تەواو، بۆ هەردوو ڕەگەزەکە شتێکی بنەڕەتییە بۆ پاراستنی ڕەفتار بەشێوەیەکی دروست. ئەگەر هاتوو هەردوو هاوسەرەکە نەیان توانی پێداویستی‌یە سێکسی‌یەکانی خۆیان لە ڕێگای ژن و مێردایەتی تێر بکەن ئەوا دەبنە نێچیری ڕازیکردنی دەرەوەی پەیوەندی خێزانی. ئەوەی کە جێگای سەرسوڕهێنانە کە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان لە ژیانی سێکسیانەدا بەدەست ئەم کێشە سەرەکی‌یەوە دەناڵێنن. ئەنجامەکەش ئەوەیە زۆر کات هەست بەبێزاری دەکەن، و ژیانی هاوسەرییان بەجیابوونەوە کۆتایی دێت. ڕێسا فقهیەکانی ئیسلام فێرمان دەکەن کە شەرم کردن نی‌یە بۆ پرسیارکردن لە کاروباری ئاینی با سروشت و بابەتەکەشی هەرچی‌یەك بێت.

بەڵام دەبینین کە زۆربەمان دوو دڵە لەپرسیارکردن دەربارەی ڕێساو ئادابی کرداری سێکسی. لە کاتێکدا کە ئێمە دەتوانین بڕێکی زۆر لە ئازارەکانی خێزانەکان کەم بکەینەوە بە بڕێك لە ڕۆشنبیری سەرەکی دەربارەی ژیانی سێکسی. بەپێی ئەوەی کە ئێمە ئەو جۆرە پەروەردیەمان نی‌یە، چەمکی هەڵەی زۆر هەیە کە لکاوە بەمەوە سەبارەت بەمومارەسە کردنی کاری سێکسی. بۆ نموونە، هەندێك پێی وایە چەند چالاکی سێکسی کەم بکرێتەوە لە ژیانی مێرددا ئەوا زۆر تر لە خوا نزیکەو باشترە. ئەمەش دژی پەروەردەی ئیسلامی‌یە. هەندێك پێیان وایە کە سێکس شەرێکەو بەناچاری ئەنجام دەدرێت بێگومان دەبێت جارێکی‌تر دڵنیابین کە هەموو ئافرەتە باشە حەڵاڵەکان خراونەتە خزمەت ئێمە بۆ ئەوەی خۆشییان لێ بچێژین، پیاو یاخود ئافرەت پاداشت وەردەگرنەوە ئەگەر هاتوو ئەم خواستەیان بە شێوەیەك بەکارهێنا کەخوا لێی ڕازی بێت.

بێگومان پێویستە وریابین سەبارەت بە چۆنێتی پێشکەش کردنی پەروەردەیی سێکسی و کەی، وەکێ بەو کارە هەڵدەستێت و ئەم ڕۆشنبیرکردنەش بۆکێ دەبێت. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین ئەگەر بێت و ئێمە هەڵنەستین بەو پەروەردەو هوشیاری‌یە بۆ خۆمان بە شێوەیەکی دروست، ئەوا لاوەکانمان بە شێوەیەکی هەڵە لە کۆمەڵگاوە وەریدەگرن، ئەوکاتە پاشگەز بوونەوە دادمان نادات. ئەوەش تاوانەکە لاوەکانمان لە هەردوو ڕەگەز بەجێ بهێڵێن هاوسەرێتی بکەن بەبێ پەروەردەی سێکسی دروست، لەبەر ئەوە پێویستە بەرنامە مەشقیەکان بایەخ بەم لایەنەش بدەن، بەڕێگەیەکی دیراسەکراوو پتەو. تەنها خوێندنەوەی کتێب بەس نی‌یە سەرەڕای سودەکەشی بەڵکو لەسەر ئەو کەسانەیە کە پێشتر هاوسەرێتیان کردووە و ووشیارن لایەنەکانی سێکسی بۆ تازە پێگەیشتوان شی‌بکەنەوە، بەدوای ئەمەشدا خولێك بۆ پرسیار کردن و وەڵامدانەوەی ئاشکرا دەست پێ بکات.

## چوارەم : نمونەیەك بۆ شیکاری پێداویستی‌یەکان

**جەختکردن لەسەر ئامانجەکانی مەشق کردن : بەراوردکردن لەنێوان ئەوەی کە پێویستە ببێت و ئەوەی کە هەیە.**

**نموونە :**

بۆچی؟ هۆکار: بڕیارەکانی لیژنەی جێبەجێ کردن بەشێوەی پێویست ئەنجام نادرێ.

چی؟ ئامانج: ئەنجامدانی بڕیارەکانی لیژنەی جێ بەجێ کردن بەپێی داواکراو.

| کێشەکە | پێویستە چی بکرێت؟ | ئایا پێویست بەمەشق کردن هەیە لەهیچ بوارێکدا؟ | چارەسەری تر | تێبینی‌یەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئەوانەی کە ڕاسپێردراون زانیاری تەواویان پێنەداوە لەکاتی گونجاودا | پێویستە زانیاری تەواویان بدرێتێ بۆجێبەجێ کردنی بڕیارەکان | بەڵێ : مەشق کردن لەسەر پەیوەندی کردنی باش | هەڵە لەیەکێك لە لێپرسراوەکانەوە | بۆ سەرۆك بدوێ |
| کەمی ژمارەی بەشداربوان | زۆر بوونی ژمارەی بەشداربوان | بەڵێ : پروپاگەندە کردن و ڕاگەیاندن | بەرنامەی باشتر | بۆسەرنوسەر بدوێ |
| | | | | |
| | | | | |



بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجاً ﴿٢﴾
وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى
اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللهَ بالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ
اللهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْراً ﴿٣﴾

(الطلاق)

## گفتوگۆ

١- ڕۆڵی ڕاڤەکار لە هەڵبژاردنی بوارەکانی مەشقکردندا چی‌یە؟
٢- گرنگترین شەش هەنگاوە بنەڕەتی یەکەی شی‌کردنەوەی ئەو پێداویستییانەی ئامانجی وردبینی ئەنجامەکان چین؟
٣- ئەوە چی‌یە کە ئامرازی باش بۆ شیکاری پێداویستییەکان جیادەکاتەوە؟
٤- کام ئامراز زانیاری یەك بەرهەم دەهێنێت کە زیاتر پشتی پێ دەبەسترێت؟ ڕاپرسی یاخود چاوپێ‌کەوتن؟

## جێبەجێ کردن

داوای یارمەتیت لێ کرا بۆ چاك کردنی جۆری بەڕێوەبردنی ١٠٠ مەڵبەندی ناوخۆیی لە وولاتدا. بڕیارت دا کە چاوێك بخشێنێت بە شی‌کردنەوەی پێداویستی‌یەکاندا بۆ بڕیاردانی مەشقی پێویست و جۆرەکەی. پارەی تەواوو کاتی تەواوت هەیە، ئەمەش یەکەم جارە کە پڕۆژەی وەکو ئەوەی تیادا جێبەجێ دەکرێت.

١- وتارێکی پێناسەیی بنوسە بۆ سەرۆکەکانی مەڵبەندەکان و تێیدا ئەوە شیبکەرەوە کە دەتەوێت چی بکەیت و بەرژەوەندییان لەهاوکاری کردندا.
٢- نەخشەیەکی پرۆژە کە بکێشەو، دروشمەکانی ڕێگای جێبەجێ کردنی تیادا دەست نیشان بکە ، وەبودجەی پرۆژەکەش دیاری بکە.
٣- لیستێك دابنێ بۆ پێنج بەربەستی سەرەکی کەدێتە ڕێت و چۆنێتی چارەسەرکردنی دیاری بکە.

بەشی

٢٧

# سیمای بەرنامە مەشقییە سەرکەوتووەکان

**یەکەم : بەردەوامێتی**

ا – نەخشە کێشان (پلاندانان)

ب– بنکەی زانیاری‌یەکان

**دووەم : تایبەتمەندێتیەکانی بەشداربوان**

ا – بەشداران مەبەستن

ب– پێداویستی‌یە تایبەتی‌یەکان

**سێیەم : ماددەی بەدواداچوونی بەردەوام**

**چوارەم : فێربوون لەڕێی ئەزمونەوە**

**پێنجەم : فێرکردنی گەورەکان**

**شەشەم : سنورەکانی مەشق کردن**

**ئامانجەکانی بەش**

**لەکاتی تەواو کردنی ئەم بەشەدا، توانات دەبێت لە:**

- **دیاری کردنی ئەو هۆکارانەی کە مەشق کردن سەرکەوتو دەکەن.**
- **دەرکی گرنگی و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی بەشداربوان لەمەشقدا.**
- **گرنگی‌دان بەلایەنە فێرکاریەکان بۆ مەشقی گەورەکان.**

## یەکەم : بەردەوامێتی

مەشق کردنی باش بریتی‌یە لەپرۆسەی پتەوکردنێکی فرە بۆ بەهێز کردنی پابەندێتی بوونی ڕێکخراوەیـی‌و فیکـری، هـەروەها ڕێگا یەکە بۆ بەدەست هێنـانی لێـهاتوویی پێویسـت لەگـەڵ بـەردەوام بوونـی مەشـق کـردن لەسـەری بەمەبەستی پێشخستنی و تازەکردنەوەی . لەبەر ئەوە مەشق کردنی باش ئالۆزی پەرەسەندوی ماددەی مەشقەکە دەگرێتەخۆ بە بەردەوامی.

ئەگەر هاتوو ڕەوشی ئێستای مەشق کردنمان خستە ڕوو، ئەوا دەبینین کە بەرنامەکان باش ئامادە کراون بە شێوەیەك کە پێداویستی بەشداربوان فەراهەم بکات، بەڵام هەژارە لەڕووی بەردەوامی پێویستیەوە لەبەرنامەیەکی مەشقییەوە بۆ یەکێکی تر، لەوانەیە نەکرێت یەك بەرنامە زنجیرەیەکی گرێ دراوبێت لەگەڵ بەرنامەیەکی‌تر، هەروا بەشداربوانیش لەوانەیە بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی‌تر پێش نەکەون.

**أ- نەخشەکێشان ( پلان دانان )**

بەرنامەی مەشقی سەرکەوتوو بەبەردەوامێتی پلان دارشتن جیادەکرێتەوە.

ئەم بەردەوامی‌یە ئەوە مسۆگەر دەکات کە مەشق کەران دوچاری وەستان و دۆگمایی نەبەن، بەڵکو دەبێتە هۆی زیادبوونی تواناکانیان و، گەشەکردنی بەخێرایی. هەروەها دەبێتە هۆی لابردنی دووبارە بوونەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی نایابی مەشقی. کاتێك دەخرێتە ژێر پۆلێنکردنێکی بابەتیانەوە، ئەوا بەرنامەی مەشقی خاوەن پلانی بەردەوام بوار دەرەخسێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی مەشق کەران و دابەش کردنیان لە داهاتوودا لە بوارە جیاوازەکانی کارگوزاریدا پاش ئامادەکردنیان.

**ب- بنکەی زانیارییەکان**

لەو ئەنجامانەی لەسەر بەردەوام بوونی نەخشە بۆکێشراو کە کەڵەکەبووە پێویستی پاراستنی بنکەی زانیارییەکانی مەشقکەران و بنکەیەکی ترە بۆ داهاتەکانی مەشق کردن.

بنکەی زانیاری‌یەکان ناوی مەشق کەران و ڕێگای پەیوەندی کردن پێیانەوە لە خۆدەگرێت ، هەروەها کورتەیەك دەربارەیان و شایستەیی مەشق کردنیان. وە دەتوانرێت کە زانیاری هەڵبژێردراوی باش بخرێتە بەردەست سەرکردەکان کەلەگۆڕەپانەکەدا کاردەکەن.

بنکەی زانیارییەکان داهاتەکانی مەشق کردن و زانیاری هاوشێوە لەخۆی دەگرێت دەربارەی مەشقکارە کۆن و نوێکان. هەروەها زانیاری لەسەر مادەکانی مەشق کردن دەگرێتەخۆ وەکو کتێب و ووتار و هۆکارەکانی ڕونکردنەوەی بیستن و بینین و...هتد، هەروەها ڕێگاکانی بەدەستهێنانیان. زانیارییە هەڵبژێردراوەکانی ئەو بنکانە زۆر بەکەڵکە بۆ ئەو مەشقکارانەی کە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی بەرنامەکانی مەشق. بەکارهێنانیان زۆر بەگرنگ دەزانرێت لە گەڕان بەدوای کەرەستە پێوەرییە گونجاوەکاندا.

## دووەم : تایبەتمەندێتیەکانی بەشداربوان

مەشق کردنی باش ئەوەیە کە تایبەتمەندێتی‌یەکانی بەشداربوان لەبەرچاو دەگرێت، لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی ئاستی ئێستای فێرکاری و توانای تێگەیشتنیان.

بەرنامەی مەشق کردن بەشێوەیەکی گشتی بەلای ئەوەدا دەچێت کە بنکەیەکی بەرینی هەبێت، تا لەگەڵ شارەزا یییە جۆراو جۆرەکانی بەشداربوواندا بگونجێت. ڕاهێنەران سەرکەوتوو نەبوون لە ڕێکخستنی بەرنامەکان بۆ بەشداربوانی پسپۆڕ یاخود بەبەکار هێنانی ئەو ماددانە کەناڕەحەتییان مامناوەندییە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەمووواندا بگونجێت.

**أ-بەشداران مەبەستن**

لە سیما گرنگەکانی بەرنامەی مەشق کردنی باش ئەوەیە کە لە ناوەڕۆکیدا ئاراستەی جۆرێکی تایبەت لەبەشداران کرابێت جەماوەری مەشق کەرانی نوێی هەمە جۆری هەیە کەوا دەکات لە ڕاهێنەران کە گرنگیان پێ بدەن. هەموو بەشداران سود مەندبن لەڕۆڵبینین و کاریگەری و شارەزایی جۆراوجۆر بەپێی ئەو توانا خودیانەی کەهەیانە ئەوە گرنگ ترە بۆ وەرگرتنی شارەزایی فێرکاری

هەڵبژێردراو. ئەگەر هاتوو ئەو جیاوازیانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا و بەکار هێنران و لەدارشتنی بەرنامەکان و جێبەجێ کردندا، ئەوا ئەنجامەکە دەبێتە بەرنامەیەك کە زیاتر جەخت دەکاتە سەر گرنگیەکانیان و مەشقێکی باشتر.

### ب- پێداویستییە تایبەتیەکان

راپرسی و پەرگریە ئاراستەکراوەکان یارمەتی مەشق کەرانی نوێ و خاوەن شارەزاییەکان دەدەن لەسەر دیاریکردنی پێداویستە تایبەتەکان کەلەنێوان توانا زمانەوانیە تایبەتەکان و ماوەی وردبونەوەی مومکیندا دێت و دەچێت، هەروەها هەڵبژاردنی بابەتە گونجاوەکان، وشتیتر. وەلە نموونەی بەشدار بووانی جۆری تایبەت: لاوان و ئافرەتان، و کەمایەتیەکان و کارمەندە مەیدانییەکان و مامۆستاکان و سەرکردەی رەوەندەکان و ئیمامەکان ودایك و باوك، و ...هتد.

## سێ هەم : ماددەی بەدواداچوونی بەردەوام

پێویستە کە مەشق کردنی باش پشتگیری ماددەکانی بەدواداچوونی بەردەوام بکات کە مەشقکاران لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە بۆ بەکارهێنانی هەریەك بەرێگەی خۆی. بەڵام جۆری ئەو مادانە و سروشتەکەی پێویستە پشتگیری و پشتیوانی مادە فێرکارییە بەکارهێنراوەکان بکەن لەهەمان بەرنامەدا. کەئەو بەکارهێنانە هاوبەشەی ماددەکان لە شوێنی خوێندن و لەماڵەوەدا ببێتە هۆی زیادکردنی کاریگەری هەوڵەکانی مەشق کردن بەگشتی.

ئەزمونە کردەییەکان ئەوە نیشان دەدەن تەنانەت کاتێك بەرنامە مەشقییەکان چەند مادەیەك دەگرێتەوە لە لە نمایش و راڤەکردن و ئامیلکەی دابەشکراو لە پێگە مەشقییەکاندا ئەوانە هەمووی ناخوێنرێتەوە لەکاتی خۆیدا ناچێتە مێشکەوە، ئەمەش ئەوە پێویست دەکات کەبوار برەخسێنرێت بۆ مەشقکاران کەماددەکان بەشێوەیەکی فێرکارییانەی کاریگەر بپێچنەوەو بتوانن لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە ماڵەوە لە پێناوی بەدواداچوون و پیادا چوونەوە. لەنمونەی ئەم جۆرە مادانە کاسێتەکانی تۆماریی بیستن و کاسێتەکانی ڤیدیۆ و کورتەباسەکان و حاڵاتی خوێندن و شتی تر.

## چوارەم: فێربوون لەرێی ئەزمونەوە

پێویستە مەشقی باش، فێربوون لەرێی مومارەسەو بەشداری کردنەوە لەخۆ بگرێت. فێربوون لەرێی ئەزمون و ئەدای کەسییەوە هێندە گرنگە پێویستی بە بەلگەو سەلماندن نییە.

هەندێك جار بەرنامەی مەشق کردن وا دارێژراوە کە مەشقەکە بەجەماوەرێك بناسێنێت کەلەخودی پرۆسەکەدا بەشدار نەکرابێت بەڵام بەمەبەستی مسۆگەر کردنی سەرکەوتنی بەرنامەی مەشق پێویستە مەشقکاران بەشدار بکرێن بەوەی هەندێك رۆڵ بگێرن، یان ئەرکی سەرکردەییان پێ بسپێردرێت لەبەرێوەبردنی بەرنامەکەدا، یاخود چەند ئەرکێك کە لێهاتووییەکانیانی تێدا بەکار بهێنن.

دەکرێت هەندێ راو پێشنیار سەبارەت بەدارشتنی چەند چالاکیەکی تایبەت بەئەزموون و مومارەسە بخرێتە روو، بە مەبەستی بەشدارکردنی تاکەکان یان کۆمەڵەکان. ئەم چالاکیانە وادەبێت لەناو بیناکەدا بن یان لە دەرەوەی پیادە بکرێن. دەگونجێت راهێنان و مەشقە جەستەییەکان لە دەرەوەی بیناکان رێکبخرێن لەپێناوی چەند ئامانجێکی سەرکردەیی گرنگدا کەبەدیهێنانیان تەنها لە رێگای کاری تیم و هاوکاریەوە لەگەڵ لێهاتوویی سەرکردەییانەوە دەبێت.

## پێنجەم : فێرکردنی گەورکان

پێویستە لەمەشقی باشدا تایبەتمەندییەکانی فێرکردنی گەورە بزانین، بۆ ئەوەی کەشێکی فێرکردنی گونجاو بڕەخسێنێت، دەبێت بنەما سەرەکییەکانی فێرکردنی گەورە ببەسترێتەوە بە پلانی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی هەر یەکێك لە ترخمەکانی بەرنامەی مەشق کردنەوە. پێویستە کە ماددە مەشقکارییەکان گرنگی بەمانەی خوارەوە بدەن:

**یەکەم : سەرنج ڕاکێش بە**

أ - بۆ فێربوونی گەورەکان، پێویستە کەمەندکێش بکرێن بۆ زانیاری‌یەکان و بۆ بەدەمەوەهاتنیان.

ب- بۆ ئەوەی سەرنجی فێرخوازە گەوەرەکان ڕابکێشیت، ئەو سوودانەیان پێ بڵێ کەلە ئەنجامی فێربوون پێیان دەگات.

**دووەم : پەیوەستی بکە**

أ- فێرخوازان پێویستیان بەوە هەیە کە زانیاری‌یە نوێکان پێکەوە ببەستن بەوەوە کە بەکردەوە دەیزانن، تابتوانن ئەوەی پێشکەشیان دەکرێت وەبیریان بێننەوە.

ب - بۆ نزیك کردنەوەی زانیاریە نوێیەکان، بەلایەنی کەمەوە هەستە بەبەکارهێنانی نمونەیەکی باش بۆ ڕاڤە کردنی هەرچەمکێك یاخود لێهاتوویيەك، کە پێشکەشیانی دەکەیت.

**سێهەم : ئاسانکار بە**

أ- بۆ پێشکەشکردنی زانیاریە نوێیەکان بەڕوونی، بەبنەماو بنچینەو وشیارکردنەوەو ئامۆژگاریە سەرەکییەکان دەست پێبکە.

ب- بۆ یارمەتی دانی فێرخوازان بۆ بەبیرهاتنەوەی زانیارییە زۆرەکان یان ئاڵۆزەکان، زانیارییەکان لەسەر شێوەی کۆمەڵەی پێکەوە بەستراو پێشکەش بکە.

**چوارەم : بەهێزی بکە**

أ - بۆ بەدەستهێنانی گرنگی دان و سەرنجی فێرخوازان، بوار بڕەخسێنە بۆ دەوڵەمەند کردنی پەیڤین لە ڕێگای تێبینیو ڕەخنەو سەرنج دانەوە.

ب- بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی فێربوون، بوار بڕەخسێنە بۆ فێرخوازان کەخۆیان زانیاریەکان مومارەسە بکەن، و بەپێی توانا جێبەجێی بکەن.

ج- بۆ ئەوەی کە فێرخوازان ئامادە بکەیت بۆ زانیاریە نوێیەکان، کۆتایی پێبێنە بەکورتەیەکی گرنگترین خاڵە سەرەکی‌یەکان، لەگەڵ خستنە ڕووی کۆمەڵێك پرسیاری ڕاڤەکارو ئاراستەکار.

## شەشەم : سنورەکانی مەشق کردن

زۆرکات باسی مەشقی هەموان دەکەین بۆ ئەوەی لەبەجێگەیاندندا سەرکەوتوبن. بەڵام لێرەدا سنورێك هەیە بۆ مەشق کردن. پێویستە کە تاك لەبنەڕەتدا توانای مەشقی هەبێت. لێرەدا چیرۆکێکی ڕەمزی لەبارەگای خوێندن لە شاری سینسناتی لەولایەتی ئوهایۆوە دێنین. خوای گەورە توانی بەهرەگەلی تایبەتی بەخشیوە بەهەر مرۆڤێك کەلە کەسێکی تری جیادەکاتەوە. پێویستە لەسەرمان کەئەو سیفەتە هەرە باشانە بەهێز بکەین لەگەڵ مەشق کردن لەسەر سیفەتەکانی تر بەشێوەیەکی هاوسەنگ.

## قوتابخانەی ئاژەڵان

ڕۆژێك ئاژەڵەکان بڕیاریان دا کە هەستن کارێکی ئاوازەو نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی ((جیهانی نوێ))، قوتابخانەیەکیان دروست کرد. و بەرنامەیەکی خوێندنیان دانا بۆ چالاکی کە پێکهاتبوو لە : ڕاکردن و پێداهەڵگەڕان و مەلەو فڕین. وە بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەچوونی بەرنامەکان بڕیاردرا کە هەموو ئاژەڵەکان هەموو بڕیارەکان بەجێ بهێنن. مراوی لە مەلەکردندا زۆر باش بوو لەڕاستیدا لە ڕاهێنەرەکەشی باشتربوو، پلەیەکی زۆر باشیشی لە فڕین دا بەدەست هێنا، بەڵام لەڕاکردن دا زۆر لاوازبوو. لەبەر ئەوە بەسەریاندا سەپاند کەپاش کاتی خوێندن بمێنێتەوە مەشق بکات لەسەر ڕاکردن، پاشان مەلەی پشت گوێ خست. بەردەوام بوو لەسەر مەشق کردن تا قاچەکانی بریندابوو لاواز بوو، وەلە مەلەکردن دا چووە پلەی مام ناوەندی. لەبەر ئەوەی کەرێژەی مام ناوەندی لە خوێنگاکەدا شتێکی خراپ نەبوو، کەس هەستی بەهیچ دڵە ڕاوکێیەك نەکرد تەنها مراوییەکە خۆی نەبێت.

کەروێشك یەکەم بوو لەڕیزی ڕاکردندا، بەڵام تووشی داڕوخانی دەروونی بوو بەهۆی ئەو گرفتانەی تووشی هات لەمەلەکردندا.

سمۆرە زۆر باش بوو لەسەر کەوتن بەڵام تووشی شکست و بێ هیوایی هات لەوانەکانی فڕین دا مامۆستاکەی وای لێکرد لە زەویدا هەڵبەزێتەوە لەجیاتی ئەوەی لەلوتکەی دارە وە بازبدات. لە هیلاکیدا قاچەکانی تووشی ڕەق بوون هاتن. پلەیەکی مام ناوەندی بەدەست هێنا لەسەر کەوتن داو لە ڕاکردن دا پلەی پەسەندی بەدەست هێنا.

داڵ منداڵێکی هاروهاج بوو دەبوو بەتوندی ڕابهێنرێ لەسەر یاسا. بەسەر هەموو هاوڕێکانیدا زاڵ بوو لەسەر کەوتن بۆ لوتکەی دارەکان، بەڵام سووربوو لەسەر ئەوەی بەشێوازی تایبەتی خۆی ئەوە بکات. لە کۆتایی ساڵدا، ماسییەك هەبوو کە دەیتوانی بەشێوەیەکی لێهاتوانە مەلە بکات و دەیتوانی ڕابکات و هەڵبگەڕێ و تۆزێکیش بفڕێت، بەم شێوەیەش باشترین پلەی بەدەست هێنا و ئیتر ئەو هەستا بە خوێندنەوەی وتەی دەرچووەکان.

## گفتوگۆ

١- بۆچی بەردەوامیتی بە خالێکی گرنگ دادەنێین بۆ سەرخستنی مەشق؟

٢- چ کاتێك پێویستە مەشق ئاراستەی جۆرێکی دیاری کراو لە مەشقکاران بکرێت؟ و چۆن؟

٣- چۆن ئەو ماددانەی کە مەشقکاران لەماڵەوە سوودی لێوەردەگرن بۆ مەشقەکانی خۆیان دەبێتە پشتیوان بۆ ئەوەی لەهۆڵی خوێندندا فێری بن.

٤- چۆن سورد دەگەیەنین لە تێگەیشتنی چۆنیەتی فێربوونی گەورەکان لە داڕشتنی بەرنامە مەشقییە سەرکەوتوەکاندا بۆیان؟

## جێبەجێ کردن

داوات لێکراوە پلان دابڕێژیت بۆ بەرنامەی مەشقی کۆمەڵێك لە (٣٥) خۆبەخشی خاوەن ئەزموون، هەندێکیان لەلاوان و هەندێکی تریان لەگەورەکان. پێشتریش هەموویان دوو بەرنامەی مەشق کردنیان لەبوارەکانی پەیوەندیداردا بینیوە. ئەو خۆبەخشانە تەنها کاتێکی دیاری کراویان هەیە بۆ ئامادە بوونی ئەڵقەیەکی خوێندن، بەڵام ئەوان گرنگی دەدەن بەمەشق پێکردنی خۆیان. هەندێکیان ماوەیەکی دوورو درێژ پەیوەستن بەخزمەتکردنی ڕێکخراوەکەوە .

١- پێشنیارەکانی خۆت بخەروو بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی مەشقیی سەرکەوتو بۆ ئەو کۆمەڵەیە.

٢- نەخشەیەك داڕێژە لەسەر کۆمپیوتەر بۆ بنکە زانیارییەکان کە یارمەتی بدات لەسەر دانانی نەخشەیەکی مەشق بۆیان بۆ ماوەی پێنج ساڵ.

٣- ئەو فاکتەرانەی کەزیاتر بە بایەخن لە فێرکردنی گەورەکاندا بۆ ئەم کۆمەڵەیە دیاریان بکە.

بەشی

٢٨

# جۆرەکانی مەشق کردن

**یەکەم : بە پێی ماوەی مەشق کردن**

ا - پشووی کۆتایی هەفتە

ب- هەفتە

ج- هەموو وەرزێك (سێ مانگ)

**دووەم :بە پێی ئامانج**

ا - گەشەدان بەلێهاتووییەکان

ب- بەرزبوونەوەی ڕوحی

ج- دەوڵەمەندکردنی مەعریفی

د- مەشقی مەیدانی

**سێیەم : بە پێی جوگرافیا**

أ - لەسەر ئاستی ناوخۆ

ب- لەسەر ئاستی ناوچەکان (ناوەوەی وڵات)

ج- لەسەر ئاستی ووڵات

د- لەسەر ئاستی هەرێمایەتی (کۆمەڵە وڵاتێك)

ه- لەسەر ئاستی جیهان

**چوارەم :بە پێی تەمەن و پسپۆری**

ا- لاوان

ب- ئافرەتان

ج- پسپۆری

**ئامانجەکانی بەش**

پاش تەواو کردنی ئەم بەشە ، دەتوانیت کە :

- جیاوازی بکەیت لەنێوان جۆرە جیاوازەکانی مەشق کردندا.
- جۆرە گونجاوەکان هەڵبژێریت بۆ حاڵێکی دیاریکراو.
- ڕەخساندنی بەرنامەی مەشقی بۆ پێویستیەکی دیاری کراو.

## یەکەم : بە پێی ماوەی مەشق کردن

ماوەی بەرنامە یان چالاکی مەشقی بەگرنگترین هۆکارەکانی نەخشەکێشان و پێوەرەکانی دادەنرێت. ماوەی بەرنامەی مەشق پشت دەبەستێت بەئامانجەکانی مەشقی و بەرێژەی فەراهەم بوونی مەشقکاران، چەند ئەگەرێکی جۆراو جۆریش لەم بارەیەوە هەیە:

### أ- پشووی کۆتایی هەفتە*

لەلایەنی کردەییەوە، چالاکی مەشق کردن لە پشووی کۆتایی هەفتەدا بەکورتترین ماوەی مەشق دادەنرێت . ئەویش وەك ئەوەی باوە لەدوا نیوەڕۆی هەینییەوە دەست پێ دەکات و لەپاش نیوەڕۆی یەك شەممە کۆتایی دێت. بەڵام لەبەر رۆشنایی رێژەی فەراهەم بوونی مەشقکاران، ئەو زنجیرانەی کەلە رۆژانی هەینیدا دەبەسترێت ژمارەیەکی تەواو لە بەشدار بووان تیایدا ئامادەنابن. بەهەمان شێوە، هەندێك لەبەشداربوان ناچار دەبن کە بەجێی بێڵن پێش ئەوەی بەرنامەکە کۆتایی بێت لە رۆژی یەك شەممە دا، بەمەش ، رۆژی شەممە زۆرترین رۆژی بەرهەمە لەبەر ئەوەی زۆرترین ژمارەی رێکوپێکی تێدا ئامادە دەبێت. پێویستە لەسەر پلان دارێژەرانی بەرنامەکە و ڕاهێنەران کە دانیشتن و چالاکییەکان بەشێوەیەك رێکبخەن کە رۆژی شەممە بگاتە لوتکە. وچالاکییەکانی هەینی رێگا خۆشکەر بن بۆ چالاکییەکانی رۆژی شەممە، باشتر وایە کە دانیشتنێکی کورت لە بەیانی شەممەدا تایبەت بکرێت بۆ کورت کردنەوەی ئەوەی کەلە دەستی تازە هاتووەکان چووە لە چالاکی. بەڵام چالاکییەکانی رۆژی یەکشەممە ئەوا تەواوکەرو کۆتایی پێهێنەر دەبێت، هەروەها دانیشتنی شەوی پێشووتر دەبێت راڤە بکرێتەوە، بۆئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بەزوویی بڕۆن، ئەو کارانەی کە پێویستی بە گرنگی پێدان هەیە بۆ ئەوەی بیگرنە ئەستۆی خۆیان.

### ب- هەفتە

ئەتوانرێت بەرنامەیەك ئامادە بکرێت بۆ هەفتەیەك ئەگەر مەشقکاران کاتیان هەبوو بۆ ئەوە یاخود مۆڵەت وەربگرن لەشوێنی کار یاخود زانکۆکانیان. وەك ئەوەی باوە بەرنامەکە رۆژی هەینی دەست پێ دەکات و هەینی داهاتوو کۆتایی دێت. دەکرێت لەکاتی تردا ئەمە بکرێت وەك ئەوەی دوو شەممە دەست پێ بکات و یەکشەممە کۆتایی پێ بێت.

ئەم جۆرە بەرنامەیەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ پلانی مەشقێکی چڕ وگشتگیر. ولەم بارەش دا دەتوانرێت بەرنامەیەکی هەمە ڕەنگ و دوورو درێژ پێش کەش بکرێت لەگەڵ بواری بەشداری کردن لە ڕاهێنان و تاقی کردنەوەیئەوزانیارییەی کە بەدەست هاتووە . هەروەها هەفتەیەك بەسە بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان بەشداربوان و چاندنی گیانی دەستەیی لە نێوانیاندا.

### ج- هەموو وەرزێك (سێ مانگ)

بەرنامەی وەرزی یان چارەکە ساڵانە کاتێك دەبەسترێت کە مەبەست مەشق کردن بێت بە هەندێك تاکی هەڵبژێردراو لەکەسە پابەندەکان بەکار کردن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ یاخود بەشێوەی لێبڕانی تەواو. هەروەها مەشق کردن لەو ماوەیەدا پێویستە بۆ ئەوانەی کە مەشقی کەسانی تریان پێ دەسپێردرێت لەسەر کارکردن. کەئەو بەرنامەیە تایبەت بکرێت و بۆ بەڕێوەبەرەکانی مەڵبەندە ئیسلامیەکان.

بەرنامەی وەرزی لە ژمارەیەك بڕیاری تیۆری و کرداری پێکدێت لەسەر بابەتە هەڵبژێردراوەکان لە مەشق بۆ سەرکردەیی. وەهەر بڕیارێك لەموحازەرەو ڕاهێنان ر تاقیکردنەوەو پرۆژە تایبەتییەکان پێك دێت. لەڕەگەزە گرنگەکانی ئەو بەرنامەیە

---

* ئەوەی کە روونە ئەو بەر نامە پێشنیار کراوە وارێکخراوە کە بگونجێت لەگەڵ باری ئەو کۆمەڵانەی دەژین لەو وولاتانەی کە یاسای رۆژئاوایی دەگرنە بەر لەدابەش کردنی رۆژەکانی کارکردن و پشووی هەفتانەدا. شتێکی بەڵگەنەویستە کە دەکرێت ڕاست بکرێتەوە بەجۆرێك کە لەگەڵ بارو دۆخی وولاتانی تردا بگونجێت.

کارلێکردنی بەردەوامە لەنێوان مەشقکاران و ئەندامانی لیژنەی مەشق لە چوارچێوەی نەخشە بۆکێشراودا یاخود بە شێوەیەکی خۆیی. کۆتە وەزیفی و پێداویستییەکانی خوێندنی خوێندکاران بەرەو ئەوەمان دەبات کە سنور هەبێت لە ژمارەی بەشداربوان لەبەرنامەی مەشقی وەرزیدا. زورجار واباشە کەلەکاتی هاویندا ببەسترێت.

## دووەم : بە پێی ئامانج

دەتوانرێت بەرنامە مەشقییەکان بەشێوەیەك رێکبخرێت خزمەتی چەندین ئامانج بکات کە لەنێوان گەشەپێدانی لێهاتووییەکان و بەرزبوونەوەی رۆحی دابێت. ئەو ئامانجانەی کە خراونەتە مەشقەکەوە کاریگەری دەبێت لە هەڵبژاردنی ناوەرۆك و شێوازدا. لێرەدا هەندێك بارو هەلوێست دەخەینە بەرگفتوگۆ.

### أ- گەشەدان بە لێهاتووییەکان

روبەروبوونەوە نوێیەکان بەڵکو بەرەوپێش چوونە تازەکانیش لەژینگەی کاردا شارەزایی و لێهاتوویی زیاتر دەخوازن، لەپێکهاتە گرنگەکانی سەرکردایەتی بە دەستهێنانی بەهرەمەندی و بەهێزکردنییەتی لە بوارەکانی کەموکوریدا، هەروەها بەهێز کردنی لێهاتوویە بەدەستهاتوە نوێیەکانیش.

بەرنامەی مەشقکاری بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکان جەخت دەکات لەسەر بەدەستهێنانی لێهاتوویی لەو بەهرانەی دیاریکراون و مەشقەکاران پێی نیازمەندن. ماوەی ئەو بەرنامەیە پشت دەبەستێت بە چەندێتی ئاڵوزی و نارەحەتی ئەو بەهرەیەی کەپێویستە گەشەی پێبدرێت و توانای مەشقکارەکانیش لە فێربوندا. پرۆگرامی بەخششی کرداریی راستەوخۆ بەشی هەرە زۆری بەرنامەی مەشقەکە پێك دەهێنێت. لەنموونەی ئەو بەهرانەش نووسین و ووتاردان و هەڵمەتی راگەیاندن و ئەرکەکانی پێشەواکان و بەکارهێنانی هۆکارەکانی رونکردنەوەی بیستن و نووسینی رۆژنامەو، شتیتر.

### ب- بەرزبوونەوەی روحی

گەشەپێدانی رۆح و باشترکردنی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خوای بەدیهێنەردا بەگرنگترین بنەماکانی سەرکردەیی سەرکەوتوو دادەنرێت .

دەتوانرێت کەبەرنامەکانی مەشقی تایبەت گرنگی بدات بە بەهێز کردنی لایەنی روحی لەنێوان بەشداربوان لەرێگای لێکۆڵینەوەی چروپری قورئانی پیرۆزو ژیانی پێغەمبەرەوە (د.خ) .

سەرکەوتن بەشێوەیەکی راستەوخۆ پشت دەبەستێت بە جۆری بەرنامەکان و ئەو کەشەی تیایدا دەبەسترێت. شانبەشانی چالاکیە فێرکارییەکان وەك ووتنەوەی موحازەرەو ئەڵقەکانی خوێندن، ئەوا ئەو بەرنامانە دەبنە هۆی هاندانی مەشقکاران لەسەر بەشداری کردن لە خواپەرستی وەك شەونوێژو رۆژوو گرتن.

### ج- دەوڵەمەند کردنی مەعریفی

دەوڵەمەند بوونی مەعریفیٚ مرۆڤ بەزانستە ئیسلامی و هاوچەرخیەکان، کەتێیدا مێژوو بیروباوەرو فەلسەفەو رۆشنبیری راگەیاندن و شتانی تر، بوار بۆ مەشق خواز دەرەخسێنیٚ کە بتوانیٚ روو بەرووی ئاکارە هاوچەرخیەکان ببێتەوە لەدیدێکی دروستەوە.

چالاکیە مەشقیەکان بایەخی زیاتر دەدەن بەبەدەستهێنانی زانست و زانیاری، لەوەدا کە تایبەتە بە کارو پیشەی سەرکردەییەوە. بەرنامەکانی مەشق کردنیش پێك دێن لە وانەوتنەوە و کۆری وانە خوێندن و تاوتویٚ کردنی بابەتە پێشنیارکراوەکان لەلایەن شارەزایانەوە، سەرەرای لێکۆڵینەوەی خودی کەئاراستەی مەشق پێکەران دەکرێت.

### د- مەشقی مەیدانی

مومارەسە کردنی سەرکردەیی مەیدانی لەسەر سروشتی نێوان ئەندامەکان و ڕێکخراوەکان و لەسەر ئاستی ناوخۆییدا بریتییە لە کرۆکی گرنگی ڕێکخراوە ناوەندییەکان. بۆیە پێویستە بڕیارو پلانەکان لەبواری کاردا وابێت کە ئەندامان لە دەوری کۆببنەوەو بخرێنە جووڵەو ئاراستە بکرێن بۆ کارکردن بەپێی ئەو پلان و بڕیارانە و جێبەجێ بکرێن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو بەرنامانەی تایبەت کراون لە مەشقی مەیدانیدا بریتین لە چالاکییە کردارییەکان وەك وەرشە یاخود کۆڕی وانە خوێندن و دیراسە کردنی بارە کردارییەکان و بەجێگەیاندنی ڕۆڵە پەیام بەخشەکان ئەو شتانەی هاوشێوەی ئەون. ئەم چالاکیانەش پێدادەگرن لەسەر گەشەپێدانی ئەو توانایانەی هاوشانی سەرکردەیی سەرکەوتوو بێت چ لەسەر ئاستی تاکەکان یان کۆمەڵ.

## سێیەم : بەپێی جوگرافیا

هەروەها دەتوانین چالاکیە مەشقیەکان بەپێی شوێنو ناوچەی بەشدارەکان دابەش بکەین. دەشکرێت دابەشکردنەکە لەسەر ئاستی یەك شار یان ئاستی جیهانیش بێت.

### أ- لەسەر ئاستی ناوخۆ

بەرنامەو چالاکەیەکانی مەشق کردنی ناوخۆیی، بەشداربوان ڕادەکێشێت لە ناوچە نزیکەکانەوە . ئەم بەرنامەیە تارادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە بەهرە ناوخۆییەکان لە نمایش و پێشکەش کردندا، سەرەڕای ئەوەی کارەکە پێویست دەکات بە بانگکردنی کەسێك یا دووکەس ، لەوانەی توانای بەخشینی زانیاریان هەیە، لە دەرەوەی ناوچەکە بۆ دەوڵەمەند کردنی بەرنامەکە.

### ب- لەسەر ئاستی ناوچەکان ( ناوەوەی وولات )

کاتێك دەوڵەت دابەش بێت بۆ چەند ناوچەیان پارێزگا، دەکرێت کە هەرناوچەیەك چالاکی مەشقی خۆی ڕێك بخات. وە بەشداربوان لە هەموو ناوچەکەوە بۆی دێن، لەبەر ئەوەدابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون کارێکی پێویست دەبێت . زۆرکات بەشداربوان بەئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆیان دێن کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی خەرجی گوێزانەوەو گەیاندن. ئەو جۆرە مەشقکارانە لەنێوان دەرچووانی بەرنامە مەشقییە ناوخۆییەکانی پێشووتردا هەڵدەبژێردرێت.

### ج- لەسەر ئاستی وولات

بەشدار بوان لەبەرنامەکانی مەشقی وولاتییەوە لە هەموو ناوچەکانی وولاتەوە، دێن، وەك ئەوەی باوە ئەو کەسانە کارمەندی دیارن لە ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانی مەڵبەندی وولاتدا. بەرنامەکان پشت دەبەستن بەداهاتە مرۆییەکانی وولات. بەرنامەکان پشت دەبەستێت بە داهاتە مرۆییەکانی وولات لە ڕاڤەو شیکارو نمایش هەروەها لەبەڕێوەبردنی بەرنامەکاندا. لەبەر ئەوەی ئامادەبوون پێویستیان بە بڕینی ماوەیەکی دوورو درێژ هەیە . ئەوا بەرنامەکە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ یان زیاتر بەردەوام دەبێت بۆ سوود وەرگرتن لە خەرجیەکانی سەفەر لەگەڵ دابین کردنی شوێن بۆ نووستن.

### د- لەسەر ئاستی هەرێمایەتی ( کۆمەڵە وولاتێك )

لەجیهاندا هەندێك وولات هەن کە دراوسێی یەکترن، دەکرێت کۆبکرێنەوە بەشێوەیەك کە کۆمەڵێك هەرێم پێك بهێنێت وەك ئەمەریکای باکور، وئەمەریکای باشور،و ئەوروپا،و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئاسیاو جیهانی عەرەبی و، باکوری ئەفریقا، ئەوەش بە مەبەستی مەشقی سەرکردەکانی ڕێکخراوە وولاتییەکانە. ئەم کارەش هەروەکو ئەوەی شێوەی ئاستی وولاتانە، ئەوا

چالاکی‌یەکانی مەشقی هەرێمایەتی ((نێو دەوڵەتی)) بواری بەشداری کردنی فراوانتر خۆش دەکات لەلایەن زور لەوڵاتانەوە لەگەڵ گەشت بۆ ماوەشوێنێکی کەمتر لەوەی کە لەو چالاکی‌یانەی لە ئاستی جیهاندا ڕوودەدات.

**٥- لەسەر ئاستی جیهان**

وانەبێژان و بەشداربوان لەبەرنامەی مەشق لەسەرتاسەری جیهانەوە دێن. بەرەچاوکردنی خەرجی زۆری گەشت، پێویست دەکات کە مەشقکاران بەوردی هەڵبژێردرێن لە پێناوی بەدیهێنانی باشترین ئەنجامێك کەلە توانادابێت. لەو نموونانە ڕێکخستنی بەرنامەی مەشقی جیهانی بە شێوەیەك کە لووتکەی کۆمەڵێك بەرنامە بێت کە دەکرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌دا پیادە بکرێت، وە پلەبەپلە فراوانتر دەبێت. پێویستە کە ماوەی ئەو چالاکی‌یە جیهانیانە لە هەفتەیەك کەمتر نەبێت ئەوەش لەبەر زۆری خەرجیەکانی هاتووچۆ.

## چوارەم : بە پێی تەمەن و پسپۆڕی

بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام بەدەست بهێنین لەسەرمانە بەشێوەیەك بەرنامەکانی مەشق کردن دابڕێژین کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستی‌یەکان و ئاراستەکانی تەمەنە جۆراو جۆرەکان یاخود پسپۆڕێتی لەنێو مەشقکاراندا، دەبێت گرنگی‌یەکی تایبەت بدرێت بەلاوان و ئافرەتان لەم چەرخەدا.

**أ- لاوان**

مەشقکارانی منداڵ ئەوانەی ئامادەن بۆ لەئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی لە داهاتوودا، هەروەها لاوانیش بە توێژێکی تایبەت دەناسرێن لەڕووی مەشق کردنەوە.

پێویستە کە بەرنامەی مەشقی یاخود لایەنی جەستەیی و چالاکی بگرێتە خۆ دوور لە هۆڵەکانی خوێندن هەروەها نمایش و ڕاڤە کراوەکان پێویستە لە ئاستێکی ڕۆشنبیری گونجاودا بن، ماوەکەیش ئەوەندە ببێت کە بە بەردەوامێتی و گرنگی پێدانی بەبێ وەڕسبوونی، تێدا بێت.

**ب- ئافرەتان**

ئافرەتانیش توێژێکی تری تایبەتن، پێویستە کە گرنگی‌یەکی تایبەتیان پێ بدرێت لەکاتی دانانی بەرنامەکانی مەشق کردندا. ڕێو شوێنیان بۆ برەخسێنرێت بەشێوەیەك کە شوێنی حەوانەوەو نوستنی جیایان هەبێت. هەروەها هەڵبژاردنی بابەتەکان پێویستە کەرەنگدانەوەی گرنگی‌یە تایبەتەکانیان بێت.

باری ئێستای کۆمەڵگاکەمان داوای زیاتر ماندبوونمان لیَ دەکات بۆ مەشق کردن بەئافرەتان لەسەر ڕۆڵە سەرکردەییە کاریگەرەکان.

**ج- پسپۆڕی**

وا دەردەکەوێت کە زۆربەی چالاکی‌یەکانی مەشق کردن ئاراستە کراوبێت بۆ مەشقکاری گشتی، بەڵام هەندێك چالاکی مەشق کردن دەکرێت ڕێك بخرێت بۆ ئەو کەسانەی کارامەن یاخود خاوەن توانایەکی پیشەیی تایبەتن. کەواتە بۆ نموونە دەتوانرێت بەرنامە دابنرێت بۆ ئەو بانگخوازانەی لەنێو زیندانەکاندا کاردەکەن یاخود ئەو کەسانەی کارێکی دیاری کراو بەڕێوە دەبەن وەك بڵاوکردنەوە، یان ئەوانەی لە ڕۆژنامە یاخود ئیزگەدا کار دەکەن.

## هەڵوێستی کرداری

### پەروەردە لەنێوان گشت و تایبەتدا

تا ئێستا کێشمەکێش بەردەوامە سەبارەت بە پەروەردە کردن، ئایا لەچەند ئەڵقەیەکی تایبەتدا بێت یاخود لە مینبەرە گشتی‌یەکانەوە. ئەویش جەدەلێکی بێزەنطی نەزۆکە. ئامانج چی‌یە لە پەروەردە کردن بەگۆشەگیری؟ ئایا بۆ خستنە گەڕی نی‌یە لەگەڵ جەماوەری گشتی‌دا؟ لەلایەکی ترەوە ، چۆن بانگخواز دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بەئەنجام بگەیەنێت بەشێوەیەکی باش لە مەیدانی گشتی‌دا ئەگەر پەروەردەیەکی خودیی و ناوەکی نەبێت؟ هەردوولا یەکتری تەواو دەکەن. لەبەر ئەوە پێویستە پلان دابنرێت بۆ گۆڕینی ڕۆڵی ئەندامەکان و وایان لێ بکرێت بەنۆرە کاری تایبەتی و گشتی بکەن و ئامادە بکرێن بۆ هەردوو بارەکە بەشێوەیەک بتوانن ئەو تایبەتمەندێتی‌یەی هەردوو بارەکە بنرخێنن و بەو شێوەیە، دژیەکی نامێنێت لەنێوان هەردوو تیۆرەکە لە کۆتایی‌دا.

### جێبەجێ کردن

ئەنجومەنی پەیوەندی ڕێکخراوی ناو وڵات داوای لێکردیت کە ستراتیژیەتێك پێشنیار بکەیت بۆ مەشق کردن بەسەر کردەکانی کۆمەڵە ناوخۆیی‌یەکان، ئەوانەی بە پانتایی زەمینەیەکی جوگرافی فراواندا بڵاو دەبنەوە، وەجیاواز بن لە پابەندبوونی پیشەیی و باری کۆمەڵایەتی و شارەزایی گۆڕەپانی گشتی‌یان. ئەرکی تۆ ئەوەیە کە نەخشەیەك بکێشیت بۆمان لەسەر چۆنێتی پۆلێن کردنی مەشقکاران و لەچەند کۆمەڵەیەکی هاوشێوەدا و بەخشتەکردنی ئەم کۆمەڵانە لەبەرنامە مەشقییە جۆراو جۆرەکاندا.

١- ئەو پێوەرانە دیاری بکە کەسەر کردەکانی پێ پۆلێن دەکەیت بۆ کۆمەڵ کردنی مەشقکاران بە مەبەستی مەشق کردن .
٢- لایەنی لاوازی و باشی لە گرێدانی بەرنامەی مەشق کردن چی‌یە لەسەر ئاستی وڵات بە بەراوردکردن لەگەڵ ئاستی ناوخۆیی .
٣- یاداشتێکی کورت بنووسە بۆ یەکێك لە ڕەخنەگرەکان بۆ نەخشەکەت و بڕیارە مەشقییەکانت کە داکۆکی بکات لەسەر ئەوەی بڕیارت لەسەری داوە یاخود نەخشەت بۆ کێشاوە.

بەشی ٢٩

# بنەماکانی بەرنامەی مەشقکردن

**یەکەم : کەرەستەو داهاتەکانی مەشقکردن (ئامرازەکانی مەشق )**

أ- ماددەی چاپکراو

ب- ماددەی بیستن و بینین

ج- جۆری ماددە و چۆنێتی بەکار هێنانی

**دووەم : ژینگەی مەشقکاری : چالاکی و بەرنامەکان**

أ- رێك و پێکی ئامادەکردن

ب- لێهاتوویی مەشقکاری

ج- ماوەی مەشقکردن

د- بوارەکانی مەشقکردن

**ئامانجەکانی بەش**

پاش تەواو کردنی ئەم بەشە، دەتوانیت :

- جۆری ئەو کەرەسانە دیاری بکەیت کە بۆ یارمەتی دان لە مەشقکردن دا بەکاردێن .
- دەرکی لەبەرچاوگرتنە سەرەکی‌یەکانی هەڵبژاردنی جێگرەوەکانی مەشقکردن بکەیت.
- هۆکارەکانی مەشقکردن بەشێوەیەکی باشتر بەکار بهێنیت.

## یەکەم : کەرەستەو داهاتەکانی مەشقکردن (( ئامرازەکانی مەشق ))

کەرەستەی بەکار هێنراو لە مەشق دا بەگرنگترین رەگەزەکانی بەرنامەی مەشقی سەرکەوتوو دادەنرێت . کە بریتی‌یە لەماددە چاپکراوەکان و کاسێتە ڤیدیۆییەکان و شتی‌تر. بەشێوەیەکی گشتی، ئەو هۆکارانە دەتوانرێت پێناسە بکرێت بەوەی کە کەرەستەیەکی

فێرکاریی یارمەتی دەرە لەسەر شیکردنەوە یاخود تاقی کردنەوە یان وە بیرهێنانەوەی بەشداربوان لەوەی فێری دەبن. پێویستە کەئــەو کەرەستانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یارمەتی فێرکردن بدەن. بۆ ئەوەی بتوانرێت پۆلێن بکرێت وەك ئەوەی کە ئامرازەکانی مەشــقکردن بن. بەڵام ئەو کەرەستانەی کە دەبنە هۆی زیادکردنی زانیاری بەتەنها، یاخود بەمانایەکی تر کەدەبنە هۆی زیــاد کردنــی ئــەوەی کــە فێری بووین، دەتوانرێت پێناسە بکرێت بەوەی کەرەستەیەکن بۆ پێداچوونەوە.

## ا- ماددەی چاپکراو

ووتەی چاپکراو باوترین کەرەستەکانی مەشقە. دەتوانرێت بە خــەرجێکی کــەمتر و ماوەیــەکی کــورت تــر بەرهــەم بــهێنرێن، بەپێچەوانەی کەرەستەکانی ترەوە. هەروەها دەتوانرێت دووبارە بە ئاسانی بەرهــەم بهێنرێنــەوە، دەتوانرێــت بەئاســانی بگوێزرێنــەوەو دابەش بکرێن. ئەگەر هاتوو بەراورد کرا بە جۆرەکانی تر، ئەوا ماددەی چاپکراو پێویستی نییە بە ئامێری تایبەت وەك ئامێری ڤیدیۆ یاخود کۆمپیوتەر بۆ خوێندنەوەی. ئەمیش لایەنێکی چاکە لەڕووی خەرجیەوە پشتی پێدەبەسترێ و، لەگــەڵی ڕاهــاتووین و ئاســانە، بەڵام لەکەموکورییەکانی ماددەی چاپکراو سەختی کۆکردنەوەی سەرنج بۆ ڕاکێشانە و نەتوانایی لەوێنــە گرتنــی ڕەوشــەکانی ژیــانی ڕاستەقینە بەشێوەیەکی بینراو، هەروەها بەهۆی گەورەیی قەبارەکــەی لــەچاو دیســکەکانی کۆمپیوتــەر و ئامــێرە ئەلکترۆنییــەکان. ئاستەمی گۆڕینی ئەصلەکەی لەگەڵ نەتوانایی لەبەدیهێنانی کارلێکردن لەگەڵ فێرخوازدا.

## ١- بڵاوکراوەکان

بڵاوکراوەکان زۆرترین ماددە چاپکراوە بڵاوەکانن. کە یاداشــتنامەکان یــاخود کــورت کراوەکــان یــان خشــتە ڕونکردنــەوەکان دەگرێتەوە کەدادەنرێت بەتەواوکاری موحازەرەکان یان بازنەکانی لێکۆڵینەوە. بەڵام ئــەو یاداشــتنامانەی کــە بەســەر مەشــقکاران دا دابەش دەکرێت ، یارمەتیان دەدات لەسەر نوسین لــەکاتی بــاس کردنــدا. هــەروەها ئــەو بەشــانەی تــەرخان کــراون بــۆ پڕکردنــەوەی بۆشایییەکان یان تێبینییەکان یارمەتی بەشداری کردنی کرداری فێرکاری دەدەن. ئەو چاپکراوانە بەکار دەهێــنرێت بــۆ ڕاڤــە کردنــی یەکێك لەلایەنەکانی بابەتەکە بەکورتی .

## ٢- ڕۆژنامەکانی کار

ڕۆژنامەکانی کارکردن لیستەکانی خوێندنەوە، و هەروەها ئەرك و کێشەکان و لاپــەڕەی کورتــە بــا ســەکان، لــەخۆ دەگرێــت. ئەمەش بوار بۆ ڕاهێنەر دەرەخسێنێت کە بەشێوەیەکی داهێنانەتر بیربکاتەوە، ڕۆژنامەکانی کار یارمەتی بەهێز کردنی بــیردەدات و، توانای لەبەر کردنیش بەهێزدەکات.

## ٣- ڕێنماییەکانی خوێندن

ئامرازەکانی فێرکاری و ئامیلکەکانی ڕێنمایی مامۆستا لەسەر شێوەی یاداشاتی کورت و پوخــت ، و مــاددە ســەربەخۆکانی خوێندن دەگرێتەوە، هەروەها کتێبی کردەیی و ئامیلکەکانی تر کە زانیاری و چالاکی فێرکاری و ئاراستەکاری پێش کەش دەکەن. ئەم ماددانەش بەڕوونی ئەوە دیاری دەکەن کە پێویستە فێری ببین لەگەڵ چۆنیــەتی دراســەکردنی ئەمــەش زیــاتر درێــژەی پــێدراوە لــە بڵاوکراوەکان.

## ٤- داهاتەکانی چالاکیە بەکۆمەڵییەکان

هەموو کەرەستە بەکار هێنراوەکان بۆ پشتیوانی فێربوونی فێربوونی بە کۆمەڵ دەگرێتەوە وەك دەقــەکانی ڕۆڵ و پەیڤینــەکانی نوانــدن و ئارەستەکاریەکان و خوێندنەوەی گشتی بۆ بەدەست هێنانی زانیاری و لاپەڕەی بڵاوکراوەکان و کورتە نوسراوەکان.

### ٥- نامیلکە ڕێنماییەکان و کەرەستەی ئەڵقەکانی خوێندن و وەرشەکانی کارکردن

هەر بەشێك لە بەشەکانی ئەم ڕێبەرە بەسەرچاوەیەکی گرنگ لە سەرچاوەکانی زانیاری سەرەکی لەبواری مەشقی سەرۆکایەتی دادەنرێت. سەرەڕای ئەوەش ، کۆمەڵێك نامیلکە هەیە دەربارەی ژمارەیەك لەبابەتە هەمەجۆرەکانی لە بوارە ئیسلامییەکاندا، و زانستە هاوچەرخەکان،و ڕێکخستن و ، گەشەی کەسێتی و، کاری مەیدانی و ئەم کەرەستانەش دەتوانرێت وەك نامیلکەو چاپکراوەکان بۆ دابەش کردن بەکار بهێنرێت لە ئەڵقەکانی خوێندن و وەرشەکانی کارکردن دا.

### ب- ماددەی بیستن و بینین

لەنمونەی کەرەستەکانی بیستن و بینین: تابلۆکان و وێنە شەففافەکان و کاسێتەکانی بیستن، هەروەها کاسێتەکانی ڤیدیۆو کاسێتەکانی فلیم و پیشان دان لەسەر شاشەکانی کۆمبیوتەر...هتد لەهەر کتێبخانەیەکی مەشقی سەرکردەیدا پێویستە کۆمەڵێکی تەواو لە کاسێتی بیستن و کاسێتی ڤیدیۆیی. هەبێت هەروەها پێویستە بەرهەم هێنانی تۆمار کردنەکان دووبارە بکرێتەوە، کەلە خولەکانی مەشقدا ئەنجام دەدرێن و ڕێکخراوەکە دەیپارێزێت پاش پیداچونەوەی بۆسود وەرگرتن لیّ ی لە داهاتوودا.

### ج- جۆری ماددەو چۆنێتی بەکارهێنانی

بەرنامەی مەشقکاری خۆی لەخۆیدا شێوازو سستمێکە لە پێناو گۆڕانکاریدا دا ئامانجی سەرەکیش لەمە دروست کردنی گۆرانکارییە لە هەڵوێستی بەشداربوان و هەڵسوکەوتیاندا، بەبەکار هێنانی کۆمەڵێکی هەمەجۆر لە ئامرازو بۆنە گونجاوەکان، کە لەشێوەی بەرنامەیەکی مەشقیی یەکگرتوودا کۆدەکرێتەوە بۆ هەڵبژاردنی باشترین ئەو داهاتە کاریگەرانە بۆ ئەم مەبەستە، بێگومان دەبێت بگەڕێن بەشوێن ئاستەکانی شارەزایی و پلەی خوێندن و خەلفییەتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری مەشقکاران. پاش ئەمە، دەتوانین ستراتیژیەتی گونجاو دابنێن، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە مەشقکارییەکانمان سەبارەت بە جەماوەرێکی دیاریکراو لەمەشقکاران.

بەڵام کاتبەندی و چۆنێتی بەکار هێنانی شێوە جۆراو جۆرەکانی مەشقکردن دەخرێنە ژێر ژمارەیەك هۆکارەوە، وەك ژمارەی مەشقکاران، و سروشتی ئاسان کارییە ماددیەکان و تەمەنی بەشداربوان و شارەزاییان و ڕێژەی ئاڵۆزی و هەبوونی ماددەکە خۆی سەبارەت بەو بابەتەی کە دەخوێنرێت. لە زۆربەی بارەکاندا ، پێکهاتەیەك لە بابەتە چاپکراوەکان و ئامرازەکانی ڕوون کردنەوەی بیستن و بینین باشترین هەڵبژاردنە. پێویستە کە ئامرازەکانی ڕوون کردنەوەی بیستن و بینین جۆرێکی باشبن بۆ ئەوەی کاریگەرێتی بەدیبێت.

> **چەند ئامۆژگارییەك بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی مەشقکردن بەسەکەوتوویی:**
>
> * کەرەستە و ئامرازەکانی مەشقکردن و ئامێرەکان بەڕێکخراوی و شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دابنێ.
> * مەشقکاران هان بدە لەسەر کارلێك کردن لەگەڵ ئامرازەکانی مەشقکردندا.
> * ئامرازە دیاریکراوەکانی مەشق بەکارمەهێنە تەنها بۆ پتەوکردنی ئامانجی سەرەکی و فراوان کردنی نەبێت.
> * خۆت ڕابهێنە لەسەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی مەشقو ئامێرەکانی پێش کاتی نمایش کردن.
> * ئامادە بە بۆ دووبارە کردنەوەی ڕێکخستنی ئامرازەکانی مەشقکردن و پشت گوێ خستنی هەندێکیان لەکاتی نمایشدا ئەگەر هاتو کارەکە پێویستی کرد .
> * خۆت لە هەڵەی گەورە لابدە کە لەئەنجامی دابەش کردنی هەرشتێك دەکەوێتەوە پێش ئەوەی خۆت بیخوێنیتەوەو بی پشکنیت.

## دووەم: ژینگەی مەشقکاری : چالاکی وبەرنامەکان

کۆمەڵێك ڕەگەزی جۆراو جۆر لە چالاکی و بەرنامە هەیە کە بەکار دەهێنرێت بۆ بونیادنانی بەرنامەی مەشق ، وە هەڵبژاردن لەسەر جۆری بەشداربوان و ئەو ژینگەیەی کە مەشقی تیدا دەکرێت ڕادەوەستێت. ڕەچاوکاریە گرنگەکانیش ئەمانەن:

### ا- ڕێکوپێکی ئامادەکردن

کەشی مەشقکردن وەك هۆڵی خوێندن و ڕێکخستنەکانی مەشق لە دەرەوەی بیناکان و شوێنەکانی تر کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردنی جۆری چالاکی، وە دەبێت دڵنیابین لەوەی کەش و ژینگەی مەشقکردن بەشێوەیەکی پێویست ئامادەکراوە، وەکوو بوونی ئامێرەکانی بیستن و بینین بۆ بەکارهێنان لە دەرەوەی بیناکان و ناوەوەیدا، هەروەها ئەو رووبەرە کراوەیە کە تەرخانە بۆ چالاکییەکان لەدەرەوەی بیناکان. ڕێ و شوێنەکانی ڕێکخستنیش لەژێر دەسەڵاتی ڕاهێنەردا دەبێت، کەل و پەل و ئامێرەکانی یارمەتیدەریش لەکاتی پێویستدا ئامادە دەکرێن.

### ب- لێهاتوویی مەشقکاری

لێهاتوویی بۆ مەشقکاری لەسەر هەرچالاکی‌یەك پەیوەندی هەیە بە ئاستی مەشقکاران و سروشتی چالاکییەکە خۆیەوە. گرنگە کە بەتایبەتمەندێتی‌یەکانی بەشداربووان ئاشنابین، زانیاریە پێویستەکانیش بریتیین لە: تەمەن و ڕەگەزو ئاستی فێرکردن و مەعریفەو، هەستکردن بە بەرپرسێتی سەرکردەیی و ئینتمای دامەزراوەیی بۆ مەشقکارەکەو، شتانی تر. سەرەڕای ئەوەش گرنگە کەبزانین بەشداربوان گرنگی بەچی دەدەن و دەیانەوێ چی فێر بن، لێرەدا چەندین جۆری چالاکی هەیە کە سودیان زیاترە لەوانی‌تر لەکاتی بەدەنگەوە هاتنی پێداویستی‌یەکانی مەشق بۆ کۆمەڵەکە.

### ج- ماوەی مەشقکردن

هەندێك جار چالاکی مەشقکردن درێژە دەخایەنێت و لە سنوری خۆی لادەدات بەشێوەیەك کە دەبێتە هۆی لەدەست دانی کاریگەرییەکەی. ئەمەش لەکاتێك دایە کە چالاکی‌یەکە چەندبارە دەبێتەوەو دەبێتە شتێکی بێزاروو ماندووکەر لای فێرخوازان. هەر چالاکییەك بۆ ماوەیەکی کاتیی دیاریکراو سەرنجی ئامادە بووان ڕادەکێشێت. بەشدار بووان لە ڕێگایەوە زۆرترین سودی مومکین وەردەگرن، بەڵام پاش ئەو ماوە کاتی‌یە، بەردەوام بوونی ئەو چالاکی‌یە دەبێتە هۆی دروست بوونی بێزاری‌یەك لەناوەوەدا بەرامبەر هەموو چالاکی‌یەکانی مەشقکردن.

### د- بوارەکانی مەشقکردن

دەبێت پشتیوانی بکرێت لە چالاکی هەڵبژێردراو بەهۆی بوارە فەراهەم کراوەکانی مەشقەوە، بۆ ئەوەی ڕاهێنەران و فێرخوازان وەکو یەك بەکاری بهێنن. ئەمەش لەشێوەی کتێب و ئامیلکە ڕێ نیشاندەرەکان و کاسێتەکانی بیستن و بینین یان دیسکی کۆمبیتەر یان هەرشێوەیەکی‌تر کە دەتوانرێت لە ژینگەی مەشقکردندا بەکار بهێنرێت هەروەها پێویستە کە هەندێك پشتیوانی بۆ فێرخوازان ئامادە بکرێت بۆ بەردەوامی شارەزایی فێرکاری و بەدوادا چوونی. بەڵام ئەگەر هاتوو ڕێڕەوەکانی مەشقکردن نەبوونە کۆمەك ئەوا هەڵبژاردنی چالاکی‌یەکانی مەشقکردن لەسەر توانای ڕاهێنەر ڕادەوەستێت لە ئامادەکردن و دەستەبەر کردنی کەرەستە پێویستەکان.

## مەرجەكانی هەڵسەنگاندنی ژینگەی مەشق.

(لێرەدا بە كورتی سەیری دوان لەم چالاكیانە یا دووڕێگای گریمانەییمان كرد، بەبێ لەبەر چاوگرتنی هەموو فاكتەرەكان ، ئەمــەش بــە مەبەستی رونكردنەوەی پرۆگرامێك بۆ حوكمدانە بەسەر ڕێگا جۆراو جۆرەكانی هەڵسەنگاندنی ژینگەی مـەشقكاریدا).

| | چالاكی یان یەكەم هەڵبژاردە | چالاكی یان دووەم هەڵبژاردە |
|---|---|---|
| أ- ڕێكو پێكی ئامادەكردن | هۆڵ ، ئامێری نیشان دان ، شاشە ، تەختەی ڕەش | ڕووبەری كاركردن، بلندگۆ، كۆمپیوتەر |
| ب- لێهاتوویی مەشقكردن | فێرخوازانی كەم تەمەن كە ئەزمونیان نیيە | فێر خوازانی كامڵ كەخاوەن ئەزمونن |
| ج- ماوەكانی مەشقكردن | یەك كاتژمێرو نیو | سێ كاتژمێر |
| د- بوارەكانی مەشقكردن | نامیلكەكان، بڵاوكراوەكـان كتێبـە بڕیـار لەسـەر دراوەكان | بڵاوكراوەكان، نامیلكەكان |

## گفتوگۆ

١- سنوری بەکارهێنانی بابەتە چاپکراوەکان لە مەشقکردندا چی‌یە؟
٢- چ کاتێك ئامێری بیستن و بینینە یارمەتی دەرەکان کاریگەریان زیاترە لە بابەتە چاپکراوەکان ؟
٣- بۆچی تایبەتمەندییەکانی مەشقکاران گرنگن لە دارشتنی مەشقکردن دا؟
٤- چۆن چەمکی ماوەی زەمەنی بەسەر چالاکی‌یەکانی مەشقکردندا جێبەجێ دەبێت؟

## جێبەجێ کردن

بەپێی ئەوەی کە تۆ جێگری سەرۆکی کاروباری مەشقکرنیت لە رێکخراوێکی گەورەدا، داوات لێ کراوە کە نەخشەیەك بکێشیت بۆ کۆرێکی دیراسەکردن لەسەر ئاستێکی پێشکەوتوو بۆ پانزە کەس لە کەسانی سەرکردەی خۆبەخش کە زۆر ئەرکیان گرانە، توانای دارایی باشت لەبەر دەست دایە بەلاَم کاتەکەت کەمە . وە مەشقکاران پێویستیان هەیە بەباش کردنی بەجێ گەیاندنیان بەخێرایی، سەرەرای ئەوەی کە چوونەتە تەمەنەوەو شارەزایی و تاقی کردنەوەشیان هەیە.

١- ئامرازە یاریدەدەرەکانی مەشقکردن کە بەکاریان دەهێنیت باس بکە.
٢- خشتەیەك دابنێ کەخاسیەتەکانی بابەتە هەلَبژێردراوەکان رون بکاتەوە لە هەلَوێستێکی وەکو ئێستادا.
٣- چۆنیەتی دیاری کردنی ماوەی پرۆگرامی مەشقکردن پێناسە بکە کە نەخشەی بۆ دەکێشیت.

بەشی

٣٠

# شێوازەکانی مەشقکردن

**یەکەم :هۆکارەکانی هەڵبژاردن**

**دووەم : شێوازە سەرەکی‌یەکانی مەشقکردن**

ا - موحازەرەکان

ب- وەرشەی کار

ج- کۆڕەکانی خوێندن

د- خێوەتگەکان

ھ- بەجێهێنانی ڕۆڵی نواندن (ئەدای ڕۆڵە تەمسیلییەکان)

و- کۆنگرەکان

ز- مەشقی تاکەکەسی

ح- نەدوەی پسپۆڕان

ط- ئەڵقە تەریبەکان

**سێیەم : شێوازەکانی‌تر**

ا - مێزگردو گفتوگۆ کردن

ب- پەیڤین

ج- هەڵقولانی زەینی

د- نمایشی کرداری

ھ- دڵخۆشکردن و حەواندنەوە

**چوارەم : بەراورد کردن**

**پێنجەم : حاڵەتی دیراسی**

ا - بەرەو پێش بردنی نموونە

ب- بەکارهێنانی شێوازی حاڵەتی دیراسی

ج- حاڵەتی دیراسی

د- دانیشتنێکی سەرکەوتوو بەشێوازی نموونەیی

**شەشەم : دیاری کردنی کۆمەڵە مەشقییەکان**

### ئامانجەکانی بەش

پاش تەواو کردنی ئەم بەشە ، دەتوانێت کە :

- سیمای شێوازەکانی مەشقکاری دیاری بکەیت.
- دەتوانیت لە ڕێکخستنی پێویستی شێوازەکانی مەشقکاری و پێداویستییە پرۆگرامیەکەی تێبگەیت.
- بەهێزکردنی کاریگەرێتی و توانای وەرگرتنی جۆرە جیاجیا کانی ئامادە بووان.
- بەرەو پێش بردنی چەند نموونە و شێوازێکی خوێندن تابەکاربهێدرێت لە مەشق کردندا.

## یەکەم : هۆکارەکانی هەڵبژاردن

هەڵبژاردنی شێوازەکانی مەشقکردن بۆ بەکارهێنانی لە بارێکی دیاریدا پشت دەبەستێت بە چەند هۆکارێك کە پەیوەستە بەرادەی فێربوونی بەشداربووان. هەندێك بەشێوەیەکی باشتر فێر دەبێت لەرێگای هۆکارە چاپ کراوەکان یان بینراوەکان یان زارەکی‌یەکان، لەکاتێکدا کە هەندێکی‌تر لەرێگای گفتوگۆ و چالاکیی کرداری یان ڕاهێنانەوە ئەوە بەدی‌دەهێنێت، کە ناوەڕۆکەکەی چەند کارێکی پراکتیکی دەگرێتەوە هەروەها بوونی داهات و، سروشتی بابەتە فێرکاریەکە و پێداویستی‌یەکانی هەرمەشقکارێك بەتەنها یان کۆمەڵ، بەهەمان شێوە کاریگەری دەبێت لە هەڵبژاردنی شێوەکانی مەشقکردندا.

لە هۆکارەکانی تر کە بڕیاردەدات شێوازێك لە شێوازەکان گونجاوترە لەوانی‌تر بریتی‌یە لە قەوارەی کۆمەڵەکەو تایبەتمەندێتی‌یەکانی و مەبەستەکانی مەشقکردن و ئامانجەکانی و ئامرازەکانی و ماوەی مەشقکردن. سەرەڕای ئەوەیش دەبێت سەیری کارامەیی نمایش و گەیاندن بکەین، ڕێگرەکان لەبەردەم فێربوونی کۆمەڵەکەو باشترین ڕێگای چارەسەر کردنی بابەت و هەروەها ئاسانکاریە تایبەتەکان بۆ کەم ئەندامان فەراهەم بکرێت.

مەشقکارە گەورەکان لەرێی چالاکی و فرەچەشنی شێوازی وانە ووتنەوەوە فێر دەبن و بەجێ گەیاندنیان باشتر دەبێت ئەگەر هاتوو توانیان مەعریفەی نوێ بەمەعریفە کۆنەکانەوە گرێ بدەن، بەشێوەیەك ببینن کە کرداری فێرکردن پەیوەستە بەشارەزاییان لەژیاندا. لەسەریانە ئەوەی فێری دەبن خۆیانی لەسەر ڕابهێنن و جێبەجێی بکەن. فێربونیان زیاد دەبێت کاتێك کەهەست دەکەن مەشقکردن یارمەتیان دەدات لە چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی پەیوەستن بەکارەکەوە. بەڵام پێش هەرشتێك گەورەکان فێری ئەو شتانە نابن کە خۆیان ئارەزووی فێروبونیان نی‌یە.

هەروەها پێویستە ڕاهێنەر تایبەتمەندێتی دیاریکراوی خۆی هەبێت، هەموویشی بەکار بهێنێت بۆ گەیاندنی مەشقەکە بەسەرکەوتویی. لەو تایبەتمەندێتییانەش: زانینی بابەتەکەو لێهاتویی تەکنیکی و ئاگایی سەبارەت بەوانی ترو ئامادەکاری بۆسەر کردایەتی کردن لەکاتی پێویستدا لەگەڵ گیانی خۆشنودی و ڕووخۆشی‌دا.

لەشیکردنەوەی کۆتاییدا، سەرکەوتن لە مەشقکردندا تەنها بەباشی مەشقکردن خۆی ناپێورێت، بەڵکو بەباشی فێربوونی بەشداربوان. فێربوونی ئەوانیش پشت دەبەستێت بەباشی ئامادەبونمان بۆ بەرنامەو ئاستی وەرگرتنمان بۆ بابەتەکەو لێهاتوویی لەبەکارهێنانی شێوازی مەشقکردنی گونجاودا.

## دووەم : شێوازە سەرەکی‌یەکانی مەشقکردن

### أ- موحازەرەکان

بریتی‌یە لە ووتەیەك کە کەسێکی دیاریکراو پێش کەشی دەکات و زانیاری و زانینی لەسەر بابەتەکە هەیە، خاڵە جۆراو جۆرەکان لە ڕیزبەندی‌یەکی وادا کە ئەنجام یان کۆتاییەکی باشی هەبێت پێشکەشی دەکات. موحازەرەکە پێشتر ئامادە دەکرێت، لە دەقێکی نوسراودا دەخوێندرێتەوە یاخود لەسەر شێوەی خاڵ دەبێت، وانە بێژەکە بەرفراوانی تێدا دەکات. هۆکارە ڕونکەرەوەکانی بیستن و بینین یارمەتی پەیامی موحازەرەکە یاخود ئامانجەکانی دەدات، بەبەکارهێنانی تەلەفون و ڤیدیۆ، دەتوانرێت وانەکە لە هەمان کات دا بگوێزرێتەوە بۆ جەماوەر لە شوێنی جۆراو جۆردا، بەمەش کات و ماندوێتی هاتوچۆ و خەرجیەکان کەم دەکەینەوە.

### د- خێوەتگەکان

خێوەتگە یاخود سەربازگە چالاکی‌یەکە بۆ پێکەوە ژیان، لە بەشداربوان دەخوازرێت کەلە شوێنەکەدا بێننەوە بەشەوو بەڕۆژ لەسەرەتای بەرنامەکەوە تا کۆتایی‌یەکەی. هەڵبژاردنی شوێنەکە هاوکاتە لەگەڵ گرنگی دانێکی تایبەت بە ئاسانکارە پێویستەکان بۆ نیشتەجێ بوون و خواردن و کۆبونەوەکان و نوێژ کردن و وەرزش و کات بەسەر بردن. بەشێوەیەك بەرنامەکان دادەڕێژرێن کە سوود وەربگیرێت لەکاتی ڕەخساو هەر لەخەو هەستانەوە تا نوستن. ئامانجیش دەستخستنی کەشوهەوایەکە بۆ پشتیوانی کردنی بەهاو پتەوکردنی لێهاتویی کرداری لە ڕێگای بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی سەربازگە کەدا. هەروەها ڕێکخستنی خێوەتگەو ژیان تیایدا بوار دەدەن بۆ هەمە چەشنی و کارلێك کردن لەسەر شێوازەکان و شیکردنەوە فێرکارییەکان. لە ئامانجە گرنگەکانیش پتەوکردنی گیانی تیمخوازی و هاندانی کاری بە کۆمەڵە.

سەرکەوتنی سەربازگەکەیش لەسەر هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو ڕادەوەستێت. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و مەبەستی بەرنامەکە. سەربازگەکانی لاوان کەهەوڵ دەدات بۆ گەشە کردنی بەهای گشتی نەك لێهاتوییەکی دیاری کراو پێویستی بە ژمارەیەك ئاسانکاری هەیە بۆ چالاکی‌یە جەستەیی‌یەکان. لەهۆکارە گرنگەکان ئاسانکارییە بەشێوەیەك بتوانرێت هۆکاری ئاسایی هاتووچۆ بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتنە سەربازگەکەو توانا لەسەر بەرگەگرتنی کەش و هەوای ناخۆش و دابین کردنی ئاسایش بۆ شوێنە جیاکراوەکان و دابینکردنی پێداویستی پزیشکی بۆ حاڵەتی نائاسایی...هتد. سەرەڕای ئەوەی کە ناوچە گوندنیشینە دوور لە شارەکان باشترن بۆ پێکهێنانی سەربازگەکان، ناوچە شارستانی‌یەکانیش وەك زانکۆکان یاخود ئوتێلەکان یان مەڵبەندی کۆنگرەکان دەتوانرێت بەهەمان شێوە بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنرێن، بەڵام لەم شوێنانەدا بواری چالاکی‌یە وەرزشی‌یەکان کەم دەبێت. هەروەها پێویستە شوێنەکە ئارامی تیابێو پارێزراوبێت لە تاوانبارو لاسارەکان.

خێوەتگە بەڕێگایەکی زۆر کاریگەری مەشقکردن دادەنرێت، بەشداربووان بەهاوکارامەیی لە مەشقکردندا فێر دەبن و تاقی دەکەنەوە لەگەڵ هاوڕێکانیاندا. تێیدا هاوڕێیەتی دروست دەبێ و پتەودەبێ. هەروەها گیانی هاوڕێیەتی یارمەتی جەخت کردن لەسەر پابەندبوون بە ئامانجی بەرزو هەڵسوکەوتی باڵا دەدات. هەردووکیشیان لە ئامانجەکانی بەرنامەی سەربازگەن.

سەربازگەکان وەك ئەوەی باوە لە ڕۆژێکەوە دەست پێ دەکات کە سەرەتای پشوی ڕەسمی بێت بۆ دوو هەفتە. ماوەی دورو درێژ پێویستی بە بەرنامەیەکی چڕو پڕ هەیە کە سەرنجی بەشدار بووان ڕابکێشێت و ورەیان بەبەرزی بهێڵێتەوە. لە زوربەی کاتدا ماوەی هەفتەیەك ماوەیەکی نمونەیی دەبێت، بوارێکی زەمەنی تەواو دەدات بەبەرنامەیەکی پڕ چێژو هەموان بەشداری تێدا دەکەن بەبێ هەستکردن بە بێزاری.

سروشتی پێکەوە ژیان لە سەربازگەدا بوارساز دەکات بۆ خوێندنەوەو بەکارهێنانی سەرچاوە بەشێوەیەکی چڕو پڕ، کە شێوازەکانی تری مەشقکردن ئەمەی تێدا نی‌یە. بۆ بەدیهێنانی زۆرترین سوود کەلە تواناداپێت، دەتوانرێت کتێبخانەیەکی کاتی بۆ خوێندنەوەو پیاداچوونەوە دابنرێت وەك بەرنامەی کار بەکاربهێنرێت.

بۆ بەهێزکردنی چاودێری و پەیوەندی کردن و هاوکاری و مونافەسە، دەتوانرێت بەشدار بووان دابەش بکرێن بۆ چەند کۆمەڵەیەك کە هەریەکەیان لە دەکەس پێك بێت و هەریەکەیان سەرکردەیەکیان هەبێت. هەر کۆمەڵەیەك ناوێکی بدرێتێ نیشانەو واتایەکی هەبێت، وەك ناوی پێغەمبەرەکان یاخود هاوەڵەکان یاخود زانایانی بیریار یان شارە ئیسلامی‌یەکان یاخود ئەو ڕووداوانەی مانای باشی هەیە لە مێژووماندا و گەلێ شتیتر.

### هـ- بەجێهێنانی ڕۆڵی نواندن (ئەدای ڕۆڵە تەمسیلییەکان)

ئەوەش بریتییە لە نمایشێکی کورتی نواندن، بۆ بەرجەستە کردن و دیاری کردنی کێشەیەك یان هەڵوێستێك، ئەمەش گفتوگۆکردن و ڕاڤەکردن پێکەوە دەبەستێت. چەند ئەندامێکی ناو کۆمەڵەکان ڕۆڵەکان دەبینن، ئەوانەی کەڵك لە دەقی نوسراو دەبینن و هەندێك مەشق دەکەن. ئەوانەش نواندنی هەندێك هەڵوێست دەکەن کە پێویستی بەلێهاتویی تایبەت هەیە، مامۆستا یاخود سەرکردەی کۆمەڵەکە هەڵدەستێت بەباسکردنی هەڵوێستەکان و ئەنجامەکان کەلە شێوەی نواندندا نمایش دەکرێن و ڕێنمایی‌یەکانی خۆی دەدات بەهەر ئەکتەرێك سەبارەت بەو کەسایەتی‌یەی کە ڕۆڵی دەبینێت، وە ئەوەی کە پێی هەڵدەستێت لەهەموو هەڵوێستێکدا.

ئەو نمایشە جێبەجێ کردنی ئاسانە، ئەگەر بێت و کارەکە پێویست بە کەرەستەی تایبەت بۆ دەرهێنانی دیمەنێك نەکات کە زۆرجار کاریگەرێتی لەسەر ((بینەران)) دروست دەکات. بەڵام زۆربەی کات پێویست بەو کەرەستانە ناکات چونکە لە توانای مەشقکاراندایە کە ئەو دیمەنە نمایش کراوە بخەنە پێش چاوی خۆیان. ژورێك هەڵدەبژێردرێت کە بواری دانیشتنی تێدا بێت، بەشێوەیەك بینەران بتوانن سەیری ئەکتەرەکان بکەن لەکاتی نواندندا. ئەگەر هاتوو پێویستی بەبڵندگۆ هەبوو، بابوار هەبێت بۆ گواستنەوەی بڵندگۆکە، تا گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستی‌یەکانی ڕۆڵەکان لە پرۆسەی نواندندا.

ڕۆڵەکانی نواندن بەوە جیادەکرێتەوە کە بەکەڵکەو لەهەمان کاتیشدا بۆکات بەسەربردنیشە، هەروەها زۆر سەرنج ڕاکێشن، بواری شی‌کردنەوەو ڕەخنە گرتنی هاوبەش دەدات بۆ کۆمەڵەکەو هەموو شارەزایی و بەهرەی تاکەکان کۆدەکاتەوەو سوود لە بەشداری کردنی ووزەو تواناکان وەردەگرێت لە نێوان خۆیاندا .

نواندنی سەرکەوتوو کورت و پەلەیە. ماوەی پێنج خولەك بەماوەیەکی نمونەیی دادەنرێت بۆ یەك هەڵوێستی نواندن، سەرەڕای ئەوەش ماوەی درێژتر جێی ڕەزامەندی دەبێت ئەگەر هاتوو نواندنەکە بەتام و چێژبوو شان بەشانی بەهافێرکاری‌یەکەی. هەرنواندنێك جەخت لەسەر خاڵێکی سەرەکی دەکات، بەڵام نواندنە دوورو درێژەکان کە کۆمەڵێك مەسەلەو بابەت لەخۆ دەگرێت باشتروایە خۆی لێی بەدوربگرین.

هەندێك جار دەق ئامادەکراوە بۆ ئەم چەشنە ڕۆڵانە، بەڵام لە هەندێك کاتدا دەبێتە هۆی پچراندنی هۆش و لەدەست دانی کات. هەر چۆنێك بێت، وا باشترە کە ڕاهێنەر هەستێت بە دابەش کردنی کورتەیەك کە سروشتی ڕۆڵەکەی تیادا پێناسە بکات کاتێك کە دەقێکی دوور و درێژی نوسراو نەبێت.

### و- کۆنگرەکان

کۆنگرەکان بەکار دەهێنرێن بۆ خستنەڕووی کێشەیەکی دیاریکراو یان کۆمەڵە کێشەیەك. ڕێکخەرانی کۆنگرە کە خشتەیەکی کارکردن لەپێشەوە دادەنێن . پەیکەری بەرنامەکە کۆڕی جۆراو جۆرو جیاواز لەوانە بێژی و سیمیناری پسپۆران و زنجیرەی لێکۆڵینەوەکان و وەرشەکانی کارکردن و شتی‌تر دەگرێتەوە. باشتروایە کە پرۆسەی نەخشەکێشانی کۆنگرە بکرێت بە دوو بەشەوە: کۆمەڵێك هەستێت بەدانانی پلان بۆ بەرنامەکە، بەڵام ئەوی تریان نەخشە بکێشێت بۆ ڕێکخستن و خزمەتە کارگێڕییەکان. کە تۆمار کردن و، ژوری کۆبونەوەکان و نیشتەجێ بوون و کات بەسەر بردن و ئاسان کاری بۆ شوێنەکان و شتی‌تر دەگرێتەوە.

لەگەڵ خستنە ڕووی گیروگرفتەکاندا، کۆنگرەکان دەتوانن هاندان و چالاك کردن و پشتیوانی لە هەوڵەکانی مەشقیی ئەو ڕێکخراوە بکات کەچاودێری کۆنگرە دەکات. بەڵام بەرنامەی قەبارە گەورەو کارلێك کردنی سنووردار لای بەشداربووان وا دەکەن کە تواناکانی مەشقکردنی کۆنگرە لاواز بێت.

کۆنگرەکان وەك ئەوەی باوە لە ڕۆژێکەوە بۆ پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێت. دەتوانرێت پارێزگاری بکرێت لەسەر گرنگی دانی ئامادەبووان بە بەرنامە نوێیەکان کە ماوەیەکی پشودانی گونجاووچالاکیە تەرفیهیەکانی تێدایە.

بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە پێویستە بەرنامەیەکی چاپکراو هەبێت، کەپێشتر دابەش بکرێت، لە زانیارییەکی زۆر کە لەسەربابەتە پێشنیارکراوەکان پێك هاتبێت. هەروەها ئامۆژگاری دەکەین بەدابەشکردنی ڕاپۆرت و بەڵگەنامەکان کە لەپێشەوە پێشکەش بەکۆنگرەکە دەکرێن.

## ز- مەشقی تاکەکەسی

مەشقی تاکەکەسی بریتییە لە گوێزانەوەی ڕاستەوخۆی لێهاتویی و بیروبۆچوون لە کەسێکی خاوەن ئەزموونەوە بۆ کەسێك شارەزایی کەمترە. ئەمەش لەو حاڵەتەدا سەرکەوتوو دەبێت کەلە نێوان زۆر ئاسانی و تێکەڵاوییدایە، لەوانەیە ڕاهێنەر سەرپەرشتیار بێت لەو شوێنەدا یان خۆبەخشێکی خاوەن شارەزایی بێت یان هاوڕێیەکی خاوەن ئەزموون. مەشقکار نابێت شەرم بکات یان دوودڵ بێت لە سوود وەرگرتن لە کۆمەڵەی مەشقی تاکە کەسیدا. ئەم جۆرە مەشقە بوارێکی گەورە دەڕەخسێنێ بۆ تاکی مەشقکار کە لەشێوازی مەشقی بە کۆمەڵدا نارەخسێت.

دەکرێت کە مەشقکردن بەم ڕێگەیە لەدانیشتنی تایبەت یاخود لە شوێنی کارکردن خۆیدا بێت. بۆ ئەوەی ئەم ڕێگایە کاریگەر بێت پێویستە متمانەیەکی تەواو و دڵسۆزی هەبێت لەنێوان ڕاهێنەر و مەشقکاردا. ئەم ڕێبازەش زۆر دەبات، چونکە تەنها مەشقکارێك سوود لەڕاهێنەر دەبینێت. هەرچەندە لەلایەکی ترەوە ئەو بایەخدانە تایبەت و ئەو سەرپەرشتییە ڕاستەوخۆیە دەبنە هۆی چەشنێکی ناياب لەمەشق. لەبەر ئەوەی ئەم شێوە مەشقەش مۆرکێکی فەردی پێوەیە، پێدەچێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ شوێنەواری بەردەوام بێت.

ماوەی ڕاهێنان و کەرەستە دیراسیە بەکارهاتووەکانیش پەیوەستن بەو شێوازەی ڕاهێنەرو مەشقکار پەیرەوی دەکەن.

## ح- ئەدوەی پسپۆران

ئەوەیە کە ژمارەیەك لە بێژەرانی پسپۆر لەسەر دوانگە بەشداری تێدا دەکەن وەك ئەوەی باوە، هەر ئەندامێك وتەیەکی کورتی دەبێت. بۆ ماوەی نزیکەی دە خولەك، تێیدا باس لەلایەنێك لە لایەنەکانی بابەتەکە دەکات، یان ڕای خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بەبابەتەکە بەگشتی. پاشان بەڕێوەبەری کۆڕەکە هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی ووتووێژ لەسەر بابەتەکە، هەروەها پرسیار و ڕاوبۆچوونی ئامادەبووان. بەڕێوەبەری دانیشتنەکە هەندێ جار لە کۆتاییدا هەڵدەستێت بە کورتکردنەوەی گفتوگۆکەو تیشك خستنەسەر گرنگترین خاڵەکانی بەبێ ئەوەی کار بکات لە بوارو کاتی بێژەرو پسپۆرە سەرەکییەکان. زۆر گرنگە بەڕێوەبەر هەستێت بەتەنسیق لەنێوان ئەندامانی کۆڕی گفتوگۆکەدا بەو هیوایەی سەرپەرشتی هەموو لایەنەکانی گفتوگۆکە بکات بێئەوەی ڕێگا بە قسەبڕین یاخود دووبارەبوونەوەی ووتە بدات، ئەمەش بە ماوەیەکی گونجاو پێش دەستپێکردنی کۆڕەکە دەکرێت.

لە گرنگترین پێداویستی‌یەکانی کۆڕی سەرکەوتوو ئەوەیە: بابەتێك بێت جێگای سەرنجی ئامادەبووان بێت، قسەکەرانی بەتوانا کە بتوانن بیرو ڕاکانیان بەکورتی پێشکەش بکەن، وە بەڕێوەبەرێك بۆ دانیشتنەکە کە ئەرکەکانی بە باشترین شێوە بەجێ بهێنێ . کۆڕ تەنها کۆمەڵێك وانە ووتنەوە نی‌یە، بەڵکو لەناوەڕۆکدا گرتنەخۆیەکی کاریگەرە بۆ بابەتەکە لەلایەن قسەکەران و ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕایە لەنێوانیاندا. ئەم ئاڵوگۆڕکردنە سوود بە جەماوەری ئامادەبوو دەگەیەنێت، ئەمانیش بەڕۆڵی خۆیان یارمەتی چالاك کردنی دەدەن. زۆرترین ژمارەی قسەکەران لە کۆڕدا لەنێوان سێ تا پێنج کەسدا دەبێت. ئەگەر هاتوو ژمارەکە کەمتربوو نابێتە هۆی ماف پێدانی بابەتەکە بەتەواوی، بەڵام ئەگەر ژمارەکەش زیاتربوو دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی بێزارکەر و بەئاسانی وەرناگیرێ و کاریگەری پێویست دروست ناکات.

کۆڕی سەرکەوتوو ئەوەیە کە ئامادەبووان لەگەڵ بێژەرە پسپۆڕەکاندا سوودێکی مەشقیی گەورە بدەن بەیەکتر. زانیاریش لە ئەزموون و شارەزایی جۆراوجۆر وەردەگیرێت و پوختە دەبێت و ناتوانرێت تەنها بە نمایش و گفتوگۆ ئامادە بکرێت. هەروەها بیروڕاو جێبەجێ کردنەکان تیایدا دەبنە بابەتی شی‌کردنەوە بەئەندازەیەکی باش لەڕوونی. کارلێك کردنی جەماوەری ئامادەبووان یارمەتی دەدات بۆ هێشتنەوەی ئەوەی لە کۆڕەکەدا فێری بوون لە شارەزاو پسپۆڕەکانەوە لەبیرو فکریاندابۆ ماوەیەکی دورو درێژ.

دەکرێت ماوەی کاتی کۆڕ زۆر زیاتر بێت لەماوەی وانە ووتنەوە، لەبەر ئەوەی کەزیاتر هەمە جۆرە بەڵام ماوەی دووکاتژمێر لەزۆرترین کاتی گونجاو دادەنرێت کە هەر کۆڕێك بتوانێت سەرنجی ئامادەبووانی بۆ ڕابکێشێت. وەك بنەمایەك، ئێمە بەباشی دەزانین کە دانیشتنەکە بۆ ماوەی (٩٠) خولەك بێت یان کەمتر بۆ هەر ڕێگایەك لە ڕێگاکانی مەشقکردن.

هەروەك چۆن لەموحازەراتیشدا بوو، ئەو بڵاوکراوە دابەشکراوانەیش کەپێکهاتووە لە زانیاری لەسەر بەشدار بووان لە کۆڕەکەداو بابەتەکەی و بۆچوونە جۆراو جۆرەکان و هەڵبژاردە لە گفتوگۆکە لەوانەیە سوودێکی زۆربە بەشداربووان بگەیەنێت.

**ط- ئەڵقە تەرییەکان**

بریتی‌یە لە هەمان جۆر کۆڕ بەستن یاخود لەجۆری جیاوازو کە بەجیا گرێبدرێت بەڵام لەیەك کاتیشدا تەرین دەکرێت لەو دانیشتنانەدا بابەتی سەربەخۆ بخرێتە ڕوو بۆ ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵە، یان باسی هەمان بابەت لەلایەن بەشدار بووانەوە بکرێت کەلە تەمەن و ڕەگەزو شارەزایی جیاوازدان. هەندێك جار کۆمەڵەکان دابەش دەکرێن بۆ کۆمەڵەی بچوکتر کە دانیشتنی هاوتەریب ئامادە دەکەن لەسەر هەمان بابەت لەبەر گەورەیی قەوارەی کۆمەڵە بنەڕەتیەکەو نەتوانینی بەستنی بە تەواوەتی لەیەك کاتدا.

دانیشتنی هاوتەرییبیش بەهەمان شێوازی بەستنی دانیشتنی تەواو دەبەسترێت ، وەلە شوێن و جێگای لێك نزیکەوە دەبێت تا ڕێگای هاتووچۆی بەشداربووان بدرێت لە نێوان ڕیزی دانیشتنەکاندا.

بەستنی دانیشتنەکان بەشێوەیەکی تەریب دەبێتە هۆی زیاد بوونی سوودە مەشقییەکەی، چونکە هەموو توانا مەشقیەکانی بەشداران دەگرێتەوە، یان بەهۆی کەم کردنەوەی ژمارەی مەشقکارانەوە سوودەکە دەگەیەنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی کارلێك کردنی سەرکەوتوو لە ناوخۆی کۆمەڵەکەدا، بەمەش ئاستی فێربوون بەرز دەبێتەوە.

بەڵام ماوەی کاتی بەکەڵك و ماددەو ئامرازە فێرکاری‌یەکان کەلە دانیشتنەکان دا بەکار دەهێنرێن بە سروشتی بەرنامەکەوە بەندن.

## سێیەم : شێوازەکانی تر

### أ- مێزگردو گفتوگۆ کردن

مێزگرد و گفتوگۆ کردنیش لەشێوازەکانی بەشداری کردنی بەکۆمەڵە، ئەوەش بە پێچەوانەی وانەکان و شتەکانی تری لەو چەشنەوە. شێوازەکان لێرەدا کارلێکن، بەشداری دەکەن لە دۆزینەوەی بابەتێکی دیاری کراودا بەفێرخوازان، لەرێگای شی‌کردنەوەو پیاداچوونەوەو پێشکەش کردن. مێزگرد بەرێگایەکی ڕەسمی ئەنجام دەدرێت، چەند رێسایەکی کاتبەندی گران بەسەریدا زاڵە ئەمە لەکاتێکدا کە گفتوگۆکان بەرێگایەکی نارەسمی بەرێوە دەچێت لەو رووەوە کەئەم گفتوگۆیانە ئاڵوگۆڕ کردنی بیروران بەشێوەیەکی سەربەست. بەبێ کۆتی بنەما یان رێسا و شتی تر. بۆ سەرکەوتنی گفتوگۆکانیش دەبێت جەخت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بکرێت و قەبارەی کۆمەڵەکەش دیاری بکرێت. لەسەر بەرێوەبەری گفتوگۆکەیە کە کەشێکی جوان و خۆش سازبکات، نابێت ئەو نە بەشداربوانی بالاتر دەنگ بەرز بکەنەوەو دەست بەسەر گفتوگۆ کردنەکەدا بگرن.

رێوشوێنی تایبەت بە مێزگرد شێوەی مەدرەجی دانیشتنی ڕەسمی یاخود سەکۆی شانۆ وەردەگرێت. ئەوانەی بەشداری لە مێزگردەکەدا دەکەن بەرامبەر یەکتر دادەنیشن و ووتە ئاراستەی کورسی ناوەڕاست دەکەن کە بەرێوەبەری مێزگردەکە لەسەری دادەنیشێت، دەتوانرێت دانیشتنەکانی گفتوگۆ کە بەشێوەیەکی بچوکتر رێك بخرێت ، وەك دانیشتن لەسەر شێوەی بازنەیەك یان دووبازنە. خستنەرووی بۆ چوونە دژ بەیەکەکان دەبێتە هۆی چالاك کردنی بیر کردنەوەی رەخنەیی لەنێوان میزگرەکان و بینەران دا وەکویەك. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێز بوونی توانا یان لەسەر فێر بوون.

ئەگەر بابەتەکان سەرنج راکێش و گرنگ بوون ئەوا ماوەی مێزگردەکە یان گفتوگۆ درێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەیەکی زیاتر لەحاڵەتی سروشتی. لەم بارەشدا دانیشتنەکان کەلە دوو کاتژمێر زیاتر دەبن، دابەش دەکرێن بۆ دانیشتنی فەرعی کارەکەش پێویستی بە هیچ بابەتێکی تایبەتی نی‌یە بێجگە ئەوەی رێنمایان پێکردوە بۆ کۆری پسپۆران. مێزگردەکە زۆرتر سەرنج راکێش و دڵ خۆش کەرتر دەبێت ئەگەر هاتوو راپرسی کرا لەلای جەماوەرەکە بۆ ئەو بابەتەی دەخرێتەروو پێش دەستپێکردنی مێزگردەکەو پاش تەواو بوونی، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ببێتە هۆی پتەوبوونی گیانی مونافەسە.

### ب- پەیڤین

ئەمیش وەك مێزگرد وایە، بریتی‌یە لەئاڵ و گۆڕ کردنی تێروانین بەڵام تەنها لە نێوان دوو کەسدا کورت دەبێتەوە. هەریەکێك لەوان هەڵدەستێت بە پێش کەش کردنی هەڵوێستی خۆی لەو کێشەیەی خراوەتە روو. بەڵام بەپێچەوانەی مێزگردەوە پەیڤین هەوڵ دەدات بۆ راڤە کردنی بیرو رای دژ بەیەك و تێگەیشتنی ، نەك بۆ بریاردان لەوەی کامیان باشترە . بەڵام رێوشوێن و رێکخستن و توانای مەشق و کاتی بەکەلك و دابین کردنی کەرەستەکانی خوێندن جیاواز نین لەوەی کە تایبەتە بە مێزگردەوە.

### ج- هەڵقولانی زەینی

هاندانی زەین شێوازێکە بۆ کۆکردنەوەی بیرو رای کۆمەڵێك خەڵك کە لەیەك کۆبوونەوەدا ئامادە دەبن . ئەم شێوازەش لە بەشی حەوتەمی ئەم رێبەرەدا بەدرێژی گفتوگۆی لەسەر کراوە.

### د- نمایشی کرداری

بەپێچەوانەی موحازەرەکانەوە، نمایشی کرداری دەبێتە هۆی فێر بوون لە رێگای بینین و بەشداری کردن و ئاخاوتن پێکەوە. مەشقکاران لەرێگەی تێبینی‌یەوە فێر دەبن وە هەندێك جار خۆیان رادەهێنن لەسەر بەکارهێنانی لێهاتویی و کردارو ئەرك یاخود پەیوەندی‌یە جۆراو جۆرەکان کە بەشێوەیەکی کرداری دەخرێتە بەردەمیان.

### ٥- دڵخۆشکردن و حەواندنەوە

دڵخۆشکردن و حەواندنەوە بەهەمان شێوە ئامرازێکی فێرکاریی بەهێزە کاتێك بەئارەزو و بەئامانجەوە جێبەجێ بکرێت چەند ساتێکی دڵخۆشکردن و حەواندنەوە دەتوانێت یارمەتی بدات بۆ ئارامی زەینی و ڕزگار کردنی مرۆڤ لەباری ئاڵۆزی و بەشداریکردنێکی ئیجابی لەبەهێزکردنی پرۆسەی فێرکاریدا. هەروەها هەندێك بابەت و گرنگی پێ دان هەیە کە دەکرێت لە ڕێگای بەکارهێنانی داهێنەرانەی هۆکارەکانی دڵخۆشکردن و حەواندنەوەی ئامانجدارو دروستەوە بخوێنرێت. بەڵام پێویستە لەسەرمان کە توانایەکی زۆر بخەینە گەڕ تا ئەوە مسۆگەر بکەین کە دانیشتنەکانی دڵخۆشکردن و حەواندنەوە نەشێوێنرێ بەشتانێکی پڕوپوچ و بێ مانا، لەڕاستیدا پێویستییەکی زۆرمان هەیە بە بەرهەم هێنانی ماددەیەکی نوێی دڵخۆشکردن و حەواندنەوەی بە مەبەست کە بگونجێت لەگەڵ بەها ڕەوشتییەکاندا.

## چوارەم : بەراورد کردن

لەنێو شێوازە باوەکانی مەشقکردندا کە پێشتر باسمان کرد ئەمانە بوون: موحازەرات و وەرشەکانی کارکردن و ئەڵقەکانی خوێندن و خێوەتگەو ئەدای ڕۆڵە تەمسیلییەکان و کۆنگرەکان و مەشقی تاکو نەدوەی پسپۆران و دانیشتنە هاوتەریبەکان.

ئەم خشتەیەی خوارەوە جیاوازی لەنێوان ئەو شێوازانەدا ڕوون دەکاتەوە، لەڕووی:

- ڕێکخستن — گرانی یاخود ئاسانیی ڕێکخستنی.
- پێشکەش کەرانی چالاکی — ژمارەی ڕاهێنەرانی پێویست بۆ پێشکەش کردنی.
- ڕۆڵی جەماوەر — سروشتی ئیجابی یان سلبی بەشدار بووان.
- ئاستی لەبەر کردن — تا چ ڕادەیەك جەماوەر مادده فێرکاری‌یەکەی لە بیر دەمێنێت پاش تەواو بوونی **بەرنامەکە**.

| شێواز | ڕێکخستن | پێشکەش کەرانی چالاکی | ڕۆڵی جەماوەر | ئاستی لەبەر کردن |
|---|---|---|---|---|
| موحازەرات | ئاسان | یەك کەس | کارلێك نیە | نزم |
| وەرشەکانی کارکردن | گران | یەك کەس  تاسێ‌کەس | کارلێك هەیە | بەرز |
| ئەڵقەکانی خوێندن | مام ناوەندی | چەند کەسێك | کارلێك نی‌یە | نزم |
| خێوەتگەکان | گران | چەند کەسێك | کارلێك هەیە | بەرز |
| ئەدای ڕۆڵە تەمسیلیەکان | گران | یەك کەس | تاڕادەیەك کارلێك هەیە | مام ناوەندی |
| کۆنگرەکان | گران | چەند کەسێك | کارلێك نی‌یە | نزم |
| مەشقی تاکەکەسی | ئاسان | یەك کەس | کارلێك هەیە | بەرز |
| نەدوەی پسپۆران | ئاسان | یەك کەس بۆ پێنج | کارلێك هەیە | مام ناوەندی |
| دانیشتنە هاوتەریبەکان | ئاسان | چەند کەسێك | کارلێك نی‌یە | نزم |

## پێنجەم : حاڵەتی دیراسی

ئەم حاڵەتە بریتی‌یەلە تۆماری هەڵوێستێکی ڕاستەقینە بەهەموو ئەو مەسەلانەی کە باس کراون، بەلام ئەنجام نادات بەدەستەوە، ئەم تۆمارە ئەو ڕاستی‌و بۆچوونو هەڵوێستانە دەگرێتەوە کە تێڕوانینی لەسەر دروست دەبێت هەروەها بڕیارەکانی لەسەر بەندە.

### أ- بەرەو پێشبردنی نموونە

بۆ ئەوەی حاڵەتێك بەرەو پێش ببەیت، وەسفێکی کورت بەوردی بۆ هەر یەکێك لەم توخمانەی خوارەوە بنوسە: مەسەلەی بابەتی سەرەکی و هەڵوێست و خەلفییەت و بەڵگەنامەکان.

لە بیرت بێت کە مەسەلەی سەرەکی پەیوەندی بەکێشە بنەڕەتی‌یەکەوەیە کە دەبێت چارەسەر بکرێت، بەلام هەڵوێست بریتی‌یە لە کۆمەڵێك ڕووداوو بارودۆخو کەسایەتی و کردارو پەیڤین، کەمەسەلە سەرەکییەکەی لیٚ پێك هاتووە، خەلفیەتیش ئاماژە دەدات بەزانیاریی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی کەشی کارکردن و گرێ دراوە بەبابەتی ئەوحاڵەتەوە. بەڵگەنامەکانیش بریتین لەو زانیاری و موستەنەدانەی کە پشتگیری هەڵوێستی حاڵەتەکە دەکات.

### ب- بەکارهێنانی شێوازی حاڵەتی دیراسی

ئەم شێوازە بۆ کاتێك بەکار دەهێنرێت کە ئامانجی مەشقکردن گەشەکردنی بیرکردنەوەی شیکاری و لێهاتویی چارەسەرکردنی کێشەکان و وەرگرتنی بڕیار بێت: دەبێت بەشداربووان بتوانن کەلێهاتویی لۆژیکی بۆ شیکاری زانیاریی‌یەکان بەکار بهێنن. سەرەڕای ئەوەش، دەبێت کۆمەڵەکە ئەوەندە بچوك بێت کە گفتوگۆکردن تیایدا کاریگەری هەبێت بۆ ئەو حاڵەتە کەدەخرێتە ڕوو.

شێوازی حاڵەتی دیراسی بوار دەڕەخسێنێت بۆ بڕیاری تیۆری، بەبێ زیان گەیاندن بەهەڵوێستی کرداری. مرۆڤ دەتوانێت مەشق بکات لەسەر چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە سروشتێکی تایبەتیان هەیە بەبەکارهێنانی حاڵەتی هاوشێوەی تر. ئەم شێوازەش پێویستی بە حاڵەتی نوسراو هەیە بەڕوونی و بۆ ڕێکخەرێکی خاوەن ئەزموون لە ئاراستەکردنی گفتوگۆ بەرەو بابەتە سەرەکی‌یەکە، هەروەها پێویستی بە بەشداربووانی بەتوانایە لە دەربڕینی بیروڕادا بەشێوەیەکی بەهێزو ڕوون.

### ج- حاڵەتی دیراسی

بۆ ئەوەی حاڵەتێك بەرەوپێش بەرین لەسەرەتادا هەڵدەستین بەدیاریکردنی ئامانجەکانی دانیشتنەکە، پاش ئەمە حاڵەتێك یان زیاتر لەچەند حاڵەتێك هەڵدەبژێرین کە لەم بوارەدا بەلامانەوە گرنگە، پاشان پلان دادەنێین بۆ لێکۆڵینەوەی هەڵوێستی ئەو حاڵەتەو بۆ خەلفیەت و بەڵگەنامەکان، لە کۆتاییدا لێکۆڵینەوەکە بەدوورو درێژی ئەنجام دەدەین. بەلام پێش ئەوەی کە حاڵەتەکە بەکاربهێنین، لەسەرمانە کە هەڵی بسەنگێنین بۆ ئاشنابوون بەڕێژەی گونجانی.

**د- دانیشتنێکی سەرکەوتوو بە شێوازی نمونەیی.**

لەسەرەتادا بە پێناسەکردنی ئامانجەکانی دانیشتن و شێوازەکانی باری توێژینەوە دەست پێ دەکەین. پاشان حاڵەتەکە دەخوێنینەوە، باشتریش وایە بەدەنگێکی بەرز بخوێندرێتەوە لەبەردەم کۆمەڵەدا. پاش ئەوە، دەست دەکەین بە لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکە لە پێناوی گەیشتن بە رێگا چارەیەك یان زیاتر بۆ کێشەکە. لە کۆتاییدا باسەکانی کورت و پوخت دەکەینەوە، تیشك دەخەینە سەر دەرەنجامەکان.

---

**نموونەی رۆژنامەی کار: چۆن حاڵەتەکە بەرەو پێش دەبەیت؟**

پێناسەیەکی وردو کورت بنوسە بۆ هەریەکێك لەم بەشانە (بەندانە)ی خوارەوە، بۆ ئەوەی رووبەری نوسینەکە فراوانتربێت پەرپەکی زیادە بەکار بهێنە و رەگەزەکانی ژمارەبەندی بکە.

**توخم / وەسفکردن** ______________________

**١- بابەتی سەرەکی**

یەکێتی خوێندکاران پێویستی بە بنکەیەکی هەمیشەیی هەیە بۆ ئەمینداریەتی گشتی پێشنیارکراوی.

**٢- هەلوێست**

ئەو روبەرو ئاسانکاریانەی کە لەمەڵبەندی ئێستادا هەیە بەش ناکات، بەم شێوەیە ناتوانێت خزمەتگوزاریەکانی بە بەرفراوانی پێشکەش بکات، هەروەها هەلکەوتەی شوێنەکەش سەرنج راکێش نی‌یە بۆ خۆبەخشان یان ئەوانەی سەرمان لیّ دەدەن.

**٣- خەلفییەت**

بارەگای ئێستای یەکێتی لەناو مزگەوتێکدایە لەشاری غاری، لە وولایەتی ئیندیانا، وە یەکێتی خوێندکاران لە کۆتایی شەستەکاندا کریویانە، نهۆمی سەرەکی پێکهاتووە لە نووسینگەی بەرێوەبەرو مزگەوتەکەو هۆڵێك. لە هەورەباندا (نهۆمی سەرەوە) نوسینگەی رازگری تێدایە، هەروەها سوری ئاوو حەمام و چێشتخانەو جێگەی نانخواردن و گەنجینەی تێدایەو تەنیشتەکەش وەستاوو وشکە. ناوچەکانی دەوروبەری ئاوەدانی پێوە دیارنی‌یە، وە ئەو زەوی‌یەی لەبەر دەست دایە بواری فراوانکردنی نی‌یە.

**٤- بەلگەنامەکان**

راپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان ئەمانەتی گشتی هەمیشەیی، راپۆرتی لیژنەی هەلبژاردنی بارەگای سەرەکی، راپۆرتی بەرێوەبەر سەبارەت بە بەکارهێنانی بارەگای ئێستا راوبۆچوونی ئەندامانی چالاك لەسەر حەزوئاواتیان لە داهاتوودا کەلەسەر یەکێتی‌یەکە بەندە.

**٥- تعلیقات (قسە لەسەر کردن)**

هەستە بە پێداچوونەوەی خاسیەتەکانی هەلبژاردنی شوێنی گونجاو پاشان ئەنجامەکانی شیکار بکە .

## شەشەم : دیاری کردنی کۆمەڵە مەشقییەکان

دەتوانرێت کە کۆمەڵەکانی مەشق و ڕێکخستنی شێوازی دانیشتنیان بەلایەنی کەمەوە بەسێ ڕێگای جیاواز پێـك بـهێنرێت، بەپێی کارلێك کردن لەنێوان مامۆستا و فێرخوازاندا. ئەم کۆمەڵانەش بەم شێوەیە ڕونکراونەتەوە: بازنەکان هێمای ڕاهێنـــەرن، بـەڵام چوارگۆشەکان هێمای فێرخوازەکانن.

أ



ئەگەر لە ڕاهێنەر داواکرا :

- کەزانیاری زۆر بگەیەنێت.
- مەشق بە کۆمەڵێکی زۆر بکات.
- خاوەن ئەزموون بێت لە بابەتەکەدا.
- پشت بەو ئامرازانە ببەستێت کە لەجۆری باڵان.

ب



ئەگەرهاتوو مەشقکاران:

- دابەشکران بۆ کۆمەڵەی بچوك بچوك.
- یەکێکیان لە یەکێکی ترەوە فێر دەبوو.
- شارەزایی باشیان هەبوو.
- خاوەن ئەزموون بوون.

ج



ئەگەر :

- ڕێنماییەکان پێویست بوون.
- کێشەکە پێویستی بە ڕونکردنەوە هەبوو.
- ناوەڕۆکی نوێ پێویستی بە پێناسەکردن هەبێت.
- فێرخوازان بەسستمی گروپ کاریان دەکرد.

## گفتوگۆ

١- گرنگترین سێ هۆکارەکانی مەشقکردنی باش چی‌یە؟
٢- گرنگترین سێ هۆکار لە فێرکردنی بەتەمەنەکان چی‌یە؟
٣- ئەو سێ ڕێگا زۆر باوەی شێوازی مەشقکردن چی‌یە؟
٤- وەرشەی کار لەچیدا جیاوازە لە کۆنگرە؟
٥- باشترین شێواز چی‌یە بۆ دروست بوونی ئەوپەڕی کارلێکردن لەنێوان ڕاهێنەر و فێرخوازدا؟ وە بۆچی؟
٦- ئەو شێوازە چی‌یە کە دەبێتە هۆی بەدەست هاتنی کەمترین کارلێکردن لەنێوان فێرکارو فێرخوازدا؟ بۆچی؟
٧- ئەو چوار ڕەگەزە چی‌یە کە دەبێت بیری لیَ بکرێتەوە لەکاتی پێشخستنی حاڵەتێکی دیراسیدا؟
٨- بەپێی کام مەرجانە دەکرێت شێوازی باوی خوێندن بەکار ببرێت لە مەشقکردندا.

## بەجێ هێنان

بەپێی ئەوەی لە ڕێکخراوێکدا ڕاهێنەریت کە ئەندامانێکی زۆری هەیە و خزمەت بەجەماوەر دەکات، دەتەوێت مەشق بکەیت بەژمارەیەکی زۆر لە خۆبەخشان لەسەر بەکارهێنانی ڕاگەیاندن بۆ ڕێ نیشاندانی ڕای گشتی لەسەر هەندێک مەسەلە. بودجەیەکی دیاری کراوت لەبەر دەست دایە وە ژمارەیەکی کەم خۆبەخشت هەیە هەروەها ئاسانکاری کەمی مەشقکردنت لەبەر دەستە، و تەنها دوو ڕاهێنەرت لەبەر دەستدایە.

١- چوارشێوازی مەشقکردن هەڵبژێرە دەتوانیت بەکاری بهێنێت.
٢- ئەم شێوازانە بەپێی توانای کاریگەرێتییان ڕێکبخەو هۆی ئەم شێوە ڕێکخستنەیش ڕوون بکەرەوە.
٣- دەقی ڕاگەیاندنیان بنوسە بۆ ڕاگەیاندن لەسەر مەشقکاران.
٤- حاڵەتێکی دیراسی بەرەوپێش ببە کە بەکارهێنانی لەم هەڵوێستەدا گونجاو بێت.

بەشی

٢١

# پلان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی مەشقکاری

**یەکەم : پلانی سەرکەوتوانە بۆ بەرنامەکان**

أ - بنەما سەرەکییەکان

ب- شێوازی پلەبەند کردن - هەنگاو بەهەنگاو

**دووەم : ڕاپەڕاندن:**

أ- کۆتی سەر دەرامەتەکان

ب- بەدواداچوون

**ئامانجەکانی بەش**

**لەکاتی تەواو کردنی ئەم بەشەدا، توانای ئەمانەی خوارەوەت دەبێت:**

- **دیاری کردنی بەشە جۆراو جۆرەکانی ئەو بەرنامەیەی نەخشەی بۆ دەکێشیت.**
- **دانانی خشتەیەکی کردەیی بۆ چالاکیەکان.**
- **دانانی ڕێگایەك بۆ بەدوادا چوونی جێبەجێ کردن .**

## یەکەم : پلانی سەرکەوتوانە بۆ بەرنامەکان

### أ- بنەما سەرەکییەکان

زۆرکات پلانی سەرکەوتوانە بۆ بەرنامەکان ڕاستەوخۆ لە گرنگی پێدانی بەشداران و پێداویستی‌یەکانیان دێتە کایەوە. و نەخشەی بەرنامەکان لەسەر باشترین شێوە دەبێت ئەگەر هاتوو لەسەر بناغەی ئەو بابەتانە داڕێژرا کە پێداویستی‌یە زەروریەکانی بەشداران بەدی دەهێنێت. نەك تەنها لەبەر زۆری کەسەکان و دەرامەتەکان.

پێویستە لەسەر ئەوانەی بەرنامەکان ڕادەپەڕێنن و بەشداری تێدا دەکەن کە بتوانن هاوکاری لە ئامادەکردنی نەخشەکەدا بکەن. خەڵك بەگشتی بەدڵ گەرمی‌یەکی زۆر کاردەکەن لەبەرنامەیەکدا کە خۆیان ئامادەیان کردبێت و بەشداریان تێدا کردبێت، پێویستە لەسەرمان کرداری نەخشەکێشان بەتەواوی تۆماربکەین تا سوودمان پێ بگەیەنێت لە هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی داهاتوو ئاراستە کردنیاندا.

### ب- شێوازی پلەبەند کردن – هەنگاو بەهەنگاو

پێویستە هێڵە سەرەکیەکانی پلانەکان بۆ ساڵێکی تـەواو یـاخود ماوەیـەکی درێژتـر دانێـین، ئەمـەش بـۆ گرێدانـی هـەموو بەرنامەکان لە نەخشەیەکی تەواوی خاوەن کۆمەڵەو ئامانجێکی دووردا.

زۆربەی کات شکست ڕوودەدات لە نەخشەکێشانی بەرنامەکاندا لەکاتی نـەبوونی بیرکردنـەوەی باشـدا لـە ڕێگـەی چۆنیـەتی ڕێکخستنی بەنامەکەوە. ئەمەش پێویستی هەمیشەیی بە وەڵامدانەوەی ناوەڕۆکی ئەم پرسیارانە هەیە: کـێ؟ چـی؟ کـەی؟ لـەکوێ؟ بۆچی؟ چۆن؟ وچەند؟.

لەومەسەلانەی کەگرنگی گەورەیان هەیە لەنەخشەکێشانی بەرنامەکەدا ئەمانەن:

١) **کات :** خشتەیەکی زەمەنی دابنێ کە ژوانگە کۆتاییەکان بگرێتەخۆ بۆ تەواو کردنی ئەرکەکان و چالاکیە پێویستیەکان بۆ ڕاپەڕاندنی بەرنامەکان.

٢) **داراییەکان :** خەرجی بەرنامەکە بخەملێنە، سەرچاوە داراییە مومکینەکان دیاری بکە ، هەستە بەدانانی بودجەو پلان بۆ حاڵەتی کتوپڕ و پابەندییەکانی کاتی هەڵوەشاندنەوەی، وە ئەگەر هاتوو پێشبینیت کرد لە کـەمی کـورت هێنـانی بودجەدا، بیربکەرەوە لە ڕێگایەك کە بتوانێت چارەسەری بۆ دابنێیت لەو چارەسەرانەش خـستنەڕووی کێشـەکەیە بـۆ بەشداربووان لە دانیشتنێکدا داواکردنی کۆمەك لێیان بۆ پڕکردنەوەی کەم و کوڕی بودجەکە.

٣) **شوێن و کەل و پەلەکان :** ئاسـانکاری بـۆ هـەموو بـەندەکانی بەرنامەکـە دابـین بکـە، و هەسـتە بـە ئامـادە کردنـی پێداویستیـیە ئەلەکترۆنیەکان.

٤) **سەرکردەیی :** ئەرك و بەرپرسییەکان بسپێرە بەو کەسانەی کە دەتوانن سەرکردایەتی کەسانیتر بکەن. هەستە بەدابـەش کردنی ئەرکەکان لەنێوان ژمارەیەکی گونجاوی خەڵکدا، بەبێ بەش بەشـکردنی بەشـێوەیەك کـە بگاتـە ئـەو ئاسـتەی تەنسیق کردن لەگەڵیدا گران بێت.

٥) **کەرەستەکان :** سەرەتا کتێب و چاپکراوو کەرەستەکانی تری مەشق کردن بەدەست بهێنـە، بـۆ سـوود لێوەرگرتنـی وەك سەرچاوە، و دابەش کردنی لەکاتی بەرنامەکەدا.

٦) **هەڵسەنگاندن :** ئەو پێوەرانە دیاری بکە کە بەکار دەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنی بەرنامەکـە یـان شکست هێنانی.

## دووەم: ڕاپەڕاندن

### أ- کۆتی سەر دەرامەتەکان

زۆرجار نەبوونی دەرامەت بۆ بەرنامەکان دەبێتە ڕیگرێکی سەرەکی، لەو دەرامەتانەش دارایی و پارە و قسەکەران و کەسـانی چالاك، کە توانای بەخشینیان هەیە، بیرو بۆچوون و دیسپلین و فلیمەکان و کەرستە چاپکراوەکان و شتانی تری لەوجۆرە. لەسەر لیژنەی پلانی بەرنامەکەیشە کە بزانێت ئەم شتانەی خوارەوە لە کوێ بەدەست دەهێنێت:

١) **دۆسیەو تۆمارە نوێیەکان** لەسەر هەموو سەرچاوەو دەرامەتەکان.

٢) **لیستێك بەناوی ئەندامەکان** کەبریتی بێت لە زانیاری لەسەر شایستەییە تایبەتەکانی ئەندامان و بایەخ و شارەزاییان.

٣) **یاسایەك** بۆ کتێبخانەو گوڵ بژێرێك لە کتێب و بڵاوکراوەو نامیلکە لەسەر ئەو بابەتانەی کە گرنگییان هەیەو هـەروەها لەسەر بەرنامەکانیتریش.

٤) **سستمێك بۆ دۆسیەكان** بـۆ پاراسـتنی بـەیانات لەسـەر ڕامیـاری و ئامانجـەكان ، و ئـەو یاسـایانەی كـە كاریگـەریتی لەسەرڕێكخراوەكەو تۆماری كۆششەكانی و بەدەست هاتە پێشوەكانی هەیە.

٥) **ڕێبەری كەسە چالاكەكان** ئەوانەی دەكرێت ڕۆڵی سەركردەیی‌یان پێبدرێت یان ئەو كەسـانەی كـە شـارەزایی پێویسـتیان هەیە لە دەرەوەی ڕێكخراوەكەدا.

٦) **ڕێبەر بۆ سەرچاوە زیادەكان** وەك، فلیمەكان و كتێبەكان و شریتەكان و هتد هەندێكیان بەدەست دەكـەون لـە مەڵبـەندی سەرەكی ڕێكخراوی ناوخۆیی ، یان لە كتێبخانە ناوخۆیی‌یەكان یان دام و دەزگـا كـانی دەوڵـەتی پـەیوەندیدار ، یـان زانكۆكان یان فەرمانگەی خاوەن كارەكان.

زۆربەی كات كەمی دەرامەتی دارایی لەبەر دەستدا بوەتە هۆی كۆسپێكی بنەڕەتی لە ڕێی نەخشەكێشانێكی سـەركەوتوو بـۆ بەرنامەكانی مەشق و ڕاپەڕاندنی. بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەمەدا، هەڵدەستین بە دانانی بودجەیەك بۆ داهات و مەسرەفەكان هەر لە یەكەم هەنگاوەكانی نەخشەكێشانەوە پێویستە ئەگەر بودجە كورتی هێنا، چاوبەئەگەری كەم كردنەوەی خەرجییەكاندا بخشـێنینەوە، لەگـەڵ هەوڵی چڕ بۆ كۆكردنەوەی پارە و شتی‌تر وەكو بلیتی سەفەری ئاسمانی و چاپكراوەكان و پسـوڵەی تەلـەفۆنات وە خزمەتگوزاریـەكانی سكرتاریەت و هتد.

**ب- بەدوادا چوون**

ڕێكوپێكی نەخشەكە بەندە بەچاكی ئەو ڕێبازەی كە پێی جێبەجێ دەكرێت، ئەم نەخشـەیەی خـوارەوەش یارمـەتیمان دەدات لەسەرچاودێری كردنی بەڕێوەچوونی كار، باشتر وایە ئەركی پێداچوونەوەی چەندێتی بەدەستهێنانی پێشكەوتن لە هەموو بوارەكـانی‌دا بسپێردرێت بە كەسێكی دیاری كراو هەروەها ئەركی پێ ڕاگەیاندنی هەر لادانێك لە پلانەكەش لە ئەستۆ بگرێ.

**نموونەی خشتەیەكی بەدواداچوون بۆ لێپێچینەوەكان**

(هەر ڕوونكردنەوەیەكی تر بەپێی پێویست زیاد بكە)

| | كەسی بەرپرس/ كەسە بەرپرسەكان | پێداویستیە دارایی و مرۆییەكان | خەرجییەكان | سەرچاوە داراییەكان | ژووانی كۆتایی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاسانكاری | | | | | |
| بیژەران | | | | | |
| ڕێكخەرییەكان | | | | | |
| بانگهێشت و بڵاوكردنەوە | | | | | |
| خۆراك | | | | | |
| بانگهێشتەكان | | | | | |
| سوپاس نامە | | | | | |
| چیت دەوێت زیادی بكە | | | | | |

## نموونەیەکی پێشنیارکراو بۆ بەرنامەیەکی ڕۆژانە

| | |
|---|---|
| ● هەستان لەخەو | |
| ● هەستان بۆ نوێژی بەیانی | |
| ● بیرخستنەوە | ١٠ خولەك |
| ● ئەڵقە/ دیراسەی قورئان | ٣٠ خولەك |
| ● خۆشتن | ٣٠-٤٥ خولەك |
| ● خواردنی بەیانی | ٩,٠٠-٨,٣٠ |
| ● دانیشتنی یەکەم | ١٠,٣٠-٩,١٥ |
| ● پشودان | ١١,٠٠-١٠,٣٠ |
| ● دانیشتنی دووەم | ١٢,٣٠-١١,٠٠ پاش نیوەڕۆ |
| ● نوێژ کردنی نیوەڕۆ | ١,٠٠ |
| ● نانخواردنی نیوەڕۆ | |
| ● ماوەیەکی ئازاد/ وەرزش | |
| ● هەستان بۆ نوێژی عەسر | |
| ● دانیشتنی سێیەم وەرشەی‌کار (٣-٤ گروپ) | ٦,٠٠-٤.٠٠ |
| ● هەستان بۆ نوێژی ئێوارە | |
| ● نانخواردنی ئێوارە | |
| ● دانیشتنی چوارەم ڕاپۆرتی کۆمەڵەکان | ٨,٣٠-٧,٣ |
| ● هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکان. | ٩,٤٥-٩,٣٠ |
| ● هەستان بۆ نوێژی خەوتنان | ١٠,٠٠ |
| ● پشوودان | ١٠,١٥ |

**پوختەی قسە:**

کاتێك هەرچیمان پێیە دەیلێین و چەند لە تواناماندایە هەوڵ دەدەین، گرنگ نییە چەند ئازار دەچێژین و چۆن نەخشەمان دانا. گرنگ ئەوەیە چیمان بەدەست هێنا، ناشتوانین هیچ بەدەست بێنین ئەگەر بێتو بە دانایی کارەکان جێبەجێ نەکەین.




**لەبیرت بێت!**
**کە توانای**
**جێبەجێکردن**
**بنەمایەکی**
**گرنگە**
**لە**
**بنەماکانی**
**سەرکردەیی**

## گـفـتـوگـۆ

١- دەبێت کێ بەشداری بکات لە دارشتنی بەرنامەکەدا؟
٢- چۆن خشتەی زەمەنی بەکاردەهێنیت لە بەرەوپێش بردنی بەرنامەکەدا؟
٣- گرنگترین بەربەستەکانی دەرامەت چییە لە نەخشەکێشاندا؟
٤- چۆن لیستەی دیسپلینەکان بەکاردەهێنیت بۆ یارمەتیدان لە جێبەجێ کردنی بەرنامەکەدا؟

## جێبەجێ کردن

جێگـری سـەرۆکی مەشـق کـردن لـە کۆمەڵـەی مەڵبـەندیی یـەکگرتوودا بڕیـاریدا بەرێکخسـتنی بەرنامەیـەکی مەشـق کـردن بـۆ چاکـتر کردنـی توانـای بەرهەمهێنان بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە مەڵبەندی کۆنگرە بەستن لـە شـاروچکەیەکی بچوکـدا . مەشـق کـاران بریتـین لـە سەرۆکی سـی (٣٠)یەکـەی نـاوخۆیی بـەربلاو لـە سنوری بازنەیـەکدا کـە نیوەتیرەکـەی (٣٠٠) میلـە ، وە خـەرجی بەشداری کردن دیاری کرابوو بە (٤٥) دۆلار بۆ هەر تاکـە کەسـێك ، بـەلام کـرێی مـاندوو بوونـی دوو ڕاهێنـەر لـە دەرەوەی کۆمەڵەکـە دیـاری کرابـوو بـە (٧٥٠) دۆلار بـۆ هەریەکێکیان .

١- ناوی پێنج لیستی رشێکخراو و خشتەکان بهێنە کە دەتوانرێـت بـەکاری بـهێنیت بـۆ نەخشەکێشـان و ڕاپەڕاندنیبەرنامەی ناوبراو.
٢- هەستە بەدارشتنی بەنامەکە بەشـێوەیەك خشـتەی چالاکیەکانی تێدابێت.
٣- بودجەیەك دابنێ کە هەموو داهات و خەرجیەکانی تێدا دیاری کرابێت.
٤- نامەیەکی خواستی بنووسە بۆ بەشـداربووان تێیـدا ڕاڤەی گرنگترین لایەنەکانی بەرنامەکەت بکە.

# دەروازەی پێنجەم

## خێوەتگەکانی لاوان لەنێوان تیۆرو مومارەسەکردندا

خێوەتگەی لاوان بووەتە دامودەزگایەکی خاوەن پایە لە کارکردندا. سەرەڕای ئەوەی کەتەنها بە مەشقەوە ڕانەوەستاوە لەسنوری خۆیدا، زۆربەی جۆرەکانی سەربازگەی لاوان ئامانجی ئەوەیە کە ببێتە هۆی گەشەکردنی سیفاتی پێویست بۆ سەرکردەو فێربوونی ئەو لێهاتووییانەی کە دەیانخوازێت. سەربازگەی لاوانیش هەلێکە بۆ بەهێزکردنی لێهاتووییەکان و مومارەسەی لە ژینگەیەکی نموونەییدا.

ئەم بەشەی ڕێبەرەکە مەبەستەکانی سەربازگەی لاوان و خۆئامادەکردن بۆی و داڕشتنی بەرنامەکانی و بەشداری کردن تیایداو بەرنامەکانی خوێندنی و چالاکی‌یەکانی لەخۆ دەگرێت. هەروەها ئەم بەشە فەسڵێکی تێدایە لەسەر ڕەفتارو ئاکاری ئیسلامی، و هەڵدەستێت بە دیاری کردنی ڕێگاکانی تێگەیشتنی سەربازگەکانی لاوان و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ مەشق کردنی سەرکردەیی.

# دەروازەی پێنجەم

## خێوەتگەی لاوان لە نێوان تیۆرو مومارەسەدا

بەشی ٣٢ ئامانجەکانی خێوەتگەی لاوان ٣٣١

بەشی ٣٣ ئامادەکردنی خێوەتگە - ڕێو شوێنە کردارییەکان ٣٣٩

بەشی ٣٤ دارشتنی بەرنامە - لەبەرچاوگرتنە گشتییەکان ٣٤٥

بەشی ٣٥ هونەری بەشداری کردن ٣٥٧

بەشی ٣٦ ئادابی ئیسلامی ٣٦٣

بەشی ٣٧ هەڵسەنگاندنی خێوەتگە ٣٧٣

بەشی

٣٢

# ئامانجەکانی خێوەتگەی لاوان

**یەکەم :ئامانجەکان**

**دووەم : بابەتە پێشنیارکراوەکان**

ا – زانیاریيە ئیسلامی و گشتییەکان

ب– پەروەردەی جەستەیی و هونەرەکان

ج– بەهرەمەندییەکانی کارگێڕی و ڕێکخستن

د– پڕۆژە کۆمەڵگەییەکان

هـ– یارمەتیی تایبەت

**سێیەم : لیستی سەرچاوەکان**

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

لەکاتی تەواو کردنی ئەم بەشە، توانای ئەمانەت دەبێت:

- دیاری کردنی مەبەست لە خێوەتگەکانی لاواندا
- دیاری کردنی جۆری ئەو مەشقەی کە لەسەربازگەکەدا ئەنجام دەدرێت
- دیاری کردنی بوارەکانی مەشق و پێگەی لەبەرنامەکەدا

## یەکەم : ئامانجەکان

سەربازگەکانی لاوان دادەنرێت بەگرنگترین شێوازە سەرکەوتووەکان بۆ مەشقی ئەو سەرکردانەی جێی هیوان، سەربازگە گرێدانی ژینگەیەکە کە سروشتی تایبەتی هەیە لەگەڵ کۆمەڵێك لە چالاکی ئامادەکراو کە لەگەڵ لاواندا بگونجێت. ئێمە زۆرکات هەڵدەستین بە ڕێکخستنی سەربازگەی لاوان و وەلە زەینماندا ئەم ئامانجانەی خوارەوە هەیە:

- بەهێز کردنیبڕوای بەشداران ، و زیاد کردنی زانیارییان و پابەندییان بە بیروباوەڕەوە لەڕێی پێکەوە ژیانێکی بەئامانج و ناڕاستەدارەوە.
- گەشەکردنی کەسایەتی سەکردەیی.
- گەشە کردنی لێهاتویی پێویست بۆ کاری بنیادنەر.
- هەل ڕەخساندن بۆ وەرگرتنی شارەزایی گشتی پەیوەندیدار بە ژیانی کۆمەڵییەوە.
- دەست خستنی تێگەیشتن و هەل بۆ گەشەکردنی گیانی برایەتی ڕاستگۆیانە.
- بەهێزکردنی کەناڵەکانی یەکتر ناسین و برایەتی بەهیوای ئەوەی کە بەرهەمی هاوکاری کردنی لێبکەوێتەوە لە داهاتوودا.

مەبەستی سەرەکیش لە سەربازگەی لاوان بریتییە لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە ڕێگای ئەم هۆکارانەی خوارەوە، هەندێکیان یان هەمویان.

أ - زانستی جۆراو جۆر و گەشە کردنی لێهاتویی گشتی و مەشقکاری لەسەر هونەرە کردەییەکان.

ب- مەشق کردن لەسەر لێهاتوییە کارگێڕی و ڕێکخستنییەکان.

ج- وەرگرتنی شارەزایی لە ڕێگای بەشداریکردن لە کاروباری کۆمەڵدا.

د- بەرنامە تایبەتەکان بۆ یارمەتیدانی لاوان.

لەسەرمانە کە هەستین بە هەڵبژاردنی بابەتە گونجاوەکان، بۆ ڕاڤە و نمایشە جۆربەجۆرەکان لەکاتی بەرنامەی سەربازگەکەدا،و بەپێی پێداویستی بەشداربوان و ژینگەکانیان و تەمەنیان و توانا زەینییەکانیان. هەروەها ڕاسپاردنی بەشداران لەسەربازگەدا بەئەنجامدانی پرۆژە تاکەکەسییەکان یان کۆمەڵییەکان بۆ کاری کۆمەڵایەتی لەو جێگایەی نزیکە لەشوێنی سەربازگەکەوە بیرۆکەیەکی مەشقیی باشە، وە هەر کۆمەڵگایەك دەتوانێت هەستێت بە چەند کارێکی وەك ئەو پرۆژەیە، ڕێنمایی دەدەین بە هەستان بەپەیوەندی کردنی سەرەتایی لەگەڵ دام و دەزگا ناوخۆییەکاندا، بۆ ئاسانکردنی دارشتنی کاری کۆمەڵایەتی لەکاتی کۆبونەوەی سەربازگەکەدا. وە زۆربەی دام و دەزگاکان پێشوازی لە یارمەتی دەکەن. وە لێرەدا لیستێك دەخەینەڕوو سەبارەت بەو بابەت و پرۆژانەی کە لەتوانادایە، دوای پێداچوونەوەی لیستەکە، ئەم هەوڵە تاقی بکەرەوە: بۆ خۆت هەستە بە نووسینی لیستێك بەکەرەستە تایبەتەکان کە پێداویستییەکانی خێوەتگەیەکی لاوان دابین دەکات، داوای دروستکردنیت لێکراوە.

## دووەم : بابەتە پێشنیارکراوەکان

### أ- زانیاریە ئیسلامی و گشتییەکان

- واتای یەکتاپەرستی و بیرو باوەڕ
- برایەتی : چۆن بەدی دەهێنین
- پیاچوونەوەیەك بە ئاداب و ڕۆشنبیرییە ئیسلامییەکاندا
- بەرزبوونەوە بەسەر بەربەستە نەتەوایەتیەکاندا

- کاروبارو مەسەلە نێودەوڵەتی‌یەکان
- یەکێتی نەتەوە
- ئێستای (نەتەوە) و نەخۆشیەکانی
- سەرچاوەکانی زانیاری
- سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامی
- خۆشەویستی خوای گەورە و میهرەبان
- فیقهی نوێژکردن
- فیقهو مانای ڕۆژوو
- فیقهی زەکات و حەجی ماڵی خودا
- ژیاننامەی پێغەمبەری خوا موحەممەد سەلامی خوای لیٚ بێت
- چەند وانەیەك لە ژیاننامەی پێغەمبەرەوە
- مەفهومی ژیان و ئامانجی لە ئیسلامدا
- خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ)
- چۆن مامەڵە لەگەڵ قورئاندا دەکەین؟
- چۆن مامەڵە لەگەڵ سوننەت دا دەکەین؟
- چۆن مامەڵە لەگەڵ کلتورمان دەکەین؟
- چۆن مامەڵە لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەکەین؟
- چۆن ئیسلام بڵاو بوویەوە؟
- بانگەشەی ئیسلامی — بەرپرسیاریەتیمان
- ڕابوونی ئیسلامی
- ئارام گرتن
- چۆن کەسایەتیەکی ئیسلامی شارستانی بونیاد دەنێین؟
- بنەماکانی خێزانی موسڵمان
- قەدەغە کراوەکان لە ئیسلامدا
- ئیسلام و ئایینەکانی‌تر: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریانە
- بزووتنەوە ئیسلامییەکان
- ڕۆڵی لاوان لە چاکسازی نەتەوەدا
- یادی خواو کاریگەریێتی لە پەروەردەی کەسایەتی دا
- کۆچ کردن : خاڵی وەرچەرخان
- ئافرەت و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی

- چەمکی سزادان لە ئیسلامدا
- سیستمی ئابووری لە ئیسلامدا
- سیستمە کۆمەڵایەتی و رامیارییەکان لە ئیسلامدا
- شوراو سەرکردەیی لە ئیسلامدا
- دەوڵەتی ئیسلامی
- بیرۆکەی (وەقف) [1] و مێژووەکەی
- رێکخستن لە ئیسلامدا
- ئەدەبی ئیختیلاف لە ئیسلامدا
- مەقاصیدی شەریعەت
- چەمکی چاکەکردن
- ئیسلامییەتی مەعریفە
- چۆن دەبیتە کەسێکی چاك و چاکساز؟
- ئەلتەرناتیڤی ژیاری ئیسلامی

**ب- پەروەردەی جەستەیی و هونەرەکان**

- هونەرەکان
- هونەری نووسین (الخط)
- وێنە
- دیدەوانی
- پارێزگاری لەخۆکردن
- فریاگوزاریە سەرەتاییەکان
- خۆشنودی (ترفیه) لە ئیسلامدا
- وەرزش لە ئیسلامدا
- ئەقڵی ساغ لەلەشی ساغ دایە

**ج- بەهرەمەندییەکانی کارگێری و رێکخستن**

دەتوانرێت ژمارەیەك بابەت بۆ ئەم بوارە لەم رێبەرەدا هەڵبژێردرێت،و لە خواریشەوە هەندێك بۆچوونی تر خراوەتە روو.

- ئامادەکردنی بودجەکان
- ئامادەکردنی خشتەی چالاکیەکان
- ئامادەکردنی خشتە بۆ پرۆژەکان

(١) ماڵ یان موڵکی کەسێك یان لایەنێك دەیبەخشێتە کەسێك یا لایەنێکیتر و دەچێتە موڵکیەتی دووەم و لە موڵکیەتی یەکەم دەردەچێ.

- چۆن خزمەت دەکەیت لەڕێگای ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە
- نووسینی پێشنیاری پرۆژەکان
- تایبەتمەندێتی و بزاوتەکانی کاری بەکۆمەڵ و ڕۆحی تیمخوازی

## د- پرۆژە کۆمەڵگەییەکان

- کارکردنی بەردەوام یا خۆبەخشی (ڕۆتینی) لە ناوەندە ئیسلامی‌یەکاندا
- یارمەتیدان لە "ئاهەنگەکانی جەژندا"
- یارمەتیدان لە گواستنەوەدا (النقل)
- گەیاندنی نامەکان
- ڕاپۆرتە هەواڵەکان
- بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان
- سەردان بە مەبەستی پتەوبوونی پەیوەندی برایانە
- سەرپەرشتیی منداڵان
- فریاگوزارییە سەرەتایی‌یەکان
- خوێندنگاکانی منداڵان
- ڕەفتارە گشتی‌یەکان (وەرشەی کارکردن)
- کاتێك دەبیتە باوك / کاتێك دەبیتە دایك (بەر پرسیاریەتییەکانت)
- کۆکردنەوە لەنێوان دایکایەتی و کارکردن دا
- پیشەو کارگوزاری — چۆن هەڵیدەبژێریت
- بەشداری کردن لە کۆمەڵەکانی فشارو چاودێری کردندا
- خوێندنی (بوارەکانی)ی گەشەکردنی کەسی
- خۆبەخشین لە دیدەوانی‌دا
- کۆکردنەوەی دارایی بۆ مەبەستە ناوخۆیی‌یەکان
- تێرکردنی برسیەکان
- سەردانی بەساڵداچووەکان و یارمەتی دانیان
- پەیوەندی لەنێوان دایك و باوك و منداڵەکانی دا
- یارمەتی دانی پەنابەران
- ڕێکخستنی وەرزەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری
- بەرپەرچدانەوەی هەڵبەستراوو گومانەکان

**٥- یارمەتیی تایبەت**

- هەلی گەشەکردنی خۆیی
- کێشەکانی خوێندگا گشتی‌یەکان
- چۆنیەتی مامەڵە کردن و کارلێك کردن لەنێوان باوکان و مامۆستایان و هاوڕێیان
- ژن هێنان
- ڕاوێژکارییە خێزانیەکان
- ڕاوێژکارییە پیشەییەکان
- بوونە کارمەند / دامەزراندن
- هەلە فێرکاریەکان و بوار پێدانەکانی خوێندن
- چۆن پەیوەندی بە زانکۆکانەوە دەکەیت
- قەرز بۆ کارە بچوکەکان
- چالاکییە جیهانی و ناوخۆییەکانی لاوان
- ئامانج و مەبەست لەسەربازگەی لاوان بریتی‌یە لە پێشکەش کردنی بەرنامەیەکی باش لەو بوارانەی کەپێشتر ڕوونکراوەتەوە. دەبێت مەبەست لەبەرنامەو هەموو چالاکیەکان بریتی بێت لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەو میهرەبان، بەرپرسین لەوەی کە خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەستان بەڕۆڵی چاکەکاران لەم ژیانەدا و ئەمەش بەدیهێنانی خێرو دادو ڕاستی و ڕێگای چاکەیە، کاتێك هەوڵ دەدەین و تێدەکۆشین ، بە یارمەتی خواو سەرخستنی سەردەکەوین و دەیبەینەوە هەروەك بەڵێنی پێداوین لە قورئانی پیرۆزدا:

وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنْصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ جُنْدَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ ﴿١٧٣﴾ (الصافات)

## سێیەم : لیستی سەرچاوەکان

سەرەڕای قورئان و تەفسیرە بە ناوبانگەکانی و سەرچاوە ناسراوەکان لە فەرموودەو ژیانی پێغەمبەردا لێرەدا چەندین سەرچاوە (مراجع) هەیە کە لەوانەیە لە کتێبخانە ناوخۆیی‌یەکان یان زانکۆیی‌یەکاندا هەبێت ، وە دەتوانرێت سوود وەربگیرێت لەو لیستانەی کەهەیە لای هەر دابەشکەرێکی کتێبەکان وەك سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئامادەکردنی لیستی سەرچاوەکان لە بابەتە جۆراو جۆرەکاندا.

## گفتوگۆ

١- چۆن دەتوانرێت مەشقکارە بەشداربوەکان لەخێوەتگەکانی لاواندا وارابهێنرێن خزمەت بکەن بە کۆمەڵگە؟

٢- چۆن خێوەتگە دەبێتە یانەیەکی پەروەردەیی بۆ پێشکەش کردنی ئامۆژگاری؟

٣- ئامانجە سەرەکیەکان چین لە خێوەتگەی لاواندا

٤- ئایا مەشقی پیشەیی دەتوانێت ڕۆڵ بگێرێت لە خێوەتگەی لاوان دا؟ چۆن؟

## جێبەجێ کردن

بەپێی ئەوەی تۆ ڕێکخەری چالاکییەکانی لاوانیت ، داوات لێ کراوە کە هەستی بە ڕێکخستنی بەرنامەیەك بۆ لاوان. بۆیە بڕیارت داوە خێوەتگەیەکی لاوان ڕێکبخەیت بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو بەبەشداری کردنی ژمارەیەك لە مامۆستایانی زانکۆ بۆ پێشکەش کردنی بەشە جیاجیاکانی بەرنامەکە. وەزانیوتە کە ئەو لاوانەی بەشداری دەکەن لەکاری لاوان دا نوێن، و دەشخوێنن لە پەیمانگاو زانکۆ جۆراو جۆرەکاندا، بەشێوەیەکی گشتیش زیرەکن ، و پاشە ڕۆژێکی ڕوون چاوەڕوانیان دەکات لە کارکردندا.

١- هەستە بەڕونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەوەی بۆچی خێوەتگەی لاوانت هەڵبژارد وەك ئامرازێکی مەشق کردن لەم بارەدا.

٢- ناوی ئەو جۆرانەی فێرکردن و مەشق کردن بهێنە کە بەنیازن لە بەرنامەی خێوەتگەدا جێیان بکەیتەوەو ڕێژەی پێشنیار کراوەکانیشی.

٣- بەڕوانین بۆ پێشینەی بەشداربوان و تواناکانیان ، ناوی ئەو ڕێگایانە بهێنە کە دەتوانیت مەشقیان پێ بکەیت بەو شێوانە لەسەر کارێك کەسوود مەندبێت بە کۆمەڵگە.

٤- لیستی ئەو هەلومەرجانە دابنێ کەبەو پێیە وەڵامەکان ڕوون دەکەیتەوە بۆ ئەو سێ پرسیارەی کە لەسەرەوە هاتووە.

بەشی

٣٣

# ئامادە کردنی خێوەتگە ـ ڕێو شوێنە کرداریەکان

**یەکەم : هەڵبژاردنی شوێن .**

**دووەم : ئاسانکاریە کردارییەکان :**

أ- هێڵکاری ڕووبەرەکان

ب- شێوازی دانانی شاشە

ج- نامە گۆڕینەوەکان (المراسلات)

د- تۆڕەکانی ئاو

**سێیەم : هاوسەنگی**

**چوارەم : هەڵبژاردنی بەشداران**

أ- لەدەرەوەدا

ب- لەناوخۆدا

ج- پێشوازی کردن

## ئامانجەکانی بەش

لەکاتی تەواو کردنی ئەم بەشەدا، توانای ئەمانەت دەبێت:

- دیاری کردنی هۆکارە سەرەکیەکان لە هەڵبژاردنی شوێندا.
- دیاری کردنی ڕەگەزی سەرەکی بۆ بودجەی خێوەتگە.
- دیاریکردنی ڕێگای سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی بەشداران.

## یەکەم : هەڵبژاردنی شوێن

بۆ سەرخستنی خێوەتگە، لەسەرمانە کە هەوڵ بدەین و تێبکۆشین بۆ هەڵبژاردنی شوێنێك کـە کەشـێکی گونجـاوی هـەبێت و ئارام و بێ ژاوەژاو بێت، شوێنێك کە کەشێکی ئازادانەو ساکارانە تێیدا بەسەربەرن و پەیوەندی برایەتی بەهێزبکات، هەروەها دەبێـت ژووری کۆبونەوەو وانە خوێندنی تێدابێت، هۆڵی نان خواردن، هۆڵی یاریـە وەرزشییەکان و هۆڵـەکانی دانیشـتن و ژووری فریـاگوزاری سەرەتایی و کتێبخانەو(چێشتخانە) و گەنجینەو نووسینگە،و باشتروایە کە ڕوبەرێکی دیارو دەریاچەو دیمـەن و داری سروشـتیی جوانـی تێدابێت، بۆ ئەو چالاکییانەی کەلەکەش و هەوایەکی کراوەدا ئەنجام دەدرێت.

لەتواناماندایە جێگایەك لەناوچە گوندنشینەکان یان شارستانەکان هەڵبژێرین، شوێنە نزیك گوندەکان پێویستییان بـەوە هەیـە کە ناوچەکە دارستان بێت لەگەڵ پانتاییەکی بەتاڵ و ئاوی خواردنەوە لەناو شوێنەکە خۆیدا یان لەنزیکیەوە (بینا یـان خـانوو) یـان شوێنی خێوەت بۆ نووستن و چالاکی بەرنامەکان. هەروەها بوونی شاخ و ڕووبار و دەریاچە و کەنار دەریاکان هەلێکی تر زیـاد دەکـات بۆچالاکییە تەرفیهیەکانی وەك مەلەکردن و گەڕان، هەروەها ناوچە مێژووییەکان و ئاسەوارییەکان لەوانەیە بواری تر بڕەخسێنێت بـۆ ئەزموونی فێرکاریی بەکەڵك.

لەلایەکی ترەوە شوێنەکانی ناو شارەکان کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لەئاسانکاری و نزیکی دەخولقێنن کە ئاسانە پێیان بگەین وەك مۆزەخانەکان،و ئاسەوارە مێژووییەکان و سەیرانگاکان،و کارگەکان، کۆلێژەکانی زانکۆکان بەرنامـەی پێشـکەوتوو بـۆ سـەربازگەکە دەڕەخسێنن، هەروەها یاریگا وەرزشییەکان و شوێنی مەلەکردن لەخوێندنگا نزیکەکان یان لەناو شاردا دەتوانرێت سوودی لێببینرێت، سەرەڕای ئەو شتانەی کە لەشوێنی سەرەکی سەربازگەکەدا هەن لە شارەکەدا.

بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی ئەو بەرنامانەی کە لەکەشێکی لادێ نشینداا ئەنجام دەدرێت زۆر سـەرکەوتووترە لەسـەربازگەکانی ناوشار، چونکە گوند بوارێکی باش دەڕەخسێنێت لەناوو هەوای پاکو کراوەدا و دورە لەکێشە ڕۆژانەییەکان، کرداری نەخشەکێشان بۆ هەڵبژاردنی شوێن لەکاتێکی زوودا دەست پێدەکات، واتە پێش شەش مانگ یان ساڵێك بەر لەکاتی دەست پـێکرن، وە لەسـەر ئـەو ڕێکخراوەیە کەسەربازگە دروست دەکات هەڵبستێ بەپێکهێنانی لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە، ئەم لیژنەیەش دەتوانێت چەند لیژنەیەکی فەرعی دروست بکات بۆ هەستان بەئەرکە دیاریکراوەکان، وەکو گەڕان بەدوای شـوێن و هەڵسـەنگاندنی ئـەو شـوێنانەی کـە هەیـەو وتوویژ بۆ دیاریکردنی شوێنە باشەکان، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کەچەندی تێدەچێت و ناوەندییەتی شـوێنەکەو ئاسـانی گەیشـتن بۆی و نزیکی شوێنەکە و شوێنی قەرەباڵغی دانشتوان و جالییەکان و دەستەبەر بوونی هێزی کارە ناوخۆییەکان، پێویستە کەڕێکخـەران دڵنیابن لەوەی کە بەشداران دیمەنی ناپەسەندو ناشیرین و نەگونجاو لەسەر کـەناری دەریاکـان یـان لـەدەوری شـوێنی مەلـەکردن کـە دەکەوێتە نزیکی شوێنی سەربازگەکەوە نیشانیان نەدەن. پێویستە دوربکەوینەوە لەو شوێنانەی کەکاری تاوانکارییان زۆر تێدا ئـەنجام دەدرێت.

## دووەم: ئاسانکارییە کردارییەکان

ئەمانەی خوارەوە هەندێك خاڵی گرنگن بۆ ئامادەکردنی ئاسانکارییە کردارییەکان:

**أ-هێلکاری ڕوویەرەکان**

هەموو جۆرە چالاکییەك پێویستی بەقەبارەو جۆرێکی دیاریکراو لەڕوویەر هەیە بۆ نمونە لەکاتی کۆبوونەوەکاندا، هەڵدەستیت بە خەمڵاندنی قەبارەی ژوورەکە کەچەند (مەتر دووجا)یە بۆ دانیشتن و دانانی کەلوپەلەکان و ڕارەوەکـان. وەئـابێت کـە ژوورەکـە زۆر

گەورە بێت یان زۆر بچوك بێت، وە بەشێوەیەکی سروشتی ژووری زۆر گەورە دابەش دەکرێت بۆ چەند هۆڵێکـی بچـوك بچـوك بـەهۆی بەربەستی ناجێگیر بۆ دۆزینەوەی هەستکردن بەنزیکیو خۆشەویستیو هۆگربوون، وەئەمەش لەخوارەوە هەندێك بنـەمای زانـراون بـۆ هێڵ کێشی رووبەرەکان.

| جۆری چالاکی | رووبەری پێویست بۆ نزیك کردنەوە بۆتاکە کەسێك ( پێیەکی دووجا ) |
|---|---|
| چەند ژوورێکی پێشوازی | ٩ -١٠ |
| نان خواردن | ١٢-١٣ |
| شوێنەکانی دانیشتن لەهۆڵدا | ٩ -١٠ |
| شوێنەکانی دانیشتن لەژووری خوێندندا | ١٥-١٧ |
| شوێنەکانی دانیشتن لەکۆنگرەدا | ٢٣-٢٥ |
| شوێنی نوێژکردن | ٧ - ٨ |

### ب-شێوازی دانانی شاشە

دەبێت شاشە بۆ نمایشی سلایدەکان یان بۆ وێنە شەفافەکان یان فلیمەکان وادابنرێت کەبەشداربووان بتوانن بەئاسـانی ببینـن. وەزۆرجار ناخۆشی یان زەحمەت دروست دەبێت لەئەنجامی بەرزیی شاشە یان دووریەکەی یان بوونی بەربەست. وە رێگـای سرووشـتی و باو ئەوەیە کە ماوەی نێوان شاشەو ریزی پێشەوە لەکورسی‌یەکان دەبێت دوو ئەوەندەی پانتایی شاشەکە بێت. بەڵام لەپێشەوە تـادواوە هەموو ریزەکانی کورسیەکان بەباری قووڵی بۆ ناوەوە نابێت زیاتر بێت لەچوار ئەوەندەی پانتـایی شاشـەکە. وە پـانی ریزەکـە نـابێت لەسێ قاتی پانی شاشەکە زیاتر بێت. وە شاشەکە دادەنرێت لەسەر بەرزایی‌یەك بەشـێوەیەك کـە دانیشـتوانی ریـزی دواوە خـوارەوەی شاشەکە ببینن بەبێ بەربەست لەلایەن (سەری) دانیشتوانی بەردەمیانەوە.

### ج-نامە گۆڕینەوەکان (المراسلات)

رێگا نادرێت بەگۆڕینەوەی نامە و قسە بەیەکتر برین لەکاتی بەرنامەدا. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی کـردن لـەنێوان بەشـداراندا هەندێك کات پێویستە،و لەرێگای دانانی تابلۆی نامەکان بەپێی پیتەکانی (ئەبجەدی) دەست پێدەکـات لەشـوێنێکی ناوەڕاسـتدا وە کەسێك دیاریدەکرێت بۆ وەرگرتنی نامەکان و دابەش کردنی بەسەر تابلۆکەدا،و رێنمایی نادەین بەدانانی تەلەفۆن لەهۆڵەکانی خوێندن و وانە وتنەوە یان بڵاوکردنەوەی نامەو بڵاوکراوە لەرێگای بڵندگۆ و لەم جۆرە شوێنانەدا.

### د- تۆڕەکانی ئاو

لەکاتی راپۆرتی دیاریکردنی قەبارەی تۆڕی ئاوو شوێنەکانی، دەبێت پێویستی دەسـت نوێژگرتـن لەبـەرچاو بگـیرێت. دەبـێت ئاودەستەکان بەشێوەیەك بێت کەبەشی هەموو بەشداربووان بکات لەپیاوو ئافرەت، لەگەڵ چاودێری کردنی منداڵانیش ئەگەر هەبوون،و باشتر وایە کەئەم سەرئاوانە نزیك بن لەژووری کۆبوونەوەکان هەروەها بوونی راڕەوی گونجاو بۆ شوێنەکانی نوێژکردن.

## سێیەم: هاوسەنگی

ئامادەکردنی هاوسەنگی و پابەندی پێیەوە کارێکی زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی سەربازگە وەدەبێت دەست بکەین بەیاداشت کردنی هەموو رووەکانی خەرج کردن و سەرچاوەکانی دەرامەت، و دەبێت چارەسەری کورت هێنانی بوودجە بکرێت لەرێگای هەوڵدان بۆ دەست کەوتنی پارەی پێویست هەر لەسەرەتای خۆئامادەکردنەوە.

پرۆسەی ئامادەکردنی هاوسەنگی وەك پرۆسەیەکی بڕیار وەرگرتنن، ئەمەش دەکرێت لەرێگەی لێکۆڵینەوەی جێگرەوەکان بێت لەکڕینی پێداویستییەکان یاخود خزمەتگوزارییەکان و هەڵبژاردنی ئەوەی لەگەڵ ئامانجەکانی بەرنامە دەروات لەرووی جۆری و تێچوونەوە.

بەگشتی خەرجیی سەفەر بەبەشێکی سەرەکی دادەنرێت لەدەرامەتی سەربازگەکە، وەهەر هەوڵێك بۆ کەم کردنەوەی ئەم تێچوونە بێت زۆر بەکەڵك دەبێت. دەبێت هانی بەشداریش لەسواربوونی ئوتۆمبیل بدرێت ئەگەر لەتوانادابوو. بەڵام ئەگەرهاتوو سەفەرەکە بەفڕۆکە بوو واباشترە کە هەستین بەکڕینی بلیتی هەرزان هەر لەزووەوە لە(٧-٣٠) رۆژ پێش سەفەرکردن و بەپێی بازاڕ) بۆ بەدەست هێنانی کەمترین تێچوون، و زۆر لە کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی هەڵدەستن بەداشکاندنی کرێ بۆ هەندێ شاری دیاریکراو.

## چوارەم: هەڵبژاردنی بەشداران

گومانی تێدانی‌یە ئەوانەی کەهەڵدەبژێردرێن بۆ بەشداریکردن لەسەربازگەی مەشقکردندا دەبێت لەموسوڵمانانی بەئیلتیزام و ڕاستگۆو بەوەفابن بۆ نەتەوەکەیان. وە ئامانجی بەرنامەی سەربازگەش ئەوەیە کە بیانکاتە سەرکردە لەداهاتوودا، بۆیە لەسەرمانە کە هەستین بەهەڵبژاردنی لاوان نەك لەسەر بنەمای پابەندییە هەنوکەییەکانیان بەتەنها بەڵکو هەروەها بەپێی خواستیان لەخزمەتکردنی کۆمەڵگاشدا. وە دەشبێت پابەند بین بەدیاریکردنی تەمەنی هەڵبژێردراوە بۆ سەربازگە. چەندە تەمەنی بەشداربووان جیاوازی هەبێت ئەوەندەیش کاری بەڕێوەبردنی سەربازگەکە گرانتر دەبێت ئەمەش لەئەگەری سەرکەوتنی کەم دەکاتەوە.

ڕێگایەکی نوێش هەیە بۆ هەڵبژاردن، ئەویش بەپێشبڕکێ کردن لەسەر شێوەی نوسینی (ووتار) یان وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیار. دەکرێت کە ئەم پێشبڕکێیە لەسەر ئاستی ناوخۆدا ئەنجام بدرێت، پاشان وابکەین کە سەرکەوتوەکان ململانێ بکەن لەسەر ئاستی ناوچەکان، پاشان لەسەر ئاستی نەتەوەییدا. هەڵدەستین بەهەڵبژاردنی پێشبڕکێکەران بۆ سەربازگە لەسەر بناغەی ئەو نمرانەی کەلەسەرو ئاستی دیاری کراوەیە، ئامرازی باو هەرچۆنێك بێت، ڕاگەیاندن لەسەر پێشبڕکێ بەشێوەیەکی فراوان دەکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین کە باشترین هەڵبژێردراو دەستنیشان بکەین.

### أ- لەدەرەوەدا

لەسەر نوێنەرە ئیقلیمیەکانە یان لەسەر سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنە کەهەستێت بەپەیوەندیکردن بەهەموو دەزگا جیاوازەکانەوە لەهەموو شارێکدا یان ناوچەیەکدا لەرێگەی گوتارەکان و فاکسەکان و بروسکەکان و تەلەفۆن کردنەوە، وەلەسەر سەرۆکەکانی ئەو دەزگایانەیە ئەو گەنجە وریایانە لەناو کۆمەڵەکەدا هەڵبژێرێت، بەهەڵبژاردنی بەشدار بووە گەنجەکان بەپێی پێوەرە جێگرەکان نەك بەهۆی چەند هۆکارێکی عاتیفیەوە.

**ب- لەناوخۆدا**

داوا لەلیژنەی ناوخۆیی دەکرێت کەپەیوەندی بکات بەرێکخراوە جیاوازەکانی شارەکەوە بۆ یارمەتیدان لەهەڵبژاردندا.

**ج- پێشوازی کردن**

لیژنەیەکی پێشوازی ناوخۆیی کە پێکهاتبێت لەنوێنەری رێکخراوە جیاوازەکانی ناوخۆ دەست نیشان دەکرێت، بۆ پێشوازیکردن لەبەشداران لەکاتی گەیشتنیانداو گەیاندنیان بۆ شوێنەکە. وە بەرنامەکە بە ئاهەنگێکی کورت دەست پێدەکات، و سوودمەند ترە کە بەرپرسە ناوخۆییەکان بانگهێشت بکرێن بۆ ئاهەنگی کردنەوەکە و ئاشنابوون بەئامانجەکانی خێوەتگەکە، وە پاش ئاهەنگەکە هەڵدەستین بەگفتوگۆکردنی بەرپرسیارێتی، لەدانیشتنێکدا تایبەت بەرێنمایی و یەکترناسین هەر لەسەرەتاوە.

## گفتوگۆ

١- جیاوازییە سەرەکییەکان چییە لەنێوان پێگەو شوێنەکان لە گوندو شاردا؟
٢- بۆچی ژووری کۆبوونەوە گەورە سلبیاتی کەمتر نییە لەژووری کۆبوونەوەی بچوك؟
٣- ڕێگای باش چییە بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی شیاوی بەشدارین لەخێوەتگەدا؟
٤- بەرزترین بەندو برگە چییە لەخەرجی خێوەتگەدا؟ چۆن کەمی دەکەینەوە؟

## جێبەجێ کردن

**تۆ سەرۆکی لیژنەی ڕێکخستنی پیشەییت لەخێوەتگەی لاواندا، لەسەرتە هەستی بەهەڵبژاردنی شوێنێکی گونجاو لەنێوان چەند شوێنێکی پێشنیارکراودا وە ئامادەکردنی بودجەیەك کە بەشی پێویستی ناوخۆی خێوەتگە بکات، سەرەڕای هەڵبژاردنی بەشداربووان وە ئەم خێوەتگەیە لەسەرئاستی وڵات دەکرێت بۆ ئامادەکردنی سەرکردەی دوارۆژی ڕێکخراوەکە. تۆش شەش مانگت لەبەردەستدایە بۆ ئامادەکردنی هەموو پێداویستییەکان.**

١- هۆکارەکانی هەڵبژاردنت بۆ پێگەو شوێنەکە روون بکەرەوە.
٢- وتارێکی گشتی ئامادەبکە بۆ بڵاوکردنەوە لەسەر سەربازگەکە بۆ ئەوانەی پێیان خۆشە بەشداریبکەن، بەروونکردنەوەی مەرجەکانی بەشداری کردن.
٣- بودجەیەك بۆ سەربازگەکە دابنێ تیایدا باشترین ئاستی خەرج کردن و تێچوون دیاریبکە هەروەها نزمترین ئاست. ئەو کەمکردنەوەیەی کە لەبودجەکەدا دات ناوە روونی بکەرەوە لەگەڵ پاساوی کەمکرنەوەکەش.

بەشی

٣٤

# داڕشتنی بەرنامە - لەبەرچاوگرتنە گشتییەکان

**یەکەم: ڕەگەزەکانی داڕشتنی بەرنامە**

ا - بنچینەکانی خشتەڕێژی بەرنامە

ب- هەڵبژاردنی بێژەران (ووتەبێژان)

ج- بەکارهێنانی هۆکارەکانی بیستن و بینین

د- زاخاودانی مێشك و یاریە وەرزشییەکان

ە- دانیشتنەکانی دەست پێکردنی بەرنامە و کۆتایی

**دووەم: دانانی بەرنامەیەکی ڕۆژانە**

ا - ڕەگەزەکانی خشتەڕێژی بەرنامە

ب- ڕێکخستنی کاتەکانی بەرنامەی ڕۆژانە

ج- نمونەیەکی پێشنیارکراو بۆ بەرنامەی ڕۆژانە

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

لەپاش تەواوکردنی ئەم بەشە،دەتوانیت کەهەستیت بە:

- دیاریکردنی گرنگترین ریساکانی بەرنامەڕێژی.
- هەڵبژاردنی بێژەرە لێهاتووەکان و پلانی باش بۆ بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە بۆ بیستن و بینین.
- دانانی بەرنامەیەکی ڕۆژانەی گونجاو لەگەڵ خێوەتگەی لاوان.

## یەکەم: ڕەگەزەکانی داڕشتنی بەرنامە

خێوەتگەکانی لاوان، وەك لەسەرەوە باسمان کرد، لەگرنگترین هۆکارە کاریگەرەکانە بۆ مەشق کردنی لاوان بۆ سەرکردەیی. بەکارهێنانی دەستەواژەی (خێوەتگەی لاوان) ئاماژەیەکی گشتییە بۆ بەرنامەیەك لەچالاکییەکان کەدابەشدەکرێت بەسەر ماوەیەکدا لەهەفتەیەکەوە درێژ دەبێتەوە بۆ چەند هەفتەیەك لەژینگەیەکی دابڕاودا تارادەیەك. بە ئامانجی مەشق پێکردنی سەرکردەکانی

ئاینده کەتەمەنیان لەنێوان ٢٠ و ٣٠ ساڵدایە. وە زۆربەی لایەنەکانی مەشق کردن تاوتوێ کراوە لەبەشەکانی پێشووی ئەم ڕێبەرەدا. بەڵام ئەم شەو بابەتەکانی تری ئەم بەشە تایبەتە بەلایەنە کردەییەکانی ڕێکخستنی خێوەتگەی لاوان و بەڕێوەبردنی.

بەرنامەی باش هۆی سەرکەوتنی سەربازگەکانی لاوانە، وە لەم بەشەدا لەدەرگای هەندێك بابەتی گشتی و تایبەت دەدەین لەئامادەکردنی بەرنامەکەدا کەجێگای ئیعتباراتن، لەگەڵ پێشکەش کردنی پلانی خشتەیەك کەبتوانرێت بەکاربهێنرێت. بەڵام لەسەرمانە کە هەر بەرنامەیەك جیابکەینەوە بەووریایی و بەپێی جۆری بەشداربووان تیایدا، وە هەوڵ بدەین چەند لەتوانامانداییە، بۆ بەدەست هێنانی هەندێك لەپێکهاتەکانی بەرنامە لەبەشداربووان خۆیان، زانیاریە شەخصییە تایبەتەکانی هەر بەشداربوویەك یارمەتیمان دەدات لەدیاریکردنی ئاست و چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەی کەخۆی سوودی زۆریان پێدەگەیەنێت.

لیژنەی ئەو بەرنامەیە لە ٣-٥ کەس پێك دێت سەرەڕای نوێنەری لاوانیش هەڵدەستێت بەئامادەکردنی بەرنامەیەك بۆ سەربازگەکە، وە بەرنامەکە بەووردی دادەڕێژرێت بۆ بەدیهێنانی کەشێکی ئیسلامی، پتەوکردنی گیانی تیمخوازی،و گەشەکردنی کەسایەتی ژیاری، و هاندانی پابەندی لەنێوان لاواندا، دەبێت کۆپلەیەکی جۆراوجۆری شێوازی مەشقکاری بەکاربهێنرێت وەك ئەوەی کە لەپێشدا باسمان کرد، وەکو ڕانەکان و وەرشەی کارو ڕاهێنانی وەرزشی و بەیاناتی کردەیی و هتد. کاتێك بۆ یارییە وەرزشی و چالاکییەکان و خۆشی بەسەربردن تەرخان دەکرێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی سەبازگەدا دەتوانرێت بابەتە گونجاوەکان هەڵبژێردرێت بۆ پێشکەش کردنیان. هەندێك بابەتی پێشنیارکراو هەیە لەبەشی ٣٢ ی ئەم ڕێبەرەدا.

### أ- بنچینەکانی خشتەڕێژی بەرنامە

لەبەشی ٣١ دا گفتوگۆمان کرد بەهەندێك ڕوونکردنەوەوە لەسەر چۆنێتی بەخشتە کردنی بەرنامە. وا لێرەدا بەکورتی هەڵدەستین بە ئاگادارکردنەوە سەر لەنوێ بە بنەما بنچینەییەکانی خشتەڕێژی بەرنامەی خێوەتگەی لاوان.

مەبەستیش لەخشتەڕێژی بەرنامە ئاسانکردنی ئەرکی بەڕێوەبردنە، و ڕێکخستنی چالاکییە جۆراوجۆرەکانە، بەدیهێنانی حەوانەوەی بەشداربووان، ئەمەش دەبێتە هۆی باشبوونی کەشی فێرکاری لەسەربازگەدا. جگەلەڕۆژی کردنەوەی سەربازگەکە بەرنامەی ڕۆژانە دەست پێدەکات بەهەستان بۆ نوێژی بەیانی، لەبەرئەوەی هەستانی زوو نیشانەی حەوانەوەی درێژایی شەوە. هەروەها بەرنامەی ڕۆژانە کۆتایی دێت بەنوێژی خەوتنان، لەدواییدا بەشداربووان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ نووستن. دەکرێت ڕێگا بدرێت بەخوێندن یان خوێندنەوەی تایبەت لەحاڵەتی تایبەتدا بۆ ئەو کەسانەی کە دەتوانن ئەرکەکانیان باش جێبەجێبکەن لەڕۆژی داهاتوودا لەگەڵ نوستنێکی کەمتر. ئەخشەش دادەنرێت بۆ کاتی حەوانەوە لەنێوان نوێژی بەیانی و خەوتنان بەشێوەیەك پێش یان پاشی، ئەو چالاکییانە بێت کەوزەی بەشداربووان کەم دەکاتەوە، مەشقکاری ماندوو باش فێرنابێت، هەروەها بەرنامەی چڕیش ئامانجەکانی سەربازگە بەدی ناهێنێت.

ماوەی سەربازگە و سروشتەکەی چۆنیەتی دابەش کردنی چالاکییە جۆراو جۆرەکان بەسەرماوەکەدا بەتەواوی دیاری دەکەن. بەگشتی، باش وایە ئەو چالاکیانەی کەپێویستیان هەیە بەتوانای زەینی لەبەرەبەیاندا ئەنجام بدرێت، لەڕۆژانی یەکەمی سەربازگەکەدا ئەبێت ئەم چالاکییانە شێوە دانیشتنی ئەکادیمیانە بگرێتەخۆی کەماوەی هەر یەکێکیان یەك کاتژمێرو نیو ١,٥ دەخایەنێت. و کاتەکەشی لەبەیانی و ئێوارەدا دەبێت، لەو کاتانەدا توانای مێشك زۆرە بۆ وەرگرتن. بەڵام یاریە وەرزشییەکان و چالاکییە

دەرەکی‌یەکان و کات بەسەربردن کەهەندێك جار نمایشی سینەمایی و هتد دەگرێتەوە، باشتر وایە بەرنامەی بۆ دابنرێت لـەکاتی پـاش نیوەڕۆ و سەرەتای شەودا، بەمەش سوود لەڕووناکی ڕۆژ وەردەگیرێت لەگەڵ ڕەخساندنی وەرگرتنی پشووی چـالاکی بـەخش بـۆ لـەش لەنێوان چالاکی‌یە زەینی‌یە سەرەکی‌یەکانی بەرنامەی ڕۆژانەدا. پاراستنی پەیکەری خشتەکە لەبەرچاو دەگـیرێت هـەروەها لەوێشـەوە کاتەکانی نانخواردن و نوێژکردن لەڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی‌تر بۆ ئاسانکردنی سوودی گشتی و ڕێکوپێکی کردن.

لەوخێوەتگانەی کە ماوەکەی زیاتر لەهەفتەیەك دەخایەنن، دەتوانرێت ڕۆژێکی تەواویان دوو ڕۆژ تەرخان بکرێـت بـۆ گەشـتی فێرکاری لەدەرەوەی شوێنەکەدا، وە ئەمە یارمەتی دەدات بۆ نەهێشتنی وەڕس بوون و بێ‌تاقەتی. ڕەخسـاندنی بـوار بـۆ لێکۆڵینـەوە لەژینگەو وەبڵاوکردنەوەی گیانی بەرەنگاری لەبەشداربوواندا بۆ موومارەسە کردنی هەندێك کار کەفێری بوون. وە دەتوانرێـت ڕۆژێکـی تریش تایبەت بکرێت بۆ لێکۆڵینـەوەو گۆڕینـەوەی بـیروڕا لـەنێوان ڕاهێنـەران و فـێرخوازاندا، وە ئـەو بابەتانـەش لەوانـەن کـەلێی کۆڵیونەتەوە لەگەڵ ئەو بابەتە نوێیانەی کە گرنگی کردەبیان هەیە هەتادەگاتـە بابەتـە تایبەتـەکان بـەواقعی نەتـەوە و بزووتنـەوەی هۆشیار کردن و لاوان.

دوایەمین ڕۆژی هەر سەربازگەیەك یان خێوەتگەیەك دەکرێتە هەل بۆ بەشداربووان بۆ هەڵسـەنگاندنی ئـەزموونی سـەبازگەکەو گفتوگۆکردن لەسەر نەخشەکانیان و بڕیارەکانیان لەگەڵ ئەوانی‌تر بڕەخسێنێت. ئەمەش یارمـەتیان دەدات بۆ وەرگێڕانی ئـەوەی فـێری بوون بۆ نەخشەی کارکردن. بەم ڕێگایە بەشداران هەست بەو کێشانە دەکەن کەپـەیوەندی هەیـە بەشـوێنی کۆمـەڵایـەتییان کەلێیـەوە هاتوون و بیری لی‌دەکەنەوەو بین لەئاسەواری دەکەنـەوە لەسـەر نەتـەوە بەگشتی و نـاوەندی کۆمـەڵایـەتییان بەتایبـەتی، و بەیاناتـە نوسراوەکان یارمەتی دەدەن لەگفتوگۆ کردن لەسەر لایەنە دیارەکان لەنێوان ڕاهێنەران و فێرخوازاندا.

## ب- هەڵبژاردنی بێژەران (ووتەبێژان)

پاش ئەوەی هەڵدەستین بەدیاری‌کردنی بڕیارەکانی خوێندن و دانانی خشتە، ئەرکی هەرە گرنگ دێتە پێش ئەویش هـەڵبژاردنی قسەکەران (ووتەبێژان) و گفتوگۆکەرانەو کەسانی تر. لەپێشکەوتووەکان کەبەشداری دەکەن لەئـەرکی مەشـق کردنـدا. لـەم ڕێبـەرەدا گفتوگۆمان کرد لەسەر تایبەتمەندی‌یەکانی ڕاهێنەران و ئەو کەسانەی پەنایان بۆ دەبرێت. دەتوانین پەنابـەرین بـۆ ڕێکخراوەکـانی نـاو وڵات کەلیستی بێژەرە بەتواناکانیان لایە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەبتوانرێت بێژەری بـەتوانا هـەڵبژێردرێت کـە بتوانێـت قسـە لەگـەڵ فێرخوازان بکات بەپێی ئاستی زەینی و دەروونیی فێرخوازان بەشێوەیەکی گونجاو. ئەوە بێ هودەیە کەقسە بکـەیت بـۆ جـەماوەرێکی ئامادە لەسەر ئاستی زۆر بەرز یان وزۆر نزم، ڕاست نی‌یە کەهەستین بەهەڵبژاردنی قسـەکەران لەسـەر بناغـەی شارەزاییان لـەبواری دیای‌کراودا بەتەنها، بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی توانایان لەپەیوەست کردنی بیروبۆچوونەکان بەناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی یاخود ڕۆشنبیری یـان مێژوویی بۆ سەربازگە و بەشداران. بەرژەوەندی لەوەدا نییە کەهەر هەمان بێژەر بهێنرێت بۆ هەموو سـەربازگەیەك، هـەروەها نـابێت پشت بەقسەکەرێك ببەستین تەنها لەبەرئەوەی کە ناوبانگی هەیە.

### ج-بەکارهێنانی ئامرازەکانی بیستن و بینین

پێشتر باسمان لەسەر جۆرو شێوازەکانی هۆکاری بیستن و بینین کرد. لەبەرئـەوەی کەبنکە سـەربازییەکان کـەمتر پێداویسـتی تێدایە لەچاو شوێنی کۆنگرەکاندا، لەسەرمانە کەگرنگی‌یەکی تایبەتی بدەین بەدەستەبەرکردنی ووزەی کارەباو پێداویستی‌یەکانی سیم و کەلوپەلە یەدەگەکان. لەوانەیە هەندێك تـەرتیبات پێویسـت بێـت بۆئـەوەی بتوانـین ئامـادەبوونی پێویسـت لـەژووری نمـایش کـردن مسۆگەربکەین. ئەگەرهاتوو هەستاین تەکنیکی پێشکەوتوومان بەکارهێنا، وەکو نیشاندان لەرێی کۆمپیوتـەرەوە، دەبێـت دڵنیـابین لەبوونی تەکنیکی پێویست، وەدەبێت هەستین بەتاقی‌کردنەوەی سەرجەم ئامێرەکانی بیستن و بینین لە شوێنەکەدا پێش نمایش کردن.

### د- زاخاودانی مێشك و یاریە وەرزشی‌یەکان

چالاکی‌یە وەرزشی‌و تەرفیهییەکان بەشێکی گرنگن لەبەرنامـەی سـەربازگەدا. پێویسـتە بەشـێوەیەکی گونجـاو رێـك بخرێـن. پێویستە کاتێکی گونجاو بڕەخسێنرێت بۆ ئەم چالاکی‌یانە لەگەڵ دڵنیابوون لەبوونی پێداویسـتی‌یە گونجاوەکـان لـەکاتی گونجاویشـدا. دەتوانرێت بەشداران دابەش بکرێن بۆ تیپی وەرزشی وەك تۆپی پێو تۆپی بالـەو باسـکەو مەلـەکردن و هتـد. لـەو سەربازگایانەشـدا کەخێزان تیایدا بەشدارن پێویستە چاودێری‌و گرنگی بدرێت بـەمنداڵان لـەکوروکچ لـەبارەی رەوشـت و جەسـتەو ئاسایشـیان لـەکاتی سەربازگەکەدا. ئەم چالاکی‌و پێشبڕکێیانە لەناوخۆی سەربازگەکەدا ئەنجام دەدرێن و جەختیان لەسەر دەکرێتەوە لەبەرئەوەی رێگەیەکی باشە بۆ جوڵاندنی گەرم و گوڕی‌و گیـانی پێشـبڕکێ لـەنێوان یاریزانـەکان و لـەنێوان بەشـداربووان کـە یـاریزان نـین. وە لەسـەرمانە کەپیرۆزبایی لە هەوڵە هەرەباشەکان بکـەین و سوپاسیان بکـەین و دیاری‌یـان پێشـکەش بکـەین بـەو کەسـانەی کـە بەشـێوەیەکی دیاروەدرکەوتوو یارییان کردووە.

### ه- دانیشتنەکانی دەستپێکردنی بەرنامەو کۆتایی

دانیشتنەکانی دەستپێکردن و کۆتایی هەر سەربازگەیەك بەیەکێك لەبەشە گرنگەکانی دەژمێردرێت. وە ئێمە لەزۆربەی کـاتدا گرنگی زۆر پێویست نادەین بەو دانیشتنانە بەشێوەیەك کە سەرکەوتوویی و کاریگەرێتی مسۆگەر بکات.

دەکرێت کە دانیشتنەکە بەخوێندنەوەی ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەست پێ‌بکات لەگەڵ راڤـەکردنی ماناکـەی‌و شـی‌کردنەوەی بەزمانی ناوخۆ. ئەو ئایەتانە هەڵدەبژێرین کەپەیوەندی هەیە بەبابەتی سەربازگەوە بەپێی توانا وە هەڵدەستین بەهـەڵبژاردنی باشـترین قورئان خوێن لەنێوان ئامادەبووواندا بۆ خوێندنەوەی. پاش ئەوە نوێنەرانی رێکخراوەکە کە میوانداریيەکەی سازکردووە و سـەرپەرشتیارە قسەدەکەن بۆ ناساندنی خۆیان و رۆڵیان لەبەرنامەکەدا. پاشان بەشداربووان ئامادە دەکرێن بۆ ئـەوەی چاوەڕێـیان دەکـات لەسـەرۆکی لیژنەی بەرنامەکەو سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنە کردارییەکان. هەروەها دەکرێـت چەند میوانێکی هـەڵبژێردراو پێشـکەش بکرێـت. ئەمەی خوارەوەش نمونەیەکە بۆ دانیشتنی دەستپێکردن کە باشتروایە سەرۆکی سەربازگەکە سەرۆکایەتی بکات.

**دانیشتنی دەسپێکردن : هەینی کاتژمێر: ٢,٣٠-٤,٠٠ ی ئێوارە:**

٢:٣٠ - خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆزو بەدوایدا شی‌کردنەوەو وەرگێڕانی بە زمانی ناوخۆ.

٢:٤٠ - وتەی لێپرسراوی رێکخراوی وڵات.

٢:٤٥ - وتەی لێپرسراوی رێکخراوی ناوخۆی میواندار.

٢:٥٠ - وتاری لێپرسراوانی ڕێکخراوەکانی چاودێری تر.

٣:٠٠ - باسێکی ئاراستەیی لەلایەن سەرۆکی لیژنەی بەرنامەو دابەش کردنی کۆمەڵەکان و دابەش کردنی بەپرسیارێتی تاکە کەسییەکان.

٣:١٥ - باسێکی ئاراستەیی لەلایەن سەرۆکی لیژنەی سەربازگەکەوە.

٣:٤٠ - سەرۆکی خێوەتگەکە هەڵدەستێت بەناساندن و پێشکەش کردنی میوانە هەڵبژێردراوەکان.

٣:٤٥ - پرسیار لەبەشداربووانەوە.

٤:٠٠ - کۆتایی پێهێنانی دانیشتنەکە بە دوعایەکی گونجاو.

دانیشتنی دەست پێکردنی بەرنامەکان ڕێگا خۆش دەکات بۆ چوونە ناوەوەی ئەو بەرنامەیەی کە ڕاستەوخۆ بەدوایدا دێت، هەروەها بەشداربووان ئامادە دەکات بۆ بابەت و مەبەستی خێوەتگەکە.

دانیشتنی کۆتایی گرنگی کەمتر نی‌یە، کۆتایی دەهێنین بەبەرنامەکان بەکۆتاییەکی جوانی پاراو. بەهەلی دەزانین بەو بۆنەیەوە بۆ باس کردنی هاوکاری هەر کەسێك بەشداری کردوە لەسەرخستنی بەرنامەکاندا، گرنگترین ڕوکارەکانی نمایش کراوەکان و ڕاڤەکراوەکان کە لەبەرنامەکاندا پێشکەش کراون، بەکورتی پێشکەش دەکەین و هەڵدەستین بەپێش کەشکردنی پێشنیارەکانمان سەبارەت بە چۆنێتی سوود وەرگرتن لەوەی کەبەشداران فێریبوون، وە ئەمەی خوارەوەش نمونەیەکە لەدانیشتنی کۆتایی.

**دانیشتنی کۆتایی: یەك شەممە کاتژمێر ٢،٣٠-٤،٠٠ ی ئێوارە:**

سەرۆکی لیژنەی خێوەتگە دانیشتنەکە بەسوپاسکردنی خوای پەروەردگار دەکاتەوە.

٢:٣٠ - تێبینییەکان و ئامۆژگارییەکان لەمیوانانی هەڵبژێردراوەوە.

٢:٥٠ - کورتەیەکی چڕ لەنمایش و شی‌کردنەوەمان کەبەرنامەکە گرتبوویە خۆی.

٣:١٠ - پێشکەش کردنی ئەنجام و ئەرکەکان.

٣:١٥ - تێبینی‌یە گشتییەکان لەسەر بەشداربووان.

٣:٣٠ - تێبینی‌یەکانی سەرۆکی ڕێکخراوی ناوخۆیی کەسەرپەرشتی سەربازگەکە دەکات.

٣:٣٥ - تێبینی‌یەکانی لێپرسراوی ڕێکخراوی نێو وڵات.

٣:٤٠ - دوعایەك کە لەقورئان و سوننەتدا هاتبێت لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ زمانی ناوخۆ. بەدوایدا سروودێکی بەکۆمەڵ پێشکەش دەکرێت کەگونجاوبێت لەگەڵ کۆتایی هاتن و بەجێهێشتن.

٤:٠٠ - کۆتایی دانیشتنەکە.

**تێبینی:** باشتروایە ئەگەرهاتوو ماوەی خێوەتگەکەسێ ڕۆژ یان کەمتر بوو لەدانیشتنی کۆتایی‌دا هەڵسەنگاندنێك ئەنجام بدرێت بۆ خێوەتگەکە. بەڵام ئەگەرهاتوو درێژتربوو لەوە، ئەوا دەبێت دانیشتنێکی تایبەت ئەنجام بدرێت بۆ هەڵسەنگاندن.

**هەڵوێستی کرداری**

**ئەو سوودە چی یە کە لێرەدا بەدەستی دێنین؟**

ئەم پرسیارە دەبێت ڕێکخەرانی هەر چالاکی یەك بیکەن، چ ئەگەر بێتوو موحازەرەیەك بێت یان خێوەتگەیەك یان بەیەك گەیشتنێکی کۆمەلایەتی یان کۆبوونەوەیەکی گشتی یاخود شەونوێژ. ئەخشەیەك دابنێ بەشێوەیەك بەشداربوان کەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە سوودێکیان لێوەرگرتبێت، ئەگەرنا بۆنەکە تێپەڕدەبێت و لەبیردەچێتەوە بێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی هەست پێکراوی هەبوبێت، بەو شێوەیەش هەموو شتەکە وادەردەکەوێت کەبەفیڕۆدانی کات وکۆشش و سامان بێت. ئەگەر هاتوو ئەم پرسیارە لەبەرچاوگیرا هەر لەسەرەتاوە، ئەوا ڕێکخەرەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەشداربووان هەندێك سوودی بەرچاو بەدەست بهێنن وەك بەرهەمێك، کە دەیبەنەوە بۆ ماڵەوە بۆ سوود گەیاندنیان بەخۆیان و هەروەها سوود گەیاندن بەکارەکانیان و دەزگاکە لەچوارچێوەی ناوخۆیدا.

## دووەم: دانانی بەرنامەیەکی ڕۆژانە

### أ- ڕەگەزەکانی خشتەڕێژی بەرنامەکە

١- ڕۆژ دابەش بکە بۆ بەشە سروشتی یەکانی و ڕەچاوی کاتەکانی نوێژکردن و نانخواردن بکە.

٢- کاتی پێویست بۆ چالاکی یە دیاریکراوەکان ئەندازە بگرە، لەگەڵ ڕەچاو کردنی هۆکارە کاریگەرەکان، بۆسەر ماوەکانی ئامادەیی زەینی و چالاکی یەکانی بەشداربووان، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی بەشدرابووان و تەمەنیان و جۆری چالاکی و فراوانی بەشەکانی شوێنەکە، ژمارەو قەبارەی ڕێگاکانی چوونە ژوورەوە و ڕۆیشتنە دەرەوەو و دۆخی کەش و هەوا، و ماوەکانی نێوان بەشە جیاجیاکان، و هەروەها شتانی تر.

٣- لەخشتەکەدا کاتەکانی ئامادەکاری بۆ چالاکی یە دیاریکراوەکان دیاری بکە، وەك دەستنوێژ گرتن، پێش نوێژ کردن و خۆشتن پێش نانخواردنی بەیانی، و کاروباری تر.

٤- داوای ڕاوبۆچوونی بەشداربووان و سەرپەرشتان یان ڕاهێنەران بکە.

٥- چالاکی یەکانی هەموو بەشێك بکە بەخشتە، پاشان هەموو بەشەکانی خشتەکە بکە بەیەك، بۆ تەواوکردنی بەرنامەی ڕۆژانە. وە ئەگەرهاتوو خشتەکە بۆ زیاتر لەڕۆژێك بوو، خشتەی ڕۆژانەکە دووبارە بکەرەوە لەگەڵ گۆڕانکاری گونجاو وەك تۆمارکردن لەڕۆژی دەست پێکردن و هەڵسەنگاندن لەڕۆژی کۆتایی دا.

### ب- ڕێکخستنی کاتەکانی بەرنامەی ڕۆژانە

ڕۆژەکان لەزۆربەی ناوچەکانی جیهاندا دوو جۆرن: لەهاویندا دوورو درێژو لەزستاندا کورتن، لەگەڵ جیاوازی یەکی بچوك لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. لەڕۆژە درێژەکاندا، ڕۆژ زوو هەڵدێ و درەنگ ئاوا دەبێت. لەبەرئەوە نوێژی بەیانی لەکاتێکی زوودا

دەكرێ و نوێژی شێوان لەكاتێكی درەنگدا دەبێت. لەناوەڕاستی هاویندا، كاتی نووستن لەنێوان ماوەی نوێژی شێوان وبەیانی كاتێكی كەمە. بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەم كەم خەوییە، ماوەی پشوودان دادەنرێت لەپاش قورئان خوێندنی بەیانیان، هەروەها پاش ناخواردنی نیوەڕۆش. بەشداربووان دەتوانن بخەون یاخود سەرخەوێك بشكێنن لەو ماوانەدا لەجیاتی كەم خەویی شەوان.

هەروەها كاتی عەسر تا ڕۆژئاوابوون لەهاویندا درێژەو لەزستاندا كورتە، لەبەرئەوە دەتوانین خشتەی ناخواردن بخەینە پێش ڕۆژئاوا بوون لەهاوینداو پاش ڕۆژ ئاوا بوون لەزستاندا، هەروەها ماوەی نێوان ڕۆژئاوابوون و نوێژی خەوتنان لەهاویندا درێژترە وەك لەزستان. لەبەرئەوە، واباشترە كەماوەی چالاكی‌یە كۆمەڵایەتی‌یەكان لەخشتەدا بخرێتە پێش نوێژی خەوتنان لەهاویندا بەشێوەیەك كەبەشداربووان پاش نوێژ یەكسەر بچنە سەر جێگاكانی نووستنیان، بەڵام لەزستاندا كاتی چالاكی‌یە كۆمەڵایەتییەكان دەخرێتە پاش نوێژی خەوتنان، كەكاتێكی باش بەدەستەوەیە بۆ ئەو مەبەستە.

لێرەدا، هەڵدەستین بەگفتوگۆ كردن لەسەركاتی پێویست بۆ جۆری چالاكی‌یە هەمەڕەنگەكان. وە پێویستە كەهەموو بارە ناوخۆیی‌یەكان و ڕێسا كۆمەڵایەتی‌یەكان و هۆكارەكانی تر لەبەرچاو بگیرێن.

### ١-لە خەوهەستان و خۆشتن

كاتێكی دیاری‌كراو ڕادەگەیەنرێت بۆ لەخەوهەستان. بەڵام بۆ ئەو ماوە پێویستەی پێش نوێژی بەیانی‌دا، پشت بەستراوە بەژمارەی بەشداربووان و ژمارەی ئاودەستەكانەوە، بوارەكانی تری ئاو بەكارهێنان و دووریان لەشوێنەكانی نوستنەوە. وەك ڕێسایەكی گشتی، بەشداربووان دابەش دەكەین بەسەر ژمارەی بوارەكانداو پاشان ئەنجامەكان لەگەڵ ژمارە سێ لێكدەدەین تا ئەو چەند خولەكە بەدەست بێنین كەدەكەوێتە نێوان كاتی لەخەو هەستان و نوێژی بەیانی‌یەوە.

### ٢-دەستنوێژ

كاتی پێویست بۆ دەست نوێژگرتن لەهەموو نوێژەكاندا (جگە لەنوێژی بەیانی) نابێت لەنیوەی كاتی پێویست بۆ دەستنوێژی بەیانی زیاتر بێت. وەدەبێت بەشداربووان هان بدرێن بۆ دەست نوێژ، هەركاتێك بواریان بۆ ڕەخسا لەكاتی ڕۆژدا. وە باشتر وایە هەمیشە لەڕۆژدا دەست بەدەستنوێژ بن.

### ٣-قاوە و چا

دەتوانرێت هەندێك جار چا یان قاوە بخورێتەوە پێش بەرەبەیان، ئەمەش یارمەتی‌دەرە بۆ چالاككردنی بەشداربووان بۆ نوێژكردن و خوێندنەوەی قورئان. بەڵام كاتی پێویست لەسەر ژمارەی بەشداربووان بەندە، لەو ماوەیەی نێوان چاخواردنەوەو دەستنوێژگرتندا نیرە بەیەكداچوونێك لەكاتەكەدا دروست دەبێت.

### ٤-كاتەكانی نوێژكردن

ڕێسای گشتی ئەوەیە كەماوەی تەواوی دیاری‌كراو بۆ هەر نوێژكردنێك لەپێنج نوێژەكە دەبێت سێ هێندەی ئەوكاتە بێت كەنوێژەكە دەیخایەنێت

**٥- پشوودان**

لەڕۆژە درێژەکانی هاویندا، بێگومان دەبێت ماوەیەکی پشوو هەبێت لە بەیانیان و دوای نیوەڕواندا لـەجیاتی مـاوەی کورتـی شەو. وە بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین کاتی ڕەخساو بۆ پشوودان لەبەیانیاندا، پێشنیاری ئەو کاتە دەکەم کەبۆ خۆشتن دانراوە لـەنێوان قورئان خوێندن و سەرەتای نانخواردنی بەیانیان. بەڵام کاتی پێویست بۆ پشوودان لەدوای نیوەڕواندا، نزیکەی ٩٠ خولەك دەبێت.

**٦-ژەمەکانی نانخواردن**

زۆر گرنگە کاتی پێویست خشتەڕێژ بکرێت بۆ ژەمـەکانی نانخواردن، تەنانەت ئەگەر بێتـوو ژەمەکـە هاوکـات نـەبێت لەگـەڵ موحازەرەیەك یان نمایشێك کە ئەوە هەر بەشێکە لەپڕۆگرامەکە، چونکە نانخواردنی بەکۆمەڵ وا لە کەسـەکان دەکـات زیـاتر لەیـەکتر نزیك ببنەوە. کاتی پێویستی ئەمـەش لەسەر خێرایی پێشکەشکردنی خواردنەکە و قەبارەی چێشتخانەکە ڕادەوەسـتێت ئەگـەر بـواری ئەوە هەبێت کەهەمووان پێکەوە لەیەك کاتدا نان بخۆن یان بەچەند گروپێك، ئەگەر پلانی باش دابنرێت دەکرێت کاتژمێرو نیوێك بەش بکات بۆ ژەمـەکان و خۆشتن و هەندێك سەرخەو شکاندن پاش نانخواردن.

**٧-دانیشتنەکان**

نابێت دانیشتنەکان زیاتر لەکاتژمێرو نیوێك بخایەنێت، ئەوەش بۆئەوەی بەشداران بێزار نەبن و بەئاگا بـن. کاتەکـەش کـەمتر دەکرێتەوە ئەگەرهاتوو ژووری کۆبوونەوەکان (یان کورسی‌یەکان) ناخۆش بن یان بەرفراوان نەبن. دەکرێت درێژبکرێتـــەوە، ئەگـەرهاتوو بەپێچەوانەوە بوو. دانیشتنەکە کارلێکردن لەنێوان بەشداربوواندا بەدی دەهێنێت. بەشـێوەیەك بەئاگاییـەوە بمێننـەوە بـۆ ماوەیـەکی دووروودرێژ.

ڕێسای گشتیش وایە ئەو دانیشتنانەی تەنها گوێگری‌و هەواڵ وەرگرتن دەگرێتەوە، وەك موحازەرات کاتەکانیشی بەیانیان یـان ئێواران دەبێت، کاتێك کە بەشداربووان چالاکن، یان هەلی نوێبوونـەوەی چالاکی‌یـەکانیان هەیـە. بـەڵام مـاوەی پـاش نیـوەڕوان بـۆ چالاکی‌یەکانی بەشـداری‌کردن باشـترە وەك وەرشـەکانی کـارکردن، کەئـەوە جیادەکرێتـەوە بەبەشـداریکردنی مەشـقکاران لـەکرداری فێرکاری‌دا.

**٨-ماوەکانی پشوودان**

ماوەکانی پشوودان لە ١٥-٣٠ خولەکی پێویستە بۆ نەمانی وەڕسی‌و بێزاری، هـەروەها ئـەو ماوانـە یارمـەتی بەشـداربووان دەدات لەوەرگرتنی زانیاری‌یە پێشکەش کراوەکان و کۆکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیان و کارلێکردن لەگەڵ قسەکەران و ئاشنابوون لەگەڵ کەسانی‌تردا، سەرخەوشکاندن، و خۆئامادەکردن بۆ برگەکانی داهاتوو. نابێت کـەماوەی پشـوودان لـە ٣٠ خولـەك زیـاتر بێـت، تـا بەشداربووان بەچالاکی ترەوە خەریك نەبن. وەك کۆبوونەوەی لابەلایی‌و تایبەت.

**٩- کات بەسەر بردن**

لەو بەرنامانەدا کە لەدوو ڕۆژ زیاترە، دیاری‌کردنی کات بۆ چالاکی خۆشی‌و کات بەسەر بردن یارمـەتی دەدات بـۆ پشـتیوانی کردنی جۆری فێرکردن، لەبەرئەوەی ماوەی خۆشی‌و کات بەسەربردن وادەکات کەمرۆڤ لەدوودڵی و ڕاڕایی ڕزگاری ببێـت و یارمـەتی

دەدات بۆ بەدەست هێنانەوەی چالاکی پاش بڕگەکانی بەرنامەی فێرکاری کەپێویستی هەیە بە ووشـیاریو بەشـداریکردن. بەگشـتی، دوو کاتژمێر بۆ ئەو مەبەستە بەش دەکات، لەگەڵ زیادکردنی کاتی پێویست بۆ گوێزانـەوە بـۆ شـوێنەکانی تـری دەرەوەی ناوچەکـە، ئەگەرهاتوو کارەکە پێویستی کرد.

## ١٠- یارییە وەرزشییەکان

دیاریکردنی کات بۆ یارییە وەرزشییەکان شتێکی پێویستە بۆ سەربازگەکانی لاوان و بەرنامەکانی تری لاوان. کەزیاتر لە سـێ ڕۆژ بـەردەوام دەبێـت. دوو کـاتژمێر بـەکاتێکی بـاش دادەنرێـت بـەزیادکردنی کـاتی پێویسـتیش بـۆ خۆئامـادەکردن و گوێزانـەوە لەیارییەکەوە بۆ یارییەکیتر. وە پێویستە کەرێکخستنی چالاکییە وەرزشییەکان باش دابڕێژین وەگەر نا دەبێتە هـۆی لەدەسـتدانی کات. و تۆخمێکی سەلبی لەبەرنامەکەدا. و ڕاهێنەران و سەرپەرشتیکاران سوودی باشتر وەردەگرن کاتێك لەگـەڵ مەشـقکاران یـاری بکەن و کارلێك بکەن. لەتوانایاندا دەبێت کە تایبەتمەندییە کەسایەتییەکانیان بۆ دەربکەوێت لەرێگای هەڵسـوکەوتی مەشـق کـاران لەیاریدا. کەئەوەش زانیارییەکی زۆر بەکەڵکە، کە ناتوانرێت لەرێگای موحازەراتەوە بەدەست بهێنرێت.

## ١١- بوارە کۆمەڵایەتییەکان

یەکترناسین لەنێوان بەشداربووان لەپێناو بەهێزکردنی سۆزی برایانە لـەنێوانیانداو دروسـت کردنـی پـەیوەندی لەگـەڵ یـەکتردا ئامانجێکی گرنگە لەسەربازگەو کۆنگرەو کۆڕەکاندا. لەوانەیە باشترین کاتیش بۆچالاکییە کۆمەڵایەتییەکان نزیکەی کۆتـای ڕۆژەکـە بێت، وەك ئەوەی باوە کاتژمێرێك بەسە بۆ ئەم مەبەستە.

## ١٢-نوستن

ماوەی نوستنی پێویست بۆ هەرکەسێك بەندە بەخوو تەمەن و تەندروستییەوە، بەشێوەیەك پێویستە کەلـە هـاویندا نووسـتن لەحەوت کاتژمێر کەمتر نەبێت و شەش کاتژمێریش بۆ زستان. هەروەها ماوەی نووستن جیاوازی تێدایە لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر. ئامانجی گشتیش بریتییە لەهاندانی بەشداربووان بۆ پشودان لەرێگای نووستن یان سەرخەو شکاندنەوە. مەشقکاری ماندوو بـاش فـێر نابێت و ماندوو بونی کار لە ئاستی فێربوونی کەم دەکاتەوە.

## ج- نمونەیەکی پێشنیارکراو بۆ بەرنامەی ڕۆژانە

| | |
|---|---|
| لەخەو هەستان | |
| نوێژی بەیانی | |
| بیر خستنەوە / ئامۆژگاری کردن | (١٠ خولەك) |
| ئەڵقەی قورئان خوێندن | (نیو کات ژمێر) |
| خۆشتن | ( ٣٠-٤٥ خولەك) |

| | |
|---|---|
| نان خواردنی بەیانی | (٨:٣٠ — ٩:٠٠) |
| دانیشتنی یەکەم | (٩:١٥ — ١٠:٣٠) |
| پشودان | (١٠:٣٠-١١:٠٠) |
| دانیشتنی دووەم | (١١:٠٠_١٢:٣٠) |
| هەستان بۆ نوێژی نیوەڕۆ | ١:٠٠ |
| نان خواردنی نیوەڕۆ | |
| کاتی ئازاد / یارییە وەرزشییەکان | |
| هەستان بۆ نوێژی عەسر | |
| دانیشتنی سێیەم: وەرشەی کارکردن (٣-٤ گروپ) | ٤:٠٠ -٦:٠٠ |
| هەستان بۆ نوێژی ئێوارە | |
| نانخواردنی ئێوارە | |
| دانیشتنی چوارەم ڕاپۆرتی گروپەکان | ٧:٣٠-٩:٠٠ |
| هەڵسەنگاندنی کارەکانی ڕۆژ | ٩:٣٠-٩:٤٥ |
| هەستان بۆ نوێژی شێوان | ١٠:٠٠ |
| خۆئامادە کردن بۆ نوستن | ١٠:١٥ |

## ڕاهێنان

**ئامارەکانی بەرنامەی ڕۆژانـــــە**

بەرنامەیەکی ڕۆژانە دابڕێژە بۆ سەربازگە. کاتەکانی چالاکی لەبەرچاو بگرە وەك نوێژو نـان خـواردن و ماوەی پشودان وکات بەسەربردن و یارییە وەرزشییەکان و دانیشـتەکان ونووسـتن. پـاش ئـەوە کـۆی گشـتی دیاری بکە. دەبێت بکاتە ٢٤ کاتژمێر. ڕێژەی سەدی بۆ کاتی تایبەتی هــەر چالاکییـەك دیـاری بکـە. ئـەو زانیاریانە شیبکەرەوە و بزانە تێچونی بەرنامەکە گونجـاوە لەگـەڵ ئـەو خشـتەیەی دانـراوە. بـۆ نمونـە، ئایـا کاتەکاتی نوستن زۆر درێژە؟ بەهەمان شێوە کاتەکانی کات بەسەربردن وماوەکـانی پشـوودان؟ یـان کاتـەکان کەمن بۆ دانیشتنە فێرکاریەکان؟ بەرنامە ڕۆژانەکە ڕاست بکەرەوە بەپێی لێکدانەوەت بۆ ئامارەکان.



## گـفـتـوگـۆ

١- چۆن زانیاری تایبەت بەهەرکەسێ بەشداربووان سوودی هەیە لەدارشتنی بەرنامەیەك بۆ خێوەتگەیەکی لاوان؟
٢- باشترین کات کامەیە لەرۆژدا بۆ ئەو بەرنامانەی شێوەیەکی ئەکادیمیان هەیە؟ وە بۆچی؟
٣- گرنگترین خاڵە رەچاوکراوەکان کامەیە لەهەڵبژاردنی بێژەردا؟
٤- بۆچی دانیشتنەکانی دەست پێکردن و کۆتایی گرنگە؟
٥- گرنگترین جۆرەکانی چالاکی کامەیە لەبەرنامەی رۆژانەدا؟
٦- کاریگەرییە ئاسەوارە سەرەکییەکانی زستان و هاوین چییە لەسەر خشتەدانانی بەرنامەکان؟

## جێبەجێکردن

دوای هەڵبژاردنی گرنگترین بەندەکانی بەرنامەی خێوەتگەی لاوان، ئەرکی تۆ ئێستا دانانی بەرنامەیەکی کاریگەرە. بەدیاری کردنی بویژ دەست پێبکە، پاشان هەستە بەپلاندانان بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی بیستن و بینین، خشتەیەکی سەرەتایی دابنێ. هەرچەندە تۆ کاتی تەواوت هەیە پێش خێوەتگەکە، ئەوا پێویستە کارەکە بەرەو تەواوکردن ببرێت، چونکە ئەم خێوەتگە ساڵانەیە، هەر فرسەتێك کە لەدەست بچێ مەگەر لەخێوەتگەی ساڵی ئایندەدا قەرەبووی بۆ بکرێتەوە.

١- خشتەیەکی دوورودرێژ دابنێ بەشێوەیەك بتوانی بەدواداچونی رێو شوێنی تایبەتی بویژان بکەیت هەر لە پەیوەندییە سەرەتاییەکانەوە تا دواهەمین نمایش.

٢- ووتارێکی کورت بۆ مەشق کارەکان بنووسەرەوە بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری کەسی و پێشنیازەکانیان لەدارشتنی بەرنامەکەدا. بەروونی زانیارییە داواکراوەکان بخەروو لەگەڵ هۆی داواکردنیاندا.

بەشی

٣٥

# هونەری بەشداریکردن

**یەکەم: مەشق کردن بە پێسپاردن**

**دووەم: بەدیهێنانی بەشداریکردنی بەکۆمەڵ**

ا – ئاسانکاری‌یەکان/ دامەزراوە پەیوەستەکان

ب– ڕێکوپێکی یاسا

ج– دانیشتنەکان

د– نوێژکردن

ه– کارە مەکتەبی‌یەکان

و– هەمە جۆر

**سێیەم: بەشداری فکری**

ا – پێشکەش کردنی بیرۆکەیەك لە (٣خولەك) دا

ب– بەرنامەی خۆناساندن لە (٣خولەك) دا

ج– خستنەڕووی ووتاری کەسێکی تر

د– دەگمەنە مەبەستدارەکان

ه– لەبەرکردنی هەڵبژاردەیەك لەقورئان و حەدیث

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

لەپاش تەواوکردنی ئەم بەشە، دەتوانیت:

- ئاشنا بیت بەجیاوازی‌کردن لەنێوان هەڵسوکەوتی تاکڕەوی‌و بەکۆمەڵدا.
- ئەرك هەڵبژێریت بۆ بەشداری‌کردنی بەکۆمەڵ.
- نەخشە بکێشیت بۆ چالاکی‌گەلێك کە هاندەرن بۆ بەشداری‌کردنی فیکری.

## یەکەم: مەشقکردن بە پێسپاردن

چەند جارە ئەم سکالایەت گوێلێبووە (( گەیاندنی کۆباس .... نەك بەشداریکردن)) یاخود ((تێڕوانین..... بەجێبەجێکردن)) یان ((قسەی زۆر، کاری کەم))! ئەمە ئاراستەی باوە لەنێوانماندا ئەمڕۆ، ژمارەیەکی زۆر کەم لەخەڵکی هەموو کارەکان لەئەستۆ دەگرن، لەبەرئەوە باریان گرانە، و زۆر ماندوو دەبن، لەهەمان کاتدا توانایان بەردەوام کەم دەبێتەوە، بەڵام جەماوەری ئامادەبوو هەست دەکات کەئەوانە پشت گوێ خراون، و ووزەکانیان لەدەست دراوە و ڕاوێژکردن پێیان پشت گوێخراوە، بارەکە بەرەو سلبیەت ڕۆیشتووە، وەگیانی بەرگری یاخود ورەدابەزین و بێزاری بۆتە شتێکی گشتی. وە هەندێك لەڕێکخەرەکانی وا هەست دەکەن کە سەربازگە لەهۆکارێك زیاتر نی‌یە بۆ هەڵڕیشتنی زانیاری لەدەمی ئەو کەسانەوە کەقسە دەکەن بۆ مێشکی بەشداربووان. لەمەش سەیرتر سەرکردەکان هەلێکی مەزن لەدەست دەدەن، ئەویش مەشق کردنە لەڕێگای بەشداریکردن و پێشکەش کردنی نمونەو پێشڕەوایەتی لەوکاتە کەمە بەنرخانەی پەیوەندی دەکەن بەسەربازگەکانەوە. وەهەست ناکەن بەوەی کەمەشق کاران چاودێری کارو هەڵوێست دەکەن نەك بەتەنها قسەکردن. لەبەرئەوەی هەندێك لەسەرکردەکان و ڕاهێنەرەکان تەنها بەزمان ئامۆژگاری پێشکەش دەکەن بەبێ ئەوەی لەبواری پراکتیکدا جێبەجێی بکەن. ئەوانە باسی توندوتۆڵیو یاساو خۆبەخت کردن و سۆزو خۆشەویستی دەکەن و داوای کەمکردنەوەی تێچوون و لێهاتوویی و پاکێتی و ڕاستێتی و گیانی لەخۆبردوویی دەکەن بەبێ ئەوەی ئەو شتانە لەخووڕەوشتی ئەوان خۆیاندا دیاربێت لەسەربازگەکەدا. بزووتنەوەی ووشیاری ئیسلامی کەموکوڕی زۆری هەیە لەبەرئەوەی ئێمە ئەو شتە دەڵێینکەجێبەجێی ناکەین. ئەو کاتە کەمە بەنرخانە بواری نمونەیی دەرەخسێنن بۆ پێشکەش کردن لەگەڵ ڕابەرە مەیدانی‌یەکان.

یاسای دانراو بۆ ڕێکخەران بەشێوەیەك بێت کەهەموو کارەکان لەسەربازگەکەدا بە بەشداران بسپێرێت ئەگەر لەتوانادا بوو، بەبێ ئەوەی هیچ کارێك بۆخۆیان بهێڵنەوە. ئەمەش ڕێگا بۆ ڕاهێنەران دەڕەخسێنێ تاچاودێری هەموو شت بکەن و بۆشایی‌یەکان پڕبکەنەوە هەرکاتێك دەرکەوتن، هەروەها بواریان بۆ دەڕەخسێنێ کەدەست بەتاڵ بن بۆ پێشکەش کردنی مەشقی کرداری (مەیدانی) بۆ مەشق کاران. فێربوون لەڕێگای کارکردنەوە کاریگەری قوڵترەو تەمەنی درێژترە. وە پێویستە کەکەشی چادرگەکە نمونەیەکی شوێن کەوتەیی بێت لەڕواڵەت و بابەتدا. بەکورتی، سەربازگە پێویستە بەڕێوە ببرێت وەك کۆمەڵگایەکی نمونەیی لەهەموو لایەنێکەوە.

هەندێك کەس دەڵێن ئاسانترو خێراترو باشتر وایە کەخۆت هەستیت بەکارەکان لەجیاتی ئەوەی کەسێکیتر فێربکەیت کەلەجیاتی تۆ پێی هەڵبستێت. ئەمە بۆ ماوەیەکی کورت ڕاستە، بەڵام بۆ ماوەی درێژ باشتر وایە کەسانی‌تر فێربکەیت کەهەستن بەوکارە. ئەگەر ئەوە نەکەیت، ئەوا کارەکە بەوە کۆتایی دێت کەخۆت هەستیت بەهەموو کارەکان، لەبەئەوەی خۆت بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوەی دەبەیت. لەبەئەوە، لەسەرت پێویستە ئارام بگریت و ڕازی بیت بەوەی کەسانی‌تر جێبەجێی دەکەن تەنانەت ئەگەربێتوو بەپلەی تەواویش نەبێت، تافێردەبن. هەروەها پێویستە ڕابێین لەسەر گیانی لەخۆبردوویی‌و چاوپۆشین لەهەڵەکانی کەسانی‌تر و ڕێنماییان کەین و ئاراستەیان بکەین بەشێوازی گونجاو.

## دووەم: بەدیهێنانی بەشداری کردنی بەکۆمەڵ

پاش نیشاندانی تێبینی‌یەکانی سەرەتای یەکەم، سەرکردەی سەربازگەکە ئەرکە جۆراوجۆرەکان شی‌دەکاتەوە. و ئەرکەکان دەسپێرێت بەکەسان. ئەم ئەرکانەش دەخرێتە سەر ئەرکەکانی لیژنەکان کەپێشتر لەسەربازگەکەدا دروست کراوە، کەگوێزانەوەو خواردن و بودجەو میوانداری و یاری وەرزشی‌و ئاسایش و چاودێری منداڵان و کات بەسەر بردن و هەڵسەنگاندنی سەربازگەکەو هتد لەخۆ دەگرێت.

پێویستە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی هەر بەشداربوویەك بەرپرس بێت لەچالاکی‌یەکی دیاریکراو. وەلێرەدا لیستێك دەبینیت بەهەندێك لەو بەرپرسیارییەتیانە.

**أ-ئاسانکاری‌یەکان/ دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان**

١- ڕاگەیەنراوەکان

٢- گەرم کردنەوەو فێنك کردنەوە

٣- ژوورەکانی نووستن

٤- گەرماوەکان/ سوڕەکانی ئاو

٥- ڕووناکی

٦- ڕێکو پێکی شوێنەکانی وەستانی‌ئۆتۆمبیل

٧- ساردەمەنی‌و شیرینی

**ب- ڕێکوپێکی و یاسا**

١- پاك و خاوێنی‌و ڕێکوپێکی

٢- ژوانەکان

٣- ڕواڵەتی کەسی

٤- ڕێك و پێکی پێڵاوەکان

٥- بۆن و بەرامی خۆش

٦- خۆرزگارکردن لەپاشەڕۆك

**ج-دانیشتنەکان**

١- ڕێکوپێکی دانیشتن

٢- سەکۆی وتار

٣- هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەی بیستن و بینین

٤- پاراستنی یاسا

٥- ڕاستکردنەوەی زمانەوانی(عەرەبی یان زمانەکانی‌تر)

٦- هەڵسەنگاندنی بوێژان

٧- هەڵسەنگاندنی سەرۆکی دانیشتنەکان

٨- هەڵسەنگاندنی بەشداربووان

٩- گاڵتەو گەپ و کات بەسەربردن

**د- نوێژکردن**

١- بانگدان

٢- دیاری کردنی پێشنوێژەکان

٣- دیاری‌کردنی بوێژانی پاش نوێژ

٤- لەخەوهەستان

٥- دیاری‌کردنی قورئان خوێنەکان

٦- نزاکاران

**هـ- کارە مەکتەبی‌یەکان**

١- چاپکردن (لەسەر ئامێر یان کۆمپیوتەر)

٢- وێنەگرتنەوە

٣- کەرەستەکانی نوسینگەیی

٤- ئەوانەی وندەبن یاخود ئەوانەی هەن

٥- تەلەفۆن

٦- بڵاوکراوەکانی سەربازگە

**و-هەمەجۆر**

١- وێنەگرتنی فۆتۆگرافی

٢- سکاڵاکان

٣- بەخشینەکان (التبرعات)

٤- بێ کێشەیی

٥- تەندروستی (فریاکەوتنی سەرەتایی)

٦- ئامۆژگاری گشتی

٧- پەیوەندیکردن بەدەرەوە (کەسە پەیوەند- یدارەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن. . .هتد)

٨- کتێب (کتێبخانە)

٩- بازاڕی خێوەتگە

١٠- دۆزە فقهیەکان (ئاسۆفراوانی و کۆکردنەوەی هەموو مەزهەب و بیروڕا جۆراوجۆرەکان)

هەر ئەرکێك دەسپێردرێت بەکەسێك یان زیاتر، یان تاکە کەسێك چەند کارێك لەئەستۆ دەگرێت بەپێی سروشتی کارەکان و ژمارەی بەشداربووان. هەروەها دەکرێت بەرپرسیارییەتیەکان گۆرانکاریان تێدا بکرێت لەکاتی ماوەی سەربازگەکەدا. ئەم ئەرك

پێسپاردنە بەهەندێك كەس نابێتەهۆی بەخشینی ئەوانی‌تر لەبەجێگەیاندنی كارەكانیان بەبێ ئەوەی پێویست بەبیر خستنەوە بكات. هەروەها ئەوەش مەشقكاران فێردەكات كەكاریان نەبێت بەسەر پسپۆڕەكانی ترەوە تەنها لەرێگای كەناڵە دروستەكانەوە نەبێت.

## سێیەم: بەشداری فكری

دەكرێت بەشداری‌كردن بەدیبهێنرێت لەسەر ئاستی ئەكادیمی (دیراسی) لەم رێگایانەوە:

### أ- پێشكەش كردنی بیرۆكەیەك لە (٣خولەك) دا

ئەم چالاكی‌یە رێك دەخرێت بەوەی سەربازگەكە بكرێت بەچەند ئەڵقەیەكی كاری بەكۆمەڵەوە، كەهەر ئەڵقەی ١٥ كەس لەخۆ دەگرێت. وەبوار دەدرێت بەهەركەسێك بۆ ماوەی ٣ خولەك تا باسی گرنگترین بیرۆكە بكات كەدەیەوێت بیگوێزێتەوە بۆ كۆمەڵكە. و سەرۆكی دانیشتنەكە چاودێرێك دیاری دەكات بۆ ئەوەی كاتی هەر قسەكەرێك رێكبخات.

### ب- بەرنامەی خۆناساندن لە (٣ خولەك) دا

هەر مەشقكارێك بۆ ماوەی تەنها سێ خولەك پێشینەیەكی ژیانی خۆی باس دەكات لەبازنەی خۆناساندنداو. و ئەم رێگایەش بەهایەكی مەزنی هەیە، وە ئەوە جێبەجێ‌كردنێكی كاریگەرانەیە بۆ فەرمودەی خوای مەزن:

﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ...﴾(١٣) (الحجرات)

### ج- خستنەرووی وتاری كەسێكی‌تر

ئامانجی ئەم چالاكی‌یەش مەشق پێ‌كردنی كەسێكە بۆ خوێندنەوەی ووتەیەك كەتەنها هەر داوای ئەمەی لی‌بكرێت و پێشكەشی بكات بەجەماوەر. پێشكەشكەری ووتەكە دەبێت بەڕاستگۆیانە و دەست پاكانە دیدو بۆچوونی دانەرەكە بگوێزێتەوە بەبێ گوێدانە راوبۆچوونی خۆی لەسەر بابەتەكە. ئەگەر ویستی ڕای خودی خۆی دەربڕێت، پێویستە ڕاشكاوانە ئەوە ڕوون بكاتەوە. ئەگەر ئەمە ڕوویداو، دانەر خۆی لەنێوان ئامادەبوواندا بوو، ئەوا ئەوە دەبێتە ڕاهێنان و مەشقێكی باش بۆی. گونجاویشە مافی وەڵامدانەوەی بۆ ماوەی سێ خولەك هەبێت ئەگەر پێویستی كرد.

### د-لەبەركردنی هەڵبژاردەیەك لەقورئان و حەدیث

مرۆڤ هەستێكی مەزنی لادروست دەبێت كاتێك بەشداری دەكات لە خوێندن و لەبەركردنی ئایەتی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر (د.خ) لەنێو كۆمەڵێكدا، بەتایبەتی ئەگەر بێتوو لەسەر شێوەی پاڕانەوە (الدعاء) بێت. ئەوەی لەو چالاكی‌یانەدا لەبەردەكرێت لەیاداوەری مەشقكاراندا دەچەسپێت لەهەموو ژیانیاندا.

هەروەها ئەو ئەزموونە هەستێكی جوان دەبەخشێت بەبەشداربووان كەئەوانە كارێكی باشیان ئەنجامداوە لەسەربازگەكەداو لەوانەیە ئەوە لەگرنگترین ئەو شتانە بێت كە لەبارەی سەربازگەكەوە لەبیریان بێت.

**٥- دەگمەنە مەبەستدارەکان**

دەکرێت سەربازگە بیرۆکەیەك گەڵاڵە بکات بەوەی هەر دانیشتنێك بەگێڕانەوەی قسەیەکی خۆش یان نوکتەیەکی مەبەستدار دەست پێبکات کەهەر جارەی مەشق کارێك بیگێڕێتەوە، ئەگەرهاتوو ژمارەی بەشداربووان زۆربوو دەکرێت بکرێتە دوو نوکتە لەهەر دانیشتنێکدا، یەکێکیان لەسەرەتای دەست پێکردن و ئەوی تریان لەکۆتاییدا. بەو ڕێگایە گیانی مەعنەوی لەسەربازگەکەدا بەرزدەبێتەوە تاڕادەیەکی باش.

پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێت: ﴿ رَوِّحُوا القُلُوبَ ساعَةً وَ ساعَةً، فَإِنَّ القُلُوبَ إِذا كَلَّتْ عَمِيَتْ ﴾ [1]

**مەشق**
**لەسەر**
**بەشداریکردن**

**پێشبڕکێیەك ڕێك بخە : "کێ ناوی زۆرترین ژمارەی بەشداربووانی لەبیرە؟"**
**باشترین ڕێگا بۆ لەبیرنەکردنی ناوەکان بریتییە لەتۆمارکردنیان بەووشیارییەوە لەبیری خۆتدا، پەیوەستکردنی بەکەسێکی ترەوە، کەباش دەیناسیت.**

[1] سنن الديلمي

## گفتوگۆ

١- بایەخەکانی ڕاسپاردنی بەشداربوان بەبەرپرسیارێتی کارگێڕی لەسەربازگەدا چی‌یە؟ ئەی زیانەکانی چی‌یە؟

٢- ئەو خاڵانە چین کە لەبەر چاو دەگیرێن لەکاتی سپاردنی بەرپرسیارێتی بەزیاد لەکەسێك؟

## جێبەجێکردن

داوات لێکرا کەببیتە بەڕێوەبەری بەرنامەی چادرگەیەکی لاوان. بەشداربووان هەفتەیەك چالاکی لەناوچەیەکی گوندنشیندا بەسەر دەبەن. بەلایەنی کەم نیوەیان لەشوێنی دوورەوە هاتوون، هەروەها ئەوانە نازانن کەکێ لەسەربازگەکەدا هەیەو شێوازی هەڵسوکەوتیش نازانن تیایدا ژمارەی کۆمەڵەکە ٥٠ کەسەو ژمارەی سەرپەرشتکاران و پێشکەش کارانی چالاکی‌یەکان ١٥. ئامانجیش بریتی‌یە لەمەشق کردن بەبەشداربووان بۆ سەرکردایەتی کردن لەرێکخراوە ناوخۆیی‌یەکانیاندا، هەروەها لەکارەکانیاندا وەك تیمێك لەسەر ئاستی هەرێمایەتی.

١- پرۆژەی ووتارێك بنووسە بۆ بەشداربووان و تیایدا شی‌بکەرەوە کەچۆن ئەزموونێکی بەکۆمەڵ لەسەربازگەکەدا بەدەست دەهێنن.

٢- ناوی دە ئەرك بهێنە کەبەکەسانی ناو کۆمەڵەکەی دەسپێریت. ئەرکەکان بەپێی پلەی کارگێڕییەتییەکەی ڕێك بخە لەم مەشق کردنەدا.

٣- نمونەیەك دابنێ بۆ بەشداربووان بۆخۆناساندن. باسی ئەو زانیاریانە بکە کەسوودی زیاترە لای ئەو کۆمەڵەیە.

بەشی

٣٦

# ئادابی ئیسلامی

## یەکەم: ئادابی ڕۆژانە

أ – ئادابی پەیوەندیکردن

ب– ئادابی دیمەن و ڕوخسار

ج– ئادابی ئامادەبوونی وانەکان

د– ئادابی نانخواردن

ه– ئادابی نووستن

و– ئادابی نوێژکردن

ز– ئادابی گشتی

## دووەم: یەکبوونی ڕەفتاری ئیسلامی

## سێیەم: بنەمای ئاکارە ڕەوشتییەکان

### ئامانجەکانی ئەم بەشە

لەپاش تەواوکردنی ئەم بەشە، دەتوانیت:

- تێبگەیت لەمەدلولی ئادابەکان لەئیسلامدا.
- ئاشنابیت بەئادابە ئیسلامییەکان لەهەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەدا.
- تێبگەیت لەمانای یەکێتی شێواز لەئادابی ئیسلامیدا.

## یەکەم: ئادابی ڕۆژانە

ئیسلام گرنگی‌یەکی گەورە دەدات بەئادابەکان بەگشتی،و جێگابەکی بەرزیان هەیەو پایەیەکی شیاویان هەیە تائەو ڕادەی بەفەرز دادەنرێت و خوای گەورەو میهرەبان ڕێنماییمان دەکات لەسەری. هەروەها زۆر لەفەرموده پیرۆزەکان ئەم بابەتە ڕوون دەکەنەوە،

پێغەمبەر (ﷺ) بڕێکی زۆری لەتواناکانی خۆی بەگەڕخستبوو تا ئەسحابەکانی فێری ئەو ئادابە نوێیانە ببین. بێگومان ئادابی باش و پەسەند هەمیشە دەبێتە دیاردەیەکی حەقیقی و چاك، بەڵام ئەم ئادابانە سەبارەت بەموسوڵمانان بریتییـە لەشـێوازی ژیـانی و ڕۆشنبیریی‌و پەروەردەیی‌و مرۆڤایەتی‌یەکەی. ئادابی ئیسلامی بەووردو درشتی‌یەوە لەگەڵ کەسایەتی موسوڵمان دەگونجێـت و هـەموو هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی ڕەنگدانەوەی ئەو کەسایەتی‌یەیە. و پێغەمبەر باشترین نمونەی بەرجەستە کردنی ئەو کەسیەتییەیە وەکـو خۆی دەفەرمێت: ﴿ أَدَّبَنِي رَبِّي فَأَحْسَنَ تَأْدِيبِي ﴾[1]

خێوەتگە هەلێکی ناوازەیە بۆ مەشق کردن لەسەر ئەو ئادابانەو زەرورە لەبـەرچاوگرتنی لەهـەمووکات و شـوێن و سـاتێکدا. دەکرێت ئادابەکان پۆلێن بکرێن بەپێی بابەتەکان یان ئەو هەڵوێستانەی کەچارەسەریان دەکات.

### أ- ئادابی پەیوەندی‌کردن

١- هەمیشە زەردەخەنەت لەسەر لێوبێت، خۆت لەگرژی بەدور بگرە.

٢- هەمیشە بەناسکی قسەبکەو دەنگت بەرزمەکەرەوە.

٣- بەبێ قاقاو دەنگی بەرز پێبکەنە.

٤- بەپێوە ڕابوەستەو بێنەوە ئەگەرهاتوو ئەو کەسەی کەقسەی بۆ دەکەیت بەپێوە وەستابوو، یان فـەرمووی لێبکـە بۆ دانیشتن. پاش ئەوەی ئەو دادەنیشێت ئینجا تۆ دابنیشە.

٥- وەڵامی سڵاوی بەرامبەرەکەت بدەرەوە بەووتنی: (السلام عليكم) تەنها لەکاتێکدا نەبێت:

(أ) ئەگەر تۆ ڕاوەستابوویت و ئەوکەسەی‌تر بەرامبەرت دەهات بەپێ یان لەئۆتۆمۆبیلدا بـوو، (ب)ئەگـەر لەگـەڵ لەناو کۆمەڵێکدا بوویت و ئەوی‌تر بەتەنهابوو.

٦- وەڵامی سەلام بەباشتر لەخۆی بدەرەوە کەبریتی‌یە لە (وعليكم السـلام ورحمـة الله وبركاتـه) ئەمـەش بەدەنگێکی بەرزو ڕوون بڵێ کەپڕ بێت لەڕووخۆشی‌و شادمانی.

٧- باوێشك مەدە لەبەردەم کەسانی‌تردا. ئەگەر هاتوو ئەو حاڵەتە زۆری بۆ هێنـای نـەتوانی لێـی ڕزگـار بیـت ئـەوا بەئەدەبەوە بەرەنگاری بەرەوە یان دەست بگرە بەدەمتەوە. پاشان نەفرەت لەشەیتان بکەو بڵێ: (لاحول ولاقوة إلا بالله).

٨- هەمیشە ڕێك ڕابوەستە. پشتت کووڕ مەکەو خۆت مەچەمێنەوە ئەگەر بەتەنها نەبوویت.

٩- هەموو گرنگی و سەرنجت لەسەر ئەوەبێت کەپێت دەوترێت.

١٠- ئەگەر کەسێکت لەگەڵ بوو پژمی ووتی (الحمد لله) یەکسەر بڵێ (يرحمكم الله).

١١- باسی‌خۆت مەکە تەنها لەسنورێکی تەسکدا نەبێت. خۆت لابـدە لـەوەی کەبـەخراپی باسـی کەسـێك بکـەیت، هەتا ئەگەر ئەوەی دەیڵێیت ڕاست بێت، چونکەخۆی لەوێ نی‌یەو غەیبەتە.

١٢- فێرببە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسی بەرامبەردا دەکـەیت لەهـەموو بۆنەیـەکدا، وباشـترین دوعـاو داوای خـەیری بۆ بکە.

(1) السمعاني في أدب الأملاء.

## ب- ئادابی دیمەن و ڕوخسار

١- هەمیشە پاکو خاوێنیت ڕابگرە. پاکو خاوێنیش لەبرواوەیە. هەموو ڕۆژێك خۆت بشـۆ لەگـەڵ گۆڕینـی ڕۆژانـەی گۆرەوی‌یەکانت.
٢- پارێزگاری لە پاکی و شانەکردنی قژت بکە.
٣- مەهێلە نینۆکەکانت درێژ بێت. هەموو ڕۆژێکی هـەینی پێـش نوێژکـردن نینۆکـەکانت بکـە بـۆ ئـەوەی پیسـی لەژێریدا کۆنەبێتەوە. دەست و دەموچاوو ددانەکانت. لەرۆژێکدا چەند جارێك قژت بەشانە دابهێنە.
٤- جل و بەرگی تەسك، بەتایبەتی پانتۆڵی تەسك لەبەر مەکە.
٥- کاتێك دادەنیشیت قاچەکانت جووت بکە، و دەستەکانت بۆ هەردوولات دابنێ. دەستت مەجۆڵێنە.
٦- دەموچاوت مەدە بەیەکداو باڕواڵەتێکی سروشتی هەبێت، چونکە ڕووی گەش باشترە لە ڕووی گرژو مۆن.
٧- ئەگەر زۆر ئارەق دەکەیتەوە شتێك بۆ لابردنی بۆنـی عەرەقەکـە یـان بۆنێکـی گونجـاو بـەکار بهێنـە، سـەرەڕای خۆشتنی ڕۆژانە کە پێویستە ئەنجام بدرێت.

## ج-ئادابی ئامادەبوونی وانەکان

١- لەسەر کورسـییەکەت دابنیشـە پێـش مـاوەی دیـاریکراو بـە ١-٢ خولـەك. هەمیشە پـەڕاو و پێنووسـەکەت ئامادەبکە.
٢- بەشێوەیەکی گونجاو دابنیشەو چاوت بڕە بێژەرەکە. ڕێگا بـەخۆت مـەدە سـەیری ئـەملاو ئـەولای‌خۆت بکـەیت کاتێك قسەت لەگەڵدا دەکرێت.
٣- لەکاتی وانەدا باش گوێ لەمامۆستاکە بگرە و تێبینی‌یەکانت بنووسە. لەگەڵ کەسی تەنیشتدا قسە مەکە.
٤- بەهیچ جۆرێك قسە بەمامۆستاکەت مەبڕە. ئەگەر ویستت قسـە بکـەیت دەستت بەرزبکـەرەوە. ئەگـەر هـاتوو گرنگی پێنەدایت ئەوا بزانە کەپێی باش نی‌یە کە لەوکاتەدا قسەبکەیت. بۆیە دەست دابگرەو دوای وانەکە لەگەڵ مامۆستاکەتدا بدوێ.
٥- لەپاش تەواوبوونی وانە ژاوەژاو مەکە، پێش دەرچوونی مامۆستاژوورەکە بـەجێ مەهێڵـە یـاخود پێش ئـەوەی کۆتایی وانەکە ڕابگەیەنێت.
٦- لەهیچ کۆبونەوەیەکدا بەبێ ڕەزامەندی بەرپرسـی ئـەو شـوێنە هیـچ شـتێك نـەخۆیت و نەخۆیتـەوە و جگـەرەش مەکێشە هەتا ڕێگەت پێ دەدات، بەڵام جگەرەکێشان و هەندێ شتی‌تر لەنەریتـە خراپـەکانن و پێویسـتە لەسـەر ئەوانەش گیرۆدە بوون بەدەستیەوە هەوڵ بدەن وازی لێ بهێنن بۆ پاراستنی تەندروستی خۆیان.
٧- ئەگەر ڕای جیاوازت هەبوو لەگەڵ مامۆستادا بەنەرمی‌و بەڕێزەوە دەری‌ببڕە.

## د- ئادابی نانخواردن

١- دەست و دەموچاوت بشۆ پێش دانیشتن بۆ نانخواردن.
٢- یەکەم کەس مەبە کەدەست بکەیت بەخواردن. چاوەڕێ بکە هـەتا ئـەوانی‌تر دەست پێدەکـەن. ئەگـەر جێگـای پێویست نەبوو بۆ کەسێکی بانگهێشتکراوی‌تر، پاڵ بدە بـەو کەسـەی تەنیشـتەوە و جێگـا بـۆ میوانـە نوێیـە خۆش بکە.

٣- بە بسم اللّٰه ی دەست پێبکە بەدەنگێکی بیستراو.

٤- زیاد لەپێویست خواردن وەرمەگرە. باشتر وایە کەجارێکیتر بگەڕێیتەوە بۆ وەرگرتنی خواردن، یان کـەمتر بخۆیـت باشترە لەوەی خواردن لەقاپەکەتدا بمێنێتەوە.

٥- خواردن باش بجووەو پەلەمەکە لەقوتدانیدا.

٦- دەستی ڕاستت بەکاربهێنە لەکاتی خواردندا.

٧- قسەمەکە لەکاتێکدا دەمت پڕە لەخواردن.

٨- یارمەتی ئەو کەسانە بدە کەنانت لەگەڵ دەخۆن. ئەگەر هەستایت بۆ ئامادەکردنی هەر شتێك لێیان بپرسـە ئایـا هیچیان دەوێت یان نا.

٩- ئەگەر خواردنێکی تایبەت بۆ کەسێك دانرابوو دەستی لێمەدە. ئەگەر کەسێك شتێکی هەڵگرت کەبۆتۆ دانرابوو ، هەوڵ بدە شتێکی تر وەربگریت نەك داوا بکەی بۆت بگێڕێتەوە.

١٠- ئەگەر تۆ لەپێش ئەوانیتردا لەخواردن بوویتەوە، چاوەڕێ بکە تا ئەوانیش تەواو بن.

١١- وابکە لەقاپەکەت و دەوروپشتت کەپاك و خاوێن بێت و دڵ بکاتەوە. ئەگەر خواردنێکت لێکەوتە سـەر سـفرەکە ڕابووەستە لەخواردن و خێرا شوێنەکەی پاك بکەرەوە.

١٢- کاتێك لەنانخواردن تەواو دەبێت بڵێ: (الحمد لله الذي أطعمني وسقاني وجعلني من المسلمين) بـەدەنگێکی بیستراو.

١٣- دوای نانخواردن دەستت و دەمت بشۆ.

### هـ- ئادابی نووستن

١- ئەگەر گونجا پاش نوێژی خەوتنان یەکسەر بچۆرە سەر جێگاکەت بۆ نووسـتن. ئەگـەر پێویسـت بـوو بخوێنیتـەوەو کاربکەیت بچۆ بۆ ژووری خوێندنەوە.

٢- لەگەڵ یەکەمین بانگی بەیانیدا کەداوای هەستانت لێ دەکا ڕاپەڕەو دوامەکەوە لەناو جێگادا چونکە لەنێوان بانگی یەکەم وئەرکی یەکەمدا ئەبێت هەموو شتەکانت کردبێت. بە پێچەوانەی ئەوەی کەچاوەڕوان بکـەیت لـەجێگادا تابانگی دووەم. دوعای بەیانی بخوێنە.

٣- دانەکانت پاك بکەرەوە، خۆت بشۆ، خێرا جلەکانت لەبەربکە.

٤- بەردەوام لەکاتی خۆیدا بگە بەنوێژی بەیانی پێش دەست پێکردنی.

٥- ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك لەنوێژی بەیانی دواکەوتیت، هەر بچۆ بۆ مزگەوت سەرەڕای دواکەوتنیش لەوێ نوێژەکەت بکە.

### و- ئادابی نوێژکردن

١- هەمیشە لەمزگەوت ئامادەبە پێش دەستپێکردنی قامەتی نوێژ. دواکەوتن ئەگەرهاتوو هەفتەی یەك جاریش بێت بەزۆر دەژمێردرێت.

٢- پێڵاوو نەعلەکانت لەگەڵ خۆت مەبە ناو مزگەوت بەڵکو لەدەرەوە بەشێوەیەکی رێکوپێک دایان بنێ. ئەگەر شوێنی دانانی پێڵاو هەبوو ئەوا لەوێدا دایان بنێ.

٣- لەکاتی گەیشتنت، ئەگەر جێگا هەبوو هەوڵ بدە لەریزەکانی پێشەوە دابنیشیت، دابنیشە و بەدەنگێکی نزم قورئان بخوێنە.

٤- لەگەڵ هیچ کەسێکدا قسەمەکە پێش نوێژکردن یان لەکاتی نوێژکردندا، تەنانەت ئەگەرهاتوو مەبەستەکەش بێدەنگ کردنی کەسێك بوو کەقسە دەکات. دەتوانیت دوای نوێژکردن و لەدەرەوەی مزگەوت لەگەڵ ئەو کەسەدا بدوێی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی.

٥- ئەگەر لەمزگەوتەکەدا قورئان دەخوێنرا بەدەنگێکی بەرز، ئارام بەو گوێبگرە. قسەمەکەو مەجوڵێ لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر.

٦- لەکاتی وەستان بۆ نوێژکردن قاچەکانت بڵاوبێت، سوربە لەسەر ئەوەی کەقاچ و شانەکانت نوسابن بەقاچ و شانی کەسی تەنیشتت بەرێکوپێکی پارێزگاری لەرێکو پێکی ریزەکەش بکە.

٧- پێش ئیمام مەکەوە لەجوڵەدا، بەڵکو لەپاش ئەو بجوڵێ هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی نوێژەکە.

٨- پێکانت درێژمەکەوە بەرەو قیبلە. ئەگەر نەتتوانی بەچوارمشقی دابنیشیت بۆ ماوەیەك، رووی قاچەکانت بۆ هەردوو تەنیشت ئاراستەبکەو لەسەر هەردوو ئەژنۆت و پاژنەکانت دابنیشە بۆ گۆڕینی باری دانیشتنەکەت.

٩- بەنزمی نوێژەکەت بخوێنە تەنانەت با ئەو کەسەی تەنیشتیشت گوێی لێ نەبێت.

١٠- لەکاتی ووتاری هەینیدا بەهیچ شێوەیەك قسەمەکە، خۆت گرژمەکە، یان جوڵە مەکەو پێمەکەنە بەدەنگی بەرز هەتا ئەگەرهاتوو (ئیمام) نوکتەشیکرد، تەنها زەردەخەنە بەسە.

**ز- ئادابی گشتی**

١- **پابەندی بەکاتی ژووانەوە:** ئەمە لەژیان و کاری موسڵماندا وەك بەجێهێنانی راجبە دینیو رەوشتییەکانە. ئەم کارە زۆر پێویستی بەجەخت کردنەوە هەیە لەلایەن موسوڵمانانەوە لەسەرتاسەری دنیادا، ئەو کەسانەی کەئەم ئەرکە گرنگەیان لەبیرکردووە. ئەگەر لەسەر دواکەوتن راهاتبوویت، ئەوا کاتژمێرەکەت پێش بخە بەشێوەیەك کەبەس بێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو نەریتە خراپەدا.

هیچ رێگایەك نییە بۆ پاساوی ئەم نەریتە خراپە، لەسەر هەموو ئەندامێك یان کارمەندێکە نرخی کات بزانێت، و بەشێوەیەکی بەرهەمهێن بەکاری بهێنێت. جۆری چالاکییەکەش هەرچی بێت، پێویستە پابەند بین بەکاتەکەیەوە بەوورد‌ی. بێگومان پێویستە ژیان ئامانجێکی هەبێت ژیان شتێکی بێ ئامانج نییە و مرۆڤ بەرپرسە لەهەر ساتێك لەکاتەکەی. لەبەرئەوە، ئەگەر کاتەکە کاتی نانخواردن یان نوێژکردن یان وەرزش یان خوێندنەوە بوو، پێویستە لەسەرت لەپێش کاتی دیاریکراودا ئامادە بیت. کەمتەرخەمی لەبەجێگەیاندنی ئەرك بەباشی لەکاتی خۆیدا کەمتەرخەمیە لە پابەندبوون بەئیسلامەوە، بەڵکو نیشانەیەکی لاوازی ئیمانە.

٢- **ئامادە بوون بۆ هاوکاری کردن:** ئەمەش بە چاکترین رەوشتی باڵا دادەنرێت. موسوڵمان هەمیشە ئامادەیە بۆ دەستی یارمەتی درێژکردن بۆ کەسانیتر لەکاتی پێویستدا، و خۆی دەستپێشخەری دەکات و چاوەڕوانی ئەوە ناکات کەداوای یارمەتی لێبکرێت، وەهەمیشە هەوڵ دەدات بۆ خێرو چاکە و حەزی لێ دەکات و بەدوایدا دەگەڕێت. ئەوەش کەپەیوەندی هەیە بەفەرمان کردن بەچاکەو رێگەگرتن لەخراپە، پێویستە کلیلی دەستپێشخەری لەدەستی خۆیدا بێت. بەم شێوەیە ئامادەییو لەبیربوونی خزمەتکردن بەکەسانیتر باشترین گوزارشە لەئیمان.

چاکەکردنی بەردەوامی کەسی بەشداربوو لەخێوەتگەکەدا پێوەری ئیمانیەتی، واتە بەشدار بوونی بەکرداری چاکە لەهەموو بۆنەکاندا. ئەگەرهاتە ژووری کۆبوونەوە، و بینی کەمێزەکە پاك نی‌یە، ئەو یەکسەر پاکی دەکاتەوە. ئەگەر کورسی‌یەکان رێك نەخرا بوون، هەڵدەستێت بەرێکخستنەوەی. و ئەگەر تەختەرەشەکە هەمووی نووسرا بوو، هەڵدەستێت بەسڕینەوەی، و ئامادەی دەکات بۆ بەکارهێنان. ئیتر ئایا لەگەرماو (حمام) بێت یان لەژووری نانخواردن یان لەرێگا یان لەمزگەوت یان رێگاکانی هاتوچۆ یان لەهەر شوێنێك، کەسی موسوڵمان هەڵدەستێت بەرێکخستنی ئەوەی کەرێك نی‌یە، وەئەگەرهاتوو کارێك هەبوو پێویستی هەبوو بەخۆبەخشین ئەو یەکەم کەسە هەڵدەسێت بەو خزمەتە یان (چاکەیە). لەبارەی چاکەی لابردنی شتانی ئازاربەخشەوە لەسەر رێگا پێغەمبەری خوا سەلامە خوای لی‌بێت دەفەرموێت:

(بینما رجلٌ یمشي في طریق، وجد غصن شوكٍ علی الطریقِ فأخذه فشکر اللهُ فغفر لهُ)[1]

٣-**خۆشەویستی:** ئەمەش مەرجێکە بۆ بەدەست هێنانی سەرفرازی، موسوڵمان هەمیشە هەوڵ دەدات کەکەسێکی رووخۆش و خۆشەویست و بەبەزەیی و شوێن متمانە یان بروابێت و هەمیشە زەردەخەنەی سەردەم و چاوی نیشانەی دڵ نەرمیەتی بەرامبەر بەکەسانی تر، کاتێك قسەدەکەن گوێیان بۆ دەگرێت، ئەگەر تووشی کێشەیەك هاتن ئەویش دڵتەنگ دەبێت، ئەگەر تووشی شادی هاتن پێی دڵخۆش دەبێت. هەمیشە خاوەن رێزەو گرنگی بەچاودێریان دەدات، ئەوە دەکات کەخێروچاکەی ئەوانی تێدایە، ناکرێت کەمتەرخەم بێت لەکارێکدا کە پەیوەندی بەچاکە و خۆشگوزەرانیانەوە هەبێت. هیچ کاتێکیش دوژمنکار نی‌یەو تووڕە نابێت و رقی لەکەس نابێتەوە.

٤-**گەشبینی:** گەشبینی یەکێکە لەبناغەکانی رەوشتی ئیسلامی. لەئیسلامدا مانای ئیمان بەخوا ئەوە دەبەخشێت کە خوای گەورەو بەسۆزو بەزەییەو دادوەرەو خێری ئێمەی دەوێت.

... کَتَبَ عَلَی نَفۡسِهِ الرَّحۡمَةَ... ﴿١٤﴾ (الأنعام)

وَلَيَنصُرَنَّ اللّٰهُ مَن يَنصُرُهُ...﴿٤٠﴾ (الحج)

إِنَّ اللّٰهَ لا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ... ﴿٤٠﴾ (النساء)

إِنَّ اللّٰهَ لا يَظۡلِمُ النَّاسَ شَيۡئاً وَلَكِنَّ النَّاسَ أَنۡفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿٤٤﴾ (يونس)

ئەم جیهانە شوێنی کارو تاقیکردنەوەو جیاکردنەوەی چاکەو خراپەیە، و تەنها خوای تاك و تەنها خوایەو هیچ خوایەکی‌تر نی‌یە.

ئەم تێروانینە دڵنیایی دەخاتە دڵی موسوڵمانەوەو بروا بەخۆ زیاتر دەکات و دڵنیا دەبێت کەهەوڵی بەفیڕۆ ناڕوات، خوای گەورەو میهرەبان پاداشتی دەداتەوە بەچاکتر لەدنیاو لەرۆژی دوایشدا. بەپێی ئەمە، موسوڵمان هەڵدەستێت بەگوێزانەوەی ئەو دڵنیایی‌یە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەدەورو بەریدان. هیچ کاتێك رێنمایی‌یەکانی رەش بینانەو بێ هیوا نابن. وە ئاراستەی دامەزراوانەی بەرامبەر هەموو کارەکان بەشێوەیەکی باش و روەو چاکەیە، ئەگەر خێری تووش هات بەوویژدانی‌یەوەو بەعەقلیەوە هاواردەکات (الحمد لله والله اکبر) سوپاس بۆ خواو خوا گەورەیە، ئەگەر تووشی ناخۆشی‌یەکیش هات دەڵێت (إنا لله وإنا إلیه راجعون، ولا حول ولاقوة إلا بالله )، پاشان بەرەو بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی دەڕوات، هەمیشە ئەو ئامۆژگارییەی پێغەمبەری (د.خ) بیردێتەوە کەدەفەرمێت: (إذا قامت الساعة وبید أحدکم فسیلة فاستطاع أن یغرسها فلیغرسها).[2]

---

[1] أخرجه البخاري. [2] مسند احمد بن الحنبل.

## دووەم: یەکبوونی ڕەفتاری ئیسلامی

هەموو ئەو بنەما ڕەوشتیانەی کە لەپێشەوە باسمان کرد، ئەگەر شتی تریشی بۆزیاد بکەین وەك پارێزگاریکردنی پێنج نوێژە فەرزەکەو ڕۆژووی ڕەمەزان و دانی زەکات و خێرو پابەندبوون بەشەریعەتی ئیسلام و ڕێنمایی وەرگرتن لەسەر یەکتاپەرستیو ناوەڕۆکەکەی. شێوازێکی شەرەفمەندانە لەژیاندا پێك دەهێنێت ئەویش شێوازێکی گشت گیرە، وەکو ئیسلام خۆی، کەکاریگەرێتی هەیە لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان. وەکەسی پابەند بەئیسلام ئەو کەسەیە کەدوای ڕێبازی ئیسلامی دەکەوێت کەئەویش ناوزەدکردنێکی کردەوەیی‌یە بۆ ئەو پابەندبوونە بەئیسلامەوە.

بۆ نمونە، موسوڵمان ڕاناکات بەشوێنی یامۆدیل و داهێنراوە ڕۆژئاواییەکاندا، پۆشاکەکانی بگۆڕێت لەگەڵ گۆڕینی ئەواندا، موسڵمان پۆشاکێ لەبەردەکات کەگونجاو و جێگەی ڕێز بێت. هیچ کاتێك پۆشاکی تەسك لەبەرناکات، تاشێوەی لەشی تیا زەق بێت و دەربکەوێت، بەڵکو دەبێت پان وپۆڕ بێت، تا ئازادی جوڵانی هەبێت و ئاسان بێت، وە تەنها گرنگی نادات بەپۆشاکەکانی لەشی. بەڵکو گرنگی دەدات بەشێوەی ڕووی و ئەوەی کە دەیڵێت. وە پێش هەموو شتێك، دەبێت هەمیشە جلەکانی پاك وخاوێن و گونجاو بێت، و لەباشترین شێوازدا بێت. هەروەها قژی و داپۆشەری قژیش، و نینۆکەکانی دەبێت هەمیشە کرابن و پاك بن. وە پێڵاوەکانی پاك و بۆیاخ کرابن و ڕیش و سمێڵی پشتگوێ ناخات، بەڵکو ڕێکخیان دەخاو گرنگییان پێدەدات، وە لەکاتی نانخواردندا پیسیان ناکات لەکاتی خواردن و خواردنەوەدا و بەردەوام پاکیان دەکاتەوە. موسڵمانی مولتەزیم چاودێری هەموو ئەو ئامۆژگاریانە دەکات کە لەبەشی پێشەوەدا باسمان کرد. ئیلتیزامی ڕوون و ئاشکرایە، چونکە بەردەوام خوای لەیادەو گرنگی دەدات بەو بەرپرسیارێتی‌یەی کە لەئەستۆیدایە، ڕازییە بەوەی خوا پێی‌داوە، متمانەی بەخوا زۆرە. لەبێدەنگیو ئاخافتن و خواردن و خواردنەوە و ڕۆژوو و شەونوێژو کارو پشوودان و هاتن و چووندا دەکەوێتە شوێن پرۆگرامی ئیسلامی. لەژیانیدا ڕێکسازی ئامانج و جوانیو توندوتۆڵی هەیە. مرۆڤ هەست دەکات کەدەگاتە ئاستێکی باڵای مرۆڤایەتی کەئەویش لەبەرئەوەی کەموسوڵمانە.

## سێهەم: بنەمای ئاکارە ڕەوشتییەکان

ئاکارە ڕەوشتییەکان تاکە پێکهێنەری کەسایەتی ئیسلامی بانگخوازە. ئەمەش ئەو پێوەرەیە کەخەڵك سەرکردەی پێ هەڵدەسەنگێنێت، کە ئەمەش ئەو بنەمایەیە کە خەڵك متمانە بەڕۆڵی سەرکردەیەك پەیدا دەکات لەماوەیەکی درێژخایەندا. لێرەداچەندین ئاکاری ڕەوشتی هەیە، بەڵام بنەما سەرەکییەکانی دەتوانرێت لەم پێنج ئامانجەی کەلەخوارەوە ڕوونکراوەتەوە کورت بکەینەوە:

## ئاکاری ڕەوشتی



| چاوگەکەی لە حەدیسی پیرۆزدا | پێناسەکەی | ئاکار |
| --- | --- | --- |
| ((مِنْ حُسْنِ إسلام المرء تركه مالايعنيه)) نابێ خۆمان بەو کارانەوە خەریك بکەین، چونکە ئەمە کاری موسڵمان نییە. | ئەوەی بەڵگەنەویستە کەسەکان بۆیان هەیە ئازادی ڕێگای ژیانی خۆیان هەڵبژێرن لەکاتێکدا کە هەڵسوکەوتیان ژیانی بەبەرژەوەندی گشتی نەگەیەنێت. لەبەرئەوە هەرکەسێك ئازادە لە هەڵبژاردن و فیکردا. | ڕێز لەئازادی کەسانیتر بگرە |
| (لاضرر ولا ضرار) نەزیان لەکەس بدەو نەکەسیش زیانت پێ بگەیەنێت. | پابەند بوون بەئازارنەدانی کەسانیتر، چ لەڕووی جەستەیی چ لەڕووی دەروونی، وە سووربون لەسەر نەکردنی کارێك کەزیان بەکەسانیتر بگەیەنێت یەکێکە لەبنەما ڕەوشتییە بەرزەکان. | ئازاری کەس مەدە |
| (من فَرَّج عن مُسلمٍ كُربةً من كُرَبِ الدّنيا، فَرَّجَ اللهُ عنه كُربةً من كُرَب يَومِ القيامة) . (کەسێك گرفتێك لەسەر برای موسوڵمانی لابەری خوای گەورە لەرۆژی دواییدا یەکێك لەگرفتەکانی لادەبات) | دەبێت پابەند بین بەچاککردن و بەهێزکردنی باری کەسانیتر، تەنانەت ئەگەر هاتوو بووە هۆی سنووربەندی بۆ ئازادی ئەو کەسانەی هەڵدەستن بەپێشکەشکردنی یارمەتی. | سووربە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی کەسانیتر |
| (لايؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه مايحب لنفسه) کەستان بەباوەڕداری تەواو دانارێت هەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت. | بۆ ئەوەی مرۆڤ دادپەروەر بێت، پێویستە بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکات، وەهەر کەسێك ماف و شوێنی شیاوی بداتێ، وە ڕەچاوی ئەم دوو پەندە بکات کەدەڵێت: (الأستقامة خير سياسة) دامەزراوی باشترین سیاسەت و (العدل أساس الملك) دادپەروەری بنەمای دەسەڵاتە. | دادپەروەربە |
| (المسلم أخو المسلم لايظلمه ولايخذله) (موسڵمان برای موسڵمانە، نە ستەمی لێئەکات و نەسەرشۆری دەکات). | پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەوە جێبەجێ بکات کە بەڵێنی داوەو ئیلتیزامی پێوە بکات، ڕێز لەکەسانیتر بگرێت و بەندەبەوە قسەیان لەگەڵدا بکات. دڵسۆزیو ڕاستگۆیی لەنیشانەکانی ئیلتیزام و تواناییە. | ئەمین و دڵسۆزبە |

## گـفتـوگـۆ

١- ئەو بارە کامەیە کەپێویست ناکات دەستپێشخەری بیت لەسلاوکردندا؟
٢- بۆچی گەش بینی بەشێکە لەئادابە ئیسلامی‌یەکان؟

## جێبەجێکردن

**تـۆ بەرپرســیاریت لەکۆمــەڵێکی بەشــداربوو لەخێوەتگەیــەکی لاوانــدا کــەبۆ ئــەندامانی نــوێ کراوەتــەوە کەپێشــتر لەکەشــی خێوەتگــەدا نــەژیاون. ئامانج لەو سەربازگەیە هاندانی ئەندامەکانە لەســەر بەشــــداریکردن لەخێوەتگــــەکانی داهــــاتوودا، وەهاندانیان بـۆ ناردنی کەسانی‌تر بـۆ خێوەتگەکـە. لێرەدا ژمارەیـەك لـەباوکان و ســەرکردەکان بڕوایـان بەگرنگی ئەو خێوەتگەیە و کاریگـەریێتی بەرنامـەکانی نییـە بــۆ بەشــداربووانی یەکــەمجار؛ تاکــە هــەل بــۆ بەدەســتهێنانی پشــتیوانی ئــەوان خــۆی لــەچۆنێتی کاریگـەرێتی ئــەو خێوەتگەیــە لەســەر بەشــداربووان دەبینێـەوە.**

١- خاڵە سەرەکی‌یەکانی ئەو ووتارەی کەپێشکەشی دەکەیت بەو کەسانەی کەپێشەوایەتییان دەکەیت بنووسە، تیـایدا ڕونی بکــەرەوە کــەچۆن ڕەچـاوکردنی ئـادابی ئیسـلامی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کەخێوەتگەکە بــەتام و هـێز بێت بۆ هەموان، بۆچوونەکانت بەڕوونی دیاری‌بکە.

٢- پێنــج ئـادابی ئیسـلامی یاداشـت بکـە کەدەوتــــەوێت جێ‌بەجێی بکەیت وەڕێگای ئەو جێ‌بەجێ‌کردنــەی پێنــج ئـادابی‌تریش نـاو بهێنــە کەهەسـت دەکـەیت نـاتوانیت جێ‌بەجێی بکەیت هەروەها هۆکارەکانی ئــەو نەتوانینـە باس بکە.

٣- نامەیەك بنووسە بۆ باوکان و سەرکردەکان بەشــێوەیەکی دیاری‌کراو ڕوونی‌بکــەرەوە کـە خێوەتگەکـە پشـکی لـە باشکردنی ئادابی بەشداربووان و هەڵسوکەوتیاندا هەبووە چـۆن باوکـان و سـەرکردەکان دەتوانـن ئـەو باشــبوونە چەسپاوتر بکەن.

بەشی

٣٧

# هەڵسەنگاندنی خێوەتگە

**یەکەم: هەڵسەنگاندن لەکاتی دانانی خێوەتگەدا**

**دووەم: بەدواداچوون پاش دانانی خێوەتگە**

**سێیەم: نمونەیەك لە نمونەکانی هەڵسەنگاندن**

ا – هەڵسەنگاندنی بەشداربووان

ب– هەڵسەنگاندنی گشتی خێوەتگە

ج– هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ بەرنامەی مەشقی سەرکردەیی

**ئامانجەکانی ئەم بەشە**

لەپاش تەواوکردنی ئەم بەشە، توانای ئەمانەت دەبێت:

- دیاریکردنی ئەوەی کەچۆن هەڵسەنگاندن یارمەتی دەدات لەبەڕێوەبردنی خێوەتگەدا.
- هەڵبژاردنی شێوازە گونجاوەکان بۆ هەڵسەنگاندنی خێوەتگە.
- بەکارهێنانی نمونەی هەڵسەنگاندن بۆ بەدەست هێنانی زانیاری.

## یەکەم: هەڵسەنگاندن لەکاتی دانانی خێوەتگەدا

هەر بەدەست پێکردنی خێوەتگەکە، دەبێت هەڵسەنگاندنی بەردەوام بکەینە بەشێکی رۆتین و سروشتی کارگێڕی. ڕێگای نمونەییش بریتییە لەوەی کەرێکخەران هەموو شەوێك بۆماوەی نزیکەی یەك کاتژمێر کۆببنەوە بۆ باسکردن لەسەر ڕێگای ڕاستکردنەوەی کەم و کوڕییەکانی ئەمڕۆ، وە خۆلادان لەدووبارەکردنەوەی لەسبەینێدا. وە دەبێت هەموو لێپرسراوان ئاگاداربکەینەوە لەهەر گۆڕانکاریەك کەبڕیاری جێبەجێکردنی دەدرێت لەڕۆژی داهاتوودا، وەدەکرێت کە کۆمەڵەی جیاواز پێك بهێنرێت، بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامەکەو ڕێکوپێکی جێبەجێکردن و ڕۆڵی بەشداربووان و کاروباریتر، هەروەها دەبێت کەسەرکردەی کۆمەڵەکان هان بدرێن بۆ پەسەندکردنی پێشنیارەکانی ئەندامەکان، وەکێشەکان بخرێنە بەردەمیان بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا لەسەری و دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆی، پێویست دەکات کەهەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ خێوەتگەکە ئەنجام بدرێت، تا یارمەتی نەخشەکێشانی خێوەتگەکانی داهاتوو بدات.

## دووەم: بەدواداچوون پاش دانانی خێوەتگە

خێوەتگەی لاوان بڕێکی زۆر لەگرنگی پێدان دەجولێنێت لای لاوان، ئەو کەسە بەتەمەنانـەش کەلەگـەڵیان بەشـداری دەکـەن. کەشی خێوەتگەکە هانیان دەدات و ئیلهامیان پێدەبەخشێت، هـەروەها ئـەزموونی پێکـەوەژیان و مومارەسـەکردنی ئادابـە پـیرۆزو باڵاکان لەکاتی خێوەتگەکەدا هانیان دەدات و تواناو بیریان پێدەبەخشێت بۆ ڕێکخستنی چالاکی لەم جۆرە لەناوچەکانیاندا.

هەڵسەنگاندن لەپاش خێوەتگە بەکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ پێوانـەی سـەرکەوتن و کاریگـەرێتی. پێـوەری ڕاسـتەقینە بـۆ سەرکەوتنی هەر بەرنامەیەك بریتی‌یە لە ئەندازەی دەستهێنان و ئەنجامدانی بەشداربووان لەپاش گەڕانەوەیان لەوەی کەلەسەربازگەکەدا فێریبوون. لەبەرئەمەش، واباشترە هەڵسەنگاندنیان هەبێت بـۆ گۆڕانکارییـەکان لـەبۆچوون و ئاکـاری بەشـداراندا دوای سـێ مـانگ لەسەربازگەکە.

هەروەها پێویستیمان بەدواداچوونیان هەیە بەبەردەوامی، لەگەڵ پێشکەشکردنی دەرامـەتی پێویسـت بـۆ بەرنامـەو مـاددە فێرکاری‌یەکان بۆ یارمەتی‌دانیان بەبەردەوامی لەچالاکی‌یە بەرهەم هێنەرەکەیان. لەم بارەیـەوە، زانیارییـەکان لەسـەر بەشـداربووان و مەقالەکان و بیژەران بەشتێکی بەنرخ و مەزن دادەنرێت لەکاتی نەخشەکێشاندا بۆ خێوەتگەی نوێ.

بـۆ نمونـە، بنکـەی زانیاری‌یـەکان دەکرێـت دیـاریبکرێت، لـەڕووی ئەولەویەتـەوە، و ئـەو بابەتانـەی کەچارەسـەر نـەکراون لەخێوەتگەکانی پێشوودا یان کەسە بەشداربووەکان کە پێویستیان هەیە بەفێربوونی زیاتر لەبوارە دیاریکراوەکاندا.

## سێهەم: نمونەیەك لە نمونەکانی هەڵسەنگاندن

هەمیشە هەڵسەنگاندنی چەندێتی و چۆنیـەتی پێکـەوە لەبـەرچاودەگیرێت. وەکۆبوونـەوەی گشـتی لەگـەڵ هـەلی گفتوگـۆی ڕاشکاوانە بە بەیەکگەیشتنێکی بەکەڵك دادەنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی. بەڵام هەڵسەنگاندنی چەندایەتی، ئەوا لەباشترین خاڵدا لەڕێگای ڕوونکردنەوەکان و ئاگادارییەکان کەپێویسـتیان بـەوەڵامی دیـاریکراو هەیـە بـۆ پرسـیارەکان بـەدیدێت. وەلـێرەدا چـەند نمونەیەکتان پێشکەش دەکەین:

## أ- هەڵسەنگاندنی بەشداربووان

وەڵامی هەر پرسیارێك بدەرەوە سەبارەت بەڕەفتاری ڕوونكراوە كەبەنمرەی ١ تـا ٥. نمرەی (٥) بەباشترین ئاستی مەبەست دادەنرێت بۆ ڕەفتاری ڕوونكراوە.

وەڵامەكان پەیوەندییان هەیە بەو كەسەی كە هەڵدەسەنگێنرێت یان مام ناوەندێتی باری كۆمەڵەیەك نەگەرهاتوو ژمارەیەك لەبەشداربووان هەڵسەنگێنرا وەك كۆمەڵێك.

ئایا بەشداربوو (یان كۆمەڵێك لەبەشداربووان):

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەئاگابوون؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| لەسەرخۆبوون؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| بەتەنگ ژووانەكانەوەبوون؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ڕووخساریان ڕێك و پێك بوو؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| گوێڕایەڵی سەرۆك بوون؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| بەشێوەیەكی گونجاو ڕێكوپێك دادەنیشن؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| قسەی لابەلا ناكەن؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ژاوەژاو نانێنەوە؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| پارێزگاری دەكات لەسەر پاك و خاوێنی و ڕێكوپێكی شوێنەكە؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |

ئایا بەشداربوو (یان بەشداربووان) ئەم سیفاتانەیان تیابوو:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تێگەیشتن و وەرگرتن؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| جۆری پرسیار و لێكدانەوەكانیان بەهەندگرتبوو؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ڕێكخستنی پرسیارەكان و لێكدانەوەكان؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| پرسیاركردن و لێكدانەوەی گرنگ؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| بەشداریكردن لەپەیڤیندا بەشێوەیەكی بونیادنەرانە؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| هاوكاریكردن؟ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |

## ب- هەڵسەنگاندنی گشتی خێوەتگە

١- ئایا بەرنامەکە سەرکەوتووبو لەبەرەوپێشبردنی زانیاریەکانت؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر

٢- ئەگەرهاتوو وەڵامەکەت بۆ پرسیاری ژمارە (١) نەخێربوو، داوادەکەین کەبەم هۆکارانەدا بچیتەوە:

- سەربازگەکە قەرەباڵغ بوو؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر
- بێژەرەکان کاریگەر نەبوون؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر
- کەشی سەربازگەکە گونجاو نەبوو؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر
- بەرنامەکە زۆر دوورو درێژبوو؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر

٣- لەپێناوی زیاتر بوونی کاریگەریتی ئەم جۆرە بەرنامانە، ئایا دەتەوێت ئەم شتانە زیاد بکرێن:

- موحازەرات؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر
- وەرشەکانی کارکردن؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر
- پێشبڕکێی پرسیارەکان؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر
- دانیشتنەکانی پسیارو وەڵامەکان ( )بەڵێ ( )نەخێر
- کاتی خۆش و تەرفیهی (زاخاودانی مێشك)؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر
- کاتەکانی حەوانەوە؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر

٤- ئایا پێت وایە کەئەم بەرنامەیە تۆ دەکاتە کەسێکی باشتر؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر

٥- ئایا پارێزگاریت کردووە لەسەر نوێژکردن بەجەماعەت ( )بەڵێ ( )نەخێر

٦- ئەگەر وەڵامەکەت بەنەخێر بوو چی ئەو ڕێگایەی لێگرتویت؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر

- تەمبەڵی؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر
- گرنگی پێنەدانی پێویست؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر
- مەشغوڵ بوون بەکاریترەوە ( )بەڵێ ( )نەخێر
- کاتەکان بەشی نەدەکرد بۆ دەست نوێژگرتن ( )بەڵێ ( )نەخێر

٧- ئایا یارمەتی کەسانیترت داوە بۆ نوێژکردن لەکاتی خۆیدا؟ ( )بەڵێ ( )نەخێر

٨- شوێنەکانی نووستن ( )گونجاوبوو ( ) گونجاونەبوو

٩- جۆری خواردنەکان ( ) نایاب بوو ( ) گونجاوبوو ( ) خراپ بوو

١٠- ئەندازەی خواردنەکە ( )زیادەڕۆیی تیابوو ( )گونجاوبوو ( ) کەم بوو

١١- باشترین شێوازی نانخواردن ( )خێزانی ( ) لەکافتیریا

١٢- ئایا بەرپرسانی بەرنامەکان یارمەتی ( )بەڵێ ( )نەخێر

پێویستیان پێشکەش کرد؟

١٣- ئەگەر تۆ ڕێکخەر بویتایە چیت دەکرد بەپێچەوانەی ئەوەوە؟ ______

______

١٤- ناوی پێنج لەباشترین دانیشتنەکان (کۆڕەکان) بهێنە/ موحازەرات / ئەو کۆڕو ئەڵقانەی تیایدا ئامادەیان بوویت: ______

١٥- بەڕای تۆ باشترین سێ‌کەس کێن (لەڕووی لەزانیاری و گرنگی پێدانەوە) لەنێوان ئامادەبووان یان قسەکەرە میوانەکان؟

______

١٦- هەر پێشنیارێك یان تێبینی‌یەکی‌تر؟ ______

______

**ج-هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ بەرنامەی مەشقی سەرکردەیی**

١- ناو و شوێن و ژمارەی تەلەفۆن: ______

٢- بۆچی ئامادەی بەرنامەکە بوویت؟ ______

٣- ئایا بەرنامەکە ئامانجەکانی تۆیان بەدیهێنا کەلەپێناویدا هاتبوویت؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەنەخێربوو کەموکورییەکان چین؟

______

٤- گرنگترین شت لەبەرنامەکاندا چی‌بوون بەڕای‌تۆ؟ ______

٥- کام لە لایەنەکان ئەوپەڕی سوودت لی‌وەرگرت؟ ______

٦- چ شتێك بێ هیوای کردوویت لەبەرنامەکەدا؟ ______

٧- ئەندازەی سەرکەوتنی ڕێکخاریە کردەییەکان بەشێوەیەکی گشتی کامەیە؟ (وەکو خواردن و دانیشتن و نووستن و گروپەکان. . . .هتد).

( )باشتربوو لەوەی کەچاوەڕوان دەکرا ( )وەکو ئەوەبوو کە چاوەڕوان دەکرا ( )کەمتربوو لەوەی چاوەڕوان دەکرا.

باشترین لایەنەکان: ____________________

خراپترین لایەنەکان: ____________________

٨- ئاستی نمایشەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

( ) زۆر بەرزبوو ( )زۆر نزم بوو ( )خراپ نەبوو

٩- ئایا شتێك لەبەرنامەکە فێربوویت؟ ( ) بەڵێ ( ) نەخێر

ئەگەر وەڵامەکەت بەبەڵێ بوو، سێ ڕووی گرنگی بژمێرە:

أ - ____________________

ب- ____________________

ج- ____________________

١٠- ئایا بەڕوونی لەئامانجەکانی بەرنامەکان تێگەیشتی؟ ( ) بەڵێ ( ) نەخێر

١١- ئایا پێشنیارت هەیە بۆ بەهێزکردنی بەرنامەکە؟

____________________

## گـفتـوگـۆ

١- چۆن هەڵسەنگاندنی بەردەوام دەبێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆت لەبەڕێوەبردنی خێوەتگەدا بەشێوەیەکی باشتر؟
٢- گرنگترین زانیارییەکان کامەیە کەدەبێت لەهەڵسەنگاندندا بەدەستی بهێنیت پاش تەواوبوونی سەربازگە؟

## جێبەجێکردن

بەپێی ئەوەی کەسەرۆکی لیژنەی خێوەتگەی لاوانیت، تۆ بەپەرۆشیت لەسەرداڕشتنی بەرنامەیەکی خێوەتگەی سەرکەوتوو لەئێستاو داهاتوودا. وەلەبەر ئەوەی زۆربەی بەشداربووان نوێن، ڕاڕان لەپێشکەش کردنی تێبینی بەشێوەیەکی بەرەوڕوو، هەروەها ئەوان نازانن کەپێویستە چاوەڕوانی چی بکەن. لیژنەی ڕاپەڕاندن داوای ڕاپۆرتێکی کردووە، ئەویش ئەوەیە با ئەندامەکانیشیان ئامادەی سەربازگەکە نەبوون بەڵام پێوەرێکی چەسپاوی هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر سەرکەوتوویی خێوەتگەکە یان شکستی.

١- لیستێك دابنێ بۆ ڕەگەزەکان کەچی پێویستە ئەنجامی بدەیت، و بۆ ژووانەکان و کەسەکان ئەوانەی دەیانبینیت بۆ کۆکردنەوەی ماددەی ڕاپۆرتەکە.

٢- بیرخەرەوەیەك بۆ خۆت بنووسە بۆئەوەی پشتی پێببەستیت، کاتێك کەهەڵدەستیت بەشیکردنەوە بۆ بەشداران لە خێوەتگەدا بە چۆنیەتی تەواوکردنی ئەو نموونانەی کەدابەشی دەکەیت بەسەریانداو بۆچی داوای ئەوەیان لێدەکرێت.

٣- ئەو دوو نموونەیە کامانەن کەبەکاردەهێنرێن لەهەڵسەنگاندندا، ئەگەرهاتوو کاتەکەت بەشی دوو نموونە زیاتری نەکرد.

# کۆتایی

ئایا مایەی نیگەرانی نی‌یە شوێنکەوتوانی ئەم ئایینە مەزنە کەسانی شکستخواردوو دواکەوتوو هەلاتوو بن؟

چۆن ڕاڤەی ئەو کەلێنە گەورەی نێوان ئیسلام و موسڵمانانمان بۆ دەکرێت؟ بێگومان هەڵەیەك هەیە، گرفتەکە لەشوێنکەوتوەکەدایە نەك پرۆگرامەکە، ناتەواوی لەخۆماندایە نەك لەپەیامەکەدا. ئەوە خوێندنەوەی بێ‌گیان و تێگەیشتنی حەرفی تەسکی ئێمەیە بۆ ئایینەکەمان‌وخوێندنەوەمان بۆ قورئان و بونەوەرو کەسانی تر هەڵە بووە بۆیە توشی لاوازی و پوکانەوە بووین، ئێمە کۆششمان بەو ئاراستەیە بووە کەهێزو پلەو توانامان لەجێگەیەکی ترەوە دەست دەکەوێت، هەرچەندە دڵنیا بووین کەهەموو پەناو کۆمەك و هێزێك تەنها لەخوای پەروەردگارەوەیە...

... وَلِلّٰهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾ (المنافقون)

بەلام ئەو هێزە بووەتە دیلی نێو لاپەڕەکان و لەدڵەکاندا شوێنەواری نەماوە، ئێمەش پێویستمان بەوەیە جارێکی تر ووزەو ورەی بەبەردا بکەینەوە وەك هێزێکی بەهەڵمەتی ئەوتۆ توانای گۆڕانکاری تاك و کۆمەڵگەی بۆ بگەڕێتەوە . ئەم ڕێبەرەش لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو ووزە شاراوە بەندکراوە بخاتەگەڕو بەئاراستەی بەدیهێنانی ڕابوونێکی ژیاریی گشتگیردا بیبات. بێگومان پێنج کەوچك شەکر چایەکی پی‌شیرین ناکرێت ئەگەر چاکە تێك نەدەیت. بۆیە ئومێد وایە ئەم ڕێبەرە ئەو بزوێنەرە بێت بەپشتیوانی خوا. جائەگەر لێی تێبگەیت و بچێتە زەینتەوە و خۆت بەشیاوی هەڵگرتنی ئەو سپاردەیە بزانی لەم زەویەدا، ئیتر بیر لەوە دەکەیتەوە چۆن چاکسازی لەژینگەو کۆمەڵگەکەدا بکەیت و بەرەو ئیسلامی ببەیت، ئەو کاتەش ئەم ڕێبەرە مەبەستی بەدی هاتووە بەئیزنی خوا. ئەم ڕێبەرە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو هوشیارییەی داوە بەکورت کردنەوەی ماوەو کاتی پێویست لەدەیان ساڵەوە بۆ چەند مانگێك یان بەلای زۆرەوە تەنها ساڵێك بۆ ئەم مەبەستە.

ئەم ڕێبەرە دەیەوێت لەڕێی چەند بڕگەو زاراوەیەکی کورت و ئاسانەوە وەك (إفعل — ئەوە بکە) و (لا تفعل — ئەوە مەکە) زیاتر تێ بگەیت لەهونەرو شێوازی بانگەواز بۆ سەدەی پانزەهەمی کۆچی. جائەگەر هەندێك پێی وابێت کە پێشەنگی یان سەرکردەیی سیفەتێکە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك بووە، ئەوا ئێمە لامان وایە کەبەشێکی گەورەی تایبەتمەندێتییەکەی لەڕێی فێرکردن و ڕاهێنانەوەبەدەست دێت. بۆیە ئەم ڕێبەرە هەوڵی ئەوە دەدات ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە بەڕونکردنەوەی شێوازەکانی سەرکردەیی‌کردن و پراکتیزە کردنی لەسەر هەردوو ئاستی تاکو کۆدا. دڵنیاشین لەوەی کە تێگەیشتنی تەواوو باش لەم ڕێبەرەو بەجێهێنانی بەندەکانی بەخواستی خوای پەروەردگار دەبنە هۆی گۆڕانکارییەك کەبەلای کەمەوە ٥٠٪ی پێشکەوتن بەدەست دێت لەڕوی کاریگەرییەتی چالاکییەکانمان و بەدیهێنانەکانیدا، بەتایبەت لەبواری چەمکەکان و بۆچوون و کارگێڕی و پەیوەندی و خێوەتگەو کۆنگرەکاندا.

لەئایندەشدا ئەم ڕێبەرە لەڕێی نامیلکەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاهێنەرو مەشقکارەوە دەگەیەنینە قۆناغی تەواوکاری، لەپێناو ئاسانکاری لەفێرکردنی بەشە جۆراو جۆرەکانیدا. ئێمەش ئەم کتێبە بە دەستکەوتێکی میسالی و بێ وێنە لەقەڵەم نادەین، بەڵکو بەسەرەتایەکی بەپەرۆشی دەزانین لەبواری خۆیدا لەسەر ڕێی پرۆسەی چاکە کردن. کەلەگەڵ تەمەندا درێژ دەبێتەوە، داخوازیشمان لەخوای بەتواناو بالا دەست ئەوەیەکەهەمورمان بەرەو ڕێگاو ڕێبازە ڕاستەکەی خۆی ڕێنمایی و ڕێبەری بکات!.

# پەیمانگەی جیهانی بۆ فکری ئیسلامی

- پەیمانگەی جیهانی بۆ فکری ئیسلامی دەزگایەکی هزریی ئیسلامی فەرهەنگی سەربەخۆیە لەولاتە یەکگرتووەکان دامەزراوە لەسەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچیدا (١٤٠١ك ـــ ١٩٨١ز) بەمەبەستی کارکردن بۆ:
- دەستەبەرکردنی بینیەیەکی ئیسلامیانەی گشتگیر، لەچەسپاندنی دۆزە هەموایەتیەکانی ئیسلامو ڕونکردنەوەیدا،و گرێدانی بەشو لقەکان بەهەموایەتیو مەبەستو ئامانجە ئیسلامیە گشتییەکانەوە.
- گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریو فەرهەنگیو ژیاری بۆ ئوممەی ئیسلامی، لەڕێی کۆششکردن بۆ ئیسلامیکردنی زانستە مرۆییو کۆمەلایەتیەکان، و خستنە بەرباسو لێکۆڵینەوەی دۆزەکانی فکری ئیسلامی.
- چاکسازی پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخ، تاکوو نەتەوە توانای دەستپێکردنەوەی ژیانی ئیسلامیانەو ڕۆڵ بینینی لەئاراستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆییو ڕێنمایی‌کردنو بەستنەوەی ئەو کاروانە بە بەهاو ئامانجە ئیسلامیەکانەوە ببێت.
- بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، پەیمانگە پشت بەگەلێک ئامرازو هۆکار دەبەستێت لەوانە:
- بەستنی کۆنگرەو مێزگردە زانستیو فیکرییە پسپۆڕەکان.
- پشتگیری هەوڵی زاناو توێژەرەوەکانی نێو زانکۆو مەڵبەندەکانی توێژینەوەی زانستیو بلاوکردنەوەی بەرهەمە زانستیە ناوازەکان.
- ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستیو ئەکادیمیەکان بەمەبەستی خزمەتکردن بەدۆزەکانی فیکرو مەعریفە.

پەیمانگە کۆمەڵێک نوسینگەو لقی لەهەندێ پایتەختی عەرەبیو ئیسلامی‌دا هەیە کە لەڕێی ئەو جێیانەوە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ئەنجام دەدات، هەروەها گەلێک ڕێکەوتننامەی لەبواری هاوکاریە زانستیە هاوبەشەکاندا لەگەڵ زۆرێک لەزانکۆ عەرەبیو ئیسلامیو خۆرئاواییو جێیەکانی‌تردا لەسەرانسەری جیهاندا مۆرکردووە.

International Institute Of Islamic Thought
P.O.Box 669
555 Grove Street, Herndon, VA 22070 4705 U.S.A
Tel: (703) 471-1133, Fax:(703) 471 3922, Telex: 901153 IIIT WASH
eMail: iiit @ iiit.dgsys. com

# یەکێتی ئیسلامیی جیهانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان

بیرۆکەی دامەزراندنی یەکیتی ئیسلامیی جیهانی بۆ ریکخراوە خویندکارییە موسلمانەکان لەمانگی تەمموزی ١٩٦٦دا هاتە ئاراوە، ئەویش لەزانکۆی (عیبادان) لەمیانەی ئەو چاوپیکەوتنەی کە کۆمەلەی خویندکارە موسلمانەکانی نیجیریا داوای کردبوو. یەکەم کۆنگرەش لەسەر بانگهیشتی (یەکیتی ئیسلامیی جیهانی ریکخراوە خویندکارییەکان) لەشاری ئاخنی ئەلمانی بەسترا سالی ١٩٦٩ی زایینی.

لەو میژووەوە یەکیتییەکە دەستی‌دایە کۆکردنەوەی وزە خویندکارییە ئیسلامییەکان لەولاتە جۆراوجۆرەکاندا، و کۆشش بۆ بەهیزکردنی پەیوەندی برایەتی نیوانیان و ئاراستەکردنی ئەو هەستە بەرەو کاری بەبەرهەم و بنیاتنەر، هەروەها جەخت کردن لەسەر پتەوکردنی برایەتی نیوان ئادەمیزادەکان و دادپەروەری کۆمەلایەتی لەسەرانسەری جیهاندا.

بەو پییەش کە ئەم یەکیتییە ریکخراوەیەکی خویندکارانەیە و لاوان مەشخەلی هەلدەگرن، ئەوا هەمیشە دەکۆشیت هزریان ئاراستەی تیگەیشتنیکی دروستی بنەماو چەمکە ئیسلامییەکان بکات و بیرکردنەوەی هەموارانەی وا لە میشکیاندا بنج پێ ببەستێ لەو توندرەوی و ناهەمواریانە بیانپاریزی کەسەر بۆ تیکدان و شکست دەکیشێ، هەروەها گرنگییەکانیان لەسەر دۆزە بنچینەییە چارەنوس سازییەکانی ئوممەت چردەکاتەوە و ناهیلیت کاتیان بەشتی لاوەکی و بێبایەخەوە لەدەست بدەن.

مەشق و فیرکاریش لەبەرنامەی یەکیتیدا دوو توخمی بنچینەیین، وەک هەستیکیش بەزەرووەرەتی یەکخستنی هزری لاوان سەرەرای جیاوازی خاک و ولات و زمانیان، یەکیتی پتر لە (٥٠٠) پەرتووکی تەرخان کردووە بۆ رووونکردنەوەی نیشانەکانی جۆرەها لایەنی هزر، و کارسازی بۆ وەرگیران و بلاوکردنەوەشیان کردووە بە ٨٠ زمان، ژمارەی چاپکراویش لەم کتیبانە لە ١٠ ملیۆن نوسخە تیپەریوە.

ئامانجی بەرنامەی مەشقی سەرکردەیی ئەم یەکیتییەش بریتییە لە پیگەیاندنی سەرکردە موسلمانەکان بەمەبەستی بیرورا ئالوگۆرکردن، کە تیایدا بابەتە هاوچەرخەکان تاوتوێ دەکری، و پلانی دریژخایەنی بۆ دادەریژریت و مەشق لەسەر شارەزاییە سەرکردەییەکان دەکریت. ئەو کۆنگرە نیودەولەتیانەش کەیەکیتی ریکیان دەخات هەلی فیرکاری و راویژ و ئاخاوتن دەرەخسینن و ئامانج و سیاسەت و پرۆژەکانی یەکیتیش دەخەنە بەرباس و لیکۆلینەوە.

# ئەم كتێبە

لاوان ئەمڕۆ لە هەر كاتێكی رابوردوو زیاتر پێویستیان هەیە بە بەرەو پێش بردنی توانا تاكییەكانیان و گەشە پێدانی لە چوارچێوەیەكدا كە وزەكانیان بخاتە گەڕ بۆكاركردن لە توێی تیمێكی هاوشێوەو تۆكمە و رێكوپێكدا. بۆیە ئەم رێبەرەش بە شێوازێكی زانستیانە و عەمەلی پاراو ئەوەی پێویستە لەم بوارەدا دەیخاتە بەردەست .

ئەم رێبەرە جەخت لەسەر راهێنان و مەشقـی لاوانی كوڕ و كچ دەكات لە توێی كورتكردنەوەو نمایشـی ئەزمونێكی دەوڵەمەندی ئەوتۆدا كە زۆر لە سەركردە و پێشەنگەكانی دەیان ساڵی رابوردوو پێیدا تێپەڕیون ، بەمەش ئەوەی پێشەنگی نوێ دەتوانێت هەنگاوەكانی پێشینان تەواو بكات و درێژە بە كاروانەكە بدات بەبێ ئەوەی ناچاری دووپاتكردنەوەی ئەزموونەكە و لایەنە شكست خواردوو یان گەشەكانیشی ببێت .

بە بەكارهێنانی شێوازی بەئاگا هێنانەوە سەبارەت بەوەی كە پێویستە بكرێت و ئەوەی پێویستە خۆ پارێزی لێ بكەین ئەم رێبەرە كۆششی ئەوە دەكات كە كرداری چاكسازی لە ناخەكاندا بچەسپێنێ لەسەر پەسەندترین رێباز و پرۆگرامی ئەو چاكسازییە لە جیهانی هاوچەرخماندا .

پێشەنگییەتی ڕەنجێكی بەردەوامی دەوێت بۆ ئەوەی لێهاتوییە تاكی و كۆمەڵییەكان بەباشی وەربگیرێت بەمەبەستی بوژاندنەوەی كۆمەڵگە و نەتەوە . رێبەرەكەش ئەو توێژە لاوەی مەبەستە كە بەڵێنی ئەو مەیدانەیان داوە . بەو هیوایەی ئەمە هەنگاوێكی چۆنایەتی بێت لە بوارەكانی بەرەو پێش چوون و گەشەسەندندا ، لە رێی بەكارهێنانێكی دروستی ئەو رێباز و ئامرازانەی كە لەسەر زیاتر لە ئاستێك نمایشیان دەكات و بواره فكری و كارگێڕی و پەیوەندییەكان دەگرێتەوە جگە لە ئەزموون و شارەزاییە پێویستەكان بۆ ئامادە كردن و بەڕێوە بردنی خێوەتگە و كۆنگرەو ئەدوەو كۆبوونەوەكان .

ئامێلكەكانی (( جێبەجێكاریی كردەیی )) كە بە بایەخەوە ئامادە كراون بەكارهێنانی رێبەرەكە ئاسان دەكەن ، چونكە یاریدەی تێگەیشتنێكی باش و قوڵی توانای پێویست دەدەن بۆ سەركەوتنی سەركردە و پێشەنگەكان .